# مانیفێستۆی

# ئازادی ژن

# لە سەدەی بیست و یەکەم دا

لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای ژنی ئازاد

لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای ژنی ئازاد

# مانیفێستۆی

# ئازادی ژن

# لەسەدەی بیست و یەکەم دا

**ناوی پەرتووك: مانیفێستۆی ئازادی ژن لە سەدەی بیست و یەکەم دا**
**چاپی یەکەم: 8ی ئاداری 2003**
**بڵاوکراوەی: ئەکادیمیای ژنی ئازاد**
**چاپ: چاپخانەی ئازادی**
**تیراژ: 1000 دانە**

# ناوەرۆك

## بەشی یەکەم


مێژووی شاردراوەی ژن .................................................................................................... 8

یەکەمین شوێنگەی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی ......................................................................... 13

رۆڵی ژن لە بەمرۆڤبووندا ................................................................................................... 15

شۆڕشی نیۆلۆتیك ........................................................................................................... 21


## بەشی دووەم


قۆناخی پەڕینەوە لە سیستەمی دایكسالاری بۆ سیستەمی باوكسالاری .......................................... 37


## بەشی سێیەم


ژن لەكۆمەڵگا چینایەتیەكاندا ............................................................................................ 49

ژن و كۆمەڵگای كۆیلەداری ............................................................................................... 51

ژن و كۆمەڵگای فیۆداڵی ................................................................................................... 66

ژن و كۆمەڵگای سەرمایەداری ........................................................................................... 82

ژن و سۆسیالیزم ............................................................................................................ 103

ژن لەرۆژهەڵاتی ناویندا ..................................................................................................... 117

ژن لەكۆمەڵگای كوردستاندا ............................................................................................... 135


## بەشی چوارەم

سەرهەڵدانی PKK لەکوردستاندا ........................................................................................ 157
PKK و ژن ........................................................................................................................ 162
بەشداربوونی ژن لەنێو قۆناخی نەتەوەیی و قۆناخەکانی پێشکەوتنی جووڵانەوەی ژنی ئازاد ....................... 189
ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەتەوەرەی ژندا ................................................................................ 241
بەپارتیبوونی ژن ................................................................................................................ 267
سەردەمی شارستانیەتی دیموکراتی دەبێتە سەردەمی ژنی ئازاد ...................................................... 279
ئاکام ..................................................................................................................................... 301
پەیمانی کۆمەڵایەتی ژن هەڵگری واتای مانیفێستۆی ئازادی ژنە لەسەدەی بیست و یەکەمدا ....................... 303

# مێژووی شاردراوەی ژن

ئێمە وەکو جوڵانەوەیەکی ژنان، کە بانگەشەی ئازادکردنی سەرجەم کۆمەڵگا دەکەین، بە دەستپێکردن لەو ژنەی کە دیموکراتیخواز، ئازادیخواز و یەکسانیخوازە، لە پێناو گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ گەوهەری خۆی، خاوەنی گرنگیەکی ژیانییە کە رۆڵی ژن لە (چیرۆکی مرۆڤ چۆن بوو بە مرۆڤ) دا رۆشن بکەینەوە. گرێدراو بەمە، ئەگەر هەڵنەستین بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە سەبارەت بە دروستبوونی قۆناخەکانی لە هۆڤێتیەوە بەرەو بەمرۆڤبوون، شارستانی بوون و قۆناخەکانی کۆمەڵگای چینایەتی، لەسەرچاوە سەرەکیەکاندا و بەشێوەیەکی پەیوەندیدار بەیەکەوە، هەروەها ئەگەر تایبەتمەندیەکانیان کە جیاوازی زۆر گەورە لەخۆوەدەگرن، بەشێوەیەکی راست و واقیعی لەنێو هێڵە سەرەکیە بەرجەستەکانیاندا هەڵنەسەنگێنین، ئەوا ناکرێ خۆمان بگەیەنینە تێگەیشتنێکی راست سەبارەت بە مێژوو، ئەگەر ئەمە بەدیش بێت، ئەوا گەلێك کەموکوڕی و هەڵەی ژیانی لەخۆوە دەگرێت. تاوەکو ئەو کەموکوڕی، بە هیچ دانان، زێدەڕۆیی و بچووك دانانەکان یاخود نزیکبوونی خۆ بەناوەندی دیتن تێنەپەڕێنرێن و بە پێوانە دادوەریەکان نزیکبوون نەکرێت، ئەوا ناکرێ ئەو رێبازی پێشکەوتنەی کە مێژوو تێیدا دەستپێکردووە، بەشێوەیەکی واقیعی و وەکو خۆی تێبگەین. هەروەها ئەگەر هەر یەك لە قۆناخە مێژوویەکان بەشێوەیەکی راست و دروست رۆشن نەکرێنەوە، ئەوا ناکرێ رۆژگاری ئەمرۆمان ببینین و گرێکوێرەکانی مرۆڤایەتی کە بە ئاستی بنبەستبوون گەیشتوون، دەستنیشانبکرێن و چارەسەر بکرێن. وەها لەقەڵەم دەدرێت کە بەشێوەیەکی کتوپڕ پێشکەوتنەکان بەدیهاتوون وتەواوی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانی تری وەك ئابووری، یاسایی، سیاسی و سەربازی لەسەر ئەم بنەمایە پێشدەخرێن. ئەمەش بەناوی زانستی بوونێکی هەرە بێگەردەوە ئەنجامدەدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێ کە

پێشکەوتنی کۆمەڵگایی جیابکرێتەوە بۆ سەردەم و بەشە مێژووییەکان، هەمان نزیکبوونی داتاشراو (داڕنراو) و پەیوەندی بەستەڵەك بەردەوام دەکات و بەشێوەیەك دەگیردرێتە دەست و تاوتوێ دەکرێت هەروەکو بڵێی لە قۆناخ و سەردەمەکان جودایە و لە نێوانیاندا هیچ پەیوەندیەکی دیاریکراو نەبێت. هەر قۆناخێك، یان ئەوەتا نکۆڵی لەقۆناخی پێشتر دەکات یاخود دەیشێوێنێ و وەکو کەرەستەیەك بۆ خزمەتی هەڵوێست و نزیکبوونە خۆییەکانی خۆی بەکاری دێنێ. لە ئەنجامدا مێژوو دەخرێتە ئاستی واتایەکی بەرتەسك بەو رێژەیەی کە خزمەتی دیاریکردنی هەبوونی ئەو (واتە قۆناخ) بکات. لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا کێشەی ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندنێکی واقیعی لە ئارادایە. بەبێ ئەوەی هیچ زێدەڕۆیی و بچووککردنەوەیەك هەبێت، پێویستە ئەوە دیاری بکرێت کە هەر قۆناخێك چی لە قۆناخەکەی دیکە وەرگرتووە و چی پێشکەش کردووە و ئەگەر قۆناخێك نەبێت ئەویتریان دەبێت یان نا.

یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە وایکردووە سیستەمەکانی فشار و چەوساندنەوە پشت بەزانست و تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ بگەنە ئەم رەهەندە (ئاستە) مەزن و زەبەلاحانە وەیان بەرز ببنەوە، بێگومان لە شێوازی ئەشکەنجەیی زیاتر، بەشێوەیەکی بنچینەیی گرێدراوی شێوازی ئافراندن و بەکارهێنانی زانستە. بەرپرسیارێتی شێوەی بەکارهێنانی زانست (زانایان)، لەکێشە گەورەکاندا کە لە سەردەمی ئێمەدا دەرکەوتوونەتە روو، لە بنەمادا لە بابەتی هەموو جۆرە شەڕێك، پێش هەموو شتێك هەردوو شەڕی جیهانی، هەژاری، پیسکردنی ژینگە، نەبوونی یەکسانی لەنێوان رەگەزەکان، هاوسەنگی سامناکی ئەتۆمی (ناوکی)، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و تەقینەوەی بێسنووری تەکنەلۆژیا، لە سیاسەتمەدار و فەرماندە سەربازیەکان کەمتر نییە، بەڵکو زیاترە. راهیبەکانی زانست رێگایان لەپێش رێچکەیەکی بەمجۆرە کردەوە. تاوانبارکردنی چەرخەکانی دێرین و ناوین و خۆ پاك دەرخستن لێیان و هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەژێر ناوی "شێوازی زانست"، بەهەر حاڵ خاوەنی بەهایەکی بەو جۆرە نییە کە پاك و بێگەردی بکات. هەموو پێودانگەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ئەو قڕکردن، ئەشکەنجە، هەژاری و نەخۆشیانەی کە سەدەی بیستەم بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنای، لە کۆی سەرجەم سەدەکانی دیکە زیاترن. لەم میانەشدا ئەوە دەسەلمێنرێت؛ کە ئەگەر بەڕاستی هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مێژوو و کۆمەڵگا بکرێت، ئەوا ئەوە دەبێتە ناچاریەك کە ناکۆکیە سەرەکیەکانی ئەم

ڕۆژگارە و ئەو شێوازانەی پشتی پێدەبەستن و ئەو شاکارانەی هێناویانەتە ئاراوە و شێوازی زانست و بەتایبەتیش چۆنیەتی بەکارهێنانی زانست، دەبێ بە ڕەخنەدانێکی ریشەییدا دەرباز بکرێن. تاوەکو زانست کێشە گەورەکان چارەسەر نەکات، ئەوا ناتوانێت خۆی لەو تاوانباری و ڕەخنە قورسەکان رزگار بکات. چونکە ئەو ڕاستیەی لەئارادایە خۆی لەخۆیدا ڕەخنەیەکی ڕەوایە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕەخنەیەدا گرنگی مێژوویی بەستنەوەی پێشکەوتنی شارستانیەت بە سۆمەریەکان و بەستنەوەی سۆمەریەکانیش بەسەرچاوەی کۆمەڵگای نیۆلۆتیك، زۆر باشتر دەرکی پێدەکرێت. چونکە مێژووی شارستانیەت بە سۆمەریەکانەوە دەستپێدەکات. سۆمەریش پشت بەیەکەمین لێشاوی مەزنی کۆمەڵایەتی، واتە شۆڕشی کشتوکاڵی ــ گوند دەبەستێت کە لەلایەن جۆری مرۆڤەوە لەمیانەی پشتبەستن بە زەمینەی بەپیت و بەرەکەتەکەی سروشتی ئەو چیایانەی کەهەردوو ڕووباری دیجلە ــ فوراتیان لێ هەڵدەقوڵێ و ئەو دەشتانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبن، خوڵقێنراوە. ئەمەش بەشێوەیەکی بەردەوام لە 10 هەزار ساڵ پێش زایین ئەگەر لەمیانەی بەهای وشککردنی خۆشی بێت، تەواوی شارستانیەتەکانی جیهانی لە سەرووی هەمووشیانەوە شارستانیەتی سۆمەری بەخێوکردووە. ئەو دایکی ئافرێنەری شارستانیەتە. ئەو خاکەی کە لەواتای نووسیندا، مێژوو لەسەری و هەروەها پەیرەوکردنی پرەنسیپی دیالەکتیکی دەستپێکردووە، مرۆڤی ئەو خاکەن. بۆئەوەی پەیوەندی دیالەکتیکی مێژوو، لەبواری شوێن و کات، بەشێوەیەکی ڕاست دروستبکرێت، پێویستە ئەم ڕاستیە بەشێوەیەکی گرنگ دەستنیشان بکرێت. چونکە زۆر باش دەزانرێت هەر بوونەوەرێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەگەر دەستپێکەکەی بەشێوەیەکی دروست دەستنیشان نەکرێت، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕاست پێناسە بکرێت. هەروەها ئەو مێژوو و کۆمەڵگایەی کە نەتوانرێت بەجۆرێکی ڕاست پێناسە بکرێت، ئەوا ناکرێ خۆی لە بوونی بە سەرچاوەی مەترسی و قەیرانی بەردەوام، رزگار بکات.

هەرچی لە ڕووی سەرکەوتنی میتۆدەوەیە، دەرکەوتنە ڕووی هێزێکی چارەسەری بێ وێنەیە. هەروەکو چۆن مێژوو یەکپارچە و هەمەلایەنەیە و، لەنێو ئەم یەکپارچەییەشدا هەر بەشێك جێگا و بەهای خۆی هەیە، ئەوا ناتوانرێ نکۆڵی لە بەهای بچووکترین

کۆمەڵگا و تەنانەت سادەترین تاکیش بکرێت. هەروەکو چۆن مێژوو لە کۆمەڵگایەکدا و کۆمەڵگاش لە مێژوودا رەنگدەداتەوە، بەهەمان شێوە کۆمەڵگا لە تاکەکەس و تاکەکەسیش لە کۆمەڵگادا رەنگدەداتەوە. وەکو دەربڕینێکی پەیڕەوکردنی شێوازی دیالەکتیکیانە سەبارەت بە مێژوو، ئەوا ئەو ئەنجامە سەرەکیەی کە ماتەریالیزمی مێژوویی پێیدەگات، لەم فۆرمیلەدا شاراوەیە و لەئاستی بەهای بیر و باوەڕیەکی زانستیانەدایە. تەواوکردنی رێنومایییە سەرەکیە مێژووییەکان لە رووی (سەبارەت بە) قۆناخە بنەڕەتیەکان, ئەوا توانستی تێگەیشتن لە رۆژگاری ئەمڕۆمان، وەرچەرخانی تاریکی بۆ رووناکی و خوڵقاندنی رێنومای دەوڵەمەندی چارەسەری، نیشان دەدات.

وەکو جوڵانەوەیەکی ژن، کە ئامانجمان چارەسەرکردن و بەلاوەنانی تەواوی گرێکوێرە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکانی مرۆڤایەتی بە پێشخستنی شرۆڤەکردنی راستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بەدەستخستنی وشیاری سەبارەت بەمانە دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی. چونکە چڕبوونەوەی (تۆکمەبوونی) دەسەڵاتداری پیاو هاوتەریب لەگەڵ قۆناخی شارستانی و بەدەرنانی (لاتەریککردنی) ژن لە دامودەزگاکانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگای چینایەتی، بوونەتە بنەمای نووسینی پەرتووکەکانی (مێژووی بێ ژن). وەکو دەرەنجامێکی نایەکسانی لەنێوان رەگەزەکاندا، چەواشەکردنێکی مەزن لە بابەتی مێژووی ژندا، تاوەکو ئێستاکەش وەکو مێژوو پێشکەش دەکرێت و، هەروەها شێوەگرتنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ژن و پیاویش، بە دەربڕینی پێشکەوتنێکی شەماتیك؛ وەکو بڵێی چارەنووسێکە، دەردەخرێتە روو. لەم واتایەدا ئێمە لە رەوشێکداین کە هەڵسەنگاندنە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و شارستانیەتەکانی سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی باڵادەستی پیاو، بەتوندی رەخنە دەکەین. چونکە لە تێڕوانینی ئەم مێژوو و شارستانیەتەی دەسەڵاتدارێتیەدا، بێ رێزی بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی و تەنانەت نکوڵیکردنی ئەوە هەیە. وەلێ ئەو راستیانەی کە لە قۆناخی دروستبوونی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتە روو، لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی تەواوی ئایندەی مرۆڤایەتیدایە. چونکە تایبەتمەندیە سەرەتاییەکان چی بن، ئەوا لە کۆتایشدا لەنێو وەرچەرخانێکی هاوشێوەدا بەرەو پێشەوە دەچن.

یەکێك لە راستیە هەرە گرنگەکان کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا سیستەمی دەسەڵاتدارێتی باوکسالاری هەوڵدەدات بیشارێتەوە، ئەو راستیەیە کە پەڕینەوە لە ئاژەڵیەوە بۆ بەمرۆڤبوون، لەلایەن ژنەوە مسۆگەر کراوە. ئەو شتەی دەکرێتە ئامانج لە

شاردنەوەی ئەم قۆناخەی کە ژن پێشەنگایەتی بۆ کردووە، پاراستنی دەسەڵاتداریێتی زاڵی سیستەمی باوکسالارییە. هەربۆیە دەسەڵاتداریێتی زاڵبوون کە کارەکتەری پیاو لەخۆوە دەگرێ، هەرشتێك کە دژبەری گەوهەری ژن، واتە دژبەری گەوهەری پاکی مرۆڤایەتی لەخۆوە دەگرێ، دەسەڵاتی خۆی بەشێواز و پیداویستی هەمەجۆر درێژە پێدەدات و خۆی وەکو بێ دەستپێك نیشاندەدات. راستی کۆمەڵگای بێ چینی دایکسالاری کە بەرلەوە لەئارادابووە، دژبەریەکی تەواوی لەگەڵ کارەکتەری باوکسالاری رۆژی ئەمڕۆ پێکدێنێ، لەئارادابوو. کاتێ رۆڵی لە بەمرۆڤبوون و شارستانیبوونی ئەو سەردەمەدا ئاشکرا بکرێت و بۆ ئیرادەی مرۆڤایەتی پێشکەش بکرێ، ئەوا کۆتایی بە دەسەڵاتداریێتی زاڵی رۆژی ئەمڕۆمان، واتە کۆتایی بە شەڕ، ستەم و فشار، ناڕەوایی، ناهەقی، نایەکسانی نزیك دەکاتەوە کە تەمەنی ئەو دەسەڵاتداریێتیە درێژ دەکەنەوە. بەمجۆرە مرۆڤایەتی ناسنامەی رەوای خۆی دەناسێ و گەڕانەوە بۆ گەوهەری خۆی پێکدەهێنێ.

کاتێك ئێمە دەکەوینە نێو سەدەی 21 کەمدا وێڕای ئەوەی لە بەمرۆڤبووندا "تیۆری گۆڕانی پلەبەپلە" پەسند دەکرێ، ئەوا لەبەر ئەوەی لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتداریێتی پیاودا رۆڵی دەستنیشانکاری ژن لەنێو گۆڕانی پلەبەپلەی کۆمەڵگادا، بۆ دەسەڵاتی خۆی وەك مەترسییەك لەقەڵەم دەدات، هێشتا نزیکبوونی نکۆڵیکەر لەڕووی هەرسکردندا، دەبینرێ.

سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتنە زانستیەکانی سەدەی نۆزدەهەم گۆڕانی پلەبەپلەی بەمرۆڤبوون بەتەواوی رۆشن کردۆتەوە، زهنیەتی دەسەڵاتداری باوکسالاری ناخوازێ ئەو راستیەی کە پێش کۆمەڵگای چینایەتی قۆناخێکی کۆمەڵایەتی بێ چین، هاوبەشکار لەسەر بنەمای یەکسانیەکان و حوکمی حقوقی دایك تێیدا زاڵ بووە، پەسند بکات. چونکە هاوتەریب لەگەڵ کۆتایی هاتنی سیستەمی دایکسالاری، مێژووی ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەڵاتداریێتی پیاو تێیدا زاڵ بووە دەستیپێکردووە. کاتێك سیستەمی کۆمەڵایەتی دایکسالاری کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە ئارادابووە ، سەرلەنوێ پەسند بکرێتەوە، ئەوا بە واتای کۆتایی هاتنی سیستەمی دەسەڵاتداریێتی پیاو دێت، کە لە ساڵانی دوو هەزار پێش زایین دەستیپێکردووە و تا رۆژی ئەمڕۆکەشمان درێژەی بەخۆی داوە. تاوەکو ئێستاکە پەسندنەبوونی رووی راستەقینەی مێژوو، کە ئەمڕۆ بە تەواوی سەلمێنەرە مێژوویی و

زانستیەکان ئاشکرا کراوە، سەرچاوەی خۆی لە چینی دەسەڵاتداری کە بە بەردەوامی جڵەوەکانی کۆمەڵگای چینایەتی گرتۆتە دەست، ناتوانێ ئەم هەژانە لەبەرچاو بگرێ. لەبەرئەوەی هاتەریب لەگەڵ لەدەستدانی کۆمەڵگای بێ چینی دایکسالاری، کە لەدەستیداوە، نە تەنیا رەگەزی ژن بووە، بەڵکو لەگەڵ ژن مرۆڤایەتیش دۆڕاندوویەتی و هەروەها نە تەنیا پێشکەوتنی رەگەزی ژن، بەڵکو هاوکات پێشکەوتنی گەلانیش لەو قۆناخە (واتە قۆناخی نیۆلۆتیك) پەرەی نەسەندووە. ژن و گەل لە سەردەمی نیۆلۆتیکدا بە چەقێنراوی ماون.

لەبەر ئەوەی لە سیستەمی کۆمەڵگای دایکسالاری لە تەوەرەی ژندا بەرژەوەندیە چینایەتیەکان جێگەی باس نەبوون، بەرژەوەندیە دەسەڵاتداریەکانیش نەناسراون. لە رەگەزی ژندا، کە قەڵەمبازی چۆنایەتیان بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەدەستخستووە، لەگەڵ ئەوەی نزیکبوونی بوون بە دەسەڵات جێگەی باس نییە، رۆڵی خوداوەندییان پێدراوە و گرنگی و رێزێکی مەزنیان پێدراوە و ریزێکی بەشکۆیان بەرامبەر نیشاندراوە. لەم سەردەمە سەرەتاییەدا رەگەزی ژن نەك تەنها خوڵقکاری ژیانە، بەڵکو لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەری ئەو پێداویستیانەیە کە بۆ بەردەوامکردنی ژیان پێویستن، پلە و پایەی بەدەست خستووە. تایبەتمەندی زایینی ژن و پاراستن و بەخێوکردنی منداڵان، ئەو کاریگەریانە نین کە لە رۆژی ئەمڕۆکەشدا ژنی خستۆتە شوێنگەی رەگەزی دووەمین، کە نزیکبوونی باوکسالاری بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەو دوو دیاردەیە بوونەتە ئەو تایبەتمەندیانەی کە رۆڵی دەستنیشانکاریان لە پەڕاندنەوەی مرۆڤ لەشوێنگەی ئاژەڵێتی بۆ شوێنگەی بەمرۆڤبوون، هەبووە. چونکە ژنان لە سەرەتادا ئەو دایکانە بوون کە بەرپرسیارێتی بەردەوامکردنی ژیانی هاوجۆری خۆی لە ئەستۆ گرتبوو. ژن، بەم بەرپرسیارێتیە کە لە ئەستۆی گرت، کاری پەرینەوەی ژیانی هۆڤێتی بۆ ئاستێکی دیار بەڕێوەبرد و زەمینەی یەکەمین ژیانی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی "حقوقی دایك"دا ئافراندووە. لەم سیستەمەی کۆمەڵایەتی تەوەرەی ژن، سەرجەم مرۆڤەکان لە شوێنگەی یەکسانیدا بوونە و کاتێ ژیان کەوتۆتە نێو مەترسیەوە، رێسای گونجاو بەشێوەیەکی دادوەرانە دروستکراون و بەمجۆرەش توانراوە دەوروبەرێکی (ناوەندێکی) ئاشتیانە بەدەستبخرێ. لەبەرئەوەی سروشتی ژن جەنگ و چینایەتیبوون پەسند ناکات، بەگوێرەی

سروشتی خۆی هه‌میشه لایه‌نگری ئاشتی بووه، بۆیه ئه‌وه‌ی مسۆگه‌ر كردووه كه ئه‌و كۆمه‌ڵه مرۆڤانه‌ی له‌و قۆناخه‌دا ژیاون له‌نێو ئاشتی و برایه‌تیدا بژین.

به‌ڵام ئه‌و كۆمه‌ڵه مرۆڤانه‌ی كه له‌ناو سیسته‌می كۆمه‌ڵگای چینایه‌تی رۆژگاری ئه‌مرۆكه‌ماندا ده‌ژین، هیچ كاتێك نه‌یانتوانیوه ئه‌و زه‌مینه‌ی ئاشتی و برایه‌تیه راسته‌قینه‌یه‌ی كه له سیسته‌می كۆمه‌ڵگای دایكسالاریدا هه‌بوون، به‌ده‌ست بخه‌ن. چونكه سروشتی ژن كه له‌سه‌ره‌تای مێژوودا داده‌په‌روه‌ری راسته‌قینه‌ی سه‌قامگیر كرد، ئه‌وا له‌رۆژی ئه‌مڕۆكه‌مان له‌نێو سیسته‌می ده‌سه‌ڵاتداریێتی پیاودا مه‌حكومكراوه و به هیچ دانراوه. له سیسته‌مێكی ده‌سه‌ڵاتداریێتیدا، كه دادپه‌روه‌ری راسته‌قینه‌ی تێدا سه‌قامگیر نه‌بێ، ئه‌مه نابێته نزیكبوونێكی واقیعی كه له‌واتای راسته‌قینه‌دا برایه‌تی گه‌لان، ئاشتی و دیموكراسی سه‌قامگیر ببێ و به‌رده‌وامبكرێ. چونكه ئافرێنه‌ری ته‌واوی ئه‌م نرخ و به‌هایانه سروشتی ژنه و، به‌بێ ئه‌وه‌ی رزگاری ژن به‌دیبێت، به‌دیهاتنی رزگاری گه‌لانیش ئاسته‌م ده‌بێ.

## یه‌كه‌مین شوێنگه‌ی مرۆڤ له‌سه‌ر رووی زه‌وی

گه‌یشتنی جیهانی به‌ته‌مه‌نی ئێمه به ره‌وشی ئه‌مڕۆمان وا مه‌زه‌نده ده‌كرێت، كه ته‌مه‌نی نزیكه‌ی پێنج ملیار و نیوه، به‌پێی دیالەكتیكی گۆڕانی پله به‌پله‌ی زانستی. هه‌رچه‌نده دیالەكتیكی په‌ره‌سه‌ندنی جیهان هاوته‌ریب له‌گه‌ڵ ئه‌كۆلۆژی گه‌ردوونی پێشكه‌وتووه، گازی جۆربه‌جۆر گۆڕاون و له‌گه‌ڵیا كه‌ش و هه‌وای زه‌وی، ئاو و گرێدراوی ئه‌مانه‌ش یه‌كه‌مین خانه‌ی گیانه‌وه‌ر دروستبووه. كاره‌كته‌ری زێده‌بوونی بێ زایه‌ندی یه‌كه‌مین خانه‌ی زینده‌وه‌ر، بۆته هۆكاری ئه‌وه‌ی خۆی زێده بكات و هه‌رچه‌نده خۆشی زێده كردووه مسۆگه‌ر بووه كه خۆی وه‌رچه‌رخێنی بۆ جۆره خانه‌ی په‌ره‌سه‌ندووتر. هه‌رچه‌نده زایین زێده ده‌بێ ئه‌وا ئه‌و خانانه‌ی كه له‌شێوه‌ی كۆمپلێكس (هه‌مه‌لایه‌ن)دا چڕده‌بنه‌وه، یه‌كده‌گرن و له‌گه‌ڵیا گیانه‌وه‌رێكی زینده‌ووی دیار دروستبووه و له‌م گیانه‌وه‌رانه‌ش, گیانه‌وه‌ره جۆربه‌جۆره‌كان په‌یدا بوونه.

جیهانی ئێمە، کە وەرچەرخانی خۆی لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا هێشتا تەواو نەکردووە، هەرچەندە لەنێو خۆیدا گۆڕانی پێکهاتەیی جۆربەجۆری بەسەرهاتبێ، هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە یەکەمین جۆرە گیانەوەرەکان دروستبوونە و هەلومەرجەکانی ژیانیشیان لەنێو گۆڕانکاری و پەرەسەندنێکی هەمیشەیدا بەرەو پێشەوە چووە. یەکەمین گیانەوەرەکان، کە لەنێو ئەم هەلومەرجە گۆڕانکاریە هەمیشەییەدا ناچاربوونە ژیانی خۆیان درێژە پێبدەن، بەگوێرەی ئەو دۆخانەی پێشکەوتوون خۆیان گونجاندووە و لەنێو پێشکەوتنە سروشتیەکاندا بەتەواوی هەوڵی ژیانیانداوە. ئەو جۆرەی، کە لەسایەی ئەو هەوڵە بەردەوامەی لە پێناو مانەوە لە ژیان کە لە قۆناخی هۆڤێتیدا لەبەرامبەر سروشتی دڕندە داویەتی، لەنێو ئەو گیانەوەرانەی کە هەمیشە خۆیان نوێکردۆتەوە و خوڵقاندووە، هەرە زێدە بەرگری کردووە و بەشێوەیەکی بەردەوام رووەو بەمرۆڤبوون چووە، جۆری مرۆڤ بووە. بە بەکارهێنانی تیۆری گۆڕانی پلە بەپلە لەسەر ئەنترۆپۆلۆژی، سەلمێنراوە کە پریمیەتە بەراییەکان یەکەمین باپیرەکانی مەیمونی مرۆڤ ـــ (60 ) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا ـ دروست بوونە و (20) ملیۆن ساڵ پێش ئێستاکەش لە ئەنجامی هەلومەرجەکانی کەش و هەوای سروشتی ژینگە لەمیانەی ئامێری سەرەتاییەوە جۆرێك؛ لە ئەفریقیای رۆژهەلات پێشکەوت کە لەسەر هەردوو پێی خۆی دەوەستێ و بەڕێوە دەچێت. دیسان سەلمێنراوە کە نزیکەی (3) ملیۆن ساڵ بەر لەئێستا گرێدراو بە داڕووخانەکانی جوگرافیای ئەفریقیای رۆژهەلات ـــ دەریای سوور و دەریای سپی بلاوبوونەوەیەکی جدی و گرنگ روویداوە.

لە قۆناخی کۆمەڵە ژیانی هۆڤێتیدا، ئەو گروپە مرۆڤانەی کە بە درێژایی قۆناخەکان دروست بوونە، دەتوانرێ بگوترێ لە ئاستی کۆمەڵە ژیانی ئاژەڵە پێشکەوتووەکاندا دەژیان. کاتێ لە مێشکدا گەورەبوون و بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیکەکانی ژیان لەلایەن هۆمۆساپیانسدا کە جۆرێکی مرۆڤە دەگاتە قەڵەمبازێکی چۆنایەتی، لەڕاستیدا قۆناخی هەرە بنەڕەتی و یەکەمینی شۆڕشی کۆمەلایەتی پێکدێت. قۆناخی گۆڕانی پلە بەپلەی سروشتی کە بە ڕەنگێکی گشتی لە هەموو گیانەوەرێکی دەرەوەی مرۆڤدا بەردەوام دەکات، لە کۆمەڵگای مرۆڤدا، بەزانابوونی لەخۆ تێگەیشتن و بە ئیرادەی خۆی بە وشیاری بەردەوامی کرد. ئەو قەڵەمبازەی لە قۆناخی تێگەیشتندا لە جۆری هۆمۆساپیانسدا کە رێ لەپێش بنکەی زمانی رۆژگاری ئەمڕۆکەمانی کردەوە

ده‌رفه‌تی قه‌ڵه‌مبازی پێكهاته‌كانی كۆمه‌ڵگای خاوه‌ن ئیراده‌ی دروستكرد. تایبه‌تمه‌ندی هه‌ره بنچینه‌یی شۆڕشی كۆمه‌ڵایه‌تی كه به‌مجۆره پێشكه‌وت، بووه تێگه‌یشتنی سه‌رده‌ستی ژیانی له شێوه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی جڤاتی. یه‌كینه‌ی بنه‌ڕه‌تی سه‌رده‌می كۆمه‌ڵگای هۆڤ "ڤلان" بوو كه له ناوه‌ندەكه‌یدا دایك هه‌بوو، هیچ كاتێك ژماره‌ی كه به‌سه‌دان گوزارشتی لێبكرێ تێنه‌په‌ڕاندووه. له‌م كۆمه‌ڵگایه‌دا ژیانی نێو ئه‌شكه‌وت و گه‌ڕۆكی زاڵ و باو بوو. ژیانی خۆیان له ڕێگای توندوتیژی، نێچیركردنی ئاژه‌ڵ، كه له كه‌ش و هه‌وا و وه‌رزه‌كاندا ده‌رده‌كه‌وتن و كۆكردنه‌وه‌ی گژوگیا ده‌گوزه‌رێنن. ئه‌م كۆمه‌ڵانه كه بنكه‌یان "ڤلانه" كه تا نزیكه‌ی دواییه‌كانی سه‌رده‌می كۆتایی به‌سته‌ڵه‌ك (20000 پ . ز) ژیاون، هه‌رده‌م له‌یه‌ك ده‌چن، خاوه‌نی سیسته‌مێكی ده‌نگی سنووردارن و له قۆناخی زمانی به‌راییدان كه زیاتر لایه‌نی نیشانه و ئاماژه‌كردن زاڵه. خاوه‌نی چه‌مكێكی ئایین و مێشكی ئانامیست (ڕۆحگه‌رایی) و تۆته‌مگه‌رایین (ناسنامه‌ی ڤلان). له 98٪ ی قۆناخی مێژووی مرۆڤایه‌تی له‌ژێر ئه‌م شێوه‌یه‌ی كۆمه‌ڵگا تێپه‌ڕبووه، وه‌كو دروستبوونی یه‌كه‌مین ره‌گه‌ز له مادده‌دا، له له‌كۆمه‌ڵگابوونیشدا یه‌كینه‌ی تۆكمه له ڕێبازێكی جێگیر و هه‌نگاو به‌هه‌نگاو به‌ره‌و پێشه‌وه چوو، په‌ره‌سه‌ندنیان نیشانداوه.

## ڕۆڵی ژن له به‌مرۆڤبووندا

پێش ده‌ستپێكردنی شارستانیه‌ت قۆناخێكی مێژوویی كۆمه‌ڵایه‌تی، كه به‌هه‌زاران ساڵ به‌رده‌وام بوو، درێژه‌ی كێشا. كۆمه‌ڵگا شێوه‌ی هه‌بوونی جۆری مرۆڤه و یه‌كه‌مین به‌مرۆڤبوون و به به‌كۆمه‌ڵگابوون ده‌ستیپێكرد. وه‌كو ده‌زانرێ مێژوو به ژن و پیاو ده‌ستیپێكردووه. بێگومان كاتێ كۆمه‌ڵگایه‌ك شێوه ده‌گرێ، له بنچینه‌یدا پێشكه‌وتنی په‌یوه‌ندی نێوان ژن ــ پیاو ڕۆڵێكی گه‌وره ده‌گێڕێ. له‌قۆناخی یه‌كه‌مین ڕێكخستنی كۆمه‌ڵایه‌تیدا ئایدیۆلۆژیا له‌بنه‌مادا له ته‌وه‌ره‌ی ژندایه. ئه‌وه‌ی كه پیاوی له‌نێو ئاژه‌ڵان ده‌رخستووه ژنه. ئه‌وه‌ی كه یه‌كه‌مجار كۆمه‌ڵگای خوڵقاندووه ژن خۆیه‌تی. ژن له سه‌ره‌تادا كۆمه‌ڵگای پێشخستووه. پیاو له‌سه‌ره‌تادا له‌نێو ژیانێكی هۆڤایه‌تیدا بووه.به‌ڵام ژن؛ كۆمه‌ڵگای خوڵقاندووه، فێری دروستكردنی خواردن بووه، ته‌نانه‌ت ئاگری دۆزیوه‌ته‌وه،

ژیانی هەرەوەزی (کۆمەڵکاری) پێشخستووە و هەروەها هێزی کۆمەڵکاری خوڵقاندووە. هەربۆیە ژن بەهێزە. تەنانەت لەبەرئەوەی لەخەباتدا هەرەوەزە، هێزێکی زۆر پێشکەوتووی خوڵقاندووە و مسۆگەر لە پیاو بەهێزترە, لەمێژوودا راستیەکی بەمجۆرە هەیە؛ لە بەمرۆڤبووندا کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە بەملیۆنان ساڵ بەردەوام بووە، ژنان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن رۆڵیان گێڕاوە. لە ژماردا کەم نەبوونە، بەڵکو لەشوێنگەی تەواوکەرادا بوونە. ئەو رەگەزەی کە لەژیان و کۆمەڵایەتیبووندا کەمە، رەگەزی پیاوە.

هەستەکانی بەرگری و خۆپاراستنی یەکەمین بوونەوەرەکان، بەوانەوە سنووردار بوو، بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤی مێ هاوتەریب لەگەڵ پاراستنی خۆی، کۆرپەی خۆشی پاراست و لێی بەخاوەن دەرکەوت، ئەمەش تایبەتمەندی هەرە بنچینەیی ژنە کە لەبونەوەری تری جیا دەکاتەوە. پیاو بەشێوەیەکی سروشتی هیچ بەرپرسیارێتیەکی لەبەرامبەر بونەوەرێکی دەرەوەی خۆی نەبوو. بەڵام ژن ناچار بووە کە بۆ کۆرپەکانی خۆشی هەلومەرجی خواردن و پاراستن بەدەستبخات. پەرەسەندنی بەمجۆرەی هەنگاو بەهەنگاوی ئەم تایبەتمەندیە بنەڕەتیەیەی ژن، رۆڵی سەرەتای لە گۆڕینی هەنگاو بەهەنگاوی تایبەتمەندیە ئاژەڵیەکان و لە پێشکەوتنی خووەکانی مرۆییانەی پێویست بۆ کۆمەڵایەتی بوون، گێڕاوە.

مرۆڤە بەراییەکان، کە لە قۆناخی سەرەتای خۆیاندا بێ جیاواز بوون لەئاژەڵەکان لەنێو سروشتی دڕندەدا و تەنیا لە چوارچێوەی وروژێنەری هەستەکانی خۆبەخێوکردن و زایەندی ژیانی خۆیان درێژە پێدەدا، بەهۆی ئەو رەنجەی پەرەیان پێدا خۆیان گەیاندە کۆمەڵەکانی مرۆڤ. ئەو رەنجەی نیشاندرا، لەو تێکۆشانەی کە لەشێوەی پاراستنی خۆی و بەردەوامکردنی ژیانی خۆی، لە بەرامبەر سروشتی سەخت و دژوار دەرکەوتە ڕوو، وایکردووە کە هێزی رامانی مرۆییانەی بەراییەکان پێشبکەوێ و، یەکەمین رەنجی هاوبەش، بە غەریزەی مرۆییانەی رەگەزی مێ لە میانەی پاراستنی ئەو کۆرپانەی لێی لەدایك دەبن، پەیدابووە.

ئەو پەیوەندیە رەنجییەی لەنێوان خۆی و کۆرپەکانیدا، هەم پێش زایین کە لەمنداڵدانی خۆیدا هەڵیدەگرێ ـ کە ئەمەش تەنیا نابێتە قۆناخی نۆ مانگی سکپڕی کە لە گواستنەوەی بارێکی ئەبستراکتی میکانیك پێك بێت ـ هەم دوای زایین کاتێ بە شیری

خۆی بەخێوی دەکات، پێشیخست، یەکەمین تۆوەکانی هەستی مرۆڤایەتی دەرخستۆتە روو. ئـەم پێشـکەوتنی هەسـت و رەنجـە، کـە لەسـەرەتادا تـەنیا لـەنێوان خـۆی و کۆرپەکانیـدا پێشکەوت، هـەنگاو بەهـەنگاو گەیشتۆتە ئاسـتی خـاڵی هاوبەشـی بـە مـێ یـەکانی دیکـەوە. بـەمجۆرە زەمینـەی ژیـانی هاوبـەش کـە رەگـەزی ژن لـە نێـو خۆیانـدا، لەسـەر بنـەمای دابینکردنی پێداویستیەکانی (خۆبەخێو کردن، خۆحەواندن، پەروەردە و...هتد) هـەم هـی خۆی و هەم هی کۆرپەکانی خۆی پێشخست، بۆتـە یەکـەمین دەسـتپێکی ژیـانی کۆمۆنـەیی کە مۆرکی خۆی لە تێپەڕبوون لە ئاژەڵیـەوە بـۆ بـە مرۆڤبـوون داوە. ئـەم زەمینـەی ژیـانی کۆمۆنەیی بۆتە گوزارشتی راستەقینەی یەکەمین هاوبەشـی رەنجـی هـەرەوەزی رەسـەن کـە لەسـەر بنـەمای پێداویسـتیەکان کۆبوونەتـەوە و لەسـەر بنـەمای بەشـداربوونی دڵخوازیانـە پێشـخراوە. لەبەرئـەوەی زێـدەبوونی بەرهـەم و بـەرخواردن (بـەکاربراو) جێگـەی بـاس نـەبوون، هـیچ غـەریزە و بەرژەوندیـەکی دەسـەڵاتداری پەرەینەسـەندووە. ئـەم یەکـەمین کۆمەڵانـە کـە بـەڕەنگێکی سروشـتی لەسـەر بنـەمای دابینکردنـی هاوبەشـی پێداویسـتیە هاوبەشەکان و پاراستنی هاوبەشی کۆرپەکان دروست بـوو، یەکـەمین زانـابوونی رێکخسـتنی مرۆڤایەتیشـی پەرەپێـداوە. لـەم یەکـەمین زەمینـەی ژیـانی هاوبەشـیدا، وەکـو دەرکـی پێـدەکرێت، نزیکبـوونی سۆسـیالیزمی سـەرەتایی هەیـە. واتـە سۆسـیالیزم لـە یەکـەمین قۆناخی بەمرۆڤبوونی مرۆڤایەتی بەولاوە، بـەردەوامی کـردووە و تائێسـتاکەش دێـت. لـەم واتایـەدا سۆسـیالیزم لـە سروشـتی ژنـدا هەیـە و سۆسـیالیزمی سـەرەتایی؛ لـە یەکـەمین هەنگاوی ژن بۆ بەمرۆڤبوون، کە بەرێگای ئافرانـدنی دەرفەتـەکانی ژیـان، لـە چوارچێوەی سروشتی رەسەنی خۆی هاوێشتوویەتی، دەرکەوتۆتـە روو . ژن بـەم پێگەیـەی خـۆی ڕۆڵـی دامەزرێنەرایەتی لە ئافراندنی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە.

لـەم یەکـەمین رێکخستنەشـدا دەبینـرێ کـە ژیـانی هاوبـەش هەمیشـە لەگـەڵ خـۆی میکانیزمێکی بەکاربراو دەهێنێ. هاوتـەریب لەگـەڵ پێشکەوتنی ژیـانی کۆمۆنـەیی، کێشـە ژیانیەکان کە خۆیان دەرخستە روو و هەندێك رێساکانیش، کـە پێویسـتیان پـێ هـەبوو بـۆ بەلاوەنانی ئـەم کێشـانە، بـەمجۆرە یەکـەمین جار لەلایـەن ژنـەوە دانـراون. ئـەم یەکـەمین رێسـایانە کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی دایکانـدا بـە ئامـانجی ئـەوەی کۆرپـەکانی خۆیـان بـژێنن، دانـراون، تۆتـەم و تابۆکـانن کـە بـەواتای یەکـەمین یاسـا نەنوسـراوەکان دێـت لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا. یەکەمین تابۆ کە مرۆڤی لە جیهانی ئاژەڵان جیـاکردەوە و وایکـرد کـۆنترۆڵی

غەریزەی خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، تابۆی خۆراك و زایەندیە کە لە بەرامبەر پیاو دانران. ئەو قەدەخەیەی پەیوەندی (جووتبوونی) زایەندی کە بەر لەزایین لە ماوەی سك پڕیدا و دوای زایین لە کاتەکانی شیرپێداندا، ئەرکی دایکایەتی پێویست دەکات، چۆنایەتی بەر لە شێوەی ئەو تابۆیانەی کە دواتر پێشخراون و, هەروەها لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چۆنایەتی یەکەمین قەدەخەبوون لەخۆوە دەگرێ. ژن بەم یەکەمین قەدەخەیە (تابۆ) کە داینا، هەم غەریزە ئاژەڵیەکانی خۆی، هەم غەریزە ئاژەڵیەکانی رەگەزی پیاویشی خستە ژێر کۆنترۆڵەوە و بەمجۆرە یەکەمین هەنگاوی بۆ بەمرۆڤبوون هاوێشتووە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەو رادەیەی کە غەریزەکان لە خودی خۆیدا بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە، لەجیهانی ئاژەڵەکان جیادەبێتەوە.

جیاوازی هەرە گرنگی جۆری مرۆڤ لە جۆرەکانی دیکەی ئاژەڵان لە بواری بیۆلۆژیدا، ئەو راستیەیە کە ماوەی سکپڕی بەگوێرەی ئاژەڵەکانی دیکە درێژخایەنترە و پێداویستی کۆرپەکانی مرۆڤ زیاتر بە ماوەی بەخێوکردن هەیە. لەبەرئەوەی ئەم ماوەیە زۆر درێژە دەکێشێ، بەو واتایە دێت کە ئەو ژنانەی رۆڵی دایکایەتی رادەپەڕێنن، ماوەی جیابوونیان لە رەگەزی پیاو درێژە و ئەمەش وایکردووە دایك لە تەواوی ئەو ماوانەی کە جیا دەمێننەوە غەریزەی خۆیان بخەنە بن دیسپلینەوە و ئەو مرۆڤانەی تری دەوروبەریشیان رەچاوی ئەم دیسپلینە بکەن. ئەو دایکانەی کە لەو ماوەیەی جیابوونەوەدا لە هەمان رەوشدا دەژین، ژیانیان بەشێوەی بەیەکەوە بوون بەردەوام کردووە و پێداویستیە ژیانیەکانی خۆیان کە بەیەکەوە گوزەراندن دەبێتە هۆکاری ئەمە، بەیەکەوە دابین کردووە.

یەکێك لە پێداویستیە سەرەکیە ژیانییەکان، بەشێوەیەکی سروشتی، پێداویستی خۆ بەخێو کردنە. خۆ بەخێوکردنی دایك فاکتەرێکە کە دابینکردنی پێداویستی کۆرپەش بەخۆراك، راستەوخۆ کاریگەر دەکات. بۆیە رەگەزی ژن بۆ ئەوەی خواردنی باشتر بداتە کۆرپەی خۆی، هەم لەبەر تایبەتمەندی زیان پێنەگەیاندنی گیانەوەرەکانیتر کە ئەمەش وەکو سروشتی ئەو بووە، کولتووری گژوگیای درێژە پێداوە و راوچێتی (نێچیرڤانی) شی نەکردووە. چونکە ژن لەبەر کۆرپەی خۆی لە بەرامبەر گۆشت و خوێن هەستیارە، گیانەوەری دیکەی شیردەریشی وەکو کۆرپەی خۆی بینیوە و بۆ ئەوانیش تەگبیرەکانی پاراستنی وەرگرتووە. بەمجۆرە کۆمەڵەی دایکەکان نێچیرڤانیان نەکردووە و هەروەها لە

بەرامبەر شێوی بەخێوکردنی رەگەزی پیاودا کە گۆشتخۆرە و بۆ ئەمەش بە بەردەوامی نێچیر دەکات، هەندێك تابۆیان داناوە.

ئەم تابۆیانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەراییەکان پێکدەهێنن، وایان کردووە کە پیاویش هەنگاو بە هەنگاو بکەوێتە نێو کۆمەڵەی ژنان. ئەم رێسایانە کە پەیڕەوی لێکران، دەرفەتیان داوە کە بەتێپەڕبوونی کات هەردوو رەگەزیش بەیەکەوە بژین و، کۆمەڵەی دایکان کە بەئامانجی پاراستنی کۆرپەکانی خۆیان هاتوونەتە لای یەکتری و خۆیان رێکخستووە و گرێدراوی ئەمەش یەکەمین شێوەی ژیانی بەرەنگی کۆمۆنەیی دەرخستۆتە روو و، رەگەزی پیاویشی بەمجۆرە خستۆتە نێو کۆمەڵەکە و ئاستی رێکخستنی بەرفراوانی بۆ مرۆڤایەتی بەدیهێناوە.

ئەم یەکەمین کۆمەڵە بەراییەکانی مرۆڤ، کە بەگوێرەی سیستەمی کۆمەڵەی دایکان (بەنەوەی دایك) خۆیان رێکخستووە و هەروەها بە هەندێك یاسای نوێ کە لەلایەن دایکانەوە دانران، مەرجەکانی بەیەکەوە ژیانی هەردوو رەگەزەکەیان زیاتر بەرفراوان کردووە.

ئەم تابۆیانە (قەدەخانە) کە یەکەمین کۆمەڵەی لە نەوەی دایك لەنێوخۆدا پێشخست، تۆتەمگەریان پەرەپێداوە. تۆتەمگەری نەك تەنیا زیانی بەخزمی مرۆڤ نەگەیاندووە، هەروەها شێوەیەکی قەدەخەکردنیش بوو، بۆئەوەی خزمەکان بتوانن ژیانی خۆیان درێژە پێبدەن، لە بەرامبەر گیانەوەر و گژوگیای جۆربەجۆر ئەوانەی بەسوودی خۆیان دەبینن، دانرابوون. لەبەر ئەوەی تۆتەم، گیانەوەر و گیاش وەکو خزمی دایکان دەبینران، ــ چونکە دایکەکان ئەوانیشیان دەپاراست ــ خراونەتە نێو هەمان یاسای دەستێنەوەردانەوە. واتە خزمایەتی تۆتەم بۆتە جۆرێکی دەزگای پیرۆزی بیروباوڕی، کە بەپیرۆزی لە قەڵەمدراوە و باوەڕ بەوە کراوە کە کاتێ زیانی پێبگەیەنرێ، ئەوا مرۆڤ رووبەڕووی کارەسات دەکاتەوە و، بۆ پاراستنی هەموو شتێك کە ژیانیی بێت پێویستە گوێڕایەڵی لێبکرێت. لەنێوچوونی (نەمانی) جۆرە هەمەچەشنەکانی گیانەوەر و گژوگیا کە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ ژیانی خۆی درێژە پێبدات سوودیان لێوەردەگیرا، بەمجۆرە لە سایەی شێوازی تۆتەمگەری تابۆ، لەمپەڕ کراوە و گەیاندنیان تا رۆژی ئەمڕۆ مسۆگەر کراوە.

ئـەم تابۆیانـە، پـەیمانی کۆمەڵـەی سیسـتەمی دایکسالارینە, بـەئامانجی پێگەیانـدنی (گەیشـتنی) رەگـەزی پیـاو بـۆ پێگەیـەکی بەیەکـەوە ژیـان و مسـۆگەرکردنی هەمیشـەیی سەرچاوەکانی ژیانی, کە لەسروشتدا هەن و بۆ ژیان پێویستن، دروسـتکراون. ئـەم پـەیمانی ژیانی هاوبەشە لە رێبازی ژیانی رەگەزی پیاو لە پێکهاتەی کارەکتەری ئـەودا، کـە گرێـدراو بەوە پێشکەوت، گەلێك وەرچەرخانی گرنگی دروستکردووە. ئەو یاسا نەناسیەی پیـاو کـە سەرچـاوەی خـۆی لـە سـەرەتادا تـەنیا لـە خـەریکبوون بـە نێچـیرکردن بـۆ خۆپاراسـتن لەمیانەی سروشتی درندەدا و بۆ بەردەوامکردنی ژیانی خۆی وەردەگرت، هاوتەریب لەگەڵ ئەم پەیمانە، هەنگاو بەهەنگاو خراوەتە بـن کۆنترۆڵـەوە و دەسـتی بـە بەدەستخسـتنی ئـەو خووە کۆمەڵایەتیانە کردووە، کە ئەو ژیانە هاوبەشـەی لەلایـەن دایکانـەوە سـەقامگیر کـرا، لەگەڵ خۆی ئافراندوویانە. بەمجۆرە ئەو شێوە ژیانەی رەگـەزی پیـاو کـە تـەنیا بـۆ خـودی خۆیەتی، بەرەو بە کۆمەڵگابوون وەرچەرخاوە. بەمشێوەیەش ئیـدی پیـاو، لەسـەر بنـەمای پێداویستی و رێساکانی کۆمەڵ، دەربازی ژیان بووە.

رەگـەزی ژن، کـە بـەمجۆرە ژیـانی لەشـێوەی کۆمەڵـە دەسـتپێکردووە، لەبەرامبـەر زێدەبوونی پلە بەپلەی پێداویستیەکانی ژیان و سنووردارببوونی ئەو سەرچـاوانەی کـە ئـەم پێداویسـتیانە دابـین دەکـەن, کەوتۆتـە نێـو لێکـەڕینی ئاشـکرا و وەکـو ئـەنجامی ئـەم لێکەڕینانـەی خـۆی، تـا دەهـات دەسـتی بـە پەیـداکردنی شـێوە جۆربـەجۆرەکانی بەرهـەم کردووە. لەبەرئەوەی ئەو ژنـەی کـە لەسـەرەتادا خـۆی بـە گژوگیا و رەگـی رووەك بـەخێو دەکـرد، تـا دەهـات زاڵبـوون و کـۆنترۆڵ بوونێـك لـە سروشـت پێشـکەوتووە و ئەمـەش بـە ئەندازەیـەکی مـەزن رێگـای لـەپێش بڕسـتی (تواناکـاری) هۆشـیاری، پێشـکەوتنی ئاسـتی زانابوون و زێدەبوونی ئەزموون کردۆتەوە. لەئـەنجامی ئەمـەدا کۆکردنـەوەی گیـا جێگـەی خۆی بۆ کشتوکاڵ چۆڵکردووە. چاندنی رووەکیش لە خاکە لەبارە نەگۆڕەکانـدا پێداویسـتی کەوتنە نێو ژیانی نیشتەجێبوونی لەگەڵ خۆی دروستکردووە و، دەربازبوون بۆ نێو ژیـانی نیشتەجێبوونیش، تەنیا خۆی لەخۆیدا لە چۆنیەتی شۆڕشێکدا بـووە. لەبەرئـەوەی ژن لـە قۆنـاخی سـەرەتای مرۆڤایەتیـدا، واتـە لـە قۆنـاخی تێپـەڕبوون لـە گیانەوەرییـەوە بـەرەو بـەمرۆڤبوون، بـەمجۆرە رۆڵـی دەستنیشـانکاری، تەنانـەت رۆڵـی دامەزرێنەرانەشـی گێـڕاوە، ئەمەش پێگەی خوداوەندی وەکو بوونەوەرێکی پیرۆز دەستنیشـان کـردووە. ئـەم قۆناخانـە یەکەمین قۆناخی زایینین، قۆناخی ئافرێنەرین. هەر زاراوەیەکی نوێ بـەواتای دەرفـەتێکی

نوێ دێت، واتە خودایەکی نوێ. کاریگەری سەرەکی و زایینێتی دایك لەبەرهەمدا وادەکات کە گرنگیەکی نائاسایی بەدەست بخات و ڕێگا لەپێش سەردەمی خوداوەندەکان ئاوەڵا بێت. چونکە گەلێك دۆزینەوە و خوڵقکاری لەلایەنی ژنەوە بەدەست دەخرێن. شیمانەی مەزنە کە گژوگیای سودمەند، داری میوە، گیانەوەری ماڵی، چاندنی (کێڵانی) خاك، ئاواکردنی خانوبەرە، بەخێوکردنی منداڵ، پاچ، دەستاڕ و بەڵکو یەکەمین گاسن، دۆزەرەوە و خوڵقکاری ژن بن. سەردەمی خوداوەندی دایکان، دوای ئەو پەرەسەندنە شکۆمەندانە نوێنەرایەتی ڕۆڵی ژن دەکات. هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی نیۆلۆتیك، کە هەروەها دەتوانرێ پێی بگوترێ سەردەمی زێڕینی ژن، سەردەمی خوداوەندەکان دوای ئەم قۆناخە هۆڤێتیە، بە لوتکە گەیشتوە.

## شۆڕشی نیۆلۆتیک

لەماوەی نزیکەی ملیۆنێك ساڵ بەدواوە، لە هیلالی زێڕینی ڕۆژهەڵاتی زەریای سپی و تۆرۆس ـــ زاگرۆس (بەگوتنی مێژوونوسان کەوانەی زێڕین) دا هەرکە چووە چڕوپڕبوونی دانیشتوان زێدەتر بووە. لەمەشدا ئەو لەباربوونەی کە ئەو کولتوورەی گژوگیا و ئاژەڵداری پێشکەش دەکەن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. ئەو نیشتەجێبوونەی کە زێدە دەبێ، لەم پارچە جوگرافیایەوە بۆ هەر چوارلای جیهان پەلوپۆ دەهاوێژێ. لە ڕەگ و ریشەی مرۆڤی ئەمڕۆی ئاسیا و ئەوروپادا ئەم دیاردەیە دەتوانرێ بەشێوەیەکی گەنەتیکیش (بۆهێڵ) بسەلێنرێ. کەوانەی زێڕین زێدەتر نێوانی دیجلە و فورات، واتە بەناوی دیکەی مێژوویی میزۆپۆتامیا، لەدروستبوونی کۆمەڵگای کۆمۆنەی سەرەتایشدا خاوەن ڕۆڵێکی سەرەکی سەرچاوەی دایکە. لەبەرئەوەی سەردەمی کۆتایی بەستەڵەك 20 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەستی بەتوانەوە کرد و، کەش و هەوای سارد و وشك جێگەی خۆی بۆ کەش و هەوای نەرم و شێداری بەجێهێشت، ئەمەش ڕێگای لەپێش پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەزۆلۆتیك لەنێوان 15 ـــ 12 هەزار پ . ز کردۆتەوە. لە هەرێمەکەدا بەشێوەیەکی چڕ ئاسەوارەکانی کۆمەڵگای مەزۆلۆتیك دەبینرێن. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کە لەنزیکەوە گرێدراوی کەش و هەوایە کە شێوەی لەنێچیرڤانی و کۆکردنەوەی گژوگیا

پێکدەهات، نزیکەی 20 هەزار ساڵ پێش ئێستا، لەبەر وشکاییەکی لەناکاو جێگەی خۆی بۆ ئەو قۆناخەی کە لەمێژوودا پێی دەگوترێ شۆڕشی نیۆلۆتیک، بەجێهێشتووە. پاشماوەکانی کۆمەڵگای نیۆلۆتیک تائێستا لەبەشەکانی ژوورووی دیجلە و فورات، وەکو دەڤەرە مێژووییە هەرە دێرینەکانی، دەبینرێن. ئەو دۆزەرەوانەی (ئەرکۆلۆژی) کە لە چای ئونوو، ئەرگانی ـ چەمی کۆتێبەر (ئامەد)، باتمان، چەمی خەلان، ئورفا، سیڤەرەك، نەوالا چۆری ئامادەکراون، مێژووی نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ هەتا ساڵی 10 هەزار پ . ز دەبەن. لەژێر ئەو گردانەی کە لەخاکە زۆرەکان لەنێوان دیجلە و فوراتدا پێکدێن، یەکەمین گوندەکانی "Gond"ی شۆڕشی نیۆلۆتیك حەشار دراون. بەڕاستیش ئەم گردە لەخاك پێکهاتووانە کە لە رۆژی ئەمرۆشماندا پڕ بەچڕی دەبینرێن بەرەنگێکی ئاشکرا ئەوە نیشاندەدەن شۆڕشی نیۆلۆتیك لەم شوێنانە بەقووڵی و بە بەرفراوانی سەریهەڵداوە. تائێستا لەهیچ جێگەیەکی جیهاندا، گروپێکی نیشتەجێبووی کە بەم رادەیە دێرین بێت، نەبینراوە.

وەکو تێڕوانینێکی زانستی، بەشێوەیەکی گشتی ئەوە پەسند دەکرێ کە کۆمەڵگای نیۆلۆتیکیش وەکو کۆمەڵگای مەزۆلۆتیك، لەم خاکانەوە بۆ هەرچوارلای جیهان پەلوپۆی هاوێشتووە. ئەمەش سەردەمی هەرە گرنگی تەشەنەکردنی سەرەکی بەر لەمێژووە و هەروەها لەبواری گشتی کۆمەڵایەتیش خاوەنی ئەو تایبەتمەندیەیە کە هەموو ئەو مەرجانەی کە شارستانیەت ئامادە دەکەن، لەئامێزی خۆیدا بەخێو دەکات. کۆمەڵگای نیۆلۆتیك لە قەراخەکانی دیجلە و فوراتی ناویندا، لەنێوان ساڵانی 6 ـ 4 هەزار ساڵ پ . ز پێشکەوتووە و لەو قۆناخەی کە پێی دەگوترێ کولتووری خەلەفیەت (خەلەفبوون) دا تێپەڕ بووە و، لە ساڵانی 6 هەزار بەر لەزایین دەگاتە ئەفریقیای باکوور ــ میسر، فوراتی ژێرین، کەنداوی بەسرە، ئەنادۆڵیای ناوەڕاست و چەتاڵ هویوك، نزیکەی 5 هەزار ساڵ بەر لەزایین دەگاتە قەفقاسیا، باکووری دەریای رەش، بەڵکانەکان، رۆژهەڵاتی باکووری ئێران و هیندستان (پەنجاپ و قەراخەکانی چەمی ئیندووس)؛ 4 هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگاتە چین و تەواوی ئەورووپا؛ لەساڵی 3 هەزار بەر لە زایین دەگاتە کیشوەری ئەمریکا. تێڕوانینی زانستی مێژوو، تەشەنەبوونی ئەم شێوەیەی وەکو تێزەکانی هەرە نزیکی راستی کە لەسەر بنەمای سەرچاوەکان ، پشت راست دەکات. کولتووری تەل خەلەف لەو پێگەیەدایە کە بۆ شارستانیبوون تەواوی کەرەستەی پێویستی ئافراندووە، تەواوی ئەو

کەرەستانەی کە شارستانیەت ئامادە دەکەن وەکو فورکاری، تەور، گاسن، رستن و چنین، کوتاندنی دانەوێڵە، ئەندازیاری کۆمەڵی گوندان، چەرخە، ئامرازی نیو مەعدەنی لەبەردی سفر، پەسندکردنی ئەستێرەکان وەکو سیمبوڵی خۆیان، ئایدیۆلۆژیایەك لەسەر بنەمای چەمکی خوداوەندی و ..... هتدە بەرهەمە مەزنەکانی مرۆڤایەتی ساتەوەختی کازێوەی ئەم مێژوویەن.

بەئەندازەی تێگەیشتنی تەواوی لایەنەکانی ئەم شۆڕشە کە تائێستاکەش شارستانیەت بەخێو دەکات، تێگەیشتنی رۆڵی پێشەنگایەتی کە ژن لەم شۆڕشەشدا گێڕاویێتی، کەوەکو "سەردەمی زێڕین"ی ژنیش لەقەڵەم دەدرێت، دەبێتە بابەتێکی ژیانی. دەرکەوتنی مرۆڤ لە جیهانی ئاژەڵان گەلێك بەر لە شۆڕشی نیۆلۆتیك و دەست بەمرۆڤبوون کردنی ئەو لە پێشەنگایەتی ژندا و هەروەها تێربوونی بۆ گوزەرانی لەشێوەی کۆمەڵ، دوای قۆناخێك کە بەهەزاران ساڵان لەخۆوە دەگرێت، پێکهاتووە. ئەم قۆناخە درێژ و دژوارانەی کە هاتنە ئاراوە، بۆ مرۆڤایەتی بەواتای تواناکاریەکی زاناییبوون و ئەزموونێکی مەزن دێت. شوێنگەی پێشەنگایەتیکردنی ژن بۆ مرۆڤایەتی، بۆ رەگەزی ژن واتای زێدەبوونی هەنگاو بەهەنگاوی بەرپرسیارێتی لەخۆوە گرتووە. ئەم یەکەمین کۆمەڵانە کە لەسەرەتادا بە دایك و مناڵانیان سنووردار بوون، تادەهات لەچوارچێوەی ئەو پەیمانەی کە بەتۆتەم و تابۆی جۆربەجۆر دروستکراوە، رەگەزی پیاویشی لەخۆوە گرتووە و بەمجۆرەش زیاتر بەرفراوان بوون. جۆربەجۆری پێداویستیەکان و کاری هەمەلایەنە بوویی کە کۆمەڵگابوونی بە بەرفراوانی ئەوانی لەگەڵ خۆی هێناوە، هەنگاو بەهەنگاو شێوە و ئامرازی نوێی بەرهەمێنانی خوڵقاندووە. لەساڵانی 10 هەزاری پێش زایین، بەکۆکردنەوەی گژوگیا و نێچیروانی نەیانتوانیوە ببنە وەڵامدەری ئەو پێداویستیانەی کە پلە بەپلە زێدەبوون و، بەدەستخستنی زەوی لەبار بۆ چاندن و کشتوکاڵی، تێپەڕێنراوە بۆ چاندنی دانەوێڵە. ئەو ژنانەی کە لەسەرەتادا بە چاندنی پارچە زەوی بچووك دەستیان بەکار کرد، هەرچەندە بوونە خاوەن ئەزموون، دەربازی خەباتی زێدەتر بە زاناییبوون و بە ئامانج بوون. ئەو ژنانەی کە لەگەڵ خاك ئاوێتە ببوون، لەسەرەتادا ئەو پارچە دارەی کە لە کۆکردنەوەی گیادا بەکاریان دەهێنا، گۆڕیویانە بۆ گاسن و لەو ئاژەڵانەی کە بەخێویان دەکرد، لە کاری زەویدا سوودیان لێوەرگرت؛ ئەمەش خێراییەکی نائاسایی، بەگوێرەی قۆناخی رابردوو، بۆ بەرهەمهێنان

بەدیهێناوە. ئەم شێوە نوێیەی بەرهەم، کە بەئامرازی نوێی بەرهەمهێنان دروست بوو، شۆڕشی هەرە مەزنە کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بینرابێ. شۆڕشی نیۆلۆتیکی کشتوکاڵی، کە لەم قۆناخەدا پێکهێنراوە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی لە گەیاندنی ئاستی شارستانیەتی ئەمڕۆماندا دروستکردووە. یەکەمین جار لە بەرهەمی بێ سەروبەر (نارێکوپێك)، دەربازی ئابووریەکی بەپلانکراو بووە. لەم واتایەدا شۆڕشی نیۆلۆتیك لەگەوهەردا ئەگەر وەکو شۆڕشێکی لادێیانە لەسەر بنەمای دەستپێکردنی چاندن و بەخێوکردنی گیانەوەر پێناسە بکرێت، گونجاو دەبێ. واتە شۆڕشی نیۆلۆتیك شۆڕشی ژنە.

لەم شۆڕشەدا ناوەندی یەکەمین خوداوەندەکان و شارستانیەتیش میزۆپۆتامیا و کەوانەی بەپیت و بەرەکەت بووە. ئەو جێگەیەی کە یەکەمین چاندنی تێدا کراوە، یەکەمین لانەی تێدا ئاواکراوە، یەکەمین مرۆڤ لەسەریدا جێنشین بووە و یەکەمین هەڤاڵێتی تێدا پێشخراوە، ئەم خاکانە بوونە و، لەسەردەمی نیۆلۆتیك بەملاوە، هیچ کەس بەئەندازەی ئەوانەی کە لەسەر ئەم خاکانە بوونە، نەیان توانیوە بەڕەنگێکی ئازاد بیر بکەنەوە، بەشێوەیەکی ئازاد خوڵقکاری بکەن، بە رەنگێکی ئازاد حەزکردن بکەن و جوانی بئافرێنن. کۆمەڵگایەکی کە لەنێوان $10$ ــ $4$ هەزار بەر لەزایین بەپێشەنگایەتی ژن لەم هەرێمەدا ئاواکراوە. ژیانی نیشتەجیبوون، چاندن و کێڵانی زەوی، هونەر، زانست و پزیشکی، یەکەمین جار لەم هەرێمەدا لە سەردەمی نیۆلۆتیکدا لەلایەن ژنەوە دەستپێکراوە و هەنگاو بەهەنگاو لە هەرێمەکانی دیکەی جیهان بڵاوبوونەتەوە. کولتووری ژن و بەگەلبوون لەم قۆناخەدا، لەم دەڤەرانە دەستپێکراوە. ژنان یەکەم جار لەسەر ئەم خاکانە بوونەتە مرۆڤی ئاشتی و کۆمەڵایەتی. چونکە سروشتی ژن لایەنگری ئاشتیە و لەبواری هزردا لە پیاو دواکەوتووتر نییە. تەنانەت لەو قۆناخەدا ژن لەڕووی پێشکەوتنی هزر و بەرهەمدا لەشوێنگەیەکدایە کە لەپیاو پێشکەوتووترە.

ئەو توانستی (تواناکاری) بەخێوکردن، مەزنکردن، پاراستن و پەروەردەکردنەی کە لە کارەکتەری ژندا هەیە، ژنی لەبواری گۆڕینی غەریزەی ئاژەڵان وماڵیکردنیان، کردۆتە خاوەن تواناکاری. ژن ئەو تواناکاری و هەستە مرۆییانەیەی خۆی کە لەکاتی بەخێوکردنی کۆرپەی خۆی بەدەستخست، لەبەرامبەر ئاژەڵ و گژوگیاشدا بەکارهێنا و بەمجۆرە لە خەباتەکانی بەرهەمهێنانی خۆیدا کە بەئامانجی دابینکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەی برد، لەم گیانەوەرانە سوودی وەرگرتووە. هەروەکو ئەو نزیکبوونەی کە

لەبەرامبەر کۆرپەی خۆی نیشانیداوە، هەمان شتی بۆ کۆرپەی ئاژەڵانیش کە پێویستیان بە بەخێوکردن هەیە، کردووە و، ئەوانی ماڵی کردووە و پاراستووە، دواتریش لە بەرهەمی ئەوان سوودی وەرگرتووە. ئەو ئاژەڵانەی کە ماڵیکرد، ئەوانی لە کێڵانی زەویدا بەکارهێناوە و بەمجۆرە بەرهەمی زێدەتری بەدەستخست؛ بەو ئامانجەی بەرهەمی دانەوێڵەکان کە دواتر بەدەستی هێنا، بگەیەنێتە ئەو رەوشەی کە بتوانرێت بخورێت، دەستی بە فێربوونی سوود وەگرتن لە ئاگر کردووە.

لەلایەنی ژنەوە ئەوە دۆزرایەوە کە ئاگر، کە پێشتر سڵی لێدەکرایەوە، بەکەڵکی مرۆڤ دێت بۆ بەکارهێنانی لە کار و خەباتی سوودمەنددا؛ ئەمەش ریشەی پەرەسەندنی پیشەسازی رۆژی ئەمرۆمان پێکدەهێنێ. چونکە بە دۆزینەوەی ئاگر یەکەمین جار وزەی سروشت بەکارهێنرا و سروشت لەلایەن مرۆڤەوە خرایە بن کۆنترۆڵەوە. ژن کە لەقۆناخەکانی گەلێك بەر لەوە لە دروستکردنی خۆراکدا دەستی بە بەکارهێنانی ئاگر کرد، هەنگاو بەهەنگاو لە دروستکردنی ئامراز و ئامێرە جیاوازەکانی دیکەشدا زانابوونی خۆی بۆ سوود وەرگرتن لە ئاگر پێشخستووە. لە خاك، ئاو، لق و پۆپی گیا و ئاگر سوودی وەگرتووە و بەمجۆرە بە بەرهەمی گڵکاری کە ئاویان لێناتکێ و پتەون لەبەرامبەر ئاگر، کولتووری چێشتخانەی پێشخستووە. لە تایبەتمەندی خاك تێگەیشت و لە دروستکردنی کەرەستە و دەفری خواردندا سوودی لێوەرگرت، خانووی لە(قوڕ) و دار دروستکرد و بەمجۆرە ئەو حەشارگەیە سەرەتاییانەی خۆی کە بەر لەوە بۆ پاراستنی کۆرپەی خۆی بەکاردەهێنا، گەیاندە رەوشێك کە مرۆڤ زێدەتر بتوانێت تێیدا بژی. لە پەناگە نوێیەکانی خۆیدا، کە لەبەرامبەر ژینگەی سروشتی لە (قوڕ) دروستیکرد، تایبەتمەندیە رووناککەرەوەکان و گەرمکەری ئاگری بەکارهێنا و بەمجۆرە دەربازی دروستکردنی خانووی بەرفراوانتر بووە کە تایبەتمەندی ئەندازیارانەیان هەیە. بە گەرمایی ئاگر، جێگەی نیشتەجێبوونی خۆی بەرفراوانکردووە و بە رووناکی ئاگریش دەرفەتی بەرهەمهێنانی خۆی زێدە کردووە.

هەروەها کۆمەڵەکانی مرۆڤ، کە لەقەراخی ئاوەکاندا دەژیان، لە پێشەنگایەتی ژندا ناسین و ئاشنابوونی خۆیان بە کولتووری پاك و خاوێنی و ئاودێری دروستکردووە. ژن لەچوارچێوەی پێداویستیەکانی بنەمای بیۆلۆژی خۆیدا، بەرێگای سوود وەرگرتنی لە ئاو، سەرەتا راهاتنی پاك و خاوێنی خۆی و کۆرپەکەی بەدەست خستووە و دواتر ئەم

راهێنانەی لەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژیا بڵاوکردۆتەوە و ئەمەشی وەکو کولتووری پاك و خاوێنی بۆ رۆژی ئەمرۆمان وەکو میراس بەجێهێشتووە. هەروەها ژن لە دەوروبەری جیاوازیشدا فێری سوود وەرگرتن لە ئاو بووە؛ پێداویستی ئاوی ئەو زەویانەی کە چاندوویەتی و ئەو ئاژەڵانەی کە ماڵی کردوون لەو رووبارانەی کە لەکەناریدا دەژیا، دابینکردووە. کاتێك ئەو رووبارانەی کە لەنزیکیانەوە دەژیا هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکاریە وەرزیەکان، هەڵدەکشان و دادەکشان، لە رێگاکانی بەرز راگرتنی لەبارێتی بەرهەمەکان گەڕاوە؛ لەئەنجامی ئەم لێگەڕینانەدا، شێوازەکانی ئەندازیاری وەکو بەنداوی ئاو، جۆگە و..هتد, کە بەڕەنگی هاوچەرخانەتری خۆی گەیشتوونەتە رۆژگاری ئەمڕۆمان، هەر لەو قۆناخەوە پەرەی پێداوە و ئەوە بەسەر خراوە کە خاك لە ئاوی لافاو و وشکانی رزگار بکات.

هەروەها یەکەمین بنەماکانی پیشەسازی رستن و چینی رۆژگاری ئەمرۆکەشمان دیسان لەم قۆناخەدا لەلایەن ژنەوە خولقێنراون. ژن، کە بەلیمفە جۆربەجۆرەکانی گژوگیا دەستی بە کارکرد، هەرچەندە قۆناخ پەرەیسەند کەرەستەی جیاوازتری بەکارهێنا و بەمجۆرە رستن و چنینی پێشخستووە. خوری ئەو ئاژەڵانەی کە ماڵیدە کرد، لەو تەشیانەی کە لەدار دروستی کردن، رستووە و بەمجۆرە دەستی بەدروستکردنی جل و بەرگ و شێوەی جاجم کە منداڵەکانی گەرم بپارێزن، کردووە. لەگەڵ ئەمەش پێستی (کەوڵی) ئاژەڵانیشی کە لەلایەن پیاوانەوە راودەکران، بەشێوازی جۆربەجۆر بەکارهێناوە و ئەوە فێربووە کە لەوانە جل و پێڵاوی جیاجیا، هەندێك پێداویستی چێشتخانە، ئامێری گواستنەوە و .. هتد بەرهەمەکان بەدەست بخات و، بەمجۆرە خەباتەکانی بەرهەمهێنانی هەمەجۆرتر کردووە.

لەگەڵ تەواوی ئەمانە، هێشتا لە سەرەتای ئەو سەردەمەدا، گاسنی لەدار دروستکردووە، بۆیە ئەوە فێربووە کە لەکشتوکاڵدا بەرهەمهێنانی زێدە بەدەست بخات، کاتێ ئامێر و ئامرازە نوێیەکان کە لەکێڵان و چاندندا بەکاردەهێنران زیاتر پێشکەوتن، دەرفەتی زێدەتری بۆ ماوەتەوە و ئەو دەرفەتە زێدەیەی کە دەرکەوتە روو، وایکردووە کە ژن لە خەباتەکانی بەرهەمهێنانـدا کە بەدەستی خستبوو، زیاتر بەرفراوانی خۆی قووڵ بکاتەوە. ئەو شێوە سەرەتاییەی بەرهەمهێنان کە لە دەستپێکدا دەرخراوەتە روو، هەنگاو بەهەنگاو تێپەڕێنراوە و لە کاری دەستیدا زیاتر ووردەکاری بەدەست خراوە.

لـــە قۆناخـــەکانی دواتـــری نیۆلۆتیکـــدا، لەســـایەی ئـــامێرە تەکنیکیـــەکان کـــە زۆر پەرەسـەندوتر بـووە بـەگوێرەی رابـردوو، دیسـان هاوتـەریب لەگـەڵ بەشـداری پیـاویش بـۆ بەرهەمهێنـان لە شوێنگەی تەواوکەری ژنـدا، سنووری نێوەنـدی تەمـەن گـەلێك درێـژ بـووە. لەبـەر ئـەوەی بـەر لـەو قۆناخـە، لەمیانـەی تێکۆشـان لـە بەرامبـەر سروشـتی بـێ رەحمـدا، بەشێوەیەکی لە رادەبەدەر وزە بەکاردەهێنرا و هـەروەها لەبـەر شـەڕی پێشـبڕکێی رەگـەزی پیاو لەنێوخۆیدا، ڕووداوەکانی مردن گەلێك زوو روویانـدەدا و ئـەو مردنـە پـێش وەختانـە گواسـتنەوەی ئەزموونـە بەدەستخراوەکانیشـی بـۆ نـەوەی دوای ئـەوان لاواز دەکـرد. دواتـر، درێژبوونی بەمجۆرەی سنووری تەمەن و تـەکنیکی بەرهـەمهێنان کـە پەرەیدەسـەند، وزەی مرۆڤـی کـەمتر پێویسـت کـردووە. ئـەم توانسـت و دیاریـدەی کاتـەی کـە دەرکەوتـە روو، دەرفەتی بەدەستخستنی وردەکاری هونەری بە ژن بەخشیوە لەو بەرهەمانەی کە بەدەستی دەخست.

پـــێش ئـــەو قۆناخـــە لـــە بەرهەمهێنانـــدا، تـــەنیا لـــەواتای قەبـــەدا دابینکردنـــی پێداویستیەکان بەبنەما وەردەگیران. بەڵام ئیـدی لـە بەرهەمەکانـدا، بـە ئەندێشـەی جوان (باش) دیتن، ئەستاتیزمێکی نائاسایی هونـەری، رەنگـی داوەتـەوە. ژن لەبۆیاخـەکانی رەگـی گـژوگیا و لـە مـاددە کیمیاییـەکان کـە لـە گـژوگیای جۆربـەجۆردا بەدەسـتی خسـتبوو، هونـەرێکی گـەلێك ووردی رازاندنـەوەی دەرخسـتۆتە روو. ژن، بـە ووردەکاریـەکانی هـەرە ناسکی ئیستاتیزمیش کە لـە قۆناخـەکانی لەمەوبـەری سـەردەمی نیۆلۆتیکدا لـە هونـەری رازاندنـەوە بەدەستیخسـت، بـەو ئامانجـەی زیـاتر ئەسـتاتیزم بەشـێوەی خـۆی بـدات، لـەو خشڵەی بۆ خۆ رازاندنەوە بەکاریدەهێنا، جوانیەکی نائاسایی نیشانداوە.

ژن هاوتـــەریب لەگـــەڵ پرۆژەکـــانی بەرهـــەمهێنان و ئـــەو پێشـــکەوتنە هـــەنگاو بەهەنگاوەی کە لەبەرهەمەکانـدا بەدەسـتخرا، ئـەو گیایانـەی کـە توانسـتی پسـپۆڕی تیایـدا بەدەسـت خسـت، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە تەندروسـتیەکانی خۆیشـی بـەکاریهێناوە. لـە گـژوگیا و رەگـەکان، دیسـان لـە هەنـدێ جـۆری مێـروو و ئاژەڵـەکان، کـە تـوانی لـەڕێگای چاودێری کردنی تەواوی تایبەتمەندیەکانیان یەك بەیەك و، کاریگەریەکانیان لەسەر مرۆڤ بەشـێوەیەکی گـەلێك بـەرفراوان سـوودیان لـێ وەرگرێـت بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـیە جۆربەجۆرەکان و بەم جۆرە رەهەندێکی جیاوازی هێنایـە ئـاراوە بۆئـەوەی تەمـەنی مـرۆڤ درێژ بێت و بە تەندروستیانەتر (لەش ساخی) تێبپەڕێ.

ژن، هێشتا له‌كاتێدا كه‌ له‌سه‌رده‌می به‌ر له‌ نیۆلۆتیك، له‌شێوه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی دایكاندا ده‌ژیا، ئه‌و گواستنه‌وه‌یه‌ی كه‌ وه‌كو ئه‌نجامێكی هه‌لومه‌رجه‌كانی ژیانی هاوبه‌شی له‌نێوان خۆیاندا به‌ده‌ستخست، گه‌یاندنێكی ده‌نگی، كه‌ له‌ ده‌نگی كێویه‌كان پێكده‌هات، ئافراندووه. ئه‌م گه‌یاندنه، له‌نێوان قووڵایی پێشكه‌وتنه‌كانی سه‌رده‌می نیۆلۆتیكیشدا، وه‌رچه‌رخاوه‌ بۆ زمانێكی پێشكه‌وتووتری ئاخافتن. چونكه‌ زمان دیارده‌یه‌كه‌ كه‌ له‌نێو خه‌باته‌كانی به‌رهه‌مهێناندا، له‌ پێداویستی مرۆڤه‌كان بۆ دانانی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ یه‌كتر و دانوستاندنی هه‌ست و رامان ده‌رده‌كه‌وێته‌ روو. له‌م واتایه‌دا، به‌ره‌و كۆتایی ئه‌م سه‌رده‌مه، ئه‌و قووڵاییه‌ی هه‌ست، رامان و گه‌یاندن كه‌ پێشكه‌وت و ئه‌و ووردەكاریه‌ی كه‌ له‌به‌رهه‌مهێنان به‌ده‌ستكه‌وت له‌گه‌ڵ خۆیدا هونه‌ری قسه‌كردنیشی هێناوه‌ و له‌ئه‌نجامدا خۆپیشاندانه‌ هونه‌ریه‌ ئه‌ستاتیكه‌كانی دیمه‌نی وه‌كو هه‌ڵبه‌ست، وێژه، وێنه، په‌یكه‌ری و.... هتد، بۆ مرۆڤایه‌تی هێناوه‌ته‌ ئاراوه.

ئه‌و دایكانه‌ی له‌و په‌ناگانه‌ی كه‌ به‌ره‌نگێكی هاوبه‌ش تێیدا ده‌ژیان، یه‌كه‌مین په‌یوه‌ندیه‌كانی ژیانی به‌كۆمه‌ڵیان پێشخستووه، یه‌كه‌مین خوو و هه‌سته‌ كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان و، هه‌روه‌ها یه‌كه‌مین حه‌زكردن له‌ به‌رامبه‌ر یه‌كتری، له‌و په‌ناگانه‌دا به‌ده‌ستخستوه. ژنان، له‌ ئه‌نجامی ئه‌م به‌هایانه‌ی حه‌زكردن و نرخانه‌ی كه‌ له‌و په‌ناگانه‌ی خۆیان له‌ لانكه‌ی په‌یوه‌ندیه‌كانی هاوبه‌شیه‌دا، به‌ده‌ست خستن، هه‌نگاو به‌هه‌نگاو له‌سه‌ر ره‌گه‌زی پیاو و بوونه‌وه‌ره‌ زیندووه‌كانی دیكه‌ش ره‌نگی داوه‌ته‌وه، په‌یوه‌ندیه‌ كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان به‌ ئاستێكی پێشكه‌وتووتر گه‌یشتوونه‌ و به‌مجۆره‌ كه‌وتۆته‌ نێو سیسته‌می كۆمه‌ڵگای نیۆلۆتیك. شێوه‌ی رامانی سه‌رده‌می نیۆلۆتیك، كه‌ به‌واتای گه‌یاندنی ئاستی كۆمه‌ڵگایه‌كی پێشكه‌وتووتر، له‌ بنه‌مای ئایینی نیو ئاژه‌ڵی و تۆته‌میدایه. هۆز (تیره) كه‌ یه‌كینه‌ی بنگه‌یی كۆمه‌ڵگایه‌ به‌شێوه‌یه‌كی باشتر ده‌بینرێ و لێك جیا ده‌كرێته‌وه‌ و گرنگی بوون به‌ ئه‌ندامی تیره‌ ده‌ركی پێده‌كرێت. له‌نێو تیره‌دا شوێنگه‌ی سه‌رۆكایه‌تی و ئافرێنه‌ری (خوڵقكاری) دایك ده‌رده‌كه‌وێته‌ ریزی پێشه‌وه. هه‌ندێك بوونه‌وه‌ر، ئاژه‌ڵی ماڵیكراو و گژوگیا له‌ هه‌موو بونه‌وه‌ری دیكه‌ باشتر ده‌ناسرێن و به‌ پێویست ده‌بینرێن. بۆیه‌ واتایه‌كی مه‌زنتر بۆ گیانی ئه‌م بوونه‌وه‌رانه‌ ده‌به‌خشرێ. ره‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌مانه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای رامان، ده‌بێته‌ شێوه‌یه‌كی رامانی كه‌ له‌سه‌رده‌می دایكسالاریدا ژن رۆڵی خوداوه‌ندی دایك ده‌گێرێ، هه‌ر تیره‌یه‌ك به‌ تۆته‌م، وه‌كو سیمبولێكی خۆی و، هه‌روه‌ها هه‌موو گژوگیا، دار، ئاژه‌ڵ و

کەلوپەلـەکانیش هەریـەك بـە خوداوەنـد گوزارشـتی لێـدەکرێت. تۆتـەم زیـاتر دەبێتـە گوزارشـتی سـەمبۆلی تیرەکـان و بـە تـەواوەتی هاوسـەنگ نـابێ بەیـەك خوداوەنـد. وەکـو شتێکی نیو خوداوەند بووە. بەڵام تەواوی نوێنەرەکانی دیکە بە خوداوەنـد دەکـرێن. پـێش هەمووشیان خوداوەنـدی دایـك دێت. چونکە دامەزرێنـەری، خوڵقکاری، هێـزی زاینـێتی و پاسەوانی کۆمەڵگای نوێ، ژن ئەنجامی دەدات.

لـە شـێوەی رامـانی سـەردەمی نیۆلۆتیکـدا بنکەیـەکی رامـانی مـرۆڤ ــ خـودا، پشـت بەسـتوو بـە دیـاردەی مـێ، کـە بـۆ کۆمـەڵگا پێویسـتە، هـەموو بوونـەوەرە گرنگـەکان بـە خوداوەند دەکرێن، زاڵە. بنکەیـەکی رامـان و بـاوەڕی پشت بەسـتوو بـە خوداوەنـدی دایـك لەهـەر ئاسـتێکدا پەرەدەسـێنێ و خوداوەنـدی دایـك، لـە ژێـر نـاوی ئەسـتێرە یـان سـتاردا، یەکـەمجار لـە هیلالـی بـە پیـت و بەرەکـەت بـەرز دەکرێتـەوە بـۆ ئاسمـان، بـەمجۆرە نـەمر دەکرێـت. کۆمەڵـەی مرۆڤـەکان لـە پێشـەنگایەتی ژنـدا کـە لەبـەر قـووڵایی و رۆڵـی لـە بەرهەمهێناندا لـە شـوێنگەی کێـوی کۆکردنـەوەی گیـا دەربـازی ژیـانی نیشتەجێیی بـوون، بەرەکەتی خاك و پڕبوونی بەرهەمەکانی دوورینەوە هاوسەنگیان بینووە لەگەڵ زاینێتی و بەرهەمداری ژن. هەر شتێك کـە مـێ بـووە و توانیویـەتی بـزێ، لـە کەسایەتی ژنـدا پـیرۆز بینـراوە و باوەڕی بەوە هێنراوە کە خاوەنی هێزێکی ئاوارتـەی نهێنیـە. خـاك لـە سـەرووی ئـەو بەهایانـەی کـە بـە پـیرۆز دەبینـرێن، دێـت و لەگـەڵ ژن کراوەتـە یـەك، هـەروەها لـە مرۆڤەکانـدا بـاوەڕی "دایکـی خـاك" پەرەیسـەندووە. خـۆ نوێکردنـەوەی دایکـی خـاك و بەهەمداریەکەشی، بەهێزی نهێنی "خوداوەنـدی دایـك" ی پـیرۆز کـە بینـراوە، گرێـدراوە. چونکە ئەوە بینراوە کە"دایکی خاك" یان "دایکی سروشـت" یـش هـەروەکو "خوداوەنـدی دایك" لە پێگەیەکدایە کە بەبەردەوامی سەرلەنوێ خۆی دەئافرێنێ و مرۆڤ رۆڵی نائاسایی خوداوەنـدی نزیکـی رەگـەزی ژن بوونـە؛ خۆپیشـاندانی مـەزنی رێزگـرتن و حـەزکردنیان رێکخسـتووە و دەسـتیان بـە پەرسـتنی ئـەو کـردووە. لـەو باوەڕیـەی کـە ژن بەخوداوەنـد دەکرێـت "خوداوەنـدی دایـك" لـەو شـوێنگەیەدا بـووە کـە بەشـێوەیەکی هەمیشـەیی خـۆی نوێکردۆتـەوە و خـۆی خوڵقانـدووە. ئـەو خوداوەنـدەی کـە بـەمجۆرە ئایـدیالیزە دەکرێـت، بەڕەنگێکی پەتی نەماوە؛ لەنێو ئەو دایکانەی کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵـەی مـرۆڤن لەسـەر رووی زەوی لـە دایـك بـووە و پەرسـتنە ئایینیـەکان بەلایـەنی خوداوەنـدی پێشـکەوتوون. قورسـایی دەخرێتـە سـەر سـەمبۆلیزەکردنی ژن بـە ئەسـتێرە و مـانگ، بـەڵام زیـاتر وەکـو

دایکی سروشتی هێزە ناوچەییە سروشتیەکان، دەبێتە خاوەنی قورساییەکی گەورە. لە تەواوی گۆڕەپانە نیشتەجێبووەکانی ئەم سەردەمە، بەئەندازەی مەزن پەیکەرە بچووکەکان هەن کە دەتوانین وەکو خوداوەندی دایکیش ناوزەدیان بکەین. رەنجی ژن کە کشتوکاڵ وماڵیکردن دەخولقێنێ، وەکو دایکی زایینوانی منالانیش، ژن لە پیرۆزکردنی هەرە مەزنی مێژوودا دەرباز دەکرێت. لە واتایەکدا هێزی ئافرێنەری ژیانە. دایکی سروشتە، دایکی خاکە، نوێنەری خوداوەندی ژن وەکو هێزی دۆزەرەوەی بەرهەمەکانی سروشت، گژوگیا و دارەکان و، وەکو کارەکتەری سروشت، رێگا لەپێش قووڵایی واتاداری دەکاتەوە. گرنگی ژن ـ دایك، کە بەشێوەیەکی نائاسایی زیاد دەبێ، لە بەرامبەری پیاو رێگا لەپێش سەردەستیەکی ئاشکرا دەکاتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی نیۆلۆتیکی ژن، شوێنگەی رەگەزی پیاویش کە لە چوارچێوەی یاسا جۆبەجۆرەکاندا دەخرێتە نێو کۆمەڵەی ژنان، لە چۆنایەتیەکی تەواوکەری چالاکبوونی ژن لە بەرهەمهێناندا بووە. رەگەزی پیاو، لەسەرەتادا لەسەر بنەمای فێربوونی لە ژن و هاوکاری، دەستی بە خەریکبوونی بە خاکەوە کردووە. واتە پیاو هەم کاری کێڵان، هەم خەباتی دیکەی بەرهەمهێنانی لە ژن، کە باوەڕی بەوە هێناوە پیرۆزە، فێربووە. پیاو لەم سەردەمەی نیۆلۆتیکدا کە دروست بوو، لەو باوەڕیەی کە بەخشینی بەرهەمی لەباری خاك لەهێزی نهێنیەکانی ژنەوە سەرچاوە دەگرێ، هیچ ناڕەزاییەکی نیشان نەداوە لەبەر شوێنگەی دووەمی خۆی؛ رێزی لە ئەزموونی ژن گرتووە و هەوڵێکی مەزنی نیشانداوە بۆئەوەی کە لە ژن هەموو توانستەکان فێرببێت. لەڕاستیدا ئەو پیاوەی کە تازە بە تازە پەلکێشی نێو کۆمەڵ کرابوو، لەم قۆناخەدا بە زۆری، لە رێگای پاراستنی پەناگەکان و کۆمەڵەی تیرە ـ هۆزی نەوەی دایك کە تێیدا دەژیان، لە بەرامبەر هێرشی دڕندانە و دابینکردنی هەندێ پێداویستی خۆی بە راوکردن، لە رووی بەرهەمهێنان و خزمەتکردندا لە شوێنگەی تەواوکەری بەڕێوەبەری ژندا بووە. بەمجۆرە ئەو غەریزە هێرشکاری، پێشبڕکێ و دەسەڵاتیانەی کە لە کۆنەوە لەسەر رەگەزی پیاو زاڵ بوون، وەرچەرخێنراون بۆ هاوکاریەکی ئەرێنی، بەو ئامانجەی کە ئەو غەریزانە لە کارەکانیدا بۆ قازانجی کۆمەڵ بنرخێنرێن. ئەو غەریزانە، لە چوارچێوەی ئەو تۆتەم و تابۆیانەی کە لەلایەن ژنەوە دانران، گۆڕاون بۆ خۆپیشاندانی دابینکردنی هەندێ پێداویستی ژیانی کۆمۆنەیی وەکو راوکردن، مسۆگەر کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و...هتد.

ڕەگەزی پیاویش کە لە خەباتەکانی ژیانی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێناندا پشتیوانی ژنی کرد و بەمجۆرە دەستی بە بەدەستهێنانی خووە مرۆییەکان کرد، هەنگاو بە هەنگاو، لە رووی بەدەستخستنی رەهەندە نوێیەکان بەو ئامراز و ئامێرانەی کە لە بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنران، دەستی بە کاریگەربوون کردووە.

کاتێك کە شۆڕشی نیۆلۆتیکی کۆمەڵایەتی، کە هەنگاو بەهەنگاو بەشداربوونی هاوبەشی پێشخستووە، رەنگدانەوەی خۆی لەسەر پەیوەندیە نێوخۆیەکانی تیرە و هۆزەکان کرد و، هەروەها ئەنجامی ئاواکردنی رێکخستنی نوێشی دەرخستۆتە روو. لەم سەردەمەدا، کە یاسای زەواجی دەرەوە کاری پێدەکرا، زاراوە و دورستبوونی خێزان هێشتا پێکنەهاتبوو. بەڵام بەگوێرەی رێکخستنی زایەندی، کە دەتوانرێ ئەمە وەکو "زەواجی نیشتەجێی دایك" ـ پێویستە زاراوەی زەواج، بەواتای رۆژی ئەمڕۆمان دەرکی پێنەکرێت ــ بەناو بکەین، ژن دوای ئەوەی شووبکات، لە تیرەی دایکدا دەمێنێ و پیاو لە تیرەی دایکدا کە لەگەڵیا دەژی جێدەگرێ. پیاو، کە ئێمە ئەو لە دابونەریتی ئەدەبیاتی رۆژی ئەمڕۆماندا وەکو "بەرئەندامی زاوا" بەناو دەکەین، لەلایەن دایکانەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەمەش دوای ئەو تاقیکردنەوانەی کە خەباتە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێنان لەخۆوە دەگرن، پێکدێت. چونکە ئەو پیاوەی کە بەشداری تیرەی دایك ببێ، دەبێ رەچاوی ئەو یاسا و پێوانانەی تیرە بکات. ئەو پیاوەی کە بەمجۆرە بەشداری تیرە دەبێ، هێشتا وەکو باوکی منداڵەکانی ئەو ژنەی کە لەگەڵیایە، پەسند نەکراوە. ئەوانەی بەرپرسیاری منداڵانن، خودی دایك و برای دایکە. لەبەر ئەوەی هیچ گرێدانێکی خوێن و شیری "مێرد" ــ بە گوێرەی پێناسەی ئەمڕۆمان ـ لەگەڵ ئەندامەکانی تیرەدا نەبوو، بۆیە بەو منداڵانەی کە تازەش لەدایك دەبن گرێدانی خزمایەتی لەئارادا نییە. بەڵکو تەنیا لە شوێنگەی میوانێکدایە و تەنیا لە رەوشە زۆر پێویستەکاندا توانیویەتی جێبەجێکەری ئەو بڕیارە ناوخۆییانەی تیرە بکات. بۆیە کاتێك دایکێك بمرێت، بەرپرسیارێتی منداڵان، نەك بۆ "مێرد"، بەڵکو بۆ برای دایك دەمێنێتەوە. کاتێ برای دایکیش، کە وەکو "باوك" پەسند دەکرێت، بمرێت، منداڵی خوشکی ئەو جێی دەگرنەوە. لە بەرەو کۆتاییەکانی سەردەمی نیۆلۆتیکدا، گرێدانی هەرە نزیکی خزمایەتی، بە گوێرەی ئەو رێکخستەنە (پۆلێنکردنە)، لەنێوان منداڵانی خوشك و برا گەورەی دایکدا پێشکەوتووە. ئەم رەوشەش لە قۆناخەکانی دواتردا، ئەنجامی دەرکەوتنە پێشی براکانی تیرەی دایکی دەرخستۆتە روو.

ئـەو پیاوانـەی کـە لـە تـیرەی دایکیشـدا دەمێننـەوە، توانیویانـە لـەم قۆناخـەدا لـە چوارچـێوەی یاسـاکانی تـیرەی لـە نـەوەی دایکـدا، ببنـە خـاوەنی دەستپێشـخەرە جۆربـەجۆرەکان لـە ژیـانی تـیرەدا. ئـەو جێگەیـەی کـە پیـاو توانیویـەتی خـاوەنی دەستپێشخەری بێت، دیسانیش خـودی ئـەو تیرەیـەی دایـك بـووە کـەلێی هـاتووە. بـەڵام لەبەرئـەوەی رۆڵـی لـە ئافراندنـدا هێشـتا مسـۆگەر نـەببوو، لـەم قۆناخەشـدا هـیچ بانگەشـەیەکی مـافی لەسـەر منداڵـەکانی پێشـنەکەوتووە. بـەمجۆرە پیـاو لەسـەر بنـەمای پێداویسـتی تـابۆی تـیرەی دایکـی خـۆی و تـیرەی زایەنـدی نـاوخۆیی و ئـەو تیرانـەی کـە لەگەڵیاندا لەنێو پەیوەندیدا بوو، بەردەوامی بەژیانی خۆی داوە. بەڵام ئـەو شتەی کـە بـۆ خۆی بەبنەما گرتووە، بۆتە تیرەی دایکی ئەو، کە تێیدا خاوەنی مـاف بـوو. لەبـەر ئـەوەی، هەرچەندە پەیوەندیە خزمایەتیەکان لەگەڵ تیرەدا، یان یەکگرتنی لەگەڵ ئەو ژنانـەی کـە لەنێو تیرەکانیاندا جێدەگرن، لە چوارچێوەی ئەو دیاریانەی کە پێشکەشی ئـەوانی دەکـرد، پێشخستبێ، بۆ ئەو ژنانە، دیسان ئەو بێگانەیـەك بـووە و هەمیشـە لـە شـوێنگەیەکدا بـووە کە دەکرا دوژمنایەتی کۆن زیندوو بکاتەوە. واتا هێشتا لەو رەوشەدا نییـە کـە دەربکەوێتـە دەرەوەی کۆنترۆڵی دایك. بەڵام جێگە گـرتنی هـەردوو رەگـەز بـەمجۆرە، رێگـای نـەداوە کـە هـیچ پێکـدادانێکی چـالاك پێشـبکەوێت. لەبـەر ئـەوەی کارەکتـەری کەسـایەتی ژن لەسـەر پـەیمانی کۆمەڵایـەتی رەنگیداوەتـەوە، تـەواوی لایەنـەکانی ئاشـتی خـۆی لەسـەر شـوێنگەی بەڕێوەبەرایەتی خۆی و دەستنیشانکاری یاسـای خـۆی کـە ئـەم شـوێنگە پێویسـتی پێیـەتی، لەم قۆناخـەدا رەنگدەداتـەوە و بـەمجۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵایـەتی دیمـوکراتی سـەقامگیر کـردووە. لـەم واتایـەدا رێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی دایکسـالاری، ریکخسـتنێکی کۆمەڵایەتیـە رەسەنەکانە. بەڵام سیستەمێکی دەسەڵاتداری ژن نییە. چـونکە لـەم سـەردەمە بەرایـیانـەی مرۆڤایەتیـدا، رامـانی دەسـەڵاتدارێتی هێشـتا نەدەناسـرا. مافـە ئیمتیازیـەکان و هەڵـدێرە رەگـەزی، نـەژادی و چـینایەتیەکان جێگـەی بـاس نـین. ژن لـە بـواری جیاوازیـە چۆنایەتیەکاندا، وەکـو هێـزی جەسـتەیی، ئافرێنـەری، دەستپێشـخەری، بـوێرەی، شـێلگیری و...هتد، کە لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی پیاوی باوکسالاری رۆژگاری ئەمرۆمانـدا، لـەنێوان ژن و پیاودا هەن و وەکو جیاوازیە ئۆرگانیەکانی زایەندی پەسند دەکرێن، بـێ هێـز نییـە. چـونکە ئـەو هەڵـدێرە جەسـتەیی و رامانیانـەی نێـوان هـەردوو رەگـەزەکان، هۆکـاری ئـەو جیاوازی بوونەی کە لە قۆناخی پێشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و کولتووریـدا هاتـە ئـاراوە نییـە،

بەڵکو ئەنجامەکەیەتی. بۆیە ژن لە شوێنگەی هێزێکی سروشتیدا بووە کە سەرەڕاست کردنی کۆمەڵگای دایکسالاری ئاراستە کردووە و ئەم هێزەی کە لە ژندا هەیە، هێزێکی دەسەڵاتی ئەوتۆ نییە کە دواتر بەدەستخرابێ، بەڵکو بەرپرسیارێتی و ئاراستەکاریەکی سروشتیە کە لەبەر کاری کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێناندا بەدەستیخستووە. کۆمەڵگای کشتوکاڵی نیۆلۆتیك کە لەسەر ئەم بنەمایە، لە بنچینەی بەشداری دیموکراتی و یەکسانیخوازیدا لەنێو ئاشتیدا ژیاوە، بەدرێژایی هەزاران ساڵ لەسەرپێ مانەوەی خۆی بێ پێکدادان، قەرزداری رەنگی ئاشتی، برایەتی و دادپەروەرانەی ژنە کە لەسەر ئەم قۆناخە زاڵە. ئەو ئایدیۆلۆژیەی کە لە سیستەمی نیۆلۆتیکدا زاڵبوو، لە بنەمادا بۆتە ئایدیۆلۆژیایەك لە تەوەرەی ژندا و ئەو کولتوورەی لەم چوارچێوەدا سەقامگیر بوو، وەکو کولتووری ژن و بەگەلبوون بۆتە شتێکی ژیانی.

تایبەتمەندی سەرەنج راکێشی سەردەمی کۆمەڵگای نیۆلۆتیك ئەوەیە کە یەکەمجار شوێنگەیەکی کولتووریانە و ماڵیکەرانەی ئاژەڵە ماڵیکراوەکان بەدەستدەخات و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە ئەمە فەراهەم دەکات، پێکهاتووە. تایبەتمەندییە بنچینەکانی ئەم سەردەمە خاك، گژوگیا و ئەو دارە جۆربەجۆرانەی کە دەچێنرێن، ئەو ئاژەڵانەی ماڵیدەکرێن، گوندە نیشتەجێبووەکان، کۆمەڵگای دایکسالاری کە لە تەوەرەی ژندا شێوە دەگرێ و چەمکە ئایینی و میتۆلۆژییەکانی پشتبەستوو بە خوداوەند کردن و بەرزکردنەوەی ئەو بوونەوەرانەی کە لە ژیانیبووندا رۆڵی هەرە گرنگ دەگێڕن بۆ ئاسمان و ئامێرە سەرەکیەکانی وەك پاچ، گاسن، چەرخە، ئامرازەکانی رستن و چنین، دەستاڕ، ئامرازە نوێیەکانی بەرد تاشی، کەر، بەکارهێنانی مەڕومالأت لە بەرهەمهێناندا. کۆمەڵگا لە سیستەمێکی پشتبەستوو بەخاوەندارێتی کۆمۆنەیی لەشێوەی تیرەکاندا دەژی. بازرگانی و ئاڵوگۆڕی لە ئاستی هەرە سادەدا ئەنجامدەدرێن. گروپەکانی زمانە سەرەکیەکانی مێژوو لەم قۆناخەدا دروست دەبن و لەیەکتری جیادەبنەوە. زمانی سەردەمێکی بەمجۆرە وەکو ئەزەلی (جاویدانی) دەبینرێ و هێدی کاردەکات (دەگوزەرێ). هەستە سەرەتا و کۆتاییەکان زێدە پێشنەکەوتوون. بنەمایەکی وەهای هەست و مێشکی بەمجۆرە پێشدەکەوێ وەکو بڵێی جیهان لەسەردەمی سەرەتای ژیانی هاوشێوەی بەهەشتدا بێت. لەنێوان مرۆڤەکاندا هەستێکی خزمایەتی پێشکەوتوو لە رەوشی پەرەسەندندایە. دیاردەی توندوتیژی بەشێوەی سیستەم و بە ئامانجی تاڵانکردن زێدە جێگەی نابێتەوە. ئەو کولتوورەی کە لە

**کۆمەڵگای دایکسالاریدا سەرەکیە، لە رەنگی ئاشتیدایە. لە مێشکێکی پشتبەستوو بەیەکتری لەناوبردن و تاڵانکردن، غەوارەیی جێگەی باسە. زمان بنەمایەکی شیعریانەی هەیە. هەر بۆیە ئەم سەردەمە، قۆناخی شیعریانەی مرۆڤایەتیشی پێدەگوترێت.**

***وەکو دەرئەنجام*؛ کۆمەڵگای نیۆلۆتیك ئەوەندە بەلایەنی ژندایە کە پیاو خۆی لەخۆیدا وەکو بلێی سڕاوەتەوە؛ هەروەکو چۆن ژن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، وەکو هێزی سەرەکی، لەکۆمەڵگادا سڕاوەتەوە.**

**مێژووی ژن بە واتای مێژووی دانەوێڵەکان، مەڕوماڵاتەکان، داری میوەجاتەکان، خانووی گوندەکان، رستن و چنین، پاچ، دەستاڕی بچوك؛ بەواتای ئەو سیستەمە دێت کە بنەمای رێزگرتن، رەنج و بەرهەمە؛ بەواتای مێژووی ئەو بەرهەمانە دێت کە بە رەنج ئافرێنراون، ئەو منالانەی کە گەورە کراون (پێگەێنراون) و سیستەمی ئەو خانووانەی کە ئاواکراون، هەروەها بەواتای مێژووی کەوتنە نێو چەمکەکانی پشتبەستوو بە زمانێکی دەوڵەمەند لە سیمبۆڵە بەراییەکان و بە ئامرازە واتادارەکانی بەرهەمهێنان، واتە پەڕینەوە بۆ نێو دروستبوونی زهنیەتی مرۆڤایەتی دێت.**

ئەو شۆڕشەی کە لەسەردەمی نیۆلۆتیکدا، بەڕەنگێکی قووڵ لە میزۆپۆتامیا هاتە ئاراوە، یەکەمین جار بە هەوڵ و تەقەلاکانی ژنی ئازاد، لەم خاکانەدا بە سەرکەوتن گەیشتووە. ئەو شۆڕشەی کە لەو سەردەمەدا پێشکەوت، گرێدانی بە چەمکی قووڵی ئازادی ژنی رۆژگاری ئەمڕۆمانەوە هەیە. **بۆ ئەوەی ژن شۆڕشی ئازادی خۆی بەهێز و ئیرادەی ئازادی خۆی تا دواڕادە پەرەپێبدات، بۆ رزگاری ژن لەسەر بنەمای ئازادی، ئەم خاکانە گوزارشت لە واتایەکی مێژوویی دەکەن. هێندەی تێپەڕاندنی کۆمەڵگای چینایەتی و کۆیلەکردنی ژن، کە لە سۆمەریەکان بەولاوە دەستیان پێکردووە؛ بەدەستخستنی ئاشتی و دیموکراتیزەبوونیش، کە خولیای بەهەزاران ساڵانی گەلانە، دەبێتە ئەرکی هەرە پیرۆز.**

# بەشی دووەم

# قۆناخی پەڕینەوە لەسیستەمی دایکسالاری بۆ سیستەمی باوکسالاری

ئـەم قۆناخـە (4000 ـ 2000) پ.ز قۆنـاخی پەڕینـەوە و پێکدادانەکانـە لـەنێوان قۆنـاخی نیۆلۆتیـك و کۆمـەڵگای کۆیلـەداری دەسـەڵاتی پیـاودا، کـە دواتـر پێشـدەکەوێ. پێکدادانی ئەم سەردەمە، وەکو ئەو میتۆلۆژیایانەی کە هەتا رۆژی ئەمڕۆمان هاتوونە ئـەوە دیاری دەکـەن، کـە هەرچـەندە لـەنێوان ژن و پیاویشدا روودەدەن، ئـەوا وەها گوزارشـت لـە پێکـدادانی نێـوان هـەر دوو سیسـتەمە دژبـەرەکان دەکـات، کـە مـۆرکی کارەکتـەری هـەردوو رەگەزەکـە لـەخۆوە دەگـرێ. پێکـدادانی بنـەڕەتی لـەنێوان سیسـتەمی کۆمـەڵگای نیۆلـۆتیکی یەکسانیخواز، دادپەروەر و بێ چین، کە رەنگی ژن لەخۆوە دەگـرێ و، سیسـتەمی کۆمـەڵگای چـینایەتی پێشـبڕکار (رەقابـەتکار) و زۆردار، کـە رەنگـی پیـاوی لەسـەر زاڵـە، روودەدەن. بەئاماژەیەکی دیکە، شەڕی بێ ئامانی نێوان باشی ـ جوانی ـ پاکی و مرۆیـی و، خراپـی ـ تەڵەکەبازی ـ دزێوی ـ بەرژەوەندی پەرستی و ستەم و فشارە، کە لەدژی گەوهەری مرۆڤن.

شۆڕشـی نیۆلۆتیـك، کـە نزیکـەی 12 هـەزار سـاڵ پـێش ئێسـتا بەپێشـەنگایەتی ژن ئەنجامـدرا، هـەنگاوی هـەرە مـەزنی بەکۆمـەڵگابوون بـوو. کاریگـەری ئـەم هـەنگاوە لەسـەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، لەمیانەی دامودەزگا مـاددی و مەعنەوییـەکانی خۆیـەوە، لەبنکـەی زهنیەتـدا تـا رۆژی ئـەمڕۆمان بەردەوامـە. ئـەوەی کـە دیـاردە بنچـینەییەکان بەشـێوەیەکی بەردوام و تـاوەکو ئێسـتاکەش شارسـتانیەت بـەخێو دەکـەن، کـە لەسـەرووی هەمووشـیانەوە زهنیـەتی داخـوازی ژیـانی ئـازاد؛ دۆسـتایەتی زینـدوو لەگـەڵ سروشـت؛ ئـەو بنـەما (بنکـە)

رۆحیەی کە هێـزە خوداوەنـدە تۆقێنـەرەکان لەسـەری زاڵ نـەبن و کاریگـەری خـۆی لەسـەر نەکەن؛ ئەو هەسـتە بـەهێزەی کـە دایکایـەتی؛ ئـارەزووی (داخـوازی) یەکسـانی نێـوان ژن و پیاو؛ بەرهەم و کەرەستەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کـە ئەمڕۆکـەش شارسـتانیەتی رۆژئـاوا بـەخێو دەکـەن؛ بنکـەی ئایـدیۆلۆژی، رامـان و زمـان ــ زاراوەی پشتبەسـتوو بـەو بەرهـەم و ئامێرانە و دۆزینەوەی کانزاکان و بەکارهێنانیان، کە تەنانەت ئەمڕۆکەش ئارەزوو دەکـرێن، دەئـافرێنێ، شۆڕشـی کشـتوکاڵ (چـاندن)ی نیۆلۆتیـك و بنکـەی کۆمـەڵگای گوندنشـینی نیشـتەجێبوونە کـە پشتبەسـتوو بـەو شۆڕشـە پێشـکەوتووە. بـەڵام ئـەو شـوێنگەیەی ژن لـەڕۆژی ئەمڕۆمانـدا کـە لەشارسـتانیەت بـەدەر نـراوە، کـە دامەزرێنـەری ئـەو سیسـتەمە شـکۆمەندەیە کـە دینامیکـە بنچـینەییەکانی رۆژگـاری ئـەمڕۆمان پێکـدەهێنێ، نـاکۆکی (پارادۆکسی) هەرە قووڵی مێژوو پێکدەهێنێ. هەرچەندە شارستانیەتی رۆژی ئەمڕۆکـەمان، لەسەر ئەم سەردەمەی نیۆلۆتیکە دەستی بە زاڵبـوون کـرد، ژنـیش دەسـتی بـە سـڕینەوە و لەناوچوونی لەمێـژوو و ژیـان کـردووە. تێگەیشـتنی راسـتی ئـەم سـەردەمە دوو جەمسـەریە گرنگیەکی زۆر لەخۆوە دەگرێ بۆ ئەوەی کە بنکە و شێوەگرتنی سیسـتەمی دەسـەڵاتدارێتی پیـاو بـە تـەواوی دەرکـی پێبکرێـت. بێگومـان ئـەو پێشـکەوتنانەی کـە دوای سـەردەمی دایکسـالاری پێکهـاتن، ئـەو پێشـکەوتنانە نـین کـە لـەناکاو یـاخود لـە ماوەیـەکی کورتـدا دەرکەوتبنە روو، بەڵکو ماوەی نزیکەی (2) هەزار ساڵ لەخۆوە دەگرێ. واتـە نـەژن لـەناکاو لـە مێـژوودا سـڕاوەتەوە، نـە پیـاویش بـەڕەنگێکی لـەپڕ (یەکسـەر) هێـزی دەسـەڵاتدارێتی بەدەست خستووە.

لەمێـژوودا کۆتـایی هـاتنی سـەردەمێکی کـۆن و دەسـتپێکردنی سـەردەمێکی نـوێ، پێکدادانێك لەنێوان کۆن ـ نوێی بە بەردەوامی لەگەڵ خۆی دەهێنێ و، سەردەسـتی یـەکێك لەسەر ئەویتریش هەمیشە بەهاتنـە ئـاراوەی قۆناخـە پـڕ بـەئێش و ئازارەکـان توانیویـەتی پێکبهـێنێ (بـەدیبێت). واتـە، ئـەو شـەڕ و پێکدادانـەی کـە لـەنێوان ئـەوەی پێـداگری لـە رابـردوودا دەکـات و ئـەوەی نوێنەرایـەتی شـتی نـوێ دەکـات، بـەڕەنگێکی سـەخت (دژوار) بەڕێوەبراوە، لە هەموو نمونەیەکدا هەمیشە لەگەڵ سەرکەوتنی شـتی نـوێ کۆتـایی هـاتووە. ئـەو ئەنجامـەی کـە ئـەم دەستنیشـان کردنـە دەریدەخاتـە روو، ئـەو راسـتیەیە کـە ئەگـەر سیسـتەمێك خـۆی نـوێ نەکاتـەوە و وەرنەچـەرخێنێ، ئـەوا لـە بەرامبـەر ئەلتەرناتیفـە نوێیـەکان مـەحکومی لەنێوچـوون دەبێـت. مـرۆڤ دەتـوانێ ئـەم راسـتیە لـە لەدەسـتدانی

(لەناوچوونی) سیستەمی کۆمەڵایەتی دایکسالاری لەبەرامبەر ئەلتەرناتیفی سیستەمی باوکسالاریش، ببینێ. هەروەکو چۆن هەر شتێکی کۆن دەبێتە بنگەیەك بۆ شتی نوێ، سیستەمی کۆمەڵایەتی دایکسالاریش بنەمایەکی بەهێزی بۆ سیستەمی کۆمەڵگا چینایەتیەکانی باوکسالاری، بە شێوەیەکیتر، بۆ قۆناخی کۆمەڵگا چینایەتیەکان کە بەناوی شارستانیەت ناوزەد کراوە، پێکهێناوە. چونکە ئەو دیالەکتیکەی لەبەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی خۆی هەرچەندە بەرهەمبهێنێ بە کۆمەڵایەتی دەبێ و، هەرچەندە بە کۆمەڵایەتی ببێت وشیار دەبێتەوە و بەرهەمی پێشکەوتووتر دەخولقێنێ، یەکەم جار لەسیستەمی کۆمەڵگای دایکسالاریدا بنچینەی بەهێزی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، ئاواکردووە.

کۆمەڵگای کشتوکاڵی نیۆلۆتیك لە قۆناخی پێگەیشتنی خۆیدا، کە ماوەیەکی درێژی خایاندووە، لە نێوان ساڵانی (6000 ــ 4000) پ.ز دا، رێگای لەپێش بەرهەم و تەکنیکێکی دەوڵەمەند، کە بۆ شێوەیەکی بەرهەمهێنانی لەبارتری پێویستیدا، ئاوەڵابوو. ئەو کولتوورانەی کە پەرینەوە بۆ نێو شارستانیەت مەیسەر دەکەن وەکو مس و تەکنیکی پشتبەستوو بەوەوە، گاسن، چەرخەکانی گلکاری، ئامرازەکانی رستن و چنین، سوود وەرگرتن لە وزەی گیانەوەرەکان، کولتووری گژوگیا و ئاژەڵداری، چەرخە، ئەندازیاری خانووبەرە، مۆر و میتۆلۆژیای پشتبەستوو بە فرە ـ خوداوەندی، لە رەوشی پێگەیشتوودا بوون. ئەو کولتوورانە دەیانتوانی لە کەناری رووبارەکاندا، رێگا لەپێش رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتەی تیرەکان تێبپەرێنێ و بەرهەمێکی گرنگی کەڵکەبوو بکەنەوە. شارستانیەتەکانی سۆمەر و میسر، کە پێشەنگایەتیان بۆ ئەو سەردەمە کرد، هاوتەریب لەگەڵ هەلومەرجەکانی بەرهەم کە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو رێکخستنانەی پێداویستیان بەوانە هەبوو، زێدەتر لە دەوروبەری پەرستگاکان پەرەیان پێداوە. پەرستگاش ناوەندەکانی ئایدیۆلۆژیان، کە باوەڕی کۆمەڵایەتی لە میانەی ئەوانە پێشدەخرێن. راستینەی پەڕینەوە لە خوداوەندە ژن بۆ باوەڕی راهیبی پادشا، گرێدراو بەهێزی دەسەڵاتدارێتی پەرستگاکان لەسەر کۆمەڵگا، پێشکەوتووە. ئەو سیستەمەی کە لەلایەن ئۆتۆریتەی (دەسەڵاتی) راهیبەکانەوە، ئەوانەی کە لەناو پەرستگاکاندا پەرەپێدراوە، دوو ــ رەهەندیە. کاتێك کە ئەو هزرە ئایینیانەی کە پشتیان بە دایکسالاری یاخود باوکسالاری دەبەست، کە بە تۆتەمە دیارەکان سەمبۆلیزە دەکرێن، جێگەی خۆی بۆ چەمکێکی ئایینی چۆڵ دەکات، کە ئەو نەریتە تێدەپەرێنێ و بە شێوەیەکی بنگەییتر و هۆشمەندانەتر، لە راستیدا ئەوەی پێکدێت

شۆڕشـێکی ئایدیۆلۆژییـە. ئـەو کەمیـەی بەرهـەمیش، کـە تـەنگاوی بنگـە ئەتنیکیـەکانی پشتبەسـتوو بـە خزمایـەتی دەبنـە هۆکـاری ئـەوە، بـەهێزی ڕەنجـی کۆمەڵـەی هـەرەوەزی (کۆلـەکتیف)، کـە لـە دەوروبـەری پەرسـتگاکاندا چڕدەبنەوە، تێدەپـەڕێنرێن. ئـەم خەباتـە کۆمەڵکاریە ڕێگا لەپێش لەبارییەکی ئاوارتە دەکاتەوە. ئەو بەرهەمە زێدەیـەی کە کەڵەکـە دەبێـت، زەمینەیـەکی مـەزنی کۆمـەڵکاری دەرخسـتۆتە ڕوو و لـە ئەنجامـدا ڕێگـای لـەپێش چـەمکێکی بەرهـەمێنان کردۆتـەوە. کاتێـك ئـەو کـارە دەسـتیانەی کـە بـۆ ئەمـە پێویسـتە لەمیانەی خاوەندارێتی پەرستگاکاندا دەبنە یەك، کۆمەڵگای نوێ، بە بنکەی ژێر و سەرووی خۆیەوە دەگاتە پێکهاتەیەکی ناووکی.

واتە منداڵدانی دایکی کۆمەڵگای نوێ، لەسنگی پەرستگاکاندا دروست دەبـێ. پەرسـتگا شێوەی نوێی بەرهەمهێنان، بە ڕێگای پشت بەسـتن بـە دابەشـکردنی نـوێی کـار و پێکهاتـەی سەرووی ئایدیۆلۆژی، دەئافرێنێ. ئەو شێوە کۆمەڵگایەی کە تـازە لـەدایك دەبـێ، لـە بنـەمادا پشـت بەسـتوو بـە سـتەمی قەبـە پێکنایـەت. بـە باوەڕیـەکی میتۆلـۆژی باوەڕمەنـدکارتر و بەشێوەیەکی بەرهەمهێنانی نوێ، دادەمەزرێنرێ. واتـە مرۆڤایـەتی ئـەو سیسـتەمە نوێیـەی کۆمەڵگا کە لەسەرەتادا دەکەوێتە ناویەوە، بە هیچ کلۆجێك نە بەرێگای ئـەو باوەڕکردنـەی کـە کۆمـەڵگای پشـت بەسـتوو بەشـێوەیەکی سەردەسـت و کۆیلەداریـە کـە دواتـر بـە ڕێگـای توندوتیژی لە ژێری دەربکەوێت، یاخود بە زانابوونی ئەمە، ناکەوێتە نێو ئـەو کۆمەڵگایـە. زەحمەتە مرۆڤ بڵێت ڕاهیبـەکانیش بـە تـەواوەتی بـەو زانـابوون و فێڵبازیـە جوڵاونەتـەوە. ئەوانـە پێشـکەوتنێکیان لـە کۆمـەڵگای کـۆن پێشـکەوتووتر، لەمیانـەی پراکتیکـی خۆیـان سەلماندیان و توانیان ئەوە بـە بـاوەڕکردن بـدەن. چـونکە هـیچ شـێوەگرتنێکی کۆمەڵایـەتی، ئەگەر سەردەستی خۆی نەسەلمێنێ، ناتوانێ بە ڕێگای توندوتیژی دابمەزرێنرێ و، ناشـتوانێ پێشکەوتنی خۆی درێژە پێبدات. ستەم و توندوتیژی تەنیا دەتوانێ بـۆ ڕووخانـدنی ئـەوەی کۆنە و، فۆنکسیۆنی (ڕۆڵی) خۆی لەدەستداوە و لە هاتنە ئاراوەی شتی نوێ، ڕۆڵگێڕ ببێ.

ئەم سەردەمە ئەو قۆناخەیە کە لەگەڵ ڕەنجی مرۆڤ، وەکو ئـامرازێکی بەرهـەمهێنان، لـەباربوونێکی مـاددی نـەبینراوە، دەردەکەوێتـە ڕوو و گـەلێك لـەو مرۆڤانـەی کـە پشـت بەسـتوو بەمـە لـەدەرەوەی بەرهـەمهێنان دەمێـنن، بـۆ کاروبـاری بەڕێوەبەرایـەتی و کـاری دەست و ئایین دەگەنە دەرفەتی بەدەستخستنی کـاتی زێـدە و خۆشـگوزەرانی. لەهەمانکاتـدا ئەو قۆناخەی کـە هاوتـەریب لەگـەڵ ئافرانـدنی سیسـتەمی خوداوەنـدە تیۆلۆژیـەکان، وەکـو

ناوەندێکی بەڕێوەبەرایەتی مەعنەوی، لەسەر رامان و پێکهاتە رۆحیەکان زاڵبوونێکی مەزن دروست دەکەن. بەمجۆرە پێشکەوتنە ماددی و مەعنەویەکان یەکتریان بەخێو کردووە؛ خێزانی خاوەنداری پیرۆز و بەدەزگابوونی ئایین، وەکو کۆڵەکەیەکی بنگەیی خێزان (بنەماڵە)، سەرلەنوێ شێوەی گرتووە و، ئەو کۆمەڵگایەی پشت بەستوو بە یەکێتی خوێن و نەوەوە بنگەیەکی چینی و دامودەزگا نوێیەکانیان سەمبۆلیزە کردووە، بەدەستخستووە. لەم بابەتەدا هیچ ئایدیۆلۆژیایەك هێندەی میتۆلۆژیای سۆمەر نەیتوانیوە بگاتە رادەی بەکاریگەربوون لەسەر مرۆڤ. میتۆلۆژیای سۆمەر دەسەڵاتداریەکی وەهای ئایدیۆلۆژی دامەزراندووە کە تەنانەت پادشا راهیبەکانیش بوونەتە نوێنەری ئاستی هەرە سەروو کە پێداویستی ئەمەیان وەکو یاسایەکی خودایی پێکدەهێنا. ئەو شتەی کە بەمە دەئافرێنرێ، لەڕاستیدا، دەسەڵاتدارێتی ئایدیۆلۆژی ئەوانەیە کە تێیدا بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەنە هەتا هەتایی. بەڵام ئەمە، وەکو رەنگدانەوەی سیستەمی خودایی لە ئاسمان بۆ سەر رووی زەوی نیشانداوە و بەشێوەیەکی تەواو باوەڕیان پێکردووە و، باوەڕیان لە کەسانی دیکەشدا دروستکردووە و بەشێوەیەکی سەرنج راکێش پێشیان خستووە (پەرەیان پێداوە). لەم سیستەمەی کە لەپەرستگاکاندا بەڕێوە دەبرا، دەبوایە هەرکەسێك، لە پادشای راهیب هەتا رەنجبەری زەویش، بەگوێرەی پێگەی خۆی، کە بەو یاسایانەی دیار دەکران، بجوولێنەوە. بەپێی ئەم سیستەمە، تەواوی هەستەکان، خودا چۆنی بوێت، خاوەنی واتایەکی وەهان و نابێ کە هەست بەگوێرەی داخوازی تاکە کەسەکان بێت. هەروەها، نابێ کە رامانێکی جیاواز لە جیهانی رامانی خوداوەندەکان بوونی هەبێت. سیستەمێکی وەها جێگای باسە کە هەروەك چۆن فەرماندراوە بەو جۆرەیە و نابێ قسەی لەسەر بکرێت. کاتێك کە پادشای خوداوەند، کە خاوەنی ئەم بەرهەمە پیرۆزەیە، بمرێت، لەبەر ئەوەی هاوسەنگ بە خودای نەمر دەبینرێت، هەموو خزمەتکارەکانی ئەویش لەگەڵیا ژێر خاك کراون، بۆئەوەی لەجیهانی دیکەشدا خزمەتی بکەن. ئەوانەی کە لەگەڵ پادشای خوداوەند ژێر خاك دەکران، ئەم چالاکیە وەکو ئەرکێك دەبینن و هیچ ئازار و ترسێکیش دەرنابڕن.

لەناو کۆمەڵگای سۆمەردا جیاوازی نێوان رەگەزەکان، کە لەقۆناخی پەڕینەوەش لەکۆمەڵگای دایکسالاری بۆ سیستەمی کۆمەڵگای باوکسالاریدا پێشەنگ بوو، هاوتەریب لەگەڵ جیاوازی چینایەتی پێشکەوتووە. وێڕای ئەوەی کە پێگەی خوداوەندە ژنەکان لەسەرەتادا قورساییەکی هەبووە و هێندەی راهیبە پیاوەکان بەکاریگەر بوون، کەچی

هەنگاو بەهەنگاو کەوتوونەتە ریزی دووەمین. ژن لە قۆناخی سۆمەریەکاندا هێشتاکەش ڕێزێکی مەزنی لێدەگیرا و هەموو شتێکی خۆی لەدەست نەداوە. لە سیستەمی خوداوەندەکاندا جێگایەکی نیو بەنیو دەگرێت. نین هورساقی خوداوەند، هێندەی ئەوەی کە لەمیتۆلۆژیاکاندا ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ئەنکی فێڵباز و زانا کە خودای پیاوە، کەوتۆتە ژێر لێپرسینەوەیەکی توند و دژوار. ئەم پێکدادانە، بەشێوەکی گشتی، بە ڕێککەوتن کۆتایی هاتووە. کاتێك کە دواتر بەناوی (ئینانا) دەردەکەوێتە سەر شانۆ و، وەکو خوداوەندی ئافرێنەری نیۆلۆتیك، یاساکانی شارستانی خۆی ــ مە (ME)یەکانی خۆی ــ واتە دۆزینەوە ڕەواکانی خۆی لە ئەنکی وەردەگرێتەوە، لەئەریدۆ، کە شاری ئەنکییە، دەگەڕێتەوە ئوروك، کە شاری ئەوە و بەمجۆرە بۆتە خاوەن سەرکەوتنێکی مەزن. لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی لە میتۆلۆژیای سۆمەریدا بابەتی باوەڕیی مسۆگەرە، ئەمە بۆتە ئایینی. کۆمەڵگای چینایەتی سۆمەر و ئەنکی خوداوەندەی پیاوی زیرەك و فێڵبازی، کە لەدەستی ئینانای خوداوەندی سۆمەر، بەها ڕەواکانی، واتە تەواوی ئەو بەهایانەی کە لەکۆمەڵگای نیۆلۆتیکدا ئافراندووە هاتبوون، دەگرن و لەڕاستیدا، بەمجۆرەش دەست بەسەر ڕەگەزی ژن و هەبوون و نەبوونی لەکۆمەڵگادا دەگرن. ئەمە گێڕانەوەی میتۆلۆژی، ئایینی و وێژەیی پەیوەندی و ناکۆکیەکانە، کە لەکۆمەڵگادا وەکو ڕەنگدانەوەیەکی شەڕی نێوان خوداوەندە پیاو و ژنەکان پێکدێت، کە ئەمەش ڕێگا لەپێش دانوستاندن و پێکدادانێك دەکاتەوە.

هەربۆیە وەرچەرخان لەسیستەمی دایکسالاری بۆ کۆمەڵگای چینایەتی باوکسالاری، دەستگۆڕینەوەی ئەو هاوسەنگیانەی کە هاوتەریب لەگەڵ شێوەی بەرهەمهێنانی نوێ، دروست بوون، لەژنەوە بۆ پیاو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. وێڕای ئەوەی کە پیاو لە رابردوودا لە کاروباری کشتوکاڵدا هیچ کاریگەرییەکی نەبووە، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە لەکێڵانی زەوی بەگاسن گێڕای، هەنگاو بەهەنگاو دەستی بە بەهێزکردن کرد و ئەمەشی لە دروستبوونی زەمینەیەك بۆ ئەو هاوسەنگیە نوێیانە بۆتە کاریگەرییەکی دەستنیشانکار. هاوتەریب لەگەڵ دۆزینەوەی ئاسن، گاسنی لە تەختە گۆڕیوە بۆ گاسنی لەئاسن، کە پتەوترە و، ئەمەش لەبەرهەمهێناندا خێراییەکی نائاسایی ئافراندووە. لەبواری بەکارهێنانی گاسندا، پیاو بەشێوەیەکی چالاکانەتر کەوتۆتە نێو جموجۆڵەوە. چونکە لەبەکارهێنانی ئاسن و ئەو ئامێرانەی کە لەئاسن دروستکراون، پیاو پێشەنگایەتی کردووە.

هاوتـەریب لەگـەڵ ئـەو بەرهەمـە زێدەیـەی کـە بـەهۆی گاسـنەوە لەکشتوکاڵدا بەدەسـتخرا، دروسـتکردنی چـەکەکانی شـەڕ لـەکانزاکانیش لـە چوارچـێوەی قـۆرخکردنی پیـاودا پەرەیسەندووە. لەبەرامبەر فراوانبـوونی بوارەکانی کشتوکاڵ و گرانبـوون و تێکـەڵاوبوونی کار، کـەمبوونی کاریگـەری ژن لـەم بـوارەدا و زێـدەبوونی بەشـداربوونی پیـاو بەشـێوەیەکی هاوتـەریب پێشـکەوتوونە. پیـاو، کـە بـەکارهێنان و کـۆنترۆڵکردنی ئـامراز و ئامێرەکـانی بەرهـەمهێنانی هـەنگاو بـە هـەنگاو خسـتە ژێـر دەسـتی خـۆی، هەوڵیـداوە کـە لـەژیانی کۆمەڵایەتیشدا زەمینەکانی کاریگـەریی بئـافرێنێ و ئـەو تایبەتمەندیـە دەستنیشانکاریانەی کـە لەڕاوکردنـدا بەدەسـتی خسـتبوو، لەمیانـەی شـەڕی دەسـەڵاتدارێتیدا لەبەرامبـەر ژن تـا دواڕادە بەکاریهێناوە. لەقۆناخە بەراییەکاندا یەکسەر ژنی نەکردۆتە دژبەری خۆی، چونکە زۆر بەباشی دەیزانی کە یەکسەر ناتوانێ ئـەو بەهایانـەی لەلایـەن ژنـەوە ئـافرێنراون لـەناو ببـات و، هەوڵیـداوە بـۆ ئـەوەی ئـەو پێشـکەوتنە ریشـەییانەی کـە لـە پێشـەنگایەتی ژنـدا ئافرێنـراون، دواتـر بەشێوەیەکی وورد فێریان بـبێ، پیـاو بنچینـەکانی سیسـتەمی کۆمـەڵگای چینایەتی باوکسالاری کە بەو شێوەیە تێیدا زاڵ بوو، دروستکردووە.

ژن، کە لەکاتی خۆیدا ئیمـزای بـۆ گـەلێك لـەو پێشـکەوتن و دۆزینەوانـە کـردووە کـە رێگـا لـە بـەردەمی مێـژووی مرۆڤایـەتی دەکەنـەوە، نـەیتوانیوە خـۆی بـەگوێرەی ئـەو هەلومەرجە نوێیانەی بەرهـەمهێنانی تێکـەڵاو بگـونجێنێ و بـاوەڕی بەشـێوازی کـۆنی خـۆی هێناوە کە ئیدی ناتوانێ وەڵامی داخوازی و پێداویسـتیەکانی کۆمـەڵگا بداتـەوە. واتـە خـۆی لـەنێو شـتی کـۆن هێشـتووە، نـەیتوانیوە ئـەو سیسـتەمەی کـە لەلایـەن خـودی ئـەوەوە خوڵقێنـراوە، بگۆڕێ، یـاخود گـۆڕینی ئـەوی زێـدە بـە پێویسـت نـەبینیوە و بـەمجۆرە لـەنێو شتی کۆندا بەچەقێنراوی ماوەتەوە. بەڵام پیاو، کە ئەوەی بۆ خۆی وەکو دەرفەتێك تاوتوێ کـردووە، ئـەو بەرهەمانـەی کـە لەلایـەن ژنـەوە خـوڵقێنراون گەیانـدە ئاسـتی ئامرازەکـانی بازرگـانی و بـەمجۆرەش لـە گۆڕەپـانی دەرەوە خـۆی بڵاوکردۆتـەوە. لـەڕێگای بازرگانیـەوە هەسـتی بـە بـازاڕکردنی بەرهـەم و خوڵقاندنـەکانی دیکـە کـردووە، کـە لەکۆمـەڵگای ئـەودا بەرهەم دەهێنران، بەڵام کۆمەڵەکانی دیکە نەیانـدەتوانی ئـەوان بەرهـەم بهێـنن، پیـاو کـە کەوتۆتـە نێـو بازرگانیـەوە، ئـەو بەرهەمـە زێدەیـەی، کـە هاوتـەریب لەگـەڵ پێشـکەوتنی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان، لەدەسـتی کەڵەکـە بـوو، گـەلێك لەسـەر بـەهای فـەرمی ئـەو، مامەڵەی بە پرەنسیپی کار کردووە و بەمجۆرە تا دواڕادە دەوڵەمەند بووە. ئەمە، لەڕاستیدا

سەرمایەداری یەکەمینە، یاخود شێوەیەکی بەکارهێنانی سەرەتای سەرمایەدارییە و، ئەم یەکەمین تۆڕی پەیوەندی سەرمایەدارییە، لەلایەن پیاوەوە لەسەر ئەو بەهایانەی کە لەلایەن ژنەوە ئافرێنراون، دامەزرێنراوە.

لەم قۆناخی پەرینەوەیەدا، ئەو پەیوەندیە کۆمەڵکاری و خاوەنداریێتی تایبەتەی کە پێشکەوتنیان نیشانداوە و خۆیان گەیاندۆتە ئاستی بە دەزگابوون. لەسەر خاك هەردوو شێوەی خاوەنداریێتیش پەسند کراون. ئەوە مسۆگەر کراوە کە کاردەستی لە خاك دابڕێت و ببێتە پیشەیەك کە بەرەنگێکی سەربەخۆ بەڕێوەببرێت. ئەو پیشانەی وەکو بازرگانی، دارتاشی، کانزاگەری، رستنگەری و گلکاری؛ کە لە ئابووریدا ئیدی دەست لێبەنەردراون، کۆڵەکەکانی بنچینەیین بۆ کۆمەڵگای چینایەتی کە لەسەر بنەمای خاوەنداریێتی تایبەت پەرەیسەند. بە دەزگابوونی ژێرخانی ئابووری و بەدەزگابوونی سەرخان، کە ناوەندییان پەرستگابوونە و، پێیان دەگوترێت زیگورات (زەقور)، رێگایان لەپێش رێکخستنی کۆمەڵەی مرۆڤ کردۆتەوە، بەرادەیەك کە تا ئەو قۆناخە لە مێژووی کۆمەڵگادا نەبینرابوو. پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەی مەزن بووە و تێکەڵاو بووە، لەگەڵ خۆی زهنیەت و بە دەزگابوونی نوێشی هێناوە. لەم سەرلەنوێ بەدەزگابوونانەدا، لەگەڵ گرێدانی خوێن، پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی، پشت بەستوو بە تایبەتمەندیەکانی پیشە، شێوەی گرتووە.

تاوەکو ئەو قۆناخە، رۆڵی پیاو لەبەرهەمهێناندا هێشتا نازانرێ. کاتێکك پیاو کە لەم راستیە تێگەیشت، نزیکایەتی خۆی لە ژن، بە تەواوی پێچەوانەی رابردوو گۆڕیوە. لە رابردوودا بە شوێنگەی خوداوەند نزیکایەتی لە ژن دەکرا، بەڵام ئەمجارە، پیاو، بە فۆنکسیۆنی زایەندی خۆی، وەکو پادشای خودا راگەیەنراوە. ئیدی پیاو، هەم باوکی منداڵانە، کە ژن دەیانهێنێتە دنیا، هەم باپیری کۆمەڵگایە. هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریە، "حقوقی دایکیش"، کە لە یاسای کۆمەڵگای دایکسالاریدا کاری پێدەکرا، بۆ سوودی پیاو گۆڕاوە و هەموو یاسا کۆمەڵاتیەکان، بۆ سوودی رەگەزی پیاو، واتا بۆ سوودی باوك، دەستیان بە کارکردن کردووە. ئەو گرێدانە شیری و براییانەی کە بنەمای حقوقی رابردووی دایکیان دروست دەکرد، ئیدی بە پشت بەستن بە گرێدانی خوێن، کە تەنیا لەسەر خوێنی باوك دادەمەزرێنران، پێشکەوتووە. واتە لەو قۆناخەدا، یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی کە لە رێسای کۆمەڵایەتیدا لە ژنیان وەرگرت و بۆ سوودی پیاو گۆڕانکاریان بەسەردا هێنا، ئەوەیە کە زنجیری نەوە، نە بەپێی دایك، بەڵکو بە گوێرەی باوك دەستی بە

کار کردووە. پیاو، کە هەرچەندە بەشداری بۆ بەرهەمهێنان زێدە بوو، لە پیشە دیارەکاندا بەهێز بوو و بەرهەمی زێدەی لەدەست خۆیدا کۆکردەوە و، کاتێکێک کە رۆڵی خۆی لە ئافراندنی بەرهەمیشدا دەرك پێکرد، ویستی ئەو سەرمایەی خۆی کە کەڵەکە ببوو، بۆ ئەو مناڵانەی کە لە خوێنی ئەو بوون بەجێ بهێڵێ. لە رابردوودا لە یاسای کۆمەڵایەتی دایکسالاریدا، کە بە گوێرەی حقوقی دایك کاری پێدەکرا، بۆ ئەو پیاوەی منالّەکانی ئەو ژنەی لەگەڵیا دەژیا، هی ئەو بوون یان هی کەسی دیکە بوون هیچ واتایەکی لەخۆوە نەدەگرت. بەڵام لە میانەی زهنیەتی باوکسالاریدا بنچینەی گرێدانە کۆمەڵایەتیەکان هێدی هێدی ئاواکران. بە پێی ئەو یاسا نوێیەی باوکسالاری کە لەلایەن پیاوەوە دانرا، ئەو منالانەی کە لە ژنێکەوە زاون (بوونە)، بوونەتە منالانی تاکە کەسی باوك، واتە بوونەتە خاوەنداریێتی پیاو و خاوەنی خاوەنداریێتی مادديشی. لەم واتایەدا هەر پیاوێك دەستی بە بەجێهێشتنی خاوەنداریێتی تایبەتی خۆی بۆ ئەو منالّە کوڕانەی کە نەوەی ئەو درێژە پێدەدەن، کردووە.

بە گوێرەی ئەم زنجیرەی نەوەی باوکسالاریە، شوێنگەی نوێی ژنیش، نەیتوانیوە لە بوونی بە بەرهەمهێنەری ئەو منالانەی کە نەوە و خاوەنداریێتی پیاو درێژە پێبدەن، بەملاوەتر هەنگاو بنێ. ئیدی ژن بۆتە خاوەنی باوکی خۆی و بۆئەوەی خاوەنداریێتی تایبەتی و سەروەتی باوکی زۆرتر بکات بەرێگای شێوازی زەواج بۆتە کاڵایەکی بازرگانی لە نێوان عەشیرەتەکاندا (تیرەکاندا). هەربۆیە، زەواج و تەڵاقی ژن، ژمارەی ئەو منالانەی کە لێی ببێت و شوێنگەی ئەو لەناو ماڵ و کۆمەلگادا، بۆ دادپەروەری پیاو هێڵدراوەتەوە.

ئەو سەروبنبوونە کە لە رۆڵی کۆمەڵایەتی ژن. هاتە ئاراوە، لە ژندا، لە پێش هەموو شتێك، هێندەی ئەوەی کە لە میتۆلۆژیاکاندا دەبینرێ، تێکۆشانێکی دژبەری دیاری لەگەڵ خۆی هێناوە؛ بەڵام وەکو بنەمای پێکهاتەی سروشتی ئەو، نەکەوتۆتە نێو پێکدادان لەسەر بنەمای توندوتیژی، هەربۆیە هاوتەریب لەگەڵ شوێنگە نوێ یەکەی، تابڵێی بێ کاریگەر ماوە، وەلێ کەوتنی ژن بۆ نێو ئەم رەوشە نوێیە، دیسانیش ماوەیەکی (2000) ساڵی لەخۆوە گرتووە. لەم قۆناخە پەرینەوەیەی (2000) ساڵیدا، دوای ئەو تێکۆشانانەی کە لەنێوان ژن و پیاو روویاندا هەندێ جار لەسەر بنەمای توندوتیژی، هەندێ جاریش بەئارامی دەرباز بوون، ئەوەی بەسەرکەوتووە کارەکتەری دەسەڵاتداریێتی پیاو بوو. رەگەزی پیاو، کە دوای ئەو شەرە زاڵ بوو، سیستەم و دەزگاکانی خۆی لە زیگوراتەکاندا پەرەپێداوە،

کە یەکەمین شێوەکانی میکانیزمی دەوڵەتە ناوەندیەکانی رۆژی ئەمڕۆن. زیگورات لە سۆمەریەکاندا دەوڵەتی باژێڕی ناوەندی راڤە دەکەن، کە ئەو دەزگایانەیە کە رۆڵی کاری کۆمەڵکاری، پەرستن و ناوەندی بەڕێوبەرایەتی کۆمەڵایەتی دەگێڕن، لە واندا رێکدەخرێن. ئەو ناوەندانەی کە وەکو نوێنەرانی سیستەمی ئاسمانین لەسەر رووی زەوی و ناسنامەی کۆمەڵگان، واتای پیرۆز لەخۆیان دەنێن، پرۆتۆتیپی هەموو ئەنجومەن، ناوەندەکانی کار، بڕیارگە سەربازیەکان و ناوەندەکانی پەروەردە و کولتوورین، کە دواتر بە درێژایی هەموو شارستانیەتەکان بەرەو پێش دەبرێن. واتە، منداڵدانی دایکی بە دەزگابوونی دەوڵەتە. زیگورات، کە ئێمە دەتوانین پێیان بڵێین دەوڵەتە باژێریەکان، بەو بەرهەمداریە نەبینراوەی کە لەسەر ئەو راهیبانەی کە گەیشتبوونە ئاستی ئایدیۆلۆگەکانی ئەو قۆناخە دروستیان کرد، هێشتا لە سەرەتاکانی خۆیدا، وەکو شتێکی پیرۆز راگەیەنراون و لەسەر مێشکی مرۆڤ، وەکو نوێنەرەکانی ئاسمان لەسەرووی زەوی، زاڵبوونە و، خۆی گەیاندۆتە رەوشی سەرچاوەی دەسەڵاتی هەرە پێشکەوتوو. بەرزبوونەوەی راهیبەکان بۆ ئەم شوێنگەیە تا دەچێت بۆتە گوزارشتی هاوێشتنی ژن بۆ ریزی دووەمین. بە گشتی پێکهاتنی کۆیلەداری مرۆڤ و کۆیلەداری رەگەزی ژن لە کۆمەڵگای سۆمەردا، لە پەرستگای راهیبەکان و کۆشکی پادشاکاندا وەکو خاڵی دەستپێك و، دۆزینەوەی هەرە بنچینەیی مێژووی شارستانیەت سەرکەوتن بە دەست دەخات. دوای ئەمە نۆرە دێتە سەر بەکارهێنانی رەگەزی ژن، وەکو یەکێك لە ئامرازە هەرە بنچینەییەکانی داڕووخاندن، وەکو بڵێی خستنی (رووخاندنی) ژن تەنیا بەس نەبێ، لە درێژەپێدانی سیستەمدا. ئەو کچانەی کە بە رێگای هەڵبژاردن و پەروەردە کردن لە پەرستگاکاندا کۆدەکرێنەوە، لە راوکردنی پیاوەکانی نێو سیستەمدا، وەکو کەرەستەی هەرە بنچینەیی رۆڵ دەگێڕن. کۆمەڵگا، بەمجۆرە دەکەوێتە ژێر بەڕێوەبەرایەتی پەرستگاکان و لەلایەنی رەگەزی داڕووخێنراودا، دەڕووخێنرێ.

پیلانگێڕی هەرە گەندەڵ، یەکەمین جار بەمجۆرە پێشدەخرێت. یەکەمین جار لەپەرستگاکاندا دیلێتی هەردوو رەگەزەکە هێزی شکۆمەند بە سیستەم دەدات. دواتر ئەم سیستەمە لە پەرستگادا دەگوازرێتەوە بۆ یەکەمین سۆزانی خانە. ئەوە راستیەکە کە دەزانرێت لەمێژوودا یەکەمین سۆزانی خانە، لەشاری بەناوبانگی (نیپور)دا کەناوەندی کولتوور و باوەڕییە، دامەزرێنراوە. ئیدی سۆزانی خانە کە پێی دەگوترێت "موساکادین"، رۆڵی زەڵکاوێك دەگێڕێ کە تەواوی کۆمەڵگا تێیدا گەندەڵ دەکرێت. ئەو کۆمەڵگایەی،

بەڕەگـەزی داڕووخێنـراو و چـینی کۆیلـە، سـەری لێدەشـێوێنرێ وەکـو بڵێـی جـارێکی دیکـە نەتوانێ (بۆی نـەکرێ) لـەم زەلکاوە رزگـار ببێـت. تۆڵـە هـەم لـە خوداوەنـدە ژن و هـەم لـە مرۆڤـی ئـازادی سروشـتی وەرگـیردراوە. لەکاتێکـدا کـە خـاوەن کۆیلـەکانی کۆمـەڵگای دەسەڵاتدارێتی پیاو دەبنە خوداوەند، کۆیلەکانیان، سەرەتا لە پەرستگاکاندا و دواتـریش لـە سۆزانی خانەکاندا، هێندەی ئەوەی کە جارێکی دیکە بۆیـان نـەکرێ سـەری خۆیـان لـە بـەڵا رزگار بکەن، لە زەلکاودا نغرۆ دەکران.

کاتێـك کـە رەگـەزی پیـاو دەگاتـە پێگـەی پادشـای راهیـب، دواتـریش دەگاتـە پێگـەی پادشای خوداوەند، تەواوی پێشکەوتنە شارستانیەتەکانیش، کە ژن لە سیسـتەمی کۆمـەڵگای دایکسالاریدا لـە پێگـەی (ئاسـتی) ژنـە خوداوەنـددا پەسـند دەکرێـت، مـۆری خـۆی لەوانـدا، کردوویەتیـە مـوڵکی خـۆی و ئـەو قۆناخـە زێڕینـەی کـە ژن تێیـدا ژیـا، تـاوەکو رۆژگـاری ئـەمڕۆمان نکـۆڵی لـێ کـردووە. چـونکە هـەر هـەنگاوێکی شارسـتانیەت خـاوەن سروشـتێکی خۆخوازە و، پێشکەوتنەکان بەخۆیەوە سنووردار دەکات و هـەر لەخۆشـیەوە دەسـتپێدەکات. شارستانی کۆمـەڵگا چینایەتیەکانی باوکسالاریش، کـە بەسـۆمەریەکان دەسـتیپێکرد، لـەنێو رەوشی خۆخوازیەکی هاوشێوە لە بەرامبەر بەهاکانی سـەردەمی نیۆلـۆتیکی دایکسالاری کـە هەموو شتێکی خۆی قەرزداری ئەوانە و، لە رەوشـی هـەموو شـتێکی کردۆتـە مـوڵکی خـۆی، پێشکەوتووە. تەنانەت ئەم سیسـتەمە نوێیـەی باوکسالاری دەسـەڵاتدارێتی پیـاو، ئافرانـدنی هـەموو شـتێکیان بـە سیسـتەمی خوداوەنـد، کـە ئەوانیشـی خوڵقانـدووە، پابەنـد کـردووە. بـەمجۆرە چـینی راهیبـەکان واتـە چـینی دەسـەڵاتدارێتی پیـاو کـە پێگـەی خـۆی پتـەو کـرد، لەتـەك ئـەو سـیمبوڵی ژنـە خوداوەنـد و کولتـووری ژنـە خوداوەندانـەی لـە پەرسـتگاکاندا هەبوو، قۆناخی مێـژوویی بەرزکردنـەوەی زاراوە و بـاوەڕی بـە خودایـان دەسـت پێکـردووە. هەنگاو بەهەنگاو بە دەزگاکردنی سیستەمی باوکسالاری بەدیاردەکانی دەسەڵاتدارێتی بـوون، چینایەتی بـوون، سـەربازی بـوون و ئـایینی بـوون، دەسـتیان بـە نووسـینی مێـژووی خۆیـان کردووە. پیاو بەم نزیکبوونەی خۆی، یەکەمین جار توانیویـەتی لەسـەر ژن دەسـەڵاتدارێتی خۆی پێکبهێنێ و بەمجۆرەش دروستبوونی یەکـەمین چینایەتیبوونیشـی مسـۆگەر کـردووە. واتە لـە مێـژوودا یەکـەمین چـینی ژێـر دەسـت، ژن بـووە و، بـەمجۆرە جێگـە گـرتنی ژن لـە مێژوودا، وەکو چـینی ژێـر دەسـت، بـۆ دروسـتبوونی چـینەکانی دیکـەش زەمینێکـی مـەزنی پێکهێناوە. لە ژێر پێکهاتەکانی شارسـتانیەتی ناوەندیـدا، کـە تـاوەکو رۆژگـاری ئەمڕۆکـەمان

دێت، سەرەتای سیستەمی میتۆلۆژی و تیۆلۆژی سۆمەر هەیە، کە گوزارشتی ئەمە یەکەمین دەوڵەتی ناوەندییە.

هەرچەندە سەرەتای مێژووی شارستانیەت لە هەموو سەرچاوە نووسراوەکاندا (تۆمار کراوەکاندا) بە سۆمەریەکانیشەوە دەستپێکردبێ و ئەم پێشکەوتنە شارستانیەتەش گەلێك دەستکەوتی بۆ مرۆڤایەتی بەدی هێنابێ، وەلێ لە راستیدا سەرەتای ئەم مێژووە پارادۆکسێکە (دووبەندیەکە) وەکو لە دەستدانی (دۆڕاندنی) ژن و سەرجەم مرۆڤایەتیش گوزارشت لە خۆی دەکات. هاوتەریب لەگەڵ سۆمەریەکان، کە پێشەنگایەتیان بۆ ئەم قۆناخە کردووە، پێکهاتەی باوکسالاری چینایەتی مۆری خۆی لە تەواوی قۆناخەکانی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی، لە سەرووی هەموویانیش لە کۆیلەداری داوە و بۆ مرۆڤایەتیش ئەو گرێکوێرانەی، کە تەنانەت تاوەکو رۆژی ئەمڕۆکەشمان نەتوانراوە چارەسەربکرێن، وەکو میراسێك بەجێی هێشتووە.

# بەشی سێیەم

# ژن له‌كۆمه‌ڵگای چینایه‌تیدا

كۆمـه‌لگای چـینایه‌تی لـه 2 هـه‌زار بـه‌ر لـه‌زایین ــ 2 هـه‌زار دوای زایینیـدا كـه بـه سۆمه‌ریه‌كانه‌وه ده‌ستیپێكرد و له‌سه‌رده‌می بابلیه‌كاندا به‌ته‌واوه‌تی به‌لاتـه‌ریككردنی ژن لـه كۆمـه‌لگا بـه‌رده‌وامی كـرد، زه‌مـینی ئۆبجـه‌كتیڤی لـه كشـتوكاڵ و كـاری ده‌سـت گـرت و بـه زێـده‌بوونی به‌رهه‌مـداری ره‌نــج، گرێـدراو به‌ئاسـتی ئـه‌و پێشـكه‌وتنه‌ی كـه به‌هاوبه‌شـی هه‌رەوه‌زی نێـوان كۆمـه‌لگاكان په‌ره‌یسـه‌ند، لـه هێزه‌كـانی به‌رهه‌مهێنانـدا، ئـاوای كـرد و بـه دروسـتبوونی به‌رهـه‌می زێـده (زێـده‌بایی) پێشـكه‌وت. توێـژه كارگێڕیـه‌كان كـه پێشـتر، لـه قۆناخی (كۆمـه‌لگای) دایكسالاریدا ده‌ركه‌وتنـه روو، به‌رهـه‌می زێـده‌بایی بـۆ به‌رژه‌وه‌ندییـه كۆمه‌لایه‌تیـه‌كانی كۆمـه‌لگای كۆمـۆن كـۆنترۆڵ ده‌كـرد و بلاویـان كـرده‌وه و، بـه‌كارهێنانی ئــه‌ویان لــه‌م چوارچـێوه‌یه‌دا رێكوپێـك ده‌كـرد، هـه‌تا ده‌چـوو لـه دیـارده‌ی خاوه‌نــداری دووركه‌وتنه‌وه و لـه راسـته‌ڕێی به‌ژره‌وه‌ندییـه‌كانی خۆیـدا ده‌سـتیان دانایـه سـه‌ر به‌رهـه‌می زێده‌بایی، به‌مجۆره خاوه‌نداریه تایبه‌ته‌كانی خۆیان پێشخست. ئـه‌و خاوه‌نـدار كردنـه‌ی كـه له‌م توێژانه‌دا رێگای له‌پێش زێده‌بوونی سامان كرده‌وه، له شـێوه‌ی چـینی ده‌سـه‌لاتدار، لێـك دابڕانێكی كۆمه‌لایه‌تی و چینایه‌تی له‌گه‌ڵ خۆیدا هێنا.

مێژووی كۆمه‌لگای چـینایه‌تی، كـه لـه سـالانی 2000 پ.ز ده‌سـتیپێكرد و هـه‌تا رۆژی ئه‌مڕۆكه‌مان دێـت، سـه‌رده‌مێكی 4 هـه‌زار سـاڵه‌یه، كـه له‌لایـه‌ن هێـزی زۆرداری پیـاوه‌وه لـه هـه‌موو بواره‌كـانی ئـابووری، رامیـاری و كولتووریـدا كـه لـه تـه‌وه‌ره‌ی ده‌سـه‌لاتداری پیـاودا پێشـكه‌وتن، ئـافرێنرا. ئـه‌م سـه‌رده‌مه، كـه وه‌كـو شارسـتانیبوون یـان شۆڕشـی شارسـتانیش پێناســه ده‌كرێــت، لــه گه‌وهــه‌ردا شۆڕشــێكی پیــاوه. ئــه‌م دیاردانــه‌ی چــینایه‌تیبوون، ده‌سـه‌لاتبوون، له‌شـكریبوون و ئـایینی بـوون كـه لـه دروسـتبوونی كۆمـه‌لگای چـینایه‌تی بـه دواوه، پشت به‌ستوو به‌و ئایدیۆلۆژیانه‌ی كه له‌كاره‌كته‌ری پیاودا به بـه‌رده‌وامی پێشـخراون، له رێگای هێز وه‌رگرتنی له‌م شۆڕشه‌ی كه مۆری پیاوی پێوه‌یـه پێشـكه‌وتوونه، هـه‌روه‌ها بـه

ڕێگـای خـۆ بـە سیسـتەم کردنـی قۆنـاخ لـەدوای قۆنـاخ کـە بـە ڕێکخراوەکـانی سـەرخان و ژێرخانی خۆیان هەنگاو بەهەنگاو لە دەوڵەت تا خێزان، لە حقوق تا هونەر بە ڕێکخستنی، مۆری خۆیان لەمێژوو داوە. ئەم شۆڕشەی پیاو کە مەزن بوو، لەسەر تۆوەکانی پێشکەوتنە گـەورەکانی کـە لەلایـەن شۆڕشـی نیۆلۆتیکـەوە، کـە لـە گەوهـەردا چۆنیەتی شۆڕشـێکی ژن لەخۆوە دەگرێت، لە پەڕینەوەی مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵگایی بوون و شارسـتانیەتدا ئـافێنران، هاوتـەریب لەگـەڵ کۆمـەڵگا چـینایەتیەکان ئـەو پێشـکەوتنە شارسـتانیانە تـەنیا بـە پیـاو گرێـدراوە و ژنــی لــە دەرەوەی مێــژوو هێشــتۆتەوە ـــ لــە راســتیدا هــەموو شــێوەکانی دەسەڵاتداری و چینایەتیبوونەکان کە لـە مێـژووەوە تـا ڕۆژی ئـەمڕۆمان دێـت، لـە بنـەمادا لەســەر زایــینی ئــەم شۆڕشــەی پیــاو، واتــە لەســەر زایــنی دەســەڵاتی پیــاو لەســەر ژن پێشـکەوتوونە، تـاوەکو چـووە بـە ڕەهەنـدبوون. ئـەم چـیانەیەتی بوونـە، کـە پێشـتر بـە تایبەتکردنی ڕەنجی ژن لەسەر دەستی پیاودا و دواتریش بەخاوەنکردنی خـودی ژن دەسـتی پێکرد، ژن لە مێژوودا وەکو کۆنترین چینی بندەست و داگیرکراویشی دەرخستۆتە ڕوو. ژن کراوەتــە قــووڵترین و کاریگــەرترین و ناســکترین و گشــتگیرترین بابــەتی دەســەڵاتداری مرۆڤایەتی. لەم واتایەدا ژن خاوەن راستینەی بندەستترین چین و بەتـەواوەتی دەرکـراو لـە کۆمەڵگا. واتە پەڕینەوە بۆ کۆمەڵگای چینایەتی لەبنـەمادا لەهـەر لایەنێکـەوە پەڕینـەوەیـە بۆ دەسەڵاتی پیاو. پێشکەوتنەکانی ژێر باڵادەستی پیـاو هێنـدە بـێ سـنوور بـوو کـە هـەموو خوداکـانی کـە دواتـر دەرکـەوتوون و هـەموو ئیمپراتۆریـەکان پیـاون. ئیـدی بـۆ خواوەنـدە ژنەکان شوێنێك نەماوە. هەرچەندە تاك و تەرا ئەو ژنانـەی کـە لـە مێـژوودا مـاون، ئەگـەر گەلێك سازیش هەبن، ئەمانەش ژنی پیاوئاسان، ئەمەش دەسـەڵاتیەکی زۆر ناهاوسـەنگ کـە لە بەرامبەر ژن پێشکەوتووە، نیشاندەدات. بەم شێوەیە، لـە سایەی سیسـتەمی باوکسـالاریدا کە هەنگاو بەهەنگاو قووڵ بوو، بنـەمای شـەڕەکان و هـەژاری و نایەکسـانی دەهاوێـژرێ، کـە بە درێژایی سەدان ساڵ بەڕێوە بران و لەسەر مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گران بوونەتـە مـاڵ. ئـەو پەیمانـەی کـە لـە رابـردوودا ژن لەگـەڵ کۆمـەڵگا دروسـتی کـرد، لەلایـەن پیـاوەوە بـەم شـێوەیە پێچـەوانە کرایـەوە و دەسـەڵاتی پیـاو لـە چوارچـێوەی ئایـدیۆلۆژی خـۆی، بـە سیستەمی بەهاکانی خۆی و بە ئاوێتەبوونی ئەو ڕێسایانەی کە داینان، ئیدی چۆنیەتیەکی پێشەنگی قازانج کردووە، کە مۆری خۆی لە بەڕێوەچوونی پێشکەوتنی کۆمـەڵگاکان دەدات، لە ئەنجامی چڕوپڕ بوونی هێزی پیاو، هاوتەریب لەگەڵ ئەم سـەردەمە نوێیـەدا، باڵادەسـتی

بەرێوەچوونی پێشکەوتنێکی بێ سنوور بەردەوام دەکات، بەڵام لە هێزی ژندا، بە تەواوەتی پێچەوانەیە. بزرکردنێکی لە رادەبەدەر دەردەکەوێتە روو. ئەمە سەرەتای مێژوویەکی کۆیلایەتیە کە تێیدا بەرێوەچوونی ژن سەربەرەوخوار قووڵ دەبێتەوە. وەکو ئەنجام، ژن، لە مێژوودا، بە گوێرەی پێداویستی سروشتی خۆی ونی نەکردووە، بە پێچەوانەی زۆرینەی بانگەشە و نزیکایەتی دەسەڵاتدارێتی پیاوە، بەڵام لە قۆناخی چینایەتیدا و لە قۆناخی پێشکەوتنی کۆمەڵگای بێ رەحمدا ونی کردووە. ژن کە بەگوێرەی پێویستی گەوهەری خۆی سۆسیالیست و سروشتی خۆی یەکسانیخواز، دادپەروەر و چینایەتی بوونی هەرس نەکردوە، نەیتوانیوە دەربازی مێژووی کۆمەڵگا چینایەتیەکان ببێت و بە بەردەوامی لەناو کەوتندا ژیاوە، کەوتنی ژن هەروەها بۆتە گوزارشتی کەوتنی مرۆڤایەتی و گەلان. لەم واتایەدا ژن سەرلەنوێ بە دەستهێنانەوەی یەکەمین راستی گەوهەر و رەنگی خۆی لە سەردەمی دایکسالاری، کە شارستانیەتی بە دەسەڵاتی پیاو و کۆمەڵگای چینایەتی کە لەمێژوودا بە ژنیان داوەتە ونکردن، نەیانتوانی ئەوانە چەپەڵ بکەن، هەم یۆتۆپیای رزگاری گەلان و هەم یۆتۆپیای سەرجەم مرۆڤایەتی زیندوو دەکاتەوە و دەیکاتە ژیانی.

## ژن و کۆمەڵگای کۆیلەداری

سەردەمی شارستانیەتی کۆیلەداری، کە قۆناخی یەکەمینی نەوەی مێژووی کۆمەڵگا چینایەتیەکان پێك دێنێ، بە سۆمەریەکان دەستپێدەکات و بە شارستانیەتەکانی بابل، ئاشوور، میسر و هتد ــ بەردەوام دەکات، بە بەرهەمی ــ زێدە کە دەردەکەوێتە روو، بە زاییینی خاوەنداری تایبەت و بە دەستپێکردنی چینایەتی بوون کە ئەمانە لەگەڵ خۆیدا دێنێ، شێوە دەگرێت ـ شارستانیەتی کۆیلەداری کە لەسەر مرۆڤایەتی بەرایی و ئەشکەنجە و توندوتیژی بەرەنگێکی بێ سنوور سەپاند و، لەبەر ئەوەی کە ئەو فشار و داگیرکەریەی کە لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا بەکاریدەهێنا، زۆر پەتی و توندە، گوزارشت لەو سەردەمە دەکات کە چینایەتی بوون بە تیژترین شێوە ئەنجامدراوە.

گواستنەوەی ئەو بەرهەمی ــ زێدە کە لەگەڵ هاوسەنگیەکانی بەرهەمهێنان پێشدەکەوێت بەدەست هێنرا و بۆ گروپە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرینەی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، وێڕای ئەوەی کە رەنجی زیاتریان دەدا، دەبوونە

خاوەن بەشێکی کەمتر لەو بەرهەمەی کە دەردەکەوتە روو. ئەم توێژانە تا دەچوون بەم گروپە بژارتانەوە گرێدراون ـــ کۆبوونەوەی بەرهەمی کەڵەکەبووی زێدە چ لەرێگای بەرهەمهێنان، بازرگانی و، تالآنکاریش بێت، بە دەستخران، بەدەستی سەرۆکی ئەم گروپانەی سەروودا، کە هەنگاو بەهەنگاو هەمیشەیی کران، ئەو هەڵدێرانەی لەنێوان مرۆڤاکاندا قووڵ کردۆتەوە و ئەمەش زەمینەی جیاوازبوون و نوێی خێرا کردووە. لەبەر ئەوەی رێکخستنگەری سەرۆکایەتی کە گرێدانی بە مەرجەکانی بەرهەمهێنان هەبووە و دەگۆڕێن نەیتوانیوە بەرەنگێکی تێر و تەسەل وەڵامی ئەو پەیوەندیە و هێزەکانی بەرهەمهێنان بداتەوە، کە بە بەردەوامی لەنێو گۆڕانکاریدان، ئەمە گۆڕانکاری ناچار کردووە، ئەو مەرجانەی هەڵوەشانی بنەمای کۆنی هەنووکە و زاینی شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنانی ئامادە کردووە. لەبەر ئەوەی کە ئەو پێشکەوتنانەی بەرهەمهێنانی هەیی کرانەوەی بواری بەرهەمە نێویەکان و هەبوونی هێزە نوێیەکانی رەنج ناچاریان کردوە، لێگەرینە زیادەکارەکانی بۆ سەرچاوەکانی بوونەتە بنەمای کۆیلەکردن. لەبەر ئەوەی کە لە سیستەمی کۆیلایەتیدا، رەنجی ئەو کۆیلانەی لەو توێژانەی کە لە شەڕەکاندا بەدیل دەگیران یان لەو هەژارانەی کە نەیاندەتوانی قەرزەکانی خۆیان بدەنەوە پێکدەهات، بنەمای بەرهەمهێنان پێك دەهێنا، بەکارهێنانی کۆیلەداری بەتایبەتی کاتێك کە رۆڵی چالاکی رەنجی مرۆڤ لە بەرهەمهێناندا دۆزرایەوە، زۆرتر پەلوپۆی هاوێشتووە. هەربۆیە سەردەمی کۆیلایەتی ناوی مێژوویەکی نایەکسانی و داگیرکارییە کە بەناوی داگیرکەری خوێناویترین شەڕەکانی تیادا بەڕێوە براوە ـــ کاتێك کە بەرهەمهێنان، لەگەڵ بەرهەمی زێدە کە بەو ئاڵوگۆڕییەی بە بەردەوامی لەنێوان هۆزەکاندا (تیرەکاندا) چڕوپڕ بوو، هەنگاو بەهەنگاو لەبوونی خەباتێك کە بەئامانجی بەرخۆدانی تاکە کەسی ئەنجام دەدرا، دەرخرا و وەرگێردرا بۆ بەرهەمهێنانی کالآ، کە تەنیا بەئامانجی گۆڕینەوە ئەنجام دەدرا، هەموو شتێ، بەمرۆڤیشەوە، کراوەتە شوێنگەی ئامرازێکی گۆڕینەوە، واتە شوێنگەی خاوەنداری. بەتایبەتی ئەو ناچاریەی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان و ئەو هێزەی لەکاردا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ژن لەناو تیرەکاندا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت و هاوتەریب لەگەڵ ئەو پێشبڕکێیەی کە هەنگاو بەهەنگاو لەنێو ئەمانەدا زۆر بوو، ببنە کالآیەکی هەرزان. واتە لە مێژوودا، ئەوەی کە یەکەمین جار کۆیلەکراوە و بۆتە بابەتی خاوەنداریێتی، خودی رەگەزی ژن بووە.

ئەو شەڕانەی کە پێشتر تەنها لەبەر ئەوەی ناچاریەکە کە برسی نەمێنن و ژیانی خۆیان درێژە پێبدەن ئەنجامدرا و، ئیدی لەلایەن ئەو پیاوە دامەزرێنەرانەی سیستەمی نوێوە، کە بەکینی بوونی بەخاوەنی موڵك، خاك، مرۆڤ و ژن واتە بەکورتی بەکینی بوون بەخاوەن هەموو شتێك پڕبوون، بەڕەوشێك گەیشتن کە نەتوانرێت جڵەو بکرێن و بەمجۆرە پیاو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستی بەو شەڕانە کردووە کە کۆتایی نایەت. لەبەرئەوەی سامانە نوێیەکانیش، لەلایەن ئەو کۆیلانەی کە بە ڕێگای بەدیلگرتن لە شەڕەکاندا هێنراون، خوڵقێنران، هێزیان تێکەڵی (بەشداری) هێزی پیاو کرد، پیاوان بە چوار دەستەوە ئەو شەڕانەی کۆیلەکردنیان لە ئامێزگرتووە کە بەهای زۆر گەورەیان بە مرۆڤایەتی دۆڕاند. ئەو ژن و مێردانەی کە لەو وڵاتانەی بەزەبری شمشێر داگیرکرابوون بەدیل گیران، لەژێر سایەی شەللاقدا کاریان پێکراوە و بەمجۆرە بەها مرۆڤایەتیەکان بۆ ئاستی ئاژەڵی داڕوخێنراون و مرۆڤەکان لەژێر هەموو سەپاندنێکی زەبروزەنگدا ئاخێنراونەتە نێو دەفرێك کە ناتوانێ تیایدا هەناسە بدات.

ئەو گۆڕانکاریە ژێرخانیانەی کە پەرەیان سەند، زەمینەی زایینی ڕێکخستنەکانی وەکو "دەوڵەت" کە مۆری خۆیان لە مێژووداوە تەنانەت تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆکە درێژەیان بە خۆیان داوە، خوڵقاندویانە. هەرچەندە دەوڵەت لە سەرەتادا پێداویستی جڵەوکردنی ئەو تێکۆشانە کۆمەڵاتیانە و یان ئەو کێبەرکێ چینایەتیانەی کە پەرەیان دەسەند لە دایکیش بووبێ، تا دەچوو کەوتۆتە ژێر دەستپێشخەری چینی باڵادەست و لە ئەنجامدا بۆتە ئەو ئامێرەی کە چینی باڵادەست سیستەمی خۆی زۆرتر تیایدا پتەو بکات و خۆی سەقامگیر بکات. گەورەترین تەگبیر و بەهێزترین ڕێکخراوی مۆدیلی کۆمەڵگای کۆیلەداری بە "دەوڵەت" بەرجەستە کراوە. دەوڵەت، وەکو دەزگایەك کە دەسەڵاتداریێتی دەپارێزێ و، دەیکاتە هەمیشەیی و لە بوارەکانی سەربازی، رامیاری، حقوقی، و هتد... کاریگەری خۆی لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات، بۆ مێژوو پێشکەش کراوە. ڕێکخستنی دەوڵەت، کە لە نمونەی سەرەتاییەکانیدا خۆی لە شێوەی دەوڵەتە باژێرییەکان ڕێکوپێك کرد، دواتر بۆ پێشکەوتنی ئیمپراتۆرییە زەبەلاحە کۆیلەداریەکان بۆتە زەمینە. بە دەوڵەت بوون لە گەوهەردا یاسایی بوونی بەهای چینی باڵادەستە و یاسایی بوونی ئیمتیازەکانی سەرووی کۆمەڵگایە. هەموو پێکهاتە دەوڵەتیەکان لە مێژوودا ڕەنگی پیاویان پێوەیە. چونکە پیاو لەسەرەتادا، دەسەڵاتی خۆی وەکو پێداویستی شێوەگرتنی میلیتاریستی کە گرت، هەرە زێدە

بەو رێکخستنانەی دایمەزراند بەهێزی کردووە و دەسەڵاتدارێتی خۆی بە دەزگاکانی میلیتاریستی وەکو دەوڵەت و سوپا پاڵپشت کردووە.

دەسەڵاتدارێتی پیاو لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی چینایەتی دەخرێتە ناو یەك و وەردەچەرخێ بۆ دەسەلاتدارێتی کۆمەڵایەتی. پیاوێتی بۆتە رەگەزی دەسەلاتدار، چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتی دەسەڵاتدار. پیاو هەم بۆتە دەوڵەت و هەم خۆشی لە هەموو بوارەکانی کولتووری دەسەڵاتداریدا باڵادەست کردوە. کولتووری دەسەڵاتداری پیاو، کە بە کۆشك و پیرامیت (هەرەم ) و ئەو پەرستگایانەی کە لەسەر رەنجی کۆیلەکان دروستکراون، سیستەمی خۆی نەمر کرد، ئەو شارستانیانەی کە بەرهەمی کۆیلەکانن ئافراندووە، خولْقاندووە. یەکەمین مۆدیلی دەوڵەت کە لەو شارستانیانەی پشت بەستوو بەو کشتوکاڵەی کە لە خاکەکانی میزۆپۆتامیادا دەچێنران لە دەوڵەتە شارییەکانی سۆمەریدا دەستی پێکردووە و دەسەڵاتدارێتی پیاو هاوتەریب لەگەڵ رێکخستنی دەوڵەت پێشکەوتووە. ئەم خودایانەی کە هەم دەسەڵاتی ئاسمان و هەم سەر زەویشیان وەرگرت و خۆیان کردە سەرچاوەی تەواوی جیهانی ماددی و مەعنەوی، تا دەچێت دەبنە "پادشا خوداوەندەکان" کە دەسەڵاتدارێتی خوایی دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان. هەموو هێزە، باڵادەست، دەسەڵاتە خواییەکان لە ئاسماندا دادەبەزێننە سەر زەوی، دەبنە تێکەڵەی دەسەڵاتی بێ سنووریان و بە ئامانجی پەل هاوێشتن دەکەونە ناو شەڕەکانەوە. بەمجۆرە هەرچەندە ژن لەو شوێنگە دەست نیشانکار و پێشینەیەی خۆی کە پێشتر لەئارادا بوون هەنگاو بەهەنگاو دوریش بکەوێتەوە، هەندێك سەمبوڵی ژنان کە سەرچاوەی خۆی لە کاریگەری مەعنەوی قورسی لەسەر سەردەمی دایکسالاری وەردەگرت و هەبوونی خواوەندە ژنەکانی وەکو عەشتار تاوەکو ئێستاکەش دەبینرێن. بەڵام هاوتەریب لەگەڵ زایینی بابل، دوورکەوتنەوەی ژنان لە ریزی یەکەمین دەسەڵاتداری مسۆگەر دەبێت. لەگەڵ دەرکەوتنە پێشی بابل، ماردۆك کە خودای بابلە، لە کەسایەتی تیاماتدا زەبری کوشندە لە خوداوەندی دایك دەدات و تیامات کە خوداوەندی دایکە، لە دەستەی خوداکان ـ پانتائۆن ـ بەدەردەنرێت. لەساڵی (2) هەزار بەر لە زایین بەدواوە کولتووری خوداوەندە ژن و گوتاری میتۆلۆژیا کە گوزارشت لەو دەکات، بەپاشکەوتن و بەدەرنانێکی گەورەدا دەرباز دەبێت. ئەم پێشکەوتنە لەنزیکەوە بەکەوتنی ژن بەستاتۆی کۆمەڵایەتییەوە گرێدراوە. پرەنسیپی نێرێتی ـــ دەسەڵاتدارێتی پیاو ـــ زاڵبوونی خۆی لەبنکەی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا پتەو دەکات. ژن ژێردەکەوێت؛ تەواوی ئەو

جوانیانەی کە پێشتر گرێدراوی ژن بوون و هەموو ئەو شتانەی رەنگی ژنی دەگواستەوە، لە مێژوودا دەست بە سڕانەوە دەکەن. دەسەڵاتدارێتی پیاو کە ئەو رێسایانەی داینا، گەیاندیە سیستەمی حقوقی نوسراویش، بەیاساکانی حەمورابی کە یەکەمین مۆدیلی ئەمەن و، لە ئیمپراتۆریەتی کۆیلەداری بابلدا پەرەیان پێدراوە، لە بواری حقوقیشدا ژن لەو شوێنگەیەی کە بوونەوەرێکی سەربەخۆیە دەردەهێنێ، کۆیلایەتی ژن کە لە هەموو مافەکانی میراس و خاوەندارێتی خۆی بێبەشکرا، لە بواری حقوقیشدا ئەمە ئەرێ دەکرێت. ئەمە نوێنەرایەتی لە قۆناخێکی مەزنی کۆیلایەتی چینایەتی و رەگەزیدا دەکات و رێگا لەپێش بە دەزگابوونی مەزنی ئەو دەکاتەوە. رێگا لەپێش دەسەڵاتی رەها، لە شێوەی هاوسەنگ بە خوداوەند، تا دواڕادە کراوەتەوە. داخزاندنی ژن بەڕەنگێکی جێگیر بۆ نێو کۆیلایەتی ماڵی تایبەت و گشتیش، رێگای لە پێش قووڵایی بەدەزگابوون و یاسایی بوونی تەواوەتی کردۆتەوە. ئەم یاسایانە بەتایبەت سەبارەت بە پاراستنی خێزان، خاوەنی لایەنگری سزادانی زۆرتوندن. ئەم سەردەمە بۆتە دۆڕاندنی رەگەزی ژن و دەستپێکی مێژووی کۆیلەداری. ئەم دەسەڵاتەی پیاو کە بە بابل دەستیپێکرد، بە ئاشووریەکانەوە پتەو بوو و تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆکەمان دێت "سەردەمی خوداوەندی ژن"ی بە تەواوەتی داخستووە. کاریگەری خوداوەندی دایك کە سەمبولی "ژیان و ئافرێنەرییە" تادەهات (دابەزێنراوە) و سەردەمی خوداوەندە پیاوەکان دەستیپێکردووە. ئەو پیاوانەی کە پێشتر وەکو کوڕ، هاوسەر و برا بەچاکخوازی ژن و خوداوەندی ژن گەیشتە زانابوونی بە مرۆڤبوون، دواتر پەرەستگای خۆیان دامەزراندووە و وەرچەرخێنراون بۆ "خوداوەندە ئافرێنەرەکان". ئیدی بەرامبەر بەپیاوی عەشتاری خوداوەند بۆتە دووموزی، لە میسر بۆتە ئیسیس ئۆسیریس و لە یۆنانیشدا بۆتە ئافرۆدیتی ئادۆنیس، ئەم خوداوەندە نێرانە هەموو تواناکاریە شکۆمەندەکانی خوداوەندی دایك دەکەنە هی خۆیان و دەسەڵاتی رابردووی دایکسالاری رەتدەکەنەوە.

بەتایبەتی هاوتەریب لەگەڵ بەدەزگابوون و تەشەنە سەندنی کۆمەڵگای کۆیلەداری، سەروبن بوون و بەدەرنرانێکی تەواوی ژن لە کۆمەڵگادا هاتۆتە ئاراوە. بەتایبەتی گرنگی قازانج کردنی هێزی کاری قەبە لە ئەنجامی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان کە دەگۆڕدران، دەرخستنە پێشی پیاو، لە رێگای سوود وەرگرتن لەم هەلومەرجانەی، سەردەستیی جەستەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لە رێگای بەبیانوکردنی راستی زاینگەری هەنوکەی

ژن و سنووورداری هێزی جەستەکەی، بەسەریدا داڕنراوکردنی "تجرید" لەبواری بەرهەمهێناندا سەپێنراوە. هەروەها تایبەتمەندی میلیتاریستانە لە گەوهەری پیاودا، لە رێگای شەڕ کە لە پەرەسەندنی کۆیلەداریدا شێوازی بنچینەیین، چالاك بوونە و پیاو لە رێگای ئەو دەسەڵاتەی خۆی کە پەرەی پێدا، خۆی دەرخستۆتە پێش. ژن، کە لە گەوهەردا بە پێچەوانەی زۆری و بەکارهێنانی زۆردەستیی، بۆ خۆی هەڵێنەبژاردووە کە لە رێگایەوە خۆی بەهێز بکات، بەڵام پیاو بۆ مەبەستی خراپی خۆی بەکاری دەهێنێ کاتێ بە دەسەڵات گەیشتووە، بەتەواوەتی کاریگەری ژنی لە کۆمەڵگا تێك شکاندووە. لە کاتێدا کە ئەو گۆڕانکاریانە لەلایەکەوە جیاوازیبوونی لە تێکەڵی پەیوەندیە زایەندیە کۆمەڵاتیەکان و بە تایبەتی ئەو دواکەوتنانەی لە ستاتۆی ژندا لەگەڵ خۆیدا هێناوە؛ ئەوا, لەلایەکی دیکەوە، پیاو بەمەوە رێگا و شێوازەکانی قووڵکردنەوەی بەردەوامی ئیمتیازەکانی خۆی بە پشت بەستن بەهێزی خۆی، دۆزیوەتەوە. لە سەردەمی دایکسالاریدا، بەو باڵادەستیەی کە کاریگەری بەرهەمهێنانی ژن و زاینگەری پیرۆزی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەو لایەنەی کە لەچوارچێوەی سۆسیالیستی و یەکسانیدا سیستەمی بەها کۆمەڵایەتی و تابۆکانی ژیان دەست نیشاندەکات، ژن شکۆمەند دەکات، بەڵام ئەوەی دەبینرێت کە رەنگدانەوەی ئەو رۆڵەی لە بەرهەمهێناندا دەگۆڕا لەسەر رۆڵە کۆمەڵاتیەکان و بەمجۆرەش گرتنە دەستی "دانەری یاسا" لەلایەن پیاوەوە، دەسەڵاتی سروشتی ژن، کە لە رابردوودا لەئارادا بوو و کاریگەریە مەعنەویەکەی دەڕووخێنێ. پیاو بۆتە وێرانکەری پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە لە رابردوودا لەلایەن دایکەوە دەستنیشان کرابوو. کاتێ پیاو بەو یاسایانەی کە بەخۆی داینا، داگیرکەری و دەسەڵاتدارێتی خۆی جێگیر دەکات، ئیرادەی خۆی وەردەگەڕێنێ بۆ ئیرادەی رەهای بێ گفتوگۆ و ژن ناچار دەکات کە بکەوێتە ژێر چاودێری باوك و مێرد. پیاو ئەم باڵادەستیەی خۆی هەرە زێدەش لە زەمینەی خێزانی باوکسالاریدا پێکدەهێنێ. بەخێزانی باوکسالاری کە بەئامانجی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی پیاو و مسۆگەر کردنی سەردەمی میراسی کە لە نەوەی باوك دامەزرێنرا، سنوورەکانی گوزەرانی ژن زیاتر تەسك دەکرێتەوە.

خێزانی رۆما، کە لە مێژوودا یەکەمین جار لەنێو دەوڵەتی کۆیلەداری رۆمادا پێشخرا، یەکێکە لە نمونەی هەرە سەرنج راکێشی خێزانی باوکسالاری. خێزان، کە لە زاینیەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان، پارچەی هەرە بچووك و هەرە بەکاریگەری ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتییە کە هەموو سیستەمەکانی داگیرکەری لەسەریان خۆیان ئاوادەکەن، لەلایەن

دەوڵەت و باڵادەستی ئایینەوە ئەرێ کراوە و بۆتە دامودەزگایەك کە لەسەر "کۆیلایەتی ماڵ" ی ژن دامەزراوە، کۆیلایەتی ماڵ کە ژن تێیدا زیندەبەچاڵ کراوە، لە گەوهەردا لە هەموو کۆیلایەتیەك قووڵتر و گشتگیرترە. چونکە لەناو خێزاندا، لەسەر ژن دیکتاتۆری و خاوەندارییەك، کە لە تەوەرەی پیاودا پێشکەوتووە، هەیە. پیاو، بەو یاسانەی کە بەقازانجی خۆی پێشیخست و بەو زەواجەی کە دروستی کرد، ژن نەك تەنها لە بواری فیزیکی (جەستەیی) دا، بەڵکو لەلایەنی رۆحی و رامانیشدا ژن دەخاتە ژێر فشارەوە و ماف ژیانی پەسند ناکات. ژن ناچار دەکرێت کە بە هەموو شتیکیەوە، خۆی بۆ تێرکردن و دڵخۆشی پیاو فیدابکات. زەواجی تاك ـ هاوسەری، کە لە سەردەمی کۆیلەداریدا لە چینی سەروودا پێشخرا، لەلایەکەوە وەکو مەرجێك لەسەر ژن تاك ــ هاوسەری و گرێدانی "پەیوەستبوونی" هەتا دوایی لەگەڵ پیاو دادەنێ، لەلایەکی دیکەوە، زایینی دامودەزگای سۆزانێتی (فحوش)یشی ئامادە کردووە کە بۆ تێرکردنی ئارەزووە زاینیدیەکانی پیاو، لەگەڵ ژیانی هاوسەرێتی ژن، چاوپۆشی لێدەکرێت و بەرەوا دەبینرێ. ئەم دەزگایە، کە هەتا رۆژی ئەمرۆکەمان هەبوونی خۆی دەپارێزێ، لەگەڵ خۆیدا دابڕانێکیشی لەنێوان رەگەزی ژندا هێناوە. ژن بۆ دووبەش دابەش دەکەن؛ ئەوانەی کە پەیوەستی تایبەتن، واتە ئەوانەی زایەندی خۆیان تەنها هی یەك پیاوە و ئەوانەی کە گرێدراوی گشتین، واتە ئەو سۆزانیانەی کە زایەندیان هی هەموو کەسێکە. لە پۆلێنەکانی وەکو کەنیزەك، سۆزانی و ژنانی بەرێزدا دەرباز دەکرێت. واتە، بە دانانی هەندێك رێسای جیاوازی کۆمەڵگایی کە لەسەر سۆزانیەکان و ئەو ژنانەی شویان کردووە جێبەجێ دەکرێن، ئەو هەڵدێرانەی لە نێوان ژناندا هەیە زیاتر قووڵدەکرێنەوە. هەروەها ژن، کە بەگوێرەی پیاو ئەو توێژەی کە پێوەی گرێدراوە و، جێگەی خۆی تیادا دەگرێ، بۆ گەلێك چین دابەش دەکرێ، لە بەرامبەر دەسەڵاتدا تووشی پارچەبوون دەبێ. ژنی چینی دەسەڵاتدار، بەهۆی دەرفەتە ماددیەکانی کە لە دەستیدایە و لەبەرئەوەی کە لەناو ستاتۆی کۆیلایەتی راستەوخۆدا نییە، لەگەڵ دەسەڵاتی پیاودا یەکانگیر دەبێ و بەو شێوەیە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ، لەبەر ئەوەشە نکۆڵی لە هاورەگەزەکەی خۆی کە لەناو چینی بندەستدا جێدەگرێ، دەکات. لەراستیدا ئەو ژیانە سەرنج راکێشەی، کە خۆی لە ژنێتی کۆشکدا دەنوێنێ بۆ ژن بۆتە ژیانێك کە هەرە زێدە تێیدا سەرنگوون بووە. چونکە ژن، لەکام چین دەبێ بابێ، لەبەرئەوەی نەك تەنها بەداگیرکەری چینایەتیدا تێپەڕ کراوە، هەروەها بەداگیرکەرییەکی زایەندی لەوە

توندوتیژتریش دەرباز کراوە، لەسەردەمی کۆیلەداریدا، چ لـە کۆشـکەناندا بـێ، چ لـەبازاڕی کۆیلەکاندا بێ، لە ئەنجامدا، تادواڕادە کۆیلایەتی قووڵ دەکاتەوە. بـەم شـێوەیە ئـەو ژنانـەی کە لە سەردەمی دایکسالاریدا پێکەوە دەژیـان، بـەو تۆتـەم و تابۆیانـەی کـە دایاننـاوە، رێسا ناوخۆییـەکانی کۆمەڵـە (مـرۆڤ) یـان بـە پەیمانەکانـەوە گرێـداوە؛ هـەنگاو بەهـەنگاو لـەو دەوروبـەرەی حـەزکردنی هاوبـەش و یـەکتری شـۆمەندکردنە کـە سەرچـاوەی خـۆی لـە بەیەکـەوە بونیـان دەگـرت، دوورکەوتوونەتـەوە و بـەگوێرەی ئـەو پیـاوەی کـە رێسایەکانی دادەنا، شێوەیان گرتووە.

لەکۆتایشدا، چەرخی کۆیلەداری، هەروەکو لـە تـەواوی ئـەم پێشکەوتنە مێژووییانـەی بەدیارکەوت، بۆتە قۆناخێك کە ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی پیـاو وەکـو تاکـە ئایـدیۆلۆژیای زاڵ لـە هـەموو رەهەندێکـەوە خـۆی جێگیرکـرد و رەگ و ریشـەی خـۆی تۆکمـەکرد. لـە میانـەی مێژووەوە ئەو یەکەمین زاڵبوونە ئایدیۆلۆژیەی کـە لـە تـەوەرەی ژنـەوە بـوو، بـۆ یەکـەمین جـار لەسـەر خاکـدا دەسـەڵاتدار بـوو. دواتـر ئـەو ئـێش و ئـازارە زۆرەی کـە لـە ئـەنجامی پەرینەوە لە دایکسالاریەوە بۆ باوکسالاری و وردە وردە ئـەو پێکدادانـە ئایدیۆلۆژیـە دژبـەرە تێکچڕژاوانەی کە لە تەوەرەی ژن و پیاودا پێشکەوت، کۆتایی پـێ هێنـراوە و لـە دەرەنجامی ئەمەشدا پیاوێتی دەستی بە ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ کردووە و دابڕانێك لەم بارەیەوە هاتۆتـە ئاراوە. پیاو، سەرەتا ئەو پەیوەندیـە بەرهەمهێنانـەی کـە ژن پەرەپێـداوە و تەنانـەت ژیـانی کۆمەڵایەتی و بەها مەعنەویەکانی و لە کۆتایشدا خـودی ژنـی پارچـە کـردووە و لـە ژنـێتی دەرخستووە. خوداوەندە ژنەکان هێز، داهێنان و خوڵقکاریەکانی لەدەستدا و ژن، ئیدی نەك سەرچاوەی ژیان، بەڵکو کراوەتە سەرچاوەی خراپی و گەندەڵی. قۆناخی وەرچـەرخانی ئـەم ئایدیۆلۆژیایـەی دەسـەلاتدارێتی پیـاو کـە لـە هـەموو بوارەکـانی ژیـان کـاری پێـدەکرا، لـە بوارەکانی وەکو ئەدەبیات، هونەر، فەلسەفە و زانستیشـدا رەنگـی داوەتـەوە. تـەواوی ئەمانـە ئیدی بۆتە بەرهەمەکانی جیهـانی پیـاوان و ژن نەکەوتۆتـە نێـو سـنوورەکانی ئـەم جیهانـە. ئەو ژنانەی کـە ئایـدیۆلۆژیاکانیان لـە دەسـتداوە، وەکـو مرۆڤـەکانی جیهـانێکی زۆر جیـاواز، لەهێز داماڵراون و بێ ئیرادە کراون. بە تێپەڕ بوونی کات، لە بەرامبەر چاوتێبڕینی پیاو بـۆ دەسەڵاتبوون و ڤەبوونکاری، بـەرە بـەرە ژن کەوتـە نێـو قـاوغی خـۆی و داڕووخێنـرا و بـێ زمان کرا. لەمە بەولاوە بێچارەیی و بێ دەسەڵاتی بۆ ژن، بۆتە فەلسەفەی ژیـان و ئەمەشـی بەرجەستە کردووە. کاتێ پیاوێتی بە رەوشتێك گەیشت کە بپەرسترێ و ببێتە بەهایەك کە

پێویست دەکات خزمەتی بکرێ، ئەوا پێچەوانەی ئەمە ژنێتی بەشوێنگەیەکی هەرە داڕووخاو و گەندەڵ گەیەنراوە. بەمجۆرە چەرخی کۆیلایەتی بۆتە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی هەرە مەزن لە نێوان مرۆڤەکان و، هەروەها زەمینەی نامۆبوونی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ و، قووڵبوونەوەی دابڕانی گیانی و هۆشیاریشی پێکهێناوە.

لەڕاستیدا، قۆناخی کۆیلایەتی، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان نەیاندەتوانی ئەو ڕۆژە خۆشانەی کە لە قۆناخی دایکسالاریدا تێیدا ژیان لەبیری خۆیان بەرنەوە و بەتایبەتی لە قۆناخێکدا زیندوێتی داخوازی ئەو کۆمەڵگا نمونەییەی کە ماوەیەکی زۆر درێژی بەسەر نەبرد و، بەهۆی ئەو ترسەی دەسەڵاتداران کە لەئەنجامی مەترسی گەڕانەوەی گەلان و ژنان بۆ قۆناخی رابردوو دروست ببوو، بەگوێرەی قۆناخە مێژووییەکانی دیکە، کە تێیدا تا دواڕادە و دڕندانەتر، خوێناویتر و شەڕ و شۆڕتر دەرکەوتۆتە ڕوو. لە ناوەندێکی هۆڤێتی کە تیایدا، لە ڕێگای ئەو شەڕانەی کۆتاییان پێنایەت، هەموو شوێنێکی پڕکردووە لە برسێتی و کردیە گۆمی خوێن، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ قۆناخی نیۆلۆتیك و یۆتۆپیای کۆمەڵگای نیۆلۆتیك لەلایەن چەوساوەکان و کۆیلەکان و بەتایبەت ژنان زیندوو و نوێ کردۆتەوە، ئەو گەلانەی کۆیلە کراون لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەو مرۆڤانەی بەدیل گیراون بەدوای ئەو ئازادی و خەیاڵانەی لەدەستیان داوە کە بە بەهەشتەوە دەیاندیت، ڕایان کردووە و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ تا دەهات لەدژی دەسەڵاتداران لافاوی کین و نەفرەتیان مەزن بووە و بەڕەوشێك گەیشتووە کە نەتوانرێت هەستی دوژمنایەتیان جڵەو بکرێت. هەر لەبەرئەمەیە پێشکەوتنی یاخیبوونی سپارتاکۆس لە (73 ـ 71 پ.ز) لە دژی ئیمپراتۆریەتی کۆیلەداری ڕۆما، کە لوتکەی هۆڤێتی و نایەکسانی بوو، بووە گوزارشتی ئومێدی ڕزگاری کۆیلەکان و ژنان. ئەم یاخیبوونە کە بە هەستکردن بە یۆتۆپیای یەکسانیخوازی کۆمەڵگای کۆمۆنەی سەرەتایی، جیهانی بێ داگیرکاری و وڵاتی بەهەشت پێشکەوت، سەرکوتکردنی بەشێوەیەکی هۆڤێتیانە و خوێناویانە، لەڕاستیدا خوازرا ئەم چرۆی هیوای ڕزگاریەی چەوساوەکان بەشێوەیەکی داگیرکاریانە لەڕەگ و ڕیشەوە وشك بکرێت و بکوژرێت. بەمجۆرە ئامانج ئەوە بوو کە گەلانیش وەکو ژن لە قووڵایی مێژوودا زیندەبەچاڵ بکرێن و بشاردرێنەوە.

قۆناخی کۆیلایەتی؛ بۆتە سەرەتای قۆناخی نامۆبوونی ژن لە خود و ڕەگەزی خۆی، لە کاتێدا کە هێشتا پێشکەوتنی خۆی لەنێو مێژوودا تەواو نەکردووە و ناسنامەی خۆشی نەدۆزیوەتەوە. ڕەگ و ڕیشەی بێ ناسنامەیی ژن کە تاوەکو ئەمڕۆکەمان هاتووە، لەم

قۆناخەوە سەرچاوەی گرتووە. بەجۆرێك ژن نەیدەتوانی بەشێوەیەکی راست خاوەنداریێتی لە سەردەمی دایکسالاری رابردوو بکات یان پارێزگاری لێ بکات و بۆ داهاتووش خۆی بێ مێژوو و بێ ریشە بەجێهێشتووە. ئەو ژنەی کە هەموو دەرفەتێکی ژیانی لەدەست دەرهێنرا، لەماڵدا بەندکرا، جیهانی تەسك کرا و لە بازاڕەکانی کۆیلەدا دەفرۆشرا و دەکڕدرا، بە رەوشێك گەیشت ئەوەندە بێ هێز کرا کە نەتوانێت لە بەرامبەر زۆرداری پیاو هەڵوێست نیشان بدات و بگرە وای لێهات کە دەسەڵاتداریێتی پیاو پەسند بکات و پابەندی ببێت. لەدوای ئەم قۆناخەدا، ژن لەڕووی فیزیکیەوە بگرە تا دەگاتە بواری هزر، هەست و رۆحی بە پیاوەوە وابەستە بووە و کەوتۆتە نێو بازنەی کۆیلایەتی. ئەو پێکدادانە نێوخۆیانەی کە کۆیلایەتی ژنی زیاتر قووڵکردۆتەوە، بە رێگای فێڵبازی، پاشەملە و گەندەڵیەوە، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆکەمان تۆوەکانی ژنی کۆیلەی کلاسیك کە ئەمەی پەسند کردووە لەو زەمینەیەدا سەوز بووە. ئەو ژنەی کە لە قۆناخی دایکسالاریدا ئاشتیخواز، هەرەوەزکار و ریکخراو بوو، ئەوا وورده وورده لەمیانەی بە بەراووردکردنی لەگەڵ دەسەڵاتی خۆی، بەهۆی ئەو تایبەتمەندیە دواکەوتوانەی کە لە کارەکتەری پیاوەوە وەریگرتووە، گەندەڵبوونی لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستە کردووە و، هەروەها بۆ ئەو ژنەی کە خووە پاکەکانی خوداوەندە ژنە شکۆمەندە کلاسیکی و رێزلێگرتنی مەعنەوی لە دەستداوە، ئیدی بێ دەنگی، سەرشۆڕی و ملکەچی وەکو خووە پاکە نمونەییەکان ژمێردراوە. ئیدی وورده وورده ژن، بەهۆی ئەو بێ رێکخستنیە قووڵەی تێیدا دەژیا و ملکەچ بوونی رەها بۆ دەسەڵاتی پیاو کە بە سیستەمی کردووە, خۆی کردۆتە سەرچاوەی بوێری و پاڵپشتی هێز و بەم شێوەیەش مۆری خۆی لە مێژوو داوە.

لەم قۆناخەدا خودی ئەو تەکنیکەی کە رێگای لەبەردەم بەرهەمی زێدە کردەوە، بەهۆی بوونی کۆیلە بەکارنەهێنراوە و خراوەتە گۆشەیەکەوە. خۆی لەخۆیدا لە رێگای دامەزراندنی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتداریێتی لەسەر تەواوی ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان کە قۆناخی نیۆلۆتیك دایهێنا بوو، کەوتۆتە نێو قۆناخێکی کۆنەپارێزانەوە و ئازادی پیشەکاران بەڕادەیەکی زۆر سنووردار کراوە. لە کاتێکدا هەنگاو بەهەنگاو ژمارەی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە بەرهەمەوە نەبوو زێدە دەبوون، لە ئەنجامەکانی بەرهەمی ئەوانەی بەرهەمدار بوون بێبەش دەکران. بەمجۆرەش لەسەر بنەمای چینایەتی، ڤەبوون و بەرفراوان بوونێك لە شۆڕشی زهنی و یاخیبوونەکاندا دەبینرێت. لە رەوشێکدا کە پێویست

بەوەنەبوو کە بێ ویژدانی خوداوەند تا ئەو رادەیە زێدە بێت، ئەوا لە زهن و رۆحەکاندا دەنگی داوەتەوە. ئەم رەوشەش بەردەوام بوو تاوەکو هەستەکانی "یاخیبوون و پاڕانەوەی" پڕکردەوە و ئەمەش بووە گوزارشتی ئەوەی کە چیدی ناکرێ بەرگەی "ئێش و ئازارەکان" بگیردرێت.

به جۆرێك بووە هۆی ئەوەی کە توانستەکانی یاخیبوون و دژە هێرش لە دەرەوە زۆر زیاتر ببێت. بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو لایەکەوە بەرەی "فیدراسۆنی تیرەکان"ی دروستکردووە و لە دژی ئیمپریالیزمی کۆیلەداری ژیانێکی بەرگریکارانەی، کە لە بەرزبوونەوە دابوو، لەگەڵ خۆی هێناوە. ئەم قۆناخە بەرخۆدانیە رێگای لەبەردەم دامەزراندنی گەلێك دەوڵەتۆکەی نوێ کردۆتەوە. لەکاتێکدا ئەم رەوشە زیاتر رێگای لەپێش لاوازکردنی سیستەم کردۆتەوە، بۆئەوەی خۆی بپارێزێ زیاتر هێرشبەرتر بووە و بەشێوەیەکی تۆقێنەر تەواوی پێکهاتە ئەتنیکیەکانی رۆژهەڵاتی ناوینی خنکاندووە. لە کاتێکدا لەتەك سەردەمی باوەڕی هەرە مەزن لە مێژوودا، ڤەبوونی پێشکەوتنی زەمینەی کۆیلایەتی سەردەمی بیروباوەڕی، ئیدی قۆناخی ئایینی تاکخوداوەندی و پێغەمبەرە مەزنەکان کە پێشەنگایەتیان بۆ رۆحی یاخیبوونەکان و سیستەمی بیروباوەڕیە گەورەکان دەکرد، هەنگاو بە هەنگاو خۆی دەسەپاند. رۆژ لەدوای رۆژ مەسیح وەکو زێدەبوونی چاوەڕوانیەك لە هۆشی مرۆڤەکان جێگەی دەگرت. ئەمەش تەنیا گۆڕانکاری نەبوو لە بیروباوەڕیدا، ئیدی ئەو زهنیەتە زۆر بەباشی لە راستی خودا ــ پادشا تێگەیشت و دەرکی بەوە کرد کە ئەویش وەکو خۆیەتی و هیچ جیاوازیەکی نییە و بە میتۆلۆژیا و تیۆلۆژیا تینوێتی ناشکێ و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لێی دووربکەوێتەوە، بەمجۆرە کەوتە نێو قۆناخێکی مێژوویی وەها کە تێیدا هزری فەلسەفی خۆی دەسەپێنێ.

لەدوای ئەم قۆناخە، لەدایکبوونی ئایینە تاکخوداییەکان بەواتای شۆڕشێك لە پێکهاتەی زهنی، ئەخلاقی و مەعنەوی مرۆڤایەتی دێت. دەرکەوتنە رووی ئایینە تاکخوداییەکان لە قۆناخە هەرە قەیراناویەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کە لە کاتێکدا کارەکتەرە شۆڕشگێڕیەکانی رەنگی دەدایەوە، ئەوا ئەو شتانەی کە پێویست بوو بەلاوە بنرێن و هەروەها لە بواری دامەزراندنی دامودەزگا و زهنیەتی نوێشدا، داهێنانی پێشکەوتنی مێژوویی لەگەڵ خۆی هێناوە. هەروەها گومان لەوەشدا نییە کە دەزگای پێغەمبەرایەتی رۆڵی بەرچاوی لە نەرمکردنەوەی سیستەمی کۆیلەداری گێڕاوە.

دەربازکردن و بەلاوەنانی قۆناخی خودا ـ پادشاکان کە یاسا سروشتیەکانیان لەسەر زهن و رۆحی مرۆڤایەتی پەیڕەو دەکرد، بە رێگای دەرکەوتنی تەوژمە ئایینە پێشکەوتووە نوێیەکان کە باوەڕیان بەهەبوونی تاکخوداوەندی گەورە هەبوو، کە تەنانەت حسابی لە خودا ـ پادشاکانیش وەردەگرت بە دووەمین جوڵانەوەی شکۆمەندی شارستانی دەژمێردرێت کە لە رۆژهەڵاتی ناوین سەرهەڵدەدات. ئەوە روون و ئاشکرایە کە لە یاساکانی تاک خوداوەند، کە هەرچەندە دواتر بەلارێدا برابێت، لەسەر پێکهاتەی لۆژیکی مرۆڤ و کارگێڕی دەوڵەت گوزارشت لە پێشکەوتنێك دەکات. بەتایبەتی کاتێك بنیادی سیاسی لەسەر یاسا ئایینەکان زێدە دەبێ، بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی هێز بەبێ سنوور و بەشێوەیەکی رەهاشی راوەستاندووە. ئەو گۆڕنکارییە ریشەییەی کە لە پێکهاتەی زهنیەتدا هاتە ئاراوە، پەرەسەندنی لۆژیکیشی لەگەڵ خۆی هێناوە. ئەو تێکۆشانەی کە بەناوی ئایینە تاکخوداوەندیەکان بەڕێوەبراوە رۆڵی بنچینەییان لە بەلاوەنانی هەر سێ ئیمپراتۆریەتی "سۆمەری ـ ئاسووری ـ میسر و رۆما"، کە لە مێژوودا بەتەمەن درێژترین و گەورەترین ئیمپراتۆریەت دەناسرێن، گێڕاوە.

تەواوی پێغەمبەرەکان لە ئایینە تاکخوداییەکاندا کە بە حەزرەتی ئیبراهیم دەستپێکرد، هەموویان پیاون و لە سیستەمەکانیاندا جێگە بەژن نەدراوە، چونکە جێگەی ژنیان لە شەیتان نزیك کردۆتەوە. بە هۆی کاریگەری هزری بابل لە سەر حەزرەتی ئیبراهیم و کاریگەری هزری میسر لە سەر حەزرەتی موسا لە بەلاوەنان و بەدەرنانی ژن کاریگەریەکی زۆریان هەبووە. لەدوای ساڵانی (2000) پ.ز ژن لە رەوشێکدایە کە لەمیانەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی راستتر لە قۆناخی شارستانیەت ستاتۆی خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام لە دەستدەدات. بەجۆرێك شان بەشانی زیادبوونی دابەشبوونی چینایەتی، جیاوازی رەگەزیش دەردەکەوێتە روو، بەتایبەت دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت، گوزارشتی هەرە سەرەکی میتۆلۆژیای سەرەتای جیاوازی و دابەشکردنی چینایەتییە. ژن لە ئایینە تاکخوداییەکاندا لە رەوشی رەگەزێکدایە، کە هەم لەنێو کۆمەڵگا و هەم لە گوزارشتی ئایدیۆلۆژیدا، کە بۆ کۆیلەکردن دروستکراوە، لە هەموو روویەکەوە لەناوخۆیدا داخراوی، بەستنی دەم و زمانی جێگەی باسە. تەنانەت هیچ ئاسەوارێك نەماوە گەواهی لەسەر ژنە خوداوەندەکان بدات. ژن، کراوە بە بەرپرسیاری گوناحکاری سەرەکی، چونکە لەبەرئەوەی لە رابردوودا، ئەو بوو کە ئادەمی و وروژاند و

هانیدا کە یەکەمین گوناح بکات. لێرەدا لە ڕێگای میتۆلۆژیا و ئایین کە لەوەوە سەرچاوە دەگرن ئەو هەڵکشانە سەرنج ڕاکێشەیە کە لە تەوەرەی ڕەگەزی پیاو دێتە ئاراوە، زاڵ و ڕەوا دەکرێ و لە هەموو ڕوویەکیشەوە چەرخی دەسەڵاتدارێتی پیاو شکۆمەند دەکرێ و دەکرێتە نوێنەری پیرۆزی ئایینی. مێژووی پێشخستنی کۆیلەداری زایەندی، بەڕەنگێکی شاراوە جێگەی باسە.

بەمجۆرە، بەتایبەت کاتێك ئەرکی سنوردارکردنی ڕێزگرتنی لایەنی مەعنەوی ژنان دەدرێتە ئایینەکان، ئەوا لەگەڵ پێشکەوتنی ئایینە تاك خودایەکان، ژیانی کۆمەڵایەتی تاوەکو ووردترین کون و کەلەبەرەکانی شێوەیەکی نوێی وەرگرتووە و گەیانراوەتە سیستەمێك کە خاوەنی نرخ و بەهای نوێیە. لەهەموو ئایینە تاك خوداییەکاندا، دەسەڵاتی تایبەتمەندی ناولێنان (کە ژنیش دەگرێتە) بە پیاو بەخشراوە. ئەمەش بۆ نیشاندانی لە پێشینەیی دەسەڵاتیان و هەروەها تواناکاری خولقکاری و داهێنانیان لە پیاودا بەرجەستە کردووە. ئایینی یەهودی لە هەموو ئایینە تاك خوداوەندیەکان زیاتر ژنی لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لاتەریك کردووە و بەدەرناوە و لەژێر ئەو ڕێسا و یاسا وشکانەی کە دایناوە، هەناسەی لەبەر تەنگ کردووە و بۆ یەکەمین جار هەڵدەستێ بە سیستەمکردنی دەسەڵاتدارێتی پیاو لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی. لە کاتێکدا کە ئایینی یەهودی وەکو سیستەمێکی بیروباوەڕی لە دەرکەوتنیدا لەدژی کۆیلایەتی بوو، لە هەڵپەی دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەرانیدا بوو بۆ کۆیلەکان و ئەمەشی لەسەر بنەمای "قەوم ــ نەتەوە" پێشخست، کەچی دوای بێ واتاکردنی ژن؛ ستاتۆی کۆیلایەتی پێ دەبەخشێ. دوای ئەوەی هێرش دەباتە سەر زایەندی و ژنێتی و جەستە و تایبەتمەندی زایینی ژن، دەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی زۆر توند و تۆکمەوە. چونکە؛ بەگوێرەی تەورات، ئەوەی ڕێگای لەپێش پێشکەوتنی مرۆڤایەتی کردۆتەوە، بەهۆی یاخیبوونی لە فەرمانەکانی خوداوەند و پیاوی دەستخەڕۆ کردووە، خودی ژنە. لە کاتێکدا ئایینی یەهودی بەمجۆرە نەفرەت لە ژن دەکات، چونکە سەرچاوەی هەموو گوناحەکان بە حەواوە سەمبۆلیزە کراوە، هاوکات بەگوێرەی ئەو سزایەی بە حەوا دراوە، لەژیاندا بە پلەدوو سەیرکردنی ژنی ڕەوا کردووە. لە کاتێکدا زایەندی ژن بە گوناح لەقەڵەم دەدات و ئەمەشی لە ڕێگای یاسا ئایینیە وشکەکان سنووردار کردووە، کەچی دەبینین مافی ژنهێنانی بێ سنوور و مافی ڕاگرتنی کەنیزەکی بە پیاو بەخشیوە. ژن لە یەهودیەتدا ڕێزی لێناگیردرێ تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە "دایك"ە، بەڵکو

تەنانەت ڕۆڵی ژنی لەکاتی سکپڕیدا تەنیا بە "هەڵگری کۆرپە" سنووردار کرووە. هەربۆیە ژن، وەکو تەواوکەر، یارمەتیدەر و پارچەیەکی ناتەواوی پیاو لە قەڵەمدراوە. بەکورتی ئایینی یەهودی ـ وەکو یەکەمین ئایینە تاك خوداییەکان ـ بنچینەی سەرەکی میراسی کولتووری دەسەڵاتی پیاوی بۆ ئایینە تاك خوداییەکان دواتری داناوە و ئەمەش بەدرێژایی مێژوو ڕەگ و ریشەی خۆی داکوتیوە.

وەلێ ئەو ژنەی، کە لەئایینی یەهودیدا بەهەموو شتێکیەوە بەهیچ لەقەڵەمدەدرا، کە لە ڕێگای نزیکبوونەوە وشکەکانی باوکسالاری مۆری خۆی لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناخی کۆیلایەتی داوە، ئەوا لە کۆتایی چەرخی کۆیلایەتیدا لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی مەسیحی، ئەگەر کەمێکیش بێت، بەهیوای ژیانێکی نوێ دەگات. ئایینی مەسیحی کە لە هەلومەرجە کۆیلەداریە دژوارەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما ـ گەر بەڕادەیەکی کەمیش بێت ـ وەکو کاردانەوەیەك لە بەرامبەر مەیلەکانی باوکسالاری کە چارەسەری خۆی لە داب و نەریتی یەهودیەوە دەگرێت، لە دایکبوو و، بەهۆی کارەکتەری هیۆمانیستی مەسیحیەت و بە پشت بەستن بە لێبوردن و خۆشەویستی و لە ژیاندا بە ئامانج کردنی هاوبەشییەکی یەکسان، هەرە زێدە لەنێوان کۆیلەکان و ژنان بڵاو بۆوە، بەهۆی هەڵگرتنی تایبەتمەندی بەرهەڵستکاری لەدژی سیستەمی باو، لەدوای دەرکەوتنی، بە درێژایی سێ سەدەی یەکەمین بەشێوەیەکی چڕوپڕ ڕووبەڕووی فشار و سەرکوتکردن بۆتەوە. بەهۆی باوەڕی مەسیحیەت بە یەکسانی ژن و پیاو لە بەرامبەر خوداوەند، لەسەر پیاو تاك هاوسەری و ڕاستگۆیی و دڵسوزی لە ژیانی هاوسەریتی سەپاندووە. ئەگەر هزری دەزگای خێزانیشی ڕەتنەکردبێتەوە، ئەوا بەڕادەیەك پێگەی ژنی لەنێو ماڵ ـ خێزان ـ باشتر کردووە. لە ڕێگای خۆ فیداکردن بۆ خوداوەند ـ گەر بەشێوەیەکی سمبۆلیش بێت ـ و بوون بەنیشانی عیسا و پاراستنی باکیرەیی (کچێنیێ) خۆی، دەرفەتی ژیانێکی ئەلتەرناتیفی بۆ ژن پێشکەش دەکات. لە بەرامبەر نزیکبوونی ئایینی یەهودی کە ژن بچووك و لاتەریك دەکات، حەزرەتی عیسا بە گەوهەری ئاشتیانە و مرۆییانە و لێبوردنی خۆی نزیکی ژن دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ژن یەکەمین پێڕەوەکانی حەزرەتی عیسا بوو و هەرە زێدەش بەخاوەن دەرکەوت لە ئایدیۆلۆژیاکەی هەم بەر لە خاچدانی و هەم دواتریش. بەڵام مەسیحیەت ئەو داب و نەریتە ئاکاریانەی کە جەستە و زایەندی دەشێوێنن پەسند کردووە و لەگەڵێك ڕووەوە جەستەی ژنی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵەوە. بە دەرخستنە پێشی پێناسەی "مریەمی دایك؛

ژنی پاکیزە (داوێن پاك)، باکیرە و دەستلێنەدراو"، دیاردەی زایەندی بە پیس و رووخێنەر بینیوە. بەمجۆرە ئەو ژنەی کە وەکو سیمبولێکی سروشتی "بەرەکەت و زایەندی" یاد دەکردەوە، ژن لەم ستاتۆیە دوور دەخاتەوە، پەیوەندی دایك ـــ کوڕی پیرۆز پێچەوانە کردۆتەوە، لە شوێنی ئەمە سیانەی باوك ـ کوڕ ـ گیانی پیرۆزی وەرگرتووە. مریەمی دایك، زۆر دوورکەوتۆتەوە لە ئینانا و عەشتاری خوداوەند. ئەم هەنگاوە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە وەشاندنی زەبرێکی کوشندە لە "تیامات" خوداوەندە دایك لەلایەن "مەردۆخەوە"، هەروەکو لە ئەفسانەی بابلدا هاتووە، هەروەها بەندکردنی بەشێوەیەکی لێبڕاوانە لە چوارچێوەی ماڵدا لەلایەن موساوە، ئەو ئاسەوارانەی کە مابوون لە مێژووشدا سڕاوەتەوە. بە لە دایکبوونی عیسا، بە تەواوەتی ژن دابەزێنراوە بۆ ئاستی ئامرازێك کە تەنیا کاری منداڵ هێنان بێت. مریەمی دایکی عیسا هیچ کاریگەریەکی نییە. چونکە خودا فووی تێکردووە و ئەویش سکی پڕبووە. واتای ئەمەش، بەشێوەیەکی رەها گوزارشت لە باڵادەستبوونی پیاو دەکات. فووتێکردن، گوزارشت لە زاڵبوون دەکات. ئەمەش بەو واتایەدێت کە ژن جگە لە بەخێوکردنی منداڵ هیچ رۆڵێکی دیکەی نییە. تایبەتمەندیەکی دیکەی گرنگی ئەمەش، لەقەڵەمدانی ئەم فووتێکردنەیە بە رۆحی ئەلقودس (گیانی پیرۆز) ، لە راستیدا هەوڵدانە بۆ ئەوەی، ئەو هێزە خوداوەندیەی کە پێویستە لە ژندا نوێنەرایەتی لێبکرێت, بشێوێنرێت و لە کەسێتی مریەمدا، لە ژن بدزرێت. لە راستیدا ئەم بابەتە گرنگیەکی زۆر گەورەی ئایدیۆلۆژی هەیە. ئەم ناسنامە ئایدیۆلۆژیە، رۆڵێکی دیاریکراوی لە رووی بێ کاریگەرکردن و بەلاوەنانی پێگە و چالاکیەکانی ژن هەیە و لە قۆناخی فیۆداڵیشدا ئەم رەوشە زیاتر دەردەکەوێتە پێش، هەر لەو رۆژە بەدواوە مریەمەکان (ژنان) بەردەوام وەکو بوونەوەرێکی پاسیف و بێ کاریگەرن و بەبێدەنگی، بەسەر منداڵەکانیاندا دەگرین، بە تەواوەتی بە پیاوەکانیانەوە پابەندبوونە و هەروەکو بڵێی لە ئەزەلەوە دەستەمۆ و بەندکراون. ئەم رەوشە هەروەکو چۆن ژن هیچ پەیوەندیەکی بە سروشتی خۆیەوە نەمابێ، ئەوا مسۆگەر پەیوەندی بە دەسەڵاتدارێتی سیاسی مەزنی پیاوەوە هەیە. لە قۆناخێکدا هەروەکو چۆن سەردەمی خوداوەندە ژنەکان دەسەڵاتدار بوون، ئەوا سەردەمی خوداوەندە پیاوەکانیش لەم قۆناخە مێژووییەدا کە تیایدا چین و دەوڵەت سەریانهەڵدا، دەسەڵاتداربوون. ئەم راستیەی کە لە قووڵایی مێژوودا تاریکی بەسەردا کێشراوە و لەلایەن پیاوەوە هەمیشە بەچەمکی دووڕوویێتی ناموس ـ ماڵ دەمامك

دراوە، تەنیا بە تێکۆشانی ئازادی، کە ئاستێکی ئازادی کۆمەڵایەتی گشتی دروست بکات، دەردەکەوێتە روو و واتای راستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە.

## ژن و کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی

ئەو ناکۆکیە سەرەکیەی کە لە ژێر هەرەسهێنانی کۆیلایەتیدا شاراوەیە سەرچاوەی خۆی لە لەدەستدانی بەرهەمی کۆنی رەنجی کۆیلە و بوونی بەکۆسپ لە پێش پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنان وەردەگرێت. خاوەنداریێتی کردنی مرۆڤ وەك سەرمایە، لە هاتنە ئارای سیستەمی کۆیلایەتی و پێشکەوتنی ئەم سیستەمە فاکتەری سەرەکی پێکدەهێنێ. بەلام بەهۆی ژمارەی کۆیلە بەرادەیەکی وەها کە نەدەکرا هەموویان لە بەرهەمهێناندا بەکاربهێرێن و بە گەیشتنیان بە رەوشی بێکاری کۆیلەدارەکانیش خەمی ئەمەیان نەدەخوارد، تەواوی ئەمانە رووخانی ئەم سیستەمەیان خێراترکرد. کاتێك هۆکاری بێ بەرهەمی بووە کۆڵەکەیەکی سەرەکی، ئەوا گوڕوتینی رووخان و هەرەس هێنانیش زێدەتردەبێت. پێویستە گرانبوون و بەهابوونی گوزەرانی ژیانی شار و دەرکەوتنی شەڕەکانیش بخرێتە سەر ئەمە. شارەکان سەرژمێریان زێدە دەبێ و بەخێوکردنی دانیشتوانیش کێشەیەکی گەورە لەگەڵ خۆی دەهێنێ، ئەمەش بەرهەمی قۆناخی ئەم سیستەمەیە. کاتێك بەرهەمداری دەوەستێ و شارەکانیش زێدە دەبن و گەورەدەبن، ئەوا تادێت گوزەران تێیدا دەکەوێتە نێو زەحمەتیەوە. هۆکاری هەرە سەرەکی هەڵوەشانەوە و هەرەسهێنانی، دەگەڕێتەوە بۆ زێدەبوونی بێ سنووری بە شاربوون و ژیانی گرانبەها.

لەکاتێکدا بازرگانی لە چەرخی کۆیلایەتی خاوەنی پێشکەوتنێکی سنووردار بووە، تەنانەت لە ئابووری کشتوکاڵی چەرخی نیۆلۆتیکیشدا بازرگانی خاوەنی پێگەی چینێکی سەربەخۆ نەبوو، ئەوا لە چەرخی فیۆداڵیدا رەوشێکی پێچەوانە دەردەکەوێتە روو. شارەکان وەکو ناوەندەکانی بازرگانی سەربەخۆ، ناوچە شاخاویەکان و کشتوکاڵیش بە خۆیانەوە گرێدەدەن.

گۆڕانکاریەکی گرنگ لە زەمینەی کۆمەڵایەتی شارستانی دێتە ئاراوە. بەتایبەت لەسەر بنەمای تەکنیکی ئاسن، شارستانیەتێکی نوێ شێوە دەگرێ، کە تاڕادەیەك ژیانی مرۆڤ پابەند دەکات. لە دەوروبەری بازرگانیدا سەرلەنوێ ئابووری رێکدەخرێتەوە و بەرهەمە بازرگانیەکان زیاتر قورسایی و گرنگی پێدەدرێت. وەکو دەزگای گۆڕانکاری ئابووری، بەکارهێنانی پارە دەردەکەوێتە روو.

هەروەکو چۆن فیۆدالیزم گوزارشت لە قۆناخێکی پێشکەوتنی بەرزتری کۆمەڵگای چینایەتی دەکات، ئەوا هاوکات گوزارشت لە قۆناخێك دەکات، کە تیایدا سیستەمی باوکسالاری رەهەند و چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ خۆی بەدەستهێناوە و بەمجۆرەش زیاتر رەگ و ریشەی بە دەزگابوونی خۆی داکوتا. لەبەرامبەر سیستەمی کۆیلایەتی کە مرۆڤی بێ نرخ دەکرد، وەکو ئاژەڵێك بەکاریدەهێنا و، هەروەها لەبەرامبەر ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیە گەندەڵ و ئاڵۆز و ئاژەڵیەدا؛ سیستەمی فیۆداڵی بە ئامانجی بەلاوەنانی ئەو رەوشە و دانان و پەیڕەوکردنی مۆدیلی ژیانێکی نوێ دەرکەوتە روو. ئەو بۆشاییە مەعنەوییەی کە لەژیانی مرۆڤایەتیدا هاتە ئاراوە، بێ واتابوونی خودی ژیان و شەڕکردن لەپێناو ژیان و هەروەها نەمانی هیچ گومانێك کە مرۆڤ بەژیانی دنیایی پابەند بکات، تەواوی ئەمانە رێگایان لەبەردەم پێشکەوتنی لێگەڕینە جیاجیاکان کردۆتەوە. هەمیشە چاوەڕوانی هزرێك کراوە کە بتوانێ مرۆڤەکان لە دەوروبەری هزر و ئامانجێکی هاوبەش کۆبکاتەوە، رێکبخات و ئاراستە بکات. بەڵام بەهۆی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەو دەست پێشخەریانەی کە دەرکەوتوونەتە روو، ئەوا ئەمەش لەگەڵ خۆیدا تێکشکانێکی قووڵی بێ ئیرادەیی، بێ باوەڕی، سەرلێشێواوی، ژیانێکی بێ ئامانج و گەندەڵبوونێکی لە رادەبەدەری پێشخستوە. ئەو دەرکەوتنە هزریانەی هاتنە ئاراوە، کە ئامانجیان بەلاوەنانی تەواوی ئەمانەبوون و خاوەنی گەوهەرێکی وەهابوون کە داخوازیەکانی گۆڕانکاری لەم رووەوە پێکبهێنێ، بەتایبەت لە دەوروبەری ژنان و کۆیلەکان، کە دوو چینی هەرە چەوساوە بوون، پەسندکران. هیچ مرۆڤێك بە داخوازی خۆی ژیانێکی کۆیلایەتی پەسند ناکات. بۆ هەموو کاتێك هیوای ئەوەی هەیە کە بە دوارۆژێکی شکۆدار بگات لە میانەی گەیشتن بە بەها مەعنەویەکانی. بەڵام سیستەمی کۆیلایەتی لە رێگای ئەو فشار و زۆرداریە لە رادە بەدەرەی بەکاریهێناوە، رێگای لە پێش دەرکەوتنی ئەمانە گرتووە و هەر دەرکەوتنێك بە رووبەڕوو بوونەوەی ئەو زۆر و ستەمە نامرۆییانە کە پەیڕەوی لێکراوە، سەرکوتکراوە.

ئـەو ئایینانـەی کـە لـە دژی ئەمـە وەکـو هزرێکـی یـەزدانی و هـزری دونیـای مەعنـەوی دەرکەوتنە روو، بۆ مرۆڤایەتی بوونەتە هیوای ژیانێکی نـوێ. بـەڵام ئـەو پێشـەنگانەی کـە بەشێوەیەکی باش هەبوونی ئەو بۆشاییانە و بێ واتابوونی هەلومەرجـەکانی ئـەو ژیانـەیان بینیوە و هەڵسەنگاندووە، خۆیان وەکو "دامەزرێنەری ژیانی نـوێ" بەخەسڵەتی پێغەمبـەر لـە قەڵەمـداوە، لـە رێگـای رێنومـایی کـردن و تواناکـاری رازی کردنـی لـە رادە بـەدەرەوە، بەدەست پێکردنیان لە لاوازیترین ئەڵقـەوە، توانیویانـە لـەوەدا سـەربکەون کـە مرۆڤایـەتی بگەیەننـە ئاسـتی تێربـوونی مەعنـەوی. هـەر لەبـەر ئەمەشـە کـە دەرکـەوتنی ئایینـەکان ناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕیان هەیە.

ئەو کردەوە نێگەتیفانەی پادشا ـ خوداوەندەکان کە لەقۆناخی کۆیلەداریـدا بەئاسـتی دەزگابوون گەیشتوون و ئەو نزیکبوونـەوە زۆرداریـە لـەڕادە بەدەرانـەی پـەیڕەویان دەکـرد، وایکردووە کە هەمیشە زەمینەی یـاخیبوون و راپـەڕین بـۆ چینە چەوساوەکان کراوەبێـت. بـەڵام دیـاردەی ئـایین کـە کارەکتـەری قۆنـاخی فیـۆدالی دیاریـدەکات، یـەزدانی بـۆ ئاسمـان بەرزکردۆتەوە کە بەجۆرێك ناتوانرێت ببینرێت و پەسندکردنی نەگۆڕان و هەتا هەتایی و دەسـەڵاتدارێتی بـەردەوامی ئـەوی وەکـو پرەنسیپێکی سـەرەکی بەبنـەما گرتـووە. لـەرێگای ئەمەشـەوە زەمینـەی پابەنـدبوونی مرۆڤـی بـەژیان، خولقانـدووە. چـینە دەسـەڵاتدارەکان بەپەلە ئـەم تێڕوانینـە ئایینیـەی کـە پێشکەوتووە و، کاریگەریـەکانی بینیـوە و، بـۆ ئـەوەی زیاتر تەمەنی سیستەمەکەی خۆی درێژە پێبدات، ئەم هزرە ئایینانەی بەگوێرەی سروشـتی خۆی گونجاندووە و سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی نوێی بەدیهێناوە. لەم چوارچێوەیەدا، ئـەو فیۆدالیزمەی، کە پێشـدەکەوێت، ئـەو چەوسـانەوەیەی لەسـەر رەنجـی کۆیلـە ئەنجامـدەدرێ، گۆڕیوە و دەستی بە دەربازبوون بۆ سیستەمی وەرزێر کردووە. ئەو وەرزێرانەی کە خاوەنی مافی کەم بوون، ئیدی ماف و بەرهەمەکانیشیان زۆر زیادی کـردووە. لەبـەر ئـەوەی پێوانـەی سـەرەکی کۆڵۆنیکردن لـەقۆناخی فیۆدالیـدا بـوون بـە خـاوەنی خـاکی زیـاتر و رێکخسـتنی وەرزێر بووە بۆ ئەوەی تیایدا کاربکەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری هاتنە ئاراوەی گـەلێك شـەڕ و نـاکۆکی. ئیـدی، شـەڕەکان زیـاتر لـەپێناو بەدەستخسـتنی کۆیلـە نـەبوو، بـەڵکو لـەپێناو بەدەستخسـتنی خـاکی زیـاتر ئـەنجام دەدران. لـەم قۆناخـەدا بابـەتی سـەرەکی خاوەنـدارێتی خاك بوو، نەك مرۆڤ. ئەوەی خـاوەنی هـەرە زێـدەی خـاك بێـت، بێگومـان دەبێتـە خـاوەنی گەورەترین هێز. لەگەڵ دابەشبوونی ئەم تەرزی خاوەندارێتیەی خاك، سیستەمی بەگایەتی

سەرهەڵدەدات. واتە سیستەمی لادێی کۆمۆنـەی قۆنـاخی نیۆلۆتیـك هـەر لـە زووەوە تێپـەڕ کراوە. بەگەکان بەپێی سیستەمی خاوەنداریّتی دابەشدەکرێن و جووتیارەکان وەکو شێوەی نیو کۆیلە، بەرێگای پەیوەندیەکانی وەرزێرێتی، گرێدراوی بەگەکان دەبێت. لەکاتێکدا ئـەو شەڕانەی لەگەڵ هزری بڵاوبوونەوەی تێـڕوانینی ئـاییـنی، دەردەکـەون، تـا دێـت داگیرکردنـی پشت بەستوو بەخاك زیاتر بەربڵاو دەبێت. لەم قۆناخەدا شەڕی خـاچ پەرستـەکان نمونـەی گـەورەترین و بـەرفراوانترین شـەڕە کـە ئەنجامـدراوە. شـەڕکردن رەگـەزێکی دیـاریکراوە لـە کارەکتەری فیۆدالێدا و بۆتە پارچەیەکی سروشتی ژیان. تەنانەت لەو کاتانەی شەڕ لـەنێوان ئیمپراتۆریەتـەکان یـاخود فتوحاتـە گـەورەکانی ئـاییـنی ئـەنجام نـەدراون و دەرنەکـەوتوون، ئـەوا لـەنێوان عەشـیرەت و بنەماڵەکانـدا بەشێوەیەکی چڕوپڕ و بـەربڵاو شـەڕ و پێکـدادان بـەردەوامی کـردووە. وێـڕای هۆکـارە سادەکان، بـەبیانوکردنی خـاك یـاخود بەتایبـەتی بـە بیانوکردنی ژن، شەڕ و پێکدادان بۆتـە کـارێکی رۆژانـە. هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارەشـە کـە لـە قۆنـاخی فیۆدالێـدا هـەموو کەسـێك و بەتایبـەت پیـاو ناچـارکراون بەشـێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە شەڕەکاندا بکەن و ببنە سەربازێکی باش.

لــە قۆنــاخی فیۆدالێــدا، کــە دووەمــین قۆنــاخی سیســتەمی باوکســالاریە، ئــایین، بەشـێوەیەکی وەهـا خزابـووە نێـو بوارەکـانی سیاسـی، سـەربازی، کۆمەڵایـەتی، کولتـووری و تەنانــەت خێــزانیش، کــە بــەجۆرێك نــەدەکرا لــە دەرەوەی یاســا ئاییـنــەکان ژیــان بەســەر ببردرێـت. دەرکەوتنــە رووی تــەواوی ئــەو جوڵانەوانــەی کــە کۆتاییــەکانیان ئــەرێنی یــاخود نەرێنی بوونە، لەمیانەی هاوئاهـەنگ کردنـی لەگـەڵ داخـوازی یـاخود رەتکردنـەوەی خـودا، یـان هانــدراون یــاخود بەشـێوەیەکی سـەخت سـزا دراون. هاوکـات لـە قۆنـاخی فیۆدالێـدا قەدەخەکردنی پەرەسەندنی زانست، تەکنیك، هونەر و وێژە، بێگومان مرۆڤایەتی خستۆتە نێـو تاریکیـەکی لـە رادەبـەدەر. دوو ئـاییـنی سـەرەکی هەیـە کـە تـەواوی پێشـکەوتنەکانی قۆناخی فیۆدالیان بەدەستەوە گرتـووە. مەسـیحیەت؛ کـە یەکـەمین ئـاییـنی ئـەم قۆناخەیـە، وێڕای ئەوەی کـە توانیویـەتی دەرکـەوتنێکی گرنگـی شۆڕشـگێڕی بئـافرێنێ، کـە کۆتـایی بـە سیسـتەمی کۆیلـەداری هێنـا، کەچـی لـە چـەرخی ناوینـدا لەگەوهـەر دوورخراوەتــەوە و پرەنسیپەکانی ئاوەژوو کراوەتەوە و فەلسەفەی ژیـانی نـەك بـەناوی مرۆڤایـەتی، بـەڵکو لـە چوارچێوەی ئامانجەکانی دەرەوەی مرۆڤایەتی پەرە پێدراوە. وێڕای ئـەوەی مەسـیحیەت لـە رۆژهەلاتدا سـەریهەڵداوە، کەچـی ناوچـەی پەلوپۆهاوێشـتن و بڵاوبوونـەوەی رۆژئـاوا بـووە،

ئەمەش لەگەڵ خۆی پێشکەوتنێکی هێناوە کە لەسەر رەگ و ریشە راستەقینەکەی نەبووە. هەربۆیە چەواشەکردن و بە لارێدا بردنێکی یەکجار زۆر بەسەر گەوهەرەکەیدا هاتووە. بەڕادەیەك لە چەرخی ناویندا ناتوانرێ کاریگەری ئەو فەلسەفەیەی کە حەزرەتی عیسا لەسەر بنەمای خۆشەویستی مرۆڤ خوڵقاندبووی، ببینرێت. ئەو مەسیحیەتەی کە لەدەستی سەردەستەکاندا وەکو ئامرازێکی سەرکوتکردنی کۆمەڵگا بەکاریان دەهێنا، لە پێشکەوتنی هونەری، وێژەیی تەنانەت زانستیش، واتە لە داهێنانەکاندا بەشێوەیەکی گەرم سەیریان نەکردووە، کەموکوڕی بنەمای ئاواکردنی ئایین بەم داهێنانەوە بە ئاشکرا دەردەکەوتە روو، لەبەرئەوەی ئەمە دەزانرا، ئەمە لەلایەن کەنیسەوە وەکو بەهانەی سووکایەتی کردن بە ئایینیان دەست نیشانکردووە و بەشێوەیەکی توند رەتکراوەتەوە. ئەو کارەساتانەی بەسەر برۆنۆ و گالیلۆ هاتن نموونەی هەرە سەرنج راکێشی ئەم راستیەن. ئامرازی سەرەکی سەرکوتکردنیش لەم قۆناخەدا دادگاکانی ئەنگیزاسیۆن بوون. ئەم دادگایانە لە مێژوودا وەکو گەورەترین دەزگای تێکدان و وێرانکردن بەکارهێنراون. تەواوی ئەمانەش گوایە لە ژێر ناوی "فەرمانی خودا" ئەنجامدراون. لە کاتێکدا لەبنەمادا ئامرازێك بووە و بۆ پاراستنی دەسەڵاتداریێتی کەنیسە و رزگاکردنی دەستەڕۆیی لەدژی مرۆڤە ئازادیخوازە یاخیبووەکان و ووردە ووردە تەیاربوون و گۆشبوونی گەلان بە وشیاری نەتەوەیی، بەکارهێنراوە. هیچ کاتێك خوداوەندەکان پێویستیان بە پاراستن و رزگارکردن نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی پێویستی بە پاراستن و رزگارکردن هەبووە کە هەر کاتێك تووشی تەنگەتاوی بووە هەوڵیداوە زیاتر لەژێر دەمامکی خودا خۆی بشارێتەوە. لە کاتێکدا دەزگایەك بووە کە بەبڕیارەکانی دەیتوانی بەقووڵی کاریگەری لە قۆناخ بکات، لەلایەکی تریشەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی باو رۆحی ترس و تۆقاندنی لەنێو جەماوەر چاندووە. ژنی مەسیحیش لەم رەوشەدا بەشێوەیەکی بەردەوام ناچارکراوە لەژێر گرانترین و قورسترین دۆخدا بژی. لەکاتێکدا ژن، لەرابردوودا، لەناخەوە باوەڕی بە فەلسەفەی حەزرەتی عیسا هێنابوو و لەدژی هەموو جۆرە هێرش و دەسەڵاتێکیش تێکۆشاوە، بەڵام لەگەڵ پێنانە نێو چەرخی ناوین و بەهۆی ئەو بە لارێدابردنەی کە لەگەوهەری مەسیحیەتدا هاتە ئاراوە، کاریگەری هەرە زێدەی لەسەر توێژی ژن کرد. کەنیسە کە توانا خوڵقاریەکانی ژنی بەتایبەتمەندیەکانی شەیتان هاوتەریب کرد، بۆ ئەوە بوو کە پەراوێزبوون و لاتەریك کردنی ژن لەکۆمەڵگادا بسەپێنێ. بۆئەوەی ئەم رەوشە لەژیاندا زاڵ

و بەرجەستە بکات، ئەوا لەو دادگایانەدا هەرە زێدە ژن دادگایی کراوە. ئەو ژنانەی کە بە پیشەی پزیشکی، پەروەردەکردن بەگژوگیا و....هتد خەریك بوون، بە "جادوگەر" بەناو کراون و بەم بیانووەش دادگایی کراون و سزادراون کە بەزیندوویی بسووتێنرێن. ئەو ژنانەی کە بەم شێوەیەش سزادران ئەوەندە زۆرن کە لە ژمار نایەن.

دووەمین ئایینی گەورە کە لە قۆناخی فیۆدالیدا وەکو یەکێ لە ئایدیۆلۆژیا بەکاریگەر و دیارەکان لەدایك بوو، ئایینی ئیسلامە؛ کە لە بیابانی عەرەبستان، بە پێشەنگایەتی حەزرەتی محەمەد لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەم دەرکەوتەڕوو. حەزرەتی محەمەد بەهەڵسەنگاندنی قەیرانی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری باوی نێو کۆمەڵگای عەرەب و ئەو گەندەڵیە ئاکارییەی لەنێو کۆمەلگادا هەبوو، لەئەنجامی لێگەڕێن لە ئایدیۆلۆژیایەك کە ژیانی کۆمەڵایەتی بگەیەنێتە ئارامیەکی دیار, فەلسەفەی ئیسلامی پێکهێناوە و دەستی بە سەردەمێکی نوێ کردووە. ئەو پێکدادن و تەنگژە ئابووریەی کە هۆزە چۆلنشیەکان تێیدا دەژیان، لەلایەك بۆتە هۆکاری هاتنە ئاراوەی ئاڵۆزیەکی گەورە لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی و، لەلایەکی تریشەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ژن لەبەرهەمهێناندا جێگەنەگرێ و بەتەواوی بێ نرخ و بەها بکرێ و بەئاستێك گەیشتوە کە کیژۆڵە زیندەبەچاڵ بکرێ. لەم کۆمەلگایانەدا پیاو خاوەنی هەموو مافێك بووە کە کەی بخوازێت ژنەکەی تەڵاق بدات و چەندە دڵیشی بخوزایێت ژن بهێنێ. لەم قۆناخەی داڕووخانی کۆمەڵایەتیدا، هێنانی خەدیجە لەلایەن حەزرەتی محەمەد کە لەگەڵیدا کاری بازرگانی دەکرد و لەو ناوەندەی تێیدابوو خاوەنی پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی بوو و لەتەمەنیشدا گەلێك لەو گەورەتر بوو، تەواوی ئەمانە رۆڵێکی دیاریان لە گەیشتنی بە بیروڕای باش دەرهەق بەژنان هەبوو. بەواتایەکیتر ئەگەر خەدیجە نەبوایە، بە پێغەمبەربوونی حەزرەتی محەمەد مەیسەر نەدەبوو. خەدیجە کە نوێنەرایەتی کولتووری ژنە خوداوەندی دەکرد، یەکەمین کەسە کە یارمەتی حەزرەتی محەمەدی داوە، هاوڕێی یەکەمین دەرکەوتنیەتی، جێپەنجەی لە پێکهاتنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلام روون و ئاشکرایە. لەم رەوشەدا، لە کۆمەڵگای مەککەدا کە لەسایەی دەسەڵاتداریێتی پیاودا ژن بەچاوێکی بچووك لێی دەڕوانرا و کچی بەتەمەن منالیش زیندەبەچاڵ دەکرا، ناکۆکی جددی پێکدەهێنا، ئەم ناکۆکیەش لەلای خەدیجە دروست ببوو. بەگوێرەی ئەوەی کە خەدیجە نەیدەتوانی رووبەڕووی ئەم کۆمەڵگا زۆرداره بێتەوە، ئەوا سەبارەت بەم مەسەلەیە پەیوەندیەکانی لەگەڵ محەمەد و مێرد پێکردنی واتایەکی گەورە لەخۆوە

دەگرێــت. بــەجۆرێك هاوســەرێتی محەمــەد و خەدیجــە زیــاتر لــەوەی پەیوەندیــەکی خۆشەویستی بێـت، وەکـو نـاووکی تـۆوی یەکـەمین ئایـدیۆلۆژی و سیاسـیە لەبەرامبـەر کۆمەڵگای فەرمی مەککە. ژن نەهێنانی حەزرەتی محەمەد تا دوای مردنی ئەو، لە رێزلێنان زیاتر گرێدراوی هێزی ماددی و مەعنـەوی خەدیجەیـە. پەیوەنـدی محەمـەد بـە خەدیجـەوە کـە یەکـەمین کـەس بـووە بـاوەڕی پێـی هێنـاوە، خـۆی لەخۆیـدا گوزارشـت لـە شۆڕشـی ژن دەکات. هەڵبەتە هەڵوێست و نزیکبوونی ئـەو لـە ژن، لـەدوای شۆڕشـیش بۆتـە بەڵگـەی ئـەم رەوشە. بەڵام لە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەم کێشەیە لەماوەیەکی درێژخایەنـدا مەیسـەر دەبێت، بەڵام لە ئافراندنی چارەسەری درێژخایەنە بۆ ئەم کێشە، پاشکەوتنێك روویداوە.

لێگەڕینەکانی ئەشق (راستی) کە چڕبۆتەوە، بە ئەندازەی جیهانی ون بـوو، گوزارشـت لە خەیاڵی جیهانی ئایندە دەکات. لێگەڕینـەکانی ئەشـق بـەدوای میتۆلۆژیـای لەدەسـتدراو، ناکۆکیـە کۆمەڵایەتیـەکانی چارەسـەر نـەکراون، نهێنیـە بـێ کۆتاییـەکانی سروشـت، بـە تایبەتیش بەدوای بێگەردی مرۆڤ دەگەڕێت. لە دەستپێکی چاخی نـاوین وا مەزەنـدە دەکـرا کە لە رێی خودا (الله) ئەم لێگەڕینە دۆزراوەتەوە. وەکو زاراوە نەوەد و نۆ سیفەت بە خودا (الله) دەبەخشرێ. تەواوی خەیاڵەکانی مرۆڤ دەکرێتە موڵکی ئەو خودایەی ئاشقی بوونـە. وەکو پێغەمبەر و بەندە خۆشەویستەکانی داوای بەخشندەیی لێدەکەن. هـەموو شـتێکی کـە تەنانەت ناتوانرێ لـە خۆشەویسـترین کەسـیش بخـوازرێ، لـە خـودا دەخـوازرێ. جیهـانێکی ئایـدیۆلۆژی دەخوڵقێنـدرێ، رزگـاربوون لـە تـەواوی ناکۆکیـەکان بـەدی دێـت و ئـارەزوو و داخوازییەکان تێر دەکرێن. ئەوانەی دیکەش وەکو یاساکانی عیبادەت، یاساکانی شەریعەت و هێزی پراکتیزە کردن دیـار دەکرێـت و جێبـەجێ دەکـرێ. خـودی حـەزرەتی مەحەمـەد بـە پێشـکەوتووترین کـەس دادەنـرێ کـە لەمیانـەی نزیکبوونـەوەی خـۆی لـە ژن، شـێوەی ئـەو ئەشقەی خۆی بۆ خودا نیشانداوە. ئەم ژیانـەی ئەشـق کـە دوایـی دەکەوێتـە نێـو رەوشـێکی چەواشەکراو، لە راستیدا بە گوێرەی قۆناخی خـۆی پایـەدار کردنـی ژن و خێزانـە. مـەودای نێــوان ئەشــقی خــودایی و ئەشــقی ژن هێنــدە دوور نییــە. بــەڵام لەگــەڵ ون بــوونی گەوهەرەکەی، ئەم پەیوەندیەش تا دواڕادە چەواشە دەکرێت و دەکرێتە ئـامرازی دزێـوترین و گڵاوترین کردار. لێگـەڕینی ئەشـق کـە لـە رۆژهـەڵاتی نـاوین زێـدەتر چـڕدەبێتەوە و زیـاد دەبێ لە راستیدا بانگهێشتە بۆ تـەواوی بـەهاکانی شارسـتانیەتی مێـژووە لەدەسـت دراوەکـە. هـەروەکو بڵێـی بـۆ ئـەو بەهایانـە دەگـریین کـە لـە ماوەیـەکی نزیکـدا بـە تـەواوی لەدەسـت

دەچێ. تـەواوی لـە خـودا پاڕانـەوەکان بـە قووڵاییـەوە پەیوەسـتی ئـەم ون کـردن و لـە دەسـتدانەیە. ون کردنـی پـڕ بـە ئـێش و خـەمناك، کـەم و کوڕیـەکان و خیانـەت کـە لـە کولتـووری ڕۆژهـەڵاتی ناوینـدا ریشـەدارە، بـە شـێوەیەکی چڕوپڕ لـە هۆنراوەکـانی ئەشـقدا گوزارشتی لێدەکرێت.

ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیەت، کە ئامانجی ئاواکردنی سیستەمێکی ژیـانی نوێیـە؛ بەسـوود وەرگرتن لە ئایینە تاکخوداییەکانی بەرلەخۆی بە سـەنتێزێك گەیشـتوە، بـە تێکـەڵاوکردنی پێکهاتەی دەوڵـەت و ئـایین، ژیـانی کۆمەڵایـەتی خسـتۆتە نێـو سیسـتەمێکەوە لـەڕێگای ئـەو یاسا شەرعیەتانەی کە لە هەموو بوارێکەوە ژیانی ڕێکخستووە. حەزرەتی محەمەد بۆئەوەی ئـەو پەرتـەوازەیی و خراپەکاریانـەی کۆمـەڵگا بخاتـە نێـو سیسـتەمێکەوە، ئـەوا شـێوەکانی هەڵسـوکەوت، نزیکبـوون، تـەرزی ڕەفتـارکردن و تەنانـەت عیبادەتیشـی یـەك بەیـەك دیاریکردووە و، بەمجۆرەش لەنێو عەرەبدا مۆدیلێکی نوێی ژیانی خوڵقاندووە. ئیسلامیەت؛ بەفەلسەفەی یەکێتی و ناچاری تێکۆشان لـە پێنـاو ئامـانجێکی هاوبـەش؛ بـۆ یەکـەمین جـار زەمینەی بە نەتەوەیی بوونی لەنێو ریزەکانی عەرەب دروسـتکردووە لـە ڕێگـای کارەکتـەری تەشەنەکردن و بەرەو پێشەوە چوون. هەروەها حەزرەتی محەمەد ناچار بوو یاساکانی ئـەو سیستەمەی کە دایمەزراندووە بە شێوازی توند سەقامگیر بکات، ئەوەش بۆ ئـەو تەمبـەڵی و بێـزاری و ڕەشـبینیەی کـە لـەو قۆناخـەدا لەسـەر ژیـانی عەرەبـەکان زاڵبـووە، دەگەڕێتـەوە. بەڵام دواتر، ئەم یاسایانە، کە بنیادێکی توند و خۆپارێزی لەخۆوە گرت، هـەنگاو بەهـەنگاو لەنێو خۆیدا تووشی تەسك بوون و بنبەستبوون دەبێت. لەماوەیـەکی کورتـدا ئایـدیۆلۆژیای ئیسـلامیەتیش، هـەروەکو مەسـیحیەت، کـە کەوتـە دەسـتی چـینە دەسـەڵاتدارەکان، وەکـو ئـامرازی سـەرکوتکردنی گـەل و پاشەکشـە پێکردنـی بـەکارهێنراوە. بـەڵام ناکۆکیـەك بـە بەردەوامی لەنێوان تێڕوانینی فەلسەفە کـە نوێنەرایـەتی گەوهـەری ئیسلام دەکات، کـە لـە خـاکی ڕۆژهـەڵاتی نـاوین لـەدایك بـووە و پێشـکەوتوە و، شـێوەی دەمـارگیری لەدەسـتی دەسـەڵاتداراندا هەیـە، درێـژەی هـەبووە. تـاوەکو ئێسـتاکەش ئیسـلامیەت لەسـەر بنـەمای ڕاسـتینەی ڕەگ و ریشـەی خاکـەکانی خـۆی، خـاوەنی ئـەو زەمینەیەیـە کـە بەئاسـتێکی نوێنەرایەتی بگات و، لە ڕەوشێکدایە کە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ گەوهەری ڕاستەقینەی خۆی، ئەوا دەتوانێ بگاتەوە بەتایبەتمەندیە پێشکەوتوو و یەکگرتووەکانی خۆی.

سەبارەت بەو ژنەی کە لەنێو ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیەدا بۆتە بارێك بەسەر ژیان و بەچاوێکی بچووك سەیری دەکرا، بەڵام حەزرەتی محەمەد بەشێوەیەکی بەرجەستە لەو هاوسەرێتیانەی کە لەگەڵ ژنانی سەر بەگەلێك عەشیرەت و تیرەی جیاجیا و گەلێك توێژ، بووە و ژیانی ژنی گەرەنتی کردووە و شوێنگەیەکی دیار و بەهاداری پێبەخشی. بەمجۆرە گەلێك گۆڕانکاری ئەرێنی بەرجەستەی لە رەوشی ژن لەنێو کۆمەڵگا هێنایە ئاراوە. بەتایبەتی کاریگەریەکی ئەرێنی لەسەر ئەو ژنانەی لە نزیکیەوەی بوون لە رووی پێشکەوتنی هزری، کارگێڕی و بەدەستهێنانی توناکاری گوزارشتی بەهێزی سەرنج راکێش، کردووە. حەزرەتی عائیشە کە بە "دایکی باوەڕمەندان" ناوزەد دەکرێت لە ئیسلامیەتدا نمونەیەکی زیندووی ئەمە بوو لە رووی قووڵبوونەوەی لە ئایدیۆلۆژیای ئیسلام، هێز و وزەی مەزنی سیاسی و توناکارییە لە پڕوپاگەندە و رێکخستندا. بەڵام بەهۆی ئەو تایبەتمەندیە (ئەرستۆکراتی) چینایەتیەی فاتمە لێوەی هاتووە، لەدوای مردنی حەزرەتی محەمەد لەمیانەی ئەو شەڕی دەسەڵاتەی کە پێشکەوت، کەوتۆتە نێو شەڕی دەسەڵاتدارێتی. هەروەها حەزرەتی فاتمە کچی حەزرەتی محەمەد و ژنی حەزرەتی عەلی لە شوێنگەیەکی وەهادا بووە کە حەزرەتی محەمەد هەرە زێدە باوەڕی و متمانە و بەها و نرخی پێداوە، کە توناکاریەکی مەزنی لە تێگەیشتن و پەیڕەوکردنی ئیسلامیەت هەبوو. بەئاستێکی بڵندی ئایدیۆلۆژی و سیاسیش گەیشتوە و هەروەها خاوەن هەڵوێستێکی پرەنسیپانە بووە بەجۆرێك کە تەواوی ئەم تایبەتمەندیانەی لە قورئاندا ئاماژە پێکراوە.

ئەو پێوانە باشانەی کە بەگوێرەی ئەو قۆناخە سەبارەت بەشێوەی نزیکبوون لەژن هەبوون، دوای ئەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیایەی لە دەستی دەسەڵاتداراندا گۆڕانکاریان بەسەردا هات، ئەوا ئەم ئایدیۆلۆژیایەیان لەسەر بنەمای سەرکوتکردن، بەهیچ دانان، بێ ئیرادە کردن و بێ زمانکردنی ژن بەکارهێنا. ژنی خستۆتە نێو چوار دیواری ماڵ و سەرپۆش و پەچەی لەسەر کردووە و خستوویەتی. کاتێك پەیوەندی نێوان ژن و پیاوی بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر سنووردار کرد، لەمیانەی لۆژیکی "پاراستنی" ژن، خزاندیە نێو چوارچێوەی ماڵ و دەستەمۆکرا. ئەم رەوشەش دواتر، یەکێك لەفاکتەرە سەرەکیەکان پێکدەهێنێ کە جێگیربوونی شوێنگەی ژنی وەکو پلەدوو لەگەڵ خۆی هێنا. حەزرەتی محەمەد دەزگای خێزانی وەکو سەرەکیترین ئامرازی بەسیستەمکردنی ئایدیۆلۆژیاکەی بینیوە، بەجۆرێك دەسەڵاتی رەهای لەنێو خێزاندا بە پیاو داوە و ژنیش دەبێ بەگوێڕایەڵ

و ملکەچ و خزمەتکاری پیاوەکەی بێت و لەکاتێکدا مافی فرەژنی بەپیاو داوە کەچی تاك هاوسەرێتی بەسەر ژندا سەپاندووە. خێزان کە دەزگای سەرەکی سەقامگیربوونی سیستەمی کۆمەڵایەتیە؛ بۆتە ئامرازی گواستنەوەی تەواوی مافەکانی ژن بۆ پیاو کە بریتی بوون لە زایەند، جەستە و منداڵەکانی. لەم چوارچێوەیەدا پێوانەکانی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو و دابەشکردنی کاروبار لە قورئاندا دیاریکراون. تەواوی یاساکانی ئیسلامیەت بەگوێرەی هزری غەریزەکانی پیاو و لەدژی ژن رێکخراوە. بۆ نموونە، لەپێناو بەلاوەنانی داڕووخان و خراپەکاریە ئاکاریەکانی کۆمەڵگا، گوایە لەم رووەوە ژن تاکە تاوانبارە، فەرمانی سەرپۆشین و پەچە پۆشینی ژن دراوە و بەمجۆرەش هەوڵدراوە ئەو دواکەوتوویەی کە هەیە بەلاوەبنرێ. تەواوی ئەمانە هەروەکو چۆن بەپێی تێپەڕبوونی کات ژنی لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی گۆشەگیر کردووە، ئەوا لە رووی پێشکەوتنی هزریشدا بۆتە هۆکاری دواکەوتنی, هەروەها بەگوێرەی ئیسلام ژن بە "کەمبوون ــ لاوازبوون لە ئایین" دانراوە، رێگەی پێنەدراوە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لەهیچ خەباتێك و بوارێکی کۆمەڵایەتیدا بکات، بە بیانووی ئەوەی کە بەگوێرەی پێویست هۆشمەند نییە، بەپێی یاساکانی شەریعەتیش بە "مرۆڤی کەم" بینراوە. بەپێی ئەو بڕوایەی کە ژن لە هەر هەلومەرجێکدا ناتوانێ خۆی بپارێزێ و لەسەرخۆی زاڵ بێت بەشێوەیەکی گوماناوی هەڵوەستەی لە بەرامبەریدا کراوە. هەربۆیە بە تەواوەتی خراوەتە ژێر باڵادەستی و پاراستنی پیاوەوە. ئیسلام پیاو سەربەست دەکات کە چۆن بیەوێت رەفتار لەگەڵ ئەو ژنەی کە خاوەنیەتی بکات. ئەمەش بەپێی تێپەڕبوونی کات زەمینەی پتەوبوونی نزیکبوونە کۆنەپەرستیەکانی پیاوی دروستکردووە و، بۆتە هۆکاری هاتنە ئاراوەی ئەو جەسارەتەی کە توندوتیژی قەبە، بە سووکایەتی پێکردن و نیشاندانی هەموو جۆرە نزیکبوونێك، پەیڕەو بکات. پیاو کە خۆی بە ناوەندی هەموو شتێك داناوە، دەرهەقی ژن مەیلەکانی داخستنی، بچووك سەیریکردن و وەکو ئامرازێك کە بۆ ئەو دروستکراوە، لەگەڵ خۆی دەرخستۆتە روو. هەروەها لە کاتێکدا هەوڵدەدرێ لە ئیسلامدا زایەندی ژن لە رێگای یاسا وشك و باوەکاندا پەروەردە بکرێت، کەچی زایەندی پیاو، بەگرێدانی بەهەندێ یاسای سەرەکی سەربەستکراوە. تەنانەت وەکو پێداویستیەك سەیری ئەمە کراوە، کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی بێ سنووریش ئەمە تێبپەڕێنرێت کاتێك تواناکاری هەبێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە ژمارەی بەخاوەن بوونی ژن و منداڵ لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامدا بۆتە سیمبوڵێکی دەسەڵات. جگە لەوەش ئەو خەتەنەیەی

كـه لەیەهودیـەت وەرگـیراوە؛ لەكاتێكـدا زایەنـدی پیـاوی دەرخسـتۆتە پـێش و ئەمەشـی بەجیاوازیەكی زایەندی گەیاندووە، ئـەوا لـە رۆژگاری ئەمڕۆشمانـدا ئـەو خەتەنـە كردنـەی ژنـان، كـە لـە هەنـدێ وڵاتـی موسـڵماندا پـەیڕەوی لێـدەكرێت، بەتـەواوەتی شـێواندن و سەركوتكردنی زایەندی ژنی بەئامانج گرتووە.

ژنی موسڵمان، كە خراوەتە نێو چوار دیواری ماڵ، لە رەوشێكدا دەژی كـە گۆشـەگیر بـووە، توانـای بەرهـەمهێنانی هـزری و توانسـتەكانی بـۆ خوڵقكـاری گەیشـتۆتە سـنووری لەناوچـوون. هـەموو شـتێكی هـەر لەسـەرەتاوە بـۆ دانـراوە، لـە هەڵسـوكەوت و تەنانـەت لەدەربڕینیشدا، بـەجۆرێك لـەم هەلومەرجـەدا هیـچ شـتێك نییـە كـە ژن بتوانێـت بەتـەنیا ئەنجامی بدات. بەڵام باوەڕكردن بەوەی هەموو شتێكی لەلایـەن خـوداوە بـۆ دیـاریكراوە، لـە تەوەرەی ژندا ترس، ملكەچی و سادەبوونی پەرەپێداوە. هەرچی باوەڕهێنانـە بـەوەی كـە ئەگـەر سەرپێچیەكی بچوك بكرێـت رووبـەڕووی سـزای مەترسـیدار (تۆقێنـەر) دەبێتـەوە، بۆتـە هۆكـاری هاتنـە ئـاراوەی پەسـندكردنی هـەموو جـۆرە گوێڕایەڵیـەك بەشـێوەیەكی كوێرانە. هەر لەبەر ئەمەیە كە ئەوەی هەرە زێـدە تـەواوی یاساكانی ئیسلامی وەكـو خـۆی جێبـەجێكردووە، ژن بـووە. سـەبارەت بـەو پێگەیـەی كـە تیایدایـە، دەكـرێ بگـوترێ هـیچ نزیكبـوون و هەوڵـدانێكی نـەداوە كـە لـەم رەوشـەی تێیـدا دەژی بكۆڵێتـەوە. بۆیـە ژن ئـەو ژیانەی كە بەسەریدا سەپێنراوە و تێیدا دەژی وەكو چارەنووسێك پەسند كردووە، ملكەچی بووە. ژن لەكۆمەڵگا ئیسلامیەكاندا, مەحكوم بووە بەوەی كە لـەژێر چەوساندنەوە و فشار و لاتەریك كـردن و ملكەچی بوونـدا ژیـان بەسـەرببات. واتـە ژنـێتی بەئاسـتی ئەشـكەنجەی مەعنەوی گەیشتووە. تەواوی ئەمانە هەروەكو چۆن لە قۆنـاخی فیۆدالیـدا هـەبوو، ئـەوا لـە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا لە كۆمەڵگاكانی موسڵمان تاوەكو ئێستاكەش بەردەوامە.

وێڕای ئەوە، بەهۆی ئەو هەلومەرجانەی لەلایەن دەسەڵاتداران لە قۆنـاخی فیۆدالیـدا، كە لەتەوەرەی ئەم دوو ئایینە مەزنەدا پێشكەوت، دروست بوون، تا هات ئەو هەڵدێرەی كـە لە شێوەگرتنی ژن و پیاودا هاتبووە ئاراوە زۆر زیاتر بەفراوان و قووڵ بۆتەوە، لە رەوشێكدا كە ژن و پیاو بەهەمان شێوە لەمیانەی چینی چەوساوەدا رووبەڕووی فشار و سـەركوتكردن دەبوونـەوە، كەچـی بـەهیچ شـێوەیەك زەمینـەی لـە یەكـدی تێگەیشـتن و هاوبەشـیكردن پێكنەهاتووە. لە كاتێكدا تایبەتمەندیـەكانی مـەیلی قەبـە و توندوتیـژی پیـاو دەردەخرایـە پێش، ئەوا بە بەردەوامی بەشداربوونی لە شەڕەكاندا وایكردووە ئەم تایبەتمەندیانە قووڵتر

ببنـه‌وه‌. پیـاو لـه‌ڕێگای ئـه‌و شـێوازه‌ی توندوتیـژی و سـه‌ركوتكردنانه‌ی پـه‌یڕه‌وی لێـده‌كرد، گه‌یاندۆته‌ ئاستی ئامرازێك كه‌ له‌وه‌وه‌ هه‌ستی بـه‌ لـه‌خۆبایی بـوون ده‌كـرد، ئه‌مـه‌ش پیـاوی دوور خستۆته‌وه‌ له‌رۆحی ناسكی ژن و هێز و وزه‌ی پێشكه‌وتنی مرۆڤایـه‌تی. لـه‌م قۆناخـه‌دا ئه‌و تایبه‌تمه‌ندیانه‌ی كه‌ پێی ده‌گوترێت پیاوێتی، كه‌ تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی وه‌ك قه‌به‌، هه‌رده‌م خۆ به‌ بـه‌رزدانان، تـادواراده‌ بـه‌خۆ بـاوه‌ڕبوون و سایكۆلۆژیای خاوه‌نـدرێتی بـوون لـه‌خۆوه‌ ده‌گرێت، به‌قووڵاییه‌كی زۆر جێگیر بووه‌. ته‌نیشت ئه‌مه‌ له‌ ژنیشـدا به‌تـه‌واوه‌تی بـه‌گوێره‌ی پیـاو خـۆ گونجانـدن، ده‌رنه‌كـه‌وتن لـه‌ چوارچـێوه‌ی داخوازیـه‌كانی پیـاو، به‌شـێوه‌گرته‌ی كه‌سایه‌تی وابه‌سته‌ و گرێدراو، پیـاوی لـه‌ ئاسـتێكی بـه‌رزدا په‌سـند كـردووه‌، جیهانیشـی لـه‌ چوارچـێوه‌ی به‌ده‌ستخسـتنی پیاوێـك قـه‌تیس مـاوه‌. لـه‌م چوارچـێوه‌یه‌دا ژن لـه‌قۆناخی ده‌ره‌به‌گایه‌تیـدا جگـه‌ لـه‌ بـوونی به‌كاڵایـه‌كی سێكسـی (زایه‌نـدی) بـه‌ولاوه‌ شـتێكی دیكـه‌ نه‌بووه‌. ژن كه‌ به‌ته‌واوه‌تی له‌ به‌رهه‌مهێنان دوور خراوه‌ته‌وه‌، ئه‌وا هه‌سـت، هـزر، داخـوازی و ئاره‌زوو و ره‌تكردنه‌وه‌كانی ژنیش بـه‌هیچ دانـراون و ته‌نانـه‌ت له‌گـه‌لێك شوێنیشـدا وه‌كو مرۆڤ په‌سندنه‌كراوه‌. له‌ كاتێكدا كه‌ ئه‌م تێڕوانیه‌ هه‌م له‌لایه‌ن پیاو و هـه‌م له‌لایـه‌ن خـودی ژنیشه‌وه‌ به‌م شـێوه‌یه‌ په‌سـندكراوه‌، ئـه‌وا نه‌زۆكیـه‌كی مـه‌زن لـه‌ په‌یوه‌نـدی نێـوان هـه‌ردوو ره‌گه‌ز په‌ره‌یسه‌ندووه‌. به‌م ره‌نگه‌ش به‌ دابڕانی ژن له‌ سـتاتۆی كۆمـه‌ڵگای خـۆی و پیـاویش كـه‌ به‌مـه‌یلی جیـاواز خـۆی داوه‌تـه‌ په‌سـند كـردن، ئـاواش گه‌یشـتۆته‌ ئـه‌و شـوێنگه‌یه‌ی كـه‌ سیسته‌م ده‌یخواست. ئه‌م پێكهاته‌ پاشـڤه‌ڕۆیه‌ قووڵـه‌ی كـه‌ لـه‌ناو خۆیـدا لـه‌ بـێ چاره‌ییه‌كی هه‌ره‌ زێده‌ دابـوو، بـه‌ڵام له‌بـه‌ر ناچاربوونی هه‌ماهـه‌نگی له‌گـه‌ڵ سیسـته‌م كـردووه‌ و، وه‌كـو تاكه‌ چاره‌ك په‌سندی كردووه‌، قۆناخێك بووه‌ كه‌ تیایدا سه‌ركه‌وتنی به‌ده‌ست هێناوه‌.

لـه‌قۆناخی فیۆدالیـدا ژیـان و گـوزه‌ران بـۆ ژن، به‌تـه‌واوه‌تی ئه‌شـكه‌نجه‌یه‌ك بـوو، به‌جۆرێك له‌به‌رامبه‌ر رووداو و دیارده‌كان تووشی بێچاره‌ییه‌كی قووڵ بۆتـه‌وه‌، دوای ئـه‌وه‌ی لێگه‌ڕینـه‌كانی سـاردكراوه‌ته‌وه‌، ژیـان و خه‌یاڵـه‌كانی له‌چوارچـێوه‌ی دنیـا بچـووكه‌كان به‌ندكراوه‌، له‌هه‌موو شوێن و كاتێكدا، لـه‌ده‌ره‌وه‌ی ئـیراده‌ی ئـه‌و، بـۆی دیـاریكراوه‌ كـه‌ ده‌بـێ چی بكات و چی بڵێت. له‌كاتێكدا كه‌ هه‌وڵیدابێت له‌و بێچاره‌ییه‌ قووڵه‌ رزگاری ببێـت، ئـه‌وا هه‌میشه‌ رووبه‌ڕووی ئه‌و دامودەزگایانه‌ بۆته‌وه‌ كـه‌ له‌خزمـه‌ت سیسـته‌مدا بـوون و له‌لایـه‌ن ئـه‌و سیسـته‌مه‌وه‌ دروسـتكراوه‌. "عـه‌زیزه‌كان" لـه‌ ئـایینی مه‌سـیحیدا، وه‌كـو به‌رهـه‌مێكی بێچاره‌یی پێشده‌كه‌وێت، شێوازێكه‌ بۆ پڕكردنـه‌وه‌ی ئـه‌و بۆشاییه‌ ده‌روونـی و رۆحیـه‌ی كـه‌

لەئارادان، لەڕێگای پەرستنی خودا، کە ئەمەش بەگۆشەگیری و خۆداستن لە کەنیسەکان و، بەتەواوەتی دابڕان لەکۆمەڵگا و هەموو ئەو شتانەی کە ژیانی دەکرد، پێك دەهێنێ. ئەمەش بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی تایبەتمەندیەکانی وەك چەپاندن (کبت)ی خود، گۆشەگیری، دابەش نەکردنی ئەو شتانەی هەستی پێدەکات و بەسەریدا دێت، هەستکردن بەوەی کە بێ بەها و ناتەواوە و هەنگاو بەهەنگاو ئەم ڕەوشە بەئاستێك گەیشتووە کە مەحاڵە لەم تەڵەزگە (بەندێتیە)یە ڕزگاری ببێت. ژنی وەرزێڕیش لەهەمان ڕەوشی دەروونی (ڕۆحی)دا دەژیا، وێڕای ئەوەی لە بەرهەمهێناندا تاڕادەیەك جێگەی گرتووە، کەچی نەیتوانیوە ئەم کاریگەرییە گرنگەی، کە دروستیکردووە، بۆ سوودی خۆی وەرچەرخێنێ، بەڵکو لە ژیان و خەباتدا مەحکومبوونی بۆ پاشکۆیەتی پیاو بەردەوام بووە. ژنی وەرزێڕ، هاوکات لەنێوان تەنیاییەکی مەزندا بووە و دونیای لە چوارچێوەی ژیانی رۆژانەدا سنووردار بووە، نەیتوانیوە لەنێو ژیانی رۆژانەدا گوزارە لەخۆی بکات و بگرە لە هەموو ڕوویەکەوە لە دەریای دواکەوتنی هزریدا سەرنگوون بووە.

هەروەها وێڕای ئەوەی ژنی ئاریستۆکرات کە لەنێو چینی دەسەڵاتداردا جێگەی گرتووە، کەچی لە ڕووی پێکهاتەدا زێدە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە لەهەمان ڕەوشی ڕۆحی ژنی وەرزێڕدا بووە، لەگەڵ ئەمەش دەبینین لەنێویاندا هەڵدێرێکی قووڵ و بەرفراوان پێکهاتووە. ئەم ژنانە بەهۆی ئەم هەڵوێست، شێوازی جموجۆڵ و بیروبۆچوونانەوە بوونەتە تەواوکەر و هێزی یەدەگی دەسەڵاتی زاڵی پیاو. لەبەر ئەوەی تێڕوانین و نزیکبوونی ژنانی ئاریستۆکرات لە ژنانی چینە چەوساوەکان هاوشێوەی مێردەکانیانە، بۆیە بچووك بینین و بچووککردنەوەیان لە ئاستێکی هەرە بەرزدا دەردەکەوێتە ڕوو. بەشێوەیەکی گشتی ژنانی خانەدان و ئاریستۆکراتەکان، بەهیچ شێوەیەك بەشداریان لە بەرهەمهێناندا نەکردووە، تاکە کارێك کە ئەنجامیدابێت لەسەر بنەمای خۆ پێشکەشکردنی بۆ پیاو پێکهاتووە. لەئەنجامی نزیکبوونی پێداویستی بەرزبوونەوەی یەکدی، هەربۆیە زەمینەی پێداویستی هەرە بچووکیان بۆ لەیەکتری نزیکبوونەوە لە ئارادا نەماوە، کەچی لە شوێنی ئەمەدا لایەنی هەرە زێدەی یەکتری خستن دەرکەوتۆتە پێش. یەکێك لەتایبەتمەندیە دیارەکانی پیاوان کە تاکڕەوێتیە، بەمجۆرە لە ژنیشدا پێشکەوتووە. لەم قۆناخەدا دەرکەوتنە ڕووی ئارەزووی گەیشتن بەدەسەڵات لەژنی خانەدان، ژنی بۆ گەلێك ڕەفتاری کرێت و دزیو پاڵ پێوەناوە و ئەم ژنانە، بەهۆی ڕەهەندەکانی

دوورکەوتنــەوەی لــە گەوهــەری خــۆی، لەســەر بنــەمای تێــڕوانینی پیــاو کــە شــێوەیەکی دەسەڵاتی دروست کردووە، هەوڵیانداوە بگەنــە دەســەڵات. هەرچــی ئــەم شــێوازەی گەیشتنی بەدەسەڵاتیشە، هاوشێوەی ئەو شێوازانەیە کـە سیستـەمی دەسـەڵاتدار پـەیڕەوی لێکـردووە. ئەو ژنانەی کە لە کۆشکەکاندا شوێنی خۆیان لەگـەڵێك لـەو ناکۆکیانـەی لەسـەریدا گەیشتن بەدەسەڵات، گرتووە، بەپشت بەستن بەهێزی خۆیـان و بـە بـەکارهێنانی فرتوفێڵ، لـەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات، بەپەیڕەوکردنی گەلێك لەشێوازی پێچەوانەی گەوهەرەکـەیان، وێنـە و شــێوەیەکی نــەرێنیان دروســتکردووە. بــەهۆی ســەرکوتکردن و لــەنێو بردنــی هێــزی ژن، شانبەشانی نەهێشتنی هیچ دەرفەت و زەمینەیەك کە ژن بتوانێت هێـزی خـۆی دیاربکات و نیشـان بـدات؛ ژن رووبـەڕووی پارچـەبوونێکی بـەمجۆرە بـووە و لەئاسـتێکی هـەرە بـەرزدا پێگەیەکی دژایەتیکردنی هاوڕەگەزەکەی بەرجەستە کردووە.

شانبەشــانی تــەواوی ئەمانــەش، ژن لــەقۆناخی فیۆداڵیــدا بــەهادارترین و گــرنگترین دیاری بووە کە لە رێککەوتنـەکانی ئاشـتی و پەرەپێـدانی پەیوەندیـە دیبلۆماسیەکان، وەك ئامرازێـك پێشکەشـکراوە. لەسـەردەمی دایکسالاریدا ئـەو پەیوەندیانـەی کـە لـە گەوهـەری خویاندا کارەکتەری ئاشتی لەخۆوە دەگرێت و دواتـر نـەرێنی کرابـوو، ئـەو ژنـە کـە لەسـەر راستکردنی ئەمـەدا رۆلێکـی چالاکی گێـراوە، کەچـی لەسـەردەمی فیۆداڵیـدا لەمیانـەی ئـەو جۆرە رێککەوتنانەدا وەك پێداویستی نیشاندانی نیاز پاکی لە بەکارهێنانی کاڵایەك بـەولاوە گوزاشــت لەشــتێکی دیکــە ناکــات. هــەبوونی ژن لەژیانــدا، لەبەرئــەوەی لــە نزیکــەوە پەیوەندیدارە بەپیاو، بۆیە بەهەموو شتێکیەوە بـەپیاوەوە پابەنـدبووە. لـەم قۆناخـەدا کـە پێکهاتەی کەنیزەکی هەرە زێدە خۆی بەدەزگا کـردووە، شـێوە وەرگـرتنی بـەگوێرەی پیـاوی رەنگێکـی سـەرنج راکێشـی وەرگرتـووە, لەبەرئـەوەی لـەم دەزگایـەدا لـەنێو ئـەو ژنانـەی کـە حەسـوودی و نـاکۆکی نـاوخۆیی زێـدەبووە، ژن بـە رەوشـی دوژمنکـاری هاوزایەنـدی خـۆی گەیشتووە. زایەنـدی وەك تاکـە ناوەنـد (بـوار) ێـك پێشـکەش بـەژن کـراوە، بۆیـە بەرەوشـی ئامرازێك گەیشتووە کە بۆ هەموو ئامانجێك بەکاردەهێنرێت. لـەڕێگای سیاسـەتەکانی پیـاو، کـە بەوشـیارییەوە بـەڕێوەی بـردووە، ئـەو ژنـەی کـە لـە خەباتـەکانی زانسـتی، سیاسـی، بەرهەمهێنان و تەنانەت ئایینیش دوورخرابۆوە، ئیدی بەهای ئەو لەنێو ژیاندا بەپێودانگی تا چ ئەندازەیەك دەتـوانێ وەڵامـی ئارەزووەکـانی پیـاو بداتـەوە، پێـوراوە. لەبـەر ئـەوەی ژن بــەڕەنگێکی راســت هێــز و وزە و توانــای بــەکارهێناوە یــاخود لەبەرئــەوەی بــەڕەنگێکی

تەندروست لـە میانـەی پێکهاتەیـەکی پەرەپێـدەر و پێشـخەر هەڵنەسـەنگاندووە، بۆیـە ژن لەهەموو وزە و هێـزی خـۆی لـەگۆڕەپانی زایەنـدیـدا بـەکارهێناوە و ئەمـەش جیـاوازبوونی نێوان رەگەزی خۆی و لەرەهەندی کەسایەتیشدا گەندەڵی و سوواوی لەگەڵ خۆی هێناوە.

هــەروەکو چــۆن سیســتەم تــا ئــەو رادەیــە تونــد و ســتەمکاربوو، ئــەوا لــەپیاودا رەنگدانــەوەی لــەنێو خێزانیشــدا، هاوشــێوەی چــینی سەردەســت کــە لــە کۆمــەڵگادا دەســەلاتدارێتی دەکــرد، لــەنێو ماڵــدا دەســەڵاتدارێتی کردنــی لەســەر ژن و منداڵــەکان، ئەنجامـداوە, واتـە بـە تـەواوەتی بۆتـە ئەنجامـدەری پراکتیکـی سیسـتەم. لـە کاتێکـدا پیـاو جارێك دەچەوسـێنرایەوە، ئـەوا ژن هـەم لەلایـەن سەردەستەکانەوە، هـەم لەلایـەن مێـرد و باوك و هەر کەسێکی نزیکیەوە دەکەوێتە نێو تەڵەزگەیـەك و دەچەوسـێنرێتەوە. لەبنکەی ئەم دەزگایەدا ژن داخراوبووە و کاتێك رەوشـی نـەزانێ و دابەشکردنی بخرێتـە سـەر، وەکو چارەنووسـێك ئەمـەی پەسندکردووە. ژن، ئیـدی وەکـو ئـەنجامێکی بـێ چارەیی، بەهـەموو شتێك زوو بەزوو کاریگەر دەبێ و بۆتە خاوەنی پێکهاتەیەکی هەستیار، ملکەچ و بـێ بـاوەڕ لەبەرامبەر خۆی.

لەکاتێکـدا تاکـە دەسـەڵاتی خێـزان پیـاوە، واتـە سـەرۆکی مـاڵ بـاوك بـووە، ئـەوا ژن بوونەوەرێکی بێ نرخ و بەها بووە. لەبەرئـەوەی هێشـتا لەتەمـەنی منداڵیـدا لـەژێر فشاری ژن بـوون (ژنـێتی)دایـە، بۆیـە ناچـاربووە ئـەرکی قـوورس هـەڵبگرێ. لەسـەرەتادا لـەرێگای پێوانەکانی نامووس (شەرەف) ی قورس، دەخوازرا خۆی بپارێزێ، هـەرجۆرە هەوڵدانێکیش بـۆ تێکدانی ئـەم رەوشـە کرابێـت لـە دەورووبـەری ژنـەوە روویـداوە. ئەگـەر نـا جگـە لەمـە دەرفـەتی ژیـانی بـۆ نییـە. نـامووس، ئـەو دیاردەیەیـە کـە پیـاو پێشیخسـتووە بۆئـەوەی بـەدەزگابوونی دەسـەڵاتدارێتی خـۆی لەسـەر ژن ئەنجامبـدات و بەتـەواوەتی کـۆنترۆڵکردن لەسەر جەستەی ژن لەخۆیەوە دەگرێت. دیاردەی خەتەنەکردن و کچێنی ژن، شێوەیەکە لـە پـەیڕەوکردنی ئـەم کۆنترۆڵـە ئـەم شـێوازانەی کـە ئامانجیـان تـا سـەر مـۆخی ئێسقان بـە پەسندکردنی بێ باوەڕی ژنە، لەژندا نەك هەر تەنیا بـێ بـاوەڕی لەبەرامبـەر خـۆی، بـەڵکو شـکاندنی ئیرادەیـەکی قـووڵی وەهـای دروسـتکردووە کـە نـەتوانێ لەسـەر خـۆی داوای هـیچ مافێك بکات. ئەو کردارانەی کە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە کە بـەناوی "مـافی شـەوی یەکـەم" پێکدەهێنا ناکۆکی قووڵی چەمکی نامووسی دەرخستۆتە روو، پیاوی چـینی ژێـر کـە لەگـەڵ کەوتوویی نامووسی خـۆی دەژی، کـە نیشـانەی ئـەم نامووسـەیە، لـە کاتێکـدا شـەوی یەکـەم

پێشکەشی دەرەبەگەکەی (سەردارەکەی) خۆی دەکات، لەڕاستیدا ئەمە نموونەی بەئازاری "سوتێنەری" بێ چارەییەتی. ئەم کرداره لەلایەن چینی بەگزادەوە، گوزارەی زاڵبوونیەتی لەسەر ژن و پیاو و بەکارهێنانی مرۆڤەکان وەك ئامرازێك دەردەخاتە روو.

مێژووی ژن لە سەردەمی فیۆداڵیدا، ئیدی لە رەوشی لەبیرکردن دایە، ئەو ژنەی کە مێژووەکەی بە پیاو و گوناح دەستپێکردبوو، بەمجۆرە لەتەوەرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە لە گەوهەری خۆی دووریدەخستەوە، ئیدی تەواو دەبێت. ژن، لەڕێگای بێ ریشەکردنی لەڕووی ناسنامە و مێژووەوە کرێت بووە. ئەو ژنەی کە لێگەڕینی ژیانی هەرزان بووە, ئەوا مومکین نییە بزانێ لەمێژووی خۆیدا ژنی وا بەهێز و سەرۆك هەبوونە کە ژیانیان بەجوانترین و یەکسانیترین شێوە بەڕێوە بردبێت. لەقۆناخی فیۆداڵیدا، ئەو ژنەی کە تەواوی مەزنی دەسەڵاتداریێتی، هێز و ئیرادەی بەپیاو هاوشێوە دەکرا، کاتێك دەیخواست بەمانە بگات، لەبەر ئەوەی شێوە وەرگرتنێکی بەپێی ناسنامەی خۆی وەرنەگرتبوو، ئەوا لەبوونی بەکاریکاتۆرێکی کرێتی پیاو زیاتر، بەرەو پێشەوە نەچووە. کاتێك خواستی ئەوە بکات هانای برد بۆ شێوازە تاکرەویەکان و، خستنی ئەوانەی لە دەوروبەردا بوون و بەهەر شێوازێك بێت و بەکارهێنانی تایبەتمەندی تووڕەکردن و خرۆشان لەهەوڵیدا بۆ پارچەکردن و بلاوکردنەوەیان. بەم شێوەیەش ژن مێژووی خۆی سەراوژێر کرد کە تیایدا یەکتریان بڵند دەکرد و، نرخی دەدایە مرۆڤ و دەوروبەر و سروشت، کە بەمەش تێربوونێکی موراڵی دەهێنا بۆ بەدەست هێنانی ویستەکانی خۆی بووە باشترین پێکهێنەری رژێمی زاڵ.

ئەگەر گشتی بکەینەوە هەموو ئاسەوارە خراپەکانی ئەم سەدەیە زۆر بەوردی لەسەر ژنان دەبینین، بە رەنگێك کە کۆڕانکاری بەسەر شێوە و هەڵویستیدا هاتووە بەهۆکاری بوونیادی ئیرادی لاواز و، سست و، تووڕە و، باوەڕ بە قەدەر هێنان و، دوورکەوتنەوە لە خولّقکاری هزری و بێ حاڵ و هێز. بەم شێوەیە فیۆداڵیزم وەکو سەردەمێکی تاریك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەرباز بوو. ئەم تاریکاییەش بۆ ژن قووڵتر بوو بە پلەیەك کە هەندێك مەحاڵە جارێکیتر بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و بۆ جاری دووەم خۆی بناسێت. هەرجارێك خواستبێتی رێگەیەك بۆ هەناسەدان بدۆزێتەوە، لەبەرامبەر خۆیدا میکانیزمی چەپاندن و زۆری بینیوە، ئەمەش وای لێکرد بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و زۆرتر دوابکەوێت، ژن لە فیۆداڵیزمدا پارچەبوونی ژیان کردووە، هەتا بچوکترین خانەکانی بێشەبوونی

ژیانکرد، تایبه‌تمه‌ندی فیتنه و فه‌ساد، حه‌سوودی، توندی، فێڵ و ته‌ڵه‌که‌بازی که هیچ په‌یوه‌ندیه‌کی پێوه نییه، په‌سند کرد. به‌م ره‌نگه‌ش به توندترین شێوه له مرۆڤایه‌تی و مێژوو و ژیان نامۆ بوو. ئیتر له‌م سه‌رده‌مه تاریکه‌دا ته‌نانه‌ت ناوی "ژن"یش نه‌ما، ئه‌مه و له‌کاتێکدا ده‌که‌وینه ناو رژێمێکی باوکسالاری نوێ. ژن له‌فیۆدالیزمدا هه‌مو ئه‌و لایه‌نانه‌ی له‌ده‌ست دا که به‌رپێوه‌ی ببات و ده‌ستی بگرێت به‌ره‌و باشی و جوانی و راستی و ته‌ندروستی. به‌م ره‌نگه‌ش که‌وته ناو قۆناخی سه‌رمایه‌داری.

## ژن و كۆمه‌ڵگای سه‌رمایه‌داری

گه‌وهه‌ری سیسته‌می سه‌رمایه‌داری پشت به‌وه ده‌به‌ستێت که خاوه‌نی ره‌نجه‌کان (کارکه‌ره‌کان) به‌رامبه‌ر به‌کرێیه‌کی که پێشتر دیاریکراوه و له‌چه‌ند کاتژمێرێکی دیاریکراودا، گرێدراوی کاریان بکات و به‌کاریان بێنێ. له سیسته‌می کۆیلایه‌تیدا تاکی کۆیله به‌هه‌موو شتێکه‌وه تاوه‌کو مردن موڵکی خاوه‌نه‌که‌یه‌تی. کامه‌ی بخوازێ و ئاره‌زووی لێبێت کاری پێده‌کات، ده‌یفرۆشێ و ته‌نانه‌ت ده‌توانێ بیکوژێ، به‌جۆرێك جیاوازیه‌کی ئه‌وتۆی له‌گه‌ڵ ئاژه‌ڵدا نییه. سیسته‌می وه‌رزێر پشتی خۆی به گرێدانی هاوبه‌شی وه‌رزێر به‌خاك ده‌به‌ستێ و، به‌خاوه‌ن زه‌وی له‌سه‌ر به‌شێکی دیاریکراودا پابه‌ند ده‌بێت، واته له پایه‌یه‌کی نیو ئازاددایه. ده‌توانێ ببێته خاوه‌ن خێزان. به‌ڵام تادوایی ده‌رفه‌تی دابرانی له‌خاك سنووداره. به‌ڵام  له‌سه‌رمایه‌داریدا، تاك گرێدراوی هیچ که‌سێك نییه. له‌به‌رامبه‌ر کرێیه‌کی دیاریکراو ده‌توانێ له‌بازاڕدا ره‌نجی خۆی بفرۆشێته هه‌ر که‌سێکی که خۆی رای له‌سه‌ربێ. به‌گوێره‌ی په‌یوه‌ندی وه‌رزێرێتی هه‌نگاوێکی دیکه به‌ره‌و ئازادی چووه.

دووه‌مین بابه‌ت و فاکته‌ر که رۆڵێکی دیاریکراو له پێشکه‌وتنی سیسته‌مدا ده‌بینێ، کاره‌کته‌ری پیشه‌سازی به‌رهه‌مهێنانه. به‌رهه‌می کارگه به‌بنه‌ما ده‌گیرێت. گرنگترین هه‌نگاوی پێشکه‌وتنی شارستانیه‌ت ده‌ربازبوونه له مانیفاکتۆرا بۆ کارگه. هه‌روه‌کو ده‌زانرێ له‌به‌رهه‌می مانیفاکتۆرا هێزی بازوو به‌بنه‌ما ده‌گیرێت و شێوازێکی ده‌زگای به‌رهه‌مهێنانی

سەردەمی نیۆلۆتیکە. کارگە یەکینەیەکی بەرهەمهێنانی تایبەت بەسەرمایەدارییە، کە کاری بە کۆمەڵ و ئامێری دیاریکراو، کۆڵەکەکەی پێکدەهێنێ.

سێیەمین فاکتەری سەرەکی کە سەرمایەداری پێشدەخات، پێکهاتەی ئامێرەکانە. بەئەندازەی ئەوەی ئامێر رۆڵی لە پێشکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە، هاوکات کارتێکردنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریش لەسەر ئامێر و پێشکەوتنی زیاتر، فاکتەرێکە لەسەرووی ئەوانی دیکەوە دێت.

یەکێك لەو تایبەتمەندێتییە لە پێشینانەی کە دەرکەوتنی شارستانیەتی سەرمایەداری لەگەڵ تەواوی سیستەمەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، پێکهاتەی هزرە، کە پشت بەزانیاری زانستی شێوازی بیرکردنەوە دەبەستێ. لەگەڵ دەستپێکردنی چاخی سەرمایەداری، پێکهاتەی هزری میتۆلۆژیای چاخە سەرەتاییەکان و پێکهاتە هزرییە ئایینەکانی چاخەکانی ناوین بەلاوە دەنرێن. شێوازی هزری زانستیانە کە شێوازی هزری فەلسەفەی چاخەکانی سەرەتایی و ناوین رێگای لەپێش دەکاتەوە، لەم قۆناخەدا دەردەکەوێتە پێش و قورسایی پەیدادەکات. گەوهەری ئەم شێوازەی بیرکردنەوە بەبێ پێویستی هەبوونی هێزێکی دەرەکی، لەمیانەی خودی یاساکانی ناوخۆییەوە پشت بە روونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سروشت و کۆمەڵگا دەبەستێت.

فەلسەفە شێوازێکی هزرە لە سۆزداری بەولاوە، بەخۆبەختی لەلایەن پێکهاتەی هزر و لۆژیکی مرۆڤ پەسند دەکرێت و تەنانەت تایبەتمەندێتی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرێت کە دەتوانرێ بسەلمێنرێ، بەتایبەتیش لەئاکامی بیرکردنەوە پەسند دەکرێت. باوەڕی بەپێکهاتەی هزری مرۆڤ دەکات، هەربۆیە پەسندکردنی مرۆڤ دەردەخاتە پێش. بەمجۆرە یەکەمین تۆوی کەسێتی تاك و مرۆڤپەروەری، گرێداوی شێوازی هزری فەلسەفییە. لەم چوارچێوەیەشدا فەلسەفە دەبێتە گرنگترین زەمینە و دەرفەتی سەرەکی شێوازی هزری کۆمەڵگای سەرمایەداری.

شارستانیەتی سەرمایەداری تەنیا رێگای لەپێش پێشکەوتنی زانست نەکردۆتەوە، بەڵکو لە ئاستێکی بەرزدا رێگای لەبەردەم تەسکبوون و سنووورداربوونیشی کردۆتەوە. ئەو ناکۆکیانەی کە لەناواخنی خۆی دەگرێت ناهێڵێ زانست هەموو هێز و توانای خۆی بخاتە گەڕ. بەتایبەتیش بەرامبەر زانستەکانی کۆمەڵناسی، موحافەزەکارترین رژێمە، بەڵام ئەو سیستەمەی تاوەکو ئێستا لە هەموو شێوەکانی کۆمەڵگادا زیاتر لەمیانەی زانستەوە

دەزگاكانی ژێرخان و سەرخانی خۆی بەهێز كردووە، كۆمەڵگای سەرمایەدارییە. ئەم تایبەتمەندێتیەشی رۆڵی خوڵقاندنی قۆناخەكانی رێنسانس و رۆشنگەری سەردەمی لەدایكبوونی سەرمایەداری ئاشكرا دەكات. چونكە لێهاتووترین كۆمەڵگایە كە هێزی خۆی بەپێشخستن و بەدەزگابوون و بەڕێوەبردنی زانست وەرگرتووە. شتێكی رێكەوت نییە كە سەركەوتووترین كۆمەڵگایە لە گەیشتن بەزانستی بوون، واتای بەهێزبوونە. راستتر بڵێین، زانستیبوون واتای رۆشنگەرییە. رۆشنگەری واتای ئەنجامدانی كاری راست و چاكە. ئەنجامدانی كاری راست واتای سەركەوتن و بەرهەمی باش و زێدەیە. بەرهەمی چاك و زێدە لەهەموو ئاستێكدا لەبواری سیاسەتەوە تاوەكو ئابووری، واتای بەهێزبوون و گەیشتنە بە رۆڵی پێشەنگایەتی. لەم چوارچێوەیەدا بەدەركەوتنە پێشی لایەنی زانستی شێوەگرتنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی سەرمایەداری دیاریكەربووە.

تاكڕەوێتی، تایبەتمەندێتی سەرەكی و رۆحی ئەو سیستەمەیە كە كۆمەڵگای سەرمایەداری خوڵقاند. هەروەكو چۆن زانست گوزارشت لەرەوشی گشتی هزری ئەم كۆمەڵگایە دەكات، تاكڕەوێتیش تایبەتمەندێتی رۆحی كۆمەڵگاكە پێكدێنێت. تاكڕەوێتی، شێتایەتی ئەو تاكەیە كە لەبەرژەوەندی خۆی بەولاوە هیچ شتێكی دیكەی لەلا پیرۆز نییە و لەگەڵ دەركەوتنی سەرمایەداری زنجیرەی خۆی پساندووە و گەیشتۆتە ئاستی سەرشێتی و هاربوون، بوونی تاك سەرەكیترین هێزە كە بەردەوامی پێدەدات.

تاكی سەرمایەداری، جولانەوەی تۆڵەسەندنەوەیە لە دیاردەی كۆمەڵگا. بەتایبەتیش لەقۆناخی لەدایكبووندا تینوێتی تاكڕەوی هیچ سنوورێك ناناسێت. لە میانەی خۆدابڕین لە تەواوی پەیوەندیەكانی رابردوو، لەو باوەڕەدایە ئازادبووە. هێزی پارە وەكو خودا دەبینێ. واتە هاوكێشەی "خودا = پارە"، بەڕادەی هەرە زێدە لە كۆمەڵگای سەرمایەداری دەوەشێتەوە. پارە دەبێتە گوزارشتی بەرجەستەی رۆحی سیستەم. هێزێكی سیحراوییە، دەتوانێ بۆ هەموو بەهایەك بگۆڕدرێت. لەكاتێكدا لەشێوەگرتنی كۆمەڵگاكانی پێشوودا تەوتەم و خودا و پادشا خوداوەندەكان وەكو سیمبوڵ هەڵدەسەنگێنران، لە شێوەگرتنی سەرمایەداریدا پارە سەرەكیترین هێزە، كە رۆحی تاك بۆ خۆی راكێش دەكات، لەپێناویدا هەموو شتێك چاوەڕوان دەكرێت، تەنانەت كاتێك پێویست دەكات لەپێناویدا رێگا لەپێش چەشنە شەڕێك دەكاتەوە كە مرۆڤایەتی خوێنی لێ بچۆڕێ. ناسنامەی رۆحێك باوە كە لە دەوروبەری پارە شێوەی گرتووە.

لەکاتێکدا ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و پێکهاتەی ئاکاری سەرمایەداری شێوە دەگرێت، سەرەڕای ئەوەی بناخەیەکی ئەوتۆی هەیە کە مرۆڤ بەبنەما دەگرێت و مرۆڤایەتی بەرز دەکاتەوە، بەڵام هەر لە قۆناخی لەدایکبوونییەوە ئەوە نیشاندەدات کە هەموو جۆرە مەترسییەکی لەناواخنی خۆیدا حەشارداوە. ئەو شتەی کە سەرمایەداری لە فیۆداڵیزم جیادەکاتەوە، ئەو پێشکەوتنانەیە کە لەبواری تەکنیك ــ زانستەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەمە لەگەڵ خۆی لەدایکبوونی، پێش هەموو شتیك دەوڵەتی نەتەوەیی، کۆمار و عەلمانیەت و گەلێك بەدەزگابوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێناوەتە ئاراوە. ئەنجامێکی دیکەی ئەم پێشکەوتنە؛ ڕێگای لەپێش تێکۆشانە نەتەوەیی و چینایەتیەکان کردۆتەوە.

لەدەوروبەری تەوەرەی قازانج کردندا هەلومەرجەکانی سەرمایەداری پێبەپێ دەبێتە خاوەن کارەکتەرێك کە شەڕی نێوان وڵاتان دەورووژێنێ. کاتێك خاکی زیاتر بەواتای قازانجی زیاتر بێت، وڵاتپارێزی کە سەرەتا واتایەکی پیرۆزی هەیە، دەکرێت بەهەستێکی شۆڤێنی و پەلاماردەرانە و پاشڤەڕۆ دەبێت و ڕێگا لەپێش چەندین شەڕی ناڕەوایانە دەکەنەوە. هەربۆیە زێدەڕۆیی سەرمایەداری سەبارەت بەزاراوەی وڵات، لەگەڵ دەمارگیری نەتەوەپەرستی، ڕێگای لەپێش خوێناویترین شەڕەکانی مێژووی شارستانیەتی کردۆتەوە. بەگوێرەی هەلومەرجەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەرژەوەندی خۆپەرستانەی سەرمایەداری لەمیانەی پێشکەوتنێکی پێچەوانەوە، هەوڵدەدات لە ڕێگای "بەجیهانیبوون" قەرەبووی بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵگایانەی بەدرێژایی مێژوو بەیەکەوە لەدەوروبەی کولتووری هاوبەشدا ژیاون، بەهۆی دۆگماتیزمی چاخەکانی ناوین و شۆڤێنیزمی سەرمایەداری و داگیرکارییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان، دەرفەتی ئەوەیان پێنەدراوە بەتەواوەتی بەزاراوەی وڵاتێکی ئازاد بگەن.

نەتەوەپەرستی شۆڤێنی، لەمیانەی چەمکی باڵابوونی ناواقیعی لەدژی گەلانی دیکە و لەدژی ڕاستی، بناخەی دوژمنایەتیەکی نوێی داناوە. شەڕە نەتەوەییەکان جێگای شەڕە ئایینی و ئایینزاکانی پێشووی گرتۆتەوە. چینی سەرمایەداری، بۆئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بشارنەوە و نیگاکان بۆ لایەکی دیکە بڵاو بکەن، هەروەکو تەواوی چینە دەسەڵاتدار و چەوسێنەرەکانی دیکە، پەنا دەبەنە بەر لەیستۆکی لادان و چەواشەکردنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی. واتە دەمامکەکانی لەیستۆکە نوێیەکانی لەجیاتی دیمەنە خودایی و ئایینەکان،

دەمامکی نەتەوە و قارەمانە نەتەوەییەکان بەکاردەهێنێ و درێژە بەگەمەکانی دەردێت. هەرچی ئەو گەلانەی کە بەناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نەگەیشتوون، لەمیانەی وشیاری نەتەوەیی و هاوکارییەوە دەتوانن هەنگاوی باشتر بەرەو ئازادی بهاوێژن. بەشێوەیەکی گشتی زێدەڕۆیی و دەمارگیری نەتەوەیی ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە ئایین لەژیانی تاکە کەسدا هێشتوویەتیەوە و لەمیانەی ڕێخۆشکردن لەپشت هەستە شۆڤێنیەکان، تاوەکو دوایی ڕۆڵێکی نێگەتیفانە دەبینێت. بەتایبەتیش کاتێك ئەم ڕەوشە لەسەدەی بیستەمدا زۆر قورس دەبێت، وەکو سەرەکیترین خۆراکی ئایدیۆلۆژی شەڕە خوێناوییەکان، پارچەبوون و نەژادپەرستی و کین لەجیهانی مرۆڤایەتیدا دەخولقێنێ و کۆمەلگای نێودەوڵەتی ژەهر خوارد دەکات و هەڵوێستێکی دژ بە مرۆڤپەروەری (هیومانیزم) پێش دەخرێت.

ئەو سیاسەتەی کە لەڕێگای دەوڵەتەوە لەنێو هەلومەرجەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری لەسەر تاك پراکتیزە دەکرێت، زۆر ئالۆزتر بووە. دەیانەوێ تاك ـ مرۆڤێکی ساختە دروست بکەن کە پێشتر بەتواناکاریە تەکنەلۆژیاکانەوە شێوەبەندی ڕۆحی و هزرییەکەی دیاریکراوە. ئەو بەدەزگابوونەی بە کۆیلایەتی هاوچەرخ ناوزەد دەکرێت بەمجۆرە پێش دەخرێ. لە ڕاستیدا ئەو قەڵەمبازەی تاکە کەس کە لەکاتی لەدایکبوونی سەرمایەداریدا ئەنجام دەدرێ و لە ڕێگای دۆگماکانەوە ناکرێت بەپاشکۆ، بەشێوازێکی تەڵەکەبازی و وردەکاریی پێچەوانە دەکرێتەوە. بەتایبەتیش لەسایەی تەکنۆلۆژیا دێوەزمەکەی گەیاندن، تاك و کۆمەلگایەکی پاشکۆ دەخولقێنێ کە لەهیچ قۆناخێکی مێژوودا نەبینراوە. گەورەترین مەترسی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. تاکڕەوێتیەکی سەرشێتانە، دەخوازێ لەمیانەی پاشکۆیەتی سەرشێتی کۆمەلگاوە، هاوسەنگ بکرێت.

سەدەی بیستەم لەمیانەی شێواز و ڕێچکەکانی ئیمپریالیستی و رزگاری نەتەوەیی، سۆسیالیستی و دیموکراتی و شۆڕش و شۆڕشی چەواشە، سەرلەنوێ ئاواکردن و ریفۆرم، کودەتا و دژە ـ کودەتا بەخوێناویترین شێوە جێگای خۆی لە مێژوودا گرتووە. دەشێ ئەم قۆناخە بە قۆناخی شێتبوونی مرۆڤایەتیش ناوبرێت. لەم قۆناخەدا ترسناکترین چەك بەکارهێنراوە. تەواوی باوەڕی و بەها ئەخلاقییەکان ژێرپێ خران. نەك تەنیا ناوەوەی کۆمەلگا، بەڵکو ئەو ژینگە و سروشتەی تێیدا نیشتەجێ بووە، ڕووبەڕووی قۆناخێکی لەناوچوون بووە. چاوچنۆکی سەرمایەداری بۆ قازانج وەکو ئیرادەیەکی نوێی خودایی ڕۆڵ دەبینێ و بناخەی ئەم پێشکەوتنانە پێکدەهێنێ. ئەو زێدە بەرهەمە بێ سنوورەی

لەسەرەتای ئاواکردنی سیستەمی کۆیلەداریدا هەبوو و پادشا ـ خوداوەندەکانی خوڵقاند. هەرچی زێدە بەهای بێ سنووری سەرمایەیە، ئەم پەرەسەندنەی گەیاندۆتە لوتکە، پادشا ـ بێ خوداکانی بەشێوەی هەرەس ئاسا و مەترسیدارتر لەسەر سەری مرۆڤایەتی کردۆتە بەلا.

سەدەمی نۆزدە و بیستەم قۆناخێکە جگە لە بازرگانی، هەنگاو بۆ بەکارهێنان و هەناردنی سەرمایە هاوێشتراوە. گواستنەوە و هەناردنی سەرمایە لە گەوهەری خۆیدا گواستنەوە و هەناردنی سیستەمە؛ قۆناخی ڤەبوونی تەواوی دونیایە بەرەو شارستانیەتی سەرمایەداری. جیهانەکەمان گەورەترین هەنگاوەکانی بە جیهانیبوونی خۆی لەدوا چارەکی سەدەی بیستەمدا هاوێشتوە. هەروەکو بڵێی سنوورەکان هەڵگیراوە و جیهان بەتەواوی بۆتە گۆڕەپانی پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوە. ئەوروپا لە دەرەنجامی هەردوو شەڕی مەزنی جیهانی و چەندین شەڕی ناوخۆ و شەڕەکانی داگیرکاری کە لە دەرەوە بەڕێوەیبرد، ماندوو بووە. لە راستیدا کاتێك سیستەمی خۆی بۆ جیهان گواستەوە، پەرێشانی و ماندووبوونێك جێگەی باسە کە سەرکەوتنی لەگەڵ خۆی هێناوە. لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە نوێنەری شارستانیەتی سەرمایەداری، ئەمریکا بووە کە وەکو قۆناخەکانی هەرزەکاری و سووکەڵەیی ئەوروپا بوو. ئیتر هەم قووڵکردنەوەی بڵاوبوونەوە و هەم کارگێڕی، بووە ئەرکی مێژوویی ئەمریکا. ئەمریکا شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی قووڵتر کردەوە و بەتوانایەك گەیشتووە ئەوروپاش تێپەڕ دەکات. لەمیانەی تەکنۆلۆژیای ئەتۆم و گەردوونناسی و ئینتەرنێت باڵابووە. ڕێچکە و ڕێبازی بڵاوبوونەوەی، شێوازی داگیرکاری نوێیە. بەگوێرەی گەوهەرەکەی گەورەکردنی بەشی سەرمایەی سیستەمە سەرمایەداریە خۆجێییەکانن. لەم پێناوەشدا تا دوایی ئاوەڵاکردنی دەرگاکانی لەپێش هەڵوسووڕانی سەرمایە، بڵاوکردنەوەی کولتووری سەرمایەداری تاوەکو ئەو پەڕی دنیا و لەم پێناوەشدا بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن و گەیاندن و کاریگەرییەکانیان، لە سەرووی ئەم ڕێچکەوە دێت کە پەیڕەوی دەکات. لەم چوارچێوەیەشدا ئەمریکا وەکو دواترین هێزی ئیمریالیستیانەی مێژوویی شارستانیەت، تەواوی دونیا بەڕووی سەرمایەداری پێگەیشتوو دەکاتەوە.

ئەم قۆناخە کە بە گلۆبالیزم ناوزەد دەکرێت، بەواتای باڵادەستبوونی سەرمایە دێت لەسەر جیهان. باڵادەستبوونیش سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دیارە لە دونیادا و بە لەناوبردنی ئەو ناکۆکیە ناوخۆییانەی کە لە ئەنجامی ئەم سیستەمەوە دێنەئاراوە، مەیسەر

بینــراوە. پێچــانەوە و گــەمارۆدانی دونیــا لەلایــەن چــینی ســەرمایەدارەوە، لەنێوخۆیــدا پێداویســتی خێراترکردنــی پەیوەندیــداری زانیــاری ـــ گەیانــدنی دەرخســتۆتە روو. لــە چوارچێوەی ئابووری لیبرالّی نوێدا ئـەو سـەرمایەدارە مەزنانـەی کـە یـەکیان گرتبـوو، دوای ئەوەی کە کەوتـە نێـو هەوڵدانی پێکهێنـانی ئـەوە، لـەبواری تـەکنۆلۆژیادا تەقاندنەوەیـەکی مەزن هاتە ئاراوە. بەمجۆرە لەپێناو بەدەستخستنی دەسکەوتێکی مـەزن، زیـاتر شـتی نـوێ و بەکاریگـەری بەرهـەمهێنان و خسـتنە نێـو بـازاڕی جیهانــەوە، لەلایەکـەوە رێککـەوتوون و لەسەر ئـەم بنەمایـەش کارگـەی مـەزنیان ئـاواکردوە و لەلایـەکی تریشـەوە کەوتونەتـە نێـو رکەبەرییــەکی مــەزن. ئەمــەش جیهــانی مرۆڤایــەتی رووبــەڕووی مەترســیەکی گلۆبــاڵ کردۆتەوە. کەواتە بەرپرسیاری یەکەمی ئەم کێشانە، کە لەنێو هۆڤێتیەکی مەزندا لـەڕووی ماددی و مەعنەویەوە جیهان هەڵدەوەشێ و لەناو دەبات دێوەزمەی سەرمایەدارییە.

بۆئەوەی گلۆباڵبوونی ئابووری لیبراڵ لەسەر ئاستی جیهان زاڵ بێت، ئـەوا ئەمـە تـەنیا لـەڕێگای زمـان، زانیـاری، پیشەسـازی، گەیانـدن و تەکنـەلۆژیاوە مەیسـەر دەبێـت. ئەمـەش لەسایەی ئۆرگانیزاسیۆن و کۆردیناسیۆنی هێزێکی دەسەڵاتدار کـە لەجیهانـدا بڵاوبۆتـەوە و پەلوپۆی هاوێشتوە، فەراهەم دەبێت. لە دەرەنجامی ئەمەدا ئەو ئۆرگانیزەی دێتـە ئـاراوەش، ئــەوا رەنگــی سیســتەمی دەســەڵاتدار لــەخۆوە دەگرێــت. جێبــەجێکردنی ئەمــەش بەپەسندکردنی ئەو چین و گەلانەی کە ئەم پیلانانەیان لەسەر بەڕێوە دەبردرێت، مەیسەر دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایەش ئیمپریالیزمی گلۆبالّی نـوێ گـەلێك پێکهاتـەی نـوێی دروست کردووە تـاوەکو لیبرالّیزاسـیۆنی گـەلان (نەتـەوەکان) لـەنێو خۆیانـدا دەسـتەبەر بکـەن. ئـەو پێکهاتانـەی کـە لەسـەربنەمای بەرژەوەندیـەکانی چـینی سـەرمایەی تـەنگی نێونەتـەوەیی رێکدەخرێن، لەنێو یەکێتی گەلاندا دەبێتە هۆی نانەوەی ناکۆکی و رووبەڕووی بـەرخۆدانی ئەو گەل و کەمەنەتەوانەی کە لـەنێو سـنووری دەوڵەتـە نەتەوەییەکانـدا دەژیـن دەبێتـەوە. ئیمپریالیزمی گلۆباڵ هەوڵدەدات ئەم ئاستەنگیانەی کە رووبـەڕووی دەبێتـەوە بەگوتـەکانی دیموکراســی، ئاشــتی و برایــەتی بــەلاوەبنێ و تێبپــەڕێنێ. واتــە لــەژێر نــاوی ئاشــتی و دیموکراسـیدا دەخوازێـت بــەرخۆدانی گــەل و کەمەنەتــەوەکان بــەڕێگای پــەیڕەوکردنی سیاســەتەکانی لیبرالّــی نــوێی زۆر وورد تێکبشـکێنێ و بــەمجۆرەش بــەخۆوەی گرێبــدات و بیخاتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە. ئیمپریـالیزم کـە لـە سـالّانی 1970 ـ 1980دا لەبەرامبـەر داخوازی بۆ سۆسیالیزم کـە لـە زێدەبوونـدا بـوو، دووچاری لەدەسـتدانی هێـز و ووزەبـوو و

کەوتە نێو بنبەستبوونەوە، کەچی لەساڵانی 1990وە هەوڵیدا لەڕێگای لیبراڵیزمی نوێدا سەرلەنوێ خۆی بونیاد بنێتەوە و دەستی بەپێشخستنی چەمکێکی لیبراڵ ـ دیموکرات کرد وەکو ئەلتەرناتیف (جێگرەوە)ی سۆسیالیزم. دوای ساڵانی 1990یش ئەو چەمکە لیبراڵ دیموکراتیەی کە هەوڵدەدرا پێشبخرێ، لەڕاستەرێی دەرخستنە رووی ئەو ئەنجامانەی کە لە هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو، زیاتر بەرفراوان دەبێت و تەشەنە دەکات. واتە پێداویستی ئەو دیموکراتیزەبوونەی کە سۆسیالیزمی بونیادنراو ئەنجامگیری نەکردبوو، ئەوا ئەمڕۆ پەرەپێدانی لەلایەن ئیمپریالیزمەوە بەشێوەیەکی رووکەشیانە هەوڵدانە بۆئەوەی لەنێوان نەتەوەکانی جیهاندا ببێتە شتێکی دەست لێبەرنەدراو، بەخۆ حەشاردان لەژێر بیانووی کە گوایە ئاشتی جیهانی سەقامگیر دەکات، بۆ درێژپێدانی سیستەمی سەردەستی لەناو هەوڵ و کۆششێکی مەزندایە. لەلایەکەوە سەرمایەداری گڵۆباڵ کە ئەم پەیمانە بە گەلانی جیهان دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە لەبەرامبەر ئەو بەرخۆدانانەی کە وەك کۆسپ لەبەردەم خۆی دەبینێ، شەڕی هۆڤانە هەڵدەگیرسێنێ و بۆئەوەی مسۆگەر ئایندەی مرۆڤایەتی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەشێوەیەکی بێ سنوور هەوڵی خۆ پڕچەك کردن درێژە پێدەدات. لەلایەکەوە لەژێر ناوی هاریکاری نێونەتەوەیی ئەو گەلانەی کە رووبەڕووی برسێتی بوونەتەوە، بەخۆیەوە گرێدەدات و، لەلایەکی تریشەوە ئەو گەلانەی گوێڕایەڵی ناکەن و ناکەونە ژێر رکێفیەوە، لەچوارچێوەی سیاسەتی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە دووچاری برسێتی و هەژاریان دەکات.

لەو گۆڕەپانانەی کە بەم شێوازانە ئەنجام بەدەست ناخات، هەوڵدەدات بەشێوازەکانی پۆست مۆدێرن درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. کردەوەی پۆست مۆدێرن راستینەی کۆمەڵگایەکی مارژیناڵی بێ ئایدیۆلۆژیا، بێ سیاسەت، بێ یۆتۆپیا، بێ ناسنامە بەئامانج دەگرێ. ئەمڕۆ ئەو گەلانەی کە دووچاری کردەوەی پۆست مۆدێرنی بوونەتەوە، رووبەڕووی ژیانێکی بێ رەچەڵەککردن، بێ رۆحکردنی جددی بوونە. سەرمایەداری گڵۆباڵ کە لەپێناو گەیشتن بە فەرمانڕەوایی جیهانی لەنێو راستی کۆمەڵگایەکی بێ هۆشی مارژیناڵکراو، سڕکراو، دابڕاو لە بەها و پێوانە مرۆییەکان و ئاخێنراو بۆ نێو ئاڵۆزی زایەندی، وەکو تاکە ئامانج بۆخۆی دادەنێت، لەهەمان کاتدا لەئەنجامی بەرهەمهێنانێکی بێ سنوور، هاوسەنگی، سروشتی، ئەکۆلۆژی (ژینگە)ی جیهان سەراوژێر دەکات. ئەو درندە سەرمایەیەی کە دەخوازێ، لەڕێگای بەدەستخستنی کاری بێ سنوور، ئارەزووی

دەسەڵاتداریّتی خۆی تێربکات، بۆئەوەی بەشێوازێکی خێراتـر مـەزن بـبێ پاشگەز نابێتـەوە لەوەی کە جیهان بەرەنگێکی خێراتـر بـەرەو لـەنێوبردن ببـات. بەمرەنگـەش لـەنێو ئـاڵۆزی ئەو بەرهەمهێنانە بێ سـنوورەی کـە پێشکەشـی دەکـرێ، شـێوە مرۆڤێکـی کـە لـەنێو ئـەوەدا نغرۆبێت، بێ ئامانج بێت، هەوڵدەدات لەڕێگای فەنتازیەکانی مۆدا خۆی تێربکات، واتا بەوە نادات کە لەپێناو چی دەژیـت، خـەمۆکی، نەخۆشـی و دەپراسـیۆن (سـەکتە)ی خوڵقانـدووە. ئەمانەش بەناوی مافە دیموکراسیەکانی تاکە کەسی ئەنجامدەدات.

سـەرمایەداری، کـە قۆنـاخی هـەرە بڵنـدی سیستـەمی کۆمـەڵگای چینایەتی باڵادەستی پیـاو دەنـوێنێ، ئـەو پیـاوەی کـە لـە قۆنـاخی پەرینـەوەدا ئـەو بەرهەمهێنانـەی کـە لـە ژنـی وەرگرتبـوو، دەرفـەتی زیـاتری بـەرەو پێشـەوە بردنـی ئەمـەی خوڵقانـدووە. هـەروەها هەوڵیداوە ئەو یاسا، کولتوور و دەزگایانەی، کە کارەکتەری پیاویـان لـەخۆوە دەگـرت، زیـاتر بـە سیستـەمیان بکـات. چـینی بـۆرژوا کـە رۆڵـی پێشـەنگایەتی لـە بـەرەو پێشـەوە بردنـی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنانی، تـەکنیکی زانسـتی، فەلسـەفە و کولتـووری سیسـتەمی سـەرمایەداری گێـڕاوە، سـەرەتا چـینەکانی کرێکـار، گونـدی و زەحمـەتکێش و هـەروەها لەمیانـەی ئـەم چـینە چەوسـاوانەش هێـزی ژنـی بەبنـەما گرتـووە، لەڕاسـتەڕێی بەرژەوەندیەکانی خۆی، هەوڵیداوە بە دەسەڵات بگات و لەگەڵ پێکهاتە فیۆداڵ و مۆنارشیە کلاسیکیەکان کەوتۆتەنێو پێکدادانێکی چڕوپڕەوە. لەگـەڵ ئـەم رەوشـی پێکدادانـە، هەنـدێ جـار لەگـەڵ بەڕێوەبەرایـەتی مۆنارشـی کەوتۆتـە نێـو سـازش و تەباییـەکی بەرچـاو و بەگوێرەی خۆی دەستی بە شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی کردووە.

لەبەرئەوەی بەگشتی هـەر شۆڕشـێکی کۆمەڵایـەتی نـەژادی مرۆڤـی هـەنگاوێك بـەرەو پێشەوە بردووە، سەرمایەداری بەگوێرەی فیۆداڵیزم، هەروەها خێزانی بـۆرژواش بـەگوێرەی خێزانی فیۆداڵی پێشکەوتووترە. هەربۆیە ژنـی بـۆرژوا بـەگوێرەی ژنـی کۆمـەڵگای فیـۆداڵی هــەنگاوێك لەپێشــترە. بــەپێی ئــەم پرەنســیپە گشــتیە لەســاتەوەختی بەرەبــەیانی سـەرمایەداریدا ئـەو کاڵایـەی کـە هـەرە زێـدە بـەکارهێنراوە دیسـان ژن بـووە. بـۆرژوا وەکـو دەیخواسـت هەوڵیـدا لـەڕووی پراکتیکـی و تیۆریـدا شـێوە بـەژن بـدات. ژن لەوێنـەکان و بەرهەمە هونـەریـەکانی دیکـەدا، لـە ژیـانی رۆژانـەدا دەکرێتـە بابـەت و جێگـەی بـاس. ئـەو دیاردەیەی بـۆرژوازی کـە پێـی دەڵێن یەکسانی ژن، لەڕاسـتیدا یەکسـانی خێزانـی بۆرژوایـە لەبەرامبـەر خێزانـی فیـۆداڵی. ئـەوەی کـە دەیـەوێت یەکسـانیەکی گشـتی ژن نییـە، بـەڵکو

ئازادی خێزانی بۆرژوازیە کە زێدە دەرفەت بەمە نادات. لە شۆڕشی بۆرژوازیدا ژن زێدە رووبەڕووی خەباتێکی بەرفراوان و رێکخراو نابێتەوە. هەرچەندە هەندێك جۆری ژنیش دەرکەوتبنە روو، بەڵام لە سەمبولێزە بوون زیاتر هەنگاو ناهاوێژن. بەشداربوونی ژن لە شۆڕشی بۆرژوادا، لەنێو ئەو سنوورانە دابووە, کە لە کۆمەڵگای نوێدا پیاو بۆ ژنی کێشاوە. ئەوانەی ئاڵای تێکۆشانیان بەناوی ژنەوە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا بەرز کردۆتەوە، پیاو بوونە. ژن، بەتەنیا بوونی نییە، بەڵکو لەگەڵ پیاوەکەی بوونی دەبێت. بەڵام ئەو ژنەی کە لەگەڵ پیاوەکەی خۆی بوونی هەبێت ئاخۆ دەبێ تا چ رادەیەك خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت، لێرەدا ئەمە شایەنی گفتۆگۆ کردنە. ئەگەر لە کۆمەڵگای هەرە پێشکەوتووشدا تاوەکو ئێستاکە، ژن لەلایەن دەزگایەك یاخود بەپشت بەستن بە دەسەڵاتدارێتی پیاو، واتە تەنیا لەژێر چاودێریدا بەڕێوە دەچێ، ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ خۆی نەبۆتە هێزی ژیان و نەیتوانیوە ئەمەش بخوڵقێنێ.

چینی بۆرژوا، لەڕێگای کەنیسەکانەوە کەوتۆتە نێو خانەی هەرە بچووکی کۆمەڵگاوە و بەم پێیەش توانیویەتی لەنێو دەزگای خێزان دەسەڵات بگرێتە دەست و زاڵ بێت. بەمجۆرە لە کاتێکدا پەیوەندیەکانی نێوان ژن ــ پیاو کە لە رابردوودا لەنێو خودی کۆمەڵگادا، رەوتێکی پێشکەوتنی سروشتی بەخۆوە دەدیت، ئەوا کەوتۆتە ژێر قۆرخی دەوڵەتی مۆرناشی و لەچوارچێوەی یاساکاندا ژن لەڕێگای زنجیری وەفاداریەوە (سەداقەت) گەیەنراوە بەپێگەیەکی گرێدراو بەپیاوەوە. ئەو زەمینەیەی کە تەواوی سیستەمەکانی ئیمپریالیست ــ داگیرکەر و هەروەها تێکڕای سیستەمەکانی شەڕی تایبەت خۆیان تێیدا ئاوابکەن و سەقامگیر بکەن، زەمینەی دەزگای خێزان بووە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا جیاوازی گرنگ لە پێکهاتەی خێزاندا دەبینرێت بەگوێرەی راستی چین ـ نەتەوەی ژێردەست و، لەنێوان ئەو وڵاتە دواکەتووانەی کە یاسا و رێسای وشکهەڵاتوو تیایدا زاڵە و، ئەو وڵاتانەی کە لەنێو بەرهەمە بەدەستهاتووەکانی قۆناخی ئیمپریالیزم ژیان دەکەن. بەڵام خێزان کە لەنێوان هەموویاندا دیاردەیەکی هاوبەشە، وەکو راستییەکی بەدەزگابوونی خاوەندارێتی تایبەت، درێژە بەهەبوونی خۆی دەدات. لەکاتێکدا یەکێکیان لەپشت دەرگا داخراوەکاندا ژن ناناسێ، وەکو ناموس بینیویەتی و بەهەموو جۆرە داسەپاندنێك هەڕەشە لە مرۆڤایەتیەکەی دەکات، ئەویتریان بەناو دان پیانان

بەمافەکانی لەڕێگای سەربەستکردنی ژن، لە هەموو جۆرە بەهایەکی مرۆڤایەتی دووری خستۆتەوە و بێ ناوەڕۆکی کردووە.

بە پێشکەوتنی سەرمایەداری شێوەی خێزانی بەرفراوان لە فیۆدالیدا، وەردەچەرخێ بۆ خێزانی ناووکی. مارکس بەم گوتەیەی کە دەڵێ "بەدەرکەوتنە رووی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، گرێدانی خوێن و گرێدانی خاك هەڵدەوەشێنەوە" یارمەتی پێشکەشی ئەم رەوشە دەکات. بەجۆرێك ژن لەفشاری خەزوور و خەسوو رزگاری دەبێت. وەلێ لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتدا تاوەکو ئێستاکەش ئەم شێوە قەڵەباڵغیەی خێزان دەبینرێت. کەچی لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا تەنانەت سنوورەکانی خێزانی ناووکی ووردە ووردە رووبەڕووی تێکشکان دەبنەوە. دیاردەکانی وەکو زێدەبوونی بەردان (تەلاق)، بڵاوبوونەوەی بەرهاوێشتنی ژنان، بەیەکەوە ژیانی ژن و پیاو بێ ئەوەی بەڵگەی هاوسەرێتیان هەبێت و جیابوونەوەی ئەو منالآنەی کە گەیشتونەتە تافی لاوێتی لەماڵەوە؛ بەواتای نەرمبوونەوەی ژیانی ئەو خێزانەی کە وەکو قاڵبێك دەبینرێت، دێت. پێش هەموو شتێك ئەگەر باس لە رزگارکردنی ژن بکرێت، ئەوا پێویستە بەشێوەیەکی زۆر جددی دەزگای خێزان کە لە هەموو لایەنێکەوە بینەقاقای گرتووە رەخنە بکرێت و بەڕەنگێکی راست و دروست شیبکرێتەوە. چونکە لەنێو خێزاندا دیکتاتۆریەت و خاوەندارێتی بوونی هەیە. ژن لە هەر جۆرە مافێك بێ بەشدەکرێت و تاڵی و ئازارێکی بێ سنوور دەچێژێ و بەشێوەیەکی زۆر بچووك سەیری دەکرێت. پێش هەموو شتێك لەلایەنی جەستەییەوە لەنێو دەبردرێت. کاتێك بەمجۆرەش ببێت، ئەوا ژن دەبێتە بوونەوەرێکی گرێدراو و وابەستە و دەبێتە بوونەوەرێك کە تەنیا بەهەست و سۆزەکانیەوە بژی، خۆی لەخۆیدا ئەمەش گەورەترین هێرش و بێ رێزییە لەبەرامبەر مافەکانی مرۆڤ.

ژن, بەدرێژایی مێژوو بۆتە بابەتی کڕین و فرۆشتن. پێش ئەوەی پارە (دراو) دەربکەوێت، بۆتە ئامرازێك بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان و دەوڵەمەندی ماددی. بەڵام لەسیستەمی سەرمایەداری ـ ئیمپریالیستیدا پەیوەندی سیانەی "پارە ـ رەنج ـ ژن" گۆڕاوە بۆ "کاڵا"، کە ئەمەش بەواتای شێوەی هەرە دوایی دێت. بەجۆرێك لە سەرمایەداریدا تەواوی پەیوەندیەکان بەپێی مەیدانی بازرگانی و بازاڕەوە شێوە دەگرێت. لەسەرووی هەموویانەوە پەیوەندیەکانی مرۆڤ و دیاردەی هاوسەرێتی، لە کولتوورەوە بگرە تاوەکو خودی ژیانی سیاسی و حقوق، بەکورتی هەموو شتیك دەکەوێتە نێو ئەم مەیدانی بازرگانی

و مامه‌ڵه‌كردنه‌وه. به‌مجۆره، له‌سیسته‌می سه‌رمایه‌داری ــ ئیمپریالیستیدا له په‌یوه‌ندی نێوان مرۆڤ به‌مرۆڤ زیاتر، پابه‌ندبوونی مرۆڤ به‌كاڵا و له‌چوارچێوه‌ی كاڵادا په‌یوه‌ندیه‌كانی مرۆڤ پێشكه‌وتووه. لێره‌دا ناتوانرێ هیچ به‌هایه‌كی یه‌كسانی، ئازادی، ویژدان و مه‌عنه‌وی ببینرێت، به‌ڵكو مرۆڤه‌كان ته‌نیا له‌پێناوی به‌رژه‌وه‌ندی ماددی و تێركردنی ئاره‌زووه زایه‌ندییه‌كان دێنه لای یه‌كدی. هه‌رچه‌نده پابه‌ندبوون به كاڵا زێده‌بێ، ئه‌وا به‌و ئه‌ندازه‌یه‌ش مرۆڤ به‌خودی خۆی نامۆ ده‌بێت. ئیدی مرۆڤ ده‌بێته كۆیله‌ی ئه‌و شتانه‌ی كه خوڵقاندویه‌تی و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له په‌یوه‌ندیه‌كانی مرۆڤدا ماددییه‌ت ده‌بێته پله‌ی یه‌كه‌م، بۆیه به‌ها مه‌عنه‌ویه‌كان ده‌كه‌وێت. به‌مجۆره‌ش ته‌نیا له‌و حاڵه‌ی كه به‌رژه‌وه‌ندیه‌كان ده‌بنه‌یه‌ك دێنه لای یه‌كتری. وه‌كو ئه‌نجامی سروشتی ئه‌م ره‌وشه، پاره ده‌بێته دیارده‌یه‌كی دیاریكه‌ر و كاریگه‌ر له ئاراسته‌كردنی هه‌ڵسوكه‌وته‌كانی مرۆڤ و شێوه‌گرتنی به‌ها مۆڕاڵی و مه‌عنه‌وییه‌كان.

ژن, كه تا دواراده ده‌بێته بابه‌تی خاوه‌نداریێتی خێزان، ئه‌وا له‌گه‌ڵ ده‌ركه‌وتنی سه‌رمایه‌داری لیبراڵیش بۆته خاوه‌نداریێتی سه‌رمایه. هه‌ربۆیه لێپرسینه‌وه‌ی چه‌وساندنه‌وه‌ی ژن ته‌نیا به‌ژنه‌وه سنووردا نییه، به‌ڵكو به‌واتای لێپرسینه‌وه‌ی ته‌واوی په‌یوه‌ندیه‌كانی خاوه‌نداریێتییه. ته‌نانه‌ت به‌ده‌ستخستنی هه‌ندێ ماف له رێگای به‌راوردكردن له‌گه‌ڵ پیاو، زیاتر به‌موڵكبوونی ژنی به‌رجه‌سته كردووه. به‌هۆی ئه‌وه‌ی كه ژن لێپرسینه‌وه‌ی له ره‌وشی هه‌نووكه نه‌كردووه، بۆیه بۆته پاشكۆی ده‌سه‌ڵاتداریێتی پیاو. ئه‌گه‌ر مافی ئه‌وه به‌ژن درابێ كه به‌ئاستێكی بڵند بگات، ئه‌وا بۆئه‌وه بووه كه زیاتر رۆڵی پیاو بگێڕێت. لێره‌دا ژن به‌ره‌و ره‌وشێك پاڵپێوه‌نراوه كه خۆی هه‌ڵبخه‌ڵه‌تێنێ و بڵێ "به‌ته‌واوی رزگاربووم، ته‌نانه‌ت ئه‌مه بۆمن زێده‌شه"، وێڕای ئه‌وه‌ی كه ده‌رفه‌ت به‌ژن نه‌دراوه ئازاد ببێت. به‌ده‌رمان رێژكردنی چاوانی، ژن ده‌خاته شوێنگه‌ی كاڵایه‌كی ناسك و گه‌وره‌ترین سه‌رمایه به‌ده‌ست پیاو و كۆمه‌ڵگاوه. هه‌میشه ژن وه‌كو ئامرازێك بۆ زیاتر سه‌قامگیركردنی سیسته‌می له ئارادابوو و درێژه‌پێدانی به‌كارهێنراوه. بۆ گه‌ره‌نتی كردنی سیسته‌می خۆی، له‌رێگای دامه‌زراندنی ده‌زگای خێزان و بازرگانی كردن به زایه‌ندی ژنه‌وه، یاسایه‌كی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته داناوه. ژن كه موڵكی سه‌رمایه‌یه، له‌كاتێكدا ژن ده‌بێته ئامرازێك بۆ فرۆشتن، ئه‌وا بۆته خزمه‌تكارێك كه له داموده‌زگاكانیدا كارده‌كات. له میانه‌ی

فرۆشتنی سادەترین بەرهەمیشدا، دەبینین ژن دەبێتە ئامرازێکی بازرگانی لەنێوان خاوەن کاڵا و کڕیارەکاندا.

لێرەدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکارهێنانی زایەندی ژن جێگەی باس نییە. لەماڵێکدا ئەو پەیوەندیە سۆزانیەی کە لەماڵی گشتیدا دەبینرێ، لەوێشدا ئەمە دەبینرێت. "زایەندی" بۆتە تایبەتمەندی هەرە سەرەکی رووخاندنی ژن و پیاو. لۆژیکێکی سێکسۆلۆژی وەها پێشخراوە کە دواهەمین داهێنانە بۆ بێ هۆشکردنی گەلان. بەڵام لە گەوهەری سێکسۆلۆژیدا، نکۆڵیکردن لەئەشق هەیە. سەدەی بیستەم، بەواتای زایەندی قەبە، سەدەی نکۆڵیکردنە لە ئەشق.

سەرمایەداری لیبرالی نوێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتداریێتی و زاڵبوونی گلۆباڵ ئامرازی هەرە چالاك و بەکاریگەر، کە بەکاریهێناوە، دیسان ژن بووە, لەمیانەی ستراتیژیەتی بڵاوبونەوە و پەلهاوێشتنی بۆ دونیا، ژنی کردۆتە ناوەندێك بۆ بێ هۆشکردن و لیبرالیزەکردنی گەلان. ئەو سەکتۆرە سۆزانیەی کە بۆئەوەی لە کۆمەلگای رۆژگاری ئەمرۆکەماندا دەزگای خێزانی ناووکی بتوانێت لەسەر پێ بمێنێ، پێشیخستووە، خۆی لەخۆیدا بازاڕێکی بەکاربردنی (استهلاك) زایەندییە. غەریزە سەرهەڵداوەکانی پیاو لە رێگای وروژاندنی پرۆنۆگرافیك یەکێکە لە سەرچاوە داهاتییە هەرە گرنگەکان کە سوود بەچینی سەرمایەداری دەگەیەنێت. تاکە ناونیشانێك کە بۆ تێرکردنی زایەندی وروژێنراوی پیاو لەدەرگای دەدەرێت، بازاڕی سۆزانیانە. لە بازاڕی سۆزانێتی نێونەتەوەییدا, ژن وەکو کاڵایەکی ئاسایی و بێ نرخ دەفرۆشرێت. سۆزانێتی لە رووی دەرکەوتنەوە هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی خێزانی تاك هاوسەری، دواتر لەقۆناخی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و تاوەکو دوا قۆناخی سەرمایەداری ــ و رۆژی ئەمرۆشمان ــ وەکو بازاڕێك کە زیاتر دەبێتە هۆی قازانج کردنی دراو. لەرابردووی نزیکدا کە نایەکسانی داهات بەچڕترین شێوە خۆی تێدا گرتووە، دیاردەی سۆزانێتی جارجار لەنێو ژیاندا بۆتە سەرچاوەی داهات و جارجاریش بەڕێگای گرنگایەتی پێدان و وروژاندنی سەرمایەداری شێوازی پیشەیەکی بەخۆوە گرتووە. شانبەشانی ئەمەش بۆتە دەزگایەکی ناکۆك لەگەڵ بەهاکانی کۆمەلگا و بەدەر لەوە، بەڕادەیەك بۆتە دەزگایەك کە لایەنی زایەندی پیاویشی لەخۆوە گرتووە و بەکاریهێناوە.

خاوەندارانی بازاڕی نێودەوڵەتی هەر بەو ژنانەی کە بەئارەزووی خۆیان پیشەی سۆزانێتیان هەڵبژاردووە نەوەستاون، بەڵکو بۆ بەدەستخستنی قازانجی زیاتر دیاردەی

"هۆمۆسێکسوەلیك" و دیاریدەی هاوڕەگەزی دەرخستۆتە روو. سەرمایەداری لیبراڵی نوێ بەکارهێنانی زانستی پزیشکی بۆ خزمەتی خۆی، بەگۆڕینی بیۆلۆژیای پیاو، مۆدیلی "بەژن کردنی پیاو" ی بلاوکردۆتەوە و بۆئەوەی رەگەزی پیاویش بکاتە کالایەك و لەنێو بازاڕی سۆزانیێتیدا بازرگانی پێبکات. کەواتە سیستەمی دەسەلاتداریێتی پیاو کە تاکە ئامانجی گەورەکردنی ئابووریەکەیەتی، بەژنکردنی رەگەزی پیاویشی کردۆتە بابەتی چەوساندنەوە. واتە سیاسەتەکانی بازاڕی گلۆباڵ سیستەمی نوێی جیهانی ئەمرۆ بە ئاڵۆزکردنی دیاردەی زایەندی، لەڕێگای داروخاندنی ئەو بەهایانەی کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی خولقێنراون، هەڵدەستێ بەرەواکردنی ئەو رەوشە. سەبارەت بە رەوشی ئەو ژنەی کە لەنێو خێزانی ناووکیدا بەگوێرەی ئاکارەکانی کۆمەلگا پەسند دەکرێت، بەتەواوەتی لەنێو تەنگژەیەکدایە. ژن، لەنێو "ماڵی تایبەت" کە کۆمەلگا ئەم ناوەی بۆ دەبڕێتەوە، لەدەرەوەی خزمەتکردنی بێ بەرامبەری دەزگای مێردایەتی و بوون بە ئامرازێکی زایەندی گوزارشت لە شتێکی دیکە ناکات. ئەو ژنانەی کە کاریشدەکەن، لە شوێنی کاردا لەلایەن خاوەن کار و لەماڵەوەش لەلایەن مێردەکەیەوە لە رەوشێکی چەوسانەوەدایە. ئەوان نیوەی رۆژی خۆیان لەکاری بەرامبەر بەکرێیەکی دیاری کراو بەسەر دەبەن بۆ هاوکاریکردن لەئابووری ماڵەوە و نیوەی دووەمیشی لەکاری بێ کرێیی بەسەر دەبات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نێو ماڵ و بەخێوکردن و چاودێری کردنی مناڵەکانی. خێزانی ناووکی کە ژنی خستۆتە نێو ئەم رەوشەوە، وای لێکردووە لە بەشداربوونی بۆ نێو چالاکیە سیاسی، زانستی، کۆمەلایەتی و کولتووریەکان دوابکەوێت و دەرفەتەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە تیایدا دەژی سنووردار کردووە.

ئەمرۆ گۆڕەپانێکی دیکە کە ژن تیایدا لە بەئازارترین رەوشدا دەژی، گۆڕەپانی میدیایە. ئەو ژنەی کە بەرووی جیهانی دەرەوە کراوەتەوە نە لەخزمەت بەرژەوەندی مرۆڤدا، بەلکو لەپێناو ئامانجی هزری (زهنیەتی) ئیمپریالیستیدا بەکالاکراوە. لەڕێگای میدیاوە شێوازی ژیان و جیهانی کار، خێزان و هەر شتێکی هێزە سەردەستەکان لە مێشك و دڵی ملیۆناندا دەنەخشێنێ. کۆمەڵەکان بەم چەشنە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر شێوەی یەکدی بەخۆوە دەگرن (هاوشێوە دەبن)، داخوازی، بیر و رامان، ئارەزوو، ئامانج و خولیاکانیان وەك یەکی لێدێت. پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەڕێگای هەستی هەزاران، قارەمانێتی و هەرزان و چاوچنۆکی، هەوەس، بچووك و بێ بایەخ کراوە و، ئەم پەیوەندیە بە هەوەسی زایەندی

ئافرێنراوە. لە کاتێکدا ئەو مرۆڤانەی لەڕێگای میدیاوە دەکرێنە ئامرازی بەکاربردن، ئەو مرۆڤانەی هیچیان نەماوە بەکاربهێنرێت زۆر بەئاسانی یەکدی دەخەنە ڕێگای بەفیڕۆچوون. لەم واتایەدا ئەو هێرش و قەرەبوو و چاوکراوەییە سادیستیانەی کە لە زایەندێتیدا روو دەدەن، دەتوانرێ سەرچاوەکەی لێرەدا ببینرێت.

ژنی قۆناخی نوێ، کە خۆی بەو هەلومەرجانە سنووردار دەکات کە لەلایەنی لیبرالیزمی نوێدا پێکهێنراون وەکو پەروەدە، خەبات، ژیانی کۆمەڵایەتی، ئیدی ئەوە دەبینێ کە ئەمانە گوزارشت لە رزگاری راستەقینە ناکەن. ئەو ژنەی هەست بەم چارەسەریە درۆزنانەیە دەکات، دەکەوێتە نێو سایکۆلۆژیەتی بێ چارەیی و بەمجۆرە لەم سەردەمەی ئێمەدا نەخۆشی نوێی رۆحی لەگەڵ خۆی دەهێنێ. وەکو ئەنجامێك سترەس، دەپراسیۆن و لادانی زایەندی لەنێو ژن و پیاودا بەشێوەیەکی خێرا ئیدز و نەخۆشی دیکە دەرکەوتوونە، لەگەڵ ئەو سەرمایەداریەی کە گلۆباڵ دەبێ ئەمە لەتەواوی جیهان بڵاوبۆتەوە و بەئاستێك گەیشتووە کە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات. وەکو گوزارشتی بەرجەستەی تەواوی ئەمانە، لەئەنجامی ئەو تەنگژە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئارادانە هەموو رۆژێ دەرکەوتنی دیاردەی تەڵاق، بەیەکەوە ژیانی بە توندوتیژی و دژایەتی لەبەرامبەر زەواجی تاك هاوسەری، مۆدیلی خێزانی ناووکی ئیدی رووەو نابوتبوون دەچێت. ئەو مۆدیلی خێزانیەی کە بەلایەنی هەرە وورد و سەمپاتیکەوە، دەردەخرێتە پێش، لەبەر ئەوەی کەوتۆتە نێو قەیرانێکی وەها، کە پێداویستی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان رەگەزەکان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر خۆی دەسەپێنێ.

ئەو بێ ئەلتەرناتیفیە کۆمەڵایەتیەی کە هەیە، لە ساڵانی (80) بەملاوە، جارێکی دیکە ژنی خستۆتە نێو لێگەڕینی رزگاری جددیەوە. جولانەوەکانی ژنان دوای ساڵانی 1980 پێشکەوتوونە، بەگوێرەی رابردوو، لەلایەنی وشیاریدا هەم پێشکەوتووتر و هەم ناساندنی ژنی بە مێژووی خۆی، قۆناخی رۆشنگەری دەرخستۆتە روو. جولانەوەکانی ژنان کە سەرچاوەی خۆیان لە گەورەیی ئەو تێکۆشانە دیارەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوتە روو، دەگرێ، بەو بەرهەمانەی کە لەم گۆڕەپانەدا هێناویانەتە ئاراوە، جولانەوەیەکی ژنی نوێی کە تێوری خۆی زیاتر لە پێشدایە، بەڵام لە رووی ژیانی سیاسی و پراکتیکدا لەڕاستی بەدوور دەمێنێ، کەوتۆتە نێو هەڵوێستێکی بەمجۆرە. لەبنەمادا لەنێو جولانەوەکانی لاوانی ساڵانی 1968 ـ 1970، ئەو لێگەڕینی ژنی نوێیەی کە لەنێو ئەمەدا

دەرکەوتن، کێشەکەی داخستۆتە چوارچێوەی سایکۆلۆژی و رۆحی، لەشوێنی ئەوەی لەگەڵ زایەندی دەسەڵاتدار بکەوێتە نێو شەڕەوە، لەمە زیاتر لەنێو خۆیدا خراپ بووە(تێکچووە). وێڕای خەباتەکانی بەرزکردنەوەی وشیاری جۆربەجۆر، لە واتای بەرۆژەڤکردنی ئەمانە لە رێگای بەرهەمە نووسراوییەکانەوە، ئاستێکی دیاریکراوی وتووێژی دەستەبەر کردووە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تەوژمە بنەماکەی سەرچاوەی خۆی لەچینی ناوەڕاستەوە دەگرێ، بۆیە بەشێوەیەکی تێروتەسەل خۆی نەخستۆتە نێو ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی لەنێو چینی ژێرەوە لەئارادابوون و بەمجۆرەش لە سەرووی کۆمەڵگاوە ماوەتەوە. ئەم جولانەوە نوێیانەی کە لەنێو یەکدا زێدەتر لەگەڵ (وێڕای) جولانەوەکانی لاوان و خوێندکاران، پێشکەوتوونە و لەڕێگای ئەو ئەزموونانەی لە رابردوودا هەبوون دەستیان بەخەبات کردووە، لەبەرامبەر هەر جۆرە دەسەڵاتێکدا کاردانەوەیان نیشانداوە و لەبەر ئەمەشە نەیانتوانیوە خۆیان بکەنە رێکخستنێکی جددی. خۆی لەشێوەی گروپی بچووك رێکخستووە کە پێکهاتەی هەرەمی رەتکردۆتەوە و دان بەهیچ مافێکی (ئیستسنا)دا نەناوە. بەجۆرێك لەنێو خۆیدا مسۆگەر جێگەی بۆ هەرەمی و بەئامانج گرتنی دەسەڵات و دابەشکردنی کار و بلیمەتی نەداوە و بەهۆی ئەمەشەوە بەپێگەیەك نەگەیشتووە و هەروەها لەنێو خۆیدا مۆدیلێکی پێکهاتەی پێکدادان، پارچە پارچەیی دەرخستۆتە روو. شێوەی رێکخستن، چەمکی دەسەڵات، چەمکی بوون بەهێز و دەسەڵات، دژایەتییە ئایدیۆلۆژی ـ سیاسییەکان و ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە تێڕوانینیدا دەرکەوتووە، تەواوی ئەمانە وای لێکردووە کە ئەو جولانەوەیە رەوشێکی وەها لەخۆوە بگرێ کە زۆر پارچە پارچەبێت و زوو بڵاوبێتەوە. هەرچەندە ناوە ناوە لەچوارچێوەی داخوازیە کۆمەڵایەتی و رۆژانەییەکاندا گەلێك چالاکی هاوبەشیشی ئەنجامدابێ، بەڵام لەبنەمادا نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە هێزێکی گشتگیر. گرنگترین ئەو هۆکارە بەکاریگەرانەی کە وایکردووە ئەم ئەنجامەی لێبکەوێتەوە ئەوەیە کە خاوەنی رێنومایيەکی بەرفراوانی ئایدیۆلۆژی نەبووە، رێوشوێنی پێویستی سیاسی ئەمەی دەست نیشان نەکردووە و تەنانەت ئەم جۆرە بیروبۆچونانەشی بەدەرناوە. تواناکاریە ژیانیەکانی رێنومایەکی جێگیری ئایدیۆلۆژی، تەنیا دەکرێ لەڕێگای خۆ بەکۆمەڵگا کردن و بەکۆمەڵکردن بەئامرازە سیاسی و رێکخستنەکان، بخولقێنرێت. تەوژمێکی ئایدیۆلۆژی خاوەنی رێنومایی گەیشتن بەدەسەڵاتیشی هەبێت، ئەگەر خاوەنی چەمکی هەرەمی و رێکخستن، هێز، شێوازی دەسەڵات، ئامرازەکانی ئاژیتاسیۆن و پڕوپاگەندە نەبێت، ئەوا

ناکرێ بەدەسەڵات بگات. ئەگەر جولانەوەیەکی پەرش و بڵاو و خاوەن ڕێنومایییەکی دەسەڵات نەبێت، ئەوا لەڕاستەڕێی سزا و ئامانجەکانی، ناکرێ هێزی گۆڕانکاری بخولقێنێ.

مەیلی بۆرژوازی بچووك بۆ داخوازی مافی خۆی و خولقاندنی ژیانێکی تایبەت بەخۆی و جیاواز بە جۆرێك کە کەسی تر نەتوانێت دەستی تێوەربدات یان گفتوگۆی لەسەر بکات و ئەویش لەبەرامبەر دەرەوە بەرپرسیارێتی نیشان نەدات، ئەمە لە گەوهەردا گوزارشت لە فامینزم دەکات. لەپێش هەموو شتێکدا بابەتی نزیکبوونی لە ڕەگەزی بەرامبەر دێت بەجۆرێك یان بەناوی هاوبەشێتی و یەکێتیەوە دەکەوێتە نێو سازشکاری و تەبایی یاخود بەشێوەیەکی توندڕەوانە بەتەواوەتی بەدەری دەنێ و ڕەتیدەکاتەوە. بەڵام دەبێ لە گەوهەری ئەم نزیکبوونەدا هەبوونی هەڵوەستەیەکی باڵادەستیانە ببینین. بەڵام چەمکێکی ئازادی کە داڕنراوبێ لەپیاو ناکرێ کۆمەڵایەتی ببێت، زوو یان درەنگ خاوەنی ئەو چەمکانە گۆشەگیربوونیان لە کۆمەڵگادا دەست لێبەرنەدراو نییە. خۆی لەخۆیدا تەواوی جولانەوە ئەتنیکی، کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاییەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە کە ناکرێ ئازادیەکی بەتەنیا مەیسەر ببێت. پرۆگرامی ئازادی ــ کە ئەگەر ئەمە رووخاندنی سیستەمی باوکسالاری بەئامانج بگرێ ـ بەئەندازەی ئەوەی کە دەبێ گشتگیر ببێت، ئەوا ناچارە ببێتە خاوەن ناوەڕۆکێکی ڕێکخراوەیی و یەکگرتوانە بێت. ناکرێ ژنان یان پیاوان یاخود لاوان یان مناڵان تەنیا لەڕێگای خودیی رزگاریان بەدیبێت.

هەربۆیە جولانەوە فیمینیستەکان نەیانتوانیوە ڕێگای رزگاری ژن بکەنەوە، چونکە کێشەکانی تەنیا لەسەر بنەمای ڕەگەزێك بەدەستەوە گرتووە. بەجۆرێك شان بەشانی شیکردنەوەی ڕەگەزی، پێویستە خۆی بە دەزگا بکات و پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی و ئیرادەیی لەبەرامبەر دەسەڵاتی باوکسالاری، سەرەتا لە کەسایەتی ژنەوە پێشبخەن و هاوکات پێویست دەکات ئەنجامە سیاسیەکانیشی بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگا.

یەکێك لە نەخۆشیەکانی دیکەی فیمینیزم، ئەوەیە کە بەناوی سەربەخۆیی خۆی لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان بەدوورگرتووە. سەبارەت بەمەش نزیکبوونەکانی لە تێڕوانینی بۆ مێژوو ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە یان کێشەکە تەنیا لەرووی ئابووریەوە شیدەکاتەوە یان بابەتەکە لە تەوەرەی ڕەگەزی ژنەوە و یەك لایەن لێکدەداتەوە، یاخود گەلێك لایەنی قۆناخی دایکسالاری کە میراسی ژنانە، ڕەتدەکاتەوە.

کاتێك پێ دەنێینە سەدەی بیست و یەکەم، کێشەی ژن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، لەئاستی گەردوونیدا هێدی هێدی دەست بە ئاواکردنی زەمینەیەکی گونجاوی رێکخستنی جولانەوەیەکی ژن دەکات. لەسەدەی بیست و یەکەمدا زانیاری، ئەنفۆرماسیۆن هەروەها زانست و تەکنیك پێشکەوتوونە و تادێت زیاتریش پێشدەکەون. لە سەدەی بیست و یەکەمیندا و گرێدراو بەشێوەکانی بەرهەمهێنان، ژن لەشوێنگەیەکی چالاکتردا دەبێت. لەقۆناخەکانی رابردوودا، کە کێشەکانی بەشداربوونی ئەم چالاکیە کۆمەڵایەتییە دەبووە جێگەی باس، ئەوا ئەمڕۆ لەئاستێکی دیاریکراودا ئەم کێشانە رووەو چارەسەری دەچن. ئەمڕۆ ژن، لە زانکۆکاندا بەپێی ئارەزووی خۆی دەتوانێ لەو بەشەی کە هەڵیدەبژێرێ بخوێنێ و پەروەردە ببینێ یاخود لە پێکهاتە سیاسیەکان و ئەنجومەنەکاندا بەپێی ئەو رادەیەی بۆی دیاریکراوە جێگە بگرێ. دەتوانێ لەمیانەی مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتندا سوود وەربگرێ و کارگە و جێگەی کار بکاتەوە و بەڕێوەی ببات. لە تەوەرەی گلۆباڵیزەبوونی سیستەمی جیهاندا، ژن توانیویەتی ئەم جۆرە مافانە و گەلێك مافی دیکەش بەدەست بهێنێ، بەمەرجێ دژایەتی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی پیاوسالاری و بەرژەوەندیەکانی نەکات.

لەسیستەمی ئیمپرالیزمی ئەمڕۆدا کە تیایدا نایەکسانی دەرفەتەکانی لەئاستێکی بڵندایە، خاوەن دەرکەوتن لەو مافانەی کە ناکرێ بەکاربهێنرێت، خۆی لەخۆیدا ئەم مافانە گوزارشت لەهیچ واتایەك ناکەن. لەو جێگایانەی کە ئەم مافانە بەکاریش دەهێنرێن، بەرتەنگ کردن و فشارەکان زێدەتر دەبن. ئەگەرچی ئەو ئیمپریالیزمە گلۆباڵەی ــ کە لە ئاستێکی هەرە بڵنددا گوزارشت لە بەدەزگابوونی سەردەستی پیاو دەکات ــ هەندێ مافی بەژن داوە، بەڵام ئەوە بۆئەوەیە کە ئاستەنگی بنێتەوە لەپێش دەرکەوتنە رووی جولانەوەیەکی رادیکاڵ و چالاك کە بانگەشەی ئازادی ژن بکات. هەروەکو چۆن دوای ساڵانی 1990، ئیمپریالیزم بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی هەندێ مافی سنووررداری بە گەلان و کەمە نەتەوەکان داوە، بەهەمان شێوەش هەوڵدەدات لە چوارچێوەی هەمان پێگەدا ژنیش دەستەمۆ بکات. لەڕاستیدا ئەو سیاسەتە خراپانەی کە زەحمەتە توێژە بێ هۆشکراوەکانی کۆمەڵگا بیانبینێ و دەرکیان پێبکات، لەبنەمادا گوزارشت لەبێچارەبوونی ئیمپریالیزم و هەنگاونانی رووەو هەڵوەشانەوە دەکات. بۆئەوەی ئیمپریالیزم بەرەوشێکی بەمجۆرە نەگات هەوڵدەدات هەم ژن و، هەم گەلان و کەمە نەتەوەکان و هەروەها کولتوورە ئەتنیکیەکان

بخاتە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەو دامودەزگا نوێیە نێونەتەوەیی و سەرووی نەتەوەییانەی کە لەبن ناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە دیموکراسیەکان دایمەزراندووە، بریتیە لە میکانیزمی پاراستنی ئیمپریالیزمی گلۆباڵ لەسەر مرۆڤایەتی جیهانی لە چوارچێوەی داگیرکاری ووردەکارانە.

هەرچی سیاسەتی نوێی ئەم میکانیزمەی ئیمپریالیزمی نێونەتەوەییەیە سەبارەت بەژن، بە لە بەرچاوگرتنی کارەکتەری تواناکاری تێکۆشانی ژن لەسەدەی بیست و یەکەمدا، ئامادەکراوە. ئەم سیاسەتە نوێیەی سەبارەت بە ژن، کۆسپ دانان لەپێش ئەگەری پێشکەوتن و رێکخستنی جولانەوەیەکی ئازادی ژن، دەکاتە ئامانجی خۆی. ئیمپریالیزم کە ناتوانێ بەرگەی بزاڤێکی ژنان بگرێ کە نوێنەرایەتی ئازادی، دیموکراسی، ئاشتی و برایەتی راستەقینە دەکات، لە رێگای هێنانە لایەکتری هەندێك دەوروبەری ژنان کە لە ژێرچاودێری خۆیدا پەروەردەی کردوون و لۆژیکی باڵادەستی پیاو و خاوەنداریێتی تایبەتی لەسەریان زاڵ کردووە، لە گەوهەر و رابردووی مێژوویان دایماڵیون و، هەوڵدەدات بزاڤێکی مارژیناڵی ژنان بێنێتە رۆژەڤەوە. ئامانج لەو بزووتنەوە ماژیناڵەی ژنانیش کە هەوڵدەدرێت لەرێگای داخوازیەکانی نێوان سنوورەکانی هەندێك لە خاوەنداریێتیە بچووك، یاسایی و تایبەتەکانەوە بهێنرێتە رۆژەڤەوە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەو سەرهەڵدەدات و رزگارییەکی راستەقینەی کۆمەڵایەتی بەئامانج دەگرێت پاکتاو بکات. بەم هۆیەوە هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناخە لەلایەن ژنانی ئەمرۆکەمان و گەیشتنیان بە رێنماییەکی هاوبەشی تێکۆشان ژیانییە. چونکە دان پیانان بەهەندێ ماف بۆ ژنان، لە چوارچێوەی یاساکاندا تەنیا توێژێکی ژنان دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. ئەمرۆ ژن، لەنێو هەلومەرجەکانی سیستەمی باوی خاوەنداریێتی تایبەتدا دووچاری پۆلینی (دابەشکردنی) چینایەتی بووە. بەڵام ئەوەی ئەو بنەما چینایەتیانەی کە ژن پابەندیەتی دیاری دەکات، شوێنگەی کۆمەڵایەتی پیاوە، کە رۆڵی باوك یان مێرد دەگێرێ وەکو "ولی الامر"ی ژن. ژنی ئەمرۆ ئەگەر بخوازێ چارەسەری بۆ ئەم کێشە گەردوونییە بدۆزێتەوە، ئەوا پێویست دەکات سنووری ناکۆکیەکانی ئەم چینە ساختەیە تێبپەرێنێ و بۆ بەدەستخستنی ناسنامەی خۆشی تێبکۆشێ. پێویستە داخوازی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ئەو مافە یاساییانەی کە خاوەنیەتی بکات، تاوەکو تەواوی ژنان بتوانن سوود لێوەربگرن و دەبێ تێبکۆشێ بۆ ئەو هاورەگەزانەی کە ناتوانن سوودی لێوەربگرن. بەڵام سەبارەت

بەرێنومایی سەرەکی ئەم تێکوشانەش، پێویست دەکات رێنومایی کۆمەڵگایەکی بێ چین، بێ توندوتیژی، دیموکرات و ئاشتیانە بێت.

بەدرێـژایی مێـژووی کۆمـەڵگای چینایەتی باوکسالاری، مرۆڤایـەتی بـەم یۆتۆپیایـەوە ژیاوە بەڵام تەواوی ئەو قەڵەمبازە شۆڕشگێڕیانەی دەرکـەوتوون توانیویانـە ئـەم سیسـتەمە کۆمەڵایەتیە بەگەیەننـە شـوێن و ئاسـتێکی دیـار. سـەبارەت بـە سیسـتەمی سـەرمایەداری ــ ئیمپریالیسـتی دوایـی ئـەم زاراوە و دەسـتەواژانەی تـادواڕادە بـەکارهێناوە، بـەڵام بـەگوێرەی بەرژەوەندی و لە چوارچێوەی لێکدانـەوە سیاسـیەکانی خۆیـەوە شـرۆڤەی کـردووە و وەکـو بلێـی "شارسـتانیەت"ی پێشکەشـی مرۆڤایـەتی کـردووە. بـەڵام خۆسـنووردار کـردن تـەنیا بـەژیانی رۆژانـە و خـۆدابڕان لـە هـەموو شـتیك، بـەواتای دابـڕان دێـت لـە رەگ و ریشـەی مرۆڤایـەتی. چـونکە چـەمکی شارسـتانیەتی هەنوکـەی دەسـەڵاتدارێتی پیـاو، بـێ رێـزی لەبەرامبـەر سـەرەتاکانی مرۆڤایـەتی دەکات و تەنانـەت نکۆڵیشـی لێـدەکات. ئەگـەر مرۆڤـی سـەرەتایی یـاخود کۆمـەڵگای سـەرەتایی بـە بـەراورد لەگـەڵ رۆژگـاری ئەمڕۆکـەمان جیـاواز بێت، ئەوە لەبـەر ئەوەیـە کـە ئـەو "سـەرەتاییە" رەنگـی ژن لـەخۆوە دەگـرێ و زێـدەتریش مرۆییانەیە. ئەو "مرۆڤە شارستانیەی" ئەمڕۆکەمان کە لەرەوشی مرۆڤایـەتی دەرکـەوتووە و بەئاسـتی مـەیمونکردن گەیشـتوە، ئـەو مرۆڤەیـە کـە رەنگـی باڵادەسـتی پیـاوی لـەخۆوە گرتووە. چونکە سیستەمی کۆمـەڵگای چینایەتی باوکسالاری کـە وەکـو "شارسـتانیەتی" لـە قەڵـەم دەدرێـت، لـەنێو خۆیـدا ئـەو شـتەی کرێـت کـراوە، بۆتـە بەنـدەی غـەریزەکانی و زێدەتریش میکانیك بووە و بەرخۆر و تێکدەرە، لەخۆوە دەگرێت.

لەبنەمادا ئەم زاراوانە "ئاشـتی، ئـازادی، یەکسـانی، برایـەتی" گوزارشـتی راسـتەقینەی خۆیان لە شارستانیەتی دایکسالاری، کە سەرەتای شارستانیەتی خاوەن کارەکتەری بێ چـین، بێ داگیرکـاری، ئاشـتیانە لـەخۆوە دەگـرێ، بینیوەتـەوە. کۆمـەڵگای باوکسـالاری کـە تەمـەنی نزیکـەی 4 هـەزار سـاڵە، وای لـە مرۆڤایـەتی کـردووە کـە راسـتینەی بـەر لـە 5 هـەزار سـاڵ لـەبیربکات و نکۆڵی لێکـردووە و ئەویشـی لـە گەوهـەری مرۆڤـی "دایکایـەتی" دابڕانـدووە. "خوداوەندی دایك" لە سیستەمی چینایەتی باوکسالاریدا وەکو "جادووگەر" پێناسە کـراوە و وەکـو "شـەیتان" لـە قەڵەمـدراوە و ژنایـەتی راسـتەقینە کوژراوە و کراوەتـە خۆڵـەمێش. لەبەرامبەر ئەمەدا، دەسەڵاتی باوکسالاری، پیاوێتی پیرۆز کردووە و کردوویەتیە خوداوەند.

لەم واتایەدا کوشتنی پیاوێتی، دەبێتە کوشتنی تەواوی دەسەڵاتە باڵادەستەکان و هەروەها بەواتای کوشتنی ئەو زەبروزەنگ و داگیرکاری و چەوسانەوەیە دێت کە لەخۆوەی دەگرێت.

**ژن** وەکو کۆنترین و نزمترین چین، فشار و چەوسانەوەیەکی بێ سنووری لەسەر پیادە دەکرێت. کێشەی ژن کە تازە بە تازە ڕێگای لەپێش دەکرێتەوە، بابەتێکی هێندە گشتگیر و بەرفراوانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا جێگای نابێتەوە. ئازادی ژن وەکو پێوانەی گشتی تەواوی ئازادییەکان، هێشتا ئامادەکاری هەنگاونانی یەکەم دەکات. دەربازبوون لە چاخی ژنەوە (دایکسالاری) بۆ چاخی پیاو (باوکسالاری)، ڕێگای لەپێش ئەوە کردۆتەوە زیانی مەزن بە ژن بکەوێت. مێژووی 5000 ساڵەی کۆمەڵگای چینایەتی بۆتە هۆی ئەوەی بە رادەی زێدە هەرە ژن زیان ببینێ و بدۆڕێنێ. فشاری هەمە لایەنە و سووکایەتی پێکردن، جیاوازی رەگەزی و هەموو جۆرێکی چەوسانەوە، شایستەی ژن بینراوە. ئەو ژنەی کە سووتاوە و سووتێنراوە، تازە بە تازە لە ژێر خۆڵەمێشەوە دەردەهێنرێت و هەوڵی پاك کردنەوەی دەدرێ. لە کاتێکدا پێویست بوو بەر لە هەموو شتێك و بە بێ هیچ مەرجێك دان بە تەواوی مافەکانی تاکە کەسی ژندا بنرێت، بەڵام لەدوای هەموو مەسەلەکان و بە شێوەیەکی سنووردار کردنی بە رۆژەڤ، پەیوەندی بە رەهەندە مێژوویی و قووڵەکانی ستەمکارییەوە هەیە. بابەتەکە هێندە بەرفراوان و گشتگیرە دەشێ ببێتە لقێکی زانستی کۆمەڵناسی، هێندە گرنگە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ و نەخشە بۆ کێشراو و ڕێکخراوەیی پێویستی بە تێکۆشانێکی سیاسی دیموکراسییانە و یاسایی درێژخایەن هەیە. هەم لەلایەنی گەوهەر هەم شێوە لە تێکۆشانی نەتەوەیی و چینایەتی جیاوازترە و تێکۆشانێکی ژیانییە. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا تەنیا ناوی کێشەکە دەستنیشان کراوە و هێشتا ناوەڕۆکەکەی دیاری نەکراوە. هێشتا دوورە لەوەی کە بەرنامە و ستراتیژ و ڕێکخستن و شێوازی چالاکیەکانی تەواو لە نێو رۆژەڤدا جێگیر بێت. هەروەکو چۆن لەسەر بنەمای کۆیلایەتی رەگەزی ژن مێژووی شارستانیەتی چینایەتی وەکو مێژووی ستەمکاری؛ شەڕ، چەوسانەوە و تەڵەکەبازی و چەواشەکاری دەستپێکرد، ئەوا لەمیانەی تێکۆشانی ئازادی ژن و گەیشتنی بە سەرکەوتن، سەرلەنوێ مێژووی ئازادی، ئاشتی، یەکسانی و راستی دەئافرێنرێ و دەنووسرێتەوە. تەواوی پێشهاتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئازادی ژن رۆڵێکی بەرچاو لە بەرەبەیانی شارستانیەتی نوێدا دەبینێ و دووبارە و لە ئاستێکی بەرزتردا چاخی ژنی ئازاد دێتە ئاراوە.

# ژن و سۆسیالیزم

سـەدەی نۆزدەهـەم سـەدەی جیابوونـەوە و یەکلابوونـەوەی ناسـنامە چـینایەتیەکانە. ڤەبوونی خێرای لبیڕاڵیـزم بـەناوی بۆرژوازیـەت و سۆسـیالیزم دەبینـرێ کـە بـەناوی چـینی زەحمەتکێشەکانەوە, یەکسانی بە بنـەما دەگرێـت. ئـیتر وەکـو جـاران ململانێـی ئایـدیۆلۆژی لەنێو ئایدیۆلۆژیای چینی دەرەبەگایەتی کە شێوەیەکی ئـایینی هەیـە، لەگـەڵ ئایـدیۆلۆژیای بـۆرژوازی نییـە کـە لەسـەر بنەمایـەکی زانسـتی عەلمانییـە. لبیڕاڵیزمـی بـۆرژوازی و سۆسـیالیزمی زەحمەتکێشـان، ناسـنامەی نـوێی ململانێـی ئایـدیۆلۆژین. بـۆ یەکـەمین جـارە لەمێـژوودا تێکۆشـانی زەحمەتکێشـان لەسـەر بنەمایـەکی زانسـتی دەبێتـە خـاوەن رابـەری ئایدیۆلۆژی.

ئایـدیۆلۆژیای سۆسـیالیزم کـە دوای تێپەڕانـدنی قۆنـاخی درێژخایـەنی پوختـەبوونی (تکامـل) کۆمەڵایـەتی، لەسـەدەی نـۆزدەدا لەلایـەن مارکسـەوە خـۆی گەیانـدە گوزارشـتێکی زانستی، بەهێنانەئارای دروشمی "یەکسـانی، دادپـەروەری و ئـازادی" بـووە هیـوای رزگـاری و مژدەدەری یۆتۆپیای ئازادی مرۆڤایەتی بەگشتی و ستەملێکراوەکان بە تایبەتی. کەچـی لـەم نێوانەدا بـۆرژوازی لەبەرامبـەر ئـەم بانگەشـە شـکۆمەندانە، رۆڵێکـی پاشـڤەڕۆییانەی گێـڕا. سۆسیالیزم کە خوازیاری دونیایەکی بێ چین، بێ فشار و ئازاد بوو بۆ مرۆڤایـەتی، لـەڕێگای مارکسـیزمەوە خـۆی گەیانـدە بنـەماکانی ئـابووری و فەلسـەفی. مارکسـیزم، سیسـتەمی سەرمایەداری کە بەتەواوی ئۆگارنە سەرخان و ژێرخانیەکانیەوە، هەناسـەی لەبـەر تـەواوی سـتەملێکراوان و کۆمـەڵگا بـڕی بـوو، شـیکردەوە و نـاکۆکی چینایەتی وەك سـەرەکیترین و خێراترین ناکۆکی مرۆڤایەتی روونکردەوە و چارەسەرکردنی بەپێویست بینی. بەم شـێوەیە خەباتی ستەملێکراوان و گەلان کە لـەژێر سایەی رێنومایییـەکانی مارکسـیزم پـەرەی سـەند، رۆڵێکی مەزنی لە بووژانـەوەی مرۆڤایـەتی و تەشـەنەکردنی شـەڕ لـەپێناو ژیـانێکی ئـازاددا هەبووە.

شانبەشانی ئەمەش سۆسیالیزمی زانستی وەکو ناسنامەی ئایدیۆلۆژی، لەبوارەکانی مێژوویی و کۆمەلآیەتی و ئاستی تەکنۆلۆژی، کەموکوڕی جددی لەخۆوە دەگرێ. دامەزرێنەرەکانی خاوەنی توانستێکی زانیاری (زانستی) ئەوتۆ نەبوون کە شیکرنەوەیەکی گشتی سەبارەت بە شارستانیەت بکەن. لێکۆڵینەوە دەرهەق بەزانیاری پێویست، سنوودار بوو. تاکە تواناکاریەکی سنوورداری زانیاری دەرهەق بە سۆمەریەکان دەرنەکەوتبوونە مەیدان. تەنانەت چاخی دێرینیش لە هەڵسەنگاندنێکی راست دوور بوو. سەبارەت بەکۆمەلگای نیۆلۆتیك، نە تێکۆشانێکی ئەوتۆی شوێنەوارناسی و نە هەڵسەنگاندنێکی تێوری لەئارادا بوو. ئەو کۆمەلگایەی سەرمایەداری کە هەڵسەنگاندنی سەبارەت ئەنجام دابوو، لەقۆناخی پێگەیشتن دابوو. بەڕادەیەکی زیاتر پێکهاتەی بەرهەمهێنانی شیکرابۆوە. هەڵسەنگاندنەکانی سەبارەت بە دەوڵەت و ناسنامەی ئایدیۆلۆژی، زۆر سنووردار بوو و هەڵەی مەزنی لەخۆوە دەگرت. مارکس و ئەنگلس کە یەکەم دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی بوون. نەیاتوانیوە لە نزیکبوونەوە سەبارەت بەم دوو دیاردە گرنگە خۆیان لە فەلسەفەی ماتەریالیستی قەبە رزگار بکەن و، وەکو رەنگدانەوەی بچووك و ئاسایی ئابووریان هەڵسەنگاندووە.

بەگوێرەی گەوهەری سۆسیالیزمی، پێویست بوو سیستەمێك بێت بەڕادەی هەرە زێدە کۆمەلگای دیموکراسی پێشبخات. وەکو پێشبینی و مەرجێکی تیۆری خودی سۆسیالیزم تەنیا لەئەنجامی دیموکراتیزەبوون بەدیدێت. لەو کۆمەلگایانەی دیموکراسیەت تێیاندا پێشکەوتووە، ناشێ بیر لە بونیادنانی سۆسیالیزم بکرێتەوە. رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی کە ئامرازی بەکاریگەری دیموکراسین نابێ گرێداوی دەوڵەت بن؛ بەپێچەوانەوە وەکو گروپە شارەزا و پسپۆرەکانی چاودێریکردنی دەوڵەت رۆڵ دەبینن. تاوەکو ئەم رۆڵە نەبینرێ، ناشێ پەیوەندی کۆمەلگا ـ دەوڵەت کۆنترۆڵ بکرێت کە تاوەکو دوایی ئاڵۆزبووە. لەکاتی هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراودا، ئەو کۆمەلگایەی پێویست بوو لێی بەخاوەن دەربکەوێ، بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی ساتێك زووتر لێی رزگار بێت و لە بەرپاکردنی بەرفراوانترین جموجۆڵی کۆمەلآیەتیەوە هەنگاویان بەرەو دواوە نەهاوێشت. لەڕاستیدا ئەم جموجۆڵە گوزارشتی دەربازبوونە لە سەمایەدارییەکی پاشڤەڕۆ و دوور لە دیموکراسی، بەرەو سەرمایەدارییەك کە بۆ میانڕەوی کراوەیە. تاوەکو دیموکراسیەتێکی پێشکەوتوو نەبێت، ناتوانرێ بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو بهاوێژرێ. تاوەکو پێشکەوتووترین

دیموکراسیەتەکانی بۆرژوا تێپەڕ نەکرێت، دیموکراسی گەل پێش ناکەوێت. لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە تاقیکردنەوەی خۆی سەبارەت بە دیموکراسیەت دووچاری شکستێکی مەزن و نکۆڵیکردن لە دیموکراسیەت بۆوە، بەتایبەتیش لەلایەن گەلەوە، لەمیانەی ئەو رقەی کە دیارنەبوو ئەنجامەکەی بەرەو کوێ دەچێ، لە هەڵوەشانەوە رزگار نەبووە.

ئەگەر لە سەردەمی لە دایك بوونی سەرمایەداریدا بێت یاخود لە چاخی تەنگژەدا، ئەوا ئەو بابەتەی هەرە زێدە هەڵوەستەی سەبارەت کراوە، ئازادی تاکە کەسە. لە راستیدا ئەو تاکەی لەلایەنی رۆحی و هزری لە دەستی هەموو جۆرە دۆگماتیزمێك رزگاری بووە، گوزارشت لەپێشکەوتنێکی گرنگ دەکات. ئەم دیاردەیە تەنیا بە سەرمایەدارییەوە پەیوەندیدار نییە. پێوانەی هەر هەڵمەتێکی پێشکەوتووخواز، لەو پێشکەوتنە دیار دەبێت کە لە بواری ئاستی شەرفمەندێتی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە. نرخ و بەهای شۆڕشێکی مێژوویی، لەمیانەی ئەو پێشکەوتنەوە پێودانگ دەکرێت، کە لە بواری هەبوونی مرۆڤایەتی و شەرەفمەندێتی تاك رێگای لەپێش کردۆتەوە؛ لە وشیاری و پابەندبوونی ژیان و خوڵقکاری و بەرهەمی رەنجی ئەو تاکە دیار دەبێت کە خۆی خوڵقاندویەتی. دروستترین پێودانگی پێشکەوتن و دواکەوتن، ئەو پێشکەوتنانە دیاری دەکات کە سەبارەت بە تاکە و لە کوێوە گەیاندوویەتیە کوێ و کامە ئاست. لەهەمانکاتدا ئەم پێوانەیە بە باشترین شێوە ئاستی ئازادی کۆمەڵگا و بەڕێوەبەرایەتییەکەی دیاری دەکات کە ئەم تاکە جێگای خۆی تێدا دەگرێت. ئەو پێشکەوتنانەی سەرمایەداری سەبارەت بە تاکە کەسێتی ورووژاندوویەتی، سەرنج راکێشە. بە لایەنە ئەرێتی و نەرێتیەکانییەوە ئەمە بابەتێکە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوان هەیە. هەرچی سۆسیالیزمی بونیادنراوە، لە ئەنجامی ئەوەی لەمیانەی پڕوپاگەندەوە، تاکە کەسێتی وەکو بابەتێکی نەرێتی تایبەت بە سەرمایەداری نیشاندا، رێگای لەپێش ئەوە کردەوە دواتر دەرهەق بە مەسەلەی مافی تاکە کەس بکەوێتە نێو رەوشێکی زۆر دواکەوتووەوە. لە راستیدا پێویستە سۆسیالیزم لە سەرمایەداری زیاتر بەم کێشەیەوە پەیوەندیدار بێت. تاوەکو پێناسەیەکی راست دەرهەق بە کەسایەتی (تاکی) سۆسیالیستی پێشنەخرێت و ئاوا نەکرێت، ئەوا دەرك بەو کۆمەڵگا و پێوانانەی شارستانیەت ناکرێت کە پێك دەهێنرێن. چونکە بەهای راستەقینەی رژێمێك بە رادەی هەرە زێدە لە جۆری ئەو تاکە کارەکتەریزە دەکرێت کە خوڵقاندوویەتی یاخود وەکو

بەهادارترین بوونەوەر پێویستە مرۆڤ بکرێت بە سەنتەر. هیچ پێوانەیەکی لەوە بەهادارتر نییە. بە تایبەتیش بۆ سیستەمێك کە سەبارەت بە بابەتی ئازادی بانگەشەی نوێنەرایەتی پێشکەوتوترین ئاست بکات، ناتوانرێ بگوترێ پێوانەیەکی لەمە پتەو و پیرۆزتر هەبێت. شتێکی رێکەوت نییە ئەو بوارەی بە رادەی هەرە زێدە سۆسیالیزمی بونیادنراو شکستی تێدا خوارد، تاکە کەسێتی یە، چونکە گەورەترین خەفلەت، ئەگەر باسیش بکرێت زیاترین خیانەت و ستەمکاری سەبارەت بە تاك و مرۆڤ خۆی نیشانداوە.

دەزگاکانی دەوڵەت و سیاسەتی سەردەمی سۆسیالیستی بونیادنراو، کە بەیەکەم ئەزموونی سۆسیالیزم دادەنرێت، تایبەتبوونی خۆیان نیشان نەداوە. لەشوازێکی ژیانی شێوەبەندی سۆڤیەت زیاتر، لەئامرازێکی پڕوپاگەندەی دەوڵەت زیاتر رۆڵێکی دیکەیان نەبووە. لەڕاستیدا ئەم ئامرازە پێویست بوو لەڕووی دەوڵەتەوە خاوەن قورساییەك بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بۆتە ئامرازێکی دەربازبوون بەرەو دەوڵەتی تۆتالیتاری، بووە بەئامرازێکی سەرەکی گەندەڵبوون. پێکهاتەی سیاسی تاك حیزبی، بۆتە ئامرازێکی دوالیزمی سپی و رەش کە تەنیا لە کردەوەکانی فاشیزمدا دەبینرێ. چەندین لایەن و لق کە گرێداوی ئەم ئامرازانەن، کەوتوونەتە ناو هەمان رەوشەوە. لەئەنجامدا زیاتر لەوەی کە ببن بە ئامرازی گەیاندنی داخوازییە دیموکراسییەکانی کۆمەڵگا بۆ دەوڵەت، بوونەتە ئامرازی ئابلۆقەدانی کۆمەڵگا لەلایەن دەوڵەتەوە. لەکاتێکدا پێویستە خودی دەوڵەت ببێتە ئامرازێکی کۆردیناسیۆنی گشتی، بەدەسەڵاتێك گەیشتووە کە لەسەرەوەی چەمکی دەوڵەتی ئیلاهیە، کە ریشەکەی پشت بە سۆمەریەکانەوە دەبەستێ. ئەم پێکهاتە دەوڵەتییەی کە بووە بە ئامرازێك بەشێوازێکی زۆر دژوار چەمکی بەڕێوبەرایەتی تۆتالیتاری پراکتیزە دەکات و لەوە رزگاری نەبووە کە بەتەواوی پەیوەندی خۆی لەگەڵ زاراوەکانی دیموکراسی بپڕێت. لەم قۆناخەدا گۆڕانکاریەکی قووڵ لەژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی، جیهانی مەعنەوی کۆمەڵگا و بەها رەوشتی و مەعنەوییەکان (مۆراڵیەکان) بەدی نەهات. بەهەڵسوکەوتی بەبنەماگرتنی ئابووری کە مرۆڤەکان دەکاتە ئامرازی بەرهەمهێنان، بەهاکانی ئاکاری، مەعنەوی و رۆحی کۆمەڵگا لەنێوچوون. لەمیانەی ئەو پێکهاتەیە و هەروەها کۆمەڵگای بێ رۆح، هەموو شتێکی مرۆڤەکان وەکو فەلسەفە، جوانناسی (ئەستەتیزم) و ئایین و یۆتۆپیا هەموویان سڕبوونە و فرەڕەنگی لەنێو چووە. سامانی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وشککراوە. ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم

لـەڕێگای قووڵبوونـەوە لـەژیانی رۆژانـەی مرۆڤـەکانی لەچـییەتی خـۆی دابـڕاوە و بۆتـە سیســتەمێك کــە ئــیتر نــاتوانێ خــۆی نــوێ بکاتــەوە و وەڵامــدەرەوەی پێداویســتیە کۆمەڵایەتیەکان بێت.

لەکاتێکدا ئەو پێوانە دیموکراسیانەی کە لەوڵاتە سەرمایەدارییەکاندا دەرکەوتوونەتـە پێش، کەچی لەوڵاتانی سۆسیالیزمی بونیادنراودا ئاراستەی بەرەو وشك بوون و دەوڵـەتێکی سەرەڕۆ و تۆتالیتار بووە. لەجیاتی پێشکەوتنێکی بەمجۆرە، زاڵبوونی کـردەوەی پێچـەوانەی ئەمە، هۆکارێکی دیکەی گرنگی هەڵوەشانەوەی سیستەمە. ئەو تێکۆشانە تیۆریانـەی لـەژێر ناوی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و "دەوڵـەتی گـەل" ئـەنجام دراوە زۆر لـە زانستی بـوون دوور بـووە، لەئـەنجامی پڕوپاگەنـدە بـەولاوە تێپـەڕی نـەکردووە. تەنانـەت لـەم بـوارەدا زۆر لـە دواوەی مارکس و ئەنگلس ماونەتەوە.

سۆسیالیزمی بونیادنراو بە بەکارهێنانی تۆتالیتاریـەت، کەوتۆتـە نـاکۆکی لەگـەڵ ئـەو پرەنسیپەی ئازادی سۆسیالیزم کە پێویست بوو زیاتر پـەرەی پێبـدرێت. واتـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو نموونەیەکی سیستەمی راهیبی سۆمەرە کـە لەگـەڵ ئـەم قۆناخـەدا گونجێنـراوە. یەکـەمین کۆیلایـەتی هـەرەوەزی لەلایـەن راهیبـەکانی سـۆمەرەوە جێبـەجێکراوە. واتـە نموونەیـــەکی کۆیلـــەداری دەوڵـــەتیان دامەزرانـــد و، بەڕادەیـــەکی زۆریـــش لەشـــێوەی دەوڵەتگـەرایی سۆسـیالیزمی بونیـادنـراو دەچـێت. خـودی دەوڵـەت، لـەنێو هەلومەرجـەکانی کۆمـەڵگای چـینایەتی، بـەواتای نکـۆڵیکردن دێـت لـە ئـازادی. دەوڵەتگـەرایی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو وەکو پەیڕەوکەری زۆر بەرفراوان و چڕوپڕتری ئازادی تاکە کەسـی بەڕادەیـەکی زۆر لەئاستی سەرمایەداری پاشکەوتووتر، هێشتۆتەوە.

ئەو شکستانەی کە سۆسیالیزمی بونیادنراو دووچاری هات، لەبەرئەوە نییە کە ناهـەق بـووە، بـەڵکو زیـاتر بـۆ هۆکـاری زانسـتی نـەبوونی دەگەڕێتـەوە. لـە تێگەیشـتنی کۆمـەڵگا بەگشتی و بەتایبەتی لە دوالیزمی تاك ـ کۆمەڵگا دوور ماوە. سنووری بـاڵابوونی کۆمـەڵگای ســـەرمایەداری لەســـەر کۆمـــەڵگای سۆســـیالیزمی و تـــاکی ســـەرمایەداری لەســـەر تـــاکی سۆسـیالیزمی تێنەپـەڕێنراوە. لەمەشـدا دواکـەوتن و کـەمبوونی وشـیاری و زانیـاری راسـت، رۆڵی سەرەکیان گێراوە.

بابـەتێکی دیکـە کـە رۆڵـی هـەرە گرنگـی لەهەڵوەشـانەوەی سۆسـیالیزمی بونیـادنـراودا گێڕاوە، ئەو کەموکوڕیە جددیانەن کە سەبارەت بە نزیکبوون لە کێشەی ژن، ئەنجامـدراوە.

لەکاتێکـدا کـە پێویسـت بـوو کێشـەی ژن لـە سۆسـیالیزمدا بابـەتێکی هـەرە سـتراتیژی و پرەنسیپێکی هەرە سەرەکی بێت، کەچی بۆتـە بابـەتێك کـە هـەرە زێـدە پشتگوێ خـراوە و گرنگی پێنەدراوە.

لەبــەر ئــەوەی شۆڕشــە پرۆلیتاریــەکان، شۆڕشــێکن کــە لــەژێر نــاوی ژێردەســت و بەهاوبەشی هێزی ئەوان پێکدێت، ئەوا ژن کە لەهـەموو توێـژێك زیـاتر دەچەوسـێتەوە، لـە ئاسـتێکی هـەرە بڵنـددا لـەخۆوەی دەگـرن. ژن کـە لـە کۆمـەڵگای بۆرژوازیـدا نەگەیشـتۆتە ئامانجـەکانی، بـۆ رزگـاربوون لـە فشـاری قـورس، بەشـێوەیەکی چـالاکانە لـەو شۆڕشـانەدا بەشــداری کــردووە. بــۆ نمونــە، بەشــداری ژنــان لەشۆڕشــی بەلشــەفیك زۆر بەرچــاوە. بەشـداربوونی وشـیارانەی رێکخراوەکـانی ژنـان لـە شـۆڕش و بزاڤـەکانی ئەمڕۆکـەش زۆر بەدیدەکرێت. بەڵام ئەم بەشداربوونە وەکو بەشێك لە ستراتیژی گشتی بـووە. واتـە لەسـەر بنـەمای لێکۆڵینـەوە دەربـارەی کێشـەی تایبـەتی ژنـان و دارشـتنی بەرنامەیـەکی تایبـەت نـەبووە. گەیشـتن بـە بەرنامەیـەك لەمـەڕ مەسـەلەی ئـازادی و یەکسـانی ژن و هـەروەها خۆبەرێکخستن و خەباتێکی تایبەت بەژنان بەشێوەیەکی رێکوپێك، ئەنجامنـەدراوە. ئـەوەی لە بزاڤەکانی ژناندا بینراوە، زیاتر جوڵانەوەی لـەخۆوە بـووە. هەرچـەندە هەنـدێك بـزاڤ و سـەرۆکی ژن دەریشـکەوتبن، بـەڵام ئـەوانیش وەکـو بەشـێك لـە هەڵسوکەوتێکی سـتراتیژی بەمەبەسـتی چارەسـەری کێشـەی ژن نـەبوون، بـەڵکو وەکـو پاشـکۆی سـتراتیژیەکی گشـتی هاتوونەتە ئاراوە. ئەگەرچی ئەمڕۆکە ژن، مەودایەکی زۆری بڕیوە و بەرەو پێشەوە چووە، هەروەکو چۆن لەتـەواوی ئـەو بزاڤانـەی کـە لـەخۆوە دەردەکـەون، سـەبارەت بـەم بابەتـەش چارەسەرکردنی ریشەیی قەیرانەکە بەتەواوی مەیسەر نەبووە.

تیـۆری مارکسـیزم کـە رزگـاری مرۆڤایـەتی لـەڕێگای جیهـانبینی سۆسیالیسـتیانە فۆرمیلـەی کـردووە، ئـازادی ژن وێـڕای رزگـاری کۆمەڵایـەتی بەدەسـتەوە دەگـرێ. مـارکس پێداگری لەسەر ئەم خاڵە دەکات کە ئاست و رادەی ئازادی ژن دیاریکەری (پێوانـەی) ئاسـتی ئازادی کۆمەڵگایە. مارکسیزم چارەسەری کێشەی ژن بە لەنێوبردنی هەموو بنکـە ئـابووری، سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکانی سیسـتەمی سـەرمایەداری پەیوەسـت دەکـات. بـەڵام مارکسـیزم نابێـت بەتـەنیا نـەبوونی جێگایـەك بـۆ ژنـان لـە پرۆسـەی بەرهـەمهێنان و لـە ئـارادابوونی گوشــار و چەوســانەوەیان لەچوارچــێوەی خێزانــدا، چێشــتخانە و شــەقام بخاتــە بــەر لێپرسـینەوە. بـەم واتایـە هەڵسـوکەوتی فەلسـەفی و کۆمەڵایـەتی لەگـەڵ کێشـەکە ناتـەواو

دەمێنێ. ئەنگلس بە پەسندکردنی تێزی دەربارەی سەردەمی رەوتی پێگەیشتنی قۆناخی دایکسالاری لەمێژووی مرۆڤایەتی، رەهەندی نوێی بۆ لێکدانەوەکانی تیۆری مارکس زیاد کرد و بەشیکردنەوەی پەیدابوونی گوشاری چینایەتی لەسەر ژن بۆ یەکەم جار و کۆیلەبوونی ژن لەچوارچێوەی ماڵدا، چەوسانەوەی چینایەتی و رەگەزی پێکەوە تاوتوێ دەکات. بەکورتی، هەرچەندە ئەو سەرۆکە سۆسیالیستیانە تاڕادەیەکیش بێت سەبارەت بەکێشەی ژن کرانەوە و ڤەبوونیان بەدیهێنابێ، بەڵام دەربارەی بەربڵاوتربوونی رەهەندەکانی ناکۆکی رەگەزی لە ناکۆکی چینایەتی و خەسڵەتی گەردوونی کێشەی سەرەکی مرۆڤ و کۆمەڵگای شرۆڤە نەکردووە. لەبەر ئەوەی کە ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان رەگەزەکان، لایەنی نهێنی و شاراوەی چەوساندنەوە و گوشاری قورس و چییەتی جیاوازی پێگەیشتنی چینایەتی پشت ئەستوور بە رەگەز پێناسە نەکراوە، لە نزیکبوونەوە لەگەڵ کێشەی رزگاری ژن، نەبوونی رێنومایی تەواو لە لێکدانەوە و پشتگوێ خستن زاڵبووە. هەرچەندە تاڕادەیەکی بەرچاو ئاماژەیان بە سەرچاوەی چۆنیەتی یەکەمین شێوەبەندی چینایەتی لەسەر بنەمای رەگەز و رەنجی ژن کردووە، بەڵام گرێنەدانی و روون نەکردنەوەی سەرجەم گۆشەکانی سیانەی ژن ـ کاڵا ـ سەرمایە، بۆتە هۆی نەبینینی راستینەی ژن وەك چینی هەرە کۆن و ستەملێکراو و چەوساوە. بۆیە، رك و کینی رەگەزی ژن کە ژێر دەستترین توێژی کۆمەڵگایە، بەتەواوی ئاشکرا نەبووە و نەبۆتە دینامیکێکی گۆڕانکاری کۆمەڵگا. لەم روانگەیەوە سیستەمی دژە چینایەتی، دادپەروەر و هەرەوەزی ژن لەسەردەمی نیۆلۆتیك و هەروەها گەوهەری سروشتی و گونجاوی پێکهاتەی ئەو بۆ سۆسیالیست بوون یان بەواتایەکیتر سۆسیالیزم، نەناسراوە و ژن وەکو دینامیکیەتی سەرەکی بۆ بنیادنانی جیهانێکی دوور لە گوشار و چەوسانەوە، نەبینراوە. تەواوی ئەو هۆکارانە زەمینەیان بۆ بەردەوام بوون و لەخۆوە دەرکەوتنی بزاڤی رزگاری ژن خۆشکردووە کە لە راستیدا بەردی بناخەی ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمە. تێڕوانینێکی لەم چەشنە لەهەمان کاتدا بۆتە سەرچاوەی پێشکەش نەکردنی رێنومایییەکی روون و ئاشکرا بۆ بزاڤی رزگاری ژن و دیاری نەکردنی رێگاکانی چارەسەری. ئەگەرچی مارکسیزم بەگوێرەی هەلومەرجی دەرکەوتنی، خاوەن ئاستێکی باڵای هێزی شیکردنەوە و لێکدانەوە بوو، بەڵام سەبارەت بە تاوتوێکردنی رەهەندەکانی باوکسالاری وەکو سیستەمێك لێکدانەوەی ریشە مێژوویەکانی کۆمەڵایەتی و

کولتووری هەروەها لێکدانەوەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆحی و تایبەتمەندی پیاوانە بە درێژایی ڕەوتی مێژووی کۆمەڵایەتی ناتەواو ماوەتەوە.

سنووری ئازادی ژن لەنێو جوڵانەوە مارکسیستییەکان، لەلایەن پیاوەوە دیاریکراوە. لەبەرئەوەی کە لەو ئەزموونە شۆڕشگێڕیانەدا خەباتێکی ئەوتۆ لەبەرامبەر سیستەمی پیاوسالاری ئەنجامنەدراوە و شێوەی کۆنی پیاو هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە، هەروەها قاڵب و شێوەی کلاسیکی ڕەگەزەکان لەنێو کۆمەڵگادا لەنێو نەبراوە، گۆڕانکاری و وەرچەخانێکی قووڵ لەنێو ڕەگەزەکاندا بەدینەهاتووە. هاوکێشەی چەوسێنەر ـ چەوساوە لە پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاودا وەکو خۆی پارێزراوە. لەئاکامدا لەبەر ئەوەی لەم دەسەڵاتە پیاوسالاریانەدا، ڕۆحی کۆنی پیاو، تەواوی خۆویستی و ئەندێشەکانی بەرجەستە بوونە و ڕەنگی کولتوورێکی پاوانخوازیان پێداوە، ئیرادەی ئازادی ژن، لێهاتوویی ڕەنگ و جوانییەکانی ئاشکرانەبووە.

بنبەستبوونی سیستەم، لەبەر هۆکاری دکتاتۆریەتی تۆتالیتاری سۆسیالیزمی بونیادنراو کە دوورە لە دیموکراسی و ئیرادەی ئازادی گەلان و هەروەها زاڵبوونی پێکهاتە دەسپۆتیەکان، بەرە بەرە قووڵبووە و ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆتەوە. لەئەنجامی قەیرانی قووڵی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری، ژن لە سۆڤیەتدا، تەنیا بۆ دابینکردنی پێداویستیە ماددیەکان و بەدیهێنانی ئاواتە بۆرژوازیەکانی دەستە دەستە رووی لە سۆزانی کردووە و بەمشێوەش ژنێتی دزێو کرا و لە گەوهەری مەعنەوی خۆی دوور خرایەوە.

سەرەڕای ئەوانەش، ئەوانەی دونیای ڕۆحی، مەعنەوی و ئەندێشەکانیان بەراوەژوو نەبووە، لە داوی پتەوی رابردوو و داب و نەریتیەکان رزگاریان نەبووە و هاوکات لەژێر کاریگەری توندی قەیرانەکانی کۆمەڵایەتیدا مانەونەتەوە، دیسانیش ژنان بوون. ژنان وەکو کەسانێك کە لەهەموو لایەك زیاتر نارەزایی خۆیان لەبەرامبەر قەیرانەکان دەربڕیوە، لەژێر فشاری قوورسی ئەرکی ئامادەکردنی وەچەی دوارۆژ چەماونەتەوە. ژن کە بەرە بەرە لە زۆربەی گۆڕەپانە کۆمەڵایەتیەکان سڕایەوە و وەکو هێزی سەرەکی ژیانی بنەماڵەیی، دیسان رۆڵی کلاسیکی ژنی پێ رەوابینرا، لە راستیدا لەلایەن خودی دەوڵەتەوە دواخرا. ستالین، بەپیرۆز راگەیاندنی سەرلەنوێی بنەماڵە، دووبارە ژنی مەحکومی ماڵ و چێشتخانەکرد. بەواتایەکیتر، ژن لە ئەزموونی سۆسیالیزمی بونیادنراو دیسان گەڕایەوە بۆ رابردوو و پێناسەی راستینەی ئازادی خۆی نەدۆزیەوە. کێشەی ژن لەمیانەی خەباتدا

هەمیشە پێشێل کراوە و بەبیانووی هەستیارییەکانی شۆڕش، ئاراستەی چارەنووسی کۆمەڵایەتی کرا. بەڵام ئەم هەڵسوکەوتە بۆمان دەسەلمێنێ کە تاوەکو پێکهاتەی دەوڵەتی بەجێماو لەسۆمەریەکان دەرباز نەکرێت چارەسەرییەکی ریشەیی نایەتە ئاراوە. لەتەنیشت دامەزراندنی سیستەمێکی دەوڵەت کە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵ بکات، هاوشانی ئەمەش خولقاندنی کۆمەڵگایەکی سۆسسیالیستی و تاکێکی سۆسیالیستی بابەتێکی دەست لێبەرنەدراوی ژیانییە. هەروەکو دەزانین گەیشتن بە یۆتۆپیاکانی ژن و پیاوی سۆسیالیست و کەسایەتی ئازادیان لە ئەزموونی سۆسیالیزمی بونیادنراودا بەدی نەهاتووە و رەگەزەکان، کۆنەپەرستی و داب و نەریتی رابردوویان پاراستووە. نزیکبوونەوەیەکی تەواوی ئابووری لە کێشەکانی شۆڕش، بۆتە هۆکاری دواکەوتنی چارەسەری کێشەکانی دیکە، زەمینەی وەرچەرخانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە دەبێتە دەرەنجامی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، سنوودار کرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە پێویست بوو لە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمدا، گەشەپێدانی هاوتەریبی کۆمەڵ و تاك، رێکخستنی ئازادانەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و مرۆڤ و دابینکردنی کەش و هەوایەك بۆ بەشداریکردنی هەمەلایەنە بەسەرنجدان بە تواناکاری، تایبەتمەندی و لێهاتووەکانی، ئامانجی سەرەکی بوایە. بەڵام لەمیانەی سیستەمێکدا کە خۆی لە پێکهاتەکانی گوشار و بیرۆکراسی رزگار نەکردووە و دیموکراتیزە نەبووە و هەروەها بە هەڵسوکەوتێك کە هەموو شتێك فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت دەکات، ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان کەڵەکە بوون. دەنگی ریزەکانی دیکەی جەماوەر و کەمایەتیەکان کپکرا و رێگایان پێنەدرا کە خۆیان رێکبخەن. ئەمە سەبارەت بەژن کە لەهەموو لایەك زیاتر خاوەنی هەست، ئەندێشە و تایبەتمەندیە تایبەتیەکانی رۆحی و جەستەیی بوو، وەکو تەگەرەیەك لەبەردەم سەرهەڵدانی ئازادی رەگەزەکەی رەنگی دایەوە. کۆسپ نانەوە بۆ بەشداری ژنان لە سیستەمدا ژنێتی کردە شێوازێکی ئەشکەنجەی مەعنەوی. لەڕاستیدا ژنان کە دەبوایە لە سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراودا لەپێناو گەشەپێدان و دیموکراسی و پێشخستنیدا، خەباتیان بکردایە و ببونایە گەرەنتی کۆمەڵگای دیموکراتی، نەیانتوانی رێگا لەبەردەم رەوتی هەرەسی سیستەم بگرن و هێزی دژبەرایەتی کۆمەڵ لەقۆناخی سەرلەنوێ بونیادنانەوە رێکبخەن. بەواتایەکی دیکە، رۆڵی پێویستیان لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا نەگێڕا.

واتە کێشەی ژن کە لە سۆسیالیزمی بونیادنراودا بەتوندی سەرکوت کرابوو و لەبەر هۆکاری نەناسینی هەڵواسراو و بێچارەسەریی هێشترابۆوە، بووە سەرچاوەی داڕووخان و گەندەڵی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی. کەسایەتی ژن و پیاو نەخرایە ژێر لێپرسینەوە، بۆیە پەیوەندی ئەوینداری نێوانیان لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری بەولاوەتر نەچوو. کۆیلایەتیەکی بەرامبەر و تۆکمە لەنێوان ژن و پیاو کە مەحکومی ژیانی رۆژانە بوون، هاتبووە ئاراوە. نەفرەت و راکردن لە ئەشق لەنێوان رەگەزەکاندا گەیشتە ئاستێکی باڵا و نامۆبوون لەگەڵ ناسنامەی رەگەزی بەرامبەر، بووە هۆی کەوتنی لەڕادە بەدەری چۆنایەتی ژیان. سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندی پڕ لە تابۆی نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی و لەڕێگای خەباتێکی پتەو و درێژخایەنی رەگەزی ئەنجام نەدراوە و پەیوەندی کلاسیکی ژن و پیاو کە مێشکی بێدادی و چەوساندنەوەیە نوێنەبۆوە. دەبوایە توندوتیژی گوشاری سەر مرۆڤایەتی و هەروەها ئەو زەبروزەنگەی لەڕوانگەی ژنەوە لەکەسایەتی پیاودا بەرجەستە بووە، لەنێو ببردرێ. هەروەها پێویست بوو وێڕای دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالیستی کە لە کۆمەڵێکی دادپەروەرانە لەتەوەرەی ژندا، بێ چین و هەرەوەزی نیۆلۆتیك سەرچاوە دەگرێ، تایبەتمەندی توندوتیژی پیاو لەنێو ببردرێ کە دوای سەردەمی نیۆلۆتیك پێکهاتووە. لەڕاستیدا دەبوایە کوشتنی پیاوێتی و کوشتنی دەسەڵاتی یەکلایەنە و ناڕەوا و هەروەها هەڵسوکەوتی رەشبینی سەبارەت بە ژن، لەسەرەکیترین بنەماکانی سۆسیالیزم بووایە. تەنانەت پێویست بوو وردە وردە فاشیزم، دکتاتۆری و دەسپۆتیزمیش لەنێو بردرابان.

لەئاکامدا، پێشکەوتنی بزاڤی ژنان لەسۆڤیەت، هاوشانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بوو. واتە لێگەڕینی ژن لەپێناو ئازادی و رزگاری نەبووە بناخە و رێنومایییەکی بەهێز و هەروەها زەمینەیەکی پتەوی رێکخستنی. ژن لەبەر هۆکاری تێگەیشتنی ناتەواو لە شۆڕش و ئایدیۆلۆژیا و هەرسکردنیان لە رۆح و ئەندێشەی خۆیدا، بەتێپەڕبوونی کات تایبەتمەندی شۆڕشگێڕی لەدەستدا، هەروەها تەوژمی جۆش و خرۆش و فیداکاری سەرەتایی ژن هێدی هێدی دامرکایەوە. ژنان کە لە سەرکەوتن و بەدیهاتنی شۆڕش رۆڵێکی چالاکیان گێڕا و بناخەکانیان پتەو کرد، دواتر خۆیان وەك هاوبەشی دەسەڵات و هێزی سەرەکی نەدیت و پارێزگاریان لە هەوڵدان و رەنجی خۆیان نەکرد. بە تێپەڕبوونی کات ژنان بێ کاریگەر مانەوە. لەئەنجامدا، ئەزموونی کرداری سۆسیالیزمی بونیادنراو جارێکی

دیکە ئەم راستیەی بەشێوەیەکی زۆر بەژان بۆ مێژوو و مرۆڤایەتی سەلماند کە **"بێ ئازادی ژن، کۆمەڵگا ئازاد نابێت"**.

سەرەڕای ئەوەی ژنان، بێ باکانە و بەوپەڕی فیداکارییەوە بەشداری شۆڕشەکانی چین، ڤێتنام، ئەمریکای لاتین و زۆر وڵاتی تر بوون و بە قارەمانێتی و لەخۆبووردوویيان بەردەوام بابەتی باس بوون و لە هەموو توێژێك زیاتر قوربانی و باجیان داوە. بەڵام تۆمارنەکردنی سەرکەوتنێکی شکۆمەند بەناوی رەگەزی خۆیان، بۆتە ناوەندی تێکشکانیان. ژن بێ ئاگا لە مێژوو ئەزموونەکانی، لە یەکەمین خۆڕاگرییدا کە تا رادەیەك رێکخراو و جەماوەری بوو، خاوەن تێڕوانینێکی تایبەتی نەبووە و لەبەردەم هۆکارەکەش خەباتێکی درێژخایەنی مێژوویی ئەنجام نەداوە و نەگەیشتۆتە ئاکامی شکۆمەند. بەهۆی ئەوەی ژن لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ریشە مێژووییەکانی شکستی خۆی وەك رەگەزێك، پاش سەردەمی نیۆلۆتیك و بەدیهاتنی کۆمەڵگای چینایەتی نەکردووە و، شرۆڤەی ئایدیۆلۆژی پێشکەش نەکردووە، کە لێپرسینەوەی کێشەکە دژوارتر دەکات، نەگەیشتۆتە خەباتێکی کرداری و جۆرە رێکخستنێك کە ئەم راستیە بەلاوەبنێ. هەرچەندە لەزۆربەی شۆڕشەکاندا ژنان خاوەنی رێکخستنی جیاواز بوون، وەلێ رزگاری ژن وەك ئامانجێکی سەرەکی سەرنجی نەدراوەتێ. راستیش ئەمەیە کە زۆربەی ئەم رێکخستنانە، بۆ راکێشانی ژنان بۆ نێو ریزەکانی تێکۆشان و لەپێناو بەرژەوەندیە گشتیەکان دامەزرابوون. هیچ کام لەوانە خاوەنی بەرنامەیەکی کۆمەلایەتی وەهانەبوون، کە تیایدا پێداگری لەسەر رزگاری ژن لە داب و نەریتەکان، ناساندنی مۆدیلێکی نوێی ژیان بۆ ژن و پیاو و لەم رێگایەشەوە بۆ کۆمەڵگا و وەرچەرخانی کۆمەڵ، کرابێت.

ژن کە بەدرێژایی مێژوو، لەئەنجامی ئەو تێکدان و خراپەکاریانەی لە کەسایەتیدا هاتوونەتە ئاراوە، بێ ناسنامە و، لە راستی خۆی و تێگەیشتنی رەگەزی دوور خراوەتەوە، بەهۆی جیاوازی لەڕادەبەدەر، تووشی زەرەر و زیان بووە لەقۆناخەکانی شۆڕشدا. ژنان لەئەنجامی جیاوازی چینایەتی، ئایینی و ئەتنیکی یاخود تێڕوانێنی سیاسی، لە دانانی پەیوەندی سیاسی سۆزداری رووبەڕووی زەحمەتی دەبوونەوە و ئەم بابەتەش تەگەرەی لەبەردەم جەماوەربوونی بزاڤەکانی ژن نایەوە. لەبەر شینەکردنەوە و لێکنەدانەوەی ریشەیی و گشتی پێکهاتەکانی سیستەمی باوکسالاری وەکو سیستەمی دەسەڵات، یاخود بەواتایەکی تر ئانالیزەنەکردنی زانستیانەی کارەکتەر و ناسنامەی پیاو، پێوانەی

پێشکەوتنی خۆی لەهەموو لایەکەوە بەپیاوەوە بەستۆتەوە و لەواتای راستەقینەدا لە وابەستەبوون رزگاری نەبووە.

کاتێك سەرلەنوێ بەبیانووی "شۆڕش بە قۆناخێکی هەستیاردا تیدەپەڕێ"، ژنیان مەحکومی کەش و هەوای کۆن دەکرد، ژنیش لە ئاکامدا ناچاری پەسندکردنی ئەو هەڵسوکەوت و نزیکبوونە دەکرا. مەحکومکردنی ژن بەژیانی رابردوو لە ئاخر و ئۆخری شۆڕشدا لەلایەن پیاوەوە، پەسند کردنی لەلایەن ژنەوە، لەڕاستیدا لە بۆچوونی خودی ژن دەربارەی کێشەی رزگاری ژن وەکو پلەی دووەم و، هەروەها تێڕوانینی کێشەکە لە روانگەی دەسەڵاتدارانەوە، سەرچاوە دەگرێت. ژن کە لەنێوان پێداویستیەکانی گشتی خەبات و بەرژەوەندیەکانی خۆیدا کەوتبووە ژێر فشارەوە، زۆرتر دەست هەڵگرتنی لە خەباتی ئازادی خۆی هەڵدەبژارد. لەبەر هۆکاری کەڵك وەرنەگرتن لەئەزموون و خەباتی ژنان لەنێوخۆ و وڵاتانی دیکە، هەروەها بەدەست نەخستنی زانیاری پێویست دەربارەی ئەوان، لەدوای هەڵە و کەموکوڕی هاوشێوە کەوتوون و تووشی شکستی بەهەمان شێوە هاتوون. لێگەڕینی ئازادیخوازانەی ژن لەبەر هەڵسوکەوتی پەسندکردنی وابەستەبوون و لە پلەی دووەمدا بوون، لەسەر بنەمای بەهێز دانەڕێژراوە و وەرچەرخانی ریشەیی تێدا ئەنجام نەدراوە. ژن بەبۆچوونی مانەوەی بەردەوامی سیستەمی باوکسالاری، یۆتۆپیای ئازادی خۆی بچووك بینیوە و بڕوای بە ئازادی خۆی نەهێناوە. لەلایەکی دیکەوە بەهەڵسوکەوت کردن لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا، لەخەباتێکی نەپساوە و هەمیشەیی لەسەر بنەمای ئامانجی رزگاری بێ بەری ماوە.

بینینی تەواوی ئەو خاڵانەی کە شکستیان بە دواوە بووە، کەڵك وەرگرتن لە شوێنەوارەکانی مێژوویی خەباتی ئازادی ژنان لە رەوتی ئەم شۆڕشانەدا و پارێزگاریکردن لە گەوهەریان، بۆ تەواوی ئەو ژنانەی کە خۆیان فیدای ئازادی خۆیان کردووە، گرنگترین راستیەنەیەکە پێویستە دەرکی پێبکرێت. سوود وەرگرتن لە هیواکانی ئازادی ژنانی جیهان لە کردەوەی هەر شۆڕشێکدا و هێزی لە رادە بەدەری ئەزموون و ئاگایی و هەروەها زەمینە خۆشکردن بۆ پێکهێنانی خەباتێکی هەمەلایەنە، بەهەمان ئەندازە گرنگە. لەم روانگەیەوە تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی خاڵی شکست بۆ خاڵی سەرکەوتن، ئەرکی سەرەکیە بۆ بزاڤەکانی ژنان. لە ئەنجامدا و لەسەر بنەمای هەموو ئەو هۆکارانە، گەیشتن بە جیهانبینیەك بەڕەنگی ژن و لە تەوەرەی ژندا و دیاریکردنی رێبازێکی ئایدیۆلۆژی کە ناکۆکیە رەگەزی،

چینایەتی و نەتەوەییەکان لەبەرچاو بگرێ و هەروەها پێناسەی پێشەنگایەتی کرداری و شێوازی خەباتی ئەو، ئەرکێکی مێژووییە کە ئەمڕۆ کەوتۆتە بەردەم ڕێکخراوەکانی ژنان. بەم پێیە، ژنێك کە بەئیرادەی سەربەخۆ و هێزی ڕەگەزی، خۆی بگەیەنێتە ڕێگاچارەی کێشەی جیهانی هەمەلایەنەی ئازادی. سەرەڕای ئەمە لەڕێی پێشخستنی تاقیکردنەوەی ڕزگاری، دەبێتە تەواوکەری ئەزموونی ڕابردووی خەباتی ژنان. هەروەها تاجی ئازادی و سەرفرازیش دەنرێتە سەر میراتی دەوڵەمەندی ڕابردووی.

ووردبوونەوە دەربارەی هۆکاری سەرەکی نەبوونی ڕێکخراوێکی ژنان کە ئاکامی دەستکەوت و فەلسەفەی ژیانیان بگۆڕێتەوە بە دینامیزمی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بە خۆڕاگری و هەوڵدانی بێ وێنە بەشداری هەموو قۆناخەکانی وەرچەرخانی مێژوویی بوون؛ ڕاستیەکە، پێویستە سەرجەم بزاڤەکانی ژنان کە نیازی ئەنجامدانی خەباتی ڕاستەقینەیان هەیە لەپێناو ئازادیدا، پێوەی خەریك بن و تاوتوێی بکەن. لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ دەربارەی هۆکارەکانی شکستی تەواوی بزاڤەکانی ژنانی جیهان و کەڵك وەرگرتن لەبایەخەکانیان لەخەباتی ئازادیدا، گونجاوترین و پڕ واتاترین وەڵامێکە ئەشێ بەژنانی جیهان بدرێت. خوێندنەوەی چۆنیەتی گەیشتن بە یۆتۆپیای ژیانێك لەسەر بنەمای تەوەرەی ژن و ژن وەك پێوانەیەك لەخەباتی گەیشتن بەم یۆتۆپیایە، هەروەها گەیشتن بە ڕێکخستنێك کە سەرجەم ژنانی جیهان، لەپێناوی خەبات دژی سیستەمی زاڵ بە ئایدۆلۆژیایەکی زانستی ـــ کۆمەڵایەتی لەدەوروبەری یەك کۆبکاتەوە؛ نیشانەی پێداویستیەکی گرنگە بۆ بزاڤەکانی ئەمڕۆی ژنان.

پارتی ژنی ئازاد PJA بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕشەکانی پێشوو لەم پێناوەدا پارێزگاریکردن لە میراتی ئازادی و خۆڕاگرییان و پێشخستنی خەبات بەئەرکی سەرەکی سەرشانی خۆی دەزانێ. جگە لەمە، بەربڵاوکردن و بەشداریکردنی تەواوی ژنانی دنیا لەئایدیۆلۆژی ڕزگاری ژندا، کە نەتەنیا بۆ ژن بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هیوابەخشە ـ و پڕۆژەی ژیانیان بە بنەما دەگرێ.

تەواوی سەردەمە گرنگەکانی مێژوو، پشت ئەستوورن بە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی بەهێز، کولتووری خوداوەندی دایك، سەرەکیترین ناسنامەی ئایدیۆلۆژی چاخی نیۆلۆتیکە. میتۆلۆژیاکانی سۆمەر، هەوێنی یەکەمین و بناخەی تەواوی ناسنامەکانی ئایدیۆلۆژی قۆناخەکانی کۆمەڵگای چینایەتین، ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی سەرمایەداری

بنەمای سەرەکی قۆناخەکانی رێنسانس، ریفۆرم و رۆشنگەری، پێکهێناوە. ئایدیۆلۆژی سۆسالیزم ویستوویەتی ببێتە ناسنامەی ئایدیۆلۆژیای شارستانیەتی کۆمەلگای بێ چین. چارەنووسی سیستەمەکان، پێش هەموو شتێك بە شەڕی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی روون دەبێتەوە. ناسنامەی ئایدیۆلۆژی لە دروستبوونی منالێك دەچێ لە مندالدانی دایکیدا. هێزی سیستەمێکی کۆمەلایەتی، پەیوەندی راستەوخۆی بەبناخەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژییەوە هەیە.

ناسنامەی ئایدیۆلۆژی سالەکانی 2 هەزار، بەتێپەڕبوونی لە پایەکانی فەلسەفەی شارستانیەتی سەرمایەداری کلاسیك و هەروەها کرداری سۆسیالیزمی بونیادنراو شێوە دەگرێت. قەیرانە هەمیشەییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، بەچاکسازی فاشیستی و لەڕێی مۆدیلەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە، چارەسەر نابن. شەڕ، شۆڕش و دژە شۆڕشەکان، ئەو قەیرانانەیان قوولکردۆتەوە. بەواتایەکیتر بەتێپەڕبوون بۆ سەدەی بیست و یەکەم، لەدایکبوونەوەی جارێکی تری ناسنامەی ئایدیۆلۆژی مەحالێ بووە. لەسەر ئەم بنەمایە، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی سەدەی بیست و یەك، شارستانیەتی هاوچەرخی دیموکراتیکە و ئەو شارستانیەتە رێنسانسی گەلان بەدی دێنێ.

چاخی شارستانیەتی دیموکراسییانە بە ئەندازەی ئەوەی سەرلەنوێ لەدایکبوونی گەلانە، بەشێوەیەکی زەقتر سەردەمی لەدایکبوونی ژنانیشە. ژن کە هێزی خوداوەندی زایینی کۆمەلگای نیۆلۆتیك بوو بەدرێژایی مێژووی کۆمەلگای چینایەتی، بەردەوام رووبەڕووی وون بوون بۆتەوە. بەواتایەکی دیکە مێژوو، مێژووی ئەو پیاوە بالادەستەیە لەگەلێ بەرزبوونەوەی کۆمەلگای چینایەتی بۆ خاوەن هێز. کارەکتەری بالادەستی چینایەتی لەگەلێ کارەکتەری پیاوی بالادەست بەیەکەوە پێکدێت. لێرەشدا ئەو یاسایانەی پەیڕەوییان لێدەکرێت، درۆ میتۆلۆژیەکان و سزادانە ئیلاهییەکانە، بەلام زەبری قەبە و پەتی و راستینەی چەوسانەوە لەژێر ئەمەدا شاراوەیە. کارەکتەری پیاوی بالادەستی کۆمەلگا، تا وەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەداوە هەلسەنگاندنێکی زانستیانە سەبارەت بە دیاردەی ژن بکرێت. لە ئایین زیاتر ژن بە بابەتێکی تابۆکراو لەقەلەم دەدرێت. لەڕاستیدا لەژێر ناوی نامووس راستینەی ژن و مافەکانی شاراوەتەوە کە پیاو بەشێوەیەکی تەلەکەبازی و خائینانە و زۆردارانە زەوتی کردووە. بەدرێژایی مێژوو، بێبەشکردنی ژن لە ناسنامە و کەسایەتی خۆی و گرێدانی بە پیاوەوە، دیاردەیەکە

لەجیابوونەوەی چینایەتی زیاتر ڕێگای لەپێش دەرەنجامی خراپتر کردۆتەوە. دیلێتی ژن، پێوانەیەکی کۆیلایەتی گشتی و کەوتنە، پێوانەیەکی ئەو درۆ و دزی و زۆرداریەیە کە لەناو کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە، پێوانەی هەموو جۆرە چەپەڵی و کۆیلایەتییەکە.

بەپێچەوانەوە گۆڕینی ئەم مێژووە، بەڵگە نەویستە کە ئەنجامی کۆمەڵایەتی قووڵ لەگەڵ خۆیدا دێنێ. سەرلەنوێ لەدایکبوونی ئازادانەی ژن، تەواوی دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا ئازادی و ڕۆشنگەری و دادوەری گشتی دەکاتە ناچاریەك. مرۆڤایەتی بەوە ئیقناع دەکات کە لەجیاتی شەڕ ئاشتی زۆر بەهادارترە و پێویستە بەرزبکرێتەوە. سەرکەوتنی ژن لەهەموو ئاستێکدا بەواتای کۆمەڵگا و تاکی سەرکەوتوو دێت. تەنانەت ئەم، چوارچێوە کورتەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئەنجامدانی دیموکراتیزەبوون لەگۆڕەپانی ئازادی و مافەکانی ژن، چەندە مێژووییە. لەم چوارچێوەیەدا دەستپێکردنی سەردەمی ئەو ژنەی وشیار بۆتەوە، ئازاد و بەهێزتر بووە، لەسەدەی بیست و یەکەمدا دیاردەیەکە لەرزگاری چینایەتی و نەتەوەیی گرنگترە. سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسیيانە، لەهەر قۆناخێك زیاتر ژن تیایدا بەرزدەکرێتەوە و دەستکەوت بەدەست دێنێت.

## ژن لەڕۆژهەڵاتی ناویندا

ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەدرێژایی مێژوو وەکو ناوەندی پوختەبوونی کۆمەڵایەتی و لانکەی شارستانیەت ناوزەد کراوە. هەبوونی چوار وەرزی پڕ بەپیت و بەرەکەت، لێڕەواری زەبەند و چڕ و شیاوی کەڵك وەرگرتن، دەشتی پان و بەرین، چیاکانی هەڵەمووت و سەنگەرئاسا، ڕووباری هەمیشە خرۆشان و خاکی دەوڵەمەند، ڕۆژهەڵاتی ناوینی کردۆتە ناوەندی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی. ماوەی نزیکەی پانزدە هەزار ساڵ ڕۆڵی دیاریکەری لەدرووستبوون و بوژانەوەی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە.

لەڕۆژهەڵاتی ناویندا مێژوو و کولتوور، شارستانیەت و ژیان، کەسایەتی و کۆمەڵانێکی جیاوازی خوڵقاندووە کە لەگەڵ ئاستی شوێنەکانیتر هەڵناسەنگێنرێت. میتۆلۆژیا و جۆرەکانی هزری ئایینی، ماوەی هەزاران ساڵ لەمێشکی کۆمەڵگا جێگیربوون. کولتوورێکی وەها بەدیهاتووە کە جێگۆڕکێی خوداوەندەکان بۆ بوونەوەر و بوونەوەرەکان بۆ خودا وەك

سەرەکیترین ئەندێشە و بڕوا و تەنانەت کۆیلایەتی و پەرستن، ئەو سیستەمەی کردۆتە بەرزترین ناسنامەی مرۆڤ. لەڕاستیدا کۆمەڵگا و مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوین خۆی فیدای سەرجەم مرۆڤایەتی کردووە.

پێکهاتەی زهنیەت لەڕۆژهەڵاتی ناویندا، بەشێوەیەکی گشتی دوای سەدەکانی 8 ـ 12 ی زایینی، رووبەڕووی دواکەوتنێکی دیار بۆوە، کە ئەتوانرێ وەك سەردەمی کاملبوونی ئیسلامیش بەناو بکرێ. لەکاتێکدا پایەکانی زانست و رێنسانس لە رۆژئاوا پتەو دەبوو، ئەقلّ لەڕۆژهەڵاتی ناوین گەیشتبووە قۆناخێکی زۆر موحافەزەکار و پاشکەوتوو. ژیانێکی بێ بنەماو تەواو پاڵپشت بەهێزەکانی سەربازی لەهەموو جێگایەك زاڵبوو. رێگا بەهیچ بنەمایەکی مەعنەوی و فەلسەفی نەدەدرا. ئیسلامێك کە لەرێی ئاغایەتی شەڕ و فیۆدالیزمەوە بەهێز ببوو، تا هەنووکەش بەکاریگەرە. دۆگماتیزم و بڕوا بە چارەنووس بۆتە بەشێکی لێکدانەبڕاو لەژیان.

بێزاربوون لەژیان لەڕۆژهەڵاتی ناوین سەرچاوەکەی نەتەنیا لە قەیران و بێکاری، بەڵکو لە کێشمەکێشی لەڕادەبەدەر و بێ مانا و نەزانین و تۆڵەسەندنەوە لەو رابردوویەی، کە خیانەتی پێکراوە و مایەی لێبوردن نییە.

بەڵگەکانی سەبارەت بە ژانی گەورە و خۆشەویستی، قارەمانی و خیانەت، نەفرەت و پیرۆزبوون زۆرکەم بەدی دەکرێ. خاکی خۆرهەڵاتی ناوین کە بەر لەهەرشتێك هێمای پیرۆزی خوداوەندەکان بووە، ئێستا ئیتر لەمیانەی چیرۆکەکانی خیانەتی چەند رەهەندی، مەتەڵی درۆ و دەلەسە، دەمامکی خودایانی دەستکرد و لەڕێگای ئەو گرگنانەی رۆڵی قەشمەر دەبینن بۆ وڵاتانی بیابانی نەفرەت دابەش بووە. هەموویان ئەوەندە دەستکرد، بێ رەوشت و خائینن لەگەڵ بەڵێنەکانیان و ئەوەندە لەگەڵ راستیەکان نامۆن کە لەپێناو بچووکترین بەرژەوەندی تاکە کەسی و بنەماڵەییەکانیان، تەواوی بەهاکان پێشێل دەکەن. دەسەڵاتی وڵاتەکەیان ئەوەندە شێواوە کە پێویست بە دۆزەخی تر نییە. سامناکترین دۆزەخەکانی نێو پەرتووکە پیرۆزەکان بەدی دەکرێ. تەنانەت بچووکترین رووداوی شەڕخوازی فەلەستین و ئیسرائیل بەسە بۆ ئەوەی بزانین مێژووی نەفرەت چۆن تۆڵەی خۆی لەم خاکە پیرۆزانە دەکاتەوە و کردوویەتە بیابانێکی کاکی بەکاکی. بەڵام تۆڵە وەرگری راستەقینە، بەها بێ ژمارەکانی شارستانیەتەکەیەتی کە کەسێك بەدی ناکرێت شایانی ئەو هەموو مەزنییە بێ.

کەسایەتی و مەرگی دایك بە رۆڵەکانی دیار دەبێ. دار گەوەردەبێ و کاتێك بەری گرت و بەرهەمی بە دەوروبەر بەخشی، دەمرێ. لەڕاستیدا مەرگ، یەکێکە لە پێداویستیەکانی لەدایکبوونی نوێ. داری بەڕووی رۆژهەڵاتی ناوین، دیاردەیەکی لەمشێوەیەیە. دارێکە لەهەموو جێگایەکی دونیا رەگی داکوتاوە. بەحوکمی بەڕووبوونی، لەگەڵ بڕینی لق و پۆپ و نێوقەدی، جارێکی دیکە ڕەگەکانی چەکەرە دەکات و دەژێتەوە. هەروەها، دار بەڕوو، گرنگترین دارە کە بۆ یەکەم جار لە کولتووری دارچاندنی رۆژهەڵاتی ناویندا کەڵکی لێ وەرگێراوە.

دوای ئەوەی لەساڵانی 1000 ــ 1500ی زایینی کەوتە نێو قۆناخی داروخان، کولتووری رۆژهەڵاتی ناوین رەسەنایەتی خۆی لەدەستدا. بەمەش لەو داربەڕووە دەچێت کە تاوەکو رەگی، پەلۆپۆ، قەدەکانی بڕواتەوە. بەگوزارەیەکی دیکە هەروەکو بڵێی بۆ کۆنە گۆڕستانی ئەو مرۆڤایەتییە گەڕاوەتەوە کە خۆی خولقاندوویەتی. گۆڕستانێکە هێندەی هەرەم و زیگوراتەکان گەورەیە! ئەوە نزیکەی هەزار ساڵە لە بێدەنگی مردن بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە. ئەو لە پەلۆپۆکەوتنەی لەئەنجامی زاینێکی بەئێشەوە هاتە ئاراوە، توانا و رەوشێکی ئەوتۆی نییە کە هەنگاوێکی خولقکارانە بهاوێژێ.

گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین زۆر دەگرین. بێگومان بۆ لەدەستدانی تەواوی ئەو بەهایانەی خولقاندوویەتی، دەگرییێت. لەم هەزار ساڵەی دواییدا رۆژهەڵاتی ناوین لەسەر بێدەنگی مردن دەگرییێت. بانگدان، گۆرانی، ئاواز و مۆسیقاکان پڕ لە خەمگینین و بانگەوازی مردن دەکەن. ئەمانەش هیچ یەکێکیان رێکەوت نییە، بەڵکو گوزارشت لە رووداوەکان دەکەن. ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمە ئەنجام درابایە، بێ واتا دەبینرا. لێرەدا زیاتر روون دەبێتەوە بۆچی ئەو گۆڕانکاری و رووداوانەی لەجیهاندا روو دەدەن، رۆژهەڵاتی ناوین پێی کاریگەر نابێت. ئەوانەی بناخە و گۆڕەکانیان هێندە گەورە و قووڵە؛ ناشێ لە کەسانی دیکە تێبگەن. چونکە بەبێ خواردنەوە بەردەوام سەرخۆشن، یان بەمردوویی لەدایکبوون. ناشێ رابردوویەکی بەمجۆرە لێی ببوردرێ. هۆکاری لێ خۆشنەبوونیش دیارە. نابێ ئەم شارستانیەتە بە فڕێدراوی بەجێ بهێڵدرێت. ئەوانەی بەجێی دێڵن لەنێو خیانەتی هەرە مەزندان. ئەوانەی لەنێو خیانەتێکی هێندە گەورەدان، لێیان نابوردرێ. خیانەت کردن لە شارستانیەت تاوانێکی گەورەیە و زۆرن ئەوانەی خیانەتیان کردووە. هەربۆیە جوڵانەوەکانی تۆڵەسەندنەوەش مەزن و زۆرن. بەڵام ئەمە چی رزگار دەکات؟

کوشتن و کوژران، لە گەورەکردنی گۆڕستان زیاتر هیچ سوودێکی دیکەی هەیە؟ لە رۆژهەڵاتی ناوین بەبیانووی کێشمەکێشی ئایینی و بنەماڵەیی و مەسەلەی نامووس و موڵك و تەنانەت گەلێك بیانووی بچووکی هێندەی ناوکە هەنجیر، جۆگەلەی خوێن دەڕژێنرێ. تەواوی ئەمانەش بڕوبیانووی شکستی گەورە و خیانەت بناخەی ئەم خوێن رشتنانە پێك دێنن. نەریتی تۆڵە سەندنەوە شتێکی سانایی نییە، چونکە رەگەکەی بۆ رابردوویەکی بەمجۆرە درێژ دەبێتەوە. گەلێك تاوان ئەنجام دەدرێن کە بۆ راستینەی داب و نەریت دەگەڕێتەوە، دیسان بناخەکەی ئەم مێژووە نەفرەت لێکراوەیە. تەواوی بەهاکانی شارستانیەت زەوت کراوە. نامووسەکەی پێشێل کراوە. هەروەکو چۆن ئەم راستینەیە لەسەر گەلێك شت پەیڕەو دەکرێت. بەڵام لە مەسەلەی کچ و ژندا کراوەتە سیمبولێ. ئەگەر شتێك لەسیمبولێ بێت، واتە پیرۆزی مەزن پیس کراوە. هەربۆیە سزاکەی هێندە گران دەبێت و شێوازێکە پەسند ناکرێت. تراژیدیا ـ سەرچاوەی خۆی لەم مێژووە وەردەگرێت.

رۆژهەڵاتی ناوین گۆڕە لەناو گۆڕێکی دی، گرێیە لەناو گرێ. جیهان دەگۆڕێت بەڵام ئەو ناگۆڕێت. ناچارە وەکو خۆی بمێنێ. داربەڕووە، بەردەوام رەگەکەی ئەستوور دەبێ. هەرچەندە لقەکانی ببڕدرێت، دیسان بەخۆی دەمێنێتەوە. هیچ کاتێك ئومێد بۆ سەوزبوونەوەی نابڕێت. رۆژهەڵاتی ناوین مۆڵگەی ئومێدە، تەنیا ئومێد بەدەست رۆژهەڵاتی ناوینەوە ماوە. لەکاتێکدا نەریتەکەی بێ بەزەییانە و جێگای لێنەبوردنە و بەردەوام ئومێد چاوەڕوانی چەکەرەکردنی رەگی داربەڕووە. ژیان تەنیا وەکو ئومێدێکی مەزن ماوەتەوە. دانەبڕان لە داب و نەریتە باوەکان، لە هێزەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام سەرلەنوێ نەخولقاندنەوەی خۆی، پەرە بە پووکانەوە دەدات. لەکاتێکدا تەواوی ناوچەکانی جیهان رێرەوی پەرەسەندنی خۆیان دیاری دەکەن، ئەوا پارێزکاری رۆژهەڵاتی ناوین لە تایبەتمەندێتی و رەسەنایەتی خۆی بۆ کاریگەری قووڵی شوێنپەنجەی شارستانیەتی رابردوو دەگەڕێتەوە. ئەم رەوشە هۆکاری ئەوەشە کە ناتوانێ بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە گۆڕانکارییە هاوچەرخیەکان هەرس بکات.

پانزە هەزار ساڵە رۆڵی دایکایەتی ببینە و هەموو شتێکی پێویست بۆ مرۆڤایەتی بخولقێنە و، دواتریش بکەوە ناو رەوشی بەندەیی بێ واتا و بێچارە! ئەو وڵاتە بێت کە بۆ یەکەم جار خوداوەندە ژنەکان بئافرێنە و هەموو پێویستیەکی مرۆڤایەتی بخولقێنە، دواتریش وەکو پارچە قوماشێك بەکاربهێنرێیت و فرێدرێیتە گۆشەیەکەوە! تەواوی

مەزنایەتی و خوداوەندەکان بخولقێنە و دواتریش ببیتە بەندەیەکی بێچارەی ئەم خوداوەندانە. تەواوی ئەو پیشانە بخولقێنە کە جیهان تێردەکات. دواتر بەخۆت بەبرسێتی بمێنیتەوە! هەموو شوێنێك ئاوەدان بکە، دوایی بەخۆت بە لانەوازی بمێنەوە! ببە بە چرا کە هەموو کەسێك رۆشن بکاتەوە! لەکۆتاییشدا لەتاریکایی رزگار مەبە! بۆ هەموو کەسێك ببە بە دەنگ، مۆسیقا و شیعر بخولقێنە، دوایی بێچارە و نەزان بە کەڕ و لاڵی بمێنەوە! زانست و رێزگرتن و ئامراز بۆ هەموو کەسێك بخولقێنە، دواتریش بەنەزانی بمێنیتەوە! کۆشك و دیوەخان بۆ هەموو کەسێك بخولقێنە، دواتریش پێویستیت بەبستێك خاك ببێ بۆئەوەی لەسەری بژی! بەڵێ شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین ناوی ئەم ناکۆکییە تراژیدیا گەورەیەیە. هۆکاری سووتان و بوون بەخوڵەمێش لە چیرۆکەکانی ئەشقدا لەم ناکۆکیەدا شاراوەیە. لەمیانەی تەواوی ئەم بەهایانەوە گەورە ببە، دواتریش ببە بە بستەبالاً. ئەمە تەنیا لەمیانەی سووتاندنەوە پاك دەبیتەوە. بۆ یەکەمین جار بەیەکگەیشتنی خودای ژن و پیاو بخولقێنە، دوایی ببە بە ژن و پیاوێك کە کەوتوونەتە نێو سووکترین رەوشی سوالکەرییەوە! ئەمەش تەنیا بەسووتاندن پاك دەبێتەوە.

بەبیرهێنانەوەی رووداوی تاڵ و بەژان دەرکەوتنی دوایین جاری خوداوەندی ژنی ئینانا، لەبەرامبەر خودای تەڵەکەباز و فێڵزان ئەنکی و بەهاواری "MEکانم بدەنەوە" (واتە بەهاکانی خولقاندنی شارستانیەت) و هەروەها دەرچوونی سەرکەوتووانەی لە ئەریدۆوە بۆ ئۆروك لەپێناو شەڕ لەگەڵ لایەنە پیسەکانی خۆی، زۆر سەرسووڕهێنەرە. خودایانی فێڵباز بەردەوام فڕاندیان و فرۆشتیان. ژنیان بەتەواوی مەحکومی شکست کرد، سزای تێکشکانی ژن، سەرەتای بێبەشی و هەژاری بێ هاوتای کۆمەڵگا وەك چارەنووسێك زاڵبوو. دواتر مرۆڤەکانیان کردە کۆیلە. پەیڕەوکردنی هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکیان لەڕێی زوڵم و ستەم کردە، مافێکی رەوا و پیرۆز. جگە لەوانە پێشخستن و پەرەپێدانی ئەو کردەوە نەفرەت لێکراوانەیان بە باشترین هونەری ژیان پێناسە کرد. بەشێوەیەکی هۆڤانە کوشتن و کوشتاریان ئەنجامدا و کەرەستەکانی مردنیان بەشێوەیەکی لەڕادە بەدەر زۆرکرد. هەرچی خوداوەند و خوداوەندی لەگەڵ مرۆڤەکان بوون و هێزیان پێ دەبەخشین، هەرکام لەمانیان کردە تۆڵەسێنەرێکی بێ رەحم و ژیانی بەهەشتی جیهانیان کرد بە دۆزەخ، بەمجۆرە رۆژهەڵاتی ناوین نەفرەتی لێکرا و، وڵاتەکان بوون بە خاکی نەزۆك و مردوو.

ئــەوە لــە کاتێکــدا ئــەو ناوچــەیە، ناوەنــدی شارســتانیەت و پێشــکەوتن و شــوێنی راســتەقینەی خوڵقانــدنی مــرۆڤ، ژیــان، زانســت و هونــەرە لەلایــەن ژنــەوە. واتــە ژن، لــەم جوگرافیایەدا سەرەتای دەستپێکردنی مێژوو بووە. ژن هـەر لـە بەرەبـەیانی مێـژوو، هێـزی بەڕێوبەر، هاندەر، بەکاریگەر و داریکـەر بـووە. ئـەو هێـزەی خۆشـی لـە دەسـتکەوتی بـەها دەوڵەمەنــدەکانی شــوێنگەکەی وەرگرتــووە. دڵــڕفێنترین شــوێنەکانی ئــەو ناوچــەیەی بــۆ نیشتەجێبوون هەڵبـژاردووە و ژیـانی خـۆی لـەوێ دەسـتپێکردووە. ئـەو ناوچـەیە، کـە بـە کەوانــەی بــە پیــت و بەرەکــەت یــان کەوانــەی زێــڕینیش بەناوبانگــە، لــە زنجــیرە چــیاکانی زاگرۆس دەستپێدەکات و لـە بـاکوور لـە چیاکانی تۆرۆسـەوە درێـژەی دەبـێ و بەکشانەوەی کــەوانێك بــەرەو ســووریا و لــەوێوە هــەتا کێوەکــانی کــارملی باشــووری فەلەســتین درێــژ دەبێتەوە؛ دروست شێوەی کەوانێك لەخۆوە دەگرێ. ئەو مێژووەی ژن لێرە بەردی بناخـەی دانا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هێـزی پێشـەنگی پێشکەوتنی شارستانیەتە، ئـەوا زاییـنی ژیـانی هەزاران ساڵەش لەبازنـەی ژنـدایە. ئـەو سـەردەمە، سـەردەمی ژنـە و ژن لـەم جوگرافیایـەدا خۆی دۆزیوەتـەوە. پابەنـدبوون بـەخاك و خستنە رووی ئـیرادە و هـزری مـرۆڤ بەشـێوەکی هـەرە دیموکراتیـك، بەشـێوە ژیـانێکی رێکخسـتنی ئـازاد لـە تـەوەرەی ژنـدا، ژیـانێکی بـەواتا دەئافرێنێ، بەمەش ژن ژیـان دەنەخشـێنێ. هـەبوونی ئەسـتاتیزمێکی هونـەری یەکێکـە لـەو خاڵەی کە مۆرکی خۆی لەم قۆناخە داوە. ژن بەمە هەم خۆی بونیادناوە، هـەم دەوروبـەری خۆشی رازاندۆتەوە. خاکی بەپیت و بەرەکەت، کاریگەریەکی قووڵی لەسەر پەیوەندیەکان و پێشـکەوتنی ئــەقڵ هــەبووە و مرۆڤایــەتی یەکــەمین جــار لــەم شــوێنانە وەقســەهاتووە. بەرهــەمهێنان گەیشــتۆتە پلەیــەکی وەهــا کــە لەگــەڵ هــەر پەیوەندیــەکی لەگــەڵ خــاك، بەرهــەمێك خوڵقــاوە. بـۆ نموونــە مــاڵیکردنی ئــاژەڵ بــۆ یەکــەم جــار، چــاندنی دانەوێڵــە، ئاواکردنی گوند و دواتـر شـارەکان، دارتاشـی، مۆسـیقا و هۆندنـەوەی شـیعر بـۆ یەکـەمجار و تەنانەت چەکەرەکردنی هەست و نەست لـەم خاکانـەدا هاتۆتـە دی. ئـەوە لەکاتێکدایـە کـە ئەو هێزەی کۆمەڵگایەکی وەها پێشکەوتووی خوڵقاندووە، هێزی ژن بووە.

بەناوبانگترین ژن لەمیانەی مێژوودا، لەم سەر زەمینانە دەرکەوتوون و هەر کام لـەم ژنانــە وەکــو خوداوەنــدکانی خوڵقێنــەر و پــارێزەری ژیــان، هەمیشــە زینــدوو ماونەتــەوە. خوداوەنــدکان نــەوەك بوونــەوەرانێکی تــەنیا، بــەڵکو وەك بەشــێك لــەژیان، هــەم لەلایــەن بەهەرم و هەم لە کاروبـاری راهێنانـدا و هـەروەها وەك کەسـانێکی لـە خۆبـوردوو و شایانی

ڕێــز، ناســراون. بنــەمای واتــای بەرەکــەت و هەڵســەکەوت، لــە تایبەتمەنــدی و ڕۆڵــی پێشەنگایەتی ژیان سەرچاوە دەگرێ و لەبەر هۆکاری تێگەیشتنیان لە نهێنیەکانی ژیان، شێوەی پیرۆزبوونیان بەخۆوە دەگرت. خوداوەندەکان، زۆر بەڕێکوپێکی هێزی تایبەتیان ڕێکخست. ئەوان لەهەمانکاتدا، خاوەن تایبەتمەندی چەندلایەنە بوون. بەهۆی خوڵقکارییان، وەك خاك هەڵدەسەنگێنران و بەو تایبەتمەندییە باوەڕیان بەمە هێنابوو کە بژێو بۆ هەموو بوونەوەرەکانی سروشت دابین دەکەن. سیستەمێکی ژیانی پاڵ پشت بە یەکسانی، دادپەوەری و ئاشتیخوازیان دامەزراندبوو و بەنوێبوونەوەی بەردەوام، بوونەتە پێشەنگی پێشکەوتنەکان. لەلایەکی دیکەوە، لەڕێگەی یاساو ئەو داب و نەریتانەی هەموو کەس لەدڵەوە جێبەجێی دەکردن، ژیانیان دەوڵەمەند دەکرد و وەك بەکاریگەرترین هێزی گوزارە، ئیفادە، پەرەیان بەشیعر و مۆسیقا دەدا. خوداوەندکان نهێنیەکانیان بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە لەسیستەمی ژێر بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا بەکاردەهێنا. وەك بەهای مەعنەوی بۆ کاملبوونی مرۆڤەکان بایەخیان بەهەست و سۆزداری دەدا. هەروەها جاویدانییان وەك نوێبوون و شێوەیەکی دیالەکتیکی هەڵدەسەنگاند. ئەو ژنانە کە بەتەنیا ناوێك، بەهەزاران ساڵ توانیان لەڕێگەی نوێبوون و پێشکەوتنی بەردەوام سەرکەوتووبن، هێمایەکی ڕاستەقینەی ژیانیان بەڕێی سیستەمی بەندە لەکەسایەتی خودا بەرجەستە کردبوو.

عەشتار کۆنترین خوداوەندی ناسراوە. ئەو خوداوەندی لەئەنادۆڵ بەنێوی "قیبلە" لەمیسر بە "ئیسیس" لەلای سۆمەرییەکان بە "ئینانا"، لەیۆنان بە "ئافرۆدیت" و لەرۆم بە "ڤینۆس"و لە هیندستان بە "کالی" دەناسرێ. عەشتار خوداوەندێکی ڕەسەنی میزۆپۆتامیا و دەربڕی دەرکەوتنی کولتووری خوداوەندەکانە. یادکردنەوەی بەناوی جیاجیا، لەلایەن گەلی جیاواز کە بەگوێرەی خۆیان گونجاندوویانە هێزی کاریگەری نیشان دەدات. ستار لە وشەی عەشتارەوە سەرچاوە دەگرێ و ستێرك بە واتای ئەستێرە. عەشتار کە وەك شێوەی هاوسەنگی تایبەتمەندی سەرجەم خوداوەندەکان پەسندکراوە، بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەردەوام پیرۆزبوونی خۆی پاراستووە و بۆتە سیمبوڵی چاخی نیۆلۆتیك ــ چاخی ژن ــ لەمێژوودا. ڕەگ و ڕیشەی وا قووڵ داکوتاوە کە تەنانەت ئەمڕۆش ئەو کولتوورە لەزمانی هەندێك لە گەلان بەدی دەکرێ. ئەو کەسایەتیە شکۆدارە ژنە لە دەستپێکی مێژوودا خۆی وەکو یەکەمین خوداوەندکان ئاشکراکرد و ئەو کولتوورەی کە

کۆمـەڵگا پێکـدێنێ، کردۆتـە هونـەرێك. ئەگەرچـی دوای دەرکـەوتنی کۆمـەڵگای چـینایەتی رووبـەڕووی مەترسـی و رووخـان بـووە، بـەڵام دواتـر دیسـان سـەریهەڵداوە و زۆر بزاوتـی نەداوە. بەرخۆدانی ژنانی بەهێزی وەك "زنۆبیا"، "سمیرئـەمیس" و تەنانـەت "کیلۆپـاترا" و پابەندبوونی توندیان بە خاك لەو کولتوورەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە پێشەنگەکانی ئایینی و فەلسەفی وەك زەردەشت و مـانیش، لـە راسـتیدا هزرەکانیـان پاڵپشـت بەبنەماکانی ئەو کولتووره دەرخستووە و هێزی کرداری خۆیان لە ریشەکانی مێژوویی ئـەو خاکانە گرتووە.

لەگەڵ گۆڕانی کارەکتەری زاڵ بەسەر کۆمەڵگا، واتە تێپەڕبوون لە پێکهاتەیەك لەسەر بنەمای تەوەرەی ژن بۆ سیستەمێکی پیاوسالارانە، دەرکەوتنی هەنـدێك بـزاڤ لـەژێر سایەی پێشـەنگایەتی ژنــان، رۆڵێکـی دیاریکـەر و خــاوەن بایــەخیان لــە رەوتــی مێــژوودا لــە ئەستۆگرتووە. یـەکێك لەوانـە سـەمیر ئەمیسـە، کـە لەشێوەبەندی کارەکتەریـدا، لێهـاتوویی تاکتیکی شـەڕ و بایەخـدان بـەژیانی مرۆڤـەکان و هـەروەها کردنـی شـوێنی نیشـتەجێبوونی بەباخی بەهەشـت ــ کـە باخـە هەڵواسـراوەکانی بابلیشـی بـە سازکردنی داوە ــ بۆتـە هـۆی ئەوەی وەك ئەفسانەیەکی لێبێت. بەشێوەیەك کە ناوی گەیشتۆتە رۆژگاری ئەمڕۆکـەشمان. سـەرەڕای دووربـوونی لـە ئـاواتی تاکـە کەسـی و ویسـتی دەسـەڵاتخوازی و پابەنـدبوون بەبنەماکان، لەبەرامبەر سیستەمی دەسەڵاتخواز نـەیتوانی لـە کۆتاییـەکی تراژیدیانـە خـۆی رزگار بکات. بەهۆی هەندێ تایبەتمەندی ئاکاری، مرۆیی و پابەندبوونی بـەخاك، نـەیتوانی لەبەرامبەر پێشکەوتنی تاکڕەوێتی ئاواتەکانی تاکی سیستەم و دزێویەکان خۆڕابگرێت و بـۆ لـەنێوبردنی سـەرجەم ناهەقیـەکان، مـەیلی هەڵبـژاردنی ئاشـتیخوازانەی هـەبووە. لایەنـە بەرچـاوەکانی سمیرئـەمیس ئەمانـە بـوون؛ بـەڵام ئـەو هەڵوەسـتە سـەرنج راکێشـەی لـە تایبەتمەندیـەکانی پێکهاتـەی ژنـان وەك بـاوەڕبوون بـەخۆ (خـود)، ئاگـایی (وشـیاری) و رەسەنایەتی گرتبوو، کە لە رابردوودا هەیان بوو، هەروەها وەفاداری زەنوبیـا بەنیشـتمان و گەلەکـەی، هۆش و تێگەیشتنی زانستی و شـەڕڤانێتی، ئـەوی کردبـووە خۆشەویسـترین ژنـە پادشـا. دوای کـاولبوونی زێدەکـەی؛ پـاڵمیرا لەلایـەن ئیمپراتۆریـەتی کۆیلـەداری رۆمـا، لەبەرامبـەر ژیـانێکی بـێ نـاوەڕۆکی کۆیلانـە و کەسـێکی بـێ نیشـتمان و گـەل مردنێکـی شەرفمەندانە هەڵدەبژێرێ. ئەو هەڵوێستە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە زۆر بەبایەخ و واتـادار دەبینـرێ. زەنوبیـا لەڕاسـتیدا سیمبولی وەفاداری ژنـە بـۆ مرۆڤایـەتی و خـاك. نمونەیـەکی

بەرچاوە لەخزمەتکردنی ژن بەکۆمەڵگا و دووربوونی لەهەر چەشنە تایبەتمەندییەکی بەرژەوندیخوازی. خۆشەویستی وڵات کە ژنە پادشای میسر، کیلۆپاترا زۆر بەزەقی دەبینرێ، ئەو کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەی کە خۆی دریغی لەهیچ شتێك نەدەکرد بەباشترین شێوە کەڵکی لەلایەنە راکێشەر و بەکاریگەرەکانی خۆی وەرگرت لەبەرامبەر دوژمناندا. ژن لەمیانەی شێوەبەندی باوەڕی فرەخودایی، هێزی دیاریکەری خۆی خستە خزمەتی راستیەکان و پێشەنگایەتی بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگا. کیلۆپاترا لەڕێگای ئەم تایبەتمەندیانەی کە باڵادەستی پیاو هەرە زۆر دەریخستوونەتە پێش، لە راستیدا هەم تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی میسری ئەو قۆناخە و هەم پێگەی ژنی لەکەسایەتی خۆیدا بەرجەستە کردووە.

لەلایەکی ترەوە, دەرکەوتنی ئایینە یەك خوداییەکان و قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفی دوای ئایینە فرەخودایەکان لە رۆژهەڵاتی ناوین، زێدە مایەی سەرسووڕمان نییە. هاوکات لەگەڵ شێوەگرتنی تێڕوانینێکی جێگیر بۆ سیستەمی دایکسالاری لەبابل، ئاشوور و میسر، پێکهاتەی ئایینی دەرکەوتن، بە بەراوەژووکردنەوەی مێژوو، بەرهەم و دەستکەوتەکانی لێهاتوویی ژنیان کردە مۆڵکی پیاو و دامودەزگاکانی ژێر دەسەڵاتی. بەگرێدانی سەرەتای مێژوو بە خودەوە، تایبەتمەندییەکانی خوڵقێنەر، نوێکەرەوە، پێشەنگ و وەرچەرخێنەری خستۆتە ژێر خزمەتی خاوەنداریێتی پیاو و مێژوو و رابردووی رەچاو نکۆڵی کردووە. بەرەخنەگرتن لە سیستەمی زەبروزەنگی پیاوسالاری، جولانەوەی مرۆیی و ئاشتیخواز کە بەزەردەشت دەستیپێکرد و لە سەردەمی مانیدا گەیشتە فەلسەفەی راستینەی خۆی ــ هەرچەندە تاڕادەیەکیش لە ژێر کاریگەری سیستەمی زاڵدابوون ــ دەرکەوتوون. هەموو بنەما ریشەییەکانی زەردەشتگەرایی (زەردەشتێتی) لە سیستەمی ژیانی دایکسالاری دەچن. بایەخدان و چاولێکردنی مرۆڤ وەك پلەی یەك، نیشانەی رادەی کاریگەربوونە لە سیستەمی دایکسالاریدا. دەرکەوتنی رەوتێکی وەها لەسەردەمی دژواری سیستەمی کۆیلەداری کە تایبەتمەندی سەرەکی بایەخنەدان بە مرۆڤەکان و پەرەپێدانی لاڕێ کردنی ئەخلاقییە، دەربڕی هێزی سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵگای نیۆلۆتیکە. زۆر تایبەتمەندی سیستەمی دایکسالاری لەبیروڕای مانیدا دەبینرێ. لەفەلسەفەی ژیانیدا، شەڕ جێگایەکی نییە. مانی پارێزگاری کردن لە ژینگەی وەك بنەمایەکی سەرەکی دەدیێت، هاوشێوەی سیستەمی دایکسالاری بڕینی دار و پیسکردنی ژینگەی پەسند نەدەکرد.

هەڵسوکەوتێکی بەهادار و یەکسانی سەبارەت بەژن ــ نەتەنیا لەبەر تایبەتمەندی پێشکەوتووخوازی لەو سەردەمەدا ــ پەیڕەودەکرد، لەواتای راستیدا، لەنێو نزیکبوونێکی بەم شێوەدا بووە، یەکسانی بەبنەما گرتووە و بەهای پێداوە. مانیزم سەنتێزێکە لە زەردەشتێتی، مەسیحیەت و بودایزم. بزاڤێکی فەلسەفییە کە لە ناوەندی کردنی بەرچاوترین لایەنەکانی مرۆیی، ئاشتیخوازی و سروشتگەرایی ئەم سێ ئایینە لە خاڵێکدا، پێکهاتووە. ئەم بزاڤە کە بەشێوەیەکی گشتی پێوانەکانی ژیانی سیستەمی دایکسالاری بەبنەما گرتبوو لەلایەن سیستەمی باڵادەستەوە وەك هەڕەشەیەکی گەورە دەبنرا و هەوڵی سەرکوتکردن و لەناوبردنی دەدرا. مانییزمیش وەك سیستەمی دایکسالاری لە قووڵایی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین رەگ و ریشەی داکوتاوە و هەوڵدانێکی بێوچانی هەبووە لەپێناو بووژانەوە و هەروەها پاڵاوتنی خۆپەرستی.

ئەم خاکە چۆن نیشانەی گەورەترین سەرچاوەی بەرەکەتە لە ئاراستەکردنی مێژووی پرشنگداردا، لە رێگەی دگیرکەری و دەستدرێژی سەدان ساڵە رووبەڕووی سەرشۆڕی کۆمەڵایەتی، قەتیس مانی رەوتی پێشکەوتنی کولتووری گەلان و فەرامۆشی ژن بۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە واتادارترین جوانییەکانی سەردەمی نیۆلۆتیك و راستیەنەی دەوڵەتی راهیب و چینەکان کە نیشانەی مەزنترین داڕووخانە، لەو وڵاتانە دەرکەوتوون. هەروەها کۆکی خۆرێکخستنی عەشیرەت و یاساکانی دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆرە کۆیلەدارەکان لێرەدا هاتوونەتە ئاراوە. ئەو پێکهاتە عەشیرەییە هەتا ئێستاش بە تەواوی هێزی درێژە بەمانەوەی دەدات. سەرباقی سەرجەم ئەو بابەتە نێگەتیفانە، داب و نەریتەکان هەرماون. گەلانی وەفادار بە کۆکی خۆیان وێڕای تەواوی گوشار و فشاری باڵادەستەکان، لەپێناو پاراستنی بەشێك لە بایەخەکانی مەعنەوی و داب و نەریتەکانیان هەوڵیان داوە. بەڵام بەداخەوە ئەو تایبەتمەندییانە کە ئەمڕۆ بەشێوەی میرنیشی زۆر بچووك ماونەتەوە، بەهۆی کەم واتا بوونیان ژیانی خۆیان لەڕێگەی رەچەڵەکی نادیارەوە درێژە پێدەدەن.

لەلایەکی دیکەوە، رۆژهەڵاتی ناوین کە ناوچەیەکی بەربڵاو لەخۆوە دەگرێ؛ موزاییکی گەلانی هیند و ئەوروپایی، سامی و تەنانەت گەلانی ئاسیای ناوین و خاوەنی پێکهاتەیەکی دەوڵەمەند و کولتووری جۆراوجۆرە. دەرکەوتنی کولتووری هەمەچەشنی گەلان لە ناوچە جوگرافیەکان وەك سامانێکی کولتووری؛ یەکێکیترە لە تایبەتمەندییە سەرنج راکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوینە. هەروەها دەرکەوتنی سەرجەم ئایینەکان لەم

وڵاتانـەدا، وەك دیاردەیـەك كـە گـەلانی ڕۆژهـەڵاتی نـاوین خسـتۆتە ژێـر كاریگەرییـەوە، پێگەیەكی تایبەتیان هەیە. هەبوونی ئایینی زۆر لەم هەرێمە، بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ هەم كاریگەری ئەرێنی و هەم نێگەتیفشی كردۆتە سەر ژیانی گەلانی ناوچەكە. سەرەڕای ئـەوەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نـاوین خـاوەنی بـاوەڕی ئـایینی و هـزری جۆراوجۆرن، بـەڵام جـەماوەری خەڵك ماوەیەكی درێژخایەن لە تەنیشت یەكتری و لە كەش و هەوایەكی ئاشتیانەدا ژیـاون. هەنووكەش گەلانێك هەن كە لە بەرامبەر زوڵم و زۆری لە ڕادەبەدەری چینە باڵادەسـتەكان لە ڕەوشی سەرهەڵدان و خەباتدان. لەلایەكی ترەوە، ئەمڕۆش هەندێك توێژ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەكانیان، بە بیانووی جیاوازی نەژادی و ئایینی گەلان لە دژی یەك بـەكاردێنن و ناكۆكی نێوخۆیی دەنێنەوە.

عەرەبـەكان وەك بـە كاریگـەرترین كۆمـەڵگای ڕۆژهـەڵاتی نـاوین، بـەحوكمی ئـەوەی لەنێوخۆدا پەرش و بڵاون، بـەڵام لەلایـەن پێوانـەكانی ژیـانی كۆمەڵایـەتی جیـاوازی گـەورە لەخۆیاندا نیشان نادەن. عەرەبەكان كە لە ژێر كاریگەری ئایینی ئیسلام، ئـایینی زاڵ لەسـەر ڕۆژهەڵاتی ناویندان، هەرچەندە تا ڕادەیـەك خۆیـان مـۆدێرن كردبـێ، بـەڵام تـا ئێسـتاكەش لەژێر كاریگەری پێكهاتە كۆنەكاندان. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا لە كۆمـەڵگای عەرەبـدا ئـەو گروپانە دەبینرێن كە خاوەنی كولتووری سەرەتایی و خێڵەكین. هـەروەها لـە هەلومـەرجی ژیـانی نیشـتەجێ بـوونیش، وەرچـەرخانی ریشـەیی لەپێوانـە كۆنەكانـدا بـەدی نـەهاتووە. كۆمەڵگای عەرەب خاوەنی پێكهاتەیەكی بەستراو و زۆر پاشكەوتووە و تێیدا دەسەڵاتی پیاو بەشێوەیەكی بەرچاو دەبینرێ. ژن لەم كۆمەڵگایەدا كە وشكترین لقی ئیسلام؛ شـافعی زاڵـە و هـەروەها لـەنێو سیسـتەمی كۆمـەڵگای فیـۆدالی ڕووبـەڕووی قورسـترین سـزابۆتەوە و لـە چوارچێوەی تابۆی دژواردا ماوەتەوە. هەرچەندە زەمینەی لـەبار سـەبارەت بـەمافی ژنـان لـە هەندێك دەوڵـەتی عەرەبیـدا دەبینـرێ كـە لـەپێناوی دیموكراتیزەبـوون هـەنگاو دەهاوێـژن، بەڵام زۆربـەی ئـەو هەنگاوانـە لـەژێر كۆنـترۆڵی دەوڵـەت و لەئاسـتێكی پاشـكەوتوودان. بـەم پێیە، بزاڤێكی جەماوەری كە ڕێخۆشكەری بەشداری چالاكی ژنـان و وەرچـەرخانی سـەرنج ڕاكێش بێت لـەم ڕووەوە، بـەدی نـاكرێ. وێـڕای لـەخۆبووردوویی و قارەمـانێتی بـێ وێنـەی ژنـان و جۆش و خـرۆش لـەدوا چارەكی سـەدەی بیسـتەم لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوینـدا، ڕێبـازێكی ئایـدیۆلۆژی و تۆكمـە نەهاتۆتـە ئـاراوە و تـەنیا لـەپێناوی خـەباتی نەتـەوەیی تـا ڕادەیـەك سەركەوتنی بەدەست هێناوە. میسر كە یەكێكە لە وڵاتانی عـەرەب، لەڕێگـەی سیاسـەتەكانی

بەرۆژئاوایی بوون تا ئاستێك پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینیوە و لەبن کاریگەری ئەو کێشانەدایە و، ژنانیش گەیشتوونەتە ئاستێکی پێشکەوتن. بەڵام خەباتێکی قووڵی رەگەزی ئەنجام نەدراوە و کەش و هەوایەکی ئایدیۆلۆژی وا نەخوڵقاوە کە تەواوی ریزەکانی ژنان بەرەو خۆی رابکێشێ. بەتایبەتی لە یاساکانی میسردا، تا ئێستاکەش پاشکەوتنێکی دژوار لەمەڕ مافی ژنان بەدی دەکرێ.

بەکورتی؛عەرەبەکان کە لە ئاکامی دەرهێنان و کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە نەوتییەکان دەوڵەمەند بوون، بەهۆی ئەوەی پێشکەوتنەکانی سەرمایەدارییان لەگەڵ دینامیکی نێوخۆیی نەکردۆتە یەك، شێوەبەندییەکی نالەباریان بە خۆوە گرتووە. لەبەر ئەو هۆکارە خەباتی ئازادی ژن تەنیا کاتێك کە لەو پێکهاتانە دابڕێت باوەڕی بە چارەنووس هەیە و شێوە رامانێك کە ئازادی دەستکردی لەسەر زاڵە و هەروەها لە رێگەی خەباتی پشت ئەستوور بە بنەما سەرەکیەکان و خاوەنی ئامانجی گەیشتن بەشێوە ژیانێك لەسەر بناخەی تەوەرەی ژن، دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. هەرچەندە زەمینەی ئەو دیاردەیە زۆر گونجاوە, بەڵام پێویستی هێزی پێشەنگایەتی دەردەکەوێتە روو.

یەکێکیتر لە گەلانی لە مێژینە و خاوەن رۆڵی رۆژهەڵاتی ناوین، فارسەکانن. ئەوانەی بەد رێژایی سەدان ساڵ لە ژێر کاریگەری ئایینی زەردەشتدا بوون و هاوکات لەگەڵ تەشەنەسەندنی ئیسلام، ئایینزای شیعەیان هەڵبژارد کە دەتوانرێ بە ئایینی چینە رادیکاڵەکان ناوبردرێ. ژنانی فارس پێش پەیدابوونی ئایینزاکانی شیعە، چالاکانە بەشداری کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان دەبوون. مافی رادەربڕین و قسەکردن، هەڵوەستەیەکی پتەوی لەواندا بەدی هێناوە. رۆڵی ئایینەکانی ئەو کاتە، وەك ئایینی زەردەشتی و مەزدەك لەم رووەوە زۆرن. بەڵام پاشکەوتنێکی لە رادەبەدەر، دوای سەقامگیربوونی ئیسلام لە بارودۆخی ژندا پێکهات و پێوانەکانی ئیسلامی، بەتەواوی ژنانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوورخستەوە. دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری، مەیدانێکی بەربڵاو و سەرنج راکێش بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، فێربوون و راهێنان، خەبات و لە هەموویان گرنگتر شێوەبەندی هزری پێکهاتو بۆ بەشداری سەرلەنوێی ژنان لە رەوتی ژیاندا، زەمینەی لەبار بەدیهات. هەرچەندە کاریگەری پێشکەوتووخوازانەی هزری سیستەماتیکی سەرمایەداری لەنێو گروپە شارنشینەکان دروست بوون، بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی 1979، کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی

ڕووبەڕووی دواکەوتوویی بوونەوە و لەچاو رابردوو یاسای پاشڤەڕۆتر و فیۆداڵیان لەسەر پەیڕەو کرا.

ئەمڕۆ، کە لێگەڕینی نوێخوازی لە کۆمەڵگای ئێران پەرەی سەندووە، هەوڵدەدرێ لەلایەنی جۆراوجۆرەوە هەنگاوی بەرچاو بهاوێژرێ، ئێستاکە رەخنەگرانی سیستەم خوازیارانی ریفۆرم لە هەموو کات زیاتر هاتوونەتە مەیدان، پەیڕەوکردنی یاسای پاشڤەڕۆیانە و فیۆداڵی سەبارەت بە ژنان، کێشمەکێشی نێوخۆیی و لە ئاستێکی سەرنج راکێشدا، لێگەڕینی بە دواوە بووە. لە ئێراندا ئەزموونی زۆر هەیە بۆ بزاڤی ژنان کە توانای چارەسەرکردنی کێشە رەگەزیەکانی هەبێ. لە بەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەو بزاڤانە وەك ئەلتەرناتیف و سیستەم و رێکخستنێك، لە پێکهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کە رێگا لە پێش ژانی دووبارە و پاشکەوتن بگرێ؛ ئەرکێکی گرنگە کە پێویستە لە کەمترین دەرفەت دا رابپەڕێنرێ.

بەشداری ژنان لە شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەب زۆر کەمە. ئەگەرچی ژنان لەو دامودەزگایانەی کە خۆیان بە پێشکەتوو لەقەڵەمداوە، جێگەیان گرتبێ، بەڵام بەردەوام ڕووبەڕووی کاریگەری قورسی فیۆداڵیزم و گوشار و قاڵب و دۆگمای ئیسلامی ساختە بوونەتەوە و لە کۆمەڵگادا گەیشتۆتە خاڵی سفر.ئەمڕۆش ئەگەر ئەو کاریگەرییانە بە شێوەیەکی پتەو لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە ئەو شۆڕشانە سوودێکی ئەوتۆیان بۆ کۆمەڵگا و ژن نەبووە و تەواو بە پێچەوانەوە، بوونەتە هۆکاری دواکەوتن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی رابردوو لەنەفامی و تاریکیدا وون بوون. بۆیە ئەم کۆمەڵگا و ژنان بەشێوەیەکی قووڵ پێویستیان بە رۆشنگەری هەیە، لەم میانەدا پێویستی ژنان و توانای پێك هێنانیان لەهەموو لایەك زیاترە.

ژنانی ئاشووری ـ سریانی بە هەزاران ساڵ لەژێر چەتری داگیرکەری بێگانەکاندا بوون و لەنێو گەلێکی مەحکوم کراو بە ژیانی داگیرکەری و بێ رێکخستنی و بێ دینامیکی نێوخۆیی دەژین. ژنانی ئاشووری ـــ سریانی لەهەر جۆرە دەرفەتی پێشکەوتن و بەدەستخستنی زانیاری بێ بەش ماوەنەتەوە. لەنێوچوونی هێزی دەسەڵاتی گەل، بۆتە هۆی زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا. هەزاران ساڵە ژن، ژیانێکی ژێرچەپۆکەی پێڕەوا بینراوە و لە چالاکی بەرهەمهێنان و خەباتی هونەری دوور خراوەتەوە. کەوتۆتە نێو هەلومەرجێکەوە، کە سەرشۆڕ، بێ ئەندێشە و بێ زانیاری بێت لەبەرامبەر مێژوو و ناسنامەکەی. پیاوانیش

هاوشانی ژن بێ کاریگەر هێڵراونەتەوە، لە شوێنی گەل، کۆمەڵ و نەتەوەیی بوون، بە بنەماڵەی بچووك، گروپی سنووردار و تاك دابەشبوون. نەبوونی ڕێکخستن و هەوڵنەدانی ژنانی ئاشووری ــ سریانی، دەربڕی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو گەلەیە. ئەم بارودۆخە بابەتیە و ئەو فاکتەرانە لەخۆوەدەگرێ کە ڕێکخستن، یەکگرتنی نەتەوەیی ـ کۆمەڵایەتی و خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە پێویست دەبینێ.

ئەنادۆڵ یەکێکی دیکەیە لەو ناوچانەی کە زێدی لەدایکبوونی موزاییکی شارستانیەتەکان و کۆنترین کولتوورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و لانکەی ژیاری پڕشنگداری رۆژهەلاتی ناوین بووە. ژیانێك لەژێر کاریگەری هێزی مەعنەوی و پیرۆزی خوداوەندەکانی ژن بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە کۆمەڵگای ئەنادۆڵ ــ کە لە رابردوویەکی دوورەوە خاوەنی میراتی مێژوویی دەوڵەمەند بووە، برەوی هەبووە. شوێنەوارەکانی شۆڕشی نیۆلۆتیك تەنانەت لە قووڵایی ناوچەکانی ئەنادۆڵیش بەدی دەکرێن. ئەم دیاردەیە نیشانەی رەنگدانەوەی کولتووری نیۆلۆتیکە لەم شوێنانە.

دەوڵەتی عوسمانی کە بەهێزترین و درێژ خایەنترین ئۆرگانی سیاسی پێکهاتووی تایفەکانی تورکە لەسەر خاکەکانی ئەنادۆڵ، دوای پەرەسەندنی ئیسلام هێدی هێدی بەربلاوتربوو و شێوە ئیمپراتۆری بەخۆوە گرت. تەواوی سیستەم و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی ئیمپراتۆریەتی فیۆدالی عوسمانی، لە چوارچێوەی حقوقی ئیسلامی و یاساکانی ئایینیدابوون. هاوکات لەگەڵ شەریعەت، دابینکردنی بنەماڵەش کەوتە سەر ئەستۆی پیاو، بۆیە ژن، بێبەش لەقەڵەم دەدرا و لەنێو ماڵ و چوارچێوەی بنەماڵەکەیدا زیندانی کرا. ئەم بارودۆخە، بووە هۆی داکەوتنی ژن بۆ پلەی دووەم و قووڵبوونەوەی ئەو نزیکایەتیە و گۆشەگیربوونی لە کۆمەڵگادا. لە کۆشکەکانی عوسمانیدا، جگە لە کالایەکی بازرگانی هیچ رۆڵێك بەژن نەدرابوو. ژنان لە رەگەز و گەلی جیا جیا لە بازاڕەکانی کۆیلەفرۆشی دەکڕدران و دەخرانە نێو کۆشکەکانی عوسمانی و وەك ئامرازی کەیفخۆشی پاشا و شازادەکان کەڵکیان لێوەردەگیرا. ژنانی کۆشکەکانی عوسمانی کە بەتەواوی لەژیانی کۆمەلایەتی و بەرهەمهێنان دابڕابوون، تەنیا دەرفەتی ژیانیان لە بەکارهێنانی ئەوپەڕی رەگەزی و خۆنواندیان بەباشترین شێوە بۆ پیاو دەبینی. دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا بە رێبەرایەتی مستەفا کەمال، سەرلەنوێ بونیادنانەوە لەرێی ریفۆرم بەمەبەستی داڕووخانی بناخەکانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئیمپراتۆری عوسمانی ئەنجامدرا. بەلام ئەم

پرۆسەیە، لە لاسایی کردنەوەی رۆژئاوا بەدەر نەبوو. رژێمی کۆمار، پشتگیری لە دامەزراندنی رێکخراوەکانی ژنان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا و گرێدراوی دەوڵەت دەکرد و لەهەمان کاتدا دانی بە فەرمیبوونی ئەو رێکخراوانە لەنێو سنوورەکانیدا دەنا. بەڵام دەرفەتی پێشکەوتنی سەربەخۆی وشیاری و تێگەیشتنی پێنەدەدان. وابەستەبوونی بزاڤی ژنان بە دەوڵەتەوە بۆتە هۆی ئەوەی ژنان لەبارودۆخی کلاسیکی هەنووکەیی رزگاریان نەبێت. رەخساندنی زەمینەی ئازادی ساختە بۆ ژن لە ژێر دروشمی مۆدێرنخوازی کەمالیزم، وەرچەرخانی ریشەیی کۆمەڵایەتی پێکنەهێناوە. ژن لەبەر چاودێری کۆمەڵگا لەسەر رەگەزەکەی، لەئێرەیی پێشووی نامووس و هەروەها لە پاشڤەرۆیەتی کولتووری باوکسالاری رزگاری نەبووە. جگە لەمانە سەردەمەکانی ریفۆرم، هەر لەسەرەتاوە چارەنووسی ژنانی تورکیای وەك توێژێك خستۆتە ژێر کاریگەری و لەبەردەم خۆرێکخستنی فەرمی و ئایدیۆلۆژی تەگەرەی ناوەتەوە. ئەو رێکخراوانە هەروا گرێدراوی دەوڵەت بوون و هیچ کات بەهێزی خۆیی پێشنەکەوتوون. بەکورتی، بزاڤی ژنانی تورکیا، لەبەر نەبوونی رێنمایی بەربلاوی رزگاری ژن و گیروگرفتی پێشەنگایەتی، نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی زۆر کێشەی ریشەیی رۆشنگەری و مێژووی کۆمەڵگای تورکیا و بەتایبەت ژنانی تورکیا بێ و هەروەها لە پێشخستنی خەباتی ئازادیخوازی و گێڕانی رۆڵ لە پێکهێنانی خێرا و پێویستی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەدوور بووە. کێشەی سەبارەت بە ئازادی و یەکسانی ژن، ئەمڕۆ بە خراپترین شێوە لە تورکیا لێکدەدرێتەوە، سێبەری ئیمپریالیزمە و لەلایەن کۆمەڵگای ژوورەوە داسەپاوە. بارودۆخی ئێستای پێکهاتەی بنەماڵە و راستینەی ژن لەتورکیا، نیشانە و دوایین دیتنەوەی چەمکی چەوسانەوەی بێ سنوورە. ئەم دۆزینەوەیە ئەمڕۆ بەشێوەیەکە کە بنەماڵە رووبەڕووی مەترسی پەرتەوازە بوون دەکاتەوە. فاشیزمی 12ی سێبتەمبەر، هەلومەرجێکی ناپەسند لەلایەن کۆمەڵگاوە وەك سیاسەتێك پەرە پێ دەدات, بەتایبەتی ئەم سیاسەتە، دەرفەتی پێشکەشکردنی ژن بۆ بازارەکان زیاتر دەکات. بەڕاستیش ئەگەر ئاورێك لە گۆڕانکارییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی بدەینەوە، دەبینین دووربوونەوە لە رەچەڵەك، نزمی و نوشستی زاڵە. بەرە بەرە فرۆشتنی ژن وەك کاڵایەك لە بازاڕەکان و تەشەنەسەندی زۆرتر دەبێ. لە تورکیا هۆلیۆدی ئەمریکا بەناوی یەشیل چام رەنگ دەداتەوە.

ئەمڕۆ لە قۆناخی سەرلەنوێ بونیادنانەوە، کە تورکیا بەپەلە پێویستی بە بەهاکانی دیموکراتی وەك گۆڕانکاری دیموکراسیانە، ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری هەیە، ژنان لەسەرەتای خەبات لەپێناوی بەهاکانی دیموکراسی و لەمیانەی کۆمەڵگادا پێویستە بێوچان بۆ پڕاکتیزەکردنی پێوانە دیموکراسیەکان و پێکهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، سەفەربەر بن. ئەمە ئەرکی سەرەکی تەواوی چین و توێژەکانی ژنان و سەرجەم بزاڤەکانی ژنانە لە تورکیا. ژنان خاوەنی چالاکترین هێزی شاراوەن لەپێناو یەکگرتن و یەکێتی گەلاندا. بۆیە ناچارن لە ڕێکخستنی دژبەرایەتی کۆمەڵگا و پێشەنگایەتی، بەپتەوی ئەم هێزە بخەنەگەڕ. لەم رووەوە، پێویستە بەخۆ رزگارکردن لە بناخەی خاپوور و پەرش و بڵاوی خۆی، بۆ وەڵامدانەوەی پێویستی پێشەنگایەتی بۆ ژنانی تورکیای تینووی رۆشنگەری و وشیاری رۆڵی سەرشانی خۆی ئەنجامبدات. بەتایبەت بە هەڵسوکەوتێکی لێکدانەوەی قووڵی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی لەپێناوی چارەسەری کێشەی ئازادی ژن، لە کردەوەشدا بە پێشخستنی هێزی ڕێکخستنی، رۆڵی مێژوویی خۆی لە رزگارکردنی کۆمەڵگادا بگێڕێ.

بەشێوەیەکی گشتی، مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوین لە ئاستی پاشکەوتووترین سیستەمی هزری لە دنیادا هێڵراوەتەوە و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیشی کەوتۆتە ژێر کاریگەری قوورسی سیستەمی فیۆداڵی و لە هەر چەشنە پێشکەوتنێکی هاوچەرخ بەدوور بووە، هەروەها خاوەنی هیچ تایبەتمەندی و کارەکتەرێك نییە کە دەربڕ و نیشانەی پێداویستیەکانی ناسنامەکەی بێت. ئەمڕۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین، جێگەی شەڕی بێ دوایی و ژانی هەمیشەیی و مەنزڵگای بەگژیەکداچوونی بێ ئاکامن. مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوین لە کاتێکدا کە توانای جولانەوەیەکی ریشەیی نییە و خاوەن رۆحێکی تێکشکاو و بێ هیوایە، هەتا ئەو کاتەی شێوازی کۆمەڵگای فیۆداڵی لە راستی رۆژهەڵاتی ناویندا راستینەی شارستانیەتەکەی نەخرێتەبەر لێکۆڵینەوە، ئەوا خۆرزگار کردن لە قەیران، پێکدادانی خوێناوی و بەژان، شێوازی سەرەتایی دەسەڵات، کۆماریخوازی لاڕێ، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەردەمی پڕ لە قەیران و گرێکوێرە مەحاڵە. سەرچاوە بنبەست و قەیرانەکان، کێشەی ئایدیۆلۆژییە. نوێکردنەوەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی، ئەرکێکی مێژوویی و سەرەکییە. جولانەوەکانی رێنسانس، ریفۆرمخواز و رۆشنگەری کە لە کولتووری رۆژهەڵاتی ناویندا لە پاشداماون، لەمەودوا دەبێ یەکبگرن و ببنە بزاڤێك. ئەو

گۆڕانکاریەی لەو سێ گۆڕەپانە بەدی دێن، ناسنامەی ئایـدیۆلۆژیای نـوێ دیاردەکـەن. ئەمـە، نیشانەی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیە لە بوارەکانی هزر و رۆحدا.

کاریگەری زهنیەتی قاڵبەکانی ژیـانی فیـۆداڵیزم لـە رۆژگـاری ئەمرۆمانـدا، سـەلمێنەری راستی ئاماژە پێکراوە. هـەتا پێکهاتـەی ئایـدیۆلۆژی هەنووکـەیی شـینەکرێتەوە ئایـدیۆلۆژی بونیادنانــەوە و وەڵامــدەری پێداویســتیەکانی ئــەم ســەردەمە ئامــادە نــەکرێت، قــەیران و بنبەستبوونی کۆمەڵگا چارەسـەر نابێـت، ئـەوەش لـەڕێگای رێنسانسی رۆژهـەڵاتی ناوینـەوە دەگاتـە واتـای پـیرۆزی خـۆی و بـە زهنیـەتێکی پشـت ئەسـتوور بـەو، نوێبوونـەوەی رۆحـی پێکدێت؛ تەنیا بەمجۆرە دەتوانین لەگەڵ رەوتی مێژوویی ببینە یەك و هاوچەرخ بـین، کـە ئەمەش بەواتای سـەرەتای هەڵمـەتێکی مـەزنی مێـژوویی دێـت. واتـە پـەرش و بڵاوبـوون و تێکچوونی لەڕادە بەدەری زهنیەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی رۆژهـەڵاتی ناوینـدا, تـەنیا لـە رێگای شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژیەوە چارەسەر دەبێ. بەم پێیە بۆئەوەی رۆژهەڵاتی ناوین ببێتە دژە تێـز پێویسـتە گۆڕەپانـەکانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی، دیمـوکراتیزە بکـرێن. ئەنجامـدانی ئەمەش لە رێگای ریفۆرم یان شۆڕش، ناوەڕۆکی مەسەلەکە ناگۆڕێ. پێویست ترین کـردەوە، دیموکراتیزەبـــوونی کۆمەڵگایـــە. هـــەروەك لـــە تـــەواوی ســـەرهەڵدانە جەماوەریـــە شۆڕشگێڕیەکاندا دەبینرێت، ژنان پێشەنگایەتی ئەمە دەکەن. ژن، لەهەلومەرجی پتەوترین هێزی (رەگەزی) دیموکراسیدایە. چونکە مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین بە شێوەیەك لـە شێوەکان لە مێژووی ژن دەچێ. ژنیش لە قۆناخی نیۆلۆتیك بەدواوە لە بازنـە دەرخـراوە و مەحکومی تێکچوون بووە.

لەلایـەکی دیکـەوە، دەرفـەت بـۆ پێکهـاتنی رابـوونی ئازادیخوازانـە لـەبارە. رۆشـنگەری هـزری کـە لەگـەڵ شۆڕشـی ژن بـەدیهاتووە و لـە وێـوە دەسـتی پێکـردووە، خـاوەن هێزێکـی وەهایـە کـە تـەواوی رۆژهـەڵاتی نـاوین دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوە. چـونکە هـیچ ناوچەیەك بەدی ناکرێ تا ئەو رادەیە لە قووڵایی مێژوو رۆچووبێ. هەرچەنـدە هەوڵدەدرێ ئــەم راســتیانە لــە یادەکانــدا بســڕدرێنەوە، بــەڵام ئێســتاش رۆژهــەڵاتی نــاوین هێــزی خۆئافراندنی هەیە. ئەگـەر ژن و مرۆڤایـەتی لـەم شـوێنە شکستیان خـواردووە، سـەرلەنوێ خوڵقاندنەوەشـیان لـەم وڵاتانـەدا مەیسـەر دەبـێ. خەزێنـەکان لـەو شـوێنانەی ونبـوون، دەبینرێنـەوە. روون و ئاشـکرایە وڵاتێـك خـاوەن مێژووییـەکی وەهـا پڕشـنگدار بـێ، هێـزی خوڵقاندنی ژیانێکی نوێشی دەبێت.

ژن جێگایەکی رەسەن و تایبەتی لەناو رابوونی دیموکراسیانەی رۆژهەڵاتی ناویندا هەیە. وەکو هێزی خوڵقاندنی شۆڕشی نیۆلۆتیک، ناتوانێ بەهیچ جۆرێک رەوشی بچووککردن و بەلاوەنانی لەلایەن کۆمەڵگای چینایەتیەوە هەرس بکات. بەردەوام بەگومانەوە تەماشای سەرداری پیاوی کردووە. باش هەست بە زەوتکراوی مافەکانی دەکات. بێچارەییەکەی لە نێو ئێش و خەم و پەژارەیەکی ئێجگار زۆری هێشتۆتەوە. دەرك بەوە دەکات هیچ کاتێك شایستەی ئەم رەوشە نەبووە کە تێیکەوتووە. لە راستیدا بەنهێنی لایەنگری کولتووری خوداوەندی ژنە و پەیڕەوی دەکات. هیچ کاتێك لە دڵەوە باوەڕی بە خوداوەندە پیاوەکان نەهێنانەوە. ئەوەش دەزانێ کە بەردەوام لەنێو بۆشاییەکدایە. پڕ بە ئێش و تووڕەبونەوە هەست دەکات ئەو خۆشەویستی و رێزەی بەرامبەر نیشان نەدراوە کە شایستەیەتی. هەرگیز لەوەی نەبووریوە کە بەمجۆرە بکەوێتە نێو رەوشێك هێندە پێویستی بە پیاو بێت، زیاتر لەخۆی نەبووریوە. دەزانێ پیاو زۆر لە خۆشەویستی دوورە، دڵ رەق و بێ رەوشتە، لە هێزی ئەشق بێ بەشە. بوونی بە قووربانی تەواوی ئەم ناکۆکیانە بە پێچەوانەی مەزندەکانی ژن بەرەو نەزانی نابات، بەڵکو زیاتر لە (بلیمەتی) نزیك دەکاتەوە. کاتێك باوەڕی دێنێ، هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێ ببێتە رێگر و ناهێڵێ پێداویستیەکانی باوەڕهێنانی خۆی جێبەجێ بکات. بەگشتی تەواوی ژنان و بەتایبەتیش ژنانی رۆژهەڵاتی ناوین بەهۆی ئەو تایبەتمەندێتیانەیان زیندووترین و چالاکترین هێزی کۆمەڵگای دیموکراسیانەن.

سەرکەوتنی یەکجارەکی کۆمەڵگای دیموکراسیانە بەدەستی ژن بەدی دێت. ژنان و گەلان کە لە سەردەمی نیۆلۆتیك بەولاوە لەلایەن کۆمەڵگای چینایەتیەوە ژێر خاك نراون، وەکو خاوەنی راستەقینەی هەڵمەتی دیموکراسی، هەم تۆڵەی خۆی لە مێژوو دەسێنێتەوە، هەم لە میانەی چەسپاندنی رەوتی چەپڕەوی شارستانیەتی دیموکراسیانەی دژە بیرۆکەی پێویست پێکدێنێت. لە راستیدا لە چوون بەرەو کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد، پتەوترین کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی پێك دێنن. چونکە دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین و بوونی بەدژە بیرۆکە، زیاتر لەسایەی ژنانەوە بەدی دێت. وشیاربوونەوەی ژنان وەکو هێزی پێشەنگی کۆمەڵگا و جێگرتنی لە شانۆی مێژوودا، بەهای دژە بیرۆکەی راستەقینەی هەیە. جیهانی ژنان و وشیاری و ویژدان و خۆشەویستیەکەی پاڵێوراوە بۆ خوڵقاندنی بەهای تایبەتی شارستانیەت. پێشکەوتنی باوکسالاریانەی شارستانیەت کە وەکو پێویستیەکی

کەسایەتی و کارەکتەرەکەیانـە، لـەم بوارەشـدا ژنـان بـەرەو رەوشـی دژە بیرۆکەیـەکی بـەهێز دەبـات. هـەم بـەلاوەنانی جیاوازیـەکانی کۆمـەڵگای چـینایەتی، هـەم کۆتـایی هێنـانی بـە باڵابوونی پیـاو لـە دژە بیرۆکـە بـەولاوە، بـەهای سـەنتێزێکی نـوێی هەیـە. هەربۆیـە رۆڵـی پێشـەنگایەتی ژنــان لــە وەرچــەرخانی کۆمــەڵگای رۆژهــەڵاتی نــاوین بــۆ کۆمەڵگایــەکی دیموکراسیانە بۆ سەرتاسەری جیهان، بەواتای دژە بیرۆکە و سەنتێز دێت و تایبەتمەنـدێتی مێژوویی لەخۆوە دەگرێت.

## ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا

ســەرباری ئــەوەی کــە گــەلی کــورد لــە کــۆنترین گــەلانی جیهــانن و لەهــەموویان خوڵقکارترن لەمێـژوودا، بـەڵام هـەروەکو بڵێـی بـەهیچ شـێوەیەك لەمێـژوودا نـەژیاوە, لـەم سەردەمەدا وەکو تراژیدیایەکی جـەرگبڕ رووبـەڕوومان دەبێتـەوە. دەبیـت بەلانکـە و دایکـی مێژوو، بەڵام رێسا و ئەخلاق دەرهەق بەتۆ پەیڕەو ناکرێت. وەکو گـەلێك هەڵیدەسـەنگێنن کە کەس تـۆی ناوێـت، دەبیتـە قووربـانی ترسـناکترین خیانـەت. لـە سـەرەکیترین مافـەکانی مـرۆڤ بێبـەش دەکرێـت، بـەڵام وەکـو تاوانبـارترین کۆمەڵـەی مـرۆڤ رادەگەیـەنرێیت. بـۆ خزمــەتکردنی هــەموو کەســێك ئامادەدەبیــت، بــەڵام لــە نــەفرەتلێکراوی رزگــارت نــابێ. هاوشێوەی مرۆڤە هاوچەرخەکان دەبیت، بەڵام لەگەوهەردا نابیتـە خـاوەن هـیچ بەهایـەکی سەردەم؛ تەنانـەت شایەنی ئەوە نـابینرێی وەکو گـەلانی رەش پێسـت، زەرد یـاخود هیندیـە سوورەکان ببیتە کۆیلەی سەردەمی مـۆدێرن. رووبـەڕووی سـتاتۆ و کوردایەتیـەك دەبیتـەوە کــە کەوتۆتــە تەڵەزگــە و مەحاڵــە هاوتاکــەی هــەبێت. نکـۆڵی لـەکورد دەکـرێ، دەڵـێن: دیاردەیەکی وەها بوونی نییە، بەڵام گەورەترین ترسیان لەم راستینەیە ئەوەیـە کـە نکۆڵی لێدەکەن و دەڵێن بوونی نییە.

میــژووی مرۆڤایــەتی لەهەمانکاتــدا مێــژووی خــەباتی ئــازادی و بەدەســتهێنانی ناسـنامەیە. خـەباتی بـێ وێنـە بەدرێـژایی مێـژووی مرۆڤایـەتی و بـەئامانجی گەیشـتن بـە ئــازادی هاتوونەتــە ئــاراوە. لــەم رووەوە لــە میزۆپۆتامیــا، واتــە لەمێژینــەترین شــوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی، توندترین و درێژخایەنترین تێکۆشانەکانی مێژوو روویانـداوە.

لەکاتێکدا کۆمەڵگا تێکشکاوەکان لـەم خەباتانـەدا لـە گۆڕەپـانی مێـژوو بـەدەرنـران، کۆمـەڵگا سـەرکەوتووەکان بـە دامەزرانـدنی دەوڵـەت توانیـان بـەها مێـژوویی و کولتووریـەکان و ناسنامەی خۆیان بپارێزن. کورد، چەرکەس، ئاشووریەکان و زۆر تاقمی دیکە دەوڵەتیان بـۆ ئاوا نەبوو، بەڵام دەستهەڵگری خەباتیش نەبوون. ئـەوان بـە پاراسـتنی هەنـدێك لەبـەهاکان گەیشتوونەتە رۆژگاری ئەمرۆ. رەوتی ئاسایی گۆڕانی پلە بەپلەی کۆمەڵایەتی کوردان وەکـو یەکێك لەگەلانی میزۆپۆتامیا، لەبەر هۆکاری بارودۆخی ژیۆستراتیژی و سەرچاوەی سـامانی سروشتی وڵاتەکەی و لەئاکامی شەڕی بەردەوام، رووبـەڕووی نەهامـەتی بۆتـەوە و هەربۆیـە گەلێك لە بەها کولتووری و مەعنەویەکانیشی لەدەستداوە.

لەمیانەی تـەواوی بەڵگـە مێژووییـەکان ئەمـە سـەلمێنراوە کـە سەرچـاوە رەسـەنەکانی کوردان لەدوای کۆتایی هاتنی قۆنـاخی دواتـرین بەسـتەڵەکی مـەزن لەسـەردەمی 20 هـەزار ساڵ پ.ز کەوانەکانی ناوەوەی هێڵی زاگرۆس ـ تۆرۆس کە بەشی سەروو و ناوەوەی دیجلە و فوراتە چ لێکۆڵینەوە ئاسەوارناسی و زمانناسیەکان بێت یاخود عەشیرەتناسـی بێـت، گـەلێك بەڵگـە سـەبارەت بەمـە پێشکەش دەکـەن و لەگـەلێك لایەنـەوە ئـەم راسـتینەیە دەسـەلمێنن. گـرنگتریش ئەوەیـە، ئـەو ناوچـە و گەلەیـە کـە شۆڕشـی کشـتوکاڵی و ئاژەڵـداری و چـاخی گونـدەکانی خوڵقانـد و پێشیخسـت. هـەروەها ئەمـەش سـەلمێنراوە کـە یەکـەمین کۆمـەڵگای چـینایەتی توانسـتە مـاددی و مەعنەویـەکانی لـەم کولتـوورەوە وەرگرتـووە. لـەم قۆنـاخـە بەدواوە تاوەکو مێژووی نوسراوەی سۆمەریەکان بەزمانی سۆمەری بەواتای "گەلی چیایی" کوردی، باس لەگەلی ئەم ناوچەیە دەکات. ئەم زاراوەیەی کـە هـەرە دوایـی لـە لووییـەکانیان وەرگـرت لای یۆنانییـەکان بـووە کوردینـا واتـە (مەملەکـەتی کـوردان)، سـنجاری سـوڵتانی سـەلجوقی کـە کاریگـەری زمـانی فارسـی لەسـەر بـوو، بۆیـە جـارێکی دیکـە ناوچـەکەی بـە کوردستان ناوبردووە. ناوەکانی هۆری، گۆتی، کاسیت، میتـانی، نـائیری، ئۆرارتـۆ و مادەکـان بـەردەوامی ئـەم نەریتەیـە، ئـەم ناوانـەن کـە لـە قۆناخـە جیاجیاکانـدا بـۆ کۆنفیدراسـیۆنی عەشیرەت و دەوڵەتەکان پێشدەخران. خـوازراوە هـەمان قۆنـاخی زمـان، کولتـوور و ئـەتنیك باس بکرێت. گۆڕینی ناو لەلا یـەن دراوسـێکانیان کـە پەیوەنـدیان لەگـەڵ گروپـە ئـەتنیکی و ناوچەکەدا هەیە و بەتایبەتی لەلایەن خۆیانەوە ئەنجامدراوە.

لەتەواوی قۆناخەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا، کوردان وەکو گـەلێکی بەهەرمهێنـەر و خوڵقێنـەر و بـەجموجۆڵ، هـەبوونی خۆیـان نیشـانداوە. بـەجموجۆڵترین گـەلی سـەردەمی

نیۆلۆتیـك کوردەکـانن. ئـەو گەلەیـە کـە گـەورەترین شۆڕشـی لەسـەربنەمای کشـتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەنجامدا. کوردەکان لەسـەردەمی ئـەو جڤاتانـەوە دێـن کـە چـەرخی سـەرەتاییان خوڵقاند و بناخەی ئەو باوەڕییە خوداییانەیان دانا کە پشت بـەئاسمان دەبەسـتن و شـێوەی هـزری ئەفسانە "میتۆلۆژیـا" یـان لـە میانـەی چوارچـێوەیەکی سیسـتەمکراودا ڕێکخسـت. هەروەها خاوەنی شەڕەفی ناسنامەی ئەو گەلە ئەتنیکیەیـە کـە بـۆ یەکـەمین جار لەمیانـەی وشـیاری خێڵـەکی و تامـەزرۆی ئـازادی بەرامبـەر بەکۆیلـەداری و کۆڵۆنیـالی سـۆمەریەکان بـەرخۆدانی کـرد. تـاوەکو ئێسـتاش بـەهێزبوونی خێڵایـەتی، لـە نزیکـەوە گرێـدراوی ئـەم راسـتینەیەی نێـو قووڵاییـەکانی مێـژووە. ئـەو گەلەیـە کـە بـۆ یەکـەم جـار ئـاڵای ئـازادی مرۆڤایەتی بەرامبەر کۆیلایەتی بەزرکردەوە. بەدرێـژایی چـەرخەکانی سـەرەتا بـەرخۆدانی ئازادی کوردان کە لەسەر بنـەمای ئـەتنیکی بـوو، بـۆ گـەلان بۆتـە چاوگی سـروش بەخشـی. دیسـان کـوردان نوێنەرایـەتی هێـزی سـەرەکی ئـەو گەلـە دەکـەن کـە لەمێـژووی رۆژهـەڵاتی ناویدا، لە هەمووان زیاتر بەرامبەر دەوڵـەتی کۆیلـەداری بـەرخۆدانی کـرد، تەسـلیم نـەبوو، بەرامبـەر بەشارسـتانییەتی کۆیلـەداری، ژیـانی ئـازادی سـەر لوتکـەی چـیاکانی هەڵبـژارد. کـوردان لـە مێـژوودا رۆڵێکـی رەسـەن و دەسـپێکردنی بـەرفراوانترین و درێژخایـەنترین جولانەوەی بەرخۆدانیان هەیە کە لەسەربنەمای ئەتنیکی پێشکەوتووە. ئەم بەرخۆدانانـەی ئازادی لە میزۆپۆتامیای سەروو، لـە کوێسـتانەکانی میـدیا ئاکـاری مـەزنی ئـازادی خوڵقانـد. ئیرادەی ئازاد و ئاکاری زەردەشت کە جێگایەکی گرنگی لە مێژووی ئازادیـدا هەیـە، سـەنتێز و چڕبوونەوەی ئەم بەرخۆدانە رەسەنانەیە.

دەتـوانرێ بگـوترێ هـیچ گـەلێك وەکـو رەسـەن و بنەچـەی کـوردان، هـەم سـەردەمی نیۆلیتیکیـان نەخوڵقانـدووە، هـەم هێنـدە بـەقووڵایی تێیـدا نـەژیاون. ئـەم تایبەتمەندێتیـە هـەم لـەبواری مـاوە، هـەم لـەبواری گشـتگیری، بەشـێوەیەکی هـەرە چـڕ لـەدیاردەی کـورددا بەرێوەچووە. کاریگەریەکانی ئەم تایبەتمەندێتیەش تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان بەردەوامـە. کوردان تەواوی هێز و وزەی خۆیان لەم سەردەمە وەرگرتووە و پێیان بەخشیوە. لەڕۆژگاری ئەمرۆشماندا زۆر بەدواکەوتوویی مانەوەی پێکهاتەی هـزری کـوردان بەشـێوەیەکی سـەرەکی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەهەڵواسراوی لەسـەردەمی نیۆلیتیـك ماونەتـەوە، هـەروەکو بڵێـی بەدڵخوازی خۆیان لەوێ هێڵراونەتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەی مەزەنده دەکرێ، تاوەکو ئێستا بەشێوەیەك کاریگەری سەردەمی نیۆلیتیك لەئاستێکدا بەسەر جیهانـدا هەیـە کـە نـاتوانرێ

بچووك بكرێتەوە. لادێیەتی، وەكو ژیانی ماددی و هزر كۆمەڵگایەكی لەنیۆلیتیك ماوەتەوە. كولتووری كشتوكاڵ تایبەتمەندێتیە سەرەكیەكانی خۆی لەم سەردەمە بەدەست هێناوە.

زەردەشت كە لە قۆناخە سەرەتاییەكانی سیستەمی باوكسالاری لە وڵاتی ئێران دەركەوت، كاریگەری گرنگی لەسەر شێوەگرتنی پەیوەندی و ژیانی كۆمەڵایەتی، داب و نەریت و بووژانەوەی كولتووری كوردان هەبووە. گرنگترین نوێبوونەوەی زەردەشت ئەنجامیداوە داننانێتی بەئازادی ئیرادەی مرۆڤ كە سیستەمی كۆیلەداری گەیاندبووی بەئاستێك تەنانەت مرۆڤ خاوەنی سێبەری خۆشی نەبێت. بەمجۆرە ئەم نوێبوونەوە توانی تاك لەبالادەستی چارەنووسی رەهای خوداوەندەكانی كۆیلەداری رزگار بكات. ئەمەش بەرەنگار بوونەوەی بالادەستی میتۆلۆژیای كۆیلەداری بوو كە لەسەر هزر و هەڵسوكەوتی مرۆڤ هەبوو. هەربۆیە سیستەمی توندی كۆیلەداری بەرەو نەرم بوون و گۆڕانێكی مەزن دەبات. لەم لایەنەوە لەحەزرەتی ئیبراهیم رادیكاڵتر و تێكۆشەرترە. لەپێكهاتنی ئایینی تاكخوداییدا رۆڵی لەحەزرەتی ئیبراهیم كەمتر نییە. بەرلەوەی ئیمپراتۆریەتی ماد ـ پارس لەدایك ببێت، بناخەی ئایدیۆلۆژی لەمیانەی **شۆڕشێكی ئیرادەی** بەمجۆرە ئامادە دەكرێت. ئەگەر ئەم شۆڕشەی ئیرادە نەبووایە، بەرەنگار بوونەوەی سیستەمی كۆیلەداری لەشێوەی میسر و سۆمەریەكان زۆر ئاستەم بوو. سەرەتا هەوڵەكان و مەزنایەتی پێغەمبەران، تەنیا دەتوانن دەرفەتێكی سنوورداری نەرم بوون و وەرچەرخان بڕەخسێنێ. زەردەشت بەهێزترین نوێنەری شۆڕشی ئیرادە و ئەم مەیلەیە. هەروەكو چۆن ئەسكەندەر بەپشت بەستن بەمامۆستای خۆی ئەرستۆ گەورەترین ئیمپراتۆریەتی لەجیهان ئاواكرد، ئەوا ئەوانەی ئیمپراتۆریەتی ماد ـ پارس یان ئاواكرد پشتیان بەئەخلاقی زەردەشت بەست و ئەو رۆڵەیان بینی.

زەردەشتێتی سیستەمێكی باوەڕی بەدیهێناوە كە تێیدا بایەخ بەمرۆڤ، بەهاكانی مرۆڤایەتی، سروشت و رەنجدەدات و پارێزگاریان لێدەكات. جگە لە پەسندكردنی ژیانی كۆمەڵایەتی، رێزێكی تایبەتی بۆ ژنان داناوە و ئەمەی كردۆتە بەشێك لە بنەماكانی. زەردەشت، دامەزرێنەر و بلاوكەرەوەی ئایینی زەردەشت، هەوڵیداوە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵایەتی دەوروبەری و پێشگرتن لە لەناوچوونی بەها مەعنەوییەكان. ئەو خوازیارە لەپێناو كۆتایی هێنان بەبێ باوەڕی، لاڕێبوونی كەسێتی، پێكدادانی ئایینی و فڕوفێڵ و كردەوەیەك ئەنجام بدات. زەردەشت كە پێوانەی "بیری چاك، وتەی چاك،

کرداری چاك"ی کردۆتە فەلسەفەی ژیان، لەنێوان گەلان رۆحێکی ئاشتییانە، یەکسان و دادخوازانەی بەدیهێناوە. لەم روانگەیەوە بە گەوهەر و شێوازی هزری ژن هەڵسوکەوتی کردووە. لە وانەکانی زەردەشتدا، هیچ جیاوازییەك لەنێوان رەگەزەکاندا نابینرێ و بەگوێرەی رامانی خوداییانەی، ژن و پیاو لە شوێنێك و وەك خوشك و برا خوڵقێنراون. بەم پێیە، زەردەشتایەتی کە لە روانگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی، رێزێکی بێ وێنە لە ژنان بەگشتی و دایکان بەتایبەتی دەگرێ. راهێنانی منداڵان و بەتایبەت کوڕانیش بە تێگەیشتن لە پێداویستی ئەرکی پاراستنی وڵات لەبەرامبەر دوژمنان و مەترسییەکانی دەرەوە و هەروەها پەروەردە لەسەر بنەمای پێویستی پارێزگاری کردن لەماڵ، گیان و نامووسی، وەك ئەرکی سەرەکی سەرەتایی ژنان دیارکردووە.

**ئەم دوو نەریتە بەهێزە، واتە شۆڕشە بەهێزەکەی ئیرادە و ئەخلاقی زەردەشت و بەرخودانی سەدان ساڵەی عەشیرەتەکان بەچەکی لەئاسن دروستکراو، لەسەمبۆڵی نەریتی کاوەی ئاسنگەر دەبێتە یەك و لەکەسایەتی مادەکاندا لەساڵی 612 ی پ.ز کۆتایی بەئیمپراتۆریەتی ئاشووری دێنێ.** لەڕاستیدا ئەو تێکۆشانەی بەسەدان ساڵ بەردەوام بوو، لەم رێکەوتە بەسەرکەوتن ئەنجامگیر بوو. **گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین جەژنی نەورۆز وەکو جەژنی بەهار و ئازادی پیرۆز دەکەن کە دوای نەهێشتنی ئامرازی ستەمکاری هاتە ئاراوە.** ئەمەش لەو کارەی حەزرەتی ئیبراهیم دەچێت کە کۆتایی بەو نەریتە ستەمکاریەی کۆیلەداری هێنا کە منداڵانیان وەکو قوربانی سەردەبڕن، ئەویش وەکو جەژنێك ماوەتەوە. هەردوو جەژنیش گوزارشت لەرزگاربوون لەنەریتی سیستەمی کۆیلەداری و ئامرازە سیاسیەکانی دەکات کە وەکو حەزیا دەبینران و گۆشتی مرۆڤیان دەخوارد. عەشیرەتەکانی کورد لەو سەردەمەدا وەکو کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی ماد رێکخستن و دەوڵەتیان ئاواکردبوو. زەردەشتێتی کە بوو بە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری ماد، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوەبەندی پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەربازییەکەی داناوە. بەتایبەت بە بەدیهێنانی کەش و هەوای یەکسان و مرۆییانە لەبواری ژیانی کۆمەڵایەتی، درەفەتی هەنگاونان و بەشداری ژنی ــ لە چوارچێوەی پێوانەکانی دیاریکراودا ــ لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا رەخساندووە. بەڵام لەو قۆناخەشدا لەبەر کاریگەرییەکانی رژێمی کۆیلەداری، ژن بەرە بەرە لەنێو مادەکان پلە و پایەی خۆی لەدەست دەدا. ژن لە چوارچێوەی ماڵدا خاوەن هێزبوو. هەرچەندە سنووردایش بێ و لەبەرهۆی

دایکایەتی ڕێزی جارانی مابوو. بەتێپەڕبوونی کات و زاڵبوونی پیاو، ئەندێشە و هێزی تێڕامانی ژن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و....هتد وابەستەی پیاو بوو. واتە لە بارودۆخی رابردوو دووردەکەوتەوە. وەلێ بەهۆی ئەوەی پیاو ئامادەنەبوو رکێفی نوێنەرایەتی عەشیرەت یان بنەماڵە بگرێتە دەست، ژن توانیبووی بەگوێرەی داب و نەریت خاوەنی مافی رادەربڕین و بەڕێوەبەری یاساکان بێ. ئەو مەسەلەیە پێمان نیشاندەدات ژن ئێستاش بەتەواوی نەبۆتە کەسایەتیەکی دوورخراو و بێ کەڵك.

بڕوای خوداپەرستی وەکو چەمکێکی جیاواز، دوای ئەوەی ئایینی زەردەشتی بەرە بەرە بوو بەئامرازی گوشار و دەسەڵات، لەلایەن زانایانی ئایینی کورد و توێژەکانی گەل هاتە ئاراوە و بوو بە ***ئایدیۆلۆژیای خۆڕاگری کوردان***. لەژێر سایەی ئەم باوەڕییە کوردان توانییان لە بوارەکانی زمان، کولتوور و هونەر پێشبکەون. بەڵام رەوتی سروشتی پوختەبوونی کۆمەڵایەتیان بەهۆی بەردەوامی هێرشە نێوخۆییەکان رووبەڕووی داکشانبۆوە و تا ئاستێکی شیاوی سەرنج لەنێوخۆدا پەرتەوازەبوون هاتە ئاراوە. لەلایەکەوە، زۆربەی کوردان بە هەڵکشان بەرەو چیاکان خوازیاری پاراستنی کۆکی نەژادی خۆیان بوون. لەنێو ئەم گروپانەدا ژنان خاوەن تایبەتمەندی خۆڕاگری و پاراستنی زۆرتر بوون لە ناسنامەی خۆیان و بەهۆی نەبوونی مەیلی داگیرکەری لەم هەرێمانەدا، وەکو پارێزەرانی سەرەکی کولتووری کوردی تا رۆژگاری ئەمڕۆمان رۆڵیان گێڕاوە. تەنانەت گەوهەری وڵاتپارێزی و پابەندبوون بەخاك کە ئەمڕۆ لەژنی کورددا بەرجەستەیە، لەم سەردەمەوە سەرچاوە دەگرێ. بەهۆی بەشداری چالاکی ئەم ژنانە لەهەر چەشنە خەباتێك و تەنانەت لە شەڕەکانی پاراستندا، خاوەنی کەسایەتیەکی بەخۆباوەڕن، بەڵام ئەم بابەتە پێکهاتەیەکی قەبە، پیاوئاسا و دوور لە گەوهەری ژنی لەواندا بەدیهێناوە. ئەوانەی لە دەشت نیشتەجێن، لەبەر هۆکاری رەوشی داگیرکەری هەمیشەیی و شەڕ، پێکهاتەیەکی جوداتریان هەیە. لەواندا کەسایەتیەکی وابەستە و سازشکاری لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتداری بێگانە خوڵقاوە. لەم رووەوە، دەژنەراسونێك کە لە ئاسیملاسیۆن و توانەوەی کولتووری سەرچاوە دەگرێ، لەم هەرێمانەدا کاریگەری زۆرتر بووە. زیادبوونی جیاوازی نێوان لایەنەکانی چیایی و توێژەکانی بەراوەژووکراوی دەشت، شوێنەواری نەریتی لەسەر شێوەبەندی نەتەوەیی کوردان ــ کە تازە بەتازە کامڵبوونی گەلبوونیان دەستپێکردبوو ــ بەجێ هێشت و بۆماوەی سەدان ساڵ، بۆتە گەورەترین تەگەرەی بەردەم یەکێتی بیر و

بووژانەوەی وشیاری. ژن لەم هەلومەرجە دژوارەی ژیاندا لـە هـەموو لایـەك زیـاتر کاریگـەر بـووە و لـە ڕێگـەی ژن ــ کـە ڕووبـەڕووی هـەموو جـۆرە گوشـار و سـەرکوتکردنێك بـوو ــ لاڕێبـوونی کۆمـەڵ بەگشـتی کراوەتـە ئامـانج. ژن لەهەرێمـە پێدەشـتەکاندا ناچـار بـوو لـە بەرامبەر هێزەکانی داگیرکەری بێگانـەدا ملکەچ بکات و کەوتـەنێو دۆخێکـەوە کـە هـەرکات دەیتوانی ببێتە کاڵا. ملکەچ کردن و پەسندکردنی فەرمان لە گەوهەری ژنی کورددا بـەهۆی دوورکەوتنــەوە لــە گەوهــەری راســتەقینە و ڕەچــەڵەك و ناســنامەکەی، وەك کارەکتــەرێك شێوەی گرتووە.

دیسان بەرامبەر بە ڕەهاکانی (ڕەهایەتی) ئیسلامیەتی چەرخی ناوین بەڕادەی هەرە زێدە لەناو کورداندا هەوڵەکانی ئازادی دەبینرێت. زەردەشتایەتی و مانیزم و عەلەویگەرایی و تەریقەتە هەمەجۆرە سۆفیگەراییەکان، بەرامبەر بە کۆیلایەتی دەرەبەگایەتی، نوێنەرایەتی مەیلی بەرخودان و ژیانی ئازادی گەل دەکەن. درێژە بە بەرخودانی عەشیرەتگەرایی باو دەدات. خراپترین گۆڕانکاری ئەم چەرخە ئەوەیە کە پێبەپێ بەکرێگیراوێتی سوننی دەرەبەگایەتی لەکۆمەڵگا نامۆ دەبێت  و خزمەت بەسیستەمی بەندایەتی دەکات. گەل بۆ هەوڵەکانی بەدەستهێنانی ناسنامە و ژیانێکی ئازاد بەتەنیا ماوەتەوە؛ ڕووبەڕووی قووڵترین خیانەتی چینە سەردەستەکانی خۆی بۆتەوە. دەرەبەگ و سەرۆك تیرە و شێخەکان گەلیان کردووە بەئامرازێکی بێ کەسێتی و تەنیا لەپێناوی بەرژەوەندییە تەسکەکانی بنەماڵە و کەسێتی خۆیان بەکاریان هێناون.سەردەمی قارەمانێتی  و بەرخودانی ئەتنیکی باو، پەردەکەی داخراوە. هەروەها لەجیاتی تەریقەتە ڕەسەنەکانی باوەڕی، قۆناخی ئەو تەریقەتە لادەرانە دەستیپێکردووە کە بەتەواوی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خێزان و بنەماڵە و دەوڵەت دەجوڵێنەوە. لەهەموو بوارەکاندا داڕووخان و لادانێکی گشتی باڵی خۆی بەسەر جولانەوەکانی کۆمەڵگا دەکێشێ. ئەو پێکهاتە ڕۆحی و زهنیەتی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیەی کە گەل لەقۆناخی کۆمەڵی نیۆلۆتیکیدا بەدەستیخستبوو, تادەهات لەتاریکیدا سیاچاڵدەبوون و لەلایەنی ئیرادەشەوە, لەژێر ناوی گوێڕایەڵی کردن بۆ چارەنووس (قەدەر) کەوتۆتە نێو ڕەوشی ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی زاڵ. شێواندنی سەرەکی کە لە چەرخی ناویندا بەسەر کۆمەڵگای کورددا هات, بەبنەما وەرگرتنی قەدەرگەراییە وەکو فەلسەفەیەکی بنەڕەتی. لەبنەمادا پڕوپاگەندەی مەزنی ئاییني, ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە.

لەسەردەمی فیودالی و چاخەکانی نزیکدا تادێت رۆڵی کوردان بێکاریگەر و کەم دەبێت؛ ئەو هێز و مەیلەی لەچاخەکانی یەکەمدا تێیکەوتوون بەردەوامی پێدەدەن. ئەو گەل و کولتووره سەرەکی و شکۆدارەی دەستپێکی مرۆڤایەتی، پێ بەپێ بەدایکێکی بەساڵاچوو دەچێت. ئەو رۆڵانەی بەدەستی خۆی خولقاندی و لەبێشکەدا گەورەی کردن، ئەو مرۆڤایەتیەی مەزن بووە، خۆی لێ نەناس دەکات. ئەمە سەرەکیترین تراژیدیای کوردانە، لەرۆژگاری ئەمرۆشماندا ئەم تراژیدیایە بەشێوەیەکی زۆر بەهەژمەت بەردەوامە؛ لەراستیدا بەرامبەر خیانەتی ئەم مێژووەی بەخۆی خولقاندی، خۆناسین و داواکردنی مافی خۆی کێشەیەکی زۆر مەزنە؛ ئەمەش هەروەکو هەڵوەستەی پڕ لەخەمگینی دایکانە بەرامبەر بەرۆڵە بێ خێرەکانی.

هێرشی عەرەبەکان لەژێر سایەی ئایدیۆلۆژی ئیسلام، بەشێکە لە بەکاریگەرترین ئەو هێرشانەی بۆ سەر کوردستان ئەنجامدراون. ئایدیۆلۆژیای ئیسلام وەکو کەرەستەیەك لەپێناو توانەوەی گەلانیتر لەلایەن عەرەبەکانەوە بەکاردەهێنرا، زۆرترین کاریگەری نێگەتیفی لەسەر کوردان داناوە و وەکو هۆکارێکی ئایدیۆلۆژی رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پەرتەوازەکردنی کوردانی نامۆ لەگەڵ رەچەڵەکیان. ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردان لە رێگەی بانگەوازی ئایدیۆلۆژی ئیسلام کە عەرەبایەتی وەك مەرجی سەرەکی دەسەپاند، بە قووڵی رووبەڕووی هەڵوەشان بۆتەوە و سەردەمێکی پڕ لە نەهامەتی و زیانبەخش لەمێژووی کوردان دەستپێکردووە.

ژنی کورد، کە خوازیاری پارێزگاریکردنی خۆیبوو لە بەرامبەر کاریگەرییەکانی هێرشی ئیسلام، لەژێر گوشاری قورس، دووچاری تێکچوون و دەروونگەرایی بۆوە. پلە و پایەی پێشووی ژن و تەنانەت رێزی دایکێتیشی نەما؛ لەم سەردەمەدا هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی کولتووری حەرەمسەرا بۆ یەکەمین جار لەنێو کورداندا، هەنگاوەکانی هاوێشتنی ژن بۆ نێو گەرداوی (زەلکاوی) تێکچوون هاوێژرا. بەم شێوەیە، رووخانی کۆمەڵگای بەستراوی کورد، کە تێیدا ناموس زۆر بەبایەخە، دەستپێکرد. دواتریش ژنان رووبەڕووی دۆخێکی وەها بوونەوە کە لەبازاڕەکاندا دەکڕان و دەفرۆشران و تەنانەت ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا. پیاو، کە بەتەواوی ئیرادەی کۆمەڵایەتی تێکشکابوو، مەیلی نیشاندانی هێز و دەسەڵات بەسەر ژنانی دەورووبەری لەناخیدا چەکەرەی کرد.

لە کاتێکدا ئیسلام لەزۆر کۆمەڵگادا بوو بەزەمینەی بووژانەوەی سیاسی، بەڵام ئەمە لە کۆمەڵگای کورددا بەدینەهات و تەنانەت کاریگەری زۆر نالەباری لەسەر رێکخستنەکانی دواتریش دانا. لەسەردەمی نێوان سەدەی 9 تا 11 ی زایینی کە فشاری هێزەکانی دەرەکی کەم بوو. دەرفەتی سازکردنی رێخستنێکی سەربەخۆ بۆ کوردان رەخسا و لە ئاکامدا دەوڵەتی کوردی مەروانی دامەزرا. ئەم دەوڵەتە بناخەیەکی گونجاو بوو بۆ هەناسەدانی کولتووری کوردی. بەرهەمی شیاوی سەرنج لە بوارەکانی هونەر و ئەدەبیاتی کوردی لەو سەردەمەدا دەرکەوتنە روو. بەڵام ئایدیۆلۆژی ئیسلام وەها بەقووڵی بەناخی کورداندا رۆچووبوو کە ئەو پێشکەوتنە ئەرێنیانە هیچ رەنگدانەوەیەکیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەبووە و سیاسەتەکانی بەهیچ دانەنان و بێ ناسنامەکردنی ئیسلام لەمەڕ ژنان هەروا درێژەی هەبوو. تەنانەت جار جار شێوەی خراپتری لە خۆوە دەگرت. بەشێوەیەکی گشتی ئیسلام، تایبەتمەندی ملکەچکردن، باوەڕی بە چارەنووس و ژیان بۆ ئەوانیتری لەنیۆ کوردان پێشخستووە و کاریگەری گەشەسەندن و یەکگرتنی ـ وەك فارس، عەرەب و تورکەکان ـ نەبووە. تەنانەت تەواو بەپێچەوانەوە, پێشی لە رەوتی پەرەسەندن و کامڵبوونی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کورد گرتووە.

دوای رووخانی دەوڵەتی مەروانی لەلایەن تورکەکانەوە, کە لە سەردەمی 11ی زایینی بەدواوە لە رۆژهەڵاتەوە هاتن، سەردەمی سەدان ساڵەی سەقاگیربوونی ئۆتۆنۆمی تیرەکانی کورد کە لەتەواوی کاروبارەکانی ناوخۆییدا سەربەخۆ بوون دەستیپێکرد. لەو سەردەمانەدا فیۆدالیزم لە کوردستاندا زۆر پتەو و قایم بوو و کەوتەنێو قووڵایی, پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەوەوە. کاریگەری نێگەتیفی کەسایەتی راکردوو لە یەکگرتوویی و پێکهێنانی هێزی ناوەندی خۆیی نێوان عەشیرەتەکانی کورد هاتە ئاراوە. هەروەها ئەو کاریگەریانە, رەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و هونەر و ئەدەبیاتیش هەبوو. موحافەزەکاری و پارچەگەرایی کوردان لەم بەرهەمانەدا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەربڕاوە. لە داستانەکانی "مەم و زین" و "دەروێشی عەبدی و عەدول" دا کۆسپ نانەوەی پاشڤەرۆییانەی سیستەمی فیۆداڵی و کاریگەرە نەرێنیەکانی شێوەنەگرتنی یەکێتی کۆمەڵایەتی لە پێناو بەدیهێنانی ویستی دیموکراسیانە و ئاواتی وڵاتپارێزی باس دەکرێت. ئەوەی لەو ئەشقە نیوەچڵانە و لەو ژیانە بێ ئاکامانەدا بەدیدەکرێ هەمان وڵاتی تاڵانکراو و خاکی داگیرکراوە. هەروەکو لەم چیرۆکانەدا بۆمان روونەبێتەوە، لەو سەردەمەدا هیچ

هێزێك توانای گۆڕینی رژێمی ده‌سه‌ڵاتداری نه‌بووه و به‌گشتی ژانی كۆمه‌ڵگایه‌كی بێ زمان ده‌چێژرێ.

له‌لایه‌كی دیكه‌وه "كۆمه‌ڵه‌ی ته‌عالی كورد" له‌و سه‌رده‌مه‌دا له‌لایه‌ن رۆڵه‌كانی بنه‌ماڵه ئاریستۆكراته‌كانی كوردانی نیشته‌جێی پایته‌ختی عوسمانی دامه‌زرا. ئه‌وانه له‌ژێر كاریگه‌ری شۆڕشی رۆشنگه‌ری ئه‌وروپا و هه‌روه‌ها رۆژئاوایه‌تی و مۆدێرنیزم، كه له‌نێو عوسمانیه‌كاندا په‌ره‌ی سه‌ندبوو، دابوون. هه‌ندێك چالاكی كۆمه‌لآیه‌تی، كولتووری و هونه‌ری له چوارچێوه‌ی ئه‌م كۆمه‌ڵه‌یه‌دا ئه‌نجامده‌دران، به‌رهه‌می به‌بایه‌خداری له ئه‌ده‌بیاتی كوردیدا خوڵقاند. هه‌روه‌ها بۆ یه‌كه‌مین جار ژنانی كورد له چوارچێوه‌ی چالاكیه‌كانی ئه‌م كۆمه‌ڵه‌یه‌دا، "ئه‌نجوومه‌نی ژنانی وڵاتپارێز" یان دامه‌زراند. ئه‌و رێكخراوه كه ئامانجی پێشخستنی ئاستی كۆمه‌لآیه‌تی ژنان بوو، ته‌نیا به توێژێكی بچووك و چینی سه‌ره‌وه سنووردار مایه‌وه و له‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌ش ته‌مه‌نێكی كورتی هه‌بوو. هه‌ڵبه‌ته بارودۆخی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ش له سه‌رنه‌كه‌وتنیدا رۆڵی هه‌بووه.

دوای رووخانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی له سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا، شه‌ڕی ئازادیخوازی نه‌ته‌وه‌یی پشت ئه‌ستوور به یه‌كێتی گه‌لان له‌به‌رامبه‌ر داگیركه‌رانی كوردستان و ئه‌نادۆڵ به‌ڕێوه‌چوو. گه‌لی كوردستان و گه‌لانی ئه‌نادۆڵ له‌و خاكانه‌دا له‌سه‌ر بنه‌مای یه‌كێتی هاوبه‌ش شه‌ڕی رزگارییان به‌ڕێوه بردووه. ژنی كورد و ئه‌نادۆڵیش شانبه‌شانی یه‌كتری له‌به‌ر هۆكاری پابه‌ندبوونیان به‌خاك و كولتوور و گه‌وهه‌ره‌كه‌یان چالاكانه له‌و شه‌ڕه‌دا به‌شدارییان كردووه. سیسته‌می كۆماری، كه بناخه‌كانی له‌سه‌ر وه‌فاداری و له‌خۆبوردوویی هه‌ردوو گه‌ل دامه‌زرابوو، دواتر به‌ده‌ركه‌وتنی تایبه‌تمه‌ندی دژه دیموكراتی و تۆتالیتارێتیدا، هاوسه‌نگی سروشتی نێوان دوو گه‌ل تێكچوو و ئه‌م ره‌وته له دژی كوردان به‌ره‌و پێشه‌وه‌چوو. كوردان له پێناوی مانه‌وه‌یان روویان له‌خه‌بات كرد، به‌ڵام به‌ده‌ستپێكردنی ئه‌و سه‌رهه‌ڵدانانه كۆكوژییه‌كی به‌ربلآویان له‌سه‌ر په‌یڕه‌وكرا. له‌ئه‌نجامی سه‌پاندنی سیاسه‌تی نكۆڵی و قڕكردنی هه‌مه‌لایه‌نه، گه‌لی كورد دووچاری زه‌ره‌ر و زیان و نه‌هامه‌تی گه‌وره بۆوه. ژنان چالاكانه له‌و سه‌رهه‌ڵدانانه‌دا به‌شدارییان كرد و به‌نیشاندانی خۆڕاگری بێ وێنه كاریگه‌ریان له‌سه‌ر ره‌وتی ئه‌و سه‌رهه‌ڵدانانه داناوه. ژنی كورد كه له‌زۆر لایه‌نه‌وه سته‌م و چه‌وسانه‌وه‌ی له‌سه‌ر په‌یڕه‌وكرا. له‌به‌رامبه‌ر سیاسه‌تی نكۆڵی داگیركه‌ران، له‌ناخی خۆیدا هه‌ستی به بێزارییه‌كی قووڵ كردووه. ئه‌و له به‌رامبه‌ر گیروگرفتی

کۆمەڵایەتی وشیارانە هەڵسوکەوتی کردووە و ئەشق و پابەندبوونی بەخاك و کولتووری خۆی کردۆتە بەشێك لە خۆڕاگری. لەم رووەوە لە تەواوی بوارەکانی شۆڕشدا هەستی بە بەرپرسیارێتی کردووە. ژنانی کورد جگە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی گشتی گەیشتوونەتە پلەی فەرماندەیی و لە قارەمانێتی و گیانبازیدا دەنگیان داوەتەوە. "زەریفە" لە کۆچگری، "بەسێ" لە دێرسم و "پەریخان" لە ئامەد شان بەشانی سەرۆکی شۆڕشەکان، بەنیشاندانی لێهاتوویی لە ئاراستەکردن و پێشەنگایەتیدا، رۆڵێکی گرنگیان لە بەڕێوەبردنی ئەو شۆڕشانەدا هەبووە. ژنی کورد لە رێگەی قارەمانێتی بێ وێنەی ژنانی وەها، شەرەفی خۆی پاراستووە و بە کۆکی خۆی وەفادار ماوەتەوە. کەلەپووری بەرگری لێواولێو لە مێژووی فیداکاری کوردان پێکهاتووە و هەزاران ژن قارەمانانە لەم رێبازەدا گیانیان فیداکردووە.

باشووری کوردستان (ئێراق) بەشێکی دیکەی وڵاتەکەمانە کە مێژووی پڕاوپڕە لەئێش و دژواری. ئەو سەرهەڵدانانەی لەئەنجامی شێوانی پەیمانی نێوان عەشیرەتەکانی کورد و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەردەکەوتن، هیچ کات نەگەیشتنە زەمینەیەکی چارەسەری یاخود چارەسەرییەکی بەردەوامیان بەدواوە نەبووە. ئەو شەڕانەی بەو شۆڕشانە دەستیان پێکرد ئێستاش کۆتاییان پێهانەتووە. هۆکاری هەرە سەرەکی، وابوستەبوونی بزاڤە کوردییەکان بەهێزی بێگانەوە لەلایەنی ئایدیۆلۆژی ـ سەرەڕای هەبوونی جیاوازی ـ و بەبنەماگرتنی بەرژەوەندی عەشیرەت و تاقم و هەروەها نەبوونی گەلاڵەیەکی گونجاو بووە لەپێناو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ فرۆفێڵی هێزەکانی دەسەڵاتداری دەرەکی و شوێنەواری خراپی شەڕدا. لەلایەکەوە، ئەو سیاسەتانەی هێزەکانی بیانی لە کوردستان بەگشتی بەڕێوەی دەبەن, لەڕێگای شێوازی شەڕی تایبەت، پارچەبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زیاتر کردووە و وێرانکاری زۆری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە.

هەتا سەدەی 19 ژن چالاکانە لە باشووری کوردستاندا بەشداری خەبات بووە و لەبواری ئەدەبیاتدا هەبوونی خۆی نیشانداوە. بەڵام دوای سەدەی 20 دەبینرێ کە ژن بەرە بەرە ئەم بارودۆخە لەدەست دەدات، ژنان جگە لە "حەپسەخانی نەقیب" و "فاتمە محێدین" کاریگەریەکی وەهایان لەسەر ئەو خەباتانە دانەناوە. وێڕای ئەوانە "لەیلا قاسم"، کچە کوردێکە کە لەلای تەواوی کوردان وەك کەسایەتییەکی خۆڕاگر و یاخی ناسراوە. لەیلا قاسم کە چالاکانە لە خەباتی دژی داگیرکەری عەرەب بەشداری کردبوو, بەهۆی بەرخۆدانی بەجەسارەت و ئازایانەی بۆتە قارەمانێکی ژن لەمێژوودا. سەرنەکەوتن،

سەرەڕای ئەو هەموو گیانبازی و خۆڕاگرییە، بێ باوەڕییەکی قووڵی لەباشووری کوردستان خولْقاندووە. بەگوێرەی رەچاوکردنی پێوانەکانی پێشووی کۆمەڵگا، ژنان لەریزەکانی خەباتیش دەرفەتی ئەوتۆی گۆڕانیان بۆ نەڕەخسا.

هەژاری و بێبەشی لەو هەرێمانەی کە ئاستی بەرهەمهێنانیان لەژێر رادەی ئاساییە، هەتا دێ بڵاودەبێتەوە. بزاڤەکانی باشوور لەبەر هۆکاری هەڵسوکەوتی رۆژانەی کلاسیکیان دەرهەق بەمەسەلەی ژن و دەزگای بنەماڵە، ئاستەنگیان لەبەردەم بەشداری ژنان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوەتەوە. ژنانی باشووری کوردستان کە پێشەنگایەتی زۆر لەو سەرهەڵدانانە بوون و لەپێناو کوژانەوەی شەڕی نێوخۆیی هەستاونەتە سەرپێ، لەبەر نزیکایەتی پراگماتیانەی بزاڤە سیاسیەکان لەماڤی رێکخستن و هێز بێبەش ماون. بەم هۆیەش، بەشێوەیەکی نا دادپەروەرانە و بە زۆرەملێ تەواوی نەهامەتیەکانیان چێشتووە کە لە سیاسەتە گشتیەکان سەرچاوە دەگرێ.

لەم بەشەی کوردستان، راستی گەلێکی لەنێوچوو هەیە. پێکهاتەیەکی بێ هیوا و تێکشکاو، بێ ئیرادە و خاوەن دنیایەکی بچووك شێوەی گرتووە. ژنان لەهەموو لایەك زیاتر لە شوێنگەیەکی وەها رووبەڕووی لەنێوچوون دەبنەوە. پێوانەکانی ئیسلامی سەقامگیر بوو لەگەڵ پێکهاتەی پاشکەوتووانەی عەشیرەت و فیۆداڵی، بە تەواوی ژنانی بێدەنگ کردووە و بەرێژەیەکی بەرفراوان لێگەڕینی ژیانێکی نوێی لەژندا لاواز هێشتۆتەوە. لە باشووردا، ئێستاش خەتەنەکردنی ژنان لەئارادایە. لەگەڵ ئەوەدا، جۆرێك پێکهاتەی تەسك و لاساییکەرەوەی وردە بۆرژوایی لەنێوان کوردانی نیشتەجێی هەرێمە عەرەب نشینەکان یاخود کوردانی دراوسێی ئەوان بەدیهاتووە. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی تەشەنەسەندنی پێشکەوتنی بێ بنەما لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا. لەنێو ژنانی تاڕادەیەك خوێندەواری شاردا، شێوە رامانێکی لاڕێ و پاشڤەڕۆییانە لە چەمکی ئازادی دەرکەتووە. لومپەنیزم و بۆژوایی بێ بنەما و گەورەبوو لە باوەشی فیۆداڵیزمدا، لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا خۆی سەپاندووە. لەبەر هۆکاری ماددی و هەلومەرجی زۆر پاشکەوتووی ژیان، بەسانایی سوودی خراپ لە ژنان وەرگیراوە. لەئارادابوونی سۆزانی و فەسادی ئەخلاقی ژنانیش هەر لەو مەسەلەیە سەرچاوە دەگرێ. رژێمی هەنووکەیی بەتەواوی ژنی وابەستەی پیاو کردووە و لە دامودەزگای سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا جێگەی بۆ تەرخان نەکردووە. ژنێك بێ ماڤی رادەربڕین، دەروونگەرا و تەنیا لەم قۆناخەی ژیاندا شێوەی گرتووە.

گیروگرفتی هابەشی سەرجەم ژنان، چەوساندنەوەی ئابووری و بەکارهێنانی سۆزانی و هەروەها کوشتنی بێ دادگاییە لەگەڵ ئەوەی ئاگاداربوون، هەڵەی ئەخلاقی کردووە. سەبارەت بەم بابەتە خۆسوتاندنی ژنان نیشانەی بەرگەنەگرتنە لەبەرامبەر بارودۆخی ژیان لەباشووری کوردستاندا. ژن وێڕای ئەوەی لە دیاردەی سۆزانی و بازرگانیدا بەکاردەهێنرێ، لەناوماڵیشدا دوور لە کاروباری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دەبێتە قوربانی یاسای کلاسیك.

لەم بەشەی وڵاتەکەمان سەرەڕای کۆچی بەربڵاو و کۆکوژی وەك هەڵەبجە، ئێستاش پابەندێکی زۆر بە بەهاکانی گەوهەری هەیە. ژنی باشوور وەکو هێزی سەرەکی وڵاتپارێزی، بە پارێزگاریکردن لە کولتوور و زمانی کوردی، شوێنێکی تایبەتی هەیە لە گواستنەوەی ئەو بەهایانە بۆ وەچەکانی ئەمڕۆ.

رۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)، یەکەمین بەشی وڵاتەکەمانە کە لەبەشەکانی دیکە جیاکراوەتەوە. بەهۆی جوودایی درێژخایەن و لەئاکامی بەڕێوەچوونی سیاسەتگەلی تایبەت، بێ باوەڕییەکی قووڵ سەبارەت بە یەکێتی نەتەوەیی بەدیهاتووە. وێڕای ئەمە، هەستێکی پتەوی وڵاتپارێزی لەنێو گەلدا هەیە. هەستی دژوار و حەسرەتی جودایی چەند سەد ساڵە لە ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی رەنگدانەوەی هەبووە. لەو بەرهەمانەی گەیشتۆتە دەستمان، ئەشقی وڵات و حەسرەتی کوردستان دەربڕاوە، کە ئەم بابەتە نیشانەی ئێش و ئازاری گەورەیە. ئەو ویست و ئاواتانە دوای رووخانی کۆماری مەهاباد و کۆکوژییەکانی دواتر بەڕێژەیەکی شیاوی سەرنج کەم رەنگ بوون، بەڵام هەمیشە وەك هەستی سەرەکی ماونەوە. کۆمەڵگای کورد لەم پارچەیەدا بە چەند زاراوەی وەك کرمانجی, سۆرانی, گۆرانی, لۆڕی و کەلهوڕی دابەش دەبن، کە لەنێوان ئەمانەدا بەرژەوەندی عەشیرەتی و بنەماڵەیی بە بنەما دەگیرێ. لەم رووەوە بڵاوبوون و پارچەبوونی نێوخۆیی لەئارادایە کە بۆتە هۆکاری سەرەکی شکست و لاوازبوونی خەبات لەو بەشەدا. ئاستی نزمی خوێندەواری و کار لە هەرێمە کرمانج نشینەکان و باشتر بوونی بارودۆخ لە هەرێمەکانی دیکەدا جیاوازی کولتووری و بەرە بەرە جودایی بەدواوە بووە.

سەرهەڵدانی بەردەوام لەم بەشە، دوای ماوەیەکی دیار لەبەر نەبوونی دەرفەتی بەرقەراری دانوستاندن و یەکێتی, لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە سەرکوت کراون. هەروەها پڕوپاگەندەیەك لەسەر بنەمای پێکنەهاتنی یەکێتی نێوان کوردان و بەردەوامبوونی ئەو

بارودۆخە بەڕێوە دەچێ. هەوڵدانێکی بێوچان لەپێناو جیاوازی نانەوە و پارچەبوونی کوردان پەیڕەو دەکرێ. ئەو سیاسەتانە کە تاڕادەیەکیش سەرکەوتوون, لەنێو گەلدا پەیوەستبوون بە دەوڵەت لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ماددی و سیخوڕێتی بەدیهێناوە. ئەمە زیاتر لەنێو پیاوان برەوی هەیە. بارودۆخی ژن لەنێو ماڵدا وەکو بەشەکانی دیکەی کوردستانە. پاشڤەڕۆیترین میکانیزمی گوشار و چەوسانەوە بەکاردەهێنرێن کە ئەمەش، بە سیستەمی پشت ئەستوور بە بناخەکانی یاسای ئیسلام پتەوتر دەبێ و هێزێکی زۆر پەیدا دەکات. هەرچەشنە دژبەرایەتی ژنان بە توونددترین شێوە سەرکوت دەکرێ. هاوکات شێوەی رەفتار و کرداری ژن بە تەواوی ووردەکارییەکانیەوە یاسای بۆ دانراوە و سەرجەم هەڵسوکەتەکانیش لە چوارچێوەی ئەم یاسایانە دیاریکراون. رژێم کە لەهێزی حەشاردراوی ناڕەزایی و رکەبەرایەتی ژنان دەترسێ، تەگەرە لەبەردەم بەشدارییان لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیدا دەنێتەوە. ژنانی کورد لەچاو ژنانی فارس، لە حقوق بێبەش کراون و هەموو رێگاکانی بەدەستهێنانی ئاگایی و هێز، خراوەتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

ژنانی چیایی چالاکانە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بەشداری دەکەن و خاوەن کەسایەتیەکی خۆڕاگر و یاخین. رادەی پەیوەندی ئەم ژنانە لەگەڵ دنیای دەرەوە کەمە و رێژەی خوێندەواریان نزمە. ئەم ژنانە بەشێکی زۆر لە بەها کولتووری و ئەتنیکییەکانی کوردەواریشیان پاراستووە. بەڵام هاوکات لەژێر گوشاری فیۆدالیزمدا تێکشکاون. ئەو ژنە کوردانەی کە لەگەڵ گەلانی دیکەدا لەنێو پەیوەندیدان و پێشکەوتووترن، لەبەر هۆکاری تەنگبوونی رژێمی زاڵ، تەنیا بۆ هەڵگیرانی پێوانەکانی ئیسلامی هەوڵدەدەن. توێژی خوێندەوار و تا رادەیەك خاوەنی دەرفەتی کار، تەواوی کێشەکانی هەنووکەیی دەبەستنەوە بەرژێمی ئیسلامی و تەنیا بەدوای رێگاچارەی خود و رزگاری خۆیاندا دەگەڕێن. پەرەسەندنی فەسادی کۆمەڵایەتی کە لەبەکارهێنان و بازرگانی زۆر ماددەی بێهۆشکەر و هەروەها بڵاوبوونەوەی دیاردەی قاچاخ سەرچاوە دەگرێ، بۆتە هۆی ئەوەی ژنان لەنێو بنەماڵەدا تا دواڕادە وەکو ئامرازێکی سۆزانی بەکاربهێنرێن.

وێڕای ئەمە، ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرباری هەبوونی کاریگەری زۆری پێوانە فیۆدالیەکانی ئیسلام، توێژێکن کە لەهەموو لایەك زیاتر لە سەرهەڵدان و خۆڕاگرییەکاندا

جێگەیان گرتووە. لە زۆر سەرهەڵدانی مێژووییدا چالاکانە بەشدارییان کردووە، بەڵام هیچ کات نەبوونەتە هێزێك کە خۆیان بکەنە بابەتی باس.

بچووکترین بەشی وڵاتەکەمان باشووری رۆژئاوای کوردستان (سووریا)، وێڕای وێکچوونی زۆر لەگەڵ بەشەکانی دیکە جیاوازییان هەیە. لەهەرێمەکانی دراوسێی باشووری کوردستان، نەتەوەپەرستی سەرەتایی زاڵە و لەناوچەکانی باکوور و نزیکی باکووری کوردستان، کاریگەری رژێمی تورکیا دەبینرێ. هەروەها ئەو کوردانەی دراوسێی عەرەبەکانن، بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری سیاسەتی تەعریبیان لەسەرە. ئەم جیاوازییە لەسەر شێوەبەندی ژنانیش کاریگەری داناوە. ژنان لەبەر هۆکاری بەربەستبوونی دنیا و تەسکبوونی پەیوەندییەکانیان، تایبەتمەندی زمان و کولتووری خۆیان پاراستووە. دەزگای بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە و پێوانەکانی بنەماڵە لە بەستنی پەیوەندیدا دیاریکەرن، ژنان، بۆ رێگەگرتن لەتوانەوە لەنێو سیستەمدا، بنەماڵە بەبنەما دەگرن، بەڵام لە بۆتەی بنەماڵەدا گرێدانێکی پتەو لە نێوان ئەندامانیدا بەدیهاتووە کە بۆتە کۆسپ لەبەردەمیان. ژنان چالاکانە بەشداری کاروباری بەرهەمهێنان، بەتایبەتی کشتوکاڵ دەکەن. ئاستی راهێنان لە هەندێك ناوچەدا لە خوارەوەیە و لەهەندێك ناوچەیتر لەسەرەوەیە. کۆچی هەمەلایەنە بەرەو شارە عەرەب نشینەکان بۆتە هۆی سەرکەوتنی سیاسەتەکانی دەوڵەت لەپێناوی ئاسیملاسیۆندا. هەرچەندە کەمیش بێ، سەرمایەداری لەنێو سیستەمدا بەشێوەی مۆدەپەرستی، رۆژئاواییێتی و مەیلی بەرەو رۆژئاوا رەنگی داوەتەوە. ناکۆکییەکانی لەڕێگەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی تایبەتی دەوڵەت مایەپووچ کراوە و خواست و لێگەڕین ریشەیی نین. لە کۆمەڵگایەکی وەهادا، تەواوی بوارەکان شێوەیەکی بابەتییانە، بێ نرخ و یەکلایەنە بەخۆوە دەگرن. ئەوەش دەبێتە هۆکاری ساویلکەبوونی لە رادەبەدەری کەسایەتی و دووربوونی لە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە. راکردن لە ئەنجامدانی گۆڕانی بنچینەیی، ژیانکردن لەگەڵ خەیاڵی پووچ و رازی بە وابەستەبوونی، وەکو تایبەتمەندی بەرجەستەی کەسایەتیان دەردەکەوێتە روو. کوردان هەرچەندە خاوەن ئاستی راهێنانیش بن بەڵام لە دەرفەتی کارکردن لە رێکخراوە دەوڵەتیەکاندا بێ بەشن. زاڵبوونی کولتووری عەرەبی لە قوتابخانە، شوێنەکانی کار و .... هتد لەلایەکی دیکەوە باڵادەستبوونی کولتووری کوردی لەکەش و هەوای بنەماڵەدا، ناکۆکی گەورەی هێناوەتە ئاراوە. بەڵام لەبەر شێوەبەندی کۆمەڵگایەکی بێ جووڵە و بێ ناکۆکی لەلایەن رژێمی دەسەڵاتدار، ئەو ناکۆکییە

پێشکەوتنێکی لێ ناکەوێتەوە. رادەی دژبەرایەتی لەڕێی مکانیزمی گوشار و چەوسانەوەی دەوڵەتدا کەوتووە. دژبەرایەتی، رەخنە یاخود لێپرسینەوە لە سیستەم بەدی ناکرێ. دەوڵەت بۆتە دەزگایەکی وا پیرۆز کە پێویستە رێز و حورمەتی لە رادەبەری لێ بگیردرێ. واتە رژێم بەتەواوی لەناخی مرۆڤەکان رۆچووە.

لەهەمان سەرەتای دەستپێکردنی خەباتمان لە تەواوی هەرێمەکان، گەلەکەمان لە باشووری رۆژئاوای کوردستان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی چالاکانە بەشداری خەبات بوون و لەهیچ شتێك درێخیان نەکردووە. ئەم رووداوە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر بەشەکانی تریش. سەبارەت بەو بابەتە، وانە و رێکخستنی راستەخۆی سەرۆکایەتی رۆڵێکی زۆری گێڕاوە. بەشداری هەمەلایەنەی ژنان لە کاروباری تێکۆشاندا، ستوونەکانی سیستەمی وەلەرزە هێناوە و شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتیشی تەواو گۆڕیوە.

دوای شکستی سەرهەڵدانەکانی کورد لەبەر داکۆکی کردن لەشێوە رامانی نەتەوەگەری سەرەتایی، بێبەش بوون لە بنەماکانی ئایدیۆلۆژی و نەبوونی هێزی رێکخستنی و بەرنامەیەکی دروست، ئەو کردەوانەی لە دژی کوردان ئەنجامدەدران. شێوازێکی رێکوپێکی دیکەیان بەخۆوە گرت. چەوسێنەران بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تایبەت خوازیاری دوورخستنەوەی کوردان لە بەها نەتەوەیی و مەعنەویەکان و پووچەڵکردنی ناسنامە و ناوەڕۆکە کولتوورییەکەی و زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگا و سەرجەم دامودەزگاکانیدا بوون. دامودەزگای وەك بنەماڵە، فێرگە، ئایین و حقوق لەهەر چواربەشی کوردستان وەکو ئامرازی سەرەکی توانەوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لەهەر بەشێکدا، دامودەزگای ئاماژەپێکراو رۆڵیکی گرنگیان لە شێوەبەندی کەسایەتی و تایبەتمەندی کوردان هەبووە. بەڵام دەزگای بنەماڵە لەهەموویان بەکاریگەرتر بووە. داگیرکەری بۆتە هۆکاری لاوازبوونی بەهاکانی هاوبەشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و لەم روانگەیەوە بنەماڵە لە راستینەی کۆمەڵگای کورددا کە بەسنووری عەشیرەت و بنەماڵە تەنراوە، خاڵی سەرەکی پێکدێنێ و بەم شێوەیە بۆتە دەزگایەك کە بناخەدانەری پاشڤەڕۆیەتی زۆر مەترسیداری ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ئەخلاقی، کولتووریی و ئابوورییە. سیاسەتە تایبەتەکانی داگیرکەران و میکانیزمی گوشار و چەوساندنەوە لە کوردستاندا، بنەماڵەی کردۆتە ناوەندی ملکەچکردن و پەسندکردنی ستەم و زۆری. بنەماڵەکانی کوردەواری بێ هیچ بەرژەوەندیەك، کۆیلەئاسا وابەستەی دەوڵەتن. هەروەها بەخراپترین

شێوە لە کرداری داب و نەریتی فیۆدالیدا خنکاون. کۆلۆنیالیزم، کۆمەڵگای لە ڕەوشی هەرە پاشڤەڕۆدا قەتیس هێشتووە و لەلایەکی دیکەوە تەواوی دەزگا نەتەوەیی ـ کۆمەڵایەتیەکانی وێران و خاپوورکردووە. لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەدا، بنەماڵەکان بەشێوەیەکی فەلج گەورەبوون و ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا شێوەی سیاسەتێکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە. تاکی کوردی بێبەش لە بەها نەتەوەییەکان و ئازادیخوازی و...هتد بە تەواوی توانا ڕووی لە بنەماڵەکردووە. وای بۆ دەچێ کە بەپێکهێنانی بنەماڵە و پەروەردەکردنی منداڵی زۆر دەتوانێ درێژە بەژیان بدات. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئابووری، سیاسی و کولتووری، داهاتوویەکی ڕوونی بۆ وەچەی سبەی ئامادە نەکردووە. منالانی وەها بنەماڵەیەکی خاوەن کەسایەتی نەزان، لومپەن، بێ ڕەچەڵەك دەبن.

ڕاستی بنەماڵە لە کوردستاندا بەتەواوی درامێکە. بنەماڵە وەکو شوێنێکی پڕ لە هەراو هۆریا و ئاژاوە لە سێ گۆشەیەکی شەیتانی دەچێ کە تێیدا ئەندێشەکان بە گوڕ دەکرێن. ئیرادە پێشێل دەکرێ و مرۆڤەکان بەگشتی لەنێوبراون. لەم نێوانەدا، پیاوی کورد لە دەرەوە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە سووکایەتیەکی داگیرکەران دەبێتەوە و لە هەمانکاتدا گشت لایەنە نێگەتیفەکانی دەسەڵاتخوازی لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستەدەکات، بوغزی دڵی لەسەر ئەندامانی بنەماڵە هەڵدەرێژێ. ئەم دیاردەیە جۆرە هەستێکی درۆزنی دەسەڵاتی تێیدا پێکدێنێ و لەڕێگەی سەپاندنی گوشار بۆ سەر بنەماڵە، پێداویستی و حەسرەتی گەیشتن بە دەسەڵات، پادشایەتی و پاوانخوازی بەدی دێنێ. پیاوی کورد بەڕاستی لەبەرمبەر دەوڵەت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و گەیشتن بە بەها نەتەوەیی و مەعنەوییەکانی خۆیی دەستە وەستاوە. بەڵام لەنێو خۆی بنەماڵە پەیوەندییەکی داگیرکەرانە لەگەڵ ژن بەقەرار دەکات. هەموو هەوڵدانەکانی پیاو، کۆیلەکردن و گرێدانی ژنە بەخۆیەوە. پیاوی کورد کە لەبەرامبەر دەسەڵاتداران بە چۆکدا دێت، زاڵبوون و گەورەبوونی ڕەگەزی بەسەر ژندا دەسەپێنێ و تێدەکۆشی، لەم ڕێگەیەوە نووشستی و مایەپووچ بوونی لەبەرامبەر زلهێزان و باردۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی قەرەبوو بکاتەوە. بەم شێوەیە هەستێکی درۆزنی دەسەڵات و پاوانخوازی لەخۆیدا پێکدێنێ. نەبوونی پەیوەندی دروستی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و فشاری ئابووری کە هەمیشە زیاتر دەیخاتە تەنگەتاویەوە و ئالۆزبوونی بارودۆخ بەتووندی دەیکاتە کۆیلەی غەریزەکانی. پیاو لەم

هەلومەرجە دژوارەدا، بنەماڵە وەك تەنیا گۆڕەپانی دەسەڵات دەبینێ و ئەوان ناچاردەکات ملکەچی بن و لە پەیڕەوکردنی هەرچەشنە فشار و توندووتیژی درێخی ناکات.

تاك بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دوابە دوای راهاتن لە بنەماڵەیەکی وەهادا دەکەونە نێو کەش و هەوایەکی نالەباری کۆمەڵایەتی. ئەو بنەماڵانە لەسەر لێواری هەڵدێرن و لەم نێوانەدا ژنان لە رەوشی هەرە مەترسیداردان. ئەوان نەتەنیا مافی ئازادی رادەربڕین و ئەندێشەیان نییە، بەڵکو مافیان نییە متەقیشیان لێوە بێ؛ جگە لەوەی هێزی بڕیار وەرگرتنی نییە، ناتوانێ ملکەچێکی دروست و حسابیش بێ. گوشار و داگیرکەری هەرە دژوار لەسەر ژنان پەیڕەو دەکرێت. چونکە ئەو پیاوەی لە دەرەوە لێدان دەخوات و ئازار دەبینێ، ئەوا لە ماڵەوە تۆڵەی لەژن دەکاتەوە. لە واتایەکدا سووککردنی کەسایەتی ژن و هەروەها ئەو ئێش و ئازارەی دەیچێژێ تەنیا لە ژنێتی ئەوەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لەهەمانکاتدا، دوایین خاڵێکی کە گشت ئاکامە خراپ و نێگەتیفەکانی سیاسەتی داگیرکەری سیخوڕی تێدا کۆدەبێتەوە، دیسانیش ژنی کوردە. هەر کەسێ خاوەنی پوولێ و هەندێك دەسەڵات بێ، دەتوانێ ئەو ژنەی خوازیاری بێ، بە چەشنی کاڵایەك بیکڕێ. ژمارەی ئەو ژنانەی هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی 14 ـ 15 ساڵی و بەمێرد دراون و هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە ژیان نییە، چاوپۆشی لێناکرێ. لەژێر ناوی هاوسەری باش یان کچی چاکی بنەماڵە، دەرەوەی ئیرادەی مەحکومی کۆیلایەتی دەکرێ. بێ بایەخدان بە ئەشق و ئاواتەکانی ژن، وەکو کەرەستەیەکی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. ژن هەمیشە سووکایەتی پێکراوە، بێ زمان و بێچارە هێشتراوەتەوە و بەردەوام بەوێنەی کاڵایەك لێی روانراوە. بێ زمانی و داماوی ژن دیاردەیەکی سروشتی و لەخۆوە نییە، بەڵکو قۆناخێکە لە پێشکەوتنی سیستەمی پەیوەندییە هەنوکەییەکان، کاتێك کە ئەرکی دژواری پەرستاری منداڵان، بێ بەشی ئابووری و گوشاری سیاسی کۆمەڵایەتی پێوە زیادبووە، ژن لە رەوشی بەمرۆڤبوون زۆر دووردەکەوێتەوە. سەرەڕای تەواوی ئەم دژواری و نەهامەتیانە لەنێو پێکهاتەی داخراو و فیۆداڵ و کلاسیکی کۆمەڵگای کورددا، ژن توانی زمان، کولتووری کوردی و بەها کۆمەڵایەتیەکان بپارێزێ و ئەوەی لە هەموویان زیاتر لە گەوهەری نەتەوەیی و رۆحی وڵاتپارێزی نزیکە، دیسان ژنە.

کولتووری دەوڵەمەندی خوداوەندی دایکی سەردەمی چاخی بەردینی نوێ ئێستاش لەلای دایکانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێ، ژنانی کورد بە پاراستنی

بانگەشەکانیان، ڕێزی لە دڵ و گرێدانی ڕاستەقینە سەبارەت بەئایین، کولتوور و شێوازی ژیانی سیستەمی باوکسالاری نیشان نادەن. بە سەرهەڵدان و یاخیبوونیان لەگەڵ قۆزتنەوەی هەلی گونجاو، وەها دەردەکەوێ کە ئەوەی پەسندیشیان کردووە لەبەر گوشاری ماددی و مەعنەوی و سەپاندنی داب و نەریتەکان بووە.

لە کوردستاندا خەباتی ڕزگاری بە پێشەنگایەتی PKK، پێکهاتەی کەسایەتی ژنان وەلەرزە خستووە و بەرە بەرە ژن بە بەشداریکردن لە کاروباری سیاسی، شەڕ، ڕێکخستن و بەڕێوبەرایەتی بەشێوەیەکی بەربڵاو، خوازیاری خستەڕووی هێزی گۆڕینی خۆی و کۆمەڵگا بووە. ئەم ئاستە لە پێشکەوتنی ژنانی کورد, شێوازی بنەماڵە، پیاو و تایبەتمەندی کەسایەتی کوردی هەپروون بە هەپربوون کردووە و لە شێوەگرتنی سەرلەنوێی ئەمانە بەکاریگەری بووە و بەمجۆرە هێدی هێدی پاشەکشەی بە کۆنەپەرستی کردووە. تاکی کورد کە بەردەوام لە پێناو ئەوانەیتردا ژیابوو، ئەمجارە بۆ پارستنی کولتوور و ناسنامەی خۆی هاتە مەیدان و سەرەڕای سەرکوت و هەوڵدانەکانی بەلاڕێدا بردنی زلهێزان، دەست هەڵگری خەبات و بەرخۆدان نەبووە. لەم ڕوانگەیەوە، شۆڕشی کوردستان بەهەمان شێوە کە وەکو لێگەڕین و گەیشتن بەنیشتمان و گەل دەرکەوتبێ، وەهاش شۆڕشی لێگەڕین و سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ژنە.

**وەکو ئەنجام**: لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا کوردان وەکو چەوساوەترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەوڵدەدەن لەسەر پێ بمێننەوە. سیستەمی پارچە پارچەیی و دەرەبەگایەتی تیرەگەرێتی و خێڵەکی، بۆتە هۆکار و ئەنجامی بەدواکەوتوویی مانەوەیان. بەهیچ جۆرێك نەیانتوانیوە خۆیان لە دەستدرێژییەکانی ناوەوە و دەرەوە ڕزگار بکەن. ئایدیۆلۆژی نەتەوەپەرستی و ئایینی وەکو گەلانی دراوسێ، لە پێشکەوتنی سیاسیدا ڕۆڵێکی پۆزەتیفانەی نەبینی. لە کاتێکدا ئایینی ئیسلامی، نەتەوەپەرستی عەرەب و فارس و تورکەکانی وەکو میللەت و نەتەوە بەهێز کرد و کردنی بە خاوەن دەوڵەت، وەلێ بۆ کوردان ڕۆڵێکی سەرەکی لە تواندنەوە و پلیشاندنەوەیدا بینیوە. کوردان نەیانتوانیوە ئایینی ئیسلامی دەرەبەگایەتی و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستی سەرمایەداری بۆ خۆیان بکەن بە ڕابەری میللی، ئەو هەوڵانەی ئەنجامیش دراون لە تاقیکردنەوەی مارژینالّ بەولاوە تێپەڕیان نەکردووە.

وەکو گەلێکی پەرێشان و نەدار دەژیت و گەلێکە هەرە زێدە دووچاری خیانەتەکانی شارستانیەت هاتووە. لەلایەنی مێژوویی و ـ رۆژانەشدا، ئەوا سەلمێنراوە کە تاکە رێگای چارەسەری کوردان، چوونە بەرەو دیموکراتیکبوون. بە گشتی تێپەڕاندنی نەتەوەپەرستی و ئایین، رووخانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەرایی بە شێوەیەکی خێرا، ئەو دیاردە سەرەکییانەن کە دەرفەتی گەشەکردنی دیموکراسییانەی کوردان دەرەخسێنن و زیادی دەکەن. پێوانەکانی شارستانیەتی دیموکراسی کە لە تەواوی جیهاندا دەردەکەوێتە پێش، کاریگەرییەکی زیاتر دەکاتە سەر ئەم قۆناخە. ناچارکردنی ئێراق لەلایەن تەواوی جیهانەوە بۆ ئەنجامدانی دیموکراتیزەبوون، دیموکراسییەتی ئیسلامگەرایی ئێران، وەرچەرخانی دیموکراسییانەی هاوچەرخی تورکیا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئابلۆقەکەی چواردەورەی لەجیاتی رۆڵێکی نیگەتیف، رۆڵێکی پۆزەتیفانە ببینن. تەواوی ئەم وەرچەرخانە ناوخۆیی و دەرەکییە گرنگانە، دەرفەت بۆ کوردان دەرەخسێنێ لەمیانەی پێوانەکانی دیموکراسی بۆ یەکەمین جار کێشەکانیان چارەسەر بکەن. بە هەمان شێوە بەخۆشیان لەجیاتی فاکتەرێکی پارچەبوون و یاخیبوون دژ بە دراوسێکانی، لەسەر بنەمای دیموکراتیزەبوون بوونەتە گەرەنتی یەکێتیەکی پتەو. هەرچەندە قۆناخی دیالەکتیکی سەبارەت بە هەردوو لایەن، بەرەو وەرچەرخانی دیموکراسییانە خێراتر بێت؛ ئەوا ئاراستەکردنی کێشەی کورد بەرەو رێبازی چارەسەری دەبێتە ناچارییەك. ئەم رێبازەش رێگای یاخیبوون و پارچەبوون نییە، بە پێچەوانەوە رێبازی ئاشتی و دیموکراسی و تەباییە. کوردان بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا لەگەڵ تەواوی ئەو گەلانەی بە یەکەوە لەگەڵیاندا دەژی، لە هەنگاوەکانی دیموکراتیزەبووندا دەرفەتی هەمئاهەنگی و سەرکەوتن بەدەست دێنێ.

لەم قۆناخەدا مێژوو رۆڵێکی بێ هاوتا دەخاتە ئەستۆی گەلی کورد. ئیتر مانەوەی لەنێو رەوشی سنووره پارچەکراوەکاندا بووە بە فاکتەرێکی پۆزەتیف. تەنانەت نەگەیشتنی بە ئاستێك کە نەتەوەپەرستی ژەهراوی کردبێت، بووە بە دەسکەوتێك. کاتێك گەلی کورد وەرچەرخانی دیموکراسییانە ئەنجام بدات، ئەوا ئەو گەل و وڵاتەش ناچاری چارەسەری دیموکراسییانە دەکات کە لەگەڵیدا دەژی. لە رابردوودا جوڵانەوەی کورد وەکو ئامرازی پارچەبوون و گەمەکانی دەرەوە دەبینرا، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە بۆتە گەرەنتی ئاشتی و ئازادی و برایەتی. بۆتە فاکتەرێکی بەهێزی یەك پارچەیی وڵات و بناخەی هەمیشەیی

یەکێتی دەوڵەت. ئیتر هەر شوێن و دەوڵەتێکی گەلی کوردی لێبێت پێشکەوتنێك بە بیری مرۆڤدا دێت، کە لەسەر بنەمای ئازادییەکی شەرەفمەندانە و پێوانە دیموکراسییەکان دەست بەکارە. ئیتر چارەنووسی نێوچاوانی کوردان، نەزانی و یاخیبوون و سەرکوتکردن و جینۆساید نییە، بەڵکو دەبێتە وشیاری دیموکراسییانە و کۆمەڵگای مەدەنی گەشەسەندوو و یەکێتی ئازادانە.

کوردان لەمیانەی ئەم ئەرکە مێژووییانەوە دەبنە خاوەنی هەنگاوەکانی وەرچەرخانی دیموکراسییانە، لە ئێران لەژێر سایەی کۆماری ئێرانی دیموکراسی یان فیدراسیۆنی ئێرانێکی دیموکراسییانە، لە ئێراقیش لەمیانەی فیدراسیۆنی دیموکراسییانە دەبن بە زامنی سەرەکی بۆ ئێراقێکی دیموکراسی یان فیدراسیۆنی ئێراقێکی دیموکراسییانە، لە تورکیاش رۆڵێکی سەرەکی لە ئاواکردنی کۆماری دیموکراسییانە و علمانیەت دەبینن. لە سوریاشدا هەرگیز ناتوانرێ لە خولْقاندنی سوریایەکی دیموکراسییانەدا رۆڵیان بچووك بکرێتەوە. واتا کوردە دیموکراسیخوازەکان دەبنە گەرەنتیەکی رێبازی فیدراسیۆنی رۆژهەلاتی ناوین و هێزی گەلەری بنچینەیی لە وەرچەرخانی دیموکراسی و ئاشتی رۆژهەلاتی ناوین. هەڵسان بەو رۆڵەی کە مێژوو خستوویەتیە سەرشانی کوردان لەمیانەی جێبەجێ کردنی ئەرکی وەرچەرخانی دیموکراسییانە بە شێوەیەکی رێکخراو و وشیارانە و جوڵانەوەیەکی شایستە بە سەرۆکایەتی ستراتیژی راستەقینە، بە ئاقاری سەرکەوتندا دەڕوات.

# بەشی چوارەم

مێژوو، لە سەردەمی شارستانیەتی دیموکراتیکدا، جارێکی تر لە رۆژهەڵاتی ناوین رۆڵێکی گرنگ دەخاتە سەر ئەستۆی کوردان. هەروەکو چۆن دایکان و باوکانی کورد لەبەرەبەیانی شارستانیەتدا، رۆڵی لانکە و ژێرخانی لەدایکبوونی شارستانیەت لە کەسایەتی سۆمەرییەکاندا گێرا، ئەوا ئەمڕۆکەش لەهەمان خاك، لە ئاستی کاریگەریدا رۆڵی گەلی سەرەکی دەگێڕن لە بەدیهێنانی شارستانیەتی دیموکراسییانەدا. گەلی کورد هاوکات لەگەڵ دیموکراتیزەکردنی خۆی، ئەو شارستانیەتەش بەرەو دیموکراتیزەبوون هان دەدات کە لە میزۆپۆتامیا دەرکەوتووە. لێرەدا، توێژی هەرە بەکاریگەر و گرنگ، بێ گومان ژنانن. دەربازکردنی دۆگما و قالبی گەورە، کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی پیاو لە رۆژهەڵاتی ناوین، تەنیا لە رێگەی بەدیهێنانی رێنسانسی ژنەوە مەیسەر دەبێت. ژنانی کورد کە پێشەنگایەتی ئەمە دەکەن، وێڕای ئەوەی لە هەر چوار بەشی کوردستان، لە پلەی هێزی سەرەکی دان، لە رێی یەکگرتنێکی تۆکمە لەگەڵ بزاڤ، دام و دەزگا و ئۆرگانەکانی پێشکەوتوو و دیموکراتیخواز و رێکخستنی هاوبەش، دەبنە گەرەنتی ئاشتی و دیموکراسی، کە لەم هەرێمەدا پێشدەکەوێت.

## سەرهەڵدانی PKK لە کوردستان

دیالەکتیکی مێژوویی گەلی کورد، پشتی بە رزگابوون لە گەمارۆیەکی پەرژین کراو دەبەستێت. لە شارستانیەتی سۆمەرەوە بگرە تاوەکو سیستەمی نێونەتەوەیی رۆژی ئەمڕۆکەمان، هەمیشە بە گوشاری بەردەوام هەوڵدراوە دیاردەی کورد رادەست بکرێ و بتوێنرێتەوە. لە وڵاتی هێزە دەسەڵاتدارەکان وەکو کەرەستەیەك وابووە، کە چۆنی بخوازن بەکاری بێنن. هەرکاتێکیش گەلی کورد بەرەنگاری ئەم بارودۆخە بۆتەوە، خاوەنانی سیستەم بەدەست و برد پیلانیان بۆ دارشتوون و ئەوانەی دوای شەڕ و پێکدادان دەمێننەوە، بەشێکیان دەست بە سەرکردوە و هێندێکی ترشیان بەشێوەیەکی تراژیدیانە

چاوترسێن کردوە و بەمجۆرە، بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان ئابلۆقەیان داون. شیکردنەوەی دیلبوونی کوردان لە نێو گەمارۆدا بە درێژایی مێژووی شارستانیەت بابەتی باس و هەڵسەنگاندنی بەربلاو بووە. بەتایبەتیش مێژووی ئەم دوو سەد ساڵەی دوایی، لەڕاستیدا مێژووی گەندەڵترین پیلانگێڕیەکانە. پیلانگێڕی بۆتە ناوی سیاسەت و دیپلۆماسیەتی پسپۆڕانە و گەلی کورد بۆتە قوربانی مێژووی ئەو پیلانگێڕییانەی هاوکات لەگەڵ راستینەی کۆمەڵگای چینایەتی دەرکەوتوون و گەشەیان سەندووە. ئەوانەی دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، هێندە کەمن کە دەتوانرێ چاوپۆشیان لێبکرێ. هەرچی ئەوانەشن کە بانگەشەی نوێنەرایەتی کردنی گەل دەکەن، ئەو زیانەی بەخۆیان و بە گەلیان گەیاندووە لە خراپەکاری و زیانەکانی پیلانگێڕان کەمتر نییە. سیستەم پاڵپشت بە کۆڵەکەکانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی پیلانگێڕی کردووە بەشێوازێکی ژیان. ئەمە وەکو نەخۆشیەکی بۆماوەیی بلاودەبێتەوە.

هەڵوەستەی کوردان لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە زۆر بەهێز نەبووە. چونکە ئەوەی ئەرکەکەی پارێزگاری کردن بێت، ناتوانرێ ئافرێنەر بێ و لەژێر ناوی ئەوانی تر چاودێری دەکات. سیخوڕێتی پاشڤەڕۆی کورد لەم رووەوە، لەناوەڕۆکدا بێ سوودترین، خائینترین و قرێژترین توێژە کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوە. بێگومان لە هەلومەرجی بەرتەسکدا رۆڵێکی بەرچاو سەبارەت بەم بابەتە دەگێڕێ. بەلام دیسان زۆر بێ ناوەڕۆکن و تەنانەت لە کاتی گونجاویشدا بەهۆی جێبەجێبوونی وابەستەیی لە بچووکترین خانەکانیان لەجینەکانیاندا، ناتوانن رێگای هیچ پێشکەوتنێکی رێك و پێك و باوەڕمەندانەی خولقکار بگرنەبەر. تەنانەت ئەو شۆڕشانەی پێشەنگایەتیشیان کردوە، لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی بنەماڵەیی و بۆ خزمەتی هێزەکانی دەرەکی بەکاریان هێناوە . ئەو تایبەتمەندیە, هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەردەوام کاریگەری خەراپی داناوە.

کوردەکانی سیستەمی کۆیلەداری سۆمەر، لە رێی زایەندی ژن لارێ کراون و کراونەتە خزمەتگوزار و هاودەستی سیستەم. کچە باش پەروەردە کراوەکانی پەرستگا تادواڕادە لەم بوارەدا کاریگەرییان هەیە. هەر لەسایەی کچەکانی پەرستگا، ئەنکیدۆ؛ واتە کوردی ئازادی کۆمۆنی سەرەتایی لەکاتێکی کورتدا لەشاخ دایدەبەزێننە ناو ژیانی شار و رایدەهێنن. جارێکی دیکەش، ئەنکیدۆکان لە بەلا رزگاریان نابێت. ئیدی کلیلی کردنەوەی ولاتی

دارستان دەستکەوتووە. کەوی نێچیرکراو لە شاخ خراوەتە قەفەسێکەوە و بۆ راوکردنی کەوەکانی دیکە بەکاردەهێنرێ.

گلگامێش لەسەفەرە بەناوبانگەکانی بۆ شاخ لە چوونی بەرەو زنجیرە چیای زاگرۆس وەك نزیکترین چیا، ئەنکیدۆی کە لەوێ دەستەمۆ کرابوو، لەگەڵ خۆیدا دەبات. لە رەوتی ئەو دارستانەدا تادواڕادە بەباشی دەرك بەوە دەکرێت کە ئەنکیدۆ نوێنەرایەتی یەکەم کوردی بەکرێگیراو دەکات. ئەنکیدۆ، گلگامێش دەباتە سەر خاوەنەکانی "وڵاتی چیای" دارستان، قەومی خۆی راودەکات. لە راستیدا ئەوەی یەکەم جار چاویان پێی کەوت، بە پاسەوانی دارستان ناویان بردوە و وەك دڕندە نیشانیان داوە. واتە هۆمبابا ـ سەرۆك عەشیرەتە، نیشتمانەکەی دەپارێزێت. بەڵام لەبەرامبەر گلگامێشی خاوەن چەك و تفاقی رێکخراو و بەکاریگەر، لە شکست رزگاری نابێت. بەمجۆرە یەکەم هەنگاوی ئازادی کورد کە لە مێژوودا ناوی دێت، بەدیل دەگیرێت. گلگامێش خوازیارە هۆمباباش بکاتە بەکرێگیراو. بەڵام ئەنکیدۆ کە خواستوویەتی باڵادەستی خۆی لەدەست نەدات یاخود لەترسی ئەوەی جێگاکەی بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیفی نەبێت گلگامێش بە کوشتنی ئەو رازی دەکات. گلگامێش بە کوشتنی هۆمبابا قۆناخی خوێناوی دەست پێدەکات. لە راستیدا داستانەکە پەیوەندی و ناکۆکیەکی دیالەکتیکی درێژخایەنی بەمجۆرە لە خۆوە دەگرێت. چیا ـ دەشت ـ عەشیرەت ـ شار ـ پادشا ـ یاخی ـ نیشتمانپەروەر بەکرێگراو و مۆتیفەکانی هاوشێوەی ئەمانە ئەو چیرۆکانە دەکەن بەداستان کە وەچە لەدوای وەچە هاتووە ئەوەی سەبارەت بەبابەتەکەمان گرنگە، ئەوەیە کە لە یەکەم داستانی تۆمارکراوی مرۆڤایەتیدا حیکایەتی بەئێشی کورد بەسەردراپۆشراوی تێپەر دەبێت و مێژووی کوردان بە پیلانگێڕی دەست پێدەکات. وڵاتەکەیان کە تاوەکو بە کرێگێراوێکی کەوتووی ناوخۆ نەبێت هەرگیز کەسێ ناتوانێ بێتە ناویەوە، ئەوا لە رێگەی رێنیشاندەری ئەو خائینانەی کە زۆربەیان بە زایەندی ژنەوە لە کۆمەڵگای شاردا خستراون، دەکەوێتە دەستەوە. لەو رۆژەوە تا رۆژگاری ئەمرۆمان ئەم مێژووە چڕ دەبێتەوە و پەرەدەستێنێت و بەردەوام دەبێ. ئەوەی درەخت دەڕزێنێ و لە عەرزی دەدات، ئەو کرمانەن کە لەنێو دارەکەدا نەشونمایان کردووە. لە خاڵە بەرچاوەکانی پێچدانەوەی مێژوودا هەمیشە ئەم شێوانەمان بەرچاو دەکەوێ و بەردەوام مۆرکی خۆی لە تێکشکانە تراژیکەکانی گەلی کورد دەدات.

پەیوەنــدی و راســتینەی ژیــانی گەنــدەڵی نێــوان دوو رەگــەز کــە وەك گێــژاوێکی قووتدەری تاکی لێهاتووە لە دەریای کۆمەڵایـەتی و کولتووریـدا، لـە بـەکارهێنانی راسـتیەکی وەهـا لـە "Gen"ی کۆمــەڵگادا دیاریکـەر بـووە. کەسـایەتی کـورد لەگـەڵ هـاتنی بـۆ ئـەو گۆڕەپانـەی کـە دەوڵـەت و سیاسـەت لەئاسـتی ژوور پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، بـەردەوام وەکـو ئەنکیدۆ گرفتاربووە. بۆماوەی هەزاران ساڵ، ئەو پیلانگێڕییـە مێژووییـە، وەکـو راسـتییەك کە رەگەزی ژن و پیاو پێوەی گرفتاربووە، پەیڕەو کراوە. بێ ئەوەی پێویستی لایەنی هـزری مەسەلەکە دەربکەوێت، ژن بۆتە ئامرازێکی لاڕێکەری ئەوتۆ کە لە لێهاتووترین سیخۆڕیش خراپتربــووە. لــە سیســتەمی دەوڵــەتی راهیبــەکان، لەســەردەمی ســۆمەریەکانەوە، ژن ســەرەکیترین هێــزی راهێنانــە کــە پیــاوی بەسیســتەم، سیاســەت و دەوڵەتــەوە گــرێ داوە. چۆنیەتی پەروەردەکردنی ئەنکیدۆ، بەئاشکرایی گەوهەری سیستەم دەخاتە روو.

PKK هێزی رێکخراوی ئەو سەرهەڵدانە شۆڕشگێڕ و ئـازادیخوازە بەرفراوانەیـە کـە لـە دژی ئـەم دژە شۆڕشـە یەکەمینـە و ئـەم یەکـەمین پیلانگێڕییـە کـە لـە کەسـێتی گـەلی کـورددا لـە سـەر رۆژهـەڵاتی نـاوین، ژن ــ پیـاو و گشـت مرۆڤایـەتی بـەڕێوەبراوە، وەکـو ئاکامێکی سروشـتی دیالـەکتیکی مێـژوویی دیسـانیش لـە زەمینـەی کوردانـدا، بـەڵام بـەناوی هـــــەموو گـــــەلانی رۆژهـــــەڵاتی نـــــاوین و گشـــــت مرۆڤایـــــەتی بـــــەدیهاتووە. ئەگەر ئەو رێکخستنانەی پشت ئەستوورن بەهێزی جەماوەرەوە، بـەباوەڕی و زانیـاری، رەگ و ریشـەی خۆیـان قـایم بکـەن، جـارێکی دی مێـژوو دەبووژێتـەوە و لـەڕێی پەیوەنـدی و ململانــێ ژیانێــك بــە هەلومــەرجی نــوێ دەدۆزێتــەوە. لــەم واتایــەدا، هــەر رێکخســتنێك، دەستێوەردانێکی کۆمەڵایەتییـە. لەگـەڵ دەرکەوتنـدا، پـێش هەرشـتێك سـەبارەت بەتـەواوی فۆڕمەکانی ژیان لێپرسینەوە و دادگایی ئەنجام دەدا. هاوکات لەمیانەی یەکانگیربوون لەگەڵ ئەوانەی ئێستاش رەوایـەتیان مـاوە لەسـەر ئافرانـدنی فـۆڕمی نـوێ، لەگـەڵ ئـەو فۆڕمانـەی برەویان نەماوە، خەباتێکی هەمەلایەنە و پڕبەپێستی ئەوان لـە ئارادایـە. لەوانەیـە خـەبات لـە رەهەنـدی ئایدیۆلۆژییـەوە راکێشـی رەهەنـدی توندوتیـژی بکرێـت و گۆڕەپـانی زۆرتـر لـەخۆوە بگـرێ. بەسـەرنج دان بـەوەی کـە قۆنـاخ، قۆنـاخی مـردن و ژیانـە، دەربـازبوونی بەشێوەیەکی تراژیدیانـە و خوێنـاوی بەتایبـەت لـە هەلومـەرجی پەیدابووونـدا, دیاردەیەکـە ناکرێ لەبەرچاو نەگیردرێ. لە کۆتـایی شـەڕێکی بـێ ئەمانـدا، بوارەکـانی شـیاوی ژیـان و دژ دەپـاڵێورێن. لـەم کاتانـەدا کـە بـە قۆنـاخی شۆڕشـگێڕی بـەناو دەکـرێ، ئەگـەر تێکۆشـان

فووڵبێته‌وه‌ و شێوازی دروست به‌خۆوه‌ بگرێ، ئه‌و لایه‌نانه‌ی شیاوی تێکڕمانن، به‌گشتی له‌نێو ده‌چن. ئه‌وه‌ی ده‌مێنێته‌وه‌، سه‌ره‌تای سه‌رده‌می چاکسازییه‌. سه‌رجه‌م ئه‌و قۆناخانه‌ له‌هه‌مان کاتدا، دێنه‌ واتای بووژانه‌وه‌ی ته‌واوی ئه‌و راستیيانه‌ی کۆمه‌ڵگا به‌درێژایی مێژوو به‌خۆیه‌وه‌ بینیون، ده‌رکه‌وتن له‌ گۆڕ و وه‌گۆ هاتنی ته‌واوی قاره‌مانی و قرێژی، راستی و به‌لاڕێداچوونی پیلانگێڕان و جوانی و دزێویه‌کان، له‌و په‌ڕی توندوتیژی و له‌مه‌ودای زه‌مانی ساتێك دایه‌. ئه‌و دیارده‌یه‌ له‌ خاکه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناوین خه‌باتێکی تایبه‌ت و زۆر دژوارتر بێ ئه‌نجام ده‌کات. ته‌نانه‌ت له‌ده‌ستنه‌دانی هاوسه‌نگی و توانای له‌سه‌رپێ مانه‌وه‌، تاوه‌کو ده‌توانرێ کاری ژیرییه‌. به‌تایبه‌تی ده‌ستبه‌رنه‌دان له‌ تایبه‌تمه‌ندێتییه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی ئه‌و بوونه‌وه‌ره‌ی مرۆڤی پێ ده‌گووترێت، مه‌یدان خوێندن بۆ هه‌موو قرێژیه‌کانی بواره‌کانی ره‌گه‌زی و چینایه‌تی شارستانییه‌ت، ده‌بێ بگووترێ "ئه‌م خاکانه‌ لانکه‌ی مرۆڤایه‌تین" و بوون به‌ خاوه‌ن بانگه‌شه‌ی "له‌راستیدا ئه‌وه‌ی مرۆڤه‌ نابێ له‌ کچ و کوڕه‌کانی بێبه‌ش بمێنێ " پێویستی به‌ تواناکاری و هێزێکی به‌رگه‌گرتنی وه‌هایه‌ که‌ زۆر له‌ ده‌ره‌وه‌ی پێوانه‌کانی سه‌رده‌مه‌.

له‌ مه‌سه‌له‌ی PKK دا، هه‌رچه‌نده‌ هێنده‌ هه‌ستی پێنه‌کرێت، به‌ڵام به‌ گوێره‌ی گه‌وهه‌ره‌که‌ی به‌رده‌وام له‌ گۆشه‌یه‌کیدا بانگه‌شه‌یه‌کی مرۆڤایه‌تی به‌مجۆره‌ هه‌یه‌ که‌ خوازراوه‌ به‌ شاراوه‌یی و پته‌وی بمێنێ، به‌بناخه‌گرتنی دیارده‌ی کورد له‌و بانگه‌شه‌یه‌ی PKK دا واقیعی و له‌ جێگای خۆی دابوو. ئه‌گه‌ر راستینه‌ی کورد بژێنرێ، مسۆگه‌ر ئه‌مه‌ به‌شێوه‌یه‌کی به‌رفراوان له‌میانه‌ی خۆنوێکردنه‌وه‌یه‌ك به‌دیدێت که‌ له‌شێوه‌ی **مرۆڤی نوێ** بێت. له‌و دیارده‌یه‌ی به‌کورد ناوده‌برێت مرۆڤ له‌سه‌ربنه‌مای چینی باڵاده‌ست و چه‌وسێنه‌ر له‌نزمترین خاڵی که‌وتندایه‌. ئه‌مه‌ هه‌ڵوه‌سته‌یه‌که‌ ئاستی له‌وه‌ نزمتر نییه‌. هیچ شتێکی نه‌ماوه‌ له‌ده‌ستی نه‌دابێت. ته‌نانه‌ت له‌به‌رئه‌وه‌ی زنجیره‌کانی کۆیلایه‌تیش سنووره‌کانی تێپه‌ڕکردووه‌، به‌هۆی ئه‌و حوکمه‌ی که‌ ده‌ڵێ ــ ئه‌گه‌ر زنجیریش نه‌بێت، وه‌کو که‌ر له‌ کۆیلایه‌تیدا ده‌ژیت ـــ ته‌نانه‌ت زنجیری کۆیلایه‌تیشی له‌ده‌ست ده‌رهێنراوه‌. ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی راست و دروست خه‌ریکبوون و په‌یوه‌ندیدار بوون له‌گه‌ڵ ئه‌م مرۆڤه‌ بکرێت، ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ هه‌یه‌ که‌ نه‌که‌وتبێته‌ نێو قرێژی و پیسایی ره‌گه‌زی و چینایه‌تی، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر تێیکه‌وتبێ ره‌وشی مرۆڤێکی وه‌های لێ دروست ده‌بوو که‌ به‌بێ دووڵی بۆ پاکژبوونه‌وه‌ رازی بێت.

# PKK و ژن

PKK، خەباتێکی شێلگیرانەی بە نزیکایەتی یان ژیانکردن وەك مرۆڤ و گەلێکی ئازاد یان مەرگ لەسەرناوی گەلی کورد ئەنجامدا. شەڕێکی بووژانەوەی بێ ئامانی لە پێناو چۆنیەتی پێداویستی ڕەهابوونی ڕاستینەی کوردێك کە دەژیت، لەبواری تیۆری و کرداری پەیڕەو کرد. چونکە لە ڕاستی گەلی کورددا کە نەناسراو مانەوەی سەرەکیترین دەستەواژە و بەهاکانی، بوون بە خائینی لاڕێ، نکۆڵیکەر و تێکدەری ژیان، شێوەی بارودۆخێکی گشتی کۆمەڵایەتی بەخۆوە گرتووە، ئافراندنی ژیانی ئازاد و مرۆڤی ئازاد لە ڕەوتی تێگەیشتنی ڕاستی و پرسینی پرسیارگەلی دروست دایە. PKK بەهەوڵدان لەپێناوی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕاستی گەلی کورد کە لە کۆنینەترین گەلانی مێژوون، ڕاستی ژیان کە لە کوردستان سەقامگیربووە و گەلی کورد مەحکومی کراوە، خستۆتە ژێرلێپرسینەوە و یەکەمین هەنگاوەکانی لەسەر ئەم بنەمایە بەرزکردۆتەوە. لە قۆناخی کرداری خەباتیشدا، کردەوە سەرەتاییەکانی لەسەر بناخەی ئەم پرسیار و وەڵامانە ئەنجامداوە. بێگومان هێزی تێگەیشتن لە ڕێی ڕوونکردنەوەی دروستی ناکۆکییە سەرەکییەکانی ژیان و دیارکردنی هەڵسوکەوتێکی ڕاست لە پێناو چارەسەرکردنیان، دەستەبەر دەبێت. دەرکەوتنەڕوو، پێشکەوتن و هێزی دەرکی بەردەوام پەرەسەندووی PKK سەبارەت بەگەلی کورد و ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئەم بنەمایەش بەدی دێن، گرێدراوی ئەو دیاردەیەیە. واتە ناکۆکی یان ململانێ سەرەکییەکانی کۆسپ نانەوە لە بەردەم ژیانی خاوەن ناسنامەی ئازادی بەشێوەیەکی باش شیکردۆتەوە. بەهێنانە ئارای پرسیارگەلی وەك؛ ئەو ناکۆکییە تا چ ڕادەیەك خاوەنی دیالەکتیکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردانە؟ بۆچی بێچارەسەری هێشتراوەتەوە؟ چۆن بە سوود وەرگرتن لە شێوازی دیالەکتیکی مێژوویی، لێکدەدرێتەوە و دەرباز دەبێ؟ و دۆزینەوەی وەڵام، گەورەترین شەڕی ئازادیخوازی مێژووی گەلی کوردی گەیاندۆتە لوتکە. لەم واتایەدا، یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکان و لەهەمانکاتدا هێزی PKK، ناسینی پتەوی کارەکتەری ناکۆکی و بڕیار وەرگرتنی سووربوون لەمەڕ

پێداویستی شێوەی چارەسەرکردنە لەسەربنەمای بەلاوەنانی ئەو دیاردانەی ئاستەنگن لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا. بۆیە PKK تەنیا لەسەر بناخەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکی یەکگرتوو، پێشکەوتن و ئازادکردنی کۆمەڵگای بەبنەما نەگرتووە، یاخود ناکۆکییەکانی تەنیا بەرەهەندێکەوە سنوودار نەکردووە. لە سەرەتای لە دایکبوونەوە هەتا قۆناخی دامەزراندن و بگرە تا رۆژی ئەمڕۆشمان، سەرجەم ناکۆکییەکانی شان بە شانی یەکتری و هاوتەریب لەگەڵ پەیوەندی بەرامبەری نێوانیان تاوتۆی کردووە و بەم شێوەیەش لە رێگەچارە گەڕاوە. بەڵام سەبارەت دەستنیشانکردن و بڕیاری دروست بەگوێرەی ئەوەی کە لەچ قۆناخێکدا، کامە ململانێ و چ لایەنێکی ئەو ململانێیە بارستایی زۆرترە و قووڵ بوونەوەی خەبات زیاتر لەسەر کامیانە، جووڵاوەتەوە. لەم واتایەدا بەیەکەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکۆکییە نەتەوەیی ـ چینایەتی و رەگەزییەکان کردووە. نەك لۆژیکی "پرسی نەتەوەیی دوای شۆڕش چارەسەر دەبێ"، " پرسی ژن دوای بەدیهاتنی سۆسیالیزم چارەسەر دەبێ"، کە لۆژیکی نزیکبوونەوەی چەپی کلاسیکە، بەڵکو چەمکی "ئەگەر کێشەی رەگەزی لەبۆتەی ناکۆکییە نەتەوەیی ـ چینایەتییەکان و هاوکات لەگەڵ وان، چارەسەر نەکرێ، نەشۆڕشی سۆسیالیستی پێکدێت و نە نەتەوەکان و رەگەزەکان رزگاریان دەبێت و هەروەها بووژانەوەی ئەم چەمکەی بەبنەما گرتووە. کاتێك ناکۆکی نەتەوەیی بەمەبەستی سەرهەڵدانی گەلێك لەپێناوی رێپێوان لە رێبازی ئازادیدا، لە ئاستێکی بەربلاو خراوەتە بەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پەیوەندی لەگەڵ ناکۆکییە رەگەزی و چینایەتییەکان نەپچڕاوە، ئەوا قووڵبوونەوە لەسەر کێشەی چینایەتی لەگەڵ پەیوەستەبوونی بەناکۆکی رەگەزی تاوتوێ کراوە. یەکەمین هەنگاو بە دەستنیشانکردنی "کوردستان داگیرکراوە" بەرزکرایەوە، بەڵام شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژی سەبارەت بە چۆنیەتی، کات، شێواز و ئامرازەکانی بەدیهاتنی ئەم خەباتە بەردەوام درێژەی هەبووە. رەنگدانەوەی رۆژانەی ئەم دیاردەیە لە واتا و پراکتیکی شەڕ ـ رێبازی ژیانی PKK، بەشێوەیەکی بەرچاوتر بینراوە. وەڵامدانەوەی پرسیاری وەك "کوردستان چۆن و کەی داگیرکرا، بارودۆخی هەنووکەیی دەربڕی چیە و چۆن تێدەپەڕێنرێ؟" و لێکدانەوەی لەلایەن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد شێوازی بەرفراوانی بە دواوە بووە. بەمجۆرە، ئەڵقە سەرەکییەکانی خەسارەتی داگیربوونی کوردستان لە راستی شکستی بەردەوامی کورد دا، ئاشکرا بووە و روونکراوەتەوە. ئەمەش بەرە بەرە PKK ەی بەرەو خەریکبوونی

هەمەلایەنەتر بەپرسی ڕەگەزییەوە هان داوە. چوونکە گەلی کوردیش وەك سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە بواری هزری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازی لەم خاڵە دا زەبری وێکەوتووە. ئەوەش دێتە واتای ئەوەی کە ڕێکخستنی پتەوی پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز کە ڕەهەندێکی بنەڕەتی مەسەلەی "چۆن بژین" پێکدێنێ، سەرەکیترین ئەڵقەی لەدەست دانێتی. مەرجی بنەڕەتی سەرلەنوێ ڕێکنەخستنەوەی ژیان، شیاونەبوونی بونیادسازی کەسایەتییەکانە. پیاو و ژنی کورد، هەر لەسەرەتاوە، یەکتری و ژیان و کەسایەتی ئازاد لە زەمینەی پەیوەندی نێوان خۆیان دا دەفەوتێنن. ئەو شتەی هاندەری PKK بووە، سەبارەت بەچارەسەری کێشەیەك وەك کێشەی ژن ــ کە بەڕاستی بوێری دەوێ ــ و لێکدانەوەی بناخەکانی کە هەرکەس زۆرترین هەڵەی لەمەڕ ئەنجام داوە و بەتایبەت لەڕاستینەی کۆمەڵایەتی کوردستان کە تاك لەهەرشوێنێ زیاتر خۆی تێداخنکاندووە و تەواوی بوون و نەبوونی ژن و پیاوی لەمیانەی ژیان بەفیڕۆ داوە، هەروەها خەباتێکی گرنگ و مێژوویی وەك خەبات لە پێناوی لە نێوبردنی ژن و پیاوی کلاسیك، هەر ئەم ڕاستیەیە. بێ چارەسەری ئەو ناکۆکییە گەورەیە لە ڕاستی کوردستاندا، دەرفەتی پێشکەوتنی ژیان و شەڕ پێکنایە. لە کوردستاندا کە شوێنی دەرکەوتنە رووی جوانترین و ئازادترین ژیان و خاکی دایکی تەواوی پرەنسیپ و بنەماکانە، نەمانەوەی هیچ شوێنەوارێك لەو شکۆمەندییانە، ناکۆکییەکی گەورەیە و تاوەکو ئەو ململانێیە چارەسەر نەبێ، پێشکەوتن بەدی نایەت. ئەو کێشانەی لەسەر ئەم بنەمایە، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، نەك تەنیا وەك پرسێکی ڕەگەزی، بەڵکو وەکو ئەو کێشانەی تەواوی بوارەکانی ژیان لە خۆوە دەگرن، هەڵسەنگێنراون. چونکە لێکدانەوەیەکی دروستی سەرجەم ئەو بوارانەی لە بازنەی ئەم کێشەیەدا دەخولێنەوە و مەیلیان بەرەو چارەسەری هەیە؛ کرانەوەی ئەو گرێکوێرەیەی دار و نەداری گەلی کوردی خستۆتە مەترسییەوە و مەحکومی ژیانێکی تادواڕادە نزمی کردووە و هەروەها دەرهێنانەوەی ژیانە لە قووڵایی سیاچاڵی جەهل بۆ نێو ڕووناکایی. تا ئەو کاتەی هزر، ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستن و ڕاستی چەوسانەوە کە دەوروبەری ژنی تەنیوە، تاوتۆی نەکرێ و لەسەر ئەم بنەمایە بەقووڵی چارەسەر نەبێ، تا ئەو کاتەی شۆڕش و لە ئاکامدا شەڕ بەشێوەی لێکداپچڕاو لە ژنان بڕوانێ، نە دەرفەتی هاتنە ئارای شەڕ وەك شەڕێکی ئازادیخواز دەرخسێ و نە ئاشتییەکەشی، دەبێتە تەبایی و ئارامی ڕاستەقینە. لەنێو PKKدا هەرچەندە وەڵام بۆ کێشەی ژن درایەوە، بەشێوەیەکی باشتر

بینرا کە شەڕ و ئاشتی کێشەیەکی ژنە. تاوەکو ئیرادە و کەسایەتی ژن دەرنەخرێتە روو، رێگە چارەی پاڵپشت بە تێڕوانینی دەسەڵاتدارانەی پیاو، بەتەنیا ناتوانێ چارەسەری بۆ بوارەکانی شەڕ و ئاشتی بدۆزێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، لێکدانەوی پەیوەندییەکانی لەمەڕ ژن، پێویستییەکی ژیانییە. بیروڕای هەر گۆڕەپانێ، لە بنەماڵەوە بگرە تا رەوشت، تەنانەت فەلسەفە و ژیانی ئایینی سەبارەت بەژن چییە؟ جگە لەوە، چیان کردووە و دەیانەوێ چی بکەن؟ خۆی لەخۆیدا سیستەمێکی چۆن دامەزراوە؟ لێکدانەوەی تەواوی ئەمانە پێداویستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

سەرۆکایەتی PKK بە پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەکی وەها گرنگ و مێژوویی، بەردەوام بڕەوی بە شۆڕشی ئازادی لەپێناو گۆڕانی شێوازی ژیان لەگەڵ ژن و پیاوی هەنووکەیی داوە. شیکردنەوەکانی سەبارەت بەژن، لە روانگەی تێپەڕاندی قۆناخی رۆژانە و بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی شۆڕشێکی رزگاریبەخشی نەتەوەیی، تەنیا لە چوارچێوەی تێڕوانینی بەرتەسکی"نیوەی کۆمەڵ پێکدێنێ و شۆڕش بێ ژن نابێ"دا نەبووە. بەڵکو هەڵسوکەوت لەگەڵیدا بنەڕەتی ترو قووڵتربووە و وەکو خەباتێکی بنیادی فەلسەفە و رۆح تاوتوێ کراوە. وەك پێداویستییەکی روانگەی سۆسیالیستی PKK و بناخەیەکی گرنگ، نزیکایەتی لەگەڵ کراوە. سەرۆك ئاپۆ وەك کەسایەتیەکی پیاو، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە ژیانێکی ئازاد گەڕاوە، بە چەشنێکی بەربڵاو سەبارەت بە پرسیاری "ژیان لەگەڵ ژن دەبێ چۆن بێ" قووڵبۆتەوە و پارتیشی هێناوەتە سەر ئەو رێبازە و بەردەوام خستۆیەتە نێو گفتوگۆوە. لەگەڵ ئەنجامی ئەو کارە، ئاشکرا و بێ پشت بەستن بە هیچ جۆرە بایەخی رەوشتی کلاسیك، بە بڕوا بە هەبوونی کێشەکان، لەرەهەندی رەگەزییەوە بگرە هەتا دابەشکردنی ژیان لەگەڵ ژن لەسەرجەم گۆڕەپانەکان و یەکسانی لە سیاسەت و تەنانەت خەباتی بەسوپابوون و پێداویستی باسی ئاشکرا دەربارەیان گرنگی پێدراوە. بەڵام کێشەکە تەنیا بە گفتوگۆکان سنووردار نەماوە. بە ئافراندنی رێگەچارەی شۆڕشگێڕی بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر کە لە قۆناخەکانی شۆڕشەکانی تری جیهاندا نەبینراوە؛ وەکو یەکێك لەسەرەکیترین ئەرکەکانی پێویست لە پێناوی سەرکەوتنی سۆسیالیزمی قۆناخ لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا و هەروەها وەك وەڵامدەرەوەی سەرەتاییترین پێداویستی مرۆڤ هەڵسەنگێنراوە. بەم هۆیە PKK ئافراندنی رێگەچارەی سەرجەم ناکۆکییەکانی لەسەر تەوەرەی پرسیاری "دەبێ چۆن بژین" و وەڵامدانەوی بەبنەما

گرتووە. لـەم روانگەیـەوە، مێـژووی PKK وەڵامێکـی بـەربڵاوە بـۆ پرسـیاری "چۆن دەبـێ بژین". لەلایەکی دی دێتـە واتـای مێـژووی ئافرانـدنی "چـۆن دەبـێ بـژین". سـەرهەڵدان و پێشکەوتنی PKK و پێشەنگایەتی کردنـی گۆڕانکارییـە گرنگـەکان نـەك تـەنیا تایبـەت بـە کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان، لەبەر شکۆمەندی، وەڵامێکە بـۆ "چۆن دەبێ بژین" داوێتێ. لەبەر ئەوەشە خـەباتێکی بـێ ئامـان و زۆر دژواری لەمـەڕ ئـەم پرسـیارە پەسـند کـردووە. هاوتـەریبی ئەمـە، بـەرە بـەرە وێـڕای لێگـەڕینێکی گـەورە، لـە هەلومـەرجی تایبـەتی کوردسـتاندا، خـەباتی ئافرێنـەر وەڵامـدرەوەی هەمەلایەنـە بـووە لەسـەربنەمای ئایـدیۆلۆژی ئـازادی و یەکسـانی بەپرسـیارگەلی؛ راسـتی ژیـانی پێکهـاتوو لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی چۆنە؟ لـەڕێی ئـەم ژیانـە، چ شـتێك و چـۆن بەدەسـت دێ؟ چۆن لەدەست دەچێ؟ لەم ژیانەدا ژن دەربڕی چییە؟ پیاو گوزارشت لەچی دەکات؟ ئایا ئـەم ژیانە کـە لـەئاکامی داب و نـەریتی سـەدان ساڵە بـەردەوام بـووە، بەڕاسـتی ئـەو ژیانەیـە کـە پێویست بوو بەردەوام بوایە؟ ئایا ژیانی ئەمڕۆ لە جوگرافیایەك کە ماوەی 15 هەزار ساڵ، زێدی مرۆڤ، سەرەتای تەواوی بنەماکان بووە و مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای ئافرانـدووە، شیاوی مەزنی مێژووییەتی؟ سەرۆکایەتی PKK سەرۆکایەتی سەقامگیرکردنی هەموو ئـەم پرسـە گەرمانەیـە لـە ناوەنـدی لێگەڕینەکانـدا، سـەرۆکایەتی تێکۆشـان لـەپێناو ژیـانێکی بـەرزی ئازادانە لەسەر ئەم لێگەڕینە و هەروەها گواستنەوەی ئەم لێگەڕینـە لـە کەسـێتی پارتیەکـدا بـۆ نـاو گەلێکە. لـەم روانگەیـەوە PKKو سـەرۆکایەتیەکەی، لەبنەڕەتـدا لێگـەڕی ئەشـقن، لێگەڕی ئەشق و خۆشەویستی راستەقینەی ونبوو لـە میزۆپۆتامیـان. ئەمـە لـە هەمانکاتـدا پێداویسـتی گەڕانەوەیــە بــۆ رەگ، هێــز و گەوهــەری مێــژوویی ئــەو، چــونکە ئەشــق و خۆشەویستی راستەقینە لەم شوێنانە دەرکەوتوون. لەم واتایەدا پێناسـەکردنی PKK وەك بزاڤــی بووژانــەوە و ســەرلەنوێ بونیادنانــەوەی ژیــانی ئــازاد لــە رۆژهــەڵاتی نــاوین و میزۆپۆتامیا هەڵە نییە. چونکە میزۆپۆتامیا کە وەك لانکەی مرۆڤایـەتی ناسـراوە، ئـەمڕۆ لە رەوشـی گۆڕسـتانی مرۆڤایەتیدایـە. ئـەوەی سـەرۆکایەتی PKKەش کـردی، هەڵکەنـدنی ئەو گۆڕە و پەرەپێدانی بـەردەوامی هیـوا بـووە لـە پێنـاو رابـوونی زیندوویـەك. دەتـوانرێ بزاڤی PKK بەوێرانکرنی ئەو گۆڕە چیمەنتۆیە ئەستوورە وەکو بزاڤی بوژانـەوە پێناسـە بکرێ و PKK دەتـوانرێ وەکو دەربـڕی بوژانـەوەی مرۆڤـی میزۆپۆتامیـا، هەڵسـەنگێنرێ. بـەم پێیـە دەسـتپێکردنی خـەباتی بووژانــەوە، سـەرەتا لەلایـەن عەشـتار و زنوبیاکـان و

تەنانەت کیلۆپاترا و سەمیرئەمیسەکان؛ هەم کارێکی زۆر دژوارە و هەم پێویست بوو لەپێناو بونیادنانەوەی ژیانێکی نوێ. دەستپێکردن لەلایەن زۆر ژنی تری وەك مەریەمەکان، فاتمەکان، زەینەبەکان، عایشەکان ـ کە مێژووی جیهان بەخۆیەوەی بینیون ــ هەروەها زۆر ژنی هەڵکەوتەی وەکو ئەوان لە مێژووی کوردستاندا، مەرجی سەرەکی بوو بۆ بووژانەوەی شکۆمەندی مێژوویی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە راستیدا ئەو خەباتەی سەرۆکایەتی PKK بەڕێوەیبرد؛ دانەوەی گلکۆی ئەو ژنە گەورانە و خۆخەریککردنێکی بێ وێنە بوو بەشێوەی ئایا جارێکی تر گیانیان وەبەر دێتەوە؟ هەوڵدانێك لەوپەڕی زاڵبوونی هیواداری بەسەر خەمی ئەو دارمانانەی سەردەمەکان پێکیان هێنابوو. هەوڵدانێك کە دەرفەتی گەورە بەناوی ژیانی بەشەرەف و ئازاد، بە کەڵك وەرگرتن لە دۆزینەوەی نیشانەکانی ژیان، بۆ سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژنان دەرەخسێنێ. خەباتێك کە بە جەسارەت وەرگرتن لە شوێنەواری بەشکۆی مێژوویی دەستیپێکردووە.

خاکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا، بەپیت و بەرکەتن، ئێستاش خاك، ئاو و هەتاو، لێرەدا زۆرترین بەروبومی هەیە. ئەمەش گەورەترین بووژانەوە بەدێ دێنێ. بەرهەمەکانی، هەرەبەتامن. مرۆڤەکانی دەتوانن خۆشترین ژیانیان هەبێ، چونکە دەرفەتێکی ماددی وەها هەیە. بەڵام ژیانی ئێستا زۆر جیاوازە. بەردەوام، ساختەکاران بەنێوی خودایان دەرکەوتوون، دیندارەکانی کۆنەپەرست بوون، ژنانیش بوونە بەڵایەکی گەورەی ژیان. هەروەکو چۆن شوێنەوارێك لە ژنە خوداوەندەکان نەماوەتەوە، خودایانی پیاویش بە گشتی خزاونەتە ژێر پێستی فەرامۆشی و کۆنەپەرستی. PKK لە خاڵێکی وەهادا، تێکۆشانی شیکردنەوەی تەواوی ئەو راستییانە و ئافراندنی جێگیربوون لە رۆح، هەست، هزر و رێکخستنی بەڕێوەبردووە. ئەمە، کارێکی مێژووییە و لە ئاکامدا بووژانەوە لە ئاستێکی بەربلاودا پێکهاتووە. ئەمە لەژێر سێبەری هێزی ئافرێنەری مێژوویی سەرۆکایەتی PKK کە هەنگاو بەهەنگاو لەسەربنەمای فەلسەفەی "هەر شوێنێك پێویستی بە هیوا هەبێ، هیوابەخشین و هەر شوێنێك پێویستی بە هێز هەبێ، هێز بەخشین" بەئەنجام گەیشتووە. رەوتی بەرەو ئازادی بێ درێخی لە خۆبەختکردن لەو رێبازەدا؛ هەم بەتێکشکانی تەواوی ئەو تابۆ و دۆگمایانەی مۆری خۆیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ــ سیاسی داوە و هەم بەئافراندنی تەواوی ئەو بایەخانەی کە دەبوایە بەدەست بێ، بە ئەنجام گەیشتووە. ئاستی خوڵقاوی ژیانی ئازاد، بەردەوام پێشخراوە. شەڕی ئافرێنەری ژن و پیاوی

ئـازاد بـە تۆڵەسـەندنەوە لـەو ژن و پیـاوەی کـە نـە خـاوەنی ژیـان، بـەڵکو بوونەتـە ئافـات و مەحکومی ژیانن، بـەردەوام بـووە. لەڕاسـتیدا PKK چارەسـەری پرسـی ڕەگـەزی لـە واتـای کوشـتنی ژن و پیـاوی ئاسـایی پشـت ئەسـتوور بەسیسـتەمی سـەدان سـاڵە بینیـوە. دەتـوانین ئەمـە وەك بزاڤـی لێکـدابڕانی گشـتی ژن و پیـاوی کلاسـیکیش نـاوزەد بکـەین. سـەرۆکایەتی PKK ئەو فەلسەفەیەی بۆ یەکەمین جار و بەشێوەیەکی گشتگیرانە بەبنـەما گرتـووە، کـە پێویستی بە خـەباتێکی بەرچاو هەیـە. سـەرۆکایەتی PKK ئاسـتی ژیـانی ئـازادی گـەلێکی بەژن و پیاوەوە، لە خۆیدا خولْقانـدووە. هەروەکو چۆن قووڵبوونـەوەی مێـژوو و گـەلێك تـا ئەو ڕادەیە لـە کەسایەتی تاکێکـدا زۆر بەدەگمـەن بینـراوە، ئاراسـتە کـردن و پێشـەنگایەتی مێژوو و گەلێك لەلایەن کەسێکیشەوە لەمیانەی ڕێپێوانێکی تەنیا، بەدەگمەن هەڵکـەوتووە. لەم واتایەدا، هـەر خـەباتێك کـە سـەرۆك ئـاپۆ لـە کەسایەتی خۆیـدا ئـەنجامی دابـێ، تـەنیا بەخۆیـەوە سـنووردار نـەماوە و خـەباتی سـەرەتای بونیادنـانی مرۆڤایـەتی، گـەلێك و ژن و پیـاو و ژیـانێکی ئـازادی لـە خۆیـدا بەرجەسـتە کـردووە. وێـڕای سـەرکەوتنی سـەرۆك ئـاپۆ، PKKش سـەرکەوتووە. لـە ئـەنجامی سـەرکەوتنی PKK ەش گـەلی کـورد بـە سـەرفرازی گەیشتووە.

ئایـدیۆلۆژی ئـازادی و یەکسـانی کـە PKK داکـۆکی لێـدەکات و لەپێناویـدا خـەبات دەکات، لەسەر بناخەی لێگەڕینی سەرۆکایەتی PKK بۆ ژیـانی ئـازاد، هەرلـە تـاقی منـاڵیـەوە شێوەی گرتووە و پێشکەوتووە. کاریگـەری قـووڵی فەرهـەنگی نیۆلۆتیـك لەسـەر ژیـانی ئـەو جوگرافیایەی کە سەرۆکایەتی PKK چاوی بـۆ ژیـان هـەڵهێناوە و تێیـدا گـەورە بـووە، لـە پەیـدابوون و بـەرە بـەرە بـەردەوام بـوونی ئـەو لێگەڕینـە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هـەبووە. لـەم جوگرافیایەدا، ناتوانین باس لە هەبوونی فەرهەنگێکی چینایەتی پتـەو بکـەین. فەرهـەنگی زاڵ، زێـدەتر فەرهـەنگی ئـازادی بنەماڵـەی دێهاتییـە. تەنانـەت فەرهـەنگێکی عەشـیرەتی بـەهێزیش بـەدی نـاکرێ و فەرهـەنگی سـەرمایەداری تـازە تەشـەنە دەسـتێنێ. ئـەم ڕاسـتیە بارودۆخێکی تایبەتە بەو ناوچـەیە. پاشمـاوەی شـوێنەواری بەشـکۆی فەرهـەنگی کشـتوکاڵی سەردەمی نیۆلۆتیك، هۆکارێکی سەرەکییە لە بەردەوامبوونی هەستی یەکسانی و بـارودۆخی ژن لە ڕەوشێکدا کە بە تەواوی سەرکوت نەکراوە. هەروەها بارودۆخی دایك و باب لەبۆتـەی ڕاستی بنەماڵـەش لـە شێوەگرتنی کەسـایەتی سـەرۆکایەتی PKK کاریگـەر بـووە، ئامـانجی سەرۆکایەتی لەمەڕ خاوەنداریێتی دووربوونی بنەماڵەی خۆی لەبەرامبەر ئەو نزیکایەتییەی

دایکی کە دەیویست بیکات بە موڵکی خۆی، ببێتە موڵکی خۆی بۆتە هۆی هاتنە ئارای ناکۆکیەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕ. دابڕانی بنەماڵە لە باوکسالاری، بارودۆخی هاوسەنگی کە هیمەتی دایك ڕێ خۆشکەری بووە؛ هەلومەرجی لەباری بۆ پێگەیشتنی ئازاد لە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکایەتی پێکهێناوە. بن بەستبوونی دەسەڵاتی دایك ــ باب لەنێو بنەماڵە بۆشاییەکی دروستکردووە. سەرۆکایەتی PKK هەلی ڕێپێوانی ئازادی لەسەربنەمای سوود وەرگرتن لەم بۆشاییەی قۆزتۆتەوە. کاریگەری بەرچاوی خاڵەکانیشی لەسەر دەسەڵاتی گوند، لە دەستە و یەخەبوونی سەرۆکایەتی PKK لەگەڵ هەلومەرجی دێ، هەر لەتەمەنی منالیەوە خاوەن ڕۆڵبووە. دەتوانین ڕاستی پێگەی خاڵەکانی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دایکسالاریدا، وەك شوێنەواری ئەو جوگرافیایەی سەرۆکایەتی PKK تێیدا گەورە بووە، هەڵسەنگێنین. هەروەها دەستەوەستانی باوك و پێشەنگایەتی بێ سنووری دایك لەو ڕێبازەی کەپێی ڕەوا بوو، لە پەیدابوونی تێڕوانینی بەرپەرچدانەوە ــ کە سەرۆکایەتی PKK خاوەنی بووە ـ کاریگەر بووە. سەرۆکایەتی PKK وەکو ئاکامی ئەو ڕاستییانە، نەك لەسەربنەمای شێوەگرتنی کلاسیکی بنەماڵە و دایك و باب، بەڵکو پاڵپشت بە لێگەڕینی نوێ، خۆی گەیاندۆتە بنەمای کەسایەتی و ژیان. لەم چەمکەی ژیاندا، شوێنی ژن، بەپێچەوانەی پێوانەکانی کلاسیکی کۆمەڵگا بەلێهاتوویی و ژیری خۆی لەسەر بنەمای یەکسانی خاوەن پێگە بووە. چەمکێکی وەها لەژن و ژیان کە تەنانەت دوای زەماوەند کردنیشیان دەست هەڵگری ئەو کیژە لاوانە نەدەبوو کە پێکەوە یاریان دەکرد و نازانرێ چۆن کەوتنە نێو تەڵەزگەی باڵادەستی پیاو، بنکەی چەمکێکی پێکدێنا کە لەناو PKKدا بەهەزاران ژن بەئیرادەی ئازادانەی خۆیان، بەشداری شەڕ، ژیان، و سیاسەت ببن و شانسی ئەوەشی داوە کە ئازادی خۆی بخولقێنێ. منداڵی میزۆپۆتامیا کە لەیاریەکانی خۆیدا کچەکانی لەبیر نەکردووە، لەکاتێکدا کە هێدی هێدی وەك سەرۆکی گەلێك دەرباوی سەر شانۆی مێژوو دەبوو، ژنی کردە ناوەندی پرۆژەی ژیانی ئازاد، کە خوازیاری پێشخستنی بوو. چونکە هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایەبووە کە ئەو جوگرافیایە دوای خیانەتکردن بە فەرهەنگی خوداوەندی دایك و شکۆمەندییەکەی، شکستی خواردووە و سەرکەوتنەکان تەواوی بە بەدەست هێنانەوەی بەهاکانی شیاوی خوداوەندی دایك بەدیدێن. بەردەوام پابەندی پرەنسیپی "یان دەبێ ژیان ئازاد بێ، یان هیچ نابێ"، بووە و لەو باوەڕەدا بووە کە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە ڕێگەی ڕەوشتی ئازاد و ئەستەتیك، سەقامگیر دەبێ. لە ناوەندی

ئەمەش ژنی داناوە، بە بڕوایەکی گەورە بەوەی کە ژنی ئازاد خولقاوی چالاکی ئازادی و ژیانی ئازاد بە جوانترین و دۆستانەترین شێوە خۆی دەنوێنێ، بێ کەوتنەداوی بە هیچ یەك لە (گرێیە)کانی پیاوی کلاسیك ــ داگیرکەر، نزیکی ژن بۆتەوە. لە شوێنی ئایین و کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی پیاو، واتایەکی گەورەی بە چەمکی ئایین و کۆمەڵگایەك داوە کە تێیدا خوداوەندەکان کە مەبەستیان یەکسانی ژنانە، زاڵن. لەپێناو سەقامگیربوونی ئەمە بۆتە کرێکاری گەورەی ئەشق و ئازادی ژن. بەچاوی موڵکیەت لەهیچ ژنێکی نەڕوانیوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکردووە. خەبات لەپێناو ئەم چەمکەدا هەرچەندە رووبەڕووی ئاستەنگییەکانی دەسەڵاتداری پیاو، کردەوەی پووچەڵکردنەوە و هێرشەکانی بووبێتەوە، بێ ساتێك وچان دان، ئاستێکی لەباری لە زەمینەی پتەوی ژیان و لە رێگەی بووژانەوە و گەشەسەندنی بەردەوام بەدەست هێناوە. هەروەك چۆن تێڕوانینی سەبارەت بەژن لەسەربنەمای فەلسەفەی پیاوی دەسەڵاتدار و کلاسیك نەبووە، بەگوێرەی هەڵسوکەوتی سەرۆکە چەپە کلاسیکییەکان کە خاوەن تێڕوانینێکی تەسك بوون و لە کۆکەوە نزیکی چارەسەری مەسەلەکان نەبوونەتەوە، قووڵتر و نزیکتر بووە لەڕێگەی چارەسەری. نە تەسلیم بوون و سازش لە بەرامبەری ژن ساناو بێ موبالابووە، نەشێوەی هەڵسوکەوتی تاکڕەوی پیاوێکی دواکەوتوو کە خۆی و ژن تووناندەکات، بەبنەما گیراوە. بەپێچەوانەی بارودۆخی ئێستا لە تەواوی کۆمەڵگادا، بۆ توونانەبوون، لەنێو نەچوون وێڕای ژن و لەدەست نەدانی رۆح لەبەرامبەری ئەم راستییە، شەڕی گەورە پەیڕەو کراون. تێك نەشکان لەم شەڕەدا هەروەکو چۆن هۆکاری گەورەترین سەرکەوتنی سەرۆکایەتی PKK بووە، ئەوا رێگەی لەبەردەم ئافراندنی ژیانی ئازاد و ئەشقی راستەقینەش کردۆتەوە.

لەگەوهەری ئەم نزیکایەتیە، نەپلیشاندنەوەی ژن و سوود وەرنەگرتنی خراپە لەلایەنە لاوازەکانی، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهیچ شێوەیەك پەسند نەکردنیشی، هەنگاو بەهەنگاو پشت ئەستوور بەخەبات و پشوویەکی گەورە ژنی ئازاد بەرەو پێشەوە دەبات. لە شێوازی سەرۆکایەتی PKKدا هاندانی ژن بۆ بەشداریکردن لە رێپێوانی گەورەی ئازادی هەیە. لە نێوبردنی شەرمێونی و کردنەوەی زمان و دڵی رەگەزی ژن لە ئارادایە. قۆڵ هەڵماڵین بۆ بەخشینی هێزێکی گەورە بە زمان، ئیرادە و هزری ژن لە ئارادایە دایە. دەست هەڵگرتن لە سروشتی پیاو کەسەرچاوەی دزێوی و ناحەزیەکانە، وەکو سەرەکیترین مەرجی دەرفەتی مانەوە لەلای ژن، هەبوونی یەکسان و ئازادانە و لەئاکام و لوتکەدا وێکچوونی

لەدڵ، بابەتی باسە. لەنێو دۆخێکی بەم شێوەیەدا سووکایەتی سەبارەت بە ژن دەبینرێ و بە خەباتێکی شێلگیرانە، بەرەنگاری دەبێتەوە. لەم رووەوە پەیوەندی سەقامگیربوو لەگەڵ ژن: پەیوەندییەك بووە كە سیستەمی ژێردەسەڵاتی پیاو و تەواوی هێزەكانی دژبەری ئازادیخوازی نەتەوەیی كوردستانی بە درێژایی تێكۆشان سەرسام كردووە. ئەو هێزانە هەركە شێوازی پەیوەندییان لەگەڵ ژندا، بەشێوازی پەیوەندی ژن لەگەڵ سەرۆكایەتی PKK شێواندووە، رووبەڕووی خەسارەتی گەورە بوونەوە. ئەم چەشنە پەیوەندییانە هەروەكو چۆن هێزەكانی ئاماژەپێكراو بۆی چوون پەیوەندییەك نەبووە لەسەربنەمای هەڵسوكەوتی هەرزان لەگەڵ ژن، بەڵكو پەیوەندییەك بووە لەپێناو فراوانكردنی رۆح و كرانەوەیەكی مەزن. سەرۆكایەتی PKK چركە بەچركە بە خەباتێكی زۆر دژوار و شیاوی لەخۆبوردوویی، نەك لەگەڵ ژن بەڵكو لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئازادی ژن هاوسەرێتی بەسەركەوتوویی هێشتۆتەوە. تەواوی كۆششی لەپێناو ئامانجی وەرگرتنەوەی هێز لەوانەی كە بەناهەق پاوانیان كردووە و دانەوەی بەخاوەنە رەسەنەكانی و دواتر دابەشكردنی دادپەروەرانەی بووە. خۆی لەخۆیدا دابەشكردنی دادپەروەرانەی كۆشش و هێز گەوهەری سۆسیالیزمە. لەنێو بردنی بێ بەریبوونی رەگەزی ژن لەهێز ـ كە بەگشتی لەنێوی دابووە ـ و وەرگرتنەوەی هێز لە سیستەمی پیاوی دەسەڵاتدار و جارێكیتر دانەوەی بەژنیش وەك پێداویستی سۆسیالیزم و سۆسالیست بوون بینراوە. لەم رووەوە خەباتی ژنان لەنێو خۆی پارتیدا بەردەوام وەك سەرەكیترین پێوانەی پێشكەوتنی سۆسیالیزمی زانستی و گەشەسەندنی دەستنیشانكراوە و لەپێناویدا خەباتێكی بەربڵاو برەوی هەبووە.

لەلایەكی دیكەوە خەباتی ئازادی ژنان لەنێو PKK دا؛ بەتەواوی لە دووتوێی هاوكێشەی سەركەوتن و ئەشقدا بینراوە. ئەمە دێتەواتای ئەوەی كە چەمكی "ئەگەر لەم خەباتە و چارەسەری ئەم ناكۆكییەدا سەركەوتن بەدیبێ سەرفرازی بەدەستدێت، مافی خۆشویستن برەوی دەبێ، دەنا لەهەر بوارێكەوە ئەنجامەكەی شكست دەبێ"، بەبنەما گیراوە و ئەمەش پەیوەندیە لەگەڵ سەردەم و فەلسەفەیەكی دیالەكتیكی زۆر دژوار. بەسوود وەرگرتن لەم هەڵسوكەوت و فەلسەفە دیالەكتیكییە لێگەڕینی گەوهەری راستەقینەی ژیان لە راستی "ژیانی ساختە" كە لە كوردستان شێوەیەكی خراپتر لەمەرگی بەخۆوە گرتووە؛ پێكدێت. لەم روانگەیەوە سەرۆكایەتی PKK لێگەڕێكی ژیانە. بەو مەیلە گەورەیەی كە سەبارەت بە ئازادی ژن هەستی پێدەكا؛ وێڵی وەڵامێكە بۆ پرسیاری "هەیە یان نییە، ئەگەر

ژیانێک لە ئارادابێ، پێویستە چۆن بێت؟". ئەم مەیلە، شێوە، چۆنیەتی، بەرهەم و لێهاتوویی خەباتی سەرۆکایەتی PKK ی بەرجەستەی کردووە. لە فەلسەفەی سەرۆکایەتی PKK دا؛ ئەشق، ئازادییە و بەهەرزانی ژیان ناکرێت. چونکە ئەشق زاراوەیەکی پیرۆزە و کوشتنی ئەشق لە هەست و هزردا، هەروا بەئاسانی پەسند ناکرێ. لەسەربنەمای هەڵسوکەوتێکی فەلسەفی بەمجۆرە؛ سەرۆکایەتی PKK دڵ، مێشك و خەباتی خۆی لەسەربنەمای سەدەی بیستەم کە سەدەی رەتکردنەوەی ئەشقە، شێوە پێنەداوە. PKK و گەلی کوردیشی مەحکومی شێوەبەندیەکی بەم شێوەیە نەکردووە. لەم بابەتەدا بەپێچەوانەی هەموویان بەرەو تاك پەرەستی لارێ نەکراوە. خۆی پاڵپشت بە هەڵسوکەوتی پیاوی کلاسیك شینەکردۆتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم دیاردەیە، پێداویستیەکی رەوشتی بەگوێرەی کۆمەڵگاش بێ، سەرۆکایەتی PKK وەك بێ رەوشتی نرخاندوویەتی. بەتایبەتی شەڕێکی زۆر دژواری لەگەڵ هەڵسوکەوتی مەترسیدار، دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئازادی سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ژن، سەرەتا لە کەسایەتی خۆیدا پەیڕەو کردووە. لەم رووەوە PKK هەم بۆ پیاو و هەم بۆ ژنیش، مافی خۆبونیادنانەوە و سەرکەوتنە. ئەم مافە، مافێکە لەئاکامی خەباتێکی بێ ئامان لەگەڵ فەرهەنگ، ژیان و کەسایەتی پاڵپشت بەداگیرکەری پیاو لەهەر کام لە رەهەندەکانی بەدیهاتووە و هەنووکەش بەرچاوە. لەم حقوقەدا تاك خاوەنی مافی هەڵبژاردنی ژیان، ئیرادە، تێڕوانینی جوانی، خۆڕێکخستنە و مافی هەبوونی ویست و ئاواتی هەیە. دیارە گەیشتن بەسەرجەم ئەو مافانەش بابەتی شەڕێکی بێ ئامان بووە. ئەم خەباتە بێ ئامانەش ئاکامی مێژوویی بەدواوە بوو.

دەتوانین تێکۆشانی نەتەوەیی ـ چینایەتی ـ رەگەزی کە بەدرێژایی مێژووی PKK پێشکەوتووە، لە رێپێوانێك بچوێنین لە جەنگەڵێکی هۆڤدا. بێ ژمار دڕندە لەم جەنگەڵە هۆڤەدا هەبوون. سەرەڕای کەند و کۆسپ، بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستی رێزگرتن لە گەل، رێپێوانی گلگامێش لە جەنگەڵ رانەوەستێنرا. بەڵام گلگامێش لە جەنگەڵ سەرۆکایەتی گەلی تێکشکاندووە و رێگەی لەبەردەم سەرۆکایەتی پادشایان خۆشکردووە. سەرۆکایەتی PKK ەش، سوڵتانەکانی لێڕەواری تێکشکاند. ئامانجی رێ خۆشکردن بوو لەبەردەم سەرۆکەکانی گەل لەپێناو وەرگرتنەوەی مافی بەڕێوەبەرایەتی کە بەهەزار فڕوفێڵ، دوڕوویی و زۆرداری لە گەل زەوت کرابوو. گلگامێش بەکرێگیراوی لێڕەواری لە رێگەی ژنەوە کە لە پلەی خوداوەندەکانە داکەوتبوو و خەراپ ببوو، نێچیر و ماڵیکرد.

بەڵام سەرۆکایەتی PKK پێچەوانەی ئەمەی بەئامانج گرت. ژنی سۆزانی کراوی گەیاندە پلەی خوداوەندێتی، بەم شێوەیە لەپێناوی گۆڕینی پیاو, واتە ئەنکیدۆ, بۆ سەرۆکایەتییەکی زانای گەل خەباتی کرد. وەکو هێزی بارهێنانی (پەروەردەی) ئەم دیاردەیە و بە کەڵك وەرگرتن لە پتەوترین سروشتی بەرامبەری و ئازادیخوازی دەزگای سەرۆکایەتی گەل، لە دەزگای خوداوەندەکانی روانیوە. لەم رێبازەدا، شەڕێکی گەورەی بەرێوەبرد لەدژی راستی سەرۆکایەتی داگیرکەرانەی پیاو کە خاوەنی بەهایەکی دەزگایی گەورە بوو و لە کردەوەدا گەلان و ژنانی رووبەڕووی ئێش و ژانی بێ وێنە کردبۆوە، سەرۆکایەتی PKK کە هەر لەکاتی لەدایکبوونیەوە تیکۆشانی ژنانی ئەنجام داوە، لەگەڵ تێپەڕاندنی هەستیارترین کاتەکانی قۆناخی دامەزراندنی بزاڤ، پرسیاری گرنگ و مێژوویی ئاراستەی خۆی دەکرد. ئەم لاپەڕە هەستیارە، سەردەمی پەیوەندی بوو لەگەڵ کەسایەتی فاتمە ـ کە لەقۆناخی پەیدابوون و دامەزراندن بەشداری ریزەکانی خەبات بوو و وابەستەی توێژی سیخوڕ و بەکرێگیراو بوو، لە کوردستاندا ـــ ئەو سەردەمە خاوەن گرنگیەکی مێژووییە، چونکە گرێدراوی راستی پەیوەندیەکە کە ئازادی و ناسنامەی لە گەلی کورد زەوت کردبوو. ئایا لەم قۆناخەدا ئەنکیدۆ دەیتوانی بوونی هەبێ؟ یاخود بەهێنانەسەرتەختی دووبارە خوداوەندەکان, ئەنکیدۆکان لەچنگ سۆزانی تایبەت و گشتی رزگاریان دەبوو؟ کێشەکە بەڕاستی مێژوویی بوو و چارەسەرکردنی گەلێك دژوار بوو. کێشمەکێش قووڵ دەبۆوە و درێژەی دەخایاند, چونکە بارودۆخی بەرامبەری هێزەکانی وەهای دەخواست. لەلایەك؛ سیستەمیکی خاوەن دامودەزگا و کەلەپووری 5 هەزار ساڵە ـــ کە بەربلاوترین پیلانی لە کەسایەتی کورددا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مرۆڤایەتی دارشتبوو و پەیڕەوی کردبوو ـــ و راستی ژنی خولقاو لەودا لە ئارادابوو. لەلایەکی دیکەشەوە، گەلێك ـــ کە 15 هەزار ساڵ بەناوی گەلان و مرۆڤایەتی بەرهەمهێنەر و ئافرێنەر بووە و لە دەستپێکی پوختەبوونی کۆمەڵگا رۆڵی پێشەنگایەتی گێڕاوە, بەڵام دواتر لاڕێ کراوە و تێك شکێنراوە ـــ و سەرۆکایەتیەك بەناوی ئەوەوە دەرکەوتۆتە سەر شانۆی مێژوو. لە بارودۆخێکی وەهادا، ئامانج؛ شیکردنەوەی پەیوەندی هەزاران ساڵە و ئافراندنی گۆڕانکاری پڕبایەخی مێژووییە. قۆناخ, قۆناخی خەباتێکی وەها دژوار بوو. چرکەساتی مەرگ و ژیانی پیلانگێڕیەکی ئەرێنی و لە میانەی بووندا, نەرێنی لەئارادا بوو. بابەتی باس لێرەدا، مردنی ماددی ـ جەستەیی نەبووە. دژوارترین مەرگ, مردنی بەشێوەی

ئەنکیدۆ بوو. واتا چەشنێك مەرگ کە لەگەڵ خۆی ژن، پیاو، گەلێك و جوانیەکان و رۆحی دەکوشت. جۆرێك لەمەرگ بوو کە ژیانی لە مردن خراپتر کردبوو و حەزکردن، خۆشەویستی و تەواوی جوانیەکانی وێڕای خۆی خنکاندبوو و کوشتبووی. لەوانەبوو جارێکی دی ژیانی گەلێك لە کەسایەتی ژن و پیاوی کورد و لە گەردەنەی ئەستەمی بنەماڵە ــ ژن, لەنێوبچێ. لەوانەبوو لەلایەن سیاچاڵەکانی کۆمەڵگای کوردەوە, پەلکێش بکرێ. چونکە خواستی چارەنووسی هەزاران ساڵەی گەل و تەڵەی پیلانگێڕانی سیستەمی کۆمەلگای چینایەتی بوو کە هەر بۆخۆشی خولقێنەری ئەو چارەنووسە بوو.

ئەزموونێکی ئەشق لە کەسایەتی سەرۆکایەتی PKK دا بۆ گەلی کورد دەبێتە بەهایەکی زۆر گرنگ. بەڵام خەباتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بێ بەردەوامبوونی پەیوەندی دیالەکتیکی زاڵ و بەدیهێنانی گۆڕانکاری، سەرناگرن. لەنێو بردنی هەندێك پەیوەندی بەشێوەیەکی تراژیدیانە، لەپێناو بەرقەرارکردنی جۆرەکانی نوێ، زۆرە ملێیە. بێکردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە، هیچ کات خوداوەندەی ئەشق تێناگەیشترێت. ژن بەهیچ جۆرێك ناناسرێ. ئەوەی لەم پەیوەندیەدا رێگەچارەی بۆ بینرایەوە، مێژوو و چینێکی پتەو بوو. ئەوەی بابەتی باس بوو، کۆنترین پەیوەندی کۆیلانە بوو. لە مێژوو و راستی کۆمەڵایەتی گەلێکیش بەولاوەتر بوو. لێکدانەوەی بەمجۆرەی ئەم پەیوەندیە هەرچەندە رەنج و خەسارەتی زۆری بەدواوە بێت، زەمینەی گەیشتن بەرەو قووڵایی راستەقینەی ژن و لێکدانەوەی تۆڵەسەندنەوە بوو لە یاریکردنی دزێو بە لەخۆبایی بوون و شەرەفی مرۆڤی کورد بەدرێژایی هەزاران ساڵ. گەوهەری ژنێتی هەنووکەیی لە کەسایەتی ژنێك و هەروەها، پیاوێتیەك کە رێگەی لەبەردەم ئەم پەیوەندیە لە کەسایەتی سەرۆکایەتی PKKدا دەکردەوە، بەدڵنیایی دەکوژرا. وەڵامێکی دروست بەناوی مرۆڤایەتی، وڵاتپارێزی، یەکسانی و ئازادی، تەنیا بە کردەوەیەکی بەم شێوەیە دەدرایەوە. هەرجۆرە شەڕێکی نێو گەلان دژوارە. هەرچەندە ئەستەم و دژواریش بێت، کە ژنێکی وەهات لەدژی یەکێك لە سەرۆکەکانی بەکارهێنا، بە سوود وەرگرتن لەگەمەی سۆزانی پەیڕەوکراو بەدرێژایی هەزاران ساڵ، ویستت لاڕێی بکەیت، پێویستە وەڵامێکی پڕ بەپیستی ئەو پەسند بکەی. بەناوی مرۆڤایەتی، شکۆمەندی و بەناوی ئەشقەوە، بەرپەرچی بەکاریگەرترین ئامراز و شێوەکانی گەلەکۆمە مێژووییەکان درایەوە. بە سوود وەرگرتن لەشکۆی حەشاردراو و خنکێنراو لە گەوهەری ژندا، لایەنە دزێو و لاوازەکانی پیاو ئاشکرا بووە. پەیوەندی ژنی

نەزۆك و پیاو، کە لەتێکچوون و لاوازی هەزاران ساڵەی ژنان سەرچاوە دەگرێ و ژنان نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوەی بن، چارەسەرکراوە. پەردە لەڕووی ژیانی سۆزانیخانەکانی تایبەتی و گشتی هەڵماڵدراوە. ئەو جۆش و خرۆشە راستەقینە و گەورەیەی سەبارەت بەژن هەست پێدەکرێ، ئەوەی کە چۆن ژیان، قارەمانی بێ وێنە و ژن ـ پیاو دەخوڵقێنێ، خراوەتە روو.

هەر لەهەمان سەرەتای دەرکەوتنی PKK، بایەخێکی زۆر بەشەڕی ئاماژەپێکراو لەدژی ژنی کلاسیك ـــ پاشکەوتوو و بەکرێگیراو لە کەسایەتی فاتمە و لایەنە پاشڤەڕۆیەکانی پیاو دراوە و ئەشق وەدەست هاتبوو. ئەویتر لەسەر گەورەیی ژن و پیاو رەسەن ماوەتەوە. ئەوەی کە خوداوەندە بۆتە خاوەنی رۆڵەی بە ئەمەکی ئەم ئاو و خاکە ـ بەسوود وەرگرتن لەسەرجەم بەها شارستانیەتەکانی خۆی و لە سەرەوەی هەموویان ئەشق پێی گەشیتووە ـ لەلایەن سەرۆکایەتی PKK وە سەلمێنراوە. تیۆری و کردەوەی ئەشق دروست بەئەنجام گەیشتووە. ئەوانەی مەشخەڵی سەرکەوتنی ئازادیان لەدەستدا بێ، دەتوانن ببنە خوداوەندی ئەشق و لەم خاکەدا، کە بەرەنج و کۆششی خوداوەندی دایك رێگە لەبەردەم کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کراوەتەوە، ئەوانەی شیاوی ئەشق بن، ماڤ ژیانیان هەیە. ئەمانەن یاساکانی ئەشق لەم وڵاتەدا. ئەم یاسایە دەکەوێتە واری کرداریەوە. لەم واتایەدا خەباتی ئازادی ژن لەنێو PKK دا؛ خەباتی سەرلەنوێ خوڵقاندنی یاساکانی ئەشق لە پیرۆزێتی خوداوەندی دایك و ژندایە. لەڕێگەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ژن و ئەم خەباتە بەشێوەیەکی بەربلاو لەم ئاو و خاکەدا دەستپێکردووە. رێژەیەکی گرنگ بۆ جارێکیتر لەدایکبوونەوەی ئەشقی ئازاد لە خاکەکانی میزۆپۆتامیا وەدەست کەوتووە. سەردەمێکیتر گرێدراوی هەوڵدانی دروست و سەرکەوتنی مرۆڤەکانی خاوەن بانگەشە و پێداگرییە. چەمکی "ئەشق دەبێ مسۆگەر لەم خاکەدا ببووژێتەوە و لەم رووەوە شەڕی پێویست دەکرێ"، بەم چەمکەی لەزەمینی PKKدا ژن و پیاوی کردۆتە شەڕکەری گەورەی ئازادی و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی مێژوویی بەرچاوی هەم بۆ کۆمەڵگا و، هەم بۆ ژن و پیاو بەدیاری هێناوە.

کۆمەڵگا یان راستی کۆمەڵایەتی ژێرچەپۆکەبوون و تەنانەت پەرتەوازەیی، تێکشکان و لەخۆ نامۆبوونی گەلێك هەم چارەسەرکراوە و هەم ئاستێکی گرنگ لە ئافراندنی سۆسیالیزمێکی شیاوی ژیانکردن قازانج کراوە. راستی گەلی کورد کە تووشی بارودۆخێکی

دەرەوەی ژیـان و پارچـەبوون، تـا ئاسـتی بنەماڵـە، تایفـە و عەشـیرەت بووەتـەوە، ئاسـتی نەتـەوەیی لەوپـەڕی دواکەوتووییـدا هێشـتراوەتەوە و لـە هـەرکام لـە بوارەکـانی بەرهـەم، فەرهـەنگ، هونـەر و رۆح، لـە فشـاری چـینایەتی و کۆمەڵایـەتی بـەولاوەتر، رووبـەڕووی توونـابوون بۆتـەوە، لـە گەوهـەری خـۆی دوورخراوەتـەوە و لەمەترسـی توانـەوە لەبۆتـەی دوژمندایە، تێپـەڕیووە. کوردی چوار هـەزار سـاڵ لـە مەوبـەری گواسـتۆتەوە بـۆ ئـازادترین کۆمەڵگا. بەم واتایە PKK، لەبەرامبەر بزووتنەوەی بەربڵاوی دەرەوەی مرۆڤایـەتی و دژە مرۆییانەی ئیمپریالیست و کردەوە پاشقەڕۆییەکان و سەپاندنی خووی ئـاژەڵی، وەك بزاڤـی بەرگری و ئازادکردنی خـودی مـرۆڤ، ئافرانـدنی ئایـدیۆلۆژیای ژیـانی ئـازاد و میلیتـان و ژن وەڵامی داوەتەوە. لەبەرامبەر پیلانەکانی دوژمنانی گەل و سیتسـەمی کۆمـەڵگای چینایەتی پاڵپشت بە لێکدابڕانی گەلەکەمان لـە کۆمەڵایـەتیبوون؛ پێگەیشـتنی مرۆڤایـەتی، گـەلان و ژنـان لەگـەڵ گەوهـەری ئافرانـدنی ناسـنامەی ئـازاد، پێکهـاتووە. لـەم روانگەیـەوە بـە سـوود وەرگرتن لە چارەسەری کورد کە دەربڕی راستینەی قووڵیی لاڕێبـوونی مرۆڤایـەتی بـووە و جگە لە پێناسەی "مردوو یـان دێوانـە؛ نـاتوانن نـە بـژین و نـە بچنە گۆڕەوە" پەناگایـەك بەدی ناکەن؛ گەلی کورد وەڵام و پابەندبوونی بێ وێنەی سەبارەت بە مرۆڤایەتی، هـەروەك سەرەتای مێژووی خۆی نیشانداوە.

تەواوی ئەو ئاکامە مێژووییانەی پرسی ژن ـ کە دونیا لـە بـەرۆژەڤ کردنیـدا تووشـی زەحمەتی دەبۆوە ـ لەلایەن سـەرۆکایەتی PKK وە لـەڕێی تـاوتوێ کردنـی بوێرانـە هێـزی خولقاندنی چارەسەری ـ بەدەست هێناوە. لێگەڕین و توێژینەوەی راستیەکی لەم شێوەیە و ناسنامەیەك کە لەژێر سایەی یاسا، داب و نەریت، رەوشـتی سـەدان و هـەزاران سـاڵە و بـەرە بـــەرە پێوانـــە و هاوســـەنگی حقـــوق و سیاســـەت و بووژانـــەوە بـــەدی هـــاتووە، ســـەرەتا بوومەلەرزەیـەك بـووە کـە ڕاسـتی کۆمەڵایـەتی لەرزانـدووە. ئـەو راسـتیەی گـەل کـە تـەنیا بەشێوەی وابەسـتەبوونی ئـیرادەی خووگرتـوو و بـەگوێرەی ئـیرادەی زاڵ و پـەیڕەوی پێشـتر دیـاریکراو، پوختـە بـووە، هـەر لەهـەمان سـەرەتای شۆڕشـەوە پەسـند نـەکراوە. واتـە ئـەم شێوازەی ژیان راوەستێنراوە و زنجیرەکـانی کۆیلایـەتی پچـڕاون. چـونکە، راسـتیەکی وەهـای ژیانی بوو، کە هەرە زێدە لەو شوێنەی کە دەگـوترا "ئـەوەی لەدەسـتدا مـاوە، بنـەماڵ، ژن و ناموسـە" تەنانـەت شـتێکی کـە هیوابـەخش بێـت نـەمابۆوە. لەبەرامبـەردا، خـەباتێکی زۆر رادیکال دەستپێکرد و خەباتی سەرلەنوێ زاڵ بـوون بەسـەر ژیانێـك کـە راسـتی دەوڵـەت ــ

سیاسەتی داگیرکەرانەی پیاو و کۆمەڵگای چینایەتی، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژن و پیاوەکانی دزیبوو و هەروەها ئافراندنی ژیانی جوان و پێشکەوتووتر لە رابردوو تەشەنەی کرد. کۆتایی بەفەلسەفەی وەچەکوژی هێنرا کە کوردان بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەناوی مانەوەی وەچە تێیدا ژیاون. بەهاتنە ئارای ژن ــ پیاو، تەسلیم بوون لەبەرامبەر پەیوەندیەکانی سیستەم ــ کە واتایەکی نییە جگە لەکۆیلایەتی و تێداچوونی مرۆڤ ــ پەسند نەکراوە و بەپێچەوانەوە خەبات لەپێناو ئافراندنی ژنی ئازاد بایەخی پێدراوە. بەسوود وەرگرتن لەمە و ئەو خەباتەی لەو چوارچێوەیە گەشە دەکات، هەل و دەرفەت بەکەش و هەوای هزر و پەیوەندی ئازاد دراوە. وەك چۆن لەنێو ریزەکانی PKK تەواوی کون و کەلەبەرێك لەسەر واتا ئاساییەکانی پەیوەندی و ژیان لەنێو سیستەمدا بەستراوە، لە هەمانکاتدا هەمیشە دەرگاکان لەڕووی ئازادی کراوە بوون. خنکان لەبواری سۆزانی ـ کە ژن و پیاو لە هەرشتێك زیاتر لەم خاڵەدا یەکتریان فریوداوە ـ گرێکوێرەی مرۆڤی کورد بووە. رێگای پەرەسەندنی شیاوبوون و هێزی تاك و کۆمەڵ، لە پساندنی ئەم گرێکوێرە دایە. کردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیەی کوردان، وەها سەرنجی دراویتێ کەبێ ئەم بابەتە، پێشکەوتنی ژیانی ئازاد لەسەربنەمای خەباتی ئازادی ژن، بەدی نایەت. داوی تەنراو بۆ تەواوی ژنان و پیاوانی کورد، لە کەسایەتی سەرۆکایەتی PKK دا، بەم شێوەیە پووچەڵکراوەتەوە و رێگەی خۆشەویستی راستەقینە کرایەوە. تاك کە تەنانەت لەسەرەکیترین یەکینەی کۆمەڵایەتی لەخۆی دوورخرابۆوە، پشت ئەستوور بەئیرادەی ئازاد کەوتۆتە نێو قۆناخی ئافراندن. رەوتی سەربەخۆکردنی بیر و ئازادکردنی دڵ و هەست بۆ تەواوی کۆمەڵ، پێکهاتووە. لەڕاستیدا چاخی رۆشنگەری و رێنسانسی کورد، بۆ کۆمەڵگای کورد بەگشتی، دەستیپێکردووە. ئەشق کە لە کۆمەڵگای کورددا دامرکابوو و کوژرابوو، سەرلەنوێ کەوتنە رەوتی ئافراندن، ژیان جارێکیتر لەسەر ئەم خاکە بەناوی گەلان و ژن و پیاوی ئازاد کراوەتەوە، تەواوی جوانیەکان کە سیستەمی داگیرکەران، زلهێزان لە رۆح و چنگی گەلان و ژنانی زەوت کردبوو، بەم شێوەیە جارێکیتر بەدی هاتنەوە. لە کەسایەتی کادیری PKK دا، لە ئەندامانی پارتیەك و بەرە بەرە کۆمەڵگایەك حیساب خواستراوە، ململانێ مێژوویی بەرێبازی چارەسەری گەیەنراوە. لە کەسایەتی کادیردا، بۆ گەلی کورد و مرۆڤایەتی چی پێویست بووە دابین کراوە. بەرێکوپێك کردنی پەیوەندیەکانی ژن ــ پیاو،

لەنێو خۆی پارتیدا، هەنگاوی مێژوویی لەمەڕ خولقاندنی کۆمەڵگای نوێ و کشاندنی کۆمەڵگا بەگشتی لە کەسایەتی تاکدا بەرەو جوانیەکان، دروستی و چاکی، هاوێشتراوە.

پێشکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی ژن ــ کە لەنێو PKKدا دەستیپێکردووە ــ پەیوەندیدار بوو بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەر دیاردەیەك کە ژیان سووك دەکاتەوە و قرێژی دەکات. ئەمەش بەگرێدان بە پرەنسیپی دەست بەرنەدان لەجوانی و ئازادی پێشخستووە. بەر لەهەر شتێ تێکۆشانی رزگاریخوازی کوردستان تێکۆشانی وەڵامدانەوە بووە بۆ پرسیاری "چۆن دەبێ بژین؟" و لەم رووەوە ژن خراوەتە ناوەندی پرسیاری "چۆن دەبێ بژین". چونکە هەم سیستەمی داگیرکەری لە کوردستان و هەم سیستەمی سەردەستی پیاویش کە بەسەر دونیادا زاڵە، کاتێك کە ژیان قرێژ دەکەن، بێواتای دەکەن و دەیخەن ژنیان کردۆتە ناوەند. هەڵبژاردن و بووژانەوەی رێبازی ژیانی ئازاد لەبەرامبەر راستی ئەو ژیانەی لەلایەن سەرۆکایەتی PKK، هۆی بەژیان کردنی ئەو پرەنسیپە لەگەڵ ژن تا دواڕادە روون و ئاشکرایە، لەبەرئەوەی شکاندنی سیستەمی سەردەستی پیاو لەلایەن ژنەوە پێك دێت، کە زەمینەیەکە بەڕادەیەکی هەرە زێدە سیستەم لەسەری دەژی، خەباتێك کە بە پێشەنگایەتی PKK لە برەودایە، ئەمەی کردۆتە ئامانج. سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ژن کە لەنێوبراوە و بۆتە بوونەوەرێکی بێ بانگەشە و وەکو گەڵای زەرد و وشکی ژیانی لێهاتووە، لەسەربنەمای ئازادی و جوانی، خراوەتە ناوەندی پێشکەوتنی ئازادانەی ژیان. بۆ ئەم مەبەستە بەیەکگەیشتنی دووبارەی "ژن و ژیان" هاوشێوەی دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتی و وەکو خاڵی بنەڕەتی ئازادی پەسند کراوە. ئەمەش تەنیا بەلەنێوبردنی پیاوی سەردەست و ژنی کۆیلە و پاشکەوتوو کە ژن و ژیانی لێك ترازاندووە و لەیەکتری نامۆکردوون، مەیسەر دەبێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە سەرۆکایەتی PKK بەر لەهەر شتێك، لەژیاندا، هەڤاڵێتی و پەیوەندی دوور لە ژێر چەپۆکەبوون، گوشار و رێزگرتن لەسەر بناخەی یەکسانی و ئازادی، بەبنەما گرتووە. دروست وەك پێکگەیشتنی مرۆڤەکانی سەرەتایی و ئاشنابوونیان لەگەڵ یەکتری، هەوڵیداوە بگاتەوە سەرەتایەك کە ژیاری یاخود کۆمەڵگای چینایەتی قرێژ نەکردووە. ئەوەش شێوازی سەرەتاییەکی نوێیە دوور لەو چەوسانەوەیەی کە بەنرخی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دونیایەك لێواو لێو لە چەوسانەوە، تەواو دەبێ. ئەو شەڕەی کە لەدژی دونیای داگیرکاری دەستیپێکردووە، پێش هەر شتێك راستی ئەو ژنەی کە خولقاندوویەتی، کردوویەتیە ئامانج. بەبنەماگرتنی فەلسەفەی "ژن، چەندە ئازاد بێ

ئەوەندە ژیان واتادار دەبێ. ژیان لەسەر بنەمای ژنی کۆیلە، نزم و بێ بایەخە. ئەگەر خوازیاری جوانی و واتاداربوونی ژیان بێت، ژنی کۆیلە لەنێو ببە". لەڕێی دەربازکردنی ئەو ژنەی کە لەناوەرۆکدا پووچە و لەوڵات و کۆمەڵگای خۆی دابڕاوە و بەشێوەیەکی هەرە کەوتوو بەپیاوەوە گرێدراوە، بەڕەنگێکی هەرە ئازاد، هەرە ئیرادە، هەرە بەهێز بەیەك کردنی ژن و ژیان بە بەبنەما گیراوە.

سەرۆکایەتی PKK ویستوویەتی دووچەشن تایبەتمەندی کە بەدرێژایی مێژوو لەژندا بەشێوەیەکی پتەو سەقامگیر و بەرجەستە بووە، لەنێوببات و تایبەتمەندیەکی دیکە بخاتە روو. راستینەی رەگەز و زایەندی کە چارەنووسی ژنی وەك توێژێکی زوڵملێکراو، لەنێو کۆنترین و قووڵترین پێکهاتەی چینایەتی لەقەڵەم داوە و لەڕاستیدا زانیارییەکی ئەوتۆشی دەربارەی نییە، بێ لەبەرچاوگرتنی رووپۆشە رەوشتی و ئایینیەکان ئاشکرا کردووە. ویستی، مەیلی لەبڕان نەهاتووی ژن بۆ بەدەستخستنی تایبەتمەندی و ئازادی رەگەزی، تەواو بەپێچەوانەی بەکارهێنانی رەگەزەکەی وەك کاڵایەك، بەشێوەی رەوشتی ئازادی بەرجەستە بکات. بەمجۆرە خواستی ئەو ژنە لەنێوببات کە بەدرێژایی مێژووی شارستانیەت لەسەربنەمای ئیرادەی پیاو شێوەی گرتووە. ئەمەی لە رەهەندی فەلسەفییەوە بگرە تاکو رەهەندی کرداری، خستە بواری پراکتیکەوە و خوڵقاندنی ژنی ئازادی کردە ئامانج. مەرجی یەکەمیشی روونکردەوە کە گەیشتنی ژنە بە سێ دیاردەی سەرەکی کە بەردەوام لێی داپچڕاوە. مێشك، واتە هێزی بیرکردنەوە، ئایدیۆلۆژی، رۆح و خوشەویستی رەگەز. بەرەو پێشەوەچوونی پتەو و رێکوپێك بوونی نێوان ئەو سێ دیاردەیەی وەك خاڵێکی گرنگ بۆ ژن تاوتوێ کرد. لەم روانگەیەوە سەرەتا دارمانی ناسنامەی هەنووکەیی ژن و خوڵقاندنی ناسنامەیەکی نوێی وەك بناخەی سەرەکی شۆڕشی ژن لەقەڵەمدا، کەواتە لەنێو PKKدا تێکۆشانی رزگاریخوازانەی ژن بەر لەهەرشتێك دێتە واتای خەباتێکی شێلگیرانە لەدژی لایەنە دزێوەکانی ژن. ئامانج لەو خەباتە، مایەپووچکردنی گەمەکانی ژنی سیستەم بۆ تێکدانی هەوڵەکانی ئازادی، لەڕێگای تێکۆشان لەدژی دواکەوتووییەکانی باوە لەزەمینەی ژندا. بۆ ئەم مەبەستە خەباتێکی هەمەلایەنە لەبەرامبەر دواکەوتوویی و دارمانی ژن بەئەنجام گەیشتووە. سیستەمی سەدان ساڵەی فشار و داگیرکەری، هۆڤانەترین یاساکانی لەمەڕ ژنان پەیڕەو کردەوە و ئەشقی کوشتووە. تێکۆشانەکانی ئافراندنی ژن کە PKK هاوکات لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی بەڕێوەی بردووە، لەم بوارەوە تۆڵەسەندنەوەی

ئەو کوشت و کوشتارانەیە کە ئەو یاسا هۆڤانە بەدرێژایی مێژوو لەسەر ژنان پەیڕەویان کردووە. لەسەر بناخەی پرەنسیپی ئازادی و جوانی، جێگیرکردنی یاساکانی ئەشقی راستەقینەیە لەپێناو خولقاندنی ژنی ئازاد لەشوێنی ئەو یاسا هۆڤانە کە شوێنەوارێکیان لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو نەهێشتۆتەوە. بەم پێیە سەرەتا لەگەڵ لایەنە کۆیلە و مەترسیدارەکان، کە هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی ژنان، بەربەرەکانی کراوە. گەمە، تەڵە و داو و لاوازییە سۆزدارییەکانی نێو ناخی ژنان، لێکدراوەتەوە و وەك مەترسییەکی گەورە ناسراوە. بەڵام ئەوە نایەتە واتای دەست هەڵگرتن لە جوانیەکانی ژن. لەبیر ناچێ کە سیستەم بەردەوام لەبەرامبەر بانگەشە، ئامانج و جەنگاوەرانی ئازادی، کەڵکی لە لاوازییەکانی شاراوە لەجوانی ژندا وەرگرتووە. لەدیاردەی ژندا، کە بەهەزاران ساڵە دەستی لێبەردراوە و لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا مەحکومی کەم پەروەردەیی هێڵراوەتەوە و پێداویستی راهێنانی هەستی پێکراوە و لەبەرچاو گیراوە. بەگوێرەی پێویستی لەم پێناوەدا تیکۆشان بەڕێوە براوە.لەکاتێکدا ژیان ئازاد دەکرێت، مانەوە لەگەڵ ژن، خراوەتە ژێر لێپرسینەوە و لەئاکامی ئەو خەبات و لێپرسینەوەیەدا، دەرفەتی هاوڕێیەتی لەگەڵ ژن لە روانگەی سیاسی، رێکخستنی و لە دژوارترین دۆخی سەربازیدا سەلمێنراوە. هەنگاونان لەپێناو ژیانێکی مەزن، لە کەسێتی ژندا دەستپێکردووە. لەنێو PKK دا رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ژن خۆی لەخۆیدا رووبەڕوو بوونەوە بووە لەگەڵ ژیان. ژن بۆتە هێزی بانگدەر، وشیارکەرەوە و بارهێنەری ژیان و هێزی دەربازکردنی هەموو بێ حورمەتییەکانە کە سەبارەت بەژیان کراون. ژنی ئازاد، بۆتە ژیان و کۆمەڵگای ئازاد. لەئەنجامدا خولقاندنی ژن، وەك خەبات بۆ کردنی مرۆڤ بەمرۆڤ و شەڕکردنی پیاو بەمرۆڤ و خەباتی ئاواکردنی نیشتمانێك هەڵسەنگێنراوە و کەڵکی لێ وەرگیراوە. چونکە PKK هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە ژن ــ هەرچەندە قرێژ و دزێوکرابێ ــ لەچاو پیاو، خاوەن گەوهەرێکی لێهاتووترە. هەروەها پێی وابووە ئەو دیاردەیەی ئەشێ ژن جوان بکات، بایەخێکی سۆزداری و مەعنەوی تۆکمە لەخۆوە دەگرێت. بەڵگەنەویستە کە ئەو باوەڕییە رەگ و ریشەی لە قووڵایی مێژووی گەلی کورد دایە. فەرهەنگی دەوڵەمەندی خوداوەندی دایك لە سەردەمی نیۆلۆتیك، ئێستاش کە ئێستایە بە شێوەیەکی چڕوپڕ لەنێو دایکانی کورد دەبینرێ. ژنانی کورد بەو رادەیەی توانیبێتیان بانگەشەکەیان بپارێزن، لە گەوهەردا پابەندی و رێزگرتنێکی وەهایان بۆ ئایین، کولتوور و شێوازی ژیان لەژێر سایەی پیاو نەداوە.

لەسەرهەڵدان و رابوونی هەندێ جاریان لە بچوکترین دەرەفەتدا، دەتوانین دەرك بەوە بکەین کە ئەو بارودۆخەیان لەبەر داب و نەریت و فشاری ماددی و مەعنەوی پەسندکردووە. ئەو هێزەی ژن لە خواوەندەکان، واتە خوڵقێنەرانی کۆمەڵگای نیشتەجێبوو سەرچاوە دەگرێ. بەواتایەکیتر؛ چاوگەکەی ئەو کۆمەڵگا سەرەتایی و پرشنگدارەیە کە لە بەرەبەیانی مێژوو بەدەستی ژن ئاوابووە. گرنگترین هۆی ئەوەی PKK بەردەوام برەوی بەخەباتی ئازادیخوازی ژن داوە و گەیشتۆتە ئەو ئاستە لەبواری ئازادی ژن کە پلەی یەکەمی لەجیهان هەیە؛ دیتنی ئەو راستیە پڕشکۆییە، باوەڕ پێهێنان و لێگەڕینی رزگاری مرۆڤ هەر لەو شکۆمەندییە دایە. لەم رووەوە PKK هەرگیز ئەو زهنیەتە سەرکوتکەر و چەوسێنەرەی بەبنەما نەگرتووە کە پێی وایە "بێ دەسەڵاتی پیاو، ژیان نابێ". بگرە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو زهنیەتەی بە پێداویستی سۆسیالیزم زانیوە و سووربوون لەسەر سۆسیالیزمی بەتەواوی هێز سەبارەت بەم بابەتە نیشانداوە. سەرۆکایەتی PKK، کە شێواندنی سۆسیالیزمی بونیادنراو دەبەستێتەوە بە نیوەچڵ مانەوەی کێشەی ژن، پێداگری کردووە لەسەر ئەو بانگەشەیەی کە "لەشۆڕشی ئێمەدا ژن دەخوڵقێ" و ئەمە بەهۆکاری سەرەکی سۆسیالیزم دەزانێ. بێهێز مانەوەی ژنی، بەدرێژایی مێژووی شارستانییەتەکان، وەك رووداوێکی سروشتی، پەسندنەکردووە. دیاردەی ژنێتی وەك دیاردەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی نرخاندووە، کە هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان سەرهەڵدەدات. هەرچەندە ئەمڕۆکە ژنبوون لوتکەی تێکرمانی مرۆڤایەتیش بێت، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی گەوهەرێکە کە زۆر قرێژ نەبووە و لایەنە قرێژکراوەکانیشی دەشێ پاك بکرێتەوە، ئەگەر بێتو لە رێگای داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی ژنان، نزیکایەتی لێبکرێت، ئەوا بێ گومان هێز و جوانیەکی مەزن دەستەبەر دەکات. PKK کە سەلمێنەری ئەو راستیەیە چارەسەری تەواوی کێشەکانی کۆمەڵایەتی لەڕاستینەی ئازادی پێ هەڵگرتوو لەگەڵ ژن و حەقیقەتی ئەو کەسەدا دیوەتەوە کە سەرکەوتن بۆ خۆی بەڕەوا دەبینێ. وێڕای بووژانەوەی چەمکی "ژنی ئازاد، ژیان و کۆمەڵگای ئازادە" چڕکردنەوەی شۆڕشی بەبنەما گرتووە. لەو رووەوە، بڕوای بەپێویستی لەنێوبردنی ناهاوسەنگی نێوان پیاوێتی لەڕادە بەدەری پیاو، ژنێتی لەڕادەبەدەری ژن بووە. چونکە لە رەوشی کوردستاندا پێشکەوتنی ژنی ئازاد بەچەشنێکیتر مەیسەر نابێ.

خـەباتێکی شـیلگێڕانە و وەرچـەخێنەر لەسـەر ناسـنامەی ڕەگـەزی ئـەنجام دراوە، کـە بەدرێـژایی مێـژوو لـەڕووی راسـتیەکان داخـراوە و بـەرەو کـاری بێهـودە ئاراسـتەکراوە. هەوڵـدانی زۆر گــرنگ لــەپێناوی وەرچــەرخانی ژن لەســەربنەمای ئــازادی کەســێتی، ئەنجامـدراوە. ژنـانی بـێ خـاوەنی گـەلی بـێ خـاوەن خـوڵقێنراون. ئاسـۆی روانـینی ژن کـە تائێستا بە خاوەنەکانیـەوە, واتـە پیـاوان سنووداربوو، تێپـەڕێنراوە. لـەنێو PKKدا، تـەنیا ئـازادی دەتـوانێ خـاوەنی ژن بـێ، تـەنیا بـێ کۆتـایی دەتـوانێ ببێتـە خـاوەنی ژن. تـەواوی ناحەزی و پۆخڵەیی ژن، کە ژیانی بە خاوەنـە پێشووەکانی بەخشیوە، واتـە سـەرجەم ئـەو تایبەتمەندییانەی زەمینەی مەرگ خۆش دەکەن، بە وێنەی هەموو ئەو شتانەی دەبێ لەناو ببردرێـت، هەڵسـەنگێنراوە و تـا رادەیـەکی گـرنگیش لـەنێو بـراون. ژن هاوکـات لەگـەڵ بـێ خـاوەنکردنی خـۆی، بـەردەوام سـەبارەت بەدەسـتە بـەرکردنی ناسـنامەی ئـازاد و ناسـنامەی نەتەوەیی، سووربوون و بانگەشەی خۆی پەرەپێداوە و شکۆدارتری کردووە. بەم بانگەشەیە لـەو ژنبوونـەی ئـەوانیتر بـەکاریان هێنـاوە و خوڵقاندوویانـە، دەرکـەوتووە و شـانازی بـوون بـەژنی نیشـتمان و گەلەکـەی بەدەسـت هێنـاوە. لـە ڕەوشـی ژنـی تایبـەتی دەرکـەوتووە و کەوتۆتــە رێگــای میلیتــانێکی تێکۆشــەری کۆمەڵایــەتی گشــتی. فەلســەفەی "ناچــارێتی لەسەربنەمای بوونە ژنی, هەندێکیانی" تەفروتوونا کردوە، بەگوێرەی ئامانجـەکانی ئـازادی گەلێك، ئامانجە بچووکەکانی لەنێو بردووە. لەڕاستیدا بـۆ یەکـەمجار لەئاستێکی وەهادا کـە نــە لـە شۆڕشــە بـۆرژوازی و نــە لـە شۆڕشـە پرۆلیتاریاکانـدا بـەدی کـراوە، ژنێکـی ئـازاد و رادەیەك لە ئازادی ئەو ژنەی کە ئازادبووە دێتە ئاراوە کە گرێدراوی هـیچ پیاوێـك نـەبووە, ناســنامە و کەســایەتی خــۆی دەربڕیــوە و هەســت و رامــانی خــۆی وێــڕای تفەنگەکــەی واتــادارکردوە. لێــرەدا نــاڵێین خوڵقــاوە, چــونکە ئــەوە ڕووداوێکــی هەمەییــە. ژن لەهــەر شوێنێکی دونیا هەیە بەڵام بەشێوەی ژنـی ئـەم یـان ئـەو پیـاوە. ژن بـەئیرادەی گەوهـەری و ناســنامەی خــۆی نــابینرێ. لەوانەیــە لــەنێو PKK ەشــدا ئــەو جــۆرەی کــە دەخــوازرێ، خوڵقاندنی تەواوی ژن نەگەیشتبێتە ئەنجام، بەڵام دیسانیش گـەلێك پێشکەوتنی مێـژوویی سەرسووڕهێنەر وەدەست کەوتووە, ڕووداوێکی گەورەی خوڵقاندن لە ئارادایە. ئەوەی کە ژن هەنووکـە بـێ دەسـتێوەردانی پیـاو، خـۆی وەهـا ئـازاد بئـافرێنێ و پاڵپشـت بـەئیرادەی خـۆی بناخەکانی جوانی، ئەوین و ژیان دەستنیشـان دەکـات، لەسەرانسـەری مێـژوو و لـە ئاسـتێکی ئــەوتۆدا وێنــەی نــەبووە. هــەروەها تایبەتمەندییــەکی پڕبایــەخی ژنــی خــوڵقێنراوی نێــو

PKK ئەوەیە کە هیچ کات وەك موڵکیك هەڵناسەنگێنرێت و خۆی ناخاتە رەوشێکی وەهاوە کە ببێتە بابەتی موڵکایەتی. رزگارکردنی مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی لە بازنەی موڵکایەتی، کە بیانووی تەواوی کۆمەڵگاکانی چینایەتیە، لەئەنجامی فشار و کۆکوژیەکان، خۆی لەخۆیدا, حوکمی شۆڕشێکی هەیە بۆ مرۆڤایەتی. لەم دیدەوە لەنێو PKK دا دەرفەت بەهیچ چەشنە روانینێك نەدراوە کەژن سەرکوت دەکات، دەیخاتە ژێر فشارەوە، وەك کاڵایەك لێی دەڕوانێ، مامەڵەی پێدەکات یان دەخوازێ دووڕوو و ساختە باری بێنێ. بەپێچەوانەوە دەرفەت بۆ پێشکەوتنی بێ سنوور رەخساوە و دەرگا لە رووی ئازادی کە هۆکاری رزگاری و ئاشتیە، کراوەتەوە. هاوکات ئازادی بێ سنوور ژنیشی وەك نیشانەی رزگاری و کەش و هەوای ئاشتی نرخاندووە و بەم شێوەیە خوڵقاندنی ژنی بەبنەما گرتووە. ئەو هەوڵدانە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوە، وزەی پەنگ خواردووی ژن ئاشکرا دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، ئاستی خەباتی خوڵقاندنی ژنی ئازاد، ئەو تۆڕەی دڕاند کە بۆ ژنی نەتەوەیی کوردستان تەنیبوویان. لەمەوبەدوا ئیتر هیچ کەس ناتوانێ بەسەریەکیتردا زاڵبێت، کەس ناتوانێ بڵێ "ژن بێ کەڵکە، ژن دزێوە یان لاوازە و فرۆشراوە". یاخود "پیاوی کورد لاوازە کراوە" دۆخێکی لەمشێوەیە بەسەر چووە. لەئاکامی تێکۆشانێکی وەهادا ژن و دڵی ژن بەدەست خراوە، جوانییەکان سەرکەوتوون و راستەوخۆ بەدیهاتوون. بڕوایەکی مەزن بەژن و سەرکەوتنی بێ چەند و چوونی لەژیاندا هاتەئاراوە. ئەو خوڵقاندنە پەرەی سەند، قووڵبووە و بەشێوەیەکی بەربڵاو درێژەی هەیە. ئیدی ژن، رۆژی رووناك بەخۆوە دەبینێ. ژن ئەو هێزی تێگەیشتنە بەدەست دەخاتەوە کە بەتەواوی لێی بێبەش ببوو . ژن کە نەیدەتوانی بێ مۆڵەتی مێردەکەی لەماڵ دەرکەوێ، چ دەگات بەوەی بگاتە ترۆپکی چیا سەرکەشەکان، هەنگاوی لێگەڕین تا بێ کۆتایی هەڵناوە. ئەو ژنەی هەتا دوێنێ نەیدەتوانی هەناسەبدات، ئەمڕۆکە لەنێو PKK دا, بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ.

هاوتەریب لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازی ژن کە لەنێو PKK دا بەئەنجام گەیشت، لە کەسایەتی پیاوی کورد بەتایبەتی و تەواوی پیاوان بەگشتی ئاکامی بەنرخی مێژوویی بەدەست کەوتن. PKK , پێش ئەوەی وەك کێشەیەکی ژنان لەمەسەلەکە بڕوانێ، وەك گرفتێکی پیاوان چارەسەری بۆ دۆزیەوە. ئازادبوونی ژنیشی وەك دەرفەتێکی گەورە بۆ پیاو تاوتۆی کردووە. چونکە ئەو راستیە مێژووییەی کە هەم ژن و هەم پیاوی مەحکومی بێ

هێــزی و نــەتوانین کــردووە، بەگەیشــتنی پیــاو بەدەســەڵات لەســەربنەمای نایەکســانی دەســتپێکردووە. لەگــەڵ بــەهێزبوونی پیــاو، پایگایــەك وەك یەکــەمین گۆڕەپــانی کــرداری لەبەردەم مرۆڤەکان دروست دەکات. پایگایەکی چۆن؟ یا ئــەوەتا لەڕێگــەی پڕوپاگەنــدەی لــە رادەبــەدەر و هــەموو بــێ ئەزموونیــەکانی، خــۆی وەك کەســایەتیەکی مەعنــەوی دەناســێنێ، یاخود بە ئامرازەکانی پەیڕەوکردنی فشار و زۆری و چەوساندنەوە، مرۆڤــەکان لاواز دەکــات و تێدەکۆشــێ بۆئــەوەی بەخۆیانــەوە گــرێ بــدات. هێــز و دەســەڵات بــەم شــێوەیە لــە پیــاودا بەرجەستە دەبێ. ئەوە لە ژندا رەهەندێکی زۆر سامناکتر بەخۆوە دەگرێت. بــەمجۆرە پیــاو هەرکە هێزی لە کەسایەتی خۆیدا بەناوەند کرد، هەڵسوکەوتی لەگــەڵ ژن زۆر ناهاوســەنگ و سامناك دەبێ و شێوەی کەڵەکەبوونی ماڵی بەخۆوە دەگرێت. رەهەنــدێکی پــێ بەخشــیوە کە لەڕاستیدا جێگەی دان پیانانە. ژن لە دۆخــی کۆیلەبوونــدا بەتونــدی تێــك دەشــکێنێ. لــە پێنــاوی ســەپاندنی ئــەگۆیزمی خــۆی، هــەتا بتــوانێ ژن لاواز و بــێ ئــیرادە دەکــات و دەیکاتــە یارییــەك بەدەســتیەوە و بەخۆیــەوە گرێــدەدات و دەیکاتــە ســەگێکی جــوانی خاوەنەکــەی. لەبەرئەوەی بەم کــارە تێــر دەبــێ، بۆیــە شــانازی پێــوە دەکات. رەوتــی هــەموو کۆمــەڵگاکانی چــینایەتی لەهــەر بارودۆخێکــدا بــەم شــێوەیە بــووە، وێــڕای قووڵبوونــەوەی کۆمــەڵگای چینایەتی، بەشی هەرە زۆری هێز لە پیاودا بەناوەندی دەبێ. لەگەڵ کەڵەکەبوونی هێــز لــە پیــاودا، هێــزی ژن بەتونــدی لەنێودەچــێ . لــەم ســەردەمە مێژوویــیەدا، کولتــووری پیــاو کــە دەبێتە مایەی تێکڕووخانی ژن، پەلوپۆ دەهاوێــژێ. هەربۆیــە ســەرۆکایەتی PKK خــەریك بــوون لەگــەڵ کێشــەی لێکدانــەوە، دەرخســتنە روو و تێکــدانی ئــەم راســتینەیەی پیــاو و سەرلەنوێ پێناسەکردنی بە پێداویستیەکی گــرنگ زانیــوە. بــۆ ئــەم مەبەســتەش خــەباتێك، هاوتــای دژواربــوونی خــەبات لــەدژی لایەنــە پاشــکەوتووەکانی ژن، لەبەرامبــەر شــێوەگرتنی پیاوی کۆن، دواکەوتوو و داگیرکــەر ئــەنجام دراوە. دیــارە ئەگــەر پیاوێــك، ژنێــك بخاتــە ژێــر دەســەڵاتی خۆیــەوە، قــەت نــاتوانێ بگاتــە پێوانــە دیمــوکراتی و سۆسیالیســتیەکان. بۆیــە نەشــتەرکردنی پیــاوی سەردەســت و کلاســیك و، شــیکردنەوەی هەســتەکانی و هــەروەها مــەزنکردنی و پــەروەردەکردنی پێداویســتیەکە. ســەرۆکایەتی PKK ئــەو رووداوەی لــە کەسایەتی خۆیــدا پێکهێنــاوە. لــە کەســایەتی خۆیــدا ژنــانی کۆمــەڵگای بارهێنــاوە. پیــاوێتی شیکردۆتەوە و پیاو یان بە واتایەکیتر رامان، رۆح و هەســتی پیــاوی سەردەســتی کوشــتووە و ئەمەی وەك پرەنسیپێکی سەرەکی سۆسیالیزم لەقەڵەمداوە. چونکە کوشتنی پیــاو، کوشــتنی

دەسەڵاتە. کوشتنی زاڵبوونی یەك لایەنە و نایەکسانە. لێرەدایە کە ڕەشبینی دەکوژرێت. تەنانەت بەرەبەرە فاشیزم, دیکتاتۆری و سەردەستیش دەکوژرێ. لێکدانەوە و دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی خوڵقاوی دەستی پیاوە, گۆڕانێتی بە ئامرازێکی هاوسەنگ لە داهاتوودا کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل دەکات.

کۆمەڵگای ئەمڕۆ، بەڕاستیش کۆمەڵگای زاڵبوونی پیاوە و ئەوەش زیانی گەورەی لە ژیاندا بۆ مرۆڤایەتی بەدواوە بووە. پیاو بەڕاستیش لەسەر ژن زاڵە و تەنانەت یەك لایەنە دەدوێ. لەگەڵ هاتنە ئاراوەی باسی ژن , 99,9٪ پیاوان دەڵێن "سۆز، نامووس وماڵی منە و دەبێ هەر بەمجۆرەش بێ". فەلسەفەیەکی وەها زۆر مەترسیدارە. چونکە ئەو ژنەی 99٪ی موڵکی پیاو بێ، لەنێو کۆمەڵگادا بەکەڵکی چ دێت؟ چ خزمەتێك بەوڵاتپارێزی دەکات؟ ئایا ژن شتێکی دەمینێتەوە کە بتوانێ لەپێناو وڵاتپارێزی، ئازادی، ڕێکخستنی، تەبایی و تەنانەت ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ئەرکێك ڕاپەڕێنێ؟ ژنێکی وەها شتێکی نییە پێشکەش بە کۆمەڵگا و نەتەوەکەی بکات. پیاویش شتێکی بۆ نەماوەتەوە تاوەکو بیدات. هەروەك چۆن ژنی ئێستا ڕووبەڕووی کۆیلەبوونێکی سامناك بۆتەوە، پیاوی ئێستاش ڕێگای لەبەردەم زاڵبوونێکی سەرسووڕهێنەر کردۆتەوە. بارودۆخی پیاوێك لە کوردستان کە بەم شێوەیە داڕووخاوە، زۆرتر PKKی بەرەو ئەم بابەتە ڕاکێش کردووە. ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە پیاوی ژێرچەپۆکەی سیستەمە سەرکوتکەرەکان هەموو ڕقوکینی خۆی لەسەر ژن واڵا دەکات. لەبەر ئەوەی کەسایەتیەکی زۆر دژبەرە، تەنانەت دەیەوێت سەرچاوەی ئەوینەکەی لەژندا ببینێ. خوازیاری ئەشقە، بەڵام دەیکوژێت. لە ڕەوشی ئەشقدا مەرگ بەدی دەکرێ. PKK ئەو پیاوەی بەتەواوی بێچارەی بینی و هاوکات لەگەڵ بێچارەبوونی شیکردنەوەی وەها پیاوێکی بە قەد شیکردنەوەی ژن بەگرنگ بینی. زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان بەسەرنج بەوەی کە پشت ئەستوورن بە دەسەڵاتی پیاو، لێکیاننەداوەتەوە و ڕەخنەیان نەکردووە. پیاو مەگەر کەسایەتیەکی سۆسیالیستی پێگەیشتوو بێ، دەنا بایەخ بەو بیروڕایە نادات دەسەڵاتەکەی بخاتە ژێر مەترسیەوە. نایەوێ خۆی بکاتە بابەتی ڕەخنە. ئەم دۆخە، دۆخێکی بەتەواوی دەروونگەرایە لە پیاودا. دروست لێرەدا پێویستی گۆڕانی پیاومان بۆ دەردەکەوێ. ئەوەی سەرۆکایەتی PKK ئەنجامی داوە، تاوتوێ کردنی ڕاستەقینەی ئاماژە پێکراوە لە ئاستێکی بێ وێنە لەدرێژایی مێژوو کە لە ڕێگەی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و نرخاندنی قووڵ و بەرچاو ئەنجامی داوە. پێشخستنی ڕێژەی بەربڵاوی

رەخنـــه و شـــیکردنەوەی راســـتی پیـــاوی ئەمڕۆکـــه لەلایـــەن ســـەرۆکایەتی PKKوە لەسـەربنەمای خـەباتی ئـازادی و بـەو بڕوایـەی ئەگەرچـی سیسـتەمی داگیرکـەر بەهـەزاران ساڵه پیاوی بـێ کەسـایەتی هێشـتۆتەوە، دیسـان ئـەتوانرێ پیـاوی بـاش بخـوڵقێنرێ، ئاکـامی پڕبایەخی مێژوویی بەدواوە بووە. رزگـارکردنی پیـاو بەتایبـەتی ئـەو پیـاوەی لـه روانگـەی رەگەزییەوە خۆی بەپیاو دەزانێ و بـەو خەیاڵانـەی لـه مێشـکی دایـه و لـه روانگـەی پێوانـه رەوشـتییەکانی و نـەبوونی هـزرەوە، وەکـو مـەرجی سـەرەکی رزگـاربوونی کەسـایەتی پیـاو لەنێو PKK دا پێشکەش بەتەواوی پیاوانی کورد کـراوە. کوشـتنی پیـاوی کۆنەپەرسـت، بـۆ بەدیهاتنی ژیانێکی نوێ، وەك خاڵی سەرەکی ئاماژەی پێکراوە، سـەرۆکایەتی PKK سـەرەتا ئەمـەی لـه کەسـێتی خۆیـدا بـۆ پیـاوانی کـورد خوڵقانـد، کـه ژن سـەرکوت ناکـا و پیـاوێتی دەسـتکردی خـۆی لەسـەر ژنـان ناسـەپێنێ. تـا ئـەو جێگایـەی ئـەو پێوانانـەی لـه کەسـێتی سـەرۆکایەتی PKK خۆنیشـاندەدەن بـۆ پیـاو، پێشـەنگایەتی هاوسـەنگییەکانی گـۆڕانی کۆمەڵگایه، بەڕادەی ڕاستی کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی بۆته کۆسپێك لەبەرامبـەر فشـار و زۆری له رادەبەدەری پیاو.

دلێرترین پیاوی کورد، هەرکه ژن پێی نایه گۆڕەپانەوە، دەفەوتێ. پیاوی کـورد، ژنـی کردۆته هاوسەری خۆی، لەکاتێکدا بۆخۆشی لەلایەن جیهانەوە بۆتـه هاوسـەر و کۆیلـه، یـان بەواتایەکی دیکه خاوەنی راستیەکی بێ ئیرادەیه. سەرۆکایەتی PKK ئەو چەشـنه پیـاوەی لـه تەشـەنه سـەندنی کۆلۆنیـالیزم و دارمـانی نەتـەوەیی، تـا ئـەو رادەیـه ـــ هەرچـەندە دژبـەریش دیاربکـات ـــ دیتـووە. بەتایبـەتی فەلسـەفەی شـیزۆفرینی پیـاوی کـوردی لـه گەرماگەرمی ئەو سەردەمەی خەباتی PKK ناسیوە کـه هـەم پیـاو و هـەم ژن توونـا دەکا، هێـزی پـێ نابەخشـێ و بـەناوی ئەشـق، حـەزکردن لـەنێو دەبات، لەهەمانکاتـدا رەخنەشـی کردوە و ئەلتەرناتیفی ئایدیۆلۆژی ـ فەلسەفی بـۆ دانـاوە. بـەجێگای حـەزکردنی رەمـەکی و تێکدەرانـه پێوانـەکانی هەڵسوکەوتی پیـاو لەگـەڵ ژن، خۆشەویسـتی ژن و پێکـەوە ژیـانی دەسـت نیشـانکردووە. بـەبێ پەرەسـەندنی پێوانـەکانی پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو رەگـەز لەسـەربنەمای هەڵسوکەوتی دروسـت، بەشـێوەیەك کـه خزمـەت بەچـۆنیەتی ژیـان بکـات، لەلایـەنی کردارییـەوە پێشـکەوتووە. نهێنی پێکەوەبوونی هـەزاران کـچ و کـوڕی لاو لەسـەر چیاکان، بێ ئەوەی پەیوەندییەکی وەك ژن و پیاوی کلاسیکیان هەبێ ـــ کـه ئێسـتاش دونیـا وەك مەعجیزەیـەك تەماشـای دەکـات ـــ هـەروەها سـەرکەوتن لـه بـەڕێوبردنی تێکۆشـانی

بێوچـانی ئـازادی لەوەدایــە کـە PKK هــەر لەســەرەتاوە هەڕەشــە و دەســەڵاتی پیــاوی پووچەڵکردۆتەوە کەمایەی مەترسی بوو بۆسەر ژیان. بـە پێشکەشـکردنی پـرۆژەی گـۆڕینی پیاو، ژیان لەگەڵ پیاو سـەرلەنوێ پیلانـی بـۆ داڕێـژاوە. بەدەرخسـتنی ئـەو پرۆژەیـە هـەوڵ دراوە، پـێش لـە تێکچـوونی پیـاو بەدرێـژایی مێـژوو بگیردرێـت. بـە تێـڕوانینی" ژنــی پێگەیشتووی کورد، پیـاوی پێگەیشتووی کـوردە" ژنـێتی پاشـکەوتوو کـە پیـاوێتی دەسـتکرد وەك گونجـاوترین دۆخـی ژیـانی دەبـینی، لـە روانگـەی فەلسـەفیەوە کـوژراوە. ئـەو خاڵانـەی باسمـان کـرد هەلومـەرجی ژیانیـان بـۆ پیـاوی کۆنەپەرسـتی نێـو PKK تـەنگ کـردووە و ناچاری کردووە لەسەربنەمای پێوانەکانی ژیانێکی نوێ خۆی بونیاد بنێتـەوە. سـەرەتا پیـاو بـەرەنگاری ئـەو بارودۆخـە بـۆوە وهەڵوێسـتی نیشـاندا. پیـاوی دواکـەوتوو ــ پـاوانخواز کـە غـروری پەسـندی نـەدەکرد ژن لـە رووی جوانییـەوە هەڵسـەنگێنێ و راهـاتبوو بەچـاوێکی سووکەوە لەژن بڕوانێ، دوای دەربازکردنی خولێکی گرنگی خـەبات و لـە ئاکامی سـەپاندنی پێوانەکانی ژن لەلایەن سەرۆکایەتیەوە، فێربوو لەگەڵ ژن بژی و خۆشیبوێت. ئـەو پیـاوەی بە هەزاران ساڵ راهاتبوو ژن بێ ناسنامە، ئیرادە و رێکخستن ببینێ، شـتێك کـە تـا رادەیـەك زۆر زەحمەتی پێوە دەبینی، ئەوەبوو کە ژن خاوەن کەسایەتی بەحساب بێنێ. پیاو، شـتێکی وەها بەسانایی داناقورتێنێ. لەئاکامی خـەباتێکی زۆر دژوار و مانـدوو نەناسـانە کـە PKK دژی پاشـکەوتوویی ژن و پیـاو ئـەنجامی داوە، دەسـتکەوتێکی وەهـا دەرکەوتۆتـە روو. لـە واتایەکیتردا پیاوێك خوڵقاوە کە؛ پێش هەموو شتیك ژن بەخاوەن ناسـنامە، ئـیرادە، هێـز و هەروەها رۆح و سۆز ببینێ و فێربـێ وەك مـرۆڤ لێـی بڕوانـی کـە واتـا بـەژین دەبەخشـێ و ئەوپەڕی رێز و حورمەتی بۆ دانـێ. لـە گۆڕەپـانی PKKدا، خزمـەت بـە پڕۆسـەی رزگـاری ژن، کـە هـەموو ئازادیـەکانی لەلایـەن پیـاوەوە پێشـێل کـراوە، وەك رێبـازی لـەنێو چـوونی نارەحەتیـەکانی پیـاو ئامـاژەی بـۆ کـراوە سـەبارەت بـە لـە دەسـتدانی ئـەو بارودۆخـەی ژنـی خسـتبوە بـن دەسـەڵاتی خۆیـەوە. لـە جەنگـەی شـەڕی ئازادیـدا بەسـەلماندنی ئـەوەی کـە هـەڤاڵێکی دروسـتە، بـەرەو کـردەوەی راسـتی دەربـڕینی هـۆگری سـەبارەت بـەژن، مـەیلی هەبووە. رێگە چارەیەك کە بەگوێرەی راستینەی گەلی کورد، لەسەربنەمای چەمکی "پیاو دەبێ هەڤاڵی ئازادی ژن بێ، نەك ئاغـا و پەناگـە و مێـردی وی" دۆزراوەتـەوە، تێکنەشـکانی هێـزی جەسـتەیی و مەعنـەوی پیـاوە. لەلایـەکی دیکـەوە، ئـەوە واتـای دەرفـەت نەدانـە بەپێوەبوونی پیاو لەو تۆڕەی کە لایـەنی دزێوی، لاواز و تێکچووی ژن بـۆی ناوەتـەوە. بـەم

پێیە هەڵسوکەوتی سووك و هەڵخەڵەتێنەرانەی هەردوو لایەن بەگشتی و نزیکبوونەوەی سەرکوتکەری پیاو سەبارەت بەژن ـ جا خاوەنی چ پلە و پایەیەکیش بێ ـ وەها لەنێو PKK دا، زەبری بەرکەوتووە کەهیچ کات دەرفەتی سەرهەڵدانەوەی نەبێت. هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە کە رامان و خوو و خدەی پاوانخوازی پیاو، خاشەبڕبووە. بەڵام شێوەبەندی خستنەبەر لێپرسینەوە لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی (باڵادەستی) پیاو، بەتایبەت لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستاندا کە لە ئەنجامی هۆکاری شکست و سەرنەکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، پیاوێتی دەستکرد بەشێوەیەکی بەرچاو تێیدا تەشەنەی سەندووە، سەرکەوتنێکی وەها نییە، بچووك ببینرێ. لێگەڕینێکی سەرەتایی بەدوای پێوانەکانی رەوشتی، کەسایەتی و ژیانێکی نوێ، نزیك نەبوونەوەی وەك پێشوو لەژن، رێزگرتن و پەسندکردنی ـ وەك رەگەزێك کە لەهەموو لایەنەکانی ژیان بێ بەش کراوە ـ نرخاندنی وەك پێشەنگی ژیان لەلایەن پیاوی کوردەوە پێشکەوتنێکی گرنگ و بەرچاوە. ئەوە یەکێك لە شکۆدارترین سەرکەوتنەکانی PKK یە لە رەوتی تێکۆشانی ئازادیدا. لەلایەکەوە؛ لەلایەنی گەیشتن بە گەوهەری راستەقینەی ژنی کوردیش کە پێشەنگی شۆڕشی نیۆلۆتیك بوو، بە تەواوی واتادارە. ئەو دەستکەوتەی بووە مایەی سەرکەوتنی بەم شێوەیە، ئاکامی تاوتوێ کردنی ئاستی خەباتی ئازادیخوازییە لەڕەوتی شەڕ لە پێناوی گەیشتنی ژن بەخود لەگەڵ گەیشتنی دووبارەی پیاوی تێکشکاو بەخود. پێکگەیشتنی سەرلەنوێی پیاو بە ژنی ئازاد لەسەربنەمایەکی وەها، پڕبایەخ و واتادارە. لێرەدا دەسکەوت، پێوانەکانی رەوشتی و خۆشەویستی و ژیانی نوێیە. ئەو کۆمەڵگایەی ژن لەنێو دەبات، بۆتە بابەتی رەخنە و کەوتۆتە قۆناخی سەرلەنوێ بونیادنانەوە. ژن و پیاوێك لەسەر ئەو بنەمایە خوڵقابن، دەبنە هێزێکی پتەو لەبواری ژیانی نوێدا.

# بەشداربوونی ژن لەقۆناخی شۆڕشی نەتەوەیی و سەردەمەکانی پێشکەوتنی جوڵانەوەی ژنی ئازاد

ئاستی پێشکەوتنی پارتییەك، لە ئایدیۆلۆژیەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ. سەرۆك کە لەئاستی هەرە ژووردا نوێنەرایەتی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی لە ئەستۆیە، پراکتیزەکردنی سەرجەم لایەنەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و....هتد لە ژیانی خۆیدا بەرجەستە دەکات. لەم چوارچێوەیەدا، هەڵسوکەوتی جووڵانەوەی PKK سەبارەت بە ئازادی ژنیش، ئاشکرا لە پەیوەندی نێوان سەرۆکایەتی پارتی و ژن، دەردەکەوێتە روو. سەرۆکایەتی PKK کە ژن بەرەو ئازادی پەلکێش دەکات، سەرۆکی تەواوی ژنانی بەخۆباوەڕ و لێگەڕی ئازادییە. ئەو دەسکەوت، ئەزموون و بایەخانەی پارتی ژنان پێی پشت ئەستوورە، لەئاکامی تێکۆشانی سەرۆکایەتی، لەکەسایەتی خۆی لە بەرامبەر پیاوێتی کلاسیك و لە کەسایەتی فاتمە لەبەرامبەر راستەقینەی ژنی کۆیلە، هاتۆتە ئاراوە. ئەو تێکۆشانە لەڕووی بابەتییەوە، لەبەرامبەر شکستی تەواوی ئەو ژن و پیاوانەی لە گەوهەری راستەقینەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، سەرکەوتنی کەسایەتی ژن و پیاوی ئازادە. ئەو ئاکامە، سەرەتا ئاستێکی حیزبی و دواتر کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینیوە. هەربۆیە پێناسەکردنی وەکو تێکۆشانی بونیادنانەوەی PJA و تێکۆشەری ئازادی ژن، دروست و گونجاوە. ئەگەر ژنی کۆیلە ـ سیخوڕ، لەم تێکۆشانەدا، ئەگەر سەرۆکایەتی PKKی بەبن خستبایە، ئەوا ئەوکات میلیتانانی ئازادی و ئاستی خۆڕێکخستن کردنی ژنان لە قۆناخی پارتی بووندا، لەئارادا نەدەبوون. چونکە کەسایەتی ئەو ژنە دواکەوتووەی لە کەسێتی فاتمەدا شیکراوەتەوە، نیشاندەری بارودۆخی گشتی ژنە کە لەنێو سیستەمی دەسەڵاتداری رۆژگاری ئەمرۆکەماندا شێوەی گرتووە. ژنێتی بەوجۆرە بۆتە هۆی لەنێوچوونی هەزاران ساڵەی رەگەزەکان و گەلان. لەم روانگەوە، شیکردنەوەی کەسایەتی ژن و پیاوی کلاسیك و کۆسپ نانەوە لەبەردەم خەراپەکارییەکانیان لەم واتایەدا تێکۆشانی دە ساڵە و ژیان لەگەڵ فاتمەدا، زەمینەی رێگای ئازادی ژن و هەروەها رێی ئازادی کۆمەڵایەتی تابێ کۆتایی خۆشکردووە.

شکستی فاتمە ـ کە لەبنەماڵەیەکی سیخوڕ و خۆفرۆشی کوردستان بوو و خوازیاری ئەوە بوو سەرجەم هێز و تایبەتمەندیەکانی ئەو توێژە بکاتە مولکی گەلی کورد و بەمەبەستی تێکدانی دەزگای سەرۆکایەتی و سیاسەت و بەهاکانی ئەو دەزگایە بەکرێگیرابوو ـ لەلایەن سەرۆکایەتی PKK ەوە؛ لەهەمانکاتدا شکستی سیخوڕی داسەپاو بوو بەسەر کەسایەتی ژن لە دژی مرۆڤایەتی، گەلان و جوانیەکانیش. بەڕێوەبردنی هەرچەشنە شەڕێکی نێو گەلان دژوارە. وەڵامێکی گونجاو بەکردەوەی سیستەم لەسەربنەمای بەکارهێنانی ئەو جۆرە ژنە دراوەتەوە، کە لەدژی سەرۆکایەتی گەلێك کە لە بارودۆخی دژواردا بوو لە ڕێگەی پیلانی ڕەگەزی کە هەزاران ساڵە پەیڕەو دەکرێت هەوڵی لاڕێکردن دراوە. ئەوەش بۆتە هۆکاری خولقاندنی PJA و میلیتانی ژنی ئازاد. ئەگەر بەم شێوەیە لەمەسەلەکە بڕوانین، دەبینین مێژووی PJA؛ بەکەڵك وەرگرتن لەئاستی باڵای ئازادی نێو ژنان، مێژووی ڕووخاندن و پاشەکشەپێکردنی ئەو کردەوە سیخوڕی و لاوازیانەیە کە سیستەمی چینایەتی بەگشتی و نوێنەرەکەی لەپلەی هەرە ژوورەدا واتە سیستەمی سەرمایەداری، لەناخی ژندا خولقاندوویەتی. لەم قۆناخەدا لەسەر ناوی مرۆڤ، شکۆمەندی و خۆشەویستی وەڵامی شێوازەکان و بەکاریگەرترین کەرەستە دراوەتەوە کە پیلانەکانی مێژوو دژی گەلان بەکاریان هێناوە. لەسەر ئەم بناخەیە ژن بۆتە؛ چەکی ئازادی، جوانی و ژیانی درەوشاوەی گەلان. لە شوێنی کوشتنی ژن و لە کەسایەتی ویدا کپکردنی کۆمەڵگا بەدەستی سیستەمی داگیرکەری پیاو، بووژانەوە، لەشوێنی کەوتن و داڕووخان، بەزرکردنەوە و لەجێی دزێوی و بێ ڕەوشتی، ڕەوشتی ئازادی ئافراند.

بەمجۆرە، مێژووی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی ژن کە لەسەرەتادا دوور لەهەر چەشنە دیدێکی ڕەگەزی هاتە نێو ڕەوتی تێکۆشانەوە، بەرەبەرە ئەزموون وانەیەکی گرنگی بەدەست خست. یەکەمین ڕێکخراوی تایبەتی خۆی بەناوی YJWK (یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان) ئاوا کرد، بەئەرتەشبوونی ئەنجام دا. دواتر ئەو ڕێکخراوە گۆردرا بە YAJK (یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان) و لەئاکامدا خۆی گەیاندە ئاستی بەپارتیبوون بووە بابەتی باس. دەتوانین بڵێین مێژووی خەباتی بەرەو پێشەوەبردنی هەنگاو بەهەنگاوی هێزی ڕێکخستنی ئەو بانگەشەیەیە "ئازادی و ژیان لە ژندا بەدی دەکرێ". مێژوو سڕینەوەی ژنی کۆنە لە ڕامان، ڕۆح و بنەماڵە و کولتووری ساختە لەنێو کۆمەڵگا و گەیشتنە بەژنی ئازاد. مێژوو، واتە سەلماندنی ئەوەی هەر ژنێك پاڵپشت بەجۆش و

خرۆشی ئازادی و شەڕ لە پێناوی ئەم ڕێبازەدا، دەتوانێ ببێتە شەڕڤانێکی گەورە یان بەپشتیوانی سەدان شەهیدی قارەمان گەیشتنە بەئاستی خەباتێکی لەم چەشنە. هەوڵدان لە پێناوی گۆڕینی ژن بۆ سەرچاوەی ژیانێکی زۆر پتەو، هەنووکەش بەهەمووو هێزیکەوە درێژەی هەیە. مێژوو، خۆئافراندنی کەسێتی ژنە لەئاکامی هەوڵدان و تێکۆشانی خۆی، بوونە بەلایەنێکی ئازاد و بڕیاردەری ژیان، هاندەری پێوانەکانی مایەی پەسند و ڕەتکردنەوە و بەدیهێنانی هێزی خۆڕاگرییە لەبەرامبەر هەلومەرجی فشار و نایەکسانی ڕەها. قۆناخی خولْقاندنی ژنێکی وەهایە کە هەر لە سەرەتاوە بۆ خۆی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیاریداوە، بەکەڵك وەرگرتن لە تێکهەڵکێش کردنی ژیانی خۆی لەگەڵ ژیانی گەل و کۆمەڵگا، جارێکیتر ڕێگەی مانەوە لەنێو جوغزی ژیانی گرتۆتە پێش، ئەو ژنەی هەزاران ساڵ لە دەرەوەی ژیان ماوەتەوە، جگە لەخۆی، ژیانی گشتیانی ڕێك کردووە و لەهیچ جۆرە فیداکارییەك درێغی نەکردووە. بەواتایەکی دیکە؛ ژن کەمێك بەخۆی داهاتەوە، میکانیزمی بڕیارگرتن و پێکهێنانی بۆ روون بۆوە و هەروەها ئەوەشی خستە روو کە چ دەخوازێ و چ ناخوازێ. لەئاکامدا، ئێستا سەردەمی لەنێو بردنی تەنگ و چەڵەمەی بەردەم بەشداربوونی کۆمەڵایەتی ژنە. مێژووی نەمانی فەلسەفەی "هەر شوێنێك ژنی لیێ، بەڵا هەیە" لەسیستەمی چینایەتی باوکسالاری و لەشوێنی ئەمەش داڕشتن و کرداری کردنی فەلسەفەی" هەرجێیەك ژنی لێبێ، سەرچاوەی ژیانی لێیە". لەلایەکیتر قۆناخی پتەوکردنی چەمکی" هەر شوێنێك ژنی لێبێ، پێشکەوتنی پڕشنگدار بەدی دێت، ژیان دەوڵەمەند دەبێ و هەرجێیەك ژنی لێ نەبێت، دەوڵەمەندی و فرەڕەنگی نامینێ". مێژوو، زیندووبوون و ئاشکرابوونی ژنە وەك لایەنی "چۆن دەبێ بژین؟" کەواتە، ئەوەی بۆ ژن پێویستە تێکۆشانی ئازادی و شەڕڤانێتیە لەو ڕێگەپیرۆزەدا. چونکە ژن جیهانێکی پاشڤەڕۆی پڕمەترسی هەیە کە پێویستە تۆڵەی بستێنێتەوە. قۆناخی سەرهەڵدانی بانگەشە و سووربوون لەسەر "تا تۆڵەمان نەستێنینەوە، چۆن لە خوشەویستی دەگەین و هەتا نەجەنگین چۆن ئەتوانین تۆڵە بگرین" و هەروەها واتاداربوونی ژیانی ژنە.

سەبارەت بەژن، شەڕ بەقورسی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی درێژەی هەیە. مێژووی PJA مێژووی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ژن، مرۆڤ، خۆشەویستییە بەدەستی ژن. بەهاتنی ژن بۆ گۆڕەپانی شەڕ، راستەقینەی نزیکایەتی لادەر و نزیکایەتی لەسەربنەمای دوورکەوتنەوە لە ئازادی، روون و ئاشکرا بۆتەوە. هەربۆیە شتێکی مێژووییە، لەڕاستیدا

ئەوەی سەرۆکایەتی PKK لێرەدا بەدیهێنا، خوڵقاندنی شەرڤانی راستەقینەی ژن بوو. نیشانەی پتەوبوونی حەزکردنی ژنە لای پیاو و حەزکردنی پیاوە لای ژن، کە لەسەربنەمای پەیوەندی لاواز و دەستکرد، خیانەتی پەیڕەوکراو سەبارەت بە گەوهەری ژیان بەشێوەیەکی کردارییانە بەژن و پیاوی نیشانداوە. دەتوانین بڵێین ئەم کارە هەوڵدان و تێکۆشانە لەپێناوی پووچەڵکردنی دزێوترین پیلان کە بەهەزاران ساڵ، لە رۆژی لاڕێکردنی ژن تا ئەمرۆ دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێ. لەم روانگەیەوە شۆڕشی ژن کە لەگۆڕەپانی PKK روویداوە، تێکۆشانێکی قووڵی ژنانە لە ئاستی جیهاندا.

مێژووی PJA سەرلەنوێ، لەسەر بناخەی هێزی خۆیی رەگەزی ژن، ــ کە لەهێز و ئیرادە بێ بەری کراوە و لەنێو کۆمەڵگادا بێ بایەخ بووە ــ گەیشتنە بەبایەخ و واتاکانی خۆی. لەم رووەوە بزاڤێکی تۆڵە ئەستێنە لە راستینەی کۆمەڵگای چینایەتی بەرجەستەبوو لە کارەکتەری پیاوی سەردەست دا کە لە هەر سەردەمێك زۆرتر کەسایەتی ژنی رووخاندووە و ون و بێ بایەخی کردووە. دەبێ خەبات، شەهیدان و بەهاکانیش کە لە پێناوی ئەم رێبازەدا دراون، بەمجۆرە دەرك بکرێت. ژن لەهەر هەلومەرج و رادەی نایەکسانی، فشار و توندوتیژێکدا نابێ بەسانایی خۆی بەدەستەوە بدا. تەسلیمبوونی ژن لەنێو PKKدا، دروست وەك خیانەت وایە بەنیشمان. هەڵبەتە لەشەڕی ژندا، حەقیقەتی "خۆم بەدەستەوە نادەم، دەبمە خۆڵەمێش بەڵام خۆم تەسلیم ناکەم"، لەواتای گشتی شەهیداندا، سەربەخۆیی و ئازادی نیشتمان و گەلە و PJA لەسەر بنەمای ئەم چەمکە تێکۆشانی وەدەستهێنانی ژیان و ناسنامەی ئازادە. لەبەر ئەو هۆکارەشە، سەرۆکایەتی PKK، ژن و رێکخراوەکەی واتە PJA وەك خاوەنانی بەهێزی ئازادی پیرۆز هەڵدەسەنگێنێ. بۆ پیاویش چەمکی" گەیشتن بەژن و دەربڕینی هۆگری بۆ ژیانی هاوبەش، پەیوەندیدار بەتێگەیشتن لە ئازادی" بەبنەما گرتووە. بەم پێیە خەباتی دژواری PKK خەباتی بەدەستهێنانی ئازادی راستەقینەیە بۆ ناسنامەی ژن.

ژن وەك بەهایەکی گونجاو و پڕ واتا دەبینرێ لە بەدیهاتنی ئازادیدا، جیهانی ژن ئیدی ئەو جیهانە نییە کە بتوانرێ ــ هەروەك چۆن سیستەمی دەسەڵاتدار رایهێنابوو ــ بەسانایی هەڕەشە، دەستدرێژی و هێرشی بکرێتە سەر. لەم دیدەوە مێژووی PJA، سەردەمی کۆتایی هێنانە بەهەرجۆرە هێرش و دەستدرێژی بێ ئامانی هەزاران ساڵە بۆ سەر دونیای ژن و هەروەها لەنێوبردنی ئەو کاریگەرییانەیە کە لەئەنجامی ئەو

داگیرکەریانەدا هاتوونەتە ئاراوە و لەسەر ناسنامە ــ جیهانی ژن و خولقاندنی دونیای تایبەتی ژنان شێوەیان گرتووە کە بەجوانی، گەوهەر و هێز و سامانی ژن خەملاوە. سەردەمی ئەو ژنە بەسەرچووە کە لەبەرامبەر دەستدرێژی و هێرش بە شێوەیەکی بێچارە و مردوو خۆڕاگری دەکات و بێدەنگ دەبێ، بەڵکو قۆناخی پێشکەوتنی ناسنامە، رێکخستن و جەنگاوەری ئەو ژنەیە کە سەرجەم ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، بخاتە ژێر لێپرسینەوە و تۆڵەی مێژوویی خۆی لە هەرشتێ کە پێویست بێ، بکاتەوە. مێژووی وەدەستهێنانی دەرفەت و ئامراز و کەرەستەی تۆڵە سەندنەوە و لێپرسینەوەی تەواوی ئەو ژنانەیە کە هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی سیستەمی دایکسالاری بۆ باوکسالاری، ژیانێکی تراژیدیانەی وەهایان هەبووە کە بەدرێژایی ئەو ژیانە بەشێوەیەکی هۆڤانە رەشەکوژی کراون، بەسەدان کەسیان لە گۆڕستانەکانی شا ــ مێرد، زیندە بەچاڵ کراوە، بەشێوەیەکی زۆر قرێژ لە شەڕی خاچپەرستەکان و شەڕەکانیتردا بەکارهێنراون. لەماوەی سەدان ساڵدا. سەدان هەزاران کەسیان لەژێر ناوی "جادوو" سووتێنراون، سۆزانی کراون، کڕدراون و فرۆشراون، سەرەتا بەناوی ئایین و دواتر ناموس ـ ئەشق کوژراون و.....هتد. بۆ یەکەمین جار لەئاستێکی وەهادا خۆرزگارکردن لەم رەوشە لەدەرەوەی قسە و هەڵسەنگاندن تەنیا بەلایەنی تیۆری، لە پراکتیکی PJAدا کرداری بووە. رێنمایەکی وەها بۆ تێکۆشان دەستەبەر بووە کە بەگوێرەی ئەو دروست لەو شوێنەی ژن هێزی خۆی ونکردبێ و ئیرادە، هیوا و هێزی ژیانی لەدەست دابێ، جارێکیتر گرتنەوەی هێز بەبنەما دەگرێ. دەزگا و تێکۆشانێکی بەگوێرەی ئەمە پێکهاتووە. لەوانەیە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمە مێژووییە، ناوی جۆراوجۆر یان تایبەتمەندی خۆیان هەبێ، بەلام گەوهەر و ئامانجی هەموویان هەر ئەمە بووە. لە کاتی نرخاندنی قۆناخە جۆراوجۆرەکانی مێژووی PJA پێویستە هەمیشە ئەم راستیەمان لەبەرچاو بێ.

ژن کە ئەمڕۆ گەیشتۆتە پلەی بەپارتیبوون، لە یەکەمین هەنگاویدا بە مەبەستی بەشداریکردن لە قۆناخەکانی شۆڕشی نەتەوەیی رووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی زۆر بۆتەوە و هاوێشتنی یەکەمین هەنگاو ئەستەم بووە. دووربوون لە چەمکی رەگەزی و وشیاری مێژووی ـ رێکخستنی لەسەرەتای بەشداربوونیان ئەوانی لاواز و هەستیارتر کردووە. وەك بەشێك لە شۆڕش چاو لەو یەکەمین ژنە کراوە کە لەقۆناخی گروپی سەرەتایی PKK دا بەشداری کردووە و بە هۆگریەکی فراوانەوە پێشوازی لێکراوە. یەکسانی و ئازادی ژن،

لەسەربنەمای شۆڕشی نەتەوەیی ـ دیموکراتیك پارێزگاری لێکراوە. زۆرترین توێژی ژنان کە سەرەتا پەیوەندیان بەشۆڕشەوە کرد توێژی لاوانی رۆشنبیر ــ خوێندکار بوو. تایبەتمەندییە چینایەتیەکانیان لە ژیاندا بەتووندی رەنگدانەوەی هەبوو. لەم کاتانەدا، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەستن لەسەربنەمای پێوانەکانی گشتی شۆڕشگێڕی ئەنجامگیر دەبوو، نزیکبوونەوەی گشتی کلاسیك بەتەواوی لەنێو نەبرا، لەبەر نوێبوونی قۆناخی رێکخستنی خەباتێکی جدی کەسایەتی ــ چینایەتی لەنێوخۆدا دەستی پێنەکردبوو. پەیوەندیەکانی نێو گروپ هێشتاش ئاستی خوشك و برایەتیان تێنەپەڕاندبوو و هەڵسوکەوت بەگوێرەی پێوانەکانی بنەماڵە دەردەکەوتن. لەمەڕ کارەکتەری ئەو ژن و پیاوەی کە سیستەم خولْقاندوونی و هەروەها پلەی دارمان و مایەپووچ بوونی کەسایەتی ژن و پیاو لەراستی بنەماڵەدا و کۆمەلْگای خولْقاوی سیستەمی باوکسالاری، چەمکێك لەئارادانییە. لەبەر ئەم هۆکارەش، هەرچەندە گروپ، هەڵسوکەوتی چەپی کلاسیك رەخنە بکات، بەلام ئەمەی دەرباز نەکردووە. لەئاکامدا چەوسانەوەی ژن وەکو بەشێك لە چەوسانەوەی کۆمەلایەتی بینراوە و تایبەتمەندیە سەربەخۆییەکانی ژن نەیانتوانیوە ئاشکرا بن. بەگشتی تێکۆشانی ئەو سەردەمە؛ بەدیهێنانی وشیاری نەتەوەیی و پەیوەندی کردن لەم چوارچیوەیەدا و هەروەها خەباتی پڕوپاگەندە کە مەبەستی ناساندنی خەبات بێت بۆ پەیوەندی کردنی خەباتگێڕانی ژن لەبۆتەی رێکخستنی ئەم خەباتانە، بەگوێرەی دلْخواز پراکتیزە نەبوون. چونکە راستی کۆمەلایەتی کورد کە لێوالێوە لە پاشکەوتوویی فیوْدالی، ئێستا گۆڕانکاریەکی وەهای بەخۆیەوە نەبینیوە کە ئیرادەی ژن ــ تەنانەت لەمیانەی شەڕی ئازادیشدا ــ پەسندبکات. بەم شێوەیە هەرچەندە ژن لەنێوخۆی رێکخستنیشدا جێگەی گرتبێ، لەسەرەتادا نەیتوانیوە بکەوێتە نێو گەل و لەخەباتی وەك کۆبوونەوە، راهێنان و.... هتد بەکاریگەربێ.

سالْی 1977 هاوکات لەگەلْ پەرەسەندنی بزاڤ لەکوردستان، ژنان ئاشنای بزاڤ بوون. لەسەردەمی گروپی یەکەمدا، هەرچەندە ژمارەی ژنان کەمیش بووبێ، لە کۆمیتەکاندا جێگەیان گرت. لەلایەکەوە؛ بزاڤێکی وەك PKK خوازیاری ئافراندنی قەلْەمبازێکی شۆڕشگێڕی بوو لەرێگەی پارێزگاریکردن لە گەوهەری نەتەوەیی و لەلایەکی دیکەوە راستیەك دەبوژێنێتەوە کە وێڕای گوشار و چەوساندنەوەی هەزاران سالْە، گەوهەری ولاتپارێزی و زمان و کولتوور لەسەر بناخەی ناسنامەی ژنی، لە ئاستێکی سنووردارپشدا

بێ، پاراستووە. ئەوەی کە ڕێککەوتنی ئەو دوو ڕاستیەیە لە زەمینەی کوردستاندا، پێشکەوتنی گرنگی بەدواوەیە، دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە PKK بزاڤێکە لە ژێر ناوی نەتەوەیی سەریهەڵداوە و خوازیاری قەڵەمبازی شۆڕشگێڕی گەلە. لەم نێوەندەدا ژنی کورد خاوەن ڕاستیەکی وەها بوو کە لەئەنجامی کاریگەریەکانی ئیسلام بەرەبەرە سنوردار کرابوو. لە چوارچێوەی بنەماڵەدا تەنگ هێشترابۆوە، بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتن بە خاڵی یەکگرتن خێرا پەیوەندی دەگرن. ئەم ڕاستیە لەسەردەمی گروپی سەرەتایی تا ئەمڕۆ، سەرەڕای گوشاری دەرەبەگایەتی کۆمەڵایەتی، بەردەوام بووە و پەیوەندی ژنان بە ریزەکانی شۆڕش پتەوتر بووە. بێگومان باسکردن لەوەی کە PKK لەگەڵ کەوتنەنێو کوردستان تەواوی تایبەتمەندیە فیۆداڵی و پاشکەوتووەکانی بەیەکجاری لەناوبردووە، لە جێگای خۆیدا نابێ. بەشداری ژنان لە ریزەکانی شۆڕشدا، ئاکامی خەباتێکی بێ وێنە بوو. بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگای کلاسیك کارێکی ئاسان نەبوو.

یەکەمین ژن کە پێش ئەوەی گروپ ببێتە پارتی، پەیوەندی کرد، فاتمە بوو. لە بنەماڵەیەکی سیخوڕ، ئاریستۆکرات و کەمالیست بوو. دوای ئەوەی گروپ شێوەی پارتی بەخۆوە گرت، ژن لەهەموو قۆناخەکانی خەباتدا پێگەیەکی هەبووە. بەڵام تیپی ژنی سیخوڕ، بەتایبەت لەبەر هەڵسوکەوتی فاتمە لەزۆر بواری ئاشکراوە خاوەنی کارەکتەری پیاو بوو، خاوەن پلەیەکی وەهای نزیکایەتی دەسەڵاتدارانەبوو کە ناتوانێ پەیدابوونی ئەلتەرناتیف لە ناسنامەی ژندا پەسندبکات. نزیکایەتی وەك: لاوازکردنی ئەو ژنەی لە ریزەکانی خەباتدایە و وزەی پێشکەوتنی هەیە یان وابەستەکردنیان بەخۆوە، هەروەها دابڕاندن لە گەوهەری خۆیان و بەجۆرێك لەناو بردنیان یان بێکاریگەرکردنیان بەرجەستە بووە. نزیکایەتی فاتمە لەگەڵ ژن، چارەسەری کێشەی ژنی لەسەربنەمای شۆڕشگێڕی زۆرتر کردۆتە بابەتی باس. پێشکەوتنی پلە بە پلەی بزاڤی ئازادی ژن هەتا دەهات گۆڕەپانی کرداری لەبەردەم فاتمە تەنگتر دەکرد. سەرەڕای ئەمەش، هەوڵدانەکانی فاتمە لە پێناو خنکاندن و سنووردارکردنی ژنانی شۆڕش یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان بوو کە تا ماوەیەك کاریگەری نێگەتیفی لەسەر پێشکەوتنی بزاڤی ژنان هەبووە. تەنیا ئەو خۆڕاگریانەی لە زینداندا بەئەنجام گەیشتن و ئەو شەهیدبوونانەی لەنێو گروپەکانی پڕوپاگەندەی چەکداری ڕوویاندا، لەلایەنی هەستەوە ژیانیان خستە ژێر کاریگەرییەوە و لەرێژەیەکی

بـەربلاّودا راكێشـی ریزەكـانی تێكۆشـانی كـردووە. ئـەوەی هـەرە زێـدە مـۆری خـۆی لـە تەڤلیبوونـەكان داوە، نیشـتمانپەروەری و هەسـتی ژنـان بـووە و قۆنـاخی چـەكەرە كردنـی وشـیاری نەتـەوەیی بەرەبـەرە تەشـەنەی سـەندووە. هـەروەها لـەنێوبردنی بناخـەی بەرقەراركردنی پەیوەندیـەكانی نێوان ژن و پیـاوی كلاسیك لەبۆتـەی ژیـانی رێكخستنیدا، شان بەشانی پێشخستنی خێرای وشیاری رێكخستنی و خـەباتی چینایەتی نێـو رێكخستن لەلایەن سەرۆكایەتیەوە، هاندەری ژنان بووە بۆ بەشداریكردن لە شۆڕشدا.

PKK لەسەرەتای دەركەوتنیەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ راستینەی چەوسانەوەی ژنی لە روانگـەی رەگەزیـەوە بەدرێـژایی مێـژوو، لێكداوەتـەوە و هەلومـەرجی ئـازادبوونی ژنـی رەخسـاندووە. لەسـەر ئـەم بنەمایـە لـە شـێوەگرتنی گروپـی سـەرەتایی بـەدواوە، رزگـاری رەگـەزی وەك خـاڵی بنچـینەیی رزگـاری كۆمەڵایـەتی بینیـوە و لـەم پێنـاوەدا جێگایـەكی تایبـەتی لـەنێو ریزەكـانی خـەبات بـۆ ژنـان تـەرخان كـردووە. وەئاگاهێنـانی ژنـی كـورد كـە دەبوایـە خـۆی لەپێوانـەكانی داب و نـەریت و دواكـەوتوویی ــ كـە لەسەرانسـەری مێـژوودا، ژنیـان لـەبوارەكانی نەتـەوەیی، چـینایەتی و رەگـەزی وابەسـتە كـرد ـــ رزگـار بكردایـە، دەركێشانی لە بارودۆخی بێبەش بوونی لە مافی دوان و بڕیار وەرگرتن، كۆیلایەتی و ملكەچ كـردن و راكێشـكردنی بـۆ خـەباتی ئافرانـدنی ژنـی ئـازاد و چـیا سەركەشـەكان لەڕێگـەی بـەراوەژوو كردنـی گشـت هەڵسـوكەوت و پێوانـەكانی سیسـتەمی دەسـەڵاتدار، خـەباتێكی شۆڕشگێڕانە دەخوازێ. توانایی بەدەستهێنانی هێـزی خـەبات لـەپێناو خوڵقانـدنی ژیـانێكی نـوێ، كۆمـەڵگا و مرۆڤـی نـوێ و باوەڕهێنـان بـە سـەرلەنوێ خوڵقانـدن و ئـازادبوونی ژن، لەگەڵ خاك یەكسانكردنی مێژووی تووك لێكراوی سەپێنراو بەسەر ژنـدا، لـە هـەمان كاتـدا دەربڕی پێشكەوتنێكە بە گەرەنتی متمانە پێكـراو لـە پێنـاو گەڕانـەوەی مرۆڤایـەتی بـەرەو خودی خۆشی. ژنـی كـورد كـە بەهـەر شـێوەیەك لـە رەوشـی مـرۆڤ بـوون دوورخراوەتـەوە، دواكەوتووە، لاواز و وابەستە بووە و تەنانەت ناتوانێ هێزی قسـەكردن یـان بڕیـار وەرگـرتن لە خۆی نیشان بـدات، بـۆ قۆزتنـەوەی ئـەو دەرفەتـەی كـە خراوەتـە بـەردەمی، هاتۆتـە نـاو بۆتەی خەباتی PKK، بە تێگەیشتن لەوەی كە شتێكی وەهای نییـە لـە دەسـتی بـدات، بـێ هـیچ تـرس و دڵەكوتەیـەك لەهـەر بوارێكدا كـە پێویسـت بـێ خـۆی نیشانداوە. بـەجۆش و خرۆشی رزگاربوون لە زنجیری هەزاران ساڵەی كۆیلایەتی و رۆڵی گرنگـی لـەرەوتی خـەباتی نەتـەوەیی لـە ئەسـتۆگرتووە. ژنـی كـورد كـە لـە مێشـك، رۆح و هەسـتیدا، وەرچـەرخانی

نەتەوەیی ـ جەماوەری خۆی دەستپێکردوە، لەمیانەی شەڕ لەگەڵ سیستەمی چەوسێنەردا، بەردەوام لە بەرەی پێشەوە جێی گرتووە، لە تێکشکاندنی چەرخەکانی سیستەمی کۆمەڵگا رۆڵی سەرەکی گێڕاوە. بەتایبەتی سەبارەت بە وێرانکردنی داب و نەریتی رزیوی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی کۆنەپەرستانەی فیوداڵی و هەرجۆرە پێوانەیەکی، قەڵەمبازی شۆڕشگێڕانەی هاوێشتوە. هەروەها لەپێناو وەرچەرخانی پیاو ـ کە بەڕێوەبەری سیاسەتی پووچڵکردن و بێ ناوەڕۆك کردنی کەسایەتی ژنە ـ و بنەماڵە کە زەمینە کرداریەکەیەتی، دەستی بەهەوڵدان کردووە، خوازیاری رێخۆشکردن بووە بۆ توانای بەدیهێنانی پێکهاتەیەکی دیموکراتییانە و دادپەروەرانەتر. رۆڵ و ئەرکی ژنی کورد، بەکەڵك وەرگرتن لەو ئاستە پێشکەوتووەی کە لە ماوەیەکی کەمدا بەدەستی هێناوە، لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کۆمەڵگای کورد و گەلی کورددا ئاشکرابووە و لەم بوارەدا سەبارەت بەگەیشتن بە خود و گەلەکەی گرنگی خۆی نیشانداوە.

سەروبەندی ساڵی 1980، هەرچەندە ژنان پەیوەندیان بەڕیزەکانی شۆڕشەوە کردبێ، پێشکەوتنێك لە ئاستی بەرز واتە خۆناسین لەسەر بناخەی ناسنامەی خۆی یان بەشداربوونێکی گونجاو لەگەڵ نزیکایەتی سەرۆك لەمەڕ پێشخستنی بزاڤی ئازادی ژن بەدینەهاتووە. وێڕای ئەمە لە ساڵی 1980 بەدواوە ژمارەیەك لەو ژنانەی بەشداری ریزەکانی خەبات دەبوون و قارەمانانە شەهید دەکەوتن, شەهیدبوونی "**تورکان درین**" لەساڵی 1980، "**بەسێ ئاینووش**" لەساڵی 1981 و "**ئادیفە ساکیك و خاتوو یاور کایا**" لەساڵی 1985 دا، نموونەی سیمبوڵی قارەمانێتی پابەندی ژنی کوردی یەکگرتووە لەگەڵ رێبازی ئازادی. ئەم شەهیدبوونانە، هاوکات نیشانەی مەیلی بە ئازادی ژنی کوردە و دەربڕینی رق و کینێتی وەك پاشکەوتووترین توێژی ژن لەنێو مرۆڤایەتیدا سەبارەت بەڕاستی هێرشکەر بۆسەر ئازادی. هەنگاوەکانی سەرەتا، ئافراندنی ئەشق و ژیان و زیندووکردنەوەی ئەو (زین) نانەیە کە لەبەر لاوازی و داماوی بەدرێژایی مێژووی گەلی کورد، بەختی ژیانکردن و بووژانەوەی ئەشقیان نەبووە. ئەم شەهیدبوونانە، هەروەها بۆتە سیمبوڵی کامڵبوون و بەدیهاتنی مەیلی نیوەچڵ ماوی ئازادی "**بەسێ و زەریفە**" کە لەبەر خۆڕاگریان ناویان تۆمارکراوە. ئەم شەهیدبوونانە کە لە روانگەی مێژووییەوە وەها تێیان دەگەین، لەسەرەتاکانی کەوتنە نێو سەدەی بیست و یەکەم، ژنی کوردی لە هەمیشە زیاتر لەئازادی، ناسنامەی ئازاد و بانگەشەی ژیان نزیك کردۆتەوە. ئەم سەردەمە قۆناخێکی

وه‌هایـه كـه لەگـەڵ راسـتی خـەبات، ڕێكخسـتن و ئایـدیۆلۆژی بەتـەواوی كـەلێنی هەیـە و پەیوەنـدی كردنـی بـە شـۆڕش لەسـەربنەمای گەوهـەری نیشـتمانپەروەری بـووە، نـەك لەسەربنەمای وشیاری رەگەزی, لەبەر ئەم هۆیە، زۆرتر وەكو تاك بەشداری خـەبات بـووە. بـەڵام هـەر ئـەو تـەڤلیبوون و قارەمـانێتی و ئەزموونانـەی كـە نیشانیشـیان داوە، بنـەما و ژێرخانێكی پتەوی وشیاری رەگەزی و ڕێكخستنی تایبەتی ژنانی لە قۆناخەكانی دواتر پێـك هێنـاوە. تـەڤلیبوون و شـەهادەتی ئـەو سـەردەمە پێشـەنگایەتی ئـازادی، رۆشـنایی و ژیـانی بەشـەرەف و خـاوەن ناسـنامەیە لـەژێر نـاوی ژنـانی گـەلێكی تـادوا رادە فیـۆداڵ كـە ژنـان دواكـەوتوو و لـەدەرەوەی ژیـان و قۆنـاخ هێشـتراوەنەوە. ئـەو هەنگاوانـە كـە لەبـەر هۆكـاری نەبوونی ئاگایی تەنیا بـە لـەخۆبووردوویی، فیـداكاری و پابەنـدنی بـێ وێنـە دەهاوێشـترێن، لەلایـەن ئـەو كەسـایەتیە گەورانـەوە بەزركرایـەوە، تـادوایی پڕبایـەخ و جێگـەی ڕێـزە و گەوهەری ئەو رۆڵەی هەیە كە ژن لە سەرەتای مێژوودا گێڕای. لەلایەكی دیكەوە سـەبارەت بە لەنێوبردنی چەمكی پاشكەوتوو، چارەنووسخواز، بێ متمانەیی لەنێو خـۆی ژن و پیـاو و بەگشتی كۆمەڵگا پەیوەندیدار بـەژنان، رۆڵێكـی زۆر گرنگـی بینیـوە. لـەم روانگەیـەوە وەكـو یەكـەمین زەبـر وایـە، كـە لەپەیكـەرەی بنەماڵـەی كـورد ـــ كـە تـەواوی سیسـتەمەكانی چەوسانەوەی لە بۆتەی خۆیـدا پـەروەردە كـردووە و ژنـی مـەحكومی زینـدانی تاكـە كەسـی كـردووە ـــ و بـەدوای ئـەودا لەسیسـتەمی چەوسـێنەر و دەسـەڵاتدار دراوە، بانگەشـەیەكی مێژووییە. زۆر هەڤاڵێتری ژن هەن كە لەمیانەی یەكەمین گروپـەكانی چـەكداری گەڕانـەوە نیشتمان و لە پێكدادانەكاندا شەهیدبوون و پابەندی و فیداكاری خۆیان لە باڵاترین ئاسـتدا بەشۆڕش نیشانداوە. هەرچەندە لەو تەڤلیبوونانەدا، داكۆكی كردن لەسەر وشـیاری رەگـەزی و پەیوەندیگرتن لەپێناوی لێگەڕینی ئازادی لە رەهەندی رەگەزییەوە سـەبارەت بـەژن وەهـا پتـەو و بەرچـاو نـەبوو بـێ، دیسـانیش ژن پێـداگری و سـووربوونی خـۆی لـە شۆڕشـدا سـەلماندووە و بنـەماكانی ڕێكخسـتنی تایبـەتی ژنـانی بەشـێوەیەكی پتـەو دارشـتووە كـە لایەنێكی شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستانە. ژن بۆخۆی و لە ڕێگەی بەشداربوونیەوە وەڵامی پرسیاری "ژن چۆن و لە كوێی ئەم شۆڕشە جێگە دەگرێ؟" داوەتەوە.

سـەبارەت بەهەڵسوكەوت لەگـەڵ ژن و تـاوتوێ كردنـی پرسـی بنەماڵـە، هـەتا سـاڵی 1986 كێشـەی جدی هـەڵقووڵاو لـە گواسـتنەوەی تایبەتمەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان و ئـەو نزیكایەتیانەی، فاتمە بە زانابوون پـەرەی پێـدەدان، دەركـەوتوون كـە مـۆری خۆیـان لەسـەر

شێوازی پەیوەندی و ژیانی نێو پارتیداوە. سەرۆکایەتی PKK لەمیانەی شەڕ لەگەڵ فاتمە لە کەسایەتی خۆیدا، هەتا ساڵی 1986 بەرەنگاری ئەم کێشانە بۆتەوە. شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لەسەربنەمایەکی دروست و زانستیانە لە کەسایەتی مرۆڤێك کە سەرۆکایەتی پارت و گەلێکی لە ئەستۆیە و بزاڤی بەهێزکردووە، بۆمان دەردەخات کە لە هەستیارترین قۆناخی تێکۆشان و پەیوەندیدار بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەسەلەیەك کە دەبوایە لەو پەڕی هەستیاریدا تاوتوێ کرابایە، ئاستێك لە چارەسەری بەدیهاتووە کە بەرەبەرە تەواوی ریزەکانی پارتی و گەل دەگرێتەوە. چارەنووسی گەلێك، سەرکەوتن یان تێکشکانی، پێشکەوتن یاخود پاشڤەڕۆیەتی پەیوەندی نێوان دوو رەگەز لەسەربنەمای ئازادی بەکەڵك وەرگرتن لەم خەباتە ئاشکرابووە. دوا بەدوای سەرکەوتن لەم خەباتە لە ساڵی 1986، ئاکامەکەی بۆ ئاستی پارتی بەرزبۆتەوە و هێدی هێدی وەکو ڕێگەچارەیەکی کۆمەڵایەتی دەرکەوتۆتە ڕوو. وانەی وەرگیراو لەو شەڕەی کە بۆماوەی دە ساڵ لەنێوان سەرۆکایەتی پارتی و فاتمە لە ئارادابوو، بە سوود وەرگرتن لەو شیکردنەوە قووڵانەی لە کۆنگرەی سێهەمی PKK دا ئەنجامگیربوون و نرخاندنی سەبارەت بە پرسی ژن و بنەماڵە، بۆتە مولکی ڕێکخستن بەگشتی. لە دیدێکەوە، ئەم لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنانە دەستێوەردانێکی هەمەلایەنە بوو بۆ سەر پێوانەکانی ژیانی کلاسیك و چۆنیەتی پەیوەندی کۆنەپەرستانەی نێوان ژن و پیاو کە تا ئەو سەردەمەش لەنێوخۆی ڕێکخستندا درێژەی هەبوو. ئەگەر بێتو ئەم شێوازی پەیوەندی و ژیانە بە شێوەیەکی دروست لێك نەدرێتەوە و تێپەڕ نەبێ، مەترسی تێکشکانی شۆڕش و ڕێکخستن دێتە ئاراوە. گشتگیرکردنی خەبات کە سەرۆکایەتی PKK لە کەسایەتی خۆی بەئەنجامی گەیاندووە و بە قازانجی پەیوەندی ئازاد و ژن و پیاوی ئازاد کۆتایی هاتووە، ئامانجی خەباتی ئایدیۆلۆژییە. ئاستی ئەو هەڕەشەیەی کەژنی کۆیلە، پیاوی پاشڤەڕۆ، غەریزەی چارەنەکراو، هەستی دواکەوتوو و ژیانی یەخسیر کراوی ئامانجی بچووك بۆ شۆڕش هەیەتی، بینراوە و لە بەرامبەردا خەباتی ئایدیۆلۆژی بایەخی پێدراوە. لێکدانەوەکانی پەیوەندیدار بە ژن و خێزان کە لەساڵی 1987 دەستپێکردووە، بەرە بەرە گەشەی سەند، خاڵێکی گرنگ کە سەبارەت بە تەوەرەی ڕۆشنگەری ئایدیۆلۆژی لە خەباتی ئازادی بەخشی نەتەوەیی و مێژووی پێشکەوتنی بزاڤی ئازادی ژن بەدیهاتووە، وروژاندنی هەستی پێداویستی ئازادی و ئازادی بە لێکدانەوەی پیاوێتی ساختە و ژنی کۆیلە و زۆر بابەتەی دیکە بوو.

لە ساڵی 1987، یەکەمین رێکخراوی ژن لەسەربنەمای یەکەمین شیکردنەوەکانی بەربڵاوی ژن و بنەماڵە دامەزراوە. یەکەمین رێکخراوی ژن کە دەربڕی هێزی رێکخراوی ژنە، YJWK یە. YJWK لەژێر چەتری ERNK و زۆرتر لەگۆڕەپانی ئەوروپا خەباتی خۆی بەڕێوەبردووە. لەبەرئەوەی خەباتگێڕانی رێکخستنی ژن لەسەردەمی دامەزراندنی YJWK هێشتا پاشقەڕۆیەتیە کۆمەڵایەتیەکانیان تێپەڕنەکردبوو. نەیانتوانی پراکتیکێکی گونجاو لەگەڵ ئەم رێکخراوەیە لەخۆیان نیشان بدەن. هەرچەندە YJWKرێکخستنی لەتەواوی کوردستاندا بە ئامانج گرتبوو، لەبواری کرداریدا تەنیا لە گۆڕەپانی ئەوروپا تەنگ مایەوە. هەڵسوکەوتی چەوتی ژن لە بۆتەی هەلومەرجی رواڵەتیانەی بێ ناکۆکی ئەوروپا، پێویستی خەباتێکی جدی پێکنەهێناوە، ژن نەیتوانیوە توانست و زەمینەی پێویست بەرێکخستنی تایبەت لەناوخۆی خەباتی گشتی بەدی بێنێ و پەرەی پێبدا. وێرانکاری، دواکەوتوویی و ئەو فەسادەی کە سیستەمی داگیرکەر لەسەر ژن و پیاو پێکی هێناوە، بەرادەی پێویست تاوتوێ نەکراوە، نەبینراوە و ئیرادەی خۆیی دەرنەکەوتۆتە روو. نزیکایەتی سەردەستانەی پیاویش ئاستەنگی لەبەردەم بەڕێوەبردنی خەباتی تایبەت دروست کردووە. پیاوی کلاسیك و زاڵ سەبارەت بە پێداویستی و ئامانجی کردەوەکانی YJWK بەخستنە رووی مەسەلەی ژن لەنێو کۆمەڵگا قانع نەبووە. لەبەرامبەر ئەم دیاردەیە، ژنیش لە زەمینەی نیشاندانی هەڵسوکەوت و خەباتێکی وشیارانە، لاواز ماوەتەوە. تا ئەو شوێنەی خۆی لە بەشداریکردنی ژیان و خەبات بەچەمکی پیاو و رێکخستنی رادەی هەست، رامان و کرداری خۆی بەگوێرەی ئەو، رزگار نەکردووە، نەیتوانیوە دینامیکی خۆیی بخاتە روو. هەرچەندە ئەو شیکردنەوانەی سەبارەت بەژن ئەنجام دراون، وەڵامی هەمەلایەنەی ئەو کێشانەشیان دابێتەوە کە لەو قۆناخەدا دەرکەوتوون؛ پاشکەوتوویی خەباتگێڕانی ژن لەلایەنی ئایدیۆلۆژییەوە، ئەوانی لە پێ ڕاگەیشتنی کێشەکان و بەجێهێنانی پێداویستیەکان بەکاتی خۆی، لاواز هێشتۆتەوە. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەو کەموکوڕیانەش، لێکدانەوەکانی سەرۆکایەتی سەبارەت بەژن کاریگەریەکی گرنگی هەبووە، هەم لەسەر ژنانی کۆمەڵگا و هەم لەسەر ژنانی نێوخۆی رێکخستن و هەژاندوونی و بەشێوەیەکی پتەوتر بەرەو لێگەڕینی ئازادی پاڵی پێوەناون. ژنی کورد کە گەیشتۆتە ئاستی تێگەیشتوویی و وشیاریەکی بەم شێوەیە، بە لەنێوبردنی کۆسپە پاشقەڕۆ و فیۆداڵییەکان بە لەخۆبووردووییەکی زۆرتر بەشداری خەبات و تێکۆشان

بووە. لەبەر هۆکاری ئەوەی YJWK نەگەیشتۆتە ئاستی بە کاریگەربوون و کەوتنە ناو جەماوەر، پەرەسەندنی بەشداری ژنانی لە خەبات لە گۆڕانکاری و ڕێکخستن لەسەربنەمای راهێنانی ئایدیۆلۆژی، زۆر لاواز ماوەتەوە. چاوگەی زۆربەی ئەو کەموکۆڕیانە لەو قۆناخەدا، بێ ئەزموونی، ئاماتۆربوون و نامۆیی بووە کە لە ئەنجامی دوورهێشتنەوەی هەزاران ساڵەی ژن لە ڕێکخستن هاتۆتە ئاراوە. تەنیا لەو سەردەمەدا لەژێر پرشنگی لێکدانەوەکانی سەرۆکایەتی سەبارەت بە ژن، لە روانگەی راکێشکردنی ژن بۆ نێو ریزەکانی شۆڕش، ئاشناکردنی لەگەڵ وشیاری نەتەوەیی، پتەوکردنی وەفادارمانەوەی بە بەهاکانی نیشتمان و گەلەکەمان و هەروەها بینینی بارودۆخی کۆیلەبوونی و رەخساندنی زەمینەی پێگگەیشتن بەخواستی ئازادی، پێشکەوتنی گرنگ تۆمارکراوە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەم راستیە، هەرچەندە YJWK لەناوەندی کردنی خەباتی ژنان، پشت بەستنی ژنان بەهێز و ئیرادەی خۆیی و پتەوکردنی ڕێکخراوەی یەکپارچەیی خەباتگێڕانی ژن، بەگوێرەی پێویست وەڵامدەرەوە نەبوو بێ، لە زۆر بواری وەکو تێگەیشتن و وشیاری نەتەوەیی، پاراستن و پێشخستن، پابەندی بە نیشتمان و بەها نەتەوەییەکان، خۆشەویستی رەگەزی خود و هەستی پێداویستی بە ڕێکخستن، پێشکەوتنی بەرچاوی بەدیهێناوە. سەبارەت بەهاندانی ژنان بەرەو ئازادی، نیشانەی قۆناخێکی گرنگە.

لە کۆتایی هەشتاکاندا هاوکات لەگەڵ بڕیار وەرگرتنی پارتی سەبارەت بە پەرەپێدانی خەباتی چەکداری و ئاشناکردن و گرێدانی گەل بەپارتی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی چەکداری لەنێو جەماوەر، فیۆدالیزمی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك شکستی هێنا و ئەو شەهیدبوونانەی لە میانەی چالاکی و پێکدادانەکان روویان دەدا، ڕێگەیەکی نوێی بۆ بەشداریکردن لە خەبات کردۆتەوە. شۆڕشی ئازادی کوردستان ناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕی وەهای بەدەستهێناوە کە وەك چۆن مرۆڤەکان لەهەر نەتەوە و چینێك دەتوانن پەیوەندی پێوە بکەن، ژنیش شان بەشانی پیاو؛ بەشێوەیەکی یەکسان، ئازاد و وشیارانە و هەروەها بەئیرادە و کەسایەتی خۆی بەشداربوو. بەم پێیە دەتوانین شۆڕشی کوردستان وەکو شۆڕشی ئازادی یان شۆڕشی کۆمەڵایەتی ژن لەقەڵەم بدەین. لەلایەکی دیکەوە نامزەدی پێشەنگایەتی شۆڕش ژنانە. کە بۆ یەکەمین جار لەئاستی جیهاندا هەلی پێشکەوتن، دەقۆزنەوە. ژن لەگەڵ بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی لەناوخۆی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان، بەرەو ئازادی رەگەزیش یەکەمین هەنگاوەکانی بەرزکردۆتەوە. بەتایبەت شەهیدبوونی ئەو ژنە

گەریلایانــەی خــەباتی ڕێکخســتنیان لــەنێو گــەل بــەڕێوەدەبرد، وێــڕای گوشــار و کــردەوەی توندوتیژی حکومەت، گەلی راکردە سەرپێیان و ئەمەی لە بۆتـەی ئـەم سـەرهەڵدانانەدا لـە هـەموویان زیـاتر بەکاریگـەر بـووە و بەشـداری کـردووە، ژنــە. بەشـداری چـالاکانەی ژنـان لەسـەرهەڵدان و جێگرتنیـان لـە بـەرەی پێشـەوەی سـەرهەڵدان، هێرشـی دژواری حکومـەتی بەدواوە بووە. ئەو کۆنتڕۆڵکردن و ئەشکەنجانەی پەیڕەو کراون و لەبەرامبەریـدا خـۆڕاگری ژنـان، هـەم روانگـەی کۆمـەڵگای سـەبارەت بـەژنان گۆڕیـوە و هـەم پێشـکەوتنی بەرچـاوی لەبواری پێشەنگایەتی و ئاراستەکردنی ژیان لەلایەن ژن بەئیرادەی خۆیەوە، پێکهێناوە. ئەم بارودۆخــە لــە دیــدی لــەناوبردنی پاشمـاوەی ســەرجەم چــەمکە پاشــڤەڕۆ و فیۆداڵییــەکان ســەبارەت بــە ژن و هــەروەها وشــیاری نەتــەوەیی و بینــینی رۆڵ لەخــەبات، بــەدیهاتنی سەرهەڵدانێکی ژنانە.

ئەو هەڵسەنگاندنانەی سەبارەت بەژن و بنەماڵە دوای ساڵی 1987 پێشکەش کـران، خێرا لـەنێو چـین و توێـژەکانی گـەل دەنگـی دایـەوە. شـەهادەتی ***هـەڤاڵ بێریڤـان (بنـەفش ئاگال)*** کە بەجۆش و خرۆشێکی بێ وێنە بە ئـازادی و لەسـەربنەمای ئـەم رێنمایانـە تـەڤلی شۆڕش ببوو، لە ساڵی 1989، خاڵی دەستپێکی قۆناخی سەرهەڵدانی جەماوەرییـە. چـین و توێژەکانی گەل کە هەتا دەهات هەستی نیشتمانپەروەریان پتردەبوو، بـۆ یەکـەمین جاربوو وەهـا بـەرفراوان هەسـتابوونە سـەرپێ و یـەکبوونی خۆیـان لەگـەڵ پـارتی ژنـان ــ پیـاوان دەربڕیوە و ئـامێزی خۆیـان بـۆ پـارتی کردۆتـەوە. **بێریڤـان** هێمـای دەرکـەوتنی ژنـە لـەژێر دەسەڵاتی پیاو، چ باوك بێ یان برا یاخود مێرد و تـەرخانکردنی ژیانـە بـۆ گـەل، نیشـتمان، مێــژوو و رەگــەزی خــۆی. سـیمبوڵی وەڵامــی خوڵقـاو لــە نـاخی ژنــدا لەڕێگــەی گەیشــتن بەئاستێکی وەهای ئازادییە، بەرامبەر بێ ئیرادەیـی و سـووك بـوونی هـەزاران سـاڵە، رەمـزی لەنێوبردنی نامۆبوونی ژن ـ ژیان، ژن ـ کۆمەڵگایە کە پیرۆزترین شتە تاقانەکانی سەرەتای مێــژوون و یــەکگرتنی نێــوان ژن و گــەلان لەســەربنەمای ئازادییــە, کــە هــەر لەبەرەبــەیانی مێژووەوە خاوەنی یەك چارەنووسن.

ژنی کورد لەکاتێکدا ببووە خاوەنی تێگەیشتنی ئازادی و ئەزموونی گرنگـی خـەبات و ڕێکخســتن و مەتــەرێزی پتــەوی ئــازادی، دەربــازی نــەوەدەکان بــوو. خــەبات لــە میانــەی ڕێکخستنی ژنـان هـەتا نـەوەدەکان، هاوتـەریبی سـەرهەڵدانی جـەماوەری و هـەروەها ئاسـتی بەرزی چـەندایەتی و چۆنایەتی، تـەڤلیبوونی بـۆ نێـو ریزەکـانی پـارتی دوای سـاڵی 1990

زێدەتر گەشەی سەند. هاوکات لەگەڵ ئەم سەرهەڵدانانە پەیوەندی کردن بە شۆڕش بەتایبەتی لەلایەنی ژنانەوە زیاتر بوو. چونکە رووبەڕوو بوونەوەی ژن لەگەڵ ناکۆکی سەرچاوەگرتوو لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی یاخود هێرشەکانی سیستەمی داگیرکەری، ژنی خستۆتە ناو لێگەڕینەوە. ژن بەو باوەڕییەی لەڕێی پەیوەندی کردن بە PKK ەوە وەڵامی ئەو لێگەڕینانەی دەبینێتەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەشداری کرد. بەڵام بێ توانایی لە وەڵامدانەوەی بەوەختی ئەم بەشدارییە بەرفراوانە کە لە ئەنجامی سەرهەڵدانەکان هاتبووە ئاراوە هەروەها داماوی لە پەروەردە و رێکخستن، بۆتە هۆی رەنگ نەدانەوەی لایەنی چۆنایەتی لەنێو خۆی پارت و هەندێك گیروگرفتی بەدواوە بووە. لە بەرەکانی شەڕ بەچاوی سەرچاوەی زۆربەی کێشەکان لە ژنان روانراوە، بە بیانوی بەرێکردن بۆ خەباتی جەماوەری، لە سوپا دوور خراوەتەوە. ئەمانە لەئاکامی بۆچوونی فیۆداڵیانە و کلاسیکی پیاوی سەردەست کە هێز و دەسەڵاتی لەشەڕ بەدەست هێنابوو، هاتۆتە ئاراوە. پیاوی پاشڤەڕۆ و پشت ئەستوور بەهێز بەوتەی "ژیان تێکدەدات، لەشەڕدا ئاستەنگی دەنێتەوە و سەربارە"، تێکۆشاوە ژن لە خەبات دوور بخاتەوە کە متمانەی بەخۆی نەبوو و وەکو هێزێك خۆی نەدەبینی.

دوای ئەو پێشکەوتنانەی خەباتی ئێمە دوای نەوەدەکان بەخۆیەوە بینی، دەوڵەت لە وەڵامی ئەو سەرهەڵدانانەی ئەنجام دران، دەستی بەهێرش و پەیرەوکردنی گوشار و ئەشکەنجە کرد، هاوکات بەشداری ژنان بەڕیزەکانی PKK وە ناوەڕۆکێکی پتەوی چەندایەتی هەبوو. ئەم بەشداربوونە چەندایەتییەی ژن، بەگشتی لەسەربنەمای رزگاری نەتەوەیی بوو. تەڤلیبوونی ژنان کە هاوتەریبی رابوونی نەتەوەییە. نیشانەی هێزێکی شاراوەی گەورەیە کە کاریگەریەکی باشی لەسەر پێشکەوتنەکانی پارتی هەبوو. بەپێچەوانە هەڵسەنگاندنی ئەم وزە شاراوەیە کاریگەری نێگەتیف لەسەر دیسیپلین و ژیانی رێکخستنی دادەنێ. ئەم وزە شاراوەیەی ژن کە هێشتا نەگەیشتبووە وشیارییەکی جدی رەگەزی، سەرجەم دواکەوتووییەکانی سیستەم لەگەڵ خۆی بۆ نێو پارتی دەگوێزێتەوە و لەسەر ژیانی سوپاش کاریگەری دادەنێ. لە تەنیشتی ئەم دیاردانە، ئەو راستییەی کە هێزی ژن لەڕێی بەشداری چالاك لەشەڕدا و هەروەها هێزێکی گرنگی نێو سوپاش بەشەهادەتی قارەمانانە و لەڕێگەی خۆڕاگری و فیداکاری بێ وێنە، دەرکەوتۆتە روو. ئەو چالاکیانەی کە **زەکیە ئاڵکان** لە نەورۆزی 1990 لە ئامەد (دیاربەکر) و **رەهشان دەمیرێل** لەساڵی 1992

له ئـەزمیر ئەنجامیانـدا، بەڵگەیـەکی روون و ئاشـکرایە بـۆ قۆنـاخی پەرەسـەندنی هەسـت و وشیاری نەتەوەیی ژن. ئەوان هاوکات سەلماندیان کە هیچ شتێك ناتوانێ لەبـەردەم ئـەو ژنـە ببێتـە کۆسـپ کـە بخوازێـت بەشـداری تێکۆشـانی ئـازادی بـێ. ئـەو چـالاکیانە، هـەروەها نیشانەیەکی سەرسووڕهێنەرە سەبارەت بە لێگەڕینی هەمیشە گوڕ و گەشی ئـازادی لـەنێو ژنانی کۆمەڵگادا. ئەو چالاکییانەی لەلایەن ژنانەوە ئەنجامدران هەروەك چۆن پابەنـدی لـە رادەبەدەر بەئازادی و هێـزی رق وکـینی زێـدە سـەبارەت بـە کۆیلایـەتی هـەزاران ساڵەی ژن نیشـاندەدات، لایـەنی تراژیـدی کێشـەکەش لەسـەربنەمای بـێ توانـایی لـە دەربـڕینی کردەوەیـەکی گونجـاو لەبەرامبـەر لێگـەڕین و ئایـدیۆلۆژیای ئـازادی لـەخۆوە دەگـرێ. بەتایبـەتی لەساڵی 1992 کە هێزەکانی نێو دەوڵەتی و دەوڵەتی تورکیا بـە هاوپـەیمانی هێزەکانی میلیگەرای سەرەتایی هێرشی هەمەلایەنـەیان کـردە سـەر شۆڕشی ئـازادی, ئـەوا هێزی ژن چالاکانە لەشەڕی باشووردا بەشداری کردووە و جۆش و خرۆشی بێ وێنەی خۆی لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا بە ئازادییەوە نیشان داوە. کاتێك هەڤاڵ **گوڵناز کاراتاش** بـە خۆڕاگری خۆی وەڵامی ئـەو هێرشـانەی دایـەوە، گـەورەترین زەبـر لـە پەیکـەری خیانـەت و سیخوڕی وەشێنرا و لەلایەکی دیکەوە ئەمە دەربڕی پێـداگری و سووربوونی ژنـە سـەبارەت بە ئازادی و سەلماندنی خۆڕاگری تا دوا وچان لەبەرامبەر کۆسپ و تەگەرەی بەردەم ئـازادی . ئـەو خـۆڕاگری و قارەمانێتیـەی لـە کەسایەتی هـەڤاڵ **گوڵنـاز کاراتـاش** دا ئـەنجامگیر بـوو لەهەمانکاتدا نیشانەی ئەوەیـە کـە ژن گەیشتۆتە ئاسـتێکی خـۆیی وەها ئیـدی دەتـوانێ بـە ئەندازەی پێشکەوتنی سـوپاش، هێـزی فەرمانـداری و بەسـوپابوونی خۆشـی بێنێتـە ئـاراوە. ئەو بەرخودان و چالاکییە گیانبازیانەی لەسەر ئەم بنەمایـە ئەنجامـدراون، کۆمـەڵگا و ژنـی لە رەگەوە هەژاندوە. کاریگەربوون بەم رووداوە پەیوەنـدی کردنـی چـەندایەتی ژنـی زیـاتر کردووە و بۆتە هۆی نیشاندانی خۆڕاگری قارەمانانە لەنێو ریزەکانی گەریلادا.

وزەی شـاراوەی ژن کـە تـا سـاڵی 1993 لەلایـەنی چـەندایەتیەوە باشـبوو، لەلایـەنی چۆنایەتیش بـەهێز دەبـوو, لـەنێو خـۆی پارتـدا بەرەبـەرە کـەلێنێکی زێـدەتر پڕدەکاتـەوە. دامەزراوەیەکی وەها زەمینەیەکی گرنگ پەیوەندیـدار بـە سـوپا پێکـدێنێ. لەگـەڵ ئەمـە تـا ساڵی 1993 ژن لە روانگەی زاڵبوون بەسەر ئیرادەی خـود و رێکخسـتنیدا لـە بـارودۆخێکی وەها پێشکەوتوودا نەبوو، پەرتەوازە و لـەژێر کـۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایـەتی پراکتیکـی پیـاو و گرێدراوی پیاو بـوو و هـەروەها تێگەیشتنی رەگـەزی نـەبوو. ژن، ئەگـەر خـاوەنی ئاسـتێکی

بەرچاویش بووبێ لە لێگەڕینی ناسنامە و ئازادی، ئەوا ئەم لێگەڕینە لەسەر بناخەی وشیاری رەگەزی شێوەی نەگرتووە و پلەیەکی بەرزی قازانج نەکردووە. بەشداری ژن هەروەك چۆن سەرچاوەیەکی گەورەی رۆحی و مەعنەوی بوو. لەپێناوی رەنگ دانەوەی تایبەتمەندییە پۆزەتیڤەکانی ژن لەنێو پارتیشدا، دەرەنجامی سەرکەوتووی بەدواوە بووە. بەڵام خۆ رزگار نەکردنی ژن لە تایبەتمەندی کلاسیك و رەوشی بێ رێکخستنی و پاشکەوتوویی لە پێشخستنی زەمینەی تایبەت بەخەباتی خۆی بەشێوەیەکی پڕ لە کەموکوڕی کاریگەری لەسەربنەما و رێکخستن و بەسوپابوون داناوە، بە کەوتنە نێو ساڵی 1993 سەرەڕای تەواوی لایەنەکانی نیوەچڵ ماوە و نزیکایەتی رەتکردنەوەی پیاو لەنێو سوپا لە قۆناخەکانی سەرەتادا, هەروەها هەلومەرجی زۆر دژواری جێگرتن لە سوپادا و ناهاوسەنگ لەگەڵ پیاو، ژن جەنگاوەرێتی خۆی سەلماندووە. ئیتر کاتی رێکخستنی ئەم جەنگاوەرییە و گەیشتن بەهێزی رێکخراوی خۆیی هاتووە. ژن بە بەشداری و مانەوەی نیشانی داوە؛ لەکاتێکدا وزەی شاراوەی کە خاوەنی باڵاترین جۆش و خرۆشی ئازادییە، رێکخستن بکرێ و لەپێناوی شەڕی رزگاریخوازی گەل ئاراستە بکرێ، سەرکەوتن لە شەڕدا مسۆگەرە. شەرڤانێتی ژن ئەو پەیامەی بە گەل و پارتی راگەیاندووە, کە بەسوپابوونی ژن لە قۆناخی سەرەتادایە و ئاستێکی وای بەدەستهێناوە کە بتوانێ پێشبکەوێ. پەیامێکی بەم شێوەیە، "سەرەڕای کۆیلەبوونی هەزاران ساڵە گەوهەری ئێمە قرێژنەبووە. ئەگەر هەندێك لایەنی قرێژیشمان هەبێت، ئەوا مەیلێکی وەهامان هەیە بە ئازادی و گەڕانەوە بۆ گەوهەری خۆمان، کە دەتوانین بە ئاگر و خۆێن پاکژی بکەینەوە و بەئازادی دەژین"، نیشانەی ئەمەیە کە ژن سەرەڕای قرێژبوون، کۆیلایەتی و هۆکاری لاوازکەری هەزاران ساڵە, توانیویەتی گەوهەری خۆی ئاشکرا بکات. ئەوەی دەمێنێتەوە بەکارهێنانی ئەم گەوهەرە، رێکخستن و ئاراستەکردنێتی بەرەو راستینەی رزگاریخوازی. ئەو راستیەی کە سەرۆکایەتی PKK بینی، بایەخێکی زۆری پێداو لەرێی هەوڵدانی دامەزراندنی سوپای ژن، وەڵامی دایەوە.

لەهیچ شوێنێکی دونیا کەس ئەو جەسارەتەی نییە وەکو PKK ژنان بخاتە نێو ریزەکانی سوپاوە. ژن لەهەندێك شۆڕش و هەروەها لە سوپاکانی سیستەمی بۆرژوازی پلەیەکی دیاریکراوی هەبووە، هەندێك یەکێتی دامەزراندووە و لە شەڕیشدا بەشداری کردووە، بەڵام لەبواری خەبات لە چوارچێوەی بەسوپابوونی ژنان، لەدونیادا بۆ جاری

یه‌كه‌م له‌لایه‌ن سه‌رۆكایه‌تی PKKوه‌ ئه‌نجامیداوه‌ و ئه‌م خه‌باته‌ له‌نێو راستی گه‌لی كورد به‌ڕێوه‌براوه‌ كه‌ به‌درێژایی مێژوو بێ ڕێكخراو بووه‌. راستیه‌كی حاشاهه‌ڵنه‌گره‌ كه‌ گه‌لی كورد له‌لایه‌نی سه‌ربازیشه‌وه‌ جگه‌ له‌ خۆی خزمه‌تكردنی به‌ هه‌ركه‌سێ وه‌كو فه‌لسه‌فه‌یه‌ك په‌سندكردووه‌. بارودۆخێكی وه‌ها له‌ راستی ته‌واوی گه‌لانی چه‌وساوه‌دا ده‌بینرێ. نامۆبوون له‌ خود و دوورمانه‌وه‌ له‌ ره‌وشی به‌رهه‌مهێنان بۆ خۆی، به‌شێوه‌یه‌كی تراژیدیانه‌ له‌ راستی سوپاشدا ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌بووه‌. له‌ كاتێكدا دامه‌زراندنی سوپای گه‌لێك كه‌ له‌ ژیانی رێكخستنی دووربووه‌، خۆی له‌خۆیدا گرفتێكه‌، ده‌ركه‌وتنی نزیكایه‌تیه‌ك كه‌ ئه‌و كاره‌ ئه‌وه‌نده‌یتر دژوارتر بكات، واته‌ به‌شداریكردنی ژنان له‌ سوپادا، له‌ ئاستێكی بالاًدا پڕمه‌ترسییه‌. وێڕای ئه‌مه‌ كاتێك راستیه‌كی وه‌ها سه‌باره‌ت به‌ گه‌ل له‌ ئارادایه‌، چ شتێك بووه‌ هۆكاری ئه‌وه‌ی سه‌رۆكایه‌تی PKK هه‌نگاوی وه‌ها بوێرانه‌ بهاوێژێ؟ به‌پشتیوانی له‌ چ شتێك ئه‌م هه‌نگاوه‌ مێژووییه‌ی هه‌ڵێناوه‌؟ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌م پرسیارانه‌ په‌یوه‌ندیداره‌ به‌ لێگه‌ڕین به‌دوای ئازادیدا كه‌ سه‌رۆكایه‌تی PKK هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ داكۆكی لێكردووه‌. پێداگری و سووربوونی سه‌رۆك سه‌باره‌ت به‌ ڕێكخستن كردنی ئه‌م لێگه‌ڕینه‌ و خستنه‌ ژێر خزمه‌تی كۆمه‌ڵگا، بۆته‌ هۆكاری ئه‌وه‌ی هه‌رچه‌نده‌ مه‌ترسیداریش بێ ئه‌م خه‌باته‌ به‌ڕێوه‌ببات و تێكۆشانه‌كانی له‌سه‌ربنه‌مای دامه‌زراندنی سوپای ژن رۆژ به‌رۆژ وشیارانه‌تر و به‌ پیلانتر ئه‌نجام بدات. چونكه‌ ئامانجی سه‌ره‌كی به‌سوپا كردنی ژن، پێشخستنی ژیانه‌ له‌سه‌ر بناخه‌ی یه‌كسانی و ئازادی. یه‌كێك له‌ مه‌رجه‌كانی گرنگی ئه‌مه‌ش، ده‌بێ ژن ببێته‌ لایه‌نێكی پێداگر و به‌هێزی ژیان. به‌م پێناسه‌یه‌ به‌ سوپابوونی ژن كه‌ بۆ یه‌كه‌مین جار له‌ مێژووی جیهاندا له‌ ئاستێكی وه‌های رێكخستندا وه‌كو ته‌گبیرێك له‌پێناوی پێشخستنی ئازادی ژن هاته‌ ئاراوه‌، چ واتایه‌ك له‌خۆوه‌ ده‌گرێ؟ بۆ چ پێویست بینرا؟ پێویست بوو؛ چونكه‌ رێكخستن و به‌ ده‌زگاكردنی سوپای ژن له‌هه‌ر ئاستێك دابێ، دیارده‌یه‌كی حاشاهه‌ڵنه‌گره‌ بۆ یه‌كسانی و ئازادی. ئه‌گه‌ر ژن خوازیاری گه‌یشتنه‌ به‌خۆی، ئه‌گه‌ر خوازیاری به‌رزكردنه‌وه‌ی ره‌گه‌زی خۆیه‌تی، ناچارده‌بێ خۆی له‌ پیاو زیاتر نزیكی رێكخستن ببینێ و رێكخستن و به‌سوپابوونی به‌ جۆش و خرۆش و به‌رپرسیاری، بگه‌یه‌نێته‌ سه‌ركه‌وتن. چونكه‌ پیاو تا ئه‌و راده‌یه‌ی له‌ دارمانی ده‌سه‌ڵاتی خۆی ده‌ترسێ، ئه‌وه‌نده‌ش له‌ به‌هێزبوونی ژن ده‌ترسێ. زۆربه‌ی كات، پیاو یان به‌ڕێوه‌به‌ری كار یان ئاغا یاخود سه‌روه‌ری ژن بووه‌ و سه‌رۆكی بنه‌ماڵه‌یه‌. واته‌ به‌رده‌وام بناخه‌دانه‌ری گوشاره‌.

هەمیشە ڕێگە بۆ چەوسانەوە خۆش دەکات. بۆیە پەسندکردنی لە ئاستێکی ژووردا بۆ ژن دیاردەیەکی ژیانییە. لەم ڕووەوە بە سوپابوونی ژن واتایەکی پرەنسیپی هەیە. هەوڵدان لە پێناو بەسوپابوونی ژنان کە لە زۆر لایەنەوە تایبەتمەندی یەکەمینی هەبووە, لە ساڵی 1993 دەستیپێکرد، وەکو بەرهەمێکی ئەم نزیکبوونە بەپرەنسیپە هاتە ئاراوە و دەستکەوتی گەورەی سەبارەت بە مێژووی ژن بەدیهێناوە. پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندنی گشتی کە بەتایبەت لە سوپای نێو سیستەمی دەسەڵاتداری پیاو شێوەی گرتووە، بەر لە تاوتوێ کردن و لێکدانەوەی هەوڵدانی بە سوپابوونی ژن و ئەو ئاستەی کە لە پێشکەوتنی خوڵقاندوویەتی، گرنگە. چونکە بێ تێگەیشتن لەم دیاردەیە و بێ پەی بردن بەو ئەنجامانەی کە مێژووی سوپا ئافراندوویەتی و ئەو کاریگەیەی کە لەسەر ژیانی گەلان و گۆڕانکاریە مێژووییەکان کردووە، ئەگەر تێنەگەیشترێت کە لە ئاکامی مێژووی ئەم سوپایە هاتۆتە ئاراوە و هەروەها بێ تێگەیشتن لە گرنگی بەسوپابوونی ژن, پەیوەندی گەلان, مرۆڤایەتی, ژن و لەبەرچاوگرتنی بەهاکانی مەیسەر نابێ.

دیاردەی بەهێزبوون یان خواستی بەهێزبوون بە درێژایی مێژوو و بگرە ئەمڕۆکەش بۆ مرۆڤایەتی بونیادی هەرە سەرەکی بووە. بێگومان دیاردەی هێز لەبوارەکانی ئابووری، کولتووری، سیاسی و سەربازی بەدی دێت. بەهێزبوون بۆتە ئامرازی حاشاهەڵنەگری مانەوە و هەروەها بۆ سەپاندنی سیستەم بەکاردێت، ئەگەر بەهێز بی, ئەوا بوونت هەیە و ئەگەر بێ هێز بی واتا مەحکومی بە مەرگ. لەبەر ئەم هۆکارە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، تەواوی ئەو کۆمەڵگا و گەلانەی خوازیاری هێزبوون، بەگوێرەی ئەو هەلومەرجەی تێیدا ژیاون و بەسوود وەرگرتن لە زۆر شێواز و کەرەستە، دامەزراندنی دامودەزگاکانیان بە بنەما گرتووە. بەم پێیە دەبینین کە لە گەلێك قۆناخی مێژوویيدا، سوپا کە ئامرازێکی پەیڕەو کردنی توندوتیژییە وەکو سەرەکیترین ئامرازی بەهێزبوون کەڵکی لێوەرگیراوە. هەروەکو دەزانین؛ دوا بەدوای یەکێك لە گرنگترین سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، نەتەوە و دەوڵەتەکان لەپێناو گەیشتن بەهێزێك کە بتوانن هەبوونی خۆیان بپارێزن, هەوڵدانی دامەزراندنی سوپایان پەرەپێداوە و زۆرترین داهاتی خۆیان لەم بوارەدا خەرج کردووە. وەك گووتمان، سوپا ئامرازێکی توندوتیژییە، یەکێتی ڕێکخراوی مرۆڤە چەکدارەکانە کە دەسەڵاتداران بەمەبەستی پاراستن و گەرەنتی بەرژەوەندیەکانیان دایان مەزراندوە. لەسەردەمی دایکسالاریدا یەکێتی مرۆڤە چەکدارەکان کە سەرەتاییترین

شێوەی سوپایە، لە ئارادا نییە. سوپا هەندێك ئامراز بەمەبەستی خۆپاراستن لە بەرامبەر سروشت و ئاژەڵە دڕندەكان كە هەڵبەتە ئەمە لە میكانیزمی پاراستنی مرۆڤەكان سەرچاوە دەگرێ, هەبوو بێ، بەهیچ جۆرێك واتای پەیڕەوكردنی توندتیژی مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤ لەپێناو ئامانج یان بەرژەوەندی ناگەیەنێ. ئەگەر بێتو باس لە كۆبوونەوەی مرۆڤەكان بۆ كوشتنی یەكتری لەبەر هۆكاری جیاواز, بێتە گۆڕێ ، ئەوا لە ئەنجامی تێڕوانینی زاڵبوون و چەوسانەوە دەرنەكەوتووە. بەواتایەكی دیكە لەسەردەمی دایكسالاریدا ناوكی بەسوپابوون نابینرێ.

لەگەڵ زیادبوونی بەرهەم كە سەرەتایەكی گرنگی لە مێژووی مرۆڤایەتی بەدیهێنا، بۆ یەكەم جار دامەزراندنی یەكێتی رێكخراو و چەكدار بەدی دەكەین. ئەو توێژانەی دەوڵەمەند بوون، هەرچەندە بەشێوەیەكی سەرەتاییش بێ هێزی چەكداریان لەسەربنەمای پاراستنی بەرهەمی زێدە و بەردەوامبوونی چەوسانەوە دروست كردووە. ئەم رێكخستنە سەرەتاییانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەوسانەوە، زیاتر پەرەیان سەند. رێكخستنی سوپا لە رێگای دامەزراندنی دامودەزگا رۆڵێكی گرنگی لە خەباتی دەسەڵاتخوازانەی چینەكان و گەلان لە ئەستۆ بووە. سوپا كە كەرەستەیەكی توندوتیژی بوو لە دەستی دەسەڵاتداراندا، پەیڕەو كردنی گوشار و كۆنترۆڵكردنی توێژەكانی كرداری كردووە. فشار چەندە بۆ دەسەڵاتداران دەهاتە واتای ئامرازی زوڵم و گوشار، بۆ زوڵم لێكراوانیش ئامرازی خۆڕاگری و خەباتی بەدەست هێنانەوەی ئەو ئازادییانە بوو كە لەدەستیان چوو بوو.

سوپا كە پشت ئەستووره به زێدەبوونی بەرهەم ، تایبەتمەندی خۆی لە سیستەمی دەسەڵاتداری پیاو گرتووە. توندوتیژی، گوشار و دەسەڵات و تایبەتمەندی پیاو مۆری خۆی لەشێوەگرتنی سوپا بەگشتی داوە. سوپا لە سەرانسەری مێژوودا لەلایەن پیاوەوە دامەزراوە و پەرەی سەندووە. بەم شێوەیە سوپاكان ئامرازێكن كە لە ئاستی هەرە باڵادا تایبەتمەندی پیاوی زاڵ لە خۆیاندا بەرجەستە دەكەن. لە سوپاكاندا رەنگی ژن بەدی ناكرێ و هەموویان هی پیاون. سوپا، چەمكی پیاو و تایبەتمەندی سیستەمی ژێر دەسەڵاتی پیاوی پێكهێناوە و پتەوتری كردووە. توندوتیژی كە بەشێوەیەكی بێ سنوور بەكاردەهێنرێ، دواتر بۆتە هۆی بووژانەوەی فاشیزمیش، لەم واتایەدا چینی زاڵ و خاوەن سوپا، بەردەوام ئەو توندوتیژیانەیان سەركوت كردووە كە بێ بەشن لە یەكسانی، ئازادی، ئیرادە و هێز. سوپا لە سەرانسەری مێژوودا، رۆڵی ئامرازی هێزە سەركوتكەرەكانی بینیوە لە دژی چەوساوەكان .

بەشـداربوونی ژن بـەو ئـامرازی دەسـەڵات و توندوتیژییـە، لـە مێـژوودا بەگشـتی ئەوەندە کەمە کە دەتوانرێ لەبەرچاو نەگیرێ . هەبوونی هەندێك نموونەی زۆر بەدەگمەن راستی ئـەم قسـەیەمان نـاگۆڕێ, جگـە لـە شـەڕی خـاچ پەرەسـتەکان و هەلومـەرجی شـەڕی چاخی نـاوین کـە ژمـارەی ژنـان لـە حەرمسـەرای سـوڵتان و پادشاکان زۆر بـوو ــ هەڵبەتـە ئەمەش نیشانەی ئاستی وابەستەییە کە لەلایەن پیاوەوە دووچاری ژنان کـراوە ــ بابـەتێکی تر دەربارەی بەشداری ژنـان لـە سوپا یـاخود شـەڕ بـەدی نـاکرێ. لەم دواییانـەدا، واتـە لـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی شۆڕشـەکان و هـەروەها لـە سـوپای دەوڵەتـە جیاوازەکانـدا، ژن بەشێوەیەکی کرداری جێگەی گرتووە. سەرەڕای ئەمەش لە ئاستێکی باڵا و بەرەکانی پێشدا نەبوو. بەڵکو هەمیشە لـە پشت بـەرەکانی شـەڕدا بـووە. هەڵسوکەوتی سەردەستانەی پیـاو ئەگـەر دانـی بـەژنان لـە سـوپاش دانـابێ، ئـەوا گواسـتوویەتیەوە بـۆ بـەرەکانی پاشـەوە. ئەمڕۆکەش ئەگـەر لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئیمپریالیسـتی ژنـان پلـەی فەرمانداریشیان هـەبێ، ئـەوا لـە تێـڕوانین و ناسـنامەی ژن دوورە و بەتـەواوەتی رەنگـی تایبەتمەندیـەکانی پیـاوی پێوە دیارە. واتە لە سوپاکانیشدا کە بەرهەمی لۆژیکی دەسەڵاتدارانەی پیـاون، تـەنیا جێـی ئەو ژنانە هەیە کە شێوەی پیاویان گرتووە. لە بارودۆخێکدا کـە سوپا تـەنیا لـە خزمـەتی رەگـەزێك دایـە، ئـەوا نـاتوانرێ بـاس لـە یەکسـانی نێـوان رەگـەزەکان بکـرێ. ئەگـەر بـە دەربـڕنێکی قەبەش بێ؛ کە لە کۆمەڵگایەکدا تەواوی چەکەکان لەدەستی پیـاودابن, شـتێکی ئاشـکرایە کـە هاوسـەنگی هێـز لـەدژی ژن دەبـێ. سـوپاکان بەدرێـژایی مێـژوو سـەرەکیترین سەرچاوەی هێزی سیاسی بوون و پیاو بونیادی هەموویانی دامەزراندووە. رێـژەی پێکهاتنی سوپاکان لەلایەن پیاوەوە، بەشێوەیەکی گشتی نیشانەی رادەی وابەستەیی ژنـە. ئەمـە واتـای دەسـەڵاتی پیـاو دەگەیـەنێ بەسـەر سـوپادا. هـیچ کـەس نـاتوانێ بەوتـەی ئەمانـە هـیچ پەیوەندیـەکیان بەمـەوە نییـە، نکـۆڵی لـەم راسـتیە بکـات. کەسـایەتی سـووك کـراوی ژن گرێدراوی لۆژیکی پیـاوە لـە سـوپادا، ئەمـە سـەبارەت بەگـەلانی ستەم لێکـراویش هـەر بـەم شـێوەیەیە. خـاوەن سـوپا، سـەرکوت کـردن پـەیڕەو دەکـات. دەسـتەواژەیەك بـەناوی سـوپای یەکسانی بوونی نییـە. لـە هـەر شـوێنك یەکسـانی هـەبێ، سـوپانییە. سـوپاکان لـەو جێیـەی یەکسانی لە ئارادانییە، سەرهەڵدەدەن. یەك سوپای ستەمکاران و ئەویتر هی چەوساوەکانە. لەو شوێنەی بەردەوام سوپای پیاو لە ئارادابێ، لەوێ راسـتی ژنێکـی بەتـەواوی سـەرکوتکراو دەبێتە بابەتی باس. ئەوکات بەروونکردنەوەیـەکی گشـتی پێویسـتە بەسـوپابوونی ژن وەکـو

بەهایەکی سەرەکی بۆ یەکسانی ببینرێ. لەڕاستیدا دیاریکردنێکی زانستی کە بە سوپابوونی ژنان لەنێو PKK دا پێی پشت ئەستووره، ئەو روونکردنەوەیەیە. PKK ئەمەی بینیوە کە بونیادنانی ژیانی داهاتوو لەسەربنەمای بەسوپابوونی ژن رێگەچارەی هەرە زانستییە. بەم شێوەیە پێناسە بۆ چارەسەری کێشەی ژنان داناوە. واتە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ژن تەنیا بە بەشداری چالاکانە لە خەبات، خۆڕاگری لەسەربنەمای هێزی خۆیی و لەڕێی شۆڕشێك کە تێیدا خۆی بگەیەنێتە ئاستی بەسوپابوون ــ کە بەکاریگەرترین ئامرازی شەڕە ـ ئازادی خۆی بەدەست دێنێ و لەسەر ئەم بنەمایەش ژنانی بانگهێشتی نێو ریزەکانی کردووە. بەمجۆرە بەگوێرەی ئاستی بزاڤی گشتی ژنانی نێو بۆتەی تێکۆشان، هەنگاوێکی گرنگی لەپێناو بەسوپابوونی ژن، واتە رێکخستنی تایبەت بەژنان و بەرەبەرە ئازادبوونیان هەڵێناوە.

بۆچی بە سوپابوونی ژنان؟ روونترین و ئاشکراترین وەڵامی ئەم پرسیارە "سەرەکیترین ئامرازی یەکسانییە" دەبێ. مەبەست ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە ئامانج تەنیا سوپایەکی سەربازی نەبووە. PKK، هەموو کاتێك کەم و زۆر راستی کێشەی یەکسانی و ئازادی کە بێ بەسوپابوونی ژن چارەسەر نابێ و بەواتایەکیتر خۆرێکخستنکردنی ژن لەلایەنی ئابووری و هەروەها دەزگای کۆمەڵایەتی، سیاسی و بە تایبەت کولتووری، بەبنەماگرتووە. رزگاری رەگەزی ژن لەڕێگەی خۆرێکخستن کردنی ژن لە روانگەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازی و لەسەربنەمای راستی رەگەزی و کارەکتەری ناوەڕۆکی خۆی، واتە لەڕێی بەسوپابوونی ژن مەیسەر دەبێ. لەم رووەوە دیاردەی بەسوپابوونی ژن وەکو یەکەمین هەنگاوی رێکخستنی لەپێناو کرانەوەی رێگەی ئازادی، روونکردنەوەیەکی دروست و گونجاوە. ئەم هەنگاوە لە روانگەی تێکشکانی قەبەبوونی دەسەڵاتدارانەی پیاو و هەروەها لەبواری ئاشکراکردنی هێزی خۆیی ژن پڕبایەخە. بەسوپا بوونی ژن ئەگەر بەگوێرەی پێوانە ئاساییەکانی جیهان و پێوانەکانی ژن و پیاوی کلاسیك و رەفتار و پێوانەی بەها کۆمەڵایەتیەکان لێی بڕوانرێ، دەربڕی نزیکایەتییەکی تەواو جیاوازە. لەوە گرنگتر، هەڵسەنگاندنی پراکتیزەکردنی لەگەڵ راستیەکی وەها، دیاردەیەکە کە لەجیهانی ئەمڕۆشدا جەسارەتێکی بێ کۆتایی دەوێ. چونکە، بەسوپابوونی ژن، دەربڕی ژنێکە کە سنووری چەوسانەوەی رەگەزی دەرباز دەکات، زنجیری وابەستەیی بەپیاو دەپچڕێنێ و لەجێی شێوازی ژیانی کلاسیك، ئازادی دەکاتە ئامانجی خۆی. رزگاری

کۆمەڵایـەتی و ڕەگـەزی نەتـەنیا بـە ڕێـی ڕێکخسـتنی سیاسـی، بـەڵکو لـەڕێی ڕێکخسـتنی سەربازیشەوە ئـەنجامگیر دەبێ. دامەزرانـدنی ئـەو دامودەزگایانـەی کـە سـیمای ژنیـان پێـوە دیـاربێ، لەبەرامبـەر راسـتی پیـاو کـەمۆری خـۆی تـادوا رادە لەسیاسـەت و سـەربازی داوە، پێویست و گرنگە.

گەلی کورد لەبەرامبەر چەوسانەوەی سەدان ساڵە، ئاواتی دامەزراندنی سوپای خـۆیی لـەڕێی دەرکـەوتنی ARGK (ئەرتەشـی رزگـاریخوازی گـەلی کوردسـتان) بـەدیهاتووە. لـە نێوبردنی هەڵسوکەوتی پیاوی دەسەڵاتدار و ژنی کۆیلە لەبۆتـەی راسـتەقینەی ئـەم سـوپایە کـارێکی وەهـا سـانا نـەبووە. سـەرەڕای ئەمـە، قەڵـەمبازی PKK بـەرەو بەسـوپابوونی ژن، خاوەن گرنگیەکی مێژووییە. لە جیهاندا گەلێك شۆڕشـی بـۆرژوازی و هـەروەها زۆر شـۆڕش بە پێشەنگایەتی پرۆلیتاریا، روویان داوە. بەڵام لەهیچ کامیانـدا ژن نەگەیشـتۆتە دەسـەڵات، بگـرە تێیـدا بەشـداریش نـەبووە. گشـتیان لـەڕێی سـوپای پیاوانـەوە بەئـەنجام گەیشـتوون و خـاوەن نـاوەڕۆکی دەسـەڵاتدارانەی پیـاو بـوون. شۆڕشـی کوردسـتان ئـەم لایەنـەی مێـژووی پەسند نەکردووە و رەخنەی لێکردووە. بـەم پێیـە گەیانـدنی ژن ــ کـە بەشـێکی گـەورە لـە کۆمەڵگا پێکدێنێ ــ بـۆ بـارودۆخی خولقێنـەری مێـژوو و بەشـداری لـە دەسـەڵات، بەبنـەما گرتووە. لەم روووەوە نرخاندنی بەسـوپابوونی ژن بەروانگەیـەکی زانسـتی و دەربـڕی لەگـەڵ راستیەکان گرنگیەکی مێژوویی هەیە. بەسوپابوونی ژن لـەنێو PKK و رۆڵـی ژن لەشـەڕدا لەسـەر ئـەم بناخەیـە رەهەنـدێکی وەهـا لـەخۆوە دەگرێـت کـە لەگـەڵ هـیچ راسـتینەیەکی شۆڕشێکی دیکە هەڵناسەنگێنرێ. ئەم دیاردەیە دەربڕی ئاستێك لـە ڕێکخسـتن بوونـە ــ کـە لە خەباتی شۆڕشەکانی دیکەی مێژوو و بزاڤەکانی ئازادی ژنان، رووی نەداوە. جگـە لەمانـە راکێشـانی ژنـی کـورد ــ کـە لەڕاسـتی گـەلی زوڵـم لێکراومانـدا بـارودۆخێکی هـەزار جـار خەراپتری هەیە ـ بەرەو شەڕگەکان و ئافراندنی سوپای سـەربەخۆ، نیشانەی قەڵـەمبازێکی رزگاریخوازانەیە کە لەدژی تەواوی نزیکبوونە رۆژانە و ئاساییەکان ئەنجامگیر بووە. چونکە گەوهەری بنەڕەتی بەسوپابوونی ژن بوارەکانی کۆمەڵایـەتی و تەنانـەت کولتـووری لـەخۆوە دەگـرێ. بەسـوپابوونی بـەمجۆرەی سـوپا تـەنیا کاتێـك دەتـوانێ لـە بوارەکـانی سـەربازی و سیاسی رەنگدانەوەی هەبێ، کە رۆڵی خۆی سەبارەت بەم بابەتە گێڕابێ. دەنا بەسـوپابوونی ژن لەگەڵ هەڵسوکەوتی بابەتیانەی سەربازی و جێگیری لە گەرمەی شەڕدا یەك ناگرێتەوە. ئـەوەی پێویسـتە لـە بەسـوپابوونی ژنـدا تێبەگەیشـترێ ئەوەیـە کـە لایـەنی پێشـکەوتنی

ئایدیۆلۆژی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکەی، قوورساییەکی زۆرتری هەیە، یان ئەو خاڵەی کە دەبێ لە بەسوپابوونی ژن دەرکی پێبکرێ؛ هاوبەشی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادییە. بۆیە بەسوپابوونی ژن، دامەزراندی سوپا نییە لە واتا قەبەکەیدا، بەپێچەوانە رەخنەیەکە لە لۆژیکی سوپا کە لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە، تائەمڕۆ سەریهەڵداوە. ئەو سوپایەی کە خاوەن کارەکتەرێکی پیاوانەیە، دەستەواژەی پەیوەندیدار بە چەوسانەوە وەك سەرکوت، گوشار، توندوتیژی، دەسەڵاتداری و داگیرکەری وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە. بەسوپابوونی ژن کە لەنێو PKK دا پێکهاتووە، رۆڵێکی گرنگی هەیە، لە پەرەپێدانی سیمای ژن و گەوهەری خۆیی لەنێو سوپای گەلدا و گەیشتن بەناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕی و هەروەها لەلایەکی دیکەوە بە پێشگرتن لەو تایبەتمەندیە فیۆداڵییانەی لە شێوەگرتنی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرن، مۆری خۆی لە بەسوپابوونی ژن داوە. هاویشتنی یەکەمین هەنگاوی بەسوپابوونی ژن و هێدی هێدی بووژانەوەی ئەو لەکاتێکدا تایبەتمەندییەکی جیاواز لە سوپای شۆڕشە کلاسیکیەکان بەهێزی ئەو شۆڕشە دەبەخشێ کە ARGK بەناوی ئیرادەی گەلێك خستبوویە روو و هاوکات لە روانگەی بەراوژووکردنی دیمەنی سوپای زاڵ کە بەدرێژایی مێژوو سەریهەڵداوە، قەڵەمبازێکی مێژوویی بووە. چاولێکردنی پێشکەوتنەکان بەشێوەی تاك رەهەندی وەکو سۆسیالیزمی بونیادنراو دەهاتە واتای شکست، لە سۆنگەی ئەمەوە سەرۆکایەتی PKK هیچ کات بووژانەوەیەکی شۆڕشگێڕی تاکلایەنە بەبنەما ناگرێ. هەڵسوکەوتێك بەچەشنی رێپێوان لەسەر قاچێك یاخود پشت ئەستوور بە هێزەکانی دەسەڵاتداری دیار، لەئارادا نییە. پێشخستنی شۆڕش لەڕێگەی گەیشتن بەبناخەی خۆیی بە بنەما گرتووە. ئەگەر شۆڕشێك لەسەربنەمای ژن ـ کە زوڵم لێکراوترین توێژی کۆمەڵگایە ــ دامەزرێ و گەلێك لەسەر ئەم بنەمایە ئاراستە بکرێ، ئەوا ئەو شۆڕشە تێکناشکێ. یەکێتی سۆڤیەت کە ئەم راستیەی لەبەرچاوان نەگرت و نەیتوانی ناوەڕۆکێکی دیموکراتییانە بە پەیوەندییەکانی ژن و پیاو ببەخشێ. بۆیە سەدەیەك لەسەرپێ نەما و هەڵوەشایەوە. یەکێتی سۆڤیەت نموونەیەکی سەرسوورهێنەرە لەمەڕ پێشکەوتنی سۆسیالیزم کە لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی وەهادا ئیرادەی ژنانی پشت گوێ خستووە، شێوازێکی بەڕێوبەرایەتی هەبوو کە تێیدا ژنان بێبەش بوون و نیوەی مرۆڤایەتی لەژێر گوشار و زەبروزەنگ دابوو. PKK کە ئاکامی بەرچاوی لەم وانە مێژووییە هەڵێنجاوە، بەسوپا کردنی ژنی هاوکات وەك خەباتێك

پەیڕەو کردووە، لەپێناو پاراستن و بووژانـەوەی گەوهـەری سۆسیالیستیانەی ئایـدیۆلۆژیای PKK. چونکە لەهەر شـوێنێکدا یەکسانی نـەبێت، سـەرکەوت و بێـدادی لـە ئـارادا دەبـێ و سیسـتەمێکی بـەم شـێوەیە نـاتوانێ ببێتـە سۆسیالیسـت. لـە زۆر بـواری وەکـو ئـەزموونی ڕێکخستنی، ژیـانی، سـەربازی و سیاسـی، زاڵبـوون لەبەرامبـەر سروشـت و.... هتـد ژنـی نێـو ریزەکـانی PKK ەش ڕووبـەڕووی هەلومـەرجی نایەکسـانی بۆتـەوە. بـۆ لـەنێوبردنی ئـەم نایەکسـانیە، بـەهێزکردنی ئەوانـەی لاوازن، واتـە ژنـان، پێویسـت بـوو. ئەمـە، گەوهـەری راسـتەقینەی سۆسـیالیزمە. لـەم واتایـەدا بەسـوپابوونی ژنـان وەکـو پێداویسـتییەکی سۆسـیالیزمیش تـاوتوێ کـراوە. لەڕاسـتیدا ئـەم خەباتـەی لـەنێو PKKدا بەڕێوەچـووە، تێکڕووخـانی راسـتینەیەکی مێـژووی هـەزاران سـاڵەیە. بەسـوپابوونی ژن لەلایـەك ڕەخنەگرتنە لە سوپای کلاسیك کە پیاو لەهەموو لایەك زیاتر داکۆکی لێدەکات و هەبوونی خـۆی پێدەسـەلمێنێ و لەلایـەکی دیکـەوە ئەلتـەرناتیفی کـرداری ئـەوە. ئـەوەی لێـرەدا هەڵدەوەشـێتەوە تایبەتمەنـدی دەسـەڵاتدارێتی پیـاوە. سـوپا راسـتیەکە کـە لـەڕێی ئـەو تایبەتمەندیانەی پیاوان پێ گەیشتووە، بونیادنراوە، بە دژوارترین شێوە بەڕێکخستن کراوە، توندوتیژی وێرانکەری ژیانی خستۆتە چوارچێوەی دامودەزگا و راسـتیەکە کـە هـەرە زێـدە بەشێوەیەکی توند هێزی خۆی تێیـدا بەرجەسـتە کـردووە. ناوەنـدی ئافرێنـەری دەسـەڵاتی باوکسالاریە کە مۆری خۆی لە ژیان داوە، کەواتە دەستپێکردنی هەر چەشـنە گۆڕانکاریـەکی خواستراو لە ژیان و سیستەمدا، لەمەوە (لەئەرتەشەوە)، زۆر واتادارە. واتای جێگەگرتنی ژن و تا دەچێت بـەڕێکخراوبوونی ئـەو بـە گەوهـەر، ڕەنـگ و ئـیرادەی خـۆی لـەم گۆڕەپانـە کـە سیستەمی باوکسالاری و سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی زیاتر لە هەر شوێنێك متمانەی پێ کـردووە و، لەسـەرکوتکردنی گـەلان و ژنانـدا کـەڵکی لێوەرگرتـووە و هـەروەها لـە سـنووردارکردن و بەربەستکردنی ئازادییـەکانیان لـەڕێگای هەڕشـە و گوشـارەوە، پـەنای بـۆ بردووە، ڕوون و ئاشکرایە. ئەم دیاردەیە لە ناوەڕۆکدا و لەڕێی یەکسانیەوە، وەلەرزەخستنی بێدادییـە. دەرفـەت ڕەخسـاندنە بـۆ ئاشـتی لـە شـوێنی شـەڕ، ئەگـەربێت و شـەڕێك ئـەنجام بـدرێت، ئاراسـتەکردنێتی بـەرەو چوارچـێوەی پـەیڕەوەکان. وەرگرتنـەوەی سـەرجەم ئـەو بەهایانەیـە کـە لـە گـەلان و ژنـان تـالانکراوە، بـەم تێڕوانینـە، بەسـوپابوونی ژن خـەباتێکی ئایدیۆلۆژییە، زەبر وەشاندنە لە پەیکەری سیستەمی باوکسالاری ــ کۆمـەڵگای چینایەتی ــ

پشت ئەستوور بە دەسەڵاتی یەك لایەنە و بێ چەك كردنێتی، بەسوود وەرگرتن لە دامەزراندنی پێكهاتەیەكی ئایدیۆلۆژی و رێكخستنی نوێ.

یەكێك لە ئامانجەكانی دیكەی بەسوپابوونی ژنان پێشخستنی رێبازی ژنە شان بەشانی رێبازی ئایدیۆلۆژی سەرۆكایەتی PKK، كە خەباتی ئەنجامدراوی ژن وەكو پێشكەوتووترین بەهای شۆڕش و هێز و چەكی رێكخستن دەنرخێنێ. خەباتێكی بێ ئامانی لە دژی كاریگەریەكانی كۆمەڵگای چینایەتی، بەرەهەندی ئایدیۆلۆژی و رێكخستنییەوە، بەڕێوەبردووە. هەوڵدانێكی بەشكۆی داوە لەپێناو رەنگنەدانەوەی ئەم كاریگەرییانە لە هێڵی شەڕدا. لۆژیكی سوپا و سەربازێتی، كە لەلایەن هێڵی وێرانكەر ــ بەكرێگیراو سەپێنراوە و چەمكی ئەوانی سەبارەت بە توندوتیژی بەهیچ شێوەیەك پەسندنەكردووە و لەمیانەی لێكدانەوە ئایدیۆلۆژیەكاندا بەردەوام ئەمەی رەخنە كردووە. لەم رووەوە بەسوپابوونی ژن هاوكات تەگبیر وەرگرتنێكی ئایدیۆلۆژی، رێكخستنی و پراكتیكیە لەبەرامبەر هێڵی بەكرێگیراو و سیخوڕ و هەروەها لەبەرامبەر مەیل و هەوڵدانەكانیان كە رەنگدانەوەی لەسەر هێڵی راستی شەڕ هەبووە. ئەگەر سەرنج بدرێت، هەوڵدانەكانی بەسوپابوونی ژن كە لە ساڵی 1993 دەستییپێكرد، هاوكاتە لەگەڵ ئەو ساڵەی كە PKK یەكەمین بانگەوازی بۆ ئاگر بەستكرد، كە ئەمەش لەلایەن خراپكاران (بەكرێگیراوان) و چەتەكانی نێو دەوڵەت و PKK پووچەڵكرایەوە. لە بنەڕەتدا، بەسوپابوونی ژن خەباتی لەنێوبردنی كارەكتەری دەوڵەتی توركیایە كە گرنگی بەم ئاگربەستە نادات و لەنێوبردنی ئەو هێڵەی نێو پارتیە، كە هەنگاوێكی مێژوویی وەها ــ واتا كۆتایی هێنان بەشەڕ و دەربازبوون بۆ كرداری كردنی رێگەچارەی سیاسی و پێشخستنی ئاشتی ــ بەشێویەكی وشیارانە چەواشە دەكات و هەروەها خەباتی پێكهێنانی گۆڕانكارییە لەشێوازی شۆڕشگێڕیدا. گەوهەری ئەم دوو تاقمی چەتەگەریە ــ هەم لەنێو دەوڵەت و هەم لەنێو خۆی PKK شدا ـ رێبازێكە كە لەئەنجامی كۆمەڵگای چینایەتی و باوكسالاری بەدیهاتووە و لەرێگەی خوێن رشتنی گەلان و كۆكوژی ژنان لەسەرپێ ماوەتەوە. ئەگەر لێكدانەوە، رەخنە، پەردە هەڵماڵین و لەنێوبردنی ئەم رێبازە ئەنجامگیر نەبێ، ئەوا ناكرێ ئاشتی، یەكسانی، برایەتی و ئازادی بەهیچ شێوەیەك مەیسەر ببێ. كەواتە رێكخستن كردن و بەرەو خەبات هاندانی ئەو توێژەی ئەم دیاردانە لەپێناو دەسەڵات بەسەر ژیاندا دەكاتە ئامانجی خۆی و ژیانی خۆی بۆ سیستەمی باوكسالاری تەرخان كردووە، ناچاریەك. ئەو

دیاردەی لەڕێگەی بەسوپابوونی ژنانیش کرداری بووە، هەر ئەمەیە. لەم واتایەدا خەباتی بەسوپابوونی ژن درێژە دانە بە گەوهەری ئەو بانگەوازی ئاگربەستەیە کە لە ساڵی 1993 ڕاگەیەنرا. گەرەنتی پێشخستنی ڕێبازی شەڕە بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای PKK. کاریگەری شێوەگرتنی پیاو لە ڕەوتی قۆناخی مێژوو واتە ڕەهەندی توندوتیژی لەسەر ئەو چالاکیانە هەبووە کە لە مێژووی سوپای PKK ئەنجام دراون و گرێدراوی ڕێبازی ئایدیۆلۆژیەکەی نەبوون. ئەگەر ئەم شێوەبەندییە لەڕێگەی ئاراستەکردنی گەوهەری ژن بۆ نێو تێکۆشان و لەسەر بنەمای ڕێبازی ئایدیۆلۆژیای PKK نەگۆردرابا، ئەوا لەوانەبوو شەڕ بەگوێرەی چەمکی دەرەوەی ڕێباز پەرەبستێنێ. سەرۆکایەتی PKK باوەڕی لەبن نەهاتووی سەبارەت بەوەی کە ژن خاوەنی گەوهەری هێزێکی وەهایە کە توانای ئاراستەکردنی، پیاو و مەیل و چەمکی چینایەتی نێو پارتی هەیە، بەرەو ڕێبازێکی ڕاستەقینە و دروستی شەڕ، بە بەپرسیاری و ڕێکخستنی بەردەوام جێگەی بۆ ژن لەسوپادا تەرخانکردووە. لەم دیدەوە بەسوپابوونی ژن کە پێشکەوتنی مێژوویی بۆ پارتی و گەلەکەمان خوڵقاندووە، بە وەڵام و هەڕەشەی زۆر توند کە کۆڵەکەکانی سیستەمی ئیمپریالیستی و ڕێبازی بەکرێگیراوی و وێرانکەر بلەرزێنێ و بەهێرشێکی شۆڕشگێڕی ڕێگەی لەبەردەم بزاڤی ئازادی و گەلەکەمان کردۆتەوە.

بابەتێکی دیکەی گرنگ کە سەرۆکایەتی PKK هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی سوپای ژنان بەبنەما گرت، گۆڕینی ئەو لۆژیکە بوو کە پێی وایە ژن لە ڕوانگەی جەستەییەوە بێ هێزە، بۆیە تەنیا توانای بەشداریکردنی لەهەندێك خەباتی دیاریکراودا هەیە. بەسوپابوونی ژنان لە هەلومەرجی زۆر ئەستەمی جوگرافیایی کوردستان و لەنێو کەش و هەوای پاشڤەڕۆیانی دەوڵەت کە ئیرادەی گەلانی تێکشکاندووە و دەسەڵاتی لەسەر پەیڕەوکردوون، لەوانەیە بۆ هەندێك کەس وەکو موعجیزەیەك بێ. بەڵام PKK تەنیا لە ڕوانگەی جەستەییەوە لەژنی نەڕوانیوە، بەڵکو ئیرادەی هێزی بیرکردنەوەشی لەبەرچاو گرتووە و بەو باوەڕییەی لەئاکامی پەرەسەندنی ئەو دوو خاڵە هێدی هێدی جەستەی ژنیش پتەو دەبێ، ئەمەی لەڕەوشی موعجیزە دەرهێناوە و وەکو ڕاستیەك خستوویەتیە بەرچاوان. هێشتنەوەی ژن لە بارودۆخی داماویدا بەبیانووی توانای جەستەیی، بەدرێژایی هەزاران ساڵ و بەکارهێنانی جەستەکەی، بەردەوام کۆیلایەتی ژنی قووڵتر کردۆتەوە. ئەو لاوازییەی تووشی ببوو، بووە بیانوویەك بۆ سووکایەتی پێکردنی، لەگەڵ کەوتنە نێو

کۆمـەڵگای چـینایەتی پیـاو کـە تـا دەهـات لەئـەنجامی دەسـت بەسـەرداگرتنی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان، بەسـەر بەرهەمـدا زاڵ دەبـوو و لەلایـەکی دیکـەوە لایـەنی ئایـدیۆلۆژی دەسەڵاتی خۆی دەسەپاند، وێڕای بەڕەوا دیتنی سیستەمی ئایدیۆلۆژی پاڵپشت بە دەسەڵاتی یـەك لایەنـەی پیـاو و ناوەنـدی کردنـی ئـەو شـێوازەی هەرەزێـدە پـەنای بـۆ بـردووە بەخسیرکردنی جەستەی ژن و دزێو و حەرامکردنی بووە، لەکاتێکدا کە زۆربـەی بـەهاکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئافراندووە. شەرمێونی کە یەکەمین هەستە لەتاقی منداڵیەوە ژن فێری دەکرێ، بەردەوام کاریگـەری لەسـەر ناتـەواوبوونی ژن هـەبووە. لـە روانگـەی جەسـتەییەوە، بنەماڵـە و کۆمـەڵگای کلاسـیك بـەو تێڕوانینـەی کـە ژن ناتـەواو و گوناهکـار و شـەرمە، بـەردەوام ژنیـان ناچـار کـردووە کـە ئایدیۆلۆژیاکـەیان پەسـند بکـات، واتـە هـەر لەسـەرەتای منالییـەوە مـافی کـەڵك وەرگـرتنی سـەربەخۆی ژن لەجەسـتەی خـۆی زەوت دەکـرێ. ئـەوە نیشانمان دەدات کە ئەو خاڵەی کۆیلایەتی پێ ناسـاندووە و تـامی کۆیلایـەتی پـێ چێشـتووە هەر جەستەکەی بووە. بۆیە سەرەکیترین ئەڵقەی زنجیرەی کۆیلایەتی کە پێویستە بپچڕێ، بێ هێز و وابەستەبوونی جەستەییە. ناکرێ کێشەکە لـەواتای قەبـەدا وەکـو بەدەسـتخستنی هێـز و لـەم بابەتـەدا پێشبڕکێ کـردن لەگـەڵ پیـاودا، بەدەسـتەوە بگیردرێـت. بـەڵام وێـڕای ئەمەش ژن خاوەنی سروشتێکی جەستەیی تایبەت بەخۆیەتی. ئەگەر ژن ببێتە خاوەن بـیر و ئیرادەیەکی ئازاد، ئەوا ئەو جەستە زۆر لاوازەش دەتـوانێ ببێتـە سەرچاوەی هێزێکـی بـێ سنوور. لەبنەڕەتدا ئەو خاڵەی ئاماژەمان پێکرد ئەو چەمکە سـەرەکیەیە کـە بەسـوپابوونی ژنان لـەنێو PKK دا پشـتی پـێ دەبەسـتێ. ئەمـەش واتـای سـەرەتای تێپـەڕبوونی ژنـە لـە خـاڵی بـێ توانـایی و وابەسـتەبوونی جەسـتەیی ــ کـە ژنـی پـێ بەسـتراوەتەوە ــ بـەرەو تێکشـکانی کۆیلایـەتی و هـەنگاو هاوێشـتن. ئـەم دیاردەیـە لـە رێگـەی بەسـوپابوون بەسەرکەوتوویی ئەنجامگیربووە و هەر هیچ نەبێ ئەندێشـەی "منـیش دەتـوانم چـەکداربم، منیش دەتوانم لەو چیایانەی کە لـە رابـردوودا جەسارەتی هـەڵزنانم نـەبوو، لەسـەر قاچـی خـۆم راوەسـتم دەتـوانم قسـەبکەم، خـاوەن هێـزبم" لەژنـدا پێشخسـتووە. زۆربـەی ئـەو شـەهادەتانەی سـەرەتا لـەنێو ریزەکـانی گـەریلا روویـان دەدا لـە هەڵـەی زۆر بچـووك سەرچاوەیان دەگرت، کە بۆ شێوەگرتنی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسی ژنـەوە دەگەڕێتـەوە. ژن لـە روانگـەی جەسـتەییەوە دەسـتە و یەخـەی کێشـەی گـەورە بۆتـەوە؛ بـۆ وێنـە بەرەنگاربوونـەوەی ژن سـەبارەت بـە پاراسـتنی خـۆی لەبەرامبـەر هێرشـی دوژمـن یـاخود

هەڕەشەی سروشت زۆر لاوازبووە. ئەم ڕەوشەش لە نامۆبوونی ژن لەگەڵ سروشت و ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت. چونکە شێوەگرتنێکی بەمجۆرە لە ژندا بەدیهاتووە کە لەسەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگای چینایەتی تا ئەمڕۆکەش بەردەوام بەند کراوە. بەم شێوەیە بە سوپابوونی ژن بەئەندازەی ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی، سیاسی و کولتوورییەکەی لە ڕوانگەی سەربازیشەوە سەبارەت بە ئاوێتەبوون لەگەڵ سروشت، خولقاندنی تاکتیك، خۆپاراستن، دژە هێرش لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێت و بۆ ژن مایەی ئەزموون بووە. بێگومان ڕەهەندی بەهێزبوونی لەبواری سەربازیدا بەتەنیا بەس نییە و لەپلەی یەکەمیشدا نایە. لەگەڵ ئەمە، مەیدانێکی گرنگ بووە سەبارەت بە بەدەست خستنەوەی هێزی جەستەیی، ڕامان، توانای بەرپەرچدانەوە و بەرهەمهێنان، کە هی ژن بۆ خۆی بوو، بەڵام لەگەڵیان نامۆببوو، هەلێکی گەورە ڕەخساوە (**لەجیهانی باوکسالاریدا کە ناهەوسەنگی هێز لەسەر ژیان زاڵە، کەڵەکە بوونی هێز بەقازانجی ژن، هەروەها شیکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی کە بە درێژایی ژیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە و بەدەستهێنانی ئەزموونی چۆنیەتی تێکشکاندنی ئەو سیستەمەی بەدواوە بووە)** ژن تەنانەت لە گۆڕەپانی شەڕیشدا، لەو بارودۆخە دەرکەوتووە ئەو هێزە بێ کە وەك رابردوو بەسانایی تێك بشکێنرێ و بۆتە هێزێکی ڕێکخراو کە هەموو لایەك سامیان لێ هەبێ و بەهەندی بگرن. هەروەها ڕاهێنانی هێزی ژن سەبارەت بە دیسیپلینی سەربازی لەمیانەی تێکۆشانی سوپا و بارهێنانی جەستەبە شێوەیەکی پتەو و ڕێکخراوتر، شیاوبوون لەبەرامبەر شەڕ دژی هێزە سروشتییەکان و دوژمن، لە هەرکات زیاتر، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لەبواری دیسیپلینی نێو سوپا و پێشخستنی ڕێساکانی ژیانی سەربازی بینیوە. پێویستە لە ڕوانگەی پیاویشەوە چاو لە بەسوپابوونی ژنان بکرێ. پاشماوەکانی کۆیلەبوونی ژن، مەترسی یەکانگیربوونی لەگەڵ داماوی و نەهامەتی و بێ ڕۆح بوونی ژن لەڕێگەی بەسوپابوونی درووخراونەتەوە. ژنێکی داماو و بێ هێز لە کۆمەڵگادا لە سەرتاسەری ژیانیدا پشت ئەستوورە بەپیاو و هەمیشە چاوی لە ڕێی پیاوە. ئەم ڕەوشە هەم بۆ پیاو، هەم بۆ ژنیش هەتا ئاستی ئەشکەنجە بەرزدەبێتەوە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تەنانەت لە کاتێکدا لاوازی دوولایەنەش لە ئارادابێ، بەردەوام باوەڕی بە پێداویستی دەسەڵاتی پیاو و هێزی ئەوە. لەم ڕووەوە پیاو بە درێژایی ژیان پارێزەری ژن بووە و ژنیش هەمیشە پەنای بۆ بردووە. ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکە لەنێو ریزەکانی خەباتی ئێمە لەسەرەتاکانی شۆڕش

بگرە تا یەکەمین هەنگاوەکانی بە سوپابوون بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئارادابووە و هەم لەبواری ژیان و هەم لە بواری شەڕیشدا گیروگرفت و زیانی گەورەی بەدواوە بووە و زیانی زۆر قورسی لێکەوتۆتەوە. لەم واتایەدا مەبەست لە بەسوپابوونی ژنان زەبر وەشاندنە لە رەوشی پەنابردنی ژن و چاوەڕوانی لە رزگارکەرێك. هەروەها شێوازی پشتگیرییەکی بەم شێوە لەژن، واتە چاولێکردنی ژن وەك سەربار و هەروەها کاڵایەك کە پێویستە هەڵبگیردرێ و لە هەلەمەرجی دژواردا دوور بهاوێژرێن سەرەتای قۆناخی خەباتێکی بەربڵاوە. ئەوەی رێخۆشکەرە لەبەردەم چەمکی پاوانخوازی پیاو؛ وابەستەبوونی ژنە بە پیاو و چاولێکردنێتی وەکو هێزێك. هەتا ئەو کاتەی ژن خۆی بەهێز نەکات، چەمکێکی دروست سەبارەت بەهێز لە پیاودا بەدی نایە. بەسوپابوونی ژن هاوکات دێتە واتای دەستێوەردانی ئەم راستیە، دەستێوەردان لە لۆژیکی شێوەگرتووی ژن و پیاو لەسەربنەمای، "ئەگەربێت و سوپایەك هەبێ و شەڕێك لە ئارادابێ، پێویستە تەنیا لەژێر چاوەدێری پیاودا بێ"، دەستێوەردانێکە لەئاستی باڵادا سەبارەت بە متمانە نەکردنی ژن بەخۆی. هاوکات دێتە واتای تێکشکانی چەمکی "ژن هیچ نییە و بەکەڵکی هیچ نایە"، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەدرێژایی هەزاران ساڵ سەپێنراوە و لەلایەن ژنیشەوە تادوا رادە پەسندکراوە و بەپێچەوانەوە چەمکی"ئەگەر بمانەوێت ئەوا دەتوانین هەر کارێك بکەین، تەنانەت دەتوانین سوپا دامەزرێنین"، پەرەپێدراوە. لەپێناو پێشخستنی ئەم دیاردەیە سەرەتا ژن لە روانگەی جەستەیی لەپیاو جیابۆتەوە. لەگەڵ دابڕانی لەپیاو، ژن چەندە لایەنە بەهێز و پتەوەکانی خۆی بینیبێ بەهەمان رادەش پەردەی لەڕووی ئەم بۆچوونەی پیاو هەڵماڵیوە کە هەموو شکستەکانی خۆی بە هەبوونی ژنەوە بەستۆتەوە، چونکە رێگای بەهێزبوون بە سەربەخۆ بووندا دەرباز دەبێ. تاقیکردنەوەی دابڕان لەسەربنەمای تایبەتمەندی سەربەخۆ پەیوەندیدار بە ژن بۆ یەکەمین جار هەنگاوێکی راستەقینەی زانستیە کە سەرۆکایەتی لەرێگەی دابڕان لە روانگەی جەستەیی، گەڕانەوەی ژن بەرەو گەوهەری خۆی و ناسینی هێز و ناسنامە و بەسوود وەرگرتن لە بەسوپابوونی ژنان خستوویەتیە بواری کرداریەوە.

هێزی ژن لەسەربنەمای شیکردنەوەکانی سەبارەت بە بەسوپابوونی ژنان لەنێو سوپادا دابەشبوونی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. لەم قۆناخەدا هێزی ژنی نێو سوپا کە هاوشێوەی لە مێژوودا نەبینراوە، هەنگاوی گەیشتن بەرێکخستنێکی تایبەتی هەڵێناوە. ئەو

بزاڤەی لە هەلومەرجی شەڕ لە دایکبوو، دەبوایە خۆی بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە بگونجێنێ کە تێیدا دەرکەوتووە. لەسەر ئەم بنەمایە رێکخستنی تایبەتی ژنان سەرەتا بەشێوەی یەکینەی سەربەخۆ دامەزران، لەساڵی 1993 هەوڵدانی سەرەتایی ژنان لەم پێناوەدا گەشەی سەند. ژنان وەکو یەکینەی سەربەخۆ لە چیاکاندا بەرێکخستن کران. ژنان لەبوارەکانی پەروەردەدا، جێگیرکردنی هێز، ژیان، دامەزراندنی کۆبونەوە و چالاکی لە هەلومەرجی شوێن و کاتدا، جوودا بوونەوە، ئەمە بۆ ژن دێتە واتای قۆناخێك کە بەشێوەیەکی زۆر پتەو سەرەتا ناسنامە و دواتر رەگەزی خۆی ناسیوە و پێیگەیشتووە، سەرەتای قۆناخێکە کە تێیدا شێوەگرتنی کۆمەڵایەتی و رۆحی ژن سەرلەنوێ بونیادنراوەتەوە، قۆناخێك بووە کە ژن خۆی لە تێڕوانینی سەردەستی پیاو سەبارەت بە خود و رەگەزی خۆی و هێزی جوانی رزگار کردووە، بەنیشاندانی هەڵسوکەوتێك دوور لە پێش حوکمی، ورە و باوەڕیەکی گەورەی بەدەستهێناوە. ئەو بارودۆخەی دەرك پێکردووە کە ژنێك ناتوانێ بەهێز و ئیرادەی ویستی خۆی بەشداری ژیان ببێت و پێداویستی لێپرسینەوە، تێگەیشتن و قووڵبوونەوەی لەسەر ئەم بنەمایە ئاشکرا کردووە هەوڵدان و تێکۆشانی بەرچاو لەم زەمینەیەدا نیشاندراوە.

لەدرێژەی رەوتی بەسوپابوونی ژن، کۆمیتەی ئازادی و یەکسانی بەمەبەستی نوێنەرایەتی کردنی ژنان لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی واتە لەناوەندەکانی ئیرادە و بڕیار وەرگرتنی رێکخستنی بەشێوەیەکی یەکسان دامەزراون. ژن بەکەڵك وەرگرتن لە رێکخستنی ئەم کۆمیتانە، لە روانگەی چەندایەتیش لە ئاستێکی وەك یەك بەشداری ئیرادەی بەڕێوەبەرایەتی بووە و لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا رۆڵی هەبووە. دەرك بە ئامانجی دامەزراندنی ئەم کۆمیتانە نەکراوە و بەرادەی پێویست کرداری نەکراون. وێرای ئەمە ئامادە نەبوونی ژن بۆ رێکخستن و ئیرادە و هەروەها کەڵك وەرگرتن لە هەل و دەرفەتی ئازادی کە بۆی رەخسابوو، بووە هۆی زەمینەی لێپرسینەوەیەکی جدی و سەرەتا تێگەیشت لە قووڵایی راستی کۆیلایەتی لەناخی ژندا. ئەوە یەکەمین ئەزموون بوو سەبارەت بە بەشداری ژن لە دیاردەی بەڕێوەبەرایەتی بەشێوەیەکی یەکسان. ژن لەم تاقیکردنەوە سەرەتاییەدا سەبارەت بەوەی کە چ شتێك لەخۆیدا بەدیبێنێ، چ شتێك لە نێو ببات و چ شتێك بەهێز بکات، یەکلابۆتەوە. ئەزموونی بە سوپابوونی ژن و گەیشتنی بەئاستی نوێنەرایەتی و بەڕێوەبەرایەتی و لە رێگەی کۆمیتەی بەرامبەری و ئازادی، مەیلی ئازادی

بەشێوەیەکی بەرچاو لەژندا بەدیهێناوە. ئاکامی گرنگ سەبارەت بەگەیشتنی هێزی ژن بە ڕێکخستنێکی جیاواز لە ڕوانگەی کرداری دەستەبەر بووە. بەر لە هەر شتێك، ژن بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا پەی بەبێ توانایی خۆی بردووە. هێزی ژن کە لەکاتی بەشداربوون لە زەمینەیەکی هاوبەش لەگەڵ پیاو بێ بەری بوو لە لێپرسینەوەی ئەم ڕاستییە، پاڵپشت بەو ئەزموون و وشیاریەی لەو قۆناخەدا بەدەستی هێنا، گەیشتە سەردەمی لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ کە تێیدا سەرچاوەی بێ هێزی و هۆکاری لاوازمانەوەی تا ئەو ئاستە و بەپێچەوانە هێزی پشت بەست بە خود بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە بەرامبەر ژیانی بینیوە. دیارە ئامانج لە جوودابوونی هێزی ژن لە پیاو و گەیشتنی بە دامودەزگای تایبەت لە ئەرتەشدا هەر ئەمەیە. بە واتایەکیتر ئامانج ڕەخساندنی هەلومەرجی ئەوتۆی ماددیە کە بەم جۆرە ژن بتوانێ تەنیا بێت، خۆی بناسێ و بەشێوەیەکی زانستیانە دەربارەی هێز ـ لاوازی ژن و پیاو بیربکاتەوە. واتە دابینکردنی هەلومەرجی پێویستی ڕووبەڕوو بوونەوە کردنەوەی ژنە لەگەڵ سروشت و ڕاستی ژیانی بەتەنیا، کە چوارچێوەی بنەماڵە و شوێنیتر ماوەی هەزاران ساڵ بەندکراوە. بەم شێوەیە ژن لە ڕێگەی ناسینەوەی سەرلەنوێی ئەمانە بە چاو، دڵ و مێشکی خۆی و بە کەڵك وەرگرتن لەهێز و کۆششی خۆی بۆشایی ئەو شتانەی پڕکردۆتەوە کە لە گەڵیان نامۆببوو. لەوانەیە ڕاکێشکردنی ژن بۆ گۆڕەپانی خەباتی دوور لە ڕاستەقینەی ئەو، لە دیدی یەکەمدا بۆ زۆر توێژ بێبەزەییانە ببینرێ. بەڵام بەئەزموون و لێکدانەوەی قووڵی کێشەکە و ئاکامەکانی بۆمان دەردەکەوێ کە وێڕای ئەوەی کارێکی بەم شێوەیە ژن ڕووبەڕووی هەندێك کێشە دەکاتەوە. هەوڵدانی لەنێوبردنی بێ هێزی ژنە کە بۆتە بیانوویەك بۆ تەواوی ئەو ڕەشەکوژی و هێرشە هۆڤانەی بەدرێژایی مێژوو دژی ژن بەڕێوەچوون. بەکورتی خەباتی ئاماژە پێکراو، خەباتی ڕاوەستاندنی بێبەزیی مێژووییە سەبارەت بە ژن. هەڵبەتە ئەمە لەسەربناخەی ئاشکراکردنی هێزی گەوهەری ژن و پاڵپشت بە هەوڵدانەکانی ئەنجامگیر بووە.

هەڵبەتە قۆناخی خەباتە سەرەتاییەکانی وەکو خەباتی بەسوپابوونی ژن وەها سانا و بێ کۆسپ نەبووە. ژن کە لەسەربنەمای ئەو دیمەنە بەرتەسکەی کە لەچوارچێوەی ڕاستی کۆمەڵایەتی بۆی کێشراوە, بەشێوەیەکی دوور لە ڕاستینەی ژیان گەورە بووە. بێگومان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان دووچاری دژواری و ئاستەنگی دەبۆوە، بەڵام

ئـه‌و دژواریانــه‌ بوونه‌تــه‌ بناخه‌یــه‌ك بـۆ پێشخســتنی خـه‌بات. ئـه‌و خه‌باتــه‌ رووبــه‌ڕووی به‌رپه‌رچدانه‌وه‌ی ژن و پیاوی پاشكه‌وتوو بۆته‌وه‌ له‌رێگه‌ی هه‌ڵسوكه‌وتی مایه‌پووچكردن له‌ رووی بابه‌تیانــه‌وه‌. هه‌ڵوێســتی ژن له‌به‌رامبــه‌ر ئــه‌م هــه‌نگاوه‌ مێژووییــه‌ له‌خــه‌بات دژی نزیكایه‌تی سه‌رده‌ستی پیاو یان بێ توانایی خۆی زیاتر، له‌ روانگه‌ی بابه‌تییه‌وه‌، له‌دژی ئـه‌م هـه‌نگاوه‌ بـووه‌. ئـه‌و نزیكایه‌تیـه‌ی ژن سـه‌ره‌تا به‌رامبـه‌ر خـه‌باتی سـوپا نیشانی دابـوو كـه‌ تاده‌هات په‌ره‌ی ده‌سه‌ند, له‌ كۆتایدا راكردنی دوایی بووه‌. ته‌نانه‌ت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی نه‌یتوانیوه‌ له‌واتای دابڕانـی لـه‌ پیـاو بگـات، هه‌نـدێ جـار هه‌ڵوێسـتی كاردانـه‌وه‌ی نیشانداوه‌. سـه‌باره‌ت به‌خۆی به‌ بێ باوه‌ڕیانه‌نزیك بۆته‌وه‌ و له‌ژێر سایه‌ی هێزی پیـاو كه‌وتۆتـه‌ نـاو ره‌وشـێكه‌وه‌ كه‌ نه‌توانێ ئیراده‌ی خۆیی ئاشكرا بكات، له‌مه‌ڕ ده‌ربازكردنی وابه‌سته‌بوون بـه‌و پیـاوه‌ی كـه‌ لــه‌ وشــیاریدا زۆر تۆكمه‌یــه‌ و دژواری زۆری بینیــوه‌. ئــه‌و نزیكایه‌تییــه‌ بنــه‌ڕه‌تی و مه‌ترسـیداری لێـره‌دا ده‌ركـه‌وتووه‌، پێـداگری بـووه‌ له‌سـه‌ر راسـتی بـێ رێكخسـتنی كـه‌ ژن هــه‌زاران ســاڵه‌ خــووی پــێ گرتــووه‌. هۆكـاری ســه‌ره‌كی شـاراوه‌ لــه‌م دیارده‌یه‌شـدا؛ ده‌رك پێنه‌كردنی خه‌باتی ئایدیۆلۆژی و تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌یه‌ له‌ راستی دوور لـه‌ رێكخسـتنی مێـژووی ژن.

هه‌ڵسوكه‌وتی پیاویش زۆرتـر له‌سـه‌ربنه‌مای نزیكایـه‌تی داگیركه‌ریانـه‌ی سـه‌دان سـاڵه‌ بووه‌. واته‌ هه‌ڵسوكه‌وتێك له‌سه‌ربنه‌مای متمانه‌ نه‌كردن به‌هێزی ژن، بێ بـاوه‌ڕی، نـه‌دیتنی ژن وه‌كـو هێـزی سـه‌ره‌كی له‌شـه‌ڕ و سـوپادا، به‌چـاوی مرۆڤـی پلـه‌ دوو لـێ روانـین, مۆڵـه‌تی نه‌داوه‌ به‌گوێره‌ی پێویست به‌شداری ژیان بێت. بـێ متمانـه‌یی ژن ــ كـه‌ بۆمـاوه‌ی هـه‌زاران ساڵه‌ ئیراده‌ی تێك ده‌شكێندرێ ـ له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م هه‌ڵسوكه‌وتانه‌ بۆته‌ مایـه‌ی تونـدتركردنی شه‌ڕ و هه‌روه‌ها بۆته‌ هۆكاری ئه‌وه‌ی ژن توانای ناسینی هێزی خۆی نه‌بێ و پیـاو وه‌ك تاكـه‌ هێز ببینێ. نزیكایه‌تی ژن سه‌باره‌ت به‌ شه‌ڕیش كه‌ راسته‌وخۆ لـه‌ پیـاو به‌كاریگـه‌ربووه‌ كـه‌ شه‌ڕ ته‌نیا پشت ئه‌ستوور به‌ هێزی جه‌سته‌یی ده‌بـینێ، له‌سـه‌ربنه‌مایه‌كی هاوشـێوه‌ی ئه‌مـه‌ ده‌ركه‌وتۆته‌ روو، ژن له‌ قۆناخی سه‌ره‌تادا له‌ زۆر بواری وه‌كو شێوازی فه‌رمانده‌یی، چه‌مكی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی و راستی شه‌ڕی سوپا كه‌ مۆری تایبه‌تی خـۆی لـه‌ژن داوه‌؛ لاواز ماوه‌تـه‌وه‌ و ته‌نانـه‌ت رێگه‌ی ئاسانی هه‌ڵبژاردووه‌ و بـه‌م شـێوه‌یه‌ بۆتـه‌ لاسـاكه‌ره‌وه‌یه‌كی قه‌بـه‌ سـه‌باره‌ت به‌و شێوازانه‌ی فێری بووه‌ و بینیویه‌تی.

ئاراستەکردنی ژن بەرەو دەرخستنی هێزی خۆیی لەهەر روانگەیەکەوە، مەرجی سەرەکی سەربەخۆیی ژنە و بەسوپابوونی ژن لە رێگەی قووڵبوونەوەی بەردەوام وەکو هەوڵدانی لەپێناو مەرجی ئامازە پێکراو لەهەموو بوارەکاندا بەشێوەی جیاواز درێژەی هەبووە.

لەسەر ئەم بنەمایە لە قۆناخی دوو ساڵەی نێوان 1993 ـ 1995 دەسکەوتی گرنگ لەمەڕ ناسینی ژن, لاوازیەکانی خۆی و هەڵسوکەوتەکانی پیاو ــ بەدیهاتوو. سەرۆکایەتی PKK تا ساڵی 1995 بەخەباتی ئایدیۆلۆژی, مەسەلەی ژنی لە رێگەی پێشخستنی بەردەوامی رێژەی شیکردنەوەکان پەرە پێدەدا، بەڵام هەتا ساڵی 1995، خۆناسین، خوشەویستی رەگەزی خۆی, گەیشتن بەناسنامەی رەگەزی وەها پتەو و خێرا بابەتی باس نەبوو. بەرفرەوانکردنی ئەم خەباتە و بەقووڵی تێگەیشتن لە بەسوپابوونی ژنان لە رێگەی رەخنە و لێکدانەوە، ئەنجامگیربووە.

سەرۆکایەتی PKK وێڕای ئەوەی تێکۆشاوە، ژن تێبگەیەنێ کە پێویستە بەخۆی ژیانی خۆی رێکبخات و هێزی ئیرادەی خۆی ئاشکرا بکات، بارودۆخێك کە بریتی بوو لە لێکدانە پچڕان، هەڵوێست گرتن لە بواری بابەتیانە و وابەستەبوون بە پیاو بەشێوەی جیاواز و نەناسینی رەگەزی خۆی هاتبووە ئاراوە. تەنیا لە ساڵی 1995 بەدواوە, کە لەئاکامی بزواندنی خواستی ئازادی نێو ناخی ژن، لێکداپچڕان وەکو پێویستیەك خۆی نیشانداوە. خەبات لەپێناوی بەسوپابوونی ژنان کەساڵی 1993 دەستی پێکردبوو، وەکو وەڵامێك بۆ مەیلی ئازادی خۆی نواندووە. ئەم بارودۆخە هەرچەندە زەمینەی پێکدادان و دژواری بەرچاو بوو, لە بۆتەی خۆیدا، پەیوەندیدار بەئاستی بەڕێوەبەرایەتی، رێکخستنی و شیاری, بۆتە هۆی پێشکەوتنی ژن. هەتا ساڵی 1995 زەمینەی رێکخستنی تایبەت و بەرفراوانتر پێکهاتووە، لە روانگەی رێکخستنەوە کاتی دەربازبوون بۆ ناو قۆناخێکی نوێ لە خەباتی ئازادی هاتووە.

ئەم زەمینەیە مارسی 1995 لەمیانەی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی کوردستان هەڵسەنگێنرا, یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان YAJK دامەزرا. رێکخراوی YAJK کە پێشتر ناوی یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان YJWKبوو، نیشانەی گەیشتنی ژنی کوردە بە رێکخستنێکی پێشکەوتووتر. بزاڤی ئازادی ژنان کە لەژێر سایەی YAJK بەڕێوەدەچوو، لە رەوشی رابردووی واتە لقی ERNK دەرکەوتووە و خەباتی

خۆی راستەوخۆ لەژێر چاودێری سەرۆکایەتی PKK دەستپێکردووە. هێزی ژن لەسەر ئەم بنەمایە وەها رێکخراوە کە بتوانێ لەهەر بوارێکی خەباتدا چەشنێك نوێنەرایەتی ناوەندی هەبێ. بەم شێوەیە هێزی ژن بۆ یەکەمین جار لە رێکخستندا بۆتە میکانیزمی رێکخستنی لە ئاستی ناوەندی و هێزی بەڕێوەبردن. بەم شێوەیە خەباتی رزگاریخوازی ژن لە بڕیارگا ناوەندیەکان پێکهاتووە. هێزی YAJK کە لەزۆر گۆڕەپاندا نوێنەرایەتی لە ئاستی ناوەندیدا هەبوو، هاوکات لەنێو خۆی سوپاشدا بە رێکخستن لە ئاستی کەرت و بەتالیۆن, پێشکەوتنی گەورەی لە هێزەکانی ژندا بەدیهێناوە.

ئەگەر بەم واتایە لە YAJK بڕوانین؛ دەبینین کە YAJK هێزی رێکخراوی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنە. هاوکات گەیشتنە بە ئایدیۆلۆژیای ئازادی و رزگاری بابەتیانەی ژن بەدیهاتنی رێبازێکی سیاسی و هێزی رێکخستنی و بەدەستخستنی کرداری قووڵ و بنەڕەتیانەی ژیانی ئازادە لەنێو گەریلا بەگشتی و بەسوپابوون لەسەربنەمای تایبەتمەندی دیار لەهەر بوارێکدا بەتایبەتی. هەروەها بەرزکردنەوەی ژنە ـ کە ماوەی هەزاران ساڵ بێ رێکخراو ماوەتەوە ـ بۆ پلەیەکی پێشکەوتووتر لە رێکخستنی خۆیدا پاڵپشت بە تەواوی ئەو بەهایانەی کە لە رەوتی خەباتدا ئافراندوویەتی. ئاشکراکردنی وزەی رێکخراوی ژن و کۆکردنەوەی تەواوی ژنان لەژێر سایەی ئەم رێکخراوەیە، پێشخستنی هێزی جەستەیی، رۆحی و هزری ژن لەهەر بوارێکدا, لە رێگەی راهێنان, تێکۆشان لە دژی تەواوی پاشکەوتووەکان, وەرچەرخانی کۆمەڵگا لەپێناو رزگاریدا, گرنگییەکی مێژوویی هەیە.

هەروەك چۆن رزگاری کۆمەڵایەتی بێ رێکخراو نابێ، باس لە رزگاری ژنی بێ رێکخراویش لەخەیاڵێك زێدەتر نییە. ئەزموونی بێ رێکخستنی بزاڤەکانی ژنان لە مێژوودا، راستی ئەم بابەتە دەسەلمێنێ. دامەزراوەی YAJK کە بەسوود وەرگرتن لە هەڵسەنگاندنی ئەم ئەزموونە لەدایکبوو، رێکخستنێکی جێگەی بایەخ و مێژووییە پاڵپشت بە کۆڵکەی پتەوی ئایدیۆلۆژی کە گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵگا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی و تەنانەت ئایدیۆلۆژی ــ کە هیچ کام لە شۆڕش و رێکخراوەکانی ژنان توانای ئەنجامدانیان نەبووە ــ کردۆتە ئامانج. هەنگاوی بەگوێرەی ئەمە هەڵهێناوە و خاوەن بانگەشە و بڕوایەکی بێ وێنەیە لەم پێناوەدا. رێکخراوێکە کە رزگارکردنی ژن لە رەوشی داماوی لە کۆمەڵگا بەئامانج دەگرێ، لە رێگەی وەڵامدانەوەی مەیلی ژن بەئازادی. ئامانجی گۆڕینی راستینەی "ژیان بەژنی کۆیلە و پاشکەوتوو

نـاخولقێ" لـە کۆمـەڵگای کورددایـە کـە بەشـێوەی زۆر سـەرنج راکـێش، دەرکەوتۆتـە روو. ئافراندنی ژنـی ئـازاد وەك هێـزی بەرێوەبـەر لـە سیاسـەت، کۆمـەڵ و بنەماڵـەدا و هـەروەها گرێـدراوی پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو، دەستنیشـان کردنـی پێوانـەکانی کۆمـەڵگای ئـازاد، گۆڕینی شێوازی لێگەڕینی ژیان، هاندانی پیاو لە رێگەی رەخنـەکردنی لـە چوارچـێوەی ئـەو پێوانانـەدا بـۆ پێکهێنـانی گۆڕانکاری لەخۆیـدا و پێشخسـتنی دیـاردەی "رەتکردنـەوە" دژی پاشــڤەڕۆیەتی هــەردوو رەگــەز، لــە ئەرکــە ســەرەتاییەکانی YAJKن کــە پێویســتە رایانبپەڕێنێ.

YAJK بریتییـە لـە روونکردنـەوەی پەیوەنـدی نێـوان شـەڕ و ئافرانـدنی ئاسـتی ئــازادی. هۆکــاری پێشخســتنی YAJK بەشــێوەیەکی تایبــەتی لــەنێو خــۆی پارتیــدا؛ پێشخسـتنی ئاسـتی ئازادییـە لـەنێو پـارتی و دواتـر کۆمـەڵگادا. بەبنـەماگرتنی پێداویسـتی ئافرانــدنی کەســایەتی نوێیــە لــەئاکامی دەســتێوەردانی پاشــکەوتووییەکان لەئاســتی کەسـایەتیاندا. لێـرەدا دەتـوانین ئەمـە وەکـو خـەباتی رێکخسـتنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی و ئافراندنی ئاستێك لەژیان، پەیوەندی و کولتوورێك کە بتوانێ مۆدیلێك بـێ بـۆ کۆمـەڵگاش، هەڵبەسـەنگێنین. چـونکە ژیـانی درێژخایـەن لـە دەرەوەی کۆمـەڵگا و هەلومـەرجی زۆر دژواردا و وێـڕای ئەمـە هۆڤنـەبوون و لەدەسـتنەدانی رۆحـی کۆمەڵایـەتی تـەنیا بەسـوود وەرگـرتن لـە رێنمـایی ئایـدیۆلۆژی بـەرفراوان و چـەمکێك لـە ژیـان کـە رۆژ بـەرۆژ زیـاتر کرداری بکرێ، ئـەنجامگیر دەبێت. لـەم واتایـەدا، هەوڵدانـە لـەپێناوی پابەنـدی خـەباتگێڕی ئـازادی بەخـەبات و پەیوەنـدی پتـەوتر لـە رێگـەی هێنانـە ئـارای ئـەم مۆدیلـەی ژیـان و کۆمەڵگای ئایینده. تاکە رێگای ئەمە، ئافراندنی ئاستی ئازادییـە لەناخی ژنـدا. رووخانـدنی پلە و پایەی کۆمەڵایـەتی و ئافرانـدنی کەسایەتی نوێیـە. تـەنیا بەئافرانـدنی ژن دەتـوانرێ باس لـە لەسـەرنوێ بونیادنـاوەی ژیـان بکـرێ. لەگـەڵ گەیشـتنی ژن بـە چارەسـەری، جیهـان رووی جوانی بەخۆیەوە دەبینێ. ژیانکردن لەگەڵ ژنی کۆیلە تەنیا پەرە بەسیخوڕی دەدات.

تـاوتوێ کـردن و ناسـینی YAJK کـە یەکـەمین رێکخسـتنی سـەبازی ـــ سیاسـی و کۆمەڵایـەتی ژیـانی ئـازاد و نوێیـە، لـەزۆر لایەنـەوە گرنگـە. بـەر لـە هەرشـتێك YAJK نیشانەی قۆناخێکی نوێی تایبەتە لەپێناو ئازادی ژندا. وەکو رێکخستنی پەرەپێـدانی شـەڕی ژن بۆ ئافراندنی ژیانی ئازاد، هەر چەشنە نایەکسانی و کۆیلایـەتی لـەنێوبردووە. وتووێـژ، دەسـتەی تـێ فکـرین و بڕیـار وەرگـرتنی بـەواتا لـە زەمینـەی YAJKدا، لـە ئـارابوون و

لەئاکامی هەموو ئەمانەدا هەر ساتێکی ژیان وەك بەشێك لەو خەباتە بینراوە کە دەستکەوتی ئایدیۆلۆژیای ئازادییە. بۆیە YAJK بۆ ژنان دۆزینەوەی خودە. تەواوی پێوانەکانی بەها، چ لە بارودۆخی بنەماڵە دابێ یاخود سیستەم، وەك چۆن دژی ژیانە، لە دژی ژنیشە. ژن تەنیا لە گۆڕەپانی شەڕی ئازادیدا دەتوانێ ببێتە ژن. YAJK نموونەی ئەو ژنایەتیەیە. بریتییە لە راستی ژنێتی ئازاد و شیاوی ژیان. بەم بۆچوونە YAJK ناوەندی پێشکەوتنی ژنی خاوەن رۆحی هاوبەشە. ناوەندی گفتوگۆ و باسکردنە لە توانایی و ئیرادە و تێڕوانینیان.

YAJK خاوەنی چوار رێبازی پڕبایەخی ژیانە کە هەم شیاوی ژنانە و هەم پیاوان.

**یەکەم**: YAJK واتە تادوایین ساتەکانی ژیان پابەندبوون بە رێبازی وڵاتپارێزی. راستی ئەم رێبازە بەم شێوەیەیە: هەرکەس دەستبەرداری نیشتمان بێ، هەرکەس دەستبەداری شەڕی وڵاتپارێزی بێ، YAJK دەست هەڵگرنییە. لە واتایەکی دیکەدا، ئەگەر نموونەی زەماوەندی ژنیش پێشکەش بکرێ، سەرەتا لەگەڵ نیشتمانپەروەری زەماوەند دەکات، خاك و نیشتمانی لە سەروەوەی هەموو شتێك دەبینێ.

**دووەم**: YAJK بەشێکی بێ چەندوچوونی راستەقینەی شەڕە. لێرەدا شەڕێکی رزگاری نەتەوەیی لەئارادایە. ئەگەر سەرنج بدەین یەکەمین وتەی ژن لەنێو PKK دا ئەمە بووە "منیش دەمەوێ بەشداری شەڕبم". واتە YAJK، تەنانەت ئەگەر لایەنی سۆزداریشی هەبێ، لەبنەڕەتدا راستییەکی شەڕە. چونکە دەزانێ لە دەرەوەی ئەم شەڕە، واتایەك لەخۆوە ناگرێ. چ لە هەست و چ لە هزردا، سەربازێتی واتە شەڕ، یەکێك لە سەرەکیترین پرەنسیپەکانی YAJKە. ئەمە تەنیا لە واتا سەربازیەکەیدا سنووردار نامێنێتەوە و بەتایبەتی داکۆکی کردنە لە پێداویستیەکانی خەباتی نێو پارتی و خەباتی رێکخستنی و ژیانی ئازاد. ئەوانە گشتیان لەنێو دیاردەی شەڕدا بەدی دەکرێن. YAJK پێویستە ببێتە گۆڕەپانێکی بەرفراوانی شەڕ و خەبات بەسوود وەرگرتن لە هەڵسوکەوتی "پڕبایەخترین و پتەوترین هێزی شەڕ و ژیانی پارتیمان، خودی هێزی YAJK"ە.

**سێیەم**؛ YAJK هێزی پارتییە. لە واتایەکی دیکەدا، پێویستە وەکو رێکخراوترین هێزی ژنان هەڵبسەنگێنرێ. هێزێکە کە دەبێ لەهەموولایەك زیاتر پابەندی رێبازی پارتی بێ. چونکە ژن تەنیا لە رێگەی رێکخستنەوە دەتوانێ هەبوونی خۆی بسەلمێنێ. بەڵگەنەویستە کە بێ رێکخستن تەنانەت ژنێکی ئازادیش بوونی نابێ. بۆیە پێداویستی

نیشـاندانی داکـۆکی زێـده بـه ڕێبـازی ڕێکخسـتنی پـارتی لەلایـەن YAJKوه هۆکـارێکی پابەندییـە. YAJK کـه بـەهای ئـازادی و دەسـتکەوتی ڕەنـج و تێکۆشـانی سـەرۆکایەتی PKK و شەهیدان و خەباتگێڕانی ژنـه، دەبێتـە سـەنگەرێکی ڕێکخستنی بـۆ بەربـەرەکانی لەگەڵ پاشڤەڕۆی نێوخـۆیی و هـەروەها چەکێکی بەکاریگـەر بـۆ شـەڕ لەگـەڵ تـەواوی ئـەو چەمکه چەوتانەی کە سەبارەت بـه تـەوەرەی شێوازی پەیوەنـدی، شێوەی ژیـان و شـەڕ لـه ئارادان. لەبەر ئەم هۆکـاره، پەرەپێـدان و بـەهێزکردنی ڕێکخـراوی YAJK، ئـەرکێکی زۆر گرنگه کە پێویسته هەم بزاڤی ئازادی ژن و هەم پارتیمان ڕاییپەڕێنێ.

بەبۆچـوونێکی دیکـە، YAJK ئـامرازی تۆڵەسـەندنەوەیه لـە سـەرجەم ڕواڵەتـە پاشکەوتووەکان، گەندەڵی و لەسەرەوەی هـەموویان مەترسیدارترین لایەنـەکانی کەسایەتی پیاو. YAJK ئامرازی ئافرێنەری جوانییە لەبەرامبەر دزێوی و بـەها ونبووەکـانی ژن کـە بەشێوەی ڕاستەقینەی جوانی واتادار دەبێ. YAJK هێزی وڵاتپارێزی، ئـازادی، پارێزگـاری له خاك و پابەندی بەگەل و ئامرازێکی شەڕە.

YAJK ئـــامرازی خۆشەویســـتیه. ئـــەم ئـــامرازه وەکـــو خولقێنـــەرترین و پێشکەوتووترین هەستی مرۆڤ ـ کە پاشماوەی بونیـادی کۆمەڵایـەتی بوونـه لـه ناخمانـدا ــ دەگاته ئامانجە سەرەکییەکانی. لـەم واتایـەدا، YAJK وەڵامـدەرەوەی خواسـت و لێگـەڕینی ئەشقی هەزاران کچی لاوه که بەدوای ئەشـقی ڕاسـتەقینەدا وێڵـن. ئـەم کچانـە هـەر ڕۆژ بـە هەزاران کەڕەت لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتدار دەکوژرێن. ئەوان لەچنگی سیستەمی بکوژی ئەشـق ڕایـانکردووه و بـۆ لێگـەڕینی ئەشـق هاتوونـه چـیا سەرکەشـەکان و نێـو ڕیزەکـانی PKK. بـەڵام ئێسـتا نـەیانتوانیوه شـێوازی گەیشـتن بـە ئەشـقی ڕاسـتەقینە بدۆزنـەوە و بەتەواوی له بێ بەزەیی پیاو نەگەیشتوون. ئەم دیاردەیـە، ڕێگـەی بـۆ هەنـدێك گیروگـرفتی ڕێکخسـتنیش کردۆتـەوە. ئەگـەر سـەرۆکایەتی PKK تـەگبیری تایبـەتی وەرنەگرتبوایـە، پیاوانی فەرمانده و هاوخەبات لە ڕیزەکانی تێکۆشاندا، سووکایەتیان بە ژنـان دەکـرد و یـان بەهەسـتی ڕواڵەتییانـە، لـەنێو گرداویـان دەخسـت. جگـە لەمـە بـارودۆخی ژن لەبەرامبـەر ڕاسـتی پیـاوی کلاسـیك پاڵپشـت بـەهێزه قەبەکـەی دەکەوتـە ڕوو. ئەمـە وەکـو کێشـەیەکی گرنـگ بینـراو لەم ڕووەوە تەگبیری پێویست بەمەبەستی پێشگیری لە گیروگرفتی جۆراوجۆر وەرگیران کە لەئەنجامی لێگەڕینی ئەشقی ڕاستەقینە لـە چیادا دەهاتنـە ئـاراوە. YAJK وەکـو شـێوەیەکی ڕێکخسـتنی تـەگبیر وەرگـرتنی بەمشـێوەیە دامـەزرا، واتـە تـەگبیری

هەمەلایەنە لەبەرامبەر مەترسی کەڵك وەگرتنی خراپ لەلاسەنگی هێز دژی ژن لەگشت بوارێکی ژیاندا. YAJK لەپێناو بەفیڕۆنەچوونی بانگەشەی ژن لەسەربنەمای"بێ پشتبەستن بەهێزی قەبەی پیاو بەشداری خەبات دەبم، ئازاد دەژیم، دەچمە چیا سەرکەشەکان و بەئازادی شەڕدەکەم" دامەزرا. چونکە ئەو پیاوانەی لە گۆڕەپانی خەباتیش ئامادەبوون وەها بێ هەست و ئاوێتەی نەزانی و جەهلبوون کە لەم سۆز و بانگەشەیەی ژنان نەدەگەیشتن. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر هۆکاری دەرك نەکردنی ئەم ئاواتە هەزاران ساڵەیە، لەوانەبوو لەئاکامی هەڵسوکەوتی قەبە، ژنان رەوانەی مەرگ بکرێن و لە بەرەکانی شەڕدا وەکو سەربار و مایەی کێشە ببینرێن. ئا لێرەدا، YAJK ئەو رێکخراوەیەیە کە پەرەی بە هەوڵدانی ئافراندنی پیاوی ئازاد داوە لەمیانەی شەڕێکی دژوار لە دژی راستەقینەی قەبەی کەسایەتی پیاودا.

بۆچی رێکخستنی YAJK؟ وەڵامی پرسیارەکە ئەمەیە: "YAJK لەپێناو سەرەڕاست کردنی پیاوی کلاسیکی کۆمەڵگا لە کەسایەتی پیاوی نێو پارتیدا دامەزرا". ئەوەی دەبێ لە سەرەڕاستکردندا تێبگەیشترێ بەدیهێنانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانە لە کەسایەتی پیاودا. لێرەدا خەباتێك کە ژن لەدژی پیاو ئەنجامی دەدات شەڕێك نییە لە واتا قەبەکەیدا. هەڵبەتە پێویستە دروست لەم بابەتە بگەین. پیاو لەبەرامبەر ژنێك کە بەهێز و رێکخراو نەبێ، تۆزقاڵێك مەیلی گۆڕین لەخۆیدا بەدیناهێنێ و نزیکی نابێتەوە. لە ئەشق و هەست ناگات؛ تەنانەت رێز لە ئازادترین ژنیش ناگرێ. لەم رەوشەدا ژن چ لەوەها پیاوێك دەکات؟ ئایا ئەم پیاوە شیاوی ژنی قارەمان، بە ئاگاهاتوو، رێکخراو دەبینێ؟ ئایا پیاوێتیەکی وەها پەسند دەکات کە ناتوانێ بەها و واتایەك لەچوارچێوەی رەگەزی قەبە زیاتر بەژن بدا و، شێوەی پەیوەندی بەستن نازانێ و هەمیشە خوازیارە بەسەر ژندا بچێ؟ ئایا پیاوێتیەك پەسند دەکات کە ناتوانێ هێزێك بەژیان ببەخشێ؟ دوژمنێك کە بێ پەروا هێرش دەکاتە سەر بەها نەتەوەیی، مرۆییەکان و ژیان، ناتوانێ خاوەن گەڵاڵەیەکی کرداری و لۆژیکی رێکخستنی ئەوتۆبێ، ناتوانێ ژیان لێکبداتەوە و لەئاکامدا بەردەوام بە تێڕوانینی "تۆ کۆسپی لەبەردەم شەڕ" هێرش دەکاتە سەر ژنی هاوسەنگەری و پاڵپشت بەهێز و پلەی خۆی خوازیارە تۆڵەی خۆی لەژن بکاتەوە، پیاوێکی وا پەسند دەکات؟ ئەمانە پرسیاری گرنگن کە پێویستە لەپێناو ئافراندنی ژنی ئازاددا بێنە مەیدان و دروست وەڵامیان بدرێتەوە، چونکە سەرچاوەی مەسەلەی جددین لەژیاندا. YAJK رێکخستنێکی دروستە

کە ژن لەڕێی ئەم پرسیارانە لێپرسینەوەیەکی قووڵی سەبارەت بەخۆی دەستپێکردووە و لەسەر ئەم بنەمایە ژن سووک نەکراوە، بەسانایی پیاوی پەسند نەکردووە و پێوانەکانی ئەم دیاردەیەی بەئازادیەوە گرێداوە. واتە راستی پیاو لە کەسایەتی پیاوی نێو رێکخستن و دواتر کۆمەڵگا، بەگشتی ناچاری گۆڕانکاری و وەرچەرخان بووە. تاکە رێگای ئەمەش؛ رێکخستنی YAJKە. ژن بەکەڵك وەرگرتن لەم رێکخستنە دەرفەتی رێکخستنی بەشێوەیەکی باش رەخساندووە. لە رێگەی YAJKەوە دەرفەتی گۆڕانکاری و وەرچەرخان بە پیاو دراوە، بەشێوەیەك کە بتوانێ لەسەربنەمای یەکسانی و ئازادی، رێزگرتن و ئەشق هەڵسوکەوت بکات. چەمکی "ئەگەر خوازیاری سنوور دانانیت بۆ پاشڤەڕۆیەتی پیاو، لایەنی ژن بگرە، لایەنگری لە ژن، پڕچەك کردنی بەبنەمای سەرەکی و پێگەی پتەو، زۆر گرنگە" بەبنەما گیراوە، کە زەمینەی دەرکەوتنی YAJK بووە. لەگەڵ دەرکەوتنی رێکخستنی YAJK لۆژیك و هەڵسوکەوتی پڕ ڕووی پیاو لەبەرامبەر ژن لەسەربنەمای "بەهێزێکی وەها نزیکی ئەم کچە دەبمەوە"، پاڵپشت بەهێزی خۆی، تێکشکاوە. ئەم پێشکەوتنە زەمینەیەکی پتەو بووە لەپێناو بووژانەوەی خۆشەویستی و ئەشقی راستەقینە.

ژن، کە هەزاران ساڵە لەدوا هێشتراوەتەوە و ئاسۆی روانینی لێ زەوتکراوە، لەبەرامبەر هەوڵدان لەپێناو ئاشکراکردنی هێزی ژن لەئاستێکی وەها و بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا، لەم قۆناخەدا رووبەڕووی کەموکوڕی جۆراوجۆر و نزیکایەتی چەوت بۆتەوە. تێنەگەیشتنی پێویست لە رێنمایەکانی ئازادی پێشکەش کراو لەلایەن سەرۆکایەتی PKK و بارودۆخی پراکتیکی بابەتیانەیان، هەڵسوکەوتی چەوتی بەدواوە بووە. بەتایبەتی لەجەنگەی گۆڕەپانی شەڕدا دوو چەمکی هەڵە بەسەر YAJKدا سەپێنراوە. یەکەمین یان بە شێوەی دەرکەوتنی شێوازێك بووە کە تاڕادەیەکی زۆر هەم لەژن و هەم لەپیاویشدا دەبینرێ، پشت ئەستوورە بەنکۆڵی کردن لە کێشەی ژن، خوازیاری گواستنەوەی ژیانی کلاسیکە بۆ نێوخۆی پارتی، هەر بەهەمان شێوە کە کۆیلەیە، دیسپلینی رێکخستنی دەشێوێنێ و ناخوازێ هەڵسوکەوتی ئازادی بناسێ. هەڵبەتە ئەم بارودۆخە بەر لەرێکخستنی YAJK بەشێوەیەکی زۆر دژوارتر لە ئارادا بوو. لە قۆناخی دامەزراندی YAJK یشدا زۆر ژن هەبوون کە هەڵسوکەوتی زۆر چەواشەیان سەبارەت بەو ژنانە پەیڕەو دەکرد کە بەچاوی پیاوەتی قەبە لەرەوتی ئازادیان دەروانی. لەسەرەتایدا پیاویش تا رادەیەك بەترس و دڵە رواکێ نزیك ئەم هەنگاوەی ئازادی دەبۆوە. وەك بڵێی هەموو

سامانەکەی بـە فێـر و دەچـێ. چونکە مـاوەی هـەزاران سـاڵ خـووی بـەو ژنـە گرتـووە کـە بەردەوام لەژێر کۆنتڕۆڵی دابووە. ئەم چەمك و نزیکایەتیە کە زۆرتر لەسـەردەمی خـەباتی چـەکداری PKK دەرکـەوتوون؛ وشـیارانە لەلایـەن رێبـازی چـەتە و وێرانکـەر هـەوڵی پەرەپێدانی دراوە. چەمکی وێرانکەری هێزی ژنـی سـوپا دوور خستۆتەوە کـە سـەرۆکایەتی PKK خوازیاری پێشخستنی بووە لەسەربنەمای چوار خـاڵی سـەرەکی و هـەروەها هانـدانی بەرەو ئازادی و پەیوەندی ئازاد و گەرەنتی رێکخستن و بەهەمان رادەش گەرەنتی رێبـازێکی راستەقینە شەڕ چەمکی ئاماژەپێکراو هەوڵی داوە گەوهەری شۆڕشگێڕی لـە رێگـەی راکـێش کۆدنی بۆ نێـو پـەیوەدی کلاسـیك مایـەپووچ بکـات و تێکۆشـاوە تـاکو چـەمکی "ژن نـاتوانێ شـەڕبکات و توانـای دامەزرانـدنی سـوپا نییـە و ژن لەسـوپادا جێگـەی نابێتـەوە" بەسـەر ئەندامانی پارتی و ژندا بسەپێنێ. هەروەها پەنای بردۆتە بـەر خـوو و لاوازی جۆراوجۆری ژن کە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی بەدیهاتوون و دواتر هەوڵی بەکارهێنانی دا و لەدژی قەڵەمبازی مێژوویی کە پارتی هاوێشتوویەتی. گوایا هەوڵداراوە تاکو بسـەلمێنرێ کـە ژن جگـە لـە تێکـدانی دیسـپلینی سـوپا و دژواتـر کردنـی شـەڕ بەکـەڵکی هـیچ نایـەو بـە سـوپابوونی ژن هـەنگاوێکی خەیاڵییـە و نـاکۆکی هەیـە لەگـەڵ راسـتی ژیـان و قۆنـاخ. ئـەم بارودۆخـە، بـە لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـەو خراپەکاریانـەی هێڵـی چـەتەگەری لـە مێـژووی PKK دا ئەنجامی داون و ئاشـکراکردنیان، لـە هەیشـە زیـاتر شـیاوی دەرك پێکـردن دەبـێ. بەڵام ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە کە ئەم چەمکە دژە پارتیە هەوڵیداوە ئەم هەنگاوە مێژووییە کـە خوازیـاری ئاراسـتەکردنی وزەی ژنـە لەئاسـتی هـەرە بـاڵادا بـەرەو رێکخسـتنی گـەل و تێکۆشانی ئازادی ئاراسـتە بکات، خواسـتوویەتی ئـەم هـەنگاوە مێژوویـە مایـەپووچ بکـات و بـەرەو لاڕێ بیکێشـێ و سەداسـەد تێکـی بشـکێنێ. زۆر ژن و پیـاوی نێـو پـارتی سـەرەڕای پاکبوونیان، لەبەر هۆکاری بێبەری بوون لە هێـزی ئـادیۆلۆژی، واتایـان نەداوەتـە YAJKو بەشـێوەیەکی بابەتیانــە پووچـەڵیان کردۆتــەوەأ یـاخود خسـتوویانەتە نێـو زۆریـەوە. بـە لەبەرچاوگرتنی هەستی هەرزان و کاردانەوەکانی ژن، هەر لەسـەرەتای رێکخسـتنەوە هـەوڵی بزوانـدنی دراوە لـەدژی رێکخسـتنی خـۆیی. ژن کـە لەسـەرەتادا لەبـەر بـێ وشـیاری ببـوە ئـامرازێکی ئـە هەڵسوکەوتانە ، لەگـەڵ ناسـینی واتـا و هێـزی رێکخسـتنی تایبـەت، پابەنـدی خـۆی بـە YAJK وە نیشـانداوە. دووەمـین بۆچـوونی هەڵـە کـە لەقۆناخـەکانی سـەرەتای رێکخسـتنی YAJK هاتـە ئـاراوە؛ وەك هەڵسـەکەوتێ بـووە کـە بـەگوێرەی YAJK و

ئازادبوونی بەشێوەیەکی جیاواز لە کێشە و گیروگرفتەکانیتری گشتی پارتی و هاوتەریب لەگەڵ پێداویستیەکان تاوتوێ نەکراوە و وەکو بابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتی لێی روانراوە. ئەمە رەنگدانەوەی خووگرتنی ژنی کلاسیکە بە لێگەڕینی بەردەوامی پەناگەیەك بۆ خۆی و بەدبهێنانی پەناگەیەك لە رێکخستنی YAJK کە ئافراندنی ژنی بەهێز و ئازادی کردۆتە ئامانج. ئەو ژنەی کە لەڕابردوودا پەنای دەبردە بەر باوك، برا و مێردەکەی، ئێستا پەنا دەباتە بەر رێکخستنی ژن کە رێکخراو و بەهێز بووە. ئەو دوو تایبەتمەندیەی ژێرەوە لەلایەن سەرۆکایەتی PKK زۆر مەترسیدار بینراون. هەم هەڵسوکەوتی پشت ئەستوور بە نکۆڵی و هەم نزیکایەتی دەستهەڵگرتن لەو ئەرکە سیاسی و سەربازییانەی لەژێر سایەی ئازادی بەڕێوەدەبرێن بە هەڵە بینیوە و لە دژیان خەباتی کردووە.

ئەم نزیکایەتی و چەمکە چەوتانە لە راستی بەڕێوەبەرایەتیدا بەشێوەیەکی جیاوازتر دەرکەوتوون. رێنماییە قووڵ و بەرفراوانەکانی سەرۆکایەتی PKK کە لە یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژندا پێشکەش بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی هەڵبژاردراو و ئەو کادێرانەی کردبوو بەتایبەت بۆ خەباتی YAJK پەروەردە و رەوانەی دەکردن؛ لەبەر هۆکاری نەبوونی زانیاری مێژوویی، ئەزموونی رێکخستنی و بەڕێوەبەرایەتی و یەکێتی رەگەزی بەگوێرەی پێویست تێنەگەیشتراون.

لەلایەکەوە لێگەڕینی هەمیشە ورووژاوی ژن سەبارەت بەئازادی و لەلایەکیتر ئەو بارودۆخەی کە ژن لەوپەڕی بێ هێزیدا بوو؛ ململانێی سەرەکی بوون کە مۆری خۆیان لەقۆناخی 1995 ـ 1999ی تێکۆشانی ئازادی ژنان داوە. بەڵام ئەم قۆناخە لە هەمانکاتدا دەبێ وەك رەوتی پێشکەوتنی ئاسایی بزاڤی ئازادی ژنانیش هەڵسەنگێنرێ. زۆر سەردەم هەن کە ژن تێیدا گەیشتۆتە لێگەڕینی ئازادی، بەڵام شێوەی رێکخراوێکی پتەوی بەخۆیەوە نەگرتووە و ئەوەی مۆری خۆی لەهەر سەردەمێك داوە ــ جگە لەو کەموکورییانەی هەی بووە ـ لێگەڕینی گەیشتنی ژن بەهێز، رێکخستن و هەروەها شەرەف، ناسنامە و ئازادییە. جگە لەمانە قەڵەمبازێکی سەرەکی کە کاریگەری لەسەر ئەم قۆناخە هەبووە؛ داپچڕانی ژن لە دواکەوتوویی و وابەستەبوون بەپیاو، پێشکەوتنی هەنگاو بەهەنگاوە لەپێناو کوشتنی ژن و پیاوی کلاسیکدا. هەڤاڵان زیلان و سەما، هێمای لوتکەی ئەم راستییەن. قۆناخێکی بە شکۆ و مێژووییە کە ژن خێرا لە رەوشی داماوی دەرکەوتووە، چاوی لە هێز و سەرکەوتن بڕیوە. ئەو بناخەیەی کە دەسەڵات، هێز و چەمکی ئەشقی دەستکردی (ساختەی) پیاو

دروستی کردووە، هێدی هێدی لەنێو دەچێ. YAJK قۆناخی بەسوپابوونی ژن و وەڵامدەرەوەی ژنی جەنگاوەرە کە ژیانی خۆی بۆ قارەمانی و فیداکاری تەرخان کردووە، واتە هەنگاوی ڕێکخستنی تایبەتی ژنانی وەك گۆشت و ئێسك ئاوێتەی یەك کردووە و پەرەی پێداوە. ژن ئەزموونی ڕێکخستنی و بەڕێوەبەرایەتی گرنگی لەم قۆناخەدا بەدەست هێناوە. بە کۆششی خۆی ئیرادەی بەڕێوەبەرایەتی وەرگرتۆتەوە کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لێی ئەستێندرابوو و لەگەڵی نامۆببوو. قۆناخێکی وەها کە ژن ڕووناکی بەخۆیەوە، بینی و بەئەندازەی دۆزینەوەی خۆی لە هەمیشە زیاتر بۆ خۆی چارەنووسی خۆی دیاریکردووە.

هەر ساڵ، هەڵەی جۆراوجۆر دەردەکەون و وێڕای ئەمە هەر ساڵیش دەستکەوتی گرنگ دەخولقێنی. هەر ساڵ لەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجام دەدران، نزیکایەتی هەڵە و فریودراو کە نیشاندراوە، بۆ دەربازکردنیان ڕێگەی چارەسەری بەبنەما گیراوە. هیچ کۆسپ، کێشە، دژواری یان خەسارەتێك ژنی لە لێگەڕینی ئازادی دوور نەخستۆتەوە. بەڵکو تەواو بەپێچەوانە بەرەو پێشکەوتنی بەردەوامی ئاستی ئازادی هانیداوە. دوو چەمکی سەرەکی لەم قۆناخەدا مۆری خۆیان لەسەر کردەوەکانی بزاڤی ئازادی ژن داوە؛ لە چەمکی یەکەمدا بابەتی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی ژن کەهیچ چەشنە ئەزموون و بەڕێوبەرایەتی تایبەتی بەخۆی نەبووە، دروست بەوێنەی کاریکاتۆر و لاسایی کەرەوەی پیاو لە ئارادایە. توانایی نیشاندانی لایەنە جیاوازەکانی ژن، چەمك و شێوەی بەڕێوەبەرایەتی چاوەروانکراو نابینرێ. لەجێی تێفکرین و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەم بابەتە و هەوڵدان لەپێناو پێشخستنی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی، ژن لەسەربنەمای تایبەتمەندی سەربەخۆ؛ پەیڕەوکردنی چەمکی بەڕێوەبەرایەتی قەبەی پیاو کە تەنیا شێوازی بەڕێوەبەرایەتیە کە بەساڵان ئاشنایەتی و جارناجارێ ئەویش پایە و پلەیەکی تێیدا هەبووە، پەرەیسەندووە. واتە لەپێناو گەیشتن بە ئازادی هەوڵدان و خەباتی پێویست نەدراوە. هەروەها ئەو هەڵسوکەوتانەی کە سەرەتا نیشانەی بێ متمانەیی بوون لەپیاودا، بەو جۆرەی کە دەخوازرا دەرکیان پێنەکراوە، لەوەڵامدانەوە و تەگبیری سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی و کرداری، کەموکوڕی جدی دەرکەوتوون. ئەم بارودۆخە هاوتەریبی بێ باوەڕی ئەندامانی ژن و پیاو سەبارەت بە ڕێکخستنی YAJK، لەگەڵ ئەمەش لەهەلومەجی شەڕدا، کە ئایا پێویستی بەرێکخستنێکی ئاوەها هەیە یان نا، ڕێگەی لەپێش گفتوگۆیەکی بەمرەنگە کردۆتەوە. لەڕێگەی لێکدانەوە، هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژی و رەخنە سەبارەت بەم بابەتە چ لەوڵات و

چ لەئـەکادیمیای مەعسوم قورقمـاز دەسـتێوەردان ئـەنجام دراوە و بـەرەو ڕەوتێکـی دروسـت ئاراسـتە کـراوە. **چـەمکی دووەم**؛ پاڵپشـتە بـە ڕێبـازی ژنـی بـەکرێگیراو. کـردەوەی بەڕێوبەرایـەتی YAJK کـە لـە پێوانـەکانی ئـازادی ژن، تێگەیشـتنی قـووڵی ئایـدیۆلۆژی و هەروەها دووربوونی لەڕاستی ڕەگەزی و مێژووی خۆی، بەپشتگوێ خستنی بەرژەوەندییـە ڕێکخستنی و ڕەگەزییەکان و بەفیڕۆدانی زەمینەی بـوون بـە دەسـەڵات کـە دوای تێپـەڕبونی هـەزاران سـاڵ لـە ئاسـتێکی وەهـادا بـەدی هـاتبوو، لـەپێناو تـەماح و بەرژەوەنـدی بووینـە دەسـەڵاتی، بۆتـە بابـەتی ڕەخنـە و مـەحکوم کـراوە. لـە شـوێنی ئـەوەی ئەنـدامانی ژنـی دامەزرێنەری هێزی ڕێکخراوی YAJK پەروەردە بکات و بەسوود وەرگـرتن لـە ڕێکخسـتن دەستیان بگرێ و بیانکاتە هێزێك، وەکو بابەتی تـرین بـەهای ئـازاد کـراو لـە ئەنـدامانی ژن نەڕوانراوە، بەو تێڕوانینەی کە لەپیاو گرتوویەتی بەرەو لاوازی و بێ توانایی لاڕێ کراوە و لەئاکامدا لەجێی ئـەوەی لـە لێگـەڕینی هێـز و بەڕێوەبەرایـەتی لەسـەربنەمای گواسـتنەوەی سـیمای خـۆی بـۆ نێـو بەڕێوەبەرایـەتی پارتیـداربێ، لـە ڕێگـەی ئـیرادەی خـۆیی و هێـزی ڕێکخـراو، بەدەسـتهێنانی هێـز و پێکهێنـانی کوالیسـۆن لەگـەڵ پیـاوی پەرەپێـداوە. لەگـەڵ ئەنجامدانی ئەم کارە. حیساب لەهێزی ژن دەکرا کە بەرە بەرە بەو ئاستەی کە لەڕێکخستن و ئاگایی بەدەستی هێنابوو، دەبووە هێزێکی ئایـدیۆلۆژی ـ ڕێکخسـتنی و سیاسـی نێوخـۆی پارتی. لەلایەکی دی وەك پێکهاتەیەکی ئیرادەیـی کـە پێویسـتی بـە ئـازادبوون و ئـازادکردنی کۆمـەڵگا هەیـە ئـەم هێـزەی لـە کەسـایەتی خۆیـدا نـەبینیوە و وەك پێکهاتـەی ئـەو هەلومەرجەی بینیوە کـە بتـوانێ دەسـەڵاتی تاکـە کەسـی خـۆی لەسـەر پـەیڕەو بکـات. ئـەم ڕێبازە سـەپێنراوە بەسـەر YAJK دا کـە وەك تـەنیا بـەهای ئـازادی کۆمەڵایـەتی هـاتبووە ئـاراوە؛ وەك ڕێبـازی ژنـی بـەکرێگیراو لەقەڵـەم دراوە و مـەحکوم کـراوە. ئـەم ڕێبـازە کـە لەشـوێنی شـەڕ لـەدژی هەڵسوکەوتی سەردەسـتانەی پیـاو، لەسـەر بنـەمای هەنـدێك مـەرج، ڕێبـازی بـەکرێگیراوی بەبنـەما گرتـووە، ڕێبـازێکی مەترسـیدارە و پێچـەوانەی هـەموو پێوانـەکانی فەلسـەفی ئایـدیۆلۆژی، ڕێکخسـتنی و ڕەوشـتی کـە PKK لـەدیاردەی ئـازادی ژن بەبنـەمای گرتـووە. ڕێبـازی ئامـاژەپێکراو بـەر لـەوەی هێـز و ئـیرادەی ژنـان ئاشـکرا بکـات ڕەوتەکـە بـەرەو ئافرانـدنی ژنێـك ئاراسـتە دەکـات کـە بۆتـە سـێبەر و جێگیری پیـاو. کـە بەتەواوی لەگەڵ چەمکی ئـازادی بنەڕەتییانـە لـەنێو PKKدا، نـاکۆکی هەیـە، ئـەو ژنانـەی وەك تیپـی ژنـی بـەکرێگیراو دەرکـەوتوون، سـەبارەت بـە ڕەگـەزی خۆیـان بـێ متمانـەن،

نەیانتوانیوە بەتەواوی لە دەسەڵاتی پیاو دابېڕێن. لە پراکتیکدا لەگەڵ پیاوی پاشکەوتوو کە لە رۆحدا وەك تەنیا هێزی مێژوو پەسندی کردووە، یەکتریان گرتووە و ئاکامەکەی خراوەتە دەست تەواوی ئەندامانی ژن. لەرێگای رەخنە و هەڵسەنگاندن، بەتەواوی ئەندامانی ژن و پیاو گوتراوە کە؛ ئەو بابەتەی بەر لە هەرشتێك پێویستە سەرنجی بدرێتی ئەوەیە کە نابێ YAJK بکرێتە ئامانجی ئەو مەترسییانەی لە هەڵسوکەوتی ژنی بەکرێگیراو ـ کۆیلە و نزیکایەتی پیاوی سەردەست سەرچاوە دەگرێ. یەکێك لەو بنەما سەرەکییانەی کە ئەو قۆناخە ئاشکرای کرد ئەوەیە کە هیچ کەس واتە چ ژن، چ پیاو ناتوانێ لەسەر YAJK بازرگانی بکات، لەوانەیە هەرشتێك بکرێتە بابەتی بازرگانی، بەڵام YAJK هەرگیز. چونکە بەهای بەشکۆ و مێژوویی لەبونیادی YAJKدا خۆی نواندووە. لەسەربنەمای ئەم هەڵسەنگاندنانە؛ یەکەمین کۆنفراسی ژن بە ستراوە. لەم ماوەیەدا ئەو دوو رێبازە سەرەکییەی مۆری خۆیان لە ئەزموونی بەرێوەبەرایەتی ژندا و هەروەها ئەو هەل و دەستکەوتانەی لەنێوانساڵەکانی 1995 واتە قۆناخی دامەزراندنی YAJK هەتا 1996، لەئاستی لێپرسینەوە ـ گفتوگۆ تاوتوێ کراون. لەهەمانکاتدا ئەندامانی ناوەندی YAJK کە لەکۆنگرەی یەکەمدا هەڵبژێردرا بوون سەرلەنوێ چاویان پێ داخشێنراوەتەوە.

یەکەمین کۆنفراسی نەتەوەیی ژن لە کەش و هەوای ئامادەکاری پیلانگێری دژی سەرۆکایەتی PKK، بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانە پاکتاوکەرەکانی چەمکی تاڵانکەر ـ بەکرێگیراو و هیوایان بەم پیلان و ئۆپەراسیۆنی سڕینەوەیە بەرێوە چوو. لەلایەك هەڕەشەی چەتە لە ئارادابوو و لەلایەکی دیکەشەوە پێکهاتەی ژنی پاشکەوتوو کە پاڵپشتیان بوو. لەگەڵ ئەمەش گەیشتۆتە ئاستێکی گرنگی بڕیاروەرگرتن. چەتەچێتی زەکی لە ساڵی 1993 کە پێشەنگایەتی بیری دوورخستنەوەی ژن لە سوپای لەئەستۆبوو و گوایا لایەنگری هەنگاوی ئازادی ژن بووە، بە بەرێوەبردنی سیاسەتێکی تەواوی بەپێچەوانەی رابردوو، پاکتاوکردنی بەسەر بزاڤی ژندا سەپاندووە. سەرۆکایەتی PKK شەرێکی ئایدیۆلۆژیای دژواری دژی ئەو رێبازە بەرێوەبردووە کە لەبچووکترین هەلدا داخوازی ژیان لەگەڵ ژنی لاوازی بەرستەی "لە ژنی بەهێز دەترسین" دەربڕیوە. بەکرێگیراوی ژن لەم کۆنفراسەدا مەحکوم کراوە. ئەم پەیوەندیانەی بەپیاوی هەرە دواکەوتوو و قرێژ پێشخراوە، بەشێوەیەکی دەسەڵاتخوازی و چاوڕەشانە هەموو نرخ و رەهەندەکان و خودی

رەگەزی خۆی و گەلیشی هەراج کردووە، بەمەش هەرە زێدە پرەنسیپەکانی YAJK ژێر پێ کردووە و بەهەموو لایەنەکانیەوە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵراوەتەوە.

هەڤاڵ (زیلان) لەرێی ئەو چالاکییەی لە 30ی حوزەیرانی 1996 لە دێرسیم ئەنجامیدا، گەورەترین وەڵامی هەڵسوکەوتی هەڵە و ساختەی خەباتی ئازادی ئەو ژنەی کە سەداسەد خۆی تەرخانی کێشەی ئازادی خۆی دەکات و ئەو پیاوەی کە لەبەرامبەر شۆڕشگێڕی و ئازادبوون خۆڕاگری دەکات، داوەتەوە. ئەو چالاکییە گیانبازیەی هەڤاڵ زیلان ئەنجامیدا، هێزی راستەقینەی شەڕ، سوپا، رێکخستن و ژیانی ژنی ئاشکرا کردووە. ئەم چالاکییە کە لەدژی ئیمپریالیزم و رێبازی چەتەی ـ بەکرێگیراو لەناوەوە پێشکەوت، ئامانجیان توونەکردنی تێکۆشانی PKK لە کەسی سەرۆکایەتی PKKدا، ئەو راستیە سەلمێنرا کە ژن لە تێکۆشانی ئازادیدا بارنییە، بەڵکو گەرەنتی سەرکەوتوون و نوێ بوونەوەیە. وەڵامی بەهێزی داوەتە رێبازی بەکرێگیراو ـ چەتە ـ، کە ژنی بێ هێز کردووە و لەدژی شۆڕش بەکاریهێناوە و هەروەها ئەو کردەوە سیوقاستیەی کە لە 6ی مانگی نیسان، بەجەسارەت وەرگرتن لەم رێبازە، دژی سەرۆکایەتی PKK پەیڕەوکرا. سیاسەتی سەرکووتکەرانەی ئەو لایەنانەی پووچەڵ کردۆتەوە کە لە کەسایەتی سەرۆکایەتی PKKدا، دوژمنایەتی تێکۆشانی ئازادی گەلی کوردیان دەرکرد، هەڤاڵ زیلان بەم چالاکییە، وەك مانیفستۆی ئازادی بۆ تێکۆشانی گشتی، پەسندکرا و وەك سوێندێك هەڵسەنگێنرا پیرۆزترین و بەئەنجامترین چالاکییە لەشەڕی رزگاری نەتەوەییماندا. کەسایەتی هەڤاڵ زیلان، کەسایەتی شەڕ، رێکخستن، ئازادی، ئاواتی گەورەی ژیان و ئەشقە. بە تێڕوانینی لە ژیان، چەمکی حەزکردن، بە کەسایەتی شەڕ و وورەی خۆی، سەرۆکایەتیەکی راستەقینەیە بۆ ژن. رێبازێکی ژیانە، تاکە گەرەنتی سەرکەوتنە. ئەو هەستە قووڵ و هزرەی لە ئەنجامی ئەم چالاکییە خوڵقا، ئەو ئاستەی لە لێپرسینەوە، حساب خواستن و ئەو ویژدانەی لەنێو تەواوی ئەندامانی پارتی بەدیهات، بونیادنانی PKK بە بەهای گونجاوی ئەو کەسایەتییە گەورەیە لە رێگەی شیکردنەوەی بەربڵاوی ئەوانە بەگشتی، لوتکە و خاڵی هەرە گرنگە لە مێژووی خەباتی ئازادیدا. ئەم چالاکییە بەهەمان رادە کە سەلمێنەری ئەوەیە مەیلی ئازادی لەلایەن هیچ هێزێکەوە ئاستەنگ ناکرێ؛ بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و بێ سنوور هەل و دەرفەتی ئازادی پەرەپێداوە. بەو کاریگەرییانەی هەیبووە، تەواوی ئەندامانی پارتیمان، بەتایبەت ئەندامانی ژنی وەئاگا هێناوەتەوە. پێوانەکانی پەسندکردن و رەتکردنەوەی

دیـارکردووە و ئاشـکرای کـردوون. زۆر هەڵسوکەوتی بـێ بـاوەڕ لەمـەڕ بەسـوپابوونی ژن، لەگـەڵ ئـەم چـالاکییە، جێـی خۆیـان بەمتمانـە و بـاوەڕی بەخشـی ئـەم چـالاکییە، وورەی خەباتی هێزی ژنی لە هەمیشە زیـاتر پتـەوتر کـردووە. لێگـەڕینی ژن بـۆ ئـازادی قـووڵتر و پتـەوتر کـردەوە. ئـەو چالاکییە بـەو مەیلـەی سـەبارەت بـەژیان و ئـازادی هێنایـە گـۆڕێ، بەسەلماندنی ئەو راستییەی کە بە دەرفەتی هەرە کەم شکۆمەندی دەئافرێ، مۆری خـۆی لـە قۆنـاخی پـاش خـۆی داوە و بۆتـە پڕبایـەخترین و بەکاریگـەرترین چـالاکی لـە مێـژووی خـەباتی رزگـاریخوازی نەتـەوەیی کوردسـتاندا. ئەمـە، تـەنیا شـێوەیەکی چالاکی نییـە لـە رەهەندی سەربازیدا، بەڵکو مانیفێستۆی ئـازادی و یاسـای خۆشەویسـتیە. لەئاکامـدا رامـانی "ئەگەر لە تۆدا مەیلی ئـازادی هـەبێ، پێویسـتە چالاکی تـۆ وەها بەشـکۆ، تـەواو و بـەبڕیار بێ" هێناوەتە ئاراوە. بەم پێیە ئەم چالاکییە لە راستیدا تۆڵە سەندنەوە و حساب خواستنە لەتەواوی ئەو کەسانەی کە بانگەشەی ملیتانیێ ئازاد دەکەن بـەڵام لـە گۆڕەپـانی تێکۆشـانی ئازادیـدا، لەسـەر لایەنــە پاشـکەوتووەکان و، بـەپارتی نــەبوون و سۆسیالیسـتیان تێیـدا بەرجەستە نـەبووە پێـداگری دەکـەن. وەڵامێکە بەشـێوازی پراکتیکـی کـە وێـڕای هـەبوونی ئایدیۆلۆژی، بەهیچ شێوەیەك توانای نییە خۆی بخاتە نێو رێرەوی شەڕێکی راستەقینە. بـە واتایـەکی دیکـە؛ راگەیانـدنی کۆتـایی هـاتنی ئـەو شـێوازە چالاکیەیە کـە هـەم رێخۆشـکەری ژیانە و هەم شەڕ. شێوازی رەوتی ژیانی نوێیە. زەبرێکە لە پەیکەری ئـەو راسـتیەی ژیـانی گەیاندۆتە بن بەست و توانای ملیتانی و ئازادبوونی نییە.

ئەم چالاکییە پێمان نیشاندەدات ئەگەر کەسێك هێـزی خـۆی بەدروسـتی رێکبخـات و بەشێوەیەکی رێکوپێك و بەپیلان، بەرەو ژیان و خەبات ئاراستەی بکات، تێکۆشـان، مـەیل و سووربوونی لەپێناو ئازادیدا تا بێ کۆتایی پەرەدەسێنێ. لەم رووەوە هەڤاڵ زیـلان سـیمبوڵی بووژانەوەی کولتـووری پتـەوی خوداوەنـدەی دایکـە ـ کـە لەسـەردەمی نیۆلۆتیکدا خـاوەنی بووە ـ لە خاکەکانی میزۆپۆتامیادا، چونکە ئـەو خوداوەندانـە ژیـانی ئازادیـان ئافرانـدووە، نزیکەی دوو هەزار ساڵ بەرەنگاری هێرشەکانی پیاوی سەردەست بونەتەوە کە دواتر بـەرەو ئەو ژیانە ئاراستەکراوە. بەرخودانێکی بێ وێنەیان نیشاندا. هەروەها لەم قۆناخـەدا گـەلێك ژن بۆئـەوەی تەسـلیمی دەسـەڵاتی پیـاو نـەبن، دوای خۆڕاگرییـەکی قارەمانانـە، لـە شـوێنی خۆڕادەسـتکردن، بـە مـەرگی بەشـکۆیان بوونـە سـیمبوڵی ئـازادی و سـەلمێنەری مـەیلی ژن بـەئازادی. پێویسـتە بـەم شـێوەیە لـە چالاکی هـەڤاڵ زیـلان بگـەین. هـەڤاڵ زیـلان لـە رێـی

بەستنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ رەگ و ریشە مێژووییەکانی، نیشانی داوە کە زێدی خوداوەندەکان ـ میزۆپۆتامیا لە گەوهەری خۆیدا لەو رەگانە دانەبڕاوە. لێکدانەپچڕانی ژن لە گەوهەری خۆی و ئەم ئاو و خاکە و پاراستنی شوێنەوارە پتەوەکانی ئەو کولتوورەی نیشانداوە. ئەو تەڤینەوەیەی لەدژی لوتکەی ناوەندیبوونی سیستەمی باوکسالاری خنکێنەر و دزێوکەری ژیان، ئیمپریالیزم ئەنجامیدا، تەنیا واتایەکی سەربازی لەخۆوە ناگرێ. ئەمە، تەڤینەوەیەکی ئازادییە. چالاکی پارێزگاریە لە تۆسقاڵێك ژیانی ئازاد و لەکاتی پێویستدا خۆسووتاندن و خۆکردنە خۆڵەمێشە. ئەم چالاکییە نموونەی ئەنجامگیرنەبوونی زۆرەملێیانەی پۆشینی جلی کۆیلایەتی و مێشك و هەستی مرۆڤەکانە و لە ئەگەری تاقیکردنەوەی ئەمە تەنانەت بێ هێزترین ژن، لەپێناو شکۆی ئازادیدا خۆی دەتەقێنێتەوە. مەیلی ئازادی هەڤاڵ زیلان لە ئاستێکی وەها گەورەی پابەندیدایە کە ئامادەیە لەم پێناوەدا تاڵ تاڵ قژەکانیشی فیدا بکات. واتە مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی ناتوانێ هیچ شتێك بکاتە بیانووی رزگارنەبوون و بەهێزنەبوونی، چونکە رێبازی زیلان تەواوی ئەم بیانوویانەی وێڕای جەستەی خۆی پەرش و بڵاو کردووە. پەردەی لە رووی ژیانکردن بەئامانجی بچووك و کەسایەتی رووکەش هەڵداوەتەوە و لەگەڵ خۆیدا ئاگری تێبەرداوە.

لەهەلومەرجێکدا کە مەیلی بەکرێگیراو ــ چەتە خوازیاری سەقامگیرکردنی خۆی بوو وەك سیستەمیك، وەها بیردەکرایەوە کە بەرەنگاربوونەوەی مەیسەر نابێ. لەڕاستیدا ئەوەی هێزی بەرەنگاری دەخوڵقێنێ، مەیلی ئێمەیە بەئازادی. ئەگەر بێدەنگی هەبووە، ئەوا ئەم راستییە پەیوەندیدارە بە لێگەڕینی ئازادی. ئەنجامی چالاکییەکی وەها و دەرککردنی سەرۆکایەتی لە هەلومەرجی هەرە چاوەڕوان نەکراو لەلایەن هەڤاڵ زیلانەوە وەك هەڤاڵێك کە تەنیا ساڵێك لەنێو ریزەکانمان دابوو، پەیوەندیدار بەبینینی ئاستی پێداویستی و تێکۆشانی گەل. وەڵامدانەوەی تەواوی ئەمانە بە تێگەیشتنی زۆر قووڵی هێرشەکانی دوژمن، بە گوێرەی لۆژیکی بیانوو هێنانەوە بەدی نایە. بەڵام ئەمانە بەگشتی بۆ ئەو مرۆڤەی لەئاستێکی بەرزدا مەیلی ئازادی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە، مەیسەر بووە. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە هۆکاری دیاریکەر، بانگەشەی ئازادی مرۆڤە.

لایەنەی هەرە گرنگی 30 حوزەیران لەلایەنی تێکۆشان بەگشتی، وەڵامێکە لەبەرامبەر مارژیناڵ و ئەو چەمکانەی کە لەلایەن رێبازی بەکرێگیراو ــ چەتە، سەپاندبوویان. ***زیلان، بروسکەیە، وەك هەورە تریشقەیەك، درەوشایەوە و رووناکی***

***بەخشی. لەمەودوا درێژەپێدانی ڕێباز پەیوەستەبە خەباتگێڕانی ئازادی.*** ئەگەر هەڤاڵ (زیلان) زیندوو بوایە، بێگومان لە خەباتێکیتردا، بەم شێوەیە دەتەقایەوە. چونکە هێزی ئەو، تەنیا تەقینەوە بەشێوەی چالاکییەکی سەربازی نییە بەڕووی دوژمناندا، هەڤاڵ زیلان دەیتوانی لە هەمانکاتدا وەك تەقینەوەیەکی هزری دەربکەوێ، دەیتوانی تەقینەوەیەك لە پێشکەوتنی ڕێکخستنیدا بەدی بهێنێ. هۆکاری بەکاریگەری لێرەدا، بێ سنووربوونی مەیلی ئازادییە لە ڕێبازی زیلاندا. ئەم چالاکیە لەهەلومەرجی هەرە دژوار و دەرفەتی هەرە کەمدا، پێکهات و زەبرێکبوو لە پەیکەری ئەو کادیرەی هەموو هێزی خۆی لە پێناو شۆڕشدا ناخاتەگەڕ. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە تاڕادەیەك وزەی خۆیان دەخەنە خزمەتی شۆڕش، پاشماوەکەی لە پێناوی تایبەتمەندییە کلاسیکەکاندا بەفیڕۆ دەدەن. هەڤاڵ زیلان لە روانگەی پێشکەوتنی خەباتی ئازادی ژن واتایەکی گەورەی بە دامەزراندنی YAJK دەدا، وەك ژنێك بەمەیلیبوونە وەلام، هەڵسوکەوتی کردووە. لە ئەنجامی ئەو قووڵبوونەوەیەی بەدەستی هێنا، رەوتی ئازادی بزاڤی ئازادی ژنانی ئافراند. قارەمانێتی، لەخۆبووردوویی و خۆڕاگری سەرانسەری مێژووی لە بەرخودان و چالاکی خۆیدا بەرجەستە کردووە.

دوای ئەم چالاکییەی هەڤاڵ زیلان، ڕێنمایی زۆر پتەوی خەبات لەسەربنەمای لێکدانەوە سەبارەت بەژن کە لەلایەن سەرۆکایەتی PKK ەوە ئەنجامدەدرا، بەرەهەندی نوێتر، پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی و کادێرانی YAJKکرا. بەو ئاستەی کە لەئاکامی ئەزموونەکانی ساڵی 1996 بەدیهات، YAJK بەهێز وەرگرتن لە یەکەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژن و گەڕانەوەی دەیان کادێری پەروەردەکراو لەلایەن سەرۆکایەتی، بەشێوەیەکی ئامادە کەوتە نێو ساڵی 1997 وە. هەروەها سەرجەم ئەو ئەزموونانە تا ئەو قۆناخە بە کەڵك وەرگرتن لە لێکدانەوەی تێروتەسەلی ئایدیۆلۆژی، قەڵەمبازێکی گرنگی زانستی و دەسکەوتی تیۆری ـــ ئایدیۆلۆژی پڕبایەخی قازانج کردووە. دامەزراندنی پڕپارگە و ناوەندیبوونی خەباتی ئازادی ژن بەدیهات، خۆی گەیاندە پەیڕەوی ناوخۆیی. بونیادێکی گرنگ لەمەڕ خۆشەویستی و یەکێتی رەگەزی لە ئەندامانی ژندا پێکهات. بەڵام دژواربوونی تێکۆشانی رەگەزی لەچاو تێکۆشانی نەتەوەیی ـــ چینایەتی و بەڕادەی لێکدانەوەی پراکتیکی ـ ئایدیۆلۆژی، پێویستی وردەکاری و لێهاتوویی لە هەڵسوکەوتی کردارییانەدا، بەگوێرەی داخوازی تێنەگەیشترا. تێ فکرێنێکی رواڵەتییانە و نزیکایەتی YAJK سەبارەت بەشەڕی هەمەلایەنەی سەپێنراو لە ساڵی 1997دا، بۆتە کۆسپ لەبەردەم

پووچەڵکردنەوەی و شێوازی کەڵك وەرگرتن لەهێزی وڵاتپارێزی و چۆنیەتی رێ و رێبازی هاندانی پیاو بەرەو پێکهێنانی گۆڕانکاری لەخۆیدا لەسەربنەمای پێوانەکانی ئازادای، هاوکات مۆری خۆی لە پراکتیکیش داوە. لەسەر ئەم بنەمایە، لەساڵ 1997دا بەمەبەستی تێپەراندنی رێبازی بەکرێگیراوی و لاسایی کەرەوە و کاریکاتۆربوونی پیاو بەشێوەیەکی قەبە لە کە رابردووشدا پەیرەوی لێدەکرا، واتە رێبازی رەتکرنەوە پەسندکراوە و کەموکوڕی بەرچاو لە هەڵسوکەوتی خەباتی گشتیدا دەرکەوتوون. رێکخستنی YAJK بە وەڵامی ئەو هەڵسوکەوتانەی لەنێوان ساڵەکانی 1995ـ 1996 دەرکەوتن، سەلماندی کە ژن پاڵپشت بەهێزی خۆیی ـ چ کۆسپ و دژواریەکی بێتە بەردەم و خەسارەت چ دەبێ بابێ ــ توانای پاراستنی ناوەندی بوون و ئیرادەی خۆی هەیە لە ئەستەمترین هەلومەرجی شەڕدا، لەساڵی 1997 یشدا پێداگری و سووربوونی زیاتری لەخۆی نیشانداوە. لەم روانگەیەوە ساڵی 1997، ساڵی قەڵەمبازی دابڕان لە پیاو و ناسین و تاقیکردنەوەی هێزی سەربەخۆی خۆییە. لێواولێوی ئەزموون، دەسکەوت و وانەی گرنگە. هەم وانەی هێزی کردەوە و سەرکەوتنی ژن بە کەڵك وەرگرتن لە رێکخستنێکی رێکوپێك لە ئارادایە و هەم ئەو وانانەی لەسەربنەمای چەوتی کەموکوڕی کە لە رێکخستن، بڕیار وەرگرتن، دەستنیشانکردنی ئامانج ــ پیلان داڕشتن و دیاریکردنی ئەرك و پێشەنگایەتی دەرکەوتوون و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی و بێ ئەزموونی سەبارەت بەم بابەتە کە دەتوانێ چ ئاکامێکی هەبێ و چۆن دەتوانین چارەسەریان بکەین. لەلایەکی دیکەشەوە ئەزموونی چۆنێیەتی هەڵوێست وەرگرتنی پیاو لەبەرامبەر راستی ژنی رێکخراو، سەربەخۆ، ئازاد و دابڕاو لە پیاو هەیە. جگە لەمانە پڕە لەوانەی ئەو خەسارەتانەی کە لەلایەن ژن و پیاوێك کە خۆیان لە ئازادی دوورە پەرێز دەگرن و خۆیان ناگەیەننە پێوانەکانی ئازادی، بە خەباتی ئازادی گەیشتووە. واتە لەپێناو پێشخستنی خەباتی ئازادی ژن پێویستە هەڵوێست، جەهل و دواکەوتوویی پیاو لێکبدرێتەوە و لەنێو ببردرێ. راستی ئەم دیاردەیە لە پراکتیکی ساڵی 1997 بەنموونەی زۆر سەرسووڕهێنەر لەگۆڕێدا بووە. ئاکامێکی گرنگ کە لەم روانگەیەوە بەدیهاتووە ئەوەیە کە؛ ئەگەر ژنێك خۆی بەکاریگەر نەکردبێ و خەباتێك کە ژنی راپەڕیو و وەئاگاهاتوو لەپێناو ئازادی ئەنجامی دەدات، بەڵام بێ بەریە لەپێداویستی و فۆرماسیۆنی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی و رێکخستنی پراکتیکی، هەرچەندەش بەناوی ئازادی ئەنجام درابێ، مەترسیدارە و خەسارەتی قەرەبوونەکراوی بەدواوە دەبێ. بەکارهێنانی رواڵەتییانە،

بەرتەسك ـ دۆگماتیك، قەبە و هەروەها رەتکردنەوەی تەوەرەی وەك "ژنی بەکرێگیراو"، و "لاساکەرەوەی پیاو" و "دابڕان" کە سەرۆکایەتی PKK لەئەنجامی قۆناخەکانی پراکتیکی باسی کردوون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ژنەوە؛ بۆتە کۆسپ لەبەردەم کەڵك وەرگرتنی بەکاریگەر و سوودبەخشی مەتەرێز و چەکەکانی ئازادی ساڵی 1997. جگە لەمانە هەڵوێستی پیاو و بەکارهێنانی خراپی ئەو کەموکوڕیانەی لە کردەوەی YAJKدا دەرکەوتن، کاریگەری لەسەرخەباتی پارتی بەگشتی هەبووە. YAJK کە لەبەرامبەر ئەم نزیکایەتیانە نەیتوانیوە بگاتە زمان و هێزی رێکخستنی، لە روانگەی بابەتیانەوە ئاستی ئەو گۆڕان و وەرچەرخانەی دواخستووە کە سەرۆکایەتی PKK خوازیاری بەدیهاتنی بووە. ئەزموون و رەوشی خەباتی پراکتیکی، شێوبەندی هەڵوەستەی بەڕێوەبەرایەتی ژن لەم ساڵەدا، لەدووەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژن، کە بەهاری ساڵی 1998 بە پێشەنگایەتی سەرۆکایەتی PKK لە گۆڕەپانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڕێوەچوو، تاوتوێ کراوە و رێنمایی گرنگ سەبارەت بە خەباتی ئازادی ژن پێشکەش کراوە. لەئاکامی لێکدانەوەی شێوەکانی ژنی پاشڤەڕۆی هەنووکەیی، ***هەڤاڵان زیلان و، سەما*** وەك نیشانەی رەوتی ژنی ئازاد دەستنیشان کراون و بەپێوانەی سەرکەوتن بینراون. ئەم کۆنفرانسە بۆتە پلاتفۆرمێك کە بۆ یەکەمین جار ئایدیۆلۆژی رزگاری ژن و دامەزراندنی پارتی ژنان بۆتە بابەتی باس. لەسەربنەمای ئەم کۆنفرانسە، هەر هەمان ساڵ هێزی ژن لە بەرەکانی شەڕیشدا، کۆنفرانسی جۆراوجۆری بەڕێوەبردووە. دووەمین کۆنفرانسی ژنی رۆژهەلاتی ناوین و کۆنفرانسەکانیتر بەردی بناخەی دووەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژن پێك دێنێ کە لەئاکامدا دامەزراندنی پارتی ژنان راگەیەنرا. ئەم کۆنفرانسە، پێوانەکانی پەیوەندی نێوان ژن و ژن ــ ژن و پیاو و هاوسەنگی هێزی بەشێوەیەکی پتەوتر پێوانەکانی یەکتری بەهێزکردنی دارشتووە.

YAJK، کە هێزی بەڕێوەبەری خەباتی ئازادی بوو لە نێوان ساڵەکانی 1995 ــ 1999، مۆری خۆی لەو قۆناخە داوە کە پێشکەوتنی گرنگی بۆ ژنان بەدواوە بووە. ژن کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا دەبووە خاوەن سوپا، لەنێو رێکخستنی YAJKدا فێری متمانەکردن بەخۆی بوو، لەئەنجامی خۆشەویستی و ئاشکراکردنی هێزی رەگەزی خۆی, لە هاوبەشی گەیشتووە و پێشکەوتنی بەرچاوی لەمێژووی ژندا خولقاندووە.

لەلایەکی دیکەوە YAJK کە وزەی شاراوەی ژنی لە روانگەی چەندایەنی و چۆنایەتی رێکخستووە, دابەشکردنی پێویستی ئەنجامی داوە و لەهەر بوراێکی شەڕ و ژیاندا بەرهەمهێنەر بووە. ژنی گەیاندۆتە ئاستێکی وها کە نەسەربار بەڵکو هێز بێ. بەر لە هەرشتێك لەسەربنەمای پێداویستی ئاشکراکردنی ئەوەی کە چی و کێ بووە. لە رێگەی رێکخستن و شەرڤانێتی خۆی، ژن وێڕای هەڵسەنگاندنی خۆی کە لەڕێی YAJKەوە خۆی ناسیوە، بناخەی پێشخستنی وشیاری رەگەزی داڕشتووە. ژن کە لەئەنجامی وشیاری رەگەزی نزیکبوونەوەیەکی سەرکەوتووی سەبارەت بەخۆی ئەنجامداوە، لایەنی بەهێز و لاوازی خۆی روونتر بینیوە و رێگەی بەرجەستەکردنی هێز لە رامان، رۆح، جەستە و هاوتەریب رێکخستنی ناسیوە. لەم روانگەیەوە پاشەکشەی بەو بارودۆخە کردووە کەتێیدا پیاو لاوازییە رەگەزییەکانی ژن دەکاتە زەمینەیەك بۆ خۆی. *چونکە ئەو ژنەی هی خۆی بێ، هی ئازادی و وڵاتپارێزییشە. بریتیە لە ژنێك کە مەترسی بوون بە ئامرازی پیاوی تێپەڕاندووە.* YAJK لەسەر ئەم بنەمایە ژنی بەرەو لێگەڕین و ئامانجی نوێ ئاراستەکردووە. لەم چوارچێوەیەدا رەوتی خەباتی ئازادی لەنێو PKK دا، بۆتە خەباتێکی ستراتیژی لەئاستی جیهاندا. ئەمە گەیشتنە بە ئاستی قووڵبوونەوە لە ئایدیۆلۆژی سۆسیالیستی سەرۆکایەتی PKK لە زەمینەی رێکخستنی و شیاوی بەڕێوەبردن لە YAJKدا. سەرۆکایەتی PKK بە لێکدانەوە و راهێنانی ملیتانی YAJK لەئاستی ئاکادیمیدا، خەباتی ئازادی ژنی لەڕێی پڕبوونی کادێر و فەرماندە لە بواری چۆنایەتیدا بەهێز کردووە. راستەوخۆ سەرۆکایەتی PKK بەمەبەستی کۆکردنەوە و قووڵبوونەوەی کادیرەکان ـ لەسەر ئەو هەڵە و کەموکۆڕیانەی لەبەرامبەر رێنمایەکانی ژن کردوویانە ــ و داکۆکی کردن لەسەر تووناکردنی ئەو جەهلەی ژن کە ماوەی هەزاران ساڵە دەستەویەخەیەتی، پێشکەوتنی گرنگی لە کەسایەتی و رێکخستنی ژندا پێکهێناوە. خەباتی YAJK بەهێزی مانەوە لە چیا ئازادەکان، توانایی رێکخستنی تایبەت لە ئاستێکی وەهادا، توانایی هەڵسەنگاندنی دونیای ئازادی خۆی و تێگەیشتن لەوەی کە ئەو شتە پڕبایەخانە هی ژنن، ئەو دژوارییانەی کە رووبەڕووی بۆتەوە، دەربازکردووە. لە بارودۆخێکی وەهادا هێزی راهێنانی ژن لای سەرۆکایەتی PKK، بەکاریگەربووە. *لەنێو PKKدا بەو رادەیەی ئازادی نەتەوەیی، گەل و یەکێتی رێکخستنی گەل گرنگی پێدراوە، ئەوەندەش ناسنامەی ئازادی ژن بایەخی پێدراوە.* بەگوێرەی پەیوەندی ئەم خاڵە لەگەڵ شەڕ. شەڕی ژنیش

پەیوەندیدارە بە ئافراندنی ناسنامەی ئازادی گەل. لەبەر ئەم هۆکارە شەڕی ژن، بابەتێك بووە کە بەر لە هەرشتێك هەڵسەنگێنراوە.

## ئایدیۆلۆژیای رزگاری لە تەوەرەی ژندا

لەهەر سەردەمێکی قۆناخی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکی بەرچاو لەریزی یەکەمدا بوون و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان لەئەنجامی چارەسەری ئەم ناکۆکییانە سەقامگیر بووە. لە سەدەی بیستەمدا ئەو کێشانەی لەناکۆکی نەتەوەییەوە سەرچاوەیان دەگرت، بەشێوەیەکی بەرچاو چارەسەرکراون و قۆناخی خەبات لەسەربنەمای ململانێی نوێی چینایەتی، دەستپێکردووە. روداوەکان ئاکامی پۆزەتیف و نێگەتیفیان پێکهێناوە. تەنیا ناکۆکی چینایەتی مۆری خۆی لە گۆڕانکارییەکانداوە. سەلماندنی ئەوەی کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا ناکۆکییە رەگەزەییەکان بە دژواری و یەکگرتنێکی زۆرتر لەبرەو دادەبن، لەساڵی 1996 لەلایەن سەرۆکایەتی PKKوە بەئەنجام گەیشتووە. لە رەوشێکی وەهادا رەچاوکردنی ناکۆکی رەگەزی کە مۆری خۆی لەم سەدەیە دەدات وەك بنەمایەکی پتەوی ئایدیۆلۆژی ناچارییە. ئاشکراکردنی هێزی رێکخستنی بەشێوەیەکی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەم بنەما ئایدیۆلۆژییە پێویستیەك بوو. *ئەم رێکخستنەش پارتی ژنانە*. هەڵسوکەوتی ئایدیۆلۆژی بەگوێرەی کێشەی سەرەکی ئەم سەدەیە و دەرکەوتنی هێزێکی رێکخراو لەسەربنەمای نزیکایەتی ئایدیۆلۆژیای ئاماژەپێکراو، پێشکەوتنی هەنگاو بەهەنگاوە لەگەڵ کارەکتەری PKK. چونکە PKK لەهەر قۆناخێکدا بەشیکردنەوەی ئاستەنگییەکانی بەردەم پێشکەوتنی دروستی کۆمەڵگا و ژیانی ئازاد، کێشەی سەرەکی دەستنیشان کردووە و لەسەربنەمای ئەو ناکۆکییە پەرەی بەخەباتی خۆی داوە. بۆ نموونە لە حەفتاکاندا پرسی نەتەوەیی لە کوردستاندا کێشەی سەرەکی بوو. ئەو ناکۆکییە بنەڕەتیانەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی ژیانی کۆمەڵگای سنووردار کردبوو، لەسەربنەمای کێشەی نەتەوەیی بوون، PKK شەڕێکی زۆر توندوتیژی بەڕێوەبرد. چەمکی ریفۆڕمیستی ــ بەکرێگیراوی و گەلێك هێرشی دەرەکی تا قۆناخێك، لەدژی خەبات هاتە ئاراوە، دوای قۆناخێکی دیار PKK لەنێو خۆیدا شەڕێکی چینایەتی زۆر دژواری بەڕێوەبردووە. بەگوێرەی

تایبەتمەنــدی ســەدەی بیســتەم رەوتــی پێشــکەوتنی PKK لــە زەمینــەی نەتــەوەیی و کۆمەڵایەتیـدا، تـا رادەیـەك ناکۆکییـەکانی تـر شـیکراونەوە و لـە هەلومەرجێکـدا کـە لـە هەمیشە زیاتر ئاراستەبکرێن. لەم قۆناخە بەدوا، ناکۆکی لە خاڵی ژیانی نوێ و خوڵقانـدنی ژن و پیـاوی ئـازاد ناسـراون و بوونـە بابـەتی گفتوگـۆ. لـە قۆنـاخی دواتـردا هێنانـە ئـارای نزیکایـەتی پشـت ئەسـتوور بەبنـەمای چارەسـەری ئایـدیۆلۆژیای رزگـاری ژن و پێشخسـتنی خـەبات و هێـزە رێکخستنیەکەی گرنگـی هـەبووە. ئـەم بارودۆخـە، بـە پێچـەوانەی رەوتـی پێشـکەوتنی دیالـەکتیکی PKK نـەبووە، بـەڵکو رەهەنـدێك بـوو کـە رەوتـی پێشـکەوتنی سروشتی دەگەیەنێتە ئەنجام. PKK هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تا ئـەمڕۆ لەگـەڵ هـەر سـێ کێشـەکە خـەریك بـووە و پێشخسـتنی چارەسـەریانی بەشـێوەیەکی ئاوێتـەیی یـەکتری بەبنـەماگرتووە. واتـە، لـەرەوتی ژیـان و قۆنـاخی جیـاوازدا کامـەیان کاریگـەرییان لەسـەر پێشخستنی کۆمەڵگای دیموکرات و ئازاد زۆرتر بووە، شێوە و رەوشـی خـەبات لەسـەربنەمای ئەو ناکۆکییە، گرنگی پەیداکردووە. لەڕاستیدا بەچاو خشاندن و بـە تێڕوانینێکـی قـووڵی ئایـدیۆلۆژی، ئـەو ناکۆکییـە بنەڕەتییـەی کـە لەهـەر شـتێك زیـاتر بـرەوی هـەبووە، سـەرەتا کۆمەڵگای کوردستانی لاڕێ و بێ هێـز کـردووە و رەوشـی ژیـانی کۆمـەڵگای کوردی لـەمردن خـراپتر کـردووە نـاکۆکی رەگەزییـە. لەبەرئـەوەی لـەم بارەیـەوە بـن کـەوتوو بـووە و قڕێـژ کەوتووە، لەتـەواوی بابەتـەکانی دیکـەدا بەتەسلیمی گیراوە. لـەڕێی تێکۆشـانێك کـە لەسـەر بنەمای ئەم ناکۆکیە دەست پێدەکات، ئەنجامگیر نابێ. خەبات لە رەهەندێکدا پەرەدەستێنێ کە گشتگیر بێ، هـەموو چین و توێـژەکانی کۆمـەڵگا لـە خـۆوە بگـرێ و تەنانـەت کاریگـەری لەسەر سیستەمی نێونەتەوەییش دابنێ پێشخستنی تێکۆشان لەسەر ناۆکی و ئەو سیاسەت و یاریانەی کـە خستنی گـەلێکی بەتـەواوەتی کردۆتـە ئامـانج راستیرین هـەنگاو بـوو. لەگـەڵ کەوتنی هەوڵدانی چارەسەری ئەم ناکۆکییە واتە ناکۆکی نەتەوەیی بۆ نێو رەوت و ئاستێکی دیاریکراو، شەڕی چینایەتی و رەگەزی لەنێو PKK دا لە هەمیشە زیاتر گۆڕ و گەش بـووە و بەرەبەرە بایەخێکی زیـاتر بەشـیکردنەوە و چارەسـەری ئـەم کێشـە سـەرەکیانە دراوە کـە گەلی کوردی بەردەوام مەحکومی شکست کردووە. بەواتایەکی دیکە هەوڵدانی پێویست بـە پێشخستنی خەبات و رێگـەی چارەسـەری لەسـەربنەمای نـاکۆکی قـووڵ و شـاراوە ئـەنجامگیر بوو. لەگەڵ هاتنی ساڵی 1998 شان بەشانی ئەو گۆڕانکاریانەی لەبرەو دابـوون پێداویسـتی نزیکایەتیـەکی شۆڕشـگێڕانەی بـەربڵاو و پێکهێنـانی رەهەنـدی رێکخسـتنی لەسـەربنەمای

چارەسەری کێشەی رەگەزی، کە بناخەی کۆمەڵگای نوێ دەکاتە ئامانج، خۆی داوەتە پێش. هەڵبژاردەی راگەیاندنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن کە لە پێنج پرەنسیپی سەرەکیدا ــ کورت کرابۆوە و لە 8ی مارتی 1998 لەلایەن سەرۆکایەتی پارتیمان راگەیەنرا، وەڵامێك بوو کە بەم پێداویستیە درایەوە. ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن کە سەرۆکایەتی PKK لە پێنج پرەنسیپی سەرەکیدا خستوویەتە روو، نیشانەی پێداگری ئافراندنی چارەسەرییە بۆ تەواوی ئەو کێشانەی کە مرۆڤایەتی لە سەرەتای کەوتنە نێو سەدەی بیست و یەکەم رووبەرووی بۆتەوە. لەواتای پابەندبوون بەو پرەنسیپیانە وەڵامێکی هەرە بەواتا کە ژن دەتوانێ پێشکەشی ئەم خاڵانەی بکات ئەوەیە کە؛ خۆی بگەیەنێتە پلەیەکی وەهای کاریگەری، کە بتوانێ ئەم پێداگری و بانگەشەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کرداری بکات. ئەمەش لە رێگەی ئافراندنی هێزی پیلان و پرۆژە دارشتنی هەمەلایەنە، دەوڵەمەند و بەرهەمهێنەر، ئەنجامگیر دەبێت.

دیاردەی نامۆبوون لەخۆد، کە لەگەڵ کۆمەڵگای چینایەتی دەرکەوت، زەمینەی بۆ دەرکەوتنی زۆر کێشە خۆشکرد. کێشەکانی شوێنگە لە ئەنجامی نامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەنجامی نامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ دێنەئاراوە. وێرای ئەمانە هەبوونی دەزگای دەسەڵات لەسەر تەوەرەی ئایدیۆلۆژی پیاو بابەتی باسە. لەرێی رەخنەگرتن لەتەواوی ئەمانە دەبێ گەرانەوەی مرۆڤ بۆ گەوهەری خۆی و هەروەها گەرانەوەی ژن بۆ گەوهەری خۆی ئەنجامگیر بێ. گەرانەوەی ژن بەرەو گەوهەری خۆی، شێوەگرتنی سەرلەنوێی مرۆڤایەتییە لەسەربنەمای ئەو گەوهەرە. بەسەرنج دان بەوەی کە رامانی ئایدیۆلۆژی لەسەربنەمای بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فۆرمیلە دەکرێ، پێویستە بۆ فۆرمیلەکردنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی لە روانگەی هزرییەوە، هەڵسوکەوتێك بە سوودوەرگرتن لە دەستنیشان کردنی ئەم بەرژەوەندییەنە بەرجەستە بێت. مۆدیلی قۆناخی کۆمۆنی سەرەتایی، مۆدیلێك بوو کە لەسەربنەمای سیستەمی هزری پاڵپشت بە بەرامبەری، ئازادی و دادپەروەری شێوەی گرتبوو و تەواوی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی بەبنەما دەگرت. ئەگەر وەك سیمبوڵێك لەو مۆدیلە بروانین، دەبینین کە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن تەنیا ئایدیۆلۆژیایەکی رەگەزی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی رزگاری کۆمەڵایەتی ـ مرۆیی و لە ئاکامدا ئایدیۆلۆژیای رزگاری پیاوە. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی رەگەزی ژن سەرکوتکراوترین توێژە، پێویستە رزگاری لە ژنەوە دەست پێ

بکات، لـە هەڵسـەنگاندنی دواییـدا ئەگـەر بێـت و سیسـتەمیکی دیموکراتیانـە لەسـەربنەمای یەکسـانی و ئـازادی بەرقـەرار بێـت، پێویسـتە ئـەوەش پەسـند بکـرێ کـە بـەبێ هـەبوونی ئایدیۆلۆژیەکی وەها قەت مەیسەر نابێ.

مرۆڤ بەرامانی خۆی لە ئاژەڵەکان جیابۆوە. لایەنی سەرەکی جیاوازی نێوان مـرۆڤ و ئـاژەڵ، ئـیرادە، هێـزی بڕیـار وەرگـرتن و لەهـەموویان گـرنگتر هێـزی بیرکردنەوەیـە. ئایـدیۆلۆژیاکان کـە وەك یـەکگرتنی بـیری ڕێکوپێـك دەرکـەوتن و لـەپێناو ئامـانج و ئـاواتی دیاریکراودا پەرەیان سەندووە، لەمیانـەی هـەر گـۆڕانێکی کۆمەڵایەتیـدا لەسـەربنەمای جیا پـێش دەکـەوێ. راسـتیەکی حاشـاهەڵنەگرە کـە هەرچـەندەش شـێوەکانی بیرکرنـەوە و بەرهەمهێنان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، ئەوا ئەو راستیەی کـە ناگۆڕدرێ ئەوەیە کە تاك یان کۆمەڵگاکان ناتوانن بێ ئایدیۆلۆژیا بـن. رۆژهـەڵاتی نـاوینیش هـەر لەسـەرەتای دەرکـەوتنی مرۆڤایەتیـەوە تـاکو رۆژگـاری ئـەمڕۆ بـەردەوام گۆڕەپـانی دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژییە بەشکۆکان بووە. هەرسێ ئاییني گەورە کە مۆری خۆیان لەجیهانی ئـەمڕۆ داوە و هـەروەها ئـاییني زەردەشـت کـە بناخـەی هەرسـێکیان پێکـدێنێ، لـەم خاکانـە دەرکـەوتوون. هـەروەها بەرهـەمهێنان گەشەسـەندنی ئایـدیۆلۆژی شـان بەشـانی لێکـەڕینی ژیـانی پـڕ لەشـانازی، لێـرەدا گەیشـتۆتە لوتکـە. بێگومـان پێویسـتە پەیوەنـدی ئـەم بابەتـە لەگەڵ رۆژگاری ئەمڕۆ پێویستە تێیگەیشترێ، چونکە رۆژانـەبوون دێتـە واتـای مێژوویـەکی سنووردار. شـینەکردنەوە یـاخود هەڵنەسـەنگاندنی مێـژوو، واتـای شـینەکردنەوەی رووداوە رۆژانـــەکانیش دەگەیـــەنێ. لـــەم رووەوە تێگەیشـــتن لـــەوەی کـــە بۆچـــی تـــا ئەوڕادەیـــە ئایدیۆلۆژییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتوون و ئەمڕۆکە بۆچی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەها داماون و کەوتوونە نێـو بـارودۆخێکی بـەم شـێوەیە کـە بـەردەوام دووچـاری شکست دەبن، گرنگە. دەبێ لەهۆکاری دەستپێکردنی مێژووی مرۆڤایـەتی بەخوداوەنـدەکان، لەشوێنی دەستپێکردن بەباوك و خودایان تێبگەین و بتوانین بە رۆژی ئەمڕۆمانـەوە گرێـی بدەین.

سەرۆکایەتی PKK بەپێچەوانەی چەمکی کلاسیکی لە مێژینە، سەردەمی نیۆلۆتیك و خوداوەنـــدەکانی وەك ســـەرەتای مێـــژوو بینیـــوە، بەســـووربوون قۆنـــاخی نیۆلۆتیـــك لێکدەداتەوە، دەیکاتە بابەتی باسی ژن و مرۆڤایەتی بەگشتی. چونکە ناونیشانی سـەرلەنوێ

ژیانــەوە بەتایبــەتی بــۆ ژنــان و گــەلانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت، ســەرلەنوێ گەیشــتن بــە گەوهەری ژیان بەشێوەیەکی پتەوتر، قۆناخی نیۆلۆتیکە.

قۆنـاخی دایکسـالاری سیسـتەمێکە لـە ڕێگـای ئایـدیۆلۆژی لـە تـەوەرەی ژنـدا ژیـانی کردووە. رووخانی ئەم سیستەمەش، لـە ئـەنجامی دەرکـەوتنی سیسـتەمێکی ئایدیۆلۆژیـەکی دیکە ئەنجامگیربوو. لەقۆناخی دایکسالاریدا نەریتی خوداوەنـدەکان هـەبوو کـە ژن بـەهێزی هەست و هزری خۆی ئافراندبووی و هەروەها خاوەنی تایبەتمەنـدی بەرچاوبوو کـە مـۆری خۆی لە ژیان دابوو. هەڵسوکەوتی بەرهەمهێنان بە دوور لە بەرژەوەندی و لێپرسـینەوە لـە گەوهەری ژندا، بوو بـە زەمینـەی بەرهـەم و دابەشـکردنی هاوبـەش لـە تـەواوی کۆمـەڵگادا. نەبوونی بەرژەوەندی و لێپرسینەوە و هەروەها نەبوونی پلە و پایە، یەکسانی و حقوقی بۆ کۆمەڵگا بە دیاری هێنا.

دوای گۆڕانی شێوەکانی بەرهەمهێنان، وێڕای گەیشتنی پیاو بـە تایبەتمەنـدی جیـاواز لە بوارەکانی بەرهەمدا، پێکهاتەیـەکی نـوێ و شـێوەگرتنێکی جیـا پێکهـات. جیـاوازی نێـوان پێکهاتــە ڕۆحــی و تایبەتمەندییــە بەدەســت هاتووەکــان لــە ڕوانگــەی هزرییــەوە، هاوتــەریب لەگــەڵ هەلومــەرجی مــاددی پەرەیســەند. هەســت، هــزر، ڕۆحــی سەردەســتانەی پیــاو لەســەربنەمایەکی جــودا لــە ژنــی خوڵقێنــەری کۆمــەڵگای نیۆلۆتیــك و بەرەبــەرە وەك ئەلتەرناتیفی ئەو سەقامگیر بوو. ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات پێکهاتەیەکی نوێی جودا لـە کۆمــەڵگای دایکســالاری پێکهێنــا. بــەم شــێوەیە سیســتەمێك لەســەر تــەوەرەی ئایــدیۆلۆژی سەردەستانەی پیاو بە ڕێکخستنی خـۆی لـە تـەواوی بوارەکـانی ژیانـدا خوڵقـا. بـە واتایـەکی دیکە پیاو، سیستەمی ئەلتەرناتیفی قۆنـاخی دایکسالاری، سـەرەتا لـە هەسـت، ڕۆح و هـزردا ســەقامگیر کــردووە و دواتــر بــەدەزگای کــردووە. ئەمــەش بەشــێوەیەکی سروشــتی شــەڕی سیســتەم دێنێتــە ئــاراوە. نــامۆبوون بەشــێوەی دوورکــەوتن لــە گەوهــەری مــرۆڤ بــەدیهات، ئەمــەش دەهاتــە واتــای دوورکەوتنــەوەی پیــاو لــە گەوهــەری مرۆڤایــەتی. دەتــوانین بڵــێین؛ یەکەمین سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی سەردەستانەی پیـاو، لـە ڕوانگـەی ئایدیۆلۆژییـەوە لەسەربنەمای دژایەتیکردنی گەوهەری مرۆڤ دەرکەوتووە.

بــەڵام دەســتداگرتن بەســەر ئامرازەکــانی بەرهــەمهێنان لــە دەربــازبوونی قۆنــاخی دایکسالاری بۆ باوکسالاری و ڕەنگدانەوەی مۆری پیاو لەسـەر بەرهـەم، لـە ماوەیـەکی کەمـدا بەدینەهات. تا قۆناخێکی نزیکەی دوو هەزار ساڵ درێژەی هەبوو. بـەڵام ئـەم گواسـتنەوەیە

لە کاتێکدا لەو کۆمەڵگایانەی پشت ئەستوورن بە کشتوکاڵ تایبەتمەندی گۆڕانی پلە بەپلەی هەبوو. لە کۆمەڵگاکانی تر، بە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕی گەشەی سەند. لەکاتێکدا کە گۆڕانی هەلەمەرجی ژیانی ماددی کۆمەڵگای نیۆلۆتیك لەم قۆناخەدا، لە ماوەیەکی کەمتردا پێکهات، گۆڕانی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی واتە کولتووری خوداوەندەکان، نزیکەی دوو هەزار ساڵی خایاند. وێڕای ئەوەی سیستەمی سەردەستی پیاو ئەلتەرناتیف لە ڕەهەندە جوداکاندا خێرا پێشدەخست، نەیتوانی لە ڕەهەندەی ئایدیۆلۆژییەوە ئەمە بەسانایی سەقامگیر بکات. چونکە ئایدیۆلۆژیای خوڵقاوی ژن، ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر ڕیشەیی و پەیوەندیدارە بە گەوهەری مرۆڤ و خاك.

سیستەمی سەردەستانەی پیاو، هەر کە دەستی بە جێگیرکردنی خودا لەڕێی گەمەی میتۆلۆژی ئایینی لە شوێنی خوداوەند کرد، سیستەمی خوداوەند دارووخا. واتە لەدەستدانی ڕاستی خوداوەندێتی لەلایەن ژنەوە، خاڵی سەرەکی هەڵوەشانەوەی بووە. ژن کە ئایدیۆلۆژی خۆی لەدەستدا، بەرەبەرە هەرشتێکی تریشی لەدەستدا.

سیستەمی سەردەستی پیاو، دوای خوڵقاندنی دەستەواژەی خودا ــ شا واتە ئایدیۆلۆژی ئەلتەرناتیف، سیستەمی خۆی سەقامگیر کرد. پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی کە لەقۆناخی دەرەبەگایەتیدا لەسەر کۆمەڵگای چینایەتی زاڵبوو، هەتا دەهات ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتا. لەنێوچوونی هەنگاو بەهەنگاوی کولتووری خوداوەندەکان، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی ئایینی جوولەکە، جێگیرکردنی خودا کە هێمای سیستەمی سەردەستی پیاوە لە شوێنی و پیرۆز کردنی دەستەواژەی خودا، دابڕانی قاڵبێکی پیرۆز بە سیستەمی باوکسالاری و بەگووتەی خۆی "نەمری"کردووە.

بەسەقامگیربوونی ئایدیۆلۆژیای ئایینی تاك ــ خودایی، ئایدیۆلۆژیای پاڵپشت بەتەوەرەی ژن لە هەمیشە زیاتر لەناوچوو. سیستەمیکی وەها هاتبووە سەرکار کە ئەگەر هەمیشە نەبێ، ئەوا هەزاران ساڵ دەخایەنێ. هەر ئەو سیستەمەیە کە ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە. لەڕاستیدا ڕوانین لە سەردەمی گۆڕانی پلە بەپلە کە ئەمڕۆش تێیدا دەژین وەك قۆناخی دەربازبوون و قۆناخی ناوەندی شیاوە. دەربازبوون لە سیستەمی هەنووکەیی بۆ سیستەمیکی ئەلتەرناتیف لەسەربنەمای پێکهاتەی جیاوازی ئایدیۆلۆژی، کارێکی وەها سانا نییە. چونکە خاوەنی پێکهاتە، دامودەزگا و گرنگتر لە وانە زهنیەتی هەزاران ساڵەیە. خوڵقاندنی دیسپلینێکی جیاواز، پێویستی بە قۆناخێکی گواستنەوە هەیە. ئیتر ڕەوتی

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی شێوەی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، پێشکەوتنی کەرەستەکانی بەرهەم و ئاستی رەنگدانەوەی لەژیاندا جودایە. بەم پێیە ئەو هەژموونیانەی سیستەمی دەسەڵاتدار هەیەتی، جیاوازیان هەیە. لەم رووەوە قۆناخی خەباتێکی زۆر دژوار لە پێشمانە. پێویستە ژن لە هەرکەس زیاتر ئەم راستیە هەست پێبکات. پێویستە ژن سەردەمی ئەو قۆناخەی گواستنەوە بەمەبەستی ئافراندنی سیستەمیکی ئەلتەرناتیفەوە، بخاتە خزمەتی پێشخستنی زانستی خۆی.

ئەزموونی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە لەیەکێتی سۆڤیەت روویدا بە بانگەشەی ئەلتەرناتیفی سیستەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری کەوتە گەڕ، بەڵام پەرش و بڵاو بوو. سەرەکیترین هۆکاریش ئەوەبوو کە؛ نەیتوانی لە ئایدیۆلۆژیدا ئەلتەرناتیفی سیستەم دابنێ. بانگەشە و پێداگری هەبوو لەسەر سەقامگیربوونی زهنیەتێکی ئەلتەرناتیف لەبەرامبەر سیستەمی ئیمپریالیستیدا، بەڵام ئەنجامەکەی شکست بوو لەبەرامبەر زهنیەتی سەرمایەداری. واتە لەبەرئەوەی نەیتوانی لە بیر و ئایدیۆلۆژیدا ببێتە ئەلتەرناتیف، زۆر جیاوازیان نەما و لەئاکامدا خۆی رادەستکرد. دوای رووخانی سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراو، ئەو پڕوپاگەندەیەی سیستەمی سەرمایەداری بەڕێوەی دەبرد؛ لەسەربنەمای رووخانی ئایدیۆلۆژی سۆسیالیستی و گەڵاڵەی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی وەکو تاکە ئایدیۆلۆژیای زاڵ و هەمیشەیی بوو. وای بۆ دەچوو کە ئیتر لەدونیادا ئەلتەرناتیفی نییە. ئەم پڕوپاگەندەیەی بەوپەڕی متمانەیی و باوەڕی بەڕێوەدەبرد. چونکە دەیزانی ئەوەی لەهزر و ئایدیۆلۆژیدا شکست بخوات، لە بوارەکانی دیکەشدا تێکدەشکێ و هەوڵدرا کە نەزۆك مانەوە و مەحکومبوونی لێگەڕینی ژیان جگەلە ژیانی ماددی و شکست، لە ئاکامی بۆردوومانی دژواری ئایدیۆلۆژی لەلایەن مرۆڤایەتییەوە دانی پێدابنرێ. ئەو متمانەیەی، شکستی یەکێتی سۆڤیەت، کە یەکەمین ئەزموونی ویژدان، دڵ و هزری مرۆڤایەتی بوو، لەپێناو بەدیهێنانی فۆرماسۆنێکی کۆمەڵایەتی جیاواز کە سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی، لەسیستەمدا پێکیهێنا، تێدەگەیشترێ. چونکە بەم شێوەیە بەتەواوی هاتبووە سەر ئەو باوەڕییەی کە ئیتر مرۆڤەکان لە مێشکی خۆیاندا دەستبەرداری یۆتۆپیای ئافراندنی سیستەم و ژیان دەرەوەی راستی سیستەمی هەنووکەی و پێکهێنانی ئەلتەرناتیف دەبن. بۆئەوەی جارێکیتر ئەم ئەزموونە دووپات نەبێتەوە، پاڵپشت بە هەزاران شێوازی فرت و فێڵ هەوڵدانی خۆیان لەپێناو داگیرکردنی هزر، ویژدان و دڵی مرۆڤەکان پەرەپێدا،

کردەوەیەکی بەم شێوەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی سیستەمی سەرمایەداری یەك دەگرنەوە، چونکە سیستەمی سەرمایەداری لە ئاکامی دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە گەوهەری خۆیان و نزیك کردنەوەیان لەئاژەڵێتی هاتۆتە ئاراوە. بۆیە ئەو زەمینەی بتوانێ پتەوی بکات، تەنیا ئەو زەمینەیە کە تێیدا مرۆڤ خو و خدەی ئاژەڵێتی دەگرێ. کاتێك مرۆڤ چەکی رامان و ئایدیۆلۆژی گرتەدەست، تۆماری سیستەمی سەرمایەداری و لە ئاکامدا سیستەمی باوکسالاری دەپێچرێتەوە کە بالآترین قۆناخی چینایەتییە. سیستەم کە بەگوێرەی ئەزموونی سۆسیالیزمی بونیادنراو ئەم راستیەی شیکردۆتەوە، لەژێر ناوی سیستەمی نوێی جیهانی رێگای توونابوونی یۆتۆپیا و ئایدیۆلۆژی لەنێو مرۆڤەکاندا گرتۆتەبەر و لەپێناوی گەیشتن بەم ئامانجە تێکۆشانی ئەنجامدا. لەبەر ئەم هۆکارەش هەر دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت دەستدرێژی کردە سەر رۆژهەڵاتی ناوین کە لە بەدیهاتنی ئایدیۆلۆژی و مەیلی مرۆڤەکان بۆ سیستەمی تۆکمە لە رێگەی ئایدیۆلۆژیای بەهێز، خاوەن میراتێکی بەشکۆی مێژووییە. ئەمە گرێدراوی رۆڵی پتەو و مێژوویی رۆژهەڵاتی ناوینە. دروستکردنی ئەلتەرناتیف لە هزردا، ئەلتەرناتیفی دەسەڵاتی بەدواوە دەبێ و ئەگەر بخوازرێ ئەلتەرناتیفی هزر لەنێو ببردرێ، پێویستە سەرەتا لەدژی ئەو خاکە شەڕ بکرێ کە زێدی ئایدیۆلۆژی و خەیاڵە. بەم شێوەیە هزر و یۆتۆپیا سەرکووت دەکرێ تاکو سیستەمی هەنووکەیی بتوانێ مانەوە و تێکنەشکانی خۆی رابگەیەنێ. بەڵام سیستەمی نوێ جیهانی لەماوەی ئەم دەساڵەدا نەیتوانی لە هیچ بوارێك بەتەواوی مانا خۆی سەقامگیر بکات. لەوانەیە توانیبێتی گۆڕانکاری بچووك لە هەندێك هەرێم بەدیبهێنێ و تا رادەیەك بەگوێرەی ویستی خۆی ئاراستەی کردبن، یاخود لەبەرئەوەی بەتەواوی لە گەوهەری خۆیان دووربخاتەوە، لە بارودۆخی مەترسیدار، دەریهێنابن. بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیتوانی ئەمە لە رۆژهەڵاتی ناویندا بگەیەنێتە سەرکەوتن. چونکە لە رۆژهەڵاتی ناویندا هێزێکی جیاواز هەیە کە لە جوگرافیا و خاك و مێژووی سەرچاوە دەگرێ. بەڵام نابێ تەنیا لایەنی ماددی واتە خاك لەبەرچاو بگرین. بەڵکو پێویستە لایەنە مێژووییەکەشی ببینین. ئەو هێزە چییە؟ ئەم هێزە گەوهەرێکی ئایدیۆلۆژییە کە لە بەرەبەیانی مێژوو، سەرەتای بە کۆمەڵبوون لە رۆژهەڵاتی ناوین و زۆر "یەکەمین"ی سەبارەت بەزانست و تەکنیکی هاوچەرخ ئافراندووە و رۆڵی پێشەنگایەتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بینیوە. ئەمەش راستیەکی پاڵپشت بە قۆناخی نیۆلۆتیکە و کۆکی قایمی مێژوویی هەیە.

رۆژهەڵاتی ناوین شۆڕشی نیۆلۆتیکی گەیاندۆتە سەرکەوتن، هەزاران ساڵ هـزر و سیستـەمی لەسەر تەوەرەی ژن بـووە. هەرچـەنده ئـەم راسـتیە لاوازیـش کرابـێ، هێشتا لـە رۆژهـەڵاتی ناوینـدا شـاراوەیە. سەرچـاوەی هێـزی PKK و بزاڤێکـی بـەهێزی ژنـی ئـازاد لـە بۆتـەی PKKەشـدا، هـەر ئـەو گەوهـەره شاراوه و بەهێزەیـە. سـەرۆکایەتی PKK ئـەم گەوهـەره مێژووییەی دۆزیوەتەوه و لەسەر ئەم بنەمایەش بزاڤی نەتـەوەیی و دیموکراتییانـەی گـەلی کوردی پێشخستووه. هۆکاری سەرەکی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی کە لە کەسایەتی سەرۆکایەتی PKKدا دژی گەلی کورد و رۆژهەڵاتی ناوین پەیڕەوکرا هـەر ئەمـە بـوو. دیـاره سیستـەمی ئیمپریالیزم توانای پەسندکردنی هەڕەشەی سیستەمی بەهێزی ئافراندنی مرۆڤ، کۆمەڵگا و ژیـانی ئەلتـەرناتیفی سیستـەم، لەلایـەن بـزاڤ کـە هێشـتاش لەسـەر ئـەم خاکـە ماوەتـەوه و بانگەشەی ئافراندنی ئازادی بـۆ مرۆڤایـەتی وەك سـەرەتای مێـژوو پاراسـتووه و لەپێناویـدا بەشـەرەف شـەڕی کـردووه، نـەبوو. بەتایبـەت هێـرش بـۆ سـەر سـەرۆکایەتی PKK کـە ناوەنـدێکی ئایـدیۆلۆژی بـوو و بـەردەوام خـەریکی ئافرانـدنی ئـەو ئایدیۆلۆژییـە بـوو کـە بتوانێ ببێتە ئەلتەرناتیفی سیستەم، لەسەرەتای ساڵی 1996 پەرەیسەند. چونکە هەمیشە لەناخی خۆیـدا، وەك رۆژهـەڵاتی نـاوین وزەی شـاراوەی ئەلتـەرناتیفی بـۆ سیستـەم هـەبوو. بوونـە ئەلتـەرناتیف، سـەرەتا لـە بـوون بـە ئەلتـەرناتیف لـە ئایدیۆلۆژیـدا دەکـرێ. ئەگـەر بتـوانرێ لـە هـزر و ئایـدیۆلۆژیادا ئەلتـەرناتیف دروسـت بـێ، لەوانەیـە بەسـاڵان لـەنێو سیستەمدا بـێ هێـز بمێنێتـەوه، وەلـێ وەك گەوهـەری لـەخۆگری هەڵوەشـانەوه و رووخـانی سیسـتەم، مانــەوەی لەسەداســەدە. توانــەوه یــاخود هاوتــابوون لــە روانگــەی هــزری یــان پەسندکردنی هەرشتێك بەو جۆرەی کە هەیە، دێتە واتای کۆتایی ئەو بزاڤـە و سیستـەمێك کە لە بارودۆخێکی وەها دابێ مەترسیدار نییە.

سەدەی بیستەم بـە شۆڕشـی گـەوره دەسـتیپێکرد و گـەواهی پێشکەوتنی شۆڕشـگێڕی بووه کە مۆری خۆیان لێداوه. لە سەرەتای کەوتنە نێو سەدەی بیست و یەکەم، ئیمپریـالیزم بۆ راگەیاندنی سەرکەوتنی خـۆی، شۆڕشـی کوردسـتانی وەك دوایـین شـۆڕش جیهـان نـاوزەد کرد و سەرۆکایەتی PKKەشی وەك دوایین شۆرشگێر کرده ئامـانج. لەکاتێکدا پیلانگێـڕی نێودەوڵـەتی لەسـەربنەمای لـەنێوبردنی دوایـین ناوەنـدی شۆڕشـگێڕی ئامادەکـاری دەکـرد، سەرۆکایەتیش لەو هەڵسەنگاندنانەی کە ئەوکات پێشکەشی دەکـردن؛ لـە سـەرەتای کەوتنـە نێو سەدەی بیست و یەکەم، بانگەشەی خۆڕاگری شۆڕشـی کوردسـتان و رووبـەڕوو نەبوونـە

لەگەڵ ئەم سەدەیە، بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی خستۆتە روو. ئایدیۆلۆژی رزگاری ژن، کە لە 8ی مارتی 1998 لەلایەن سەرۆکایەتی PKKوە لەسەر ئەم بنەمایە راگەیەنرا. سەرۆکایەتی PKK بەرێنمایی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، چوارچێوەیەکی نوێی بە سۆسیالیزم داوەتە قازانج کردن، کە لەکەسایەتی پیاودا ئایدیۆلۆژیای سیستەمی چینی باوکسالاری ــ سەرمایەداری، ئیمپریالیست ــ ی بەتەواوی مەحکوم کردووە و هەموو رەنگێکی مەیدان خوێندن و هەروەها بە بەسەرداچوونی شێوازی سەردەستی، مژۆکداری، نایەکسانی، بێ دادوەری، کە گەوهەرێکی ئایدیۆلۆژییە، هیچ سەرۆکێکی سۆسیالیستی خۆی پێ نەگەیاندووە. ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، کە بریتیە لە چارەسەرکردنی قووڵترین ناکۆکییەکانی چینایەتی کۆمەڵگا واتە کێشەی رەگەزی، لە هەمانکاتدا گەوهەری سەرەکی ئایدیۆلۆژیای PKKیە. باڵاترین پلەی دەزگای باوکسالاری، واتە ئیمپریالیزم، مەترسی ئەو دەربڕینانەی لە هەرکەس زیاتر لەسەر سیستەم بینیوە. ئەم بابەتەی باش هەڵسەنگاندووە کە، PKK تەنیا بزاڤێکی رزگاری نەتەوەیی نییە، بەڵکو بەرهەمهێنەرترین نوێنەری ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم و هەروەها هێزێکی خاوەن بانگەشەی گەورەیە لەپێناو بووژانەوەیدا. هەڵسوکەوتی سەرۆکایەتی PKK لەسەر بنەمای تێڕوانین لە کێشەی ئازادی ژن وەکو پرسی رزگاری مرۆڤایەتی، بڕوپاگەندەکانی ئیمپریالیزمی مایەپووچ کردۆتەوە کە بەگوێرەی هەڵوەشاندنەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لەسەر بناخەی تێگەیشتنی یۆتۆپیای سۆسیالستی، دامرکانەوەی لێگەڕین و ژیانی ئەلتەرناتیف لە مرۆڤەکاندا بەرێوەی دەبرد. لایەنی سەرەکی لە دیالەکتیکی پێشکەوتنی شۆڕشەکاندا؛ هێزی ناکۆکییە. ناکۆکی رەگەزی لەنێو PKKدا وەها گوڕ و گەشە کە تەنیا بە PKK سنووردار نەماوەتەوە، لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەی بەخەباتی کۆمەڵایەتیش داوە و رەهەندەکانی شۆڕشی دیموکراسییانەی فراوانتر کردووە. ئەم بارودۆخە نەک تەنیا لەسەر تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوین، بەڵکو کاریگەری لەسەر تەواوی جیهان دادەنێ. دیاردەی هەرە سەرەکی کە بووە هۆکاری هەڵچوونی سیستەمی ئیمپریالیزم و هاندانی بۆ دارشتنی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی، لە راستیدا هەر ئەمە بوو کە ئاماژەمان پێکرد. لەم روانگەیەوە راگەیاندنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن لەلایەن سەرۆکایەتی PKK، تەنیا هەڵمەتێك نییە لەپێناو خەباتی ژناندا. هاوکات دێتە واتای نەزۆك هێشتنەوەی قۆناخی سەرەتایی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژی سەرۆکایەتی PKK ــ کە سووربوونی لەسەر

خەباتی ژیانی ئازاد و ئەلتەرناتیف لە هەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناویندا بەتێکشکانی رێبازی بەکرێگیراو و چەتە لەنێوخۆی پارتیدا، هێنابووە ئاراوە ــ و هەروەها دژی گەلی کورد و رۆژهەڵاتی ناوین بە سوودوەرگرتن لە دژە هێرشێك لەژێر ناوی گەلان و لە کارکەتووترین چەکەکانیان، پەیڕەوکرا. پێش ئەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی پیاو لەبەرامبەر تێکۆشانی ئازادی دەست بەهێرش بکات، سەرۆکایەتی PKK لەسەر ناوی گەلان و ژنان و رۆژهەڵاتی ناوین ئەو هەڵمەتە ئازادییەی کە ئەنجامیدا، بریتیە لەچوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی. هەنگاوێك نییە کە تەنیا پەیوەندی بەژنانەوە هەبێ، ئاستێکی وەهای قووڵ و گەشەسەندن لە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم بۆ یەکەمین جار لەمێژووی جیهاندا پێکدێت. راگەیاندنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، لەلایەن سەرۆکایەتی PKKوە پێشخستنی هێرشێکە لەدژی سیستەم لەرێگەی گرتنە دەستی ناکۆکی هەرە شاراوە و لەمێژینەی کە مرۆڤایەتی تیایدا دەژیت و رێی چارەسەری دەوروژێنێ. *لەم واتایەدا، ئایدیۆلۆژیایەکی بەرتەسکی رەگەزی نییە کە پەیوەندیداربێ بە رەگەزێکەوە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتییە.* ئەگەر بزاڤی سۆسالیستی خاوەن بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی بێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەوا ناچارە ئەم بانگەشەیەی خۆی پاڵپشت بە ئایدیۆلۆژیایەك لەسەر تەوەرەی ژن بئافرێنێ. چونکە رێگەچارەی سەرجەم کێشەکان لە پەرەسەندنی تەبایی و دیموکراسییەوە بگرە تاوەکو چارەسەری تەواوی کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤایەتی رووبەڕووی بۆتەوە، پەیوەستە بەم ئایدیۆلۆژیایەوە. لە بنەڕەتدا، ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن لەم روانگەیەوە، ئایدیۆلۆژیای رزگاری مرۆڤایەتییە. هەر ئایدیۆلۆژییەك بەگوێرەی ئاستی بەرفراوانبوون و قووڵبوونی، لەرێکخستندا رەنگ دەداتەوە. ئەمە دێتە واتای ئەوەی کە قەڵەمبازی ئایدیۆلۆژی لە هەمانکاتدا نەشونومای رێکخستنە، نەشونومای رێکخستنیش نەش و نومای هەوڵدانی کرداری و لە ئاکامدا تێکۆشانە. ئەگەر ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، وەك هۆکاری گەشەسەندن و رەهەندی قووڵی ئایدیۆلۆژی PKK هەڵبسەنگێنرێ، دەردەکەوێ کە واتای گەشەسەندنی رێکخستن و کرداریش لەخۆوە دەگرێ. لێرەدایە کە؛ نرخاندنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن وەك تەنیا ئایدیۆلۆژیای رەگەزێك، ناتەواو و بەرتەسك دەمێنێتەوە. ئەمە هەڵسوکەوتێکە کە لەسەربنەمای تێڕوانینی چەوتی "تەنیا چینەکان دەتوانن ئایدیۆلۆژییان هەبێ، ئایدیۆلۆژیای رەگەزی نابێ" دەردەکەوێتە روو. بە سەرنجدان بەو راستیەی کە چەوسانەوە بۆ یەکەم جار لەسەر ژنان پەیڕەوکراو و

بەرەبەرە بۆتە چەوسانەوەیەکی چینایەتی، ژنی خاوەن ئایدیۆلۆژی وەك یەکەمین نەتەوە، چین، رەگەزی سەرکوتکراو، بابەتێکی ئاسایی و پێویستە. تەنانەت ئەگەر هزری ئەم ئایدیۆلۆژییە لە ئاستێکی سەرەتایشدا بێ بەژن دەستپێکردووە و لەم هزر ـ ئایدیۆلۆژییەدا جێگای نایەکسانی و چەوسانەوە نییە. ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەکی وەها رۆژانە بکرێ، زۆر کێشەی سەرەکی چارەسەر دەکات. *بە پەسندکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی وەها، ئایدیۆلۆژیایەك کە لەسەر تەوەرەی پیاو لە کۆمەلگای چینایەتی و لەسەردەمی چەق بەستبوونی ژیان لەسەر تەوەرەی ژن تاکو ئەمرۆ دەرکەوتووە، رەتدەکرێتەوە. ئەو دامودەزگایانەی لەسەربنەمای ئایدیۆلۆژی پیاو شێوەیان گرتووە، ناچار رەتدەکرێتەوە. ئەو دەزگایانەی کە لە سەرووی هەموویان دێن؛ دەزگای بنەماڵە، سوپا و دەوڵەتن.* ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، رەخنەی راستی کۆمەلگای چینایەتی لە بناخەوە لەخۆوە دەگرێ و پشت ئەستوورە بە رەخنەگرتن لە تەواوی ئەو دیاردانەی دەبنە هۆی شکستی مرۆڤایەتی. سەرەتای نامۆبوون لە مرۆڤدا، دەگەرێتەوە بۆ دەرکەوتنی کۆمەلگای چینایەتی. بێ هێزی سیستەمی هەنووکەیی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا پەیوەندیەکی نەپچڕاوەی بەم راستیەوە هەیە. لەم رووەوە هەرگیز فەرامۆش نەکردنی رۆحی کۆمەلگای کۆموٚنی سەرەتایی ــ واتە چاخی بەردینی نوێ ــ و بەردەوام بووژانەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی PKK، واتادارە. چونکە ئەمە نیشانەی تەسلیم نەبوونە بەشارستانیەت لەهیچ وەختێکدا. بەردەوام واتای ئەو شتانەی پەیوەندییان بە گەوهەری مرۆڤایەتیەوە هەیە، لە سەرەتاکاندا دۆزیوەتەوە. لەبەر هۆکاری نزیککردنەوەی مرۆڤ بۆ گەوهەری سەرەتای نیشتەجێبوونی کۆمەلگای بەبنەما گرتووە، بۆیە پێداویستی سەرەکی؛ بێگومان رامانی چاخی بەردینی نوێیە. واتا ئایدیۆلۆژیایەك لەسەر تەوەرەی ژن. لەم دیدەوە، ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، ئایدیۆلۆژیای پێشخستنی رۆژهەلاتی ناوین و نوێکردنەوەی زۆر شوێنەواری سەرەتای مێژوو و هەڵسەنگاندنی کولتووری سەردەمی نیۆلۆتیکە لەگەڵ رۆژی ئەمرۆ. ئەمە دێتە واتای ئەوەی هەرچەندە ئەوکات لە ئاستێکی سەرەتاییشدا بێ ـ *رۆژانە کردنی هزر لەسەر تەوەرەی ژن لەو سەردەمەدا کە مرۆڤایەتی ئافراندووە، کۆمەلگای بەدیهێناوە و لە گەوهەری خۆیدا رێگانادات بە چەوسانەوە، نایەکسانی، بەرژەوەندی خۆپەرستی و شەڕ، مەبەستی ئافراندنی چارەسەرییە وەك سەرەتای مێژوو بۆ ئەو گیرگرفتانەی ئەمرۆ دەستە و دامێنی مرۆڤایەتی بوون.*

ئایدیۆلۆژیایەکە کە بانگەشەی ئەوە دەکات بەمەبەستی بەدیهاتنی رزگاری لەلایەن مرۆڤایەتیەوە، رووی لە چاخی بەردینی نوێیە، ئەو یەکەمین سیستەمە کۆمەڵایەتیەی هەرچەندە سەرەتایی بوو، بەڵام دوور بوو لە چەوسانەوە و نایەکسانی. لەلایەکی دیکەوە پێداگری لەسەر مرۆڤی راستەقینە دەکات کە مۆری خۆی لە رزگاری مرۆڤایەتی بدات. لەم روانگەیەوە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، دەمانگەیەنێتە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی لەسەر تەوەرەی ژن و لێکدانەوی زانستی مێژووی کۆمەڵگاکان. ئەزموونەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی رابردوو و هەلومەرجی بەرچاوی سەدەی بیست و یەکەم، گرنگی ئەم ئایدیۆلۆژیەیان لەمەڕ رزگاری مرۆڤایەتی ئاشکرا کردووە.

ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن کە لەلایەن سەرۆکایەتی PKKەوە فۆرمیلە کراوە، لەسەر بناخەی رەخنەگرتن لە بۆچوونی سۆسیالیزمی بونیادنراو سەرچاوەگرتوو لەهەلومەرجی داسەپاوی ئەمڕۆ لە لیبڕاڵی سەرمایەداری سەبارەت بەژن، ئایدیۆلۆژییەك نییە کە هەڵسوکەوتێکی فێمێنیستی، واتە تەنیا رزگاری ژن بەبنەما بگرێ. خاوەن تێڕوانینێکی وەهایە کە رێنمایی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان لە شەڕ بگرە تا بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی لەسەربنەمای ئازادی، لە ناکۆکی چینایەتیەوە بگرە تا ناکۆکی مرۆڤ ـ سروشت، ناکۆکی بەرهەم ـ سروشت و ناکۆکی نێوان دوو رەگەز دەکاتە ئامانج.

ئەو ئایدیۆلۆژییانەی تا رۆژگاری ئەمڕۆمان لەسەر مرۆڤایەتی زاڵبوون، هەموویان مۆر و دەسەڵاتی پیاویان بەسەرەوە بووە و پیاو تێیدا زۆرینە بوون. بێگومان ئەو ئایدیۆلۆژییانە چینایەتی بوون و هەروەها لایەنی داگیرکەری ئیمپریالیزمیان هەبووە. بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لایەنی دەسەڵاتی پیاویشیان تێدا بەرجەستە بووە. نزیکایەتی دەسەڵاتی سەردەستانەی پیاو زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، سەدان ساڵە، ئەمەی حەشارداوە. بۆیە پێداویستی ئافراندنی ئایدیۆلۆژیایەکی ئەلتەرناتیف لەسەر تەوەرەی ژن و رێکخستنی لە پێناو خەباتدا، بۆ مرۆڤایەتیش گرنگە.

ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، ئایدیۆلۆژیایەکی پەیڕەوکردنی گوشار نییە. ئایدیۆلۆژی یەکەمین قۆناخی رێکخستنی کۆمەڵایەتییە پاڵپشت بەتەوەرەی ژن. یەکەمین خودای ئەم قۆناخە لەڕاستیدا خوداوەندەیە. خودایانی پیاو دواتر دەرکەوتوون، یان باشتر بڵێین دواتر خۆیان بەشێوەی خودا دەرخستووە و لەوکات بەدوا تەواوی هەڵسوکەوت و ئایدیۆلۆژییەکان و هەروەها گشت رێکخستنە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی،

کولتــووری، ســەربازیەکان بەوانــەوە پشــت ئەســتووربوو، باوکســالارانەبوون و فشــار، چەوسانەوە، دامەزرانـدنی چین و شـەڕیان لـە بۆتـەی خۆیانـدا بەناوەنـدێکی پیـاو پـەیڕەو کردووە. ئەمەش لەگەڵ خۆیـدا داڕووخـانی رەگـەزی ژنـی پێشخستووە. هەرچی تێکشکانی رەگـەزی ژنیشـە، دێتـە واتـای رووخـانی ژیـان. بـەدوای رووخـانی ژیـان، کۆیلایـەتی رەگـەز، تەواوی کۆمەڵگای کۆیلەکردووە و بەگشتی تەواوی کۆمەڵگا خەسارەتی بینیوە. بەم شێوەیە تـاوەکو رۆژی ئـەمڕۆ بەتـەواوی رێگـە لەبـەردەم شـەڕی دژوار کراوەتـەوە. هـەر لەبـەر ئـەم هۆکـارە، ئایـدیۆلۆژیای رزگـاری لەســەر تـەوەرەی ژن، تـەواوی رێکخسـتنەکانی سیسـتەمی باوکسالاری بەتووندی رەخنە دەکات و تەنیا بە رەخنەش ناراوەستێ، خـەباتی وەرچـەخانی پلە بەپلـە ئـەوان لەسـەر تـەوەرەی ژن بەبنـەمادەگرێ. چـونکە دڵنیایـە بـەهیچ شـێوەیەکی دیکە، شەڕەکان کۆتاییان نایە و ئاشتی لە جیهانیش بەرقەرار نابێ.

ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە وەك دەزگاکـانی میلیتاریسـتی لـە دەزگـای بنەماڵـەی روانیـوە، کـە تێیدا دەسەڵاتی پیاو، لە سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی باوکسالاری، لە بـاڵاترین ئاسـتدایە، واتــە بنەماڵــەش دەزگایەکــە لــە ژێــر دەســەڵاتی پیاودایــە. سیاچــاڵێکی قووڵــە کــە بەمەترسیدارترین شـێوە ژن و پیـاو راکێش دەکات. ژن و پیـاو ئـەمڕۆ نـازانن چـەندە لـەو سیاچـاڵە کـەوتوون و تـا چ ئاسـت نـوقمی جـەهل و نـەزانی بـوون. لەلایـەکی دیکـەوە زەمینەیەکە کـە تـەواوی سیسـتەمە ئیمپریالیسـتی ـ داگیرکەرییـەکان تێیـدا پـەریان بـەخۆ داوە. ئەمڕۆکە لەبۆتـەی بنەماڵـەدا هـەبوونی دیکتـاتۆری و مۆڵکیـەت بابـەتی باسـە. ژن لـە هەرچەشنە مافێك بێ بەری کراوە و رووبەڕووی ئێش و ئازار بۆتەوە، تادواڕادە بەچـاوێکی سووك لێی روانراوە. پێش هەرشتێك لە روانگـەی جەسـتەییەوە، بـەرەو توونـابوون دەچـێ. لەبـەر ئـەم هۆکـارە سـۆزەکی لـە ژنـدا پـێش دەکـەوێت و لـە داواکارییـەکی جـدی بـێ بـەش دەمێنێتەوە. ئەم بارودۆخە ژنی کردۆتە بوونەوەرێك کە تەنیا بەهەست و غەریزەی خـۆی زیندووە. گەورەترین بێ رێزی و هێرش دژی مافەکانی مرۆڤ لەنێو ئەو دەزگایە پێکهاتووە. بۆیــە ئایـدیۆلۆژیای پشـت ئەسـتوور بـە تـەوەرەی ژن، بنەماڵـەی خنکێنـەری هەنووکـەیی رەتدەکاتەوە، چەشـنێك لـە بنەماڵـەی نـوێی دیموکراتییانـە دەکاتـە ئامـانج کـە ژن و پیـاوی ئازاد و یەکسان لەخۆوە بگرێ.

ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، خاوەن نزیکایەتیەکی وەها نییە کە تـەنیا رزگـاری رەگـەزێك، واتـە رەگـەزی ژن بەبنــەما بگـرێ. ئایدیۆلۆژیایــەکی کۆمەڵایەتیــە کــە

خوازیـاری رزگـاری تـەواوی توێـژەکانی کۆمەڵگایـە، کـە سیسـتـەمی کۆمـەڵگای چـینایەتی باوکسـالاری بەچـەکی "پیـاوێتی" زەبـری لێـداون، مـەیلی هـەردوو رەگـەزی ژن و پیـاو بـۆ گەوهەری قۆناخی سەرەتایی بە کۆمەڵبوونی مرۆڤایـەتی، وێـڕای بینـینی خەسارەتی چوار هــەزار ســاڵە کــە لــۆژیکی موڵکییــەتی تایبــەتی باوکســالاری لــە کەسـایەتی ژن و پیــاودا پێکیهێنـاوە و هـەروەها گـۆڕینی کرۆکـی ئـەم کاریگەرییـە نێگەتیفانـە، کـە دژی سروشــتی سەرەتایی مرۆڤە، دەکاتە ئامانج. بەبێ پێشخستنی تێکۆشان گەڕانەوە بۆ گەوهەری رەسەن، نـاتوانرێ ژنـی ئـازاد، پیـاوی ئـازاد، پەیوەنـدی ئـازاد بنەماڵـەی دیمـوکرات، یەکسـانیخواز و هەروەها کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکرات بخوڵقێنرێ. ئەمە دێتە ئەو واتایەی کە پـەروەردە، وەرچەخان و ئافراندنی جۆرێك مرۆڤ کە بتـوانێ بـەئازادی بـیر بکاتـەوە بـەئازادی ئـیرادەی خۆی بخاتە روو، بە پێشەنگایەتی ژن بـۆ کۆمەڵگایـەکی ئـازاد، بەبنـەما دەگـیرێ. بـەڵام بـەر لەم کارە پێویستە رەگەزی ژنیش سروشتی خۆی بناسـێ، گەوهـەری مرۆیـی خـۆی بەدەست بینێ و لەسـەر ئـەم بنەمایـە بەشـێوەیەکی چالاکانە بەشـداری جووڵانـەوە بەشـداری ژیـانی کۆمەڵایـەتی بێـت. بـەم شـێوەیە ژنـی تێکشـکاو لەمێـژوودا، خـۆی دەبوژێنێتـەوە. لەرێگـەی ئیرادەوە بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ و دەبێتە خاوەنی هێزی بڕیار وەرگرتن. لەسـەر ئەم بناخەیە دەتوانرێ زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی وەها بـەدی بهێنـرێ کـە متمانـە بـەهزری ژن بکات و رێز لە ئیرادەی بگرێ.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئایدیۆلۆژیای رزگاری لە تەوەرەی ژندا، کە سەرۆکایەتی PKK، دوای لێکدانەوەی قووڵی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی، کردوویەتیە موڵکی بنەماڵەی مرۆڤایـەتی، لە پێنج پرەنسیپی سەرەکی پێکدێت. نـاوەرۆکی ئـەم پەرنسیپانە کـە لەگـەڵ ئـەو رێبـازە سـەرەکیانەی بـۆ YAJK دیـاریکراون، یـەك دەگرێتـەوە، خـۆی گەیاندۆتـە سیسـتەمیکی ئایدیۆلۆژی بەهێزتر.

لێرەدایـە، ئایـدۆلۆژیای رزگـاری ژن، رێبـازی وڵاتپـارێزی وەك پرەنسـیپی سـەرەکی پەسـند کـردووە. واتـە رێبـازی پابەنـدی بـە خـاکی زێـدی خۆتـدا، یەکـەمین پرەنسـیپی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنە. هیچ سیستەمێکی هـزری و ئایـدۆلۆژی دابـڕاو لـە رەگ و ریشـەی خۆی ناتوانێ هەبوونی خۆی بپارێزێ. هزرێکی دابـڕاو لـە گەوهـەری خـۆیی، چ لەخزمـەتی سیسـتەم یـاخود چـینێکدا بێـت، نـاتوانێ بگاتـە ئامـانج. تێرکردنـی هزرێـك بـە گەوهـەری خۆیی؛ پابەندی بە خاك و دۆزینەوەی لە گەوهەری وڵاتپارێزیدا، خاوەن گرنگیە.

دووەمین ڕێبازی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، ڕێبازی پێشخستنی ئیرادە و هزری ئازادە. چونکە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگای چینایەتی ئیرادەی هەردوو ڕەگەز تێکشکاوە. مرۆڤەکان لەسەربنەمای سەربازی لە روانگەی هزریەوە سنووردار کراون، لە هێزی سەربەخۆی بیرکردنەوە دوور خراونەتەوە. گۆڕینی ئەم دیاردە مێژووییە سەرەتا لە ژن و هێدی هێدی لە کۆمەڵگادا، لەڕێی دووەمین پرەنسیپی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن بەدی دێ. ئافراندنی کۆمەڵگای ئازادی خاوەن هێز ـ کاریگەری دیاریکردنی چارەنووسی خۆییە لە کەسایەتی ژندا کە بتوانێ ئازاد و سەربەخۆ بیر بکاتەوە، بەرهەمهێنەر بێ و بەئیرادەی ئازادی خۆی بڕیار وەربگرێ.

سێیەمین پرەنسیپ؛ ڕێبازی خۆ ڕێکخستن کردنی ژنە لەسەربنەمای هزر و ئیرادەی ئازاد. ژن، لە روانگەی ئیرادەییەوە زەبری وێکەوتووە و لە هزر دوور خراوەتەوە. ژنان و گەلان، بەدرێژایی ڕەوتی قۆناخە مێژووییەکان، سەرەتا کەوتوونە ژێر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی. لەگەڵ تەشەنەسەندنی ئەم ئایدیۆلۆژیە، ژن سیستەمی هەزاران ساڵەی پاڵپشت بە تەوەرەی ژن و دامودەزگای تایبەتی لەدەست داوە و مەحکومی بێ ڕێکخستنی و پەرتەوازەیی کراوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای دایکسالاریدا، خاوەنی سیستەمیکی یەکسان، دادپەروەر و ئازاد بوو لەسەربنەمای هێزی خۆیی ژن. سەرچاوەی هێزی ئەم سیستەمە، ڕەوتی کۆمەڵایەتی بوونێکی تۆکمە بوو بە پێشەنگایەتی ژنان. بە واتایەکیتر لە ڕێکخستنی وان سەرچاوەی دەگرت. بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێکخستن و دامودەزگایانە مێژووی شکستی ژن، گەلان و مرۆڤایەتی بەگشتی دەستیپێکرد. لە ڕاستی ئەم شکانەدا، ئافراندنی سەرلەنوێی ئاستێکی پتەو لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە کەسایەتی ژناندا، وەك دەستپێکی مێژوو وایە بۆ کۆمەڵگا. لەم ڕووەوە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، ژیانێکی نوێ، دابەشکردن و ڕێکخستنی لەسەربنەمای ئازاد بە پێویست دەبینێ. *مرۆڤی بێ ڕێکخستن، هیچ نییە.* چونکە دەربازبوون لە سروشتی ئاژەڵێتی بۆ مرۆڤ لە ئەنجامی ڕێکخستن و هەوڵدانی ڕێکخستنی بەدیهاتووە و یەکەمین ڕێکخستن لەلایەن ژنیشەوە، لەسەربنەمای کرداری دایکانە و پێویستی بەخێوکردنی ئەو منداڵانەی هێناویەتیە دونیا، دەستیپێکردووە. بەم پێیە ئەو هێزەی کە پێویستە لە هەموو لایەك زیاتر ڕێکخستن بە بنەما بگرێ، هێزی ژنە. پیاو دەتوانێ بێ ڕێکخستن بێ، بە واتایەکی دیکە ڕێکخستنی پیاو لە چوارچێوەی چەمکی دەسەڵاتی خۆیدا زۆر بەدی دەکرێ. لەبەرامبەر ئەمە، ژن کە

لەهەموو لایەك زیاتر پێویستی بە رێکخستن هەیە، پێویستە رێکخستنی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ، دامودەزگا پەرە پێبدات و سیمای لە تەواوی بوارەکاندا رەنگ بداتەوە.

چوارەمین پرەنسیپ؛ رێبازی دابەشکردنی هاوبەشی ژیانە لەسەربنەمای ئیرادەی ئازاد و لە ئەنجامی پەرەسەندنی خەبات. ئەم پەرنسیپە نیشانمان دەدات کە مانەوەی ئەو سێ رێبازەی ئاماژەمان پێکرد و لە ئاکامدا خوڵقاندنی ژنی ئازاد ــ کۆمەڵگای ئازاد لە ئاکامی خەبات و دابەشکردن لەم پیناوەدا مەیسەرە. پێویستە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، شان بەشانی ئەم رێکخستنە هەموو بوارەکانی ژیان بکاتە گۆڕەپانی خەبات. چونکە ناسنامەی ژن، لەبەر هۆکاری نەبوونی خەبات لەنێو چوار دیواردا قەتیس ماوە. ئەرك و باری ماڵ و ئاشپەزخانەی پێ سپێردراوە و مەحکومی بەڕێوەبردنی کاری بچووك کراوە. واتە ئەرکی بێهوودە بەسەر کەسایەتیدا سەپاوە. بۆیە پێویستە پەیوەندیدار بە تەواوی بوارەکانەوە لە بوونیادی ئایدیۆلۆژی ــ سیاسیەوە بگرە تاوەکو رێکخستن، کولتوور و بە کورتی لەهەر بوارێکدا کە هێز وەربگرێ، شان بداتە خەبات و تێکۆشان. پێویستە لە بۆتەی خەباتێکی بەردەوامدا، لە شوێنی ئەوەی لەسەرتاسەری ژیانیدا خەریکی بەخێوکردنی منداڵ و کاری نێوماڵ بێت. لەپێناو بەشداربوونێکی بەکاریگەر لەتەواوی بوارەکانی ژیاندا، وەك ئاواکردنی رێکخستن، سیاسەت، هونەر، زانست و...هتد ئامادە بێت. واتا ئایدیۆلۆژیای رزگاربوون ژن بۆ رزگاری لە باوردۆخی لاوازی، نایەکسانی، مرۆڤی چینی دوو، کەسیستەمی دەسەڵاتدار بەسەر ژندا سەپاندوویەتی، ژیان دەکاتە زەمینەیەکی خەبات لەبەردەم ژنان. چونکە رێگای رزگاری مرۆڤ تێکۆشانێکی وەها بەردەوام و چالاکدا دەربازدەبێ.

لەکاتێکدا کە چوار پرەنسیپی ئاماژەپێکراو، شەڕ لەگەڵ مەترسیدارترین دیاردەکانی سەپێنراو بەسەر ژن، کۆمەڵگا، مرۆڤایەتی و وەرچەرخانیان لەسەربنەمای خەبات دەکاتە ئامانج؛ پرەنسیپی پێنجەم، سەرلەنوێ ئافراندن و جوانکاری پێشکەوتنە بەدیهاتووەکان، لەسەربنەمای چەمك ــ پێوانە و شێوازی نوێ بەئامانج دەگرێ. واتە نیشاندەری شتی تازەیە لە جێی شتی کۆن و رزیو لەسەربنەمای پێوانەی جوانی لەتاك، کۆمەڵ و سەرجەم بوارەکانی ژیان. وەك چۆن دوورخستنەوەی ژن لە ژیان. زۆر بواری بەرهەمهێنانی ژیانی بەرتەسك کردووە و لە ئاکامدا وابەستەی کردووە، بۆ خۆشی، جیهانێکی پاڵپشت بەهزری پاشکەوتووی بەرتەسك، بێ رەنگ و دوور لەژیانی خوڵقاندووە و ژیانی تاکە کەس، چ ژن چ پیاو لە جیهانێکی وەهادا، وەك چارەنووسێکی سەپێنراو وایە. ئەم گوشار و فشار و زۆریە،

بەرەبەرە کەسایەتی ژن و پیاوی لەخۆ و لە یەکتری نامۆ کردووە، بەرەو خیانـەتی بـردوون و لە گەوهەری خۆی دووریخستوونەتەوە، ئەم بارودۆخە, هاوکات لـەخۆنامۆبوونی مرۆڤـە. ژن و کۆمەڵی دابڕاو لە هزر، ڕێکخستن و خەبات یان بەواتایەکی دیکە تەسلیم کـراو، دزێـو و قرێژە. هەر کە ژن لەژیان دوور خراوەتەوە یان ئەوەتا ئەو چارەنووسەی بۆی دیاریکراوە بەشێوەیەکی کوێرانـە پابەنـدنی بـووە، یـاخود بـەگوێرەی خـۆی بەشـداری ژیـان بـووە. لـە هـەردوو شێوەشـدا لـە بـەر بـێ هێـزی و نـەبوونی دەرفـەتی بەشـداریکردن لەسـەربنەمای گەوهـەری خـۆیی، دزێـو و قرێـژ کـراوە و بۆتـە موڵك. ئـەو جوانییـەی لـە تـاك، کۆمـەڵ و بوارەکانی ژیاندا، لە کەسایەتی ژندا لارێ و قرێژ کراوە، جارێکی دیکە بەدەست هێنانـەوەی ڕەهەنـدی جـوانی لـە پێنجـەمین پڕەنسـیپی ئایـدیۆلۆژیای رزگـاری ژن واتـە لـە پڕەنسـیپی ئەسـتەتیکدا دەبینێتـەوە. ژن پێویسـتە لـە ڕێگـای تێکۆشـانی خـۆی لـەو گەماربوونـە رزگـار بکات کە تێی کەوتووە. چونکە ئایدیۆلۆژیای ژن، دەرفەتی ژیـانی هاوبەشـی هـەردوو ڕەگـەز بەپڕەنســیپی ئەســتەتیك و جوانیشــەوە پەیوەنــد دەکــات. لەبــەر ئــەوەی سیســتەمی دەسەڵاتداری چوار هەزار ساڵە ژیـانی دزێـو کـردووە و ئـەم ڕەوشـە بەگوشـار و چەوسانەوە درێـژەی هەیـە، ئـەو ژنـەی خوازیـاری ژیـان بـێ، بێگومـان نـابێ هونـەر، ژیـان و کولتـوور پشتگوێ بخات. لە پـەروەردە کردنـی لەشـەوە بگـرە تـا جـوانی هـزر، لەشێوازی ئاخاوتنـەوە بگرە تاوەکو ڕۆشنایی ڕۆح، پێویستە پابەندی گەڵاڵە و ڕێبـازێکی جـوانی بێـت. نزیکبـوونی ژن لەژیان بەکەڵك وەرگرتن لە پێوانـەکانی جـوانی، جەسـتەیی، هـزر، ڕۆح و زمـان، لەگـەڵ خۆیدا هەڵسەنگاندن و وەرچەخانی بوارەکانی پیاوێتی، قەبە، دزێو، زۆردار و داگیرکەرانەی پیاویش بەدیاری دێنێ.

لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە لەخۆیەوە دروست نابێ، پێویستە ژنی بەشـدار لـە ڕەوتـی خەباتدا بـەرێنمایی ئایـدیۆلۆژی رزگـاری ژن لەسـەربنەمای پەیماننامەیـەك کـە پێوانـەکانی پەسـند یـان ڕەتکردنـەوە بەبنـەما دەگـرێ، لەگـەڵ پیـاو پەیوەنـدی ببەسـتێ. بـەم شـێوەیە پێویســتە ئــەو گەندەڵیــەی کــە زهنییــەتی دەســەڵاتدارانەی باوکســالاری لــە ڕوانگــەی جەســتە،ڕامان، ڕۆح، هەسـت و بوارەکـانی دیکـەدا، دووچـاری هـەردوو ڕەگـەزی کـردووە. ســەرلەنوێ لــە یەکــەمین گەوهــەری پــیس نــەکراوی مرۆڤــدا جوانیــان بکاتــەوە. بــێ وەرچەخانێکی بەم شێوەیە، ژن و پیاو شیاوی ژیانکردنێکی لێواولێو لـە خۆشەویسـتی نـین. چونکە ناتوانن ڕێـز لـە ژیـان بگـرن و ئـەوەی بۆیـان ماوەتـەوە ژیـانێکی سـووك و نزمـە لـە

شـێوەی ژیـانی مێروولـەکان. ژانێکـی گەورەیـە کـە پەیوەنـدی دژواری سـتەم، گوشـار، سەرکوتکەر و هەروەها پەیوەندی ستەمکار ـ ستەمدیدە، چەوسێنەر ــ چەوساوەی نێوان هـەردوو رەگـەزە لـە ژێـر نـاوی ئەشـق و خۆشەویستی. ئایـدیۆلۆژیای رزگـاری ژن، چاندنی پێوانەکانی جوانی لە کەسایەتیدا ـ بەمەبەستی ئافراندنی پەیوەندییەکی نوێی پڕاوپـڕ لـە خۆشەویسـتی، لـە رێگـەی تێکۆشـانێك کـە لـەم پێنـاوەدا بـەڕێوە دەبـرێ، وەك پرەنسیپێك پەسند دەکات.

ئایـدیۆلۆژیای رزگـاری ژن، کـە گەڕانـەوەی مرۆڤایـەتی لـە چوارچـێوەی پـرۆژەی کۆمەڵگا و ژیانی ئازاد بۆ گەوهەری سەرەتایی واتە یەکسانی، ئاشتی، برایەتی، دادپـەروەری، ئازادی، جوانی و خۆشەویستی بەبنەما دەگرێ، پارێزگاری لەو سروشـت و ئـاو خاکـە دەکات کە مرۆڤایەتی لێی دەرکەوتووە و لەسەری ژیاوە. چونکە دەربـازبوونی مـرۆڤ بـۆ یەکـەمین قۆنـاخی کۆمەڵایـەتی بـوون، لـە ئـەنجامی هـەوڵ و کۆششـی هـەرەوەزی ئـەو دایکانـەی منداڵـەکانیان پاراسـتووە و ئـەو کۆمەڵگایـەی لـەپێناو ئەوانـدا خوڵقاندوویانـە واتـە بـە ئافرانـدنی زەمینـەی بەرهـەمی هاوبـەش بـەدیهاتووە. ژن بـە سـوود وەرگـرتن لـە سامانی سروشـتی بـە غـەریزەی خـۆی لـە خـاك و سروشـت نـزیکترە. تەنانـەت ئەمـە لـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتی دایکسالاریدا کـە رەنگـی سروشـتی دایکـی پێـوە دیـارە، خـاك و سروشـت لەگـەڵ بـارودۆخی "دایکایـەتی" یـەك دەگرێتـەوە، ئاوێتـەی یـەکتری بـوون و لـە روانگـەی هێـزی سەرلەنوێ خوڵقاندنی ژیان، وەك سامانی "خاکی دایك" و "دایکسالاری" ناوەزەد کراون.

ئـەو دونیایـەی تـاوەکو ئـەمڕۆ لەسـەری ژیـاوین، بـە پەرەسـەندنی لـۆژیکی مـوڵکی تایبـەت، هاوسـەنگییە سروشـتیەکەی تێکچـووە و رووبـەڕووی مەترسـییەك بۆتـەوە کـە لەماوەی چەند سەد ساڵێتردا ژیان تێیدا ئەستەم بێ. ئەمڕۆکە لەپێناو تێرکردنی غەریزەی بەرژەوەندیخوازی موڵکی تایبەت و هاوکات لەگەڵ بەرهـەمهێنان و بـەکاربردنی بـێ سنوور، شـوێنەواری جۆرەکـانی زۆر ئـاژەڵ و گـژوگیا لەسـەر جیهـان سـەڕدراوەتەوە، تێکچـوونی هاوسـەنگی ئـەو کـەش و هەوایـەی (پـەردەی ئـۆزۆن) کـە جیهـانی ئێمـە لـە تیشکە سـەروو وەنەوشەیی و سوورەکان دەپارێزێت، هاتۆتە ئاراوە. ئایدیۆلۆژی رزگاری ژن کە رزگـارکردنی بنەماڵەی مرۆڤایـەتی بەپێشـەنگایەتی ژن بـەئامانج دەگـرێ، لـەم واتایـەدا ئـەو هاوسـەنگیە ئەکۆلۆژیە سروشتیەی ئەم دونیایـەمان، کـە خێزانـی مرۆڤایـەتی تێیـدا دەتـوانێ درێـژە بـە ژیـانی خـۆی بـدات دەپـارێزێ و گـەرەنتی کردنـی ژیـانی ئـەو جـۆرە گیانەوەرانـەی کـە

رووبەڕووی لەنێوچوون دەبنەوە بەبنەما دەگرێ و لەم پێناوەشدا لێگەڕینەکانی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەم رەوشانە، بە پێویست دەبینێ.

ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، جگە لە مافی پاراستنی رەوا، دژایەتی شەڕ، کۆکوژی و ئەوانە دەکات کە توندوتیژی بەبنەما دەگرن. لەئاستێکی پەرەنسیپیدا بابەتی بەردەوامکردنی ژیانی مرۆڤ و گیانلەبەران بەگشتی لەهەر هەلومەرجێکدا تاوتوێ دەکات.

رەهەندێکی گرنگیتری ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، بیرۆکەی دابڕانە. تیۆری دابڕان؛ لێپرسینەوەی شوێنەواری چوار هەزار ساڵەی راستی سیستەمی دەسەلاتداری سەردەستانەی پیاوی باوکسالاریە کە بە لۆژیکی خاوەنداریێتی تایبەت، هەردوو رەگەزی لە پێوانەکان و بەها و گەوهەری مرۆڤایەتی دوورخستۆتەوە. خستنەبەر لێپرسینەوە و مەحکوم کردنی پەیوەندی کۆیلە ـ خاوەن نێوان هەردوو رەگەز، رێگایەکە لە ئاکامی ئافراندنی ژیانی ئازاد کۆتایی دێت. شێوازی سەرنج راکێشانی هەردوو رەگەزە لەمەڕ راستی کۆیلایەتی کە لە هەزارەی دووەمی پێش زایین دەستیپێکردووە و تا ئەمرۆش درێژەی هەیە و هاوکات ئاراستەکردنیانە بەرەو ژیانێکی ئازاد. دەرەوشانەوەی سەرلەنوێی گەوهەری مرۆڤایەتیە، کە سیستەمی دەسەلاتدار لەنێوی بردووە.

بیرۆکەی دابڕان، کە لەلایەن سەرۆکایەتی پارتیمان خرایە روو، ئامانجی ئافراندنی ژن و پیاوی سۆسیالیست، واتە مرۆڤی سۆسیالیست و ئەو ژیانە ئازادەی تێیدا دەژین، لەخۆوە دەگرێ. ئەمە، دابڕانێکی فێمێنستی نییە. شێوازێکی تێکۆشانە کە ئامانجی دابڕانی هەردوو رەگەز لە سیستەمی دەسەلاتدار و سەربەخۆ بوونیانە. ئەو ژنەی لەژێر دەسەلاتی پاشماوەکانی چەوسانەوەی چوار هەزار ساڵەی سیستەمی زاڵدایە، بە کەڵك وەرگرتن لە جودابوونی جەستەیی ژن و پیاوی نێو ریزەکانی PKK، بەر لە هەرشتێك پەی بەڕاستی کۆیلایەتی رەگەزی خۆی بردووە و لێپرسینەوەیەکی دەروونی دەستپێکردووە. ژیانکردنی ژن لەگەڵ هاورەگەزانی خۆی لە شوێنێك و گفتوگۆکردنی ئەو باوردۆخەی تێیدان بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئاشکراکردنی ئەو کەموکوڕی و کێشانەیە کەدەستە و یەخەیەتی و هاوکات دۆزینەوەی رێگاچارەشیان دەگەڕێ. ئاستی بەپارتیبوون کە هێزی ژنی نێو PKK ئەمرۆ بەدەستی هێناو، لەژێر سێبەری بەدیهاتنی ئەم بیرۆکەیە پێکهاتووە.

هۆکاری سەربەخۆ نەبوونی ژنانی نێو دامەزراوەکانی سۆسیالیستی رابردووش، لە پێکنەهاتنی ئەم دابڕانە سەرچاوە دەگرێ. پەیوەندی ژن و پیاوی نێو PKKش وەك هەر

ڕێکخستنێکی سۆسیالیستی سەر ڕێبازی سۆسیالیست بوون، ساڵانێکی درێژ لەژێر کاریگەری سیستەمی دەسەڵاتداریدا بووە کە لە رابردوودا تێیدا ژیاوە و شوێنەواری پاشکەوتووی کۆمەڵایەتی لەسەر بەجێهێشتووە. بۆ لە نێوبردنی ئەم کاریگەرییانە شەڕێکی کەسایەتی دژوار، بەدرێژایی مێژووی تێکۆشانی PKK بەپێشەنگایەتی و لەژێر چاوەدێری سەرۆکایەتیدا بەڕێوەچووە. بەڵام دەرباز کردنی کاریگەری رۆحی و دەروونی کە سیستەمی سەردەست چوار هەزار ساڵە دروستی کردووە، ئاوها بەسانایی دروست نەبووە و شەڕی ئازادیشی خستۆتە نێو زەحمەتییەوە. بیرۆکەی دابڕان وەکو ڕێگەچارەیەك و شەڕی کەسایەتیش وەك شێوازێك بۆ لەنێوبردنی زەمینەی بارودۆخی دەسەڵاتی پیاو و کۆیلەبوونی ژن، کەڵکی لێی وەرگیراوە. لە قۆناخەکانی سەرەتادا کە دابڕان کەوتە واری پراکتیکەوە، لەبەر تێنەگەیشتنی پێویست هەم لەلایەن پیاو هەمیش ژنەوە، هەڵسوکەوتی چەوت و هەندێك گیروگرفت دەرکەوتن و تەنیا وەك دابڕانی ـ جەستەیی و شوێن ــ نێوان هەردوو رەگەز بینراو پراکتیك کرا. لەپیاویشدا دەرخستنە پێشی لایەنی باڵادەستی و کاردانەوەی بەم جۆرە دەرکەوتنە روو، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو کرانەوە ئایدیۆلۆژیانە کە سەرۆکایەتی PKK پێشی خستبوون، ئاستێکی قووڵبوونەوە و تێگەیشتنێکی راست پێشکەوت. بیرۆکەی دابڕان، کە لەژندا ڕێگەی لەپێش نزیکایەتییەکی رەتکردنەوەی قەبە و، لەم لایەشدا پیاو تەنها لە بوار و مانای جەستەیی گرتیە دەست و بەتەواوی رەتیکردەوە.

ئەم دابڕانە، لەبنەڕەتدا دابڕانە لە هەرشتێك کە لە دەرەوەی ژیان دەمێنێتەوە. دابڕانە لەو نایەکسانی و گەماری و دزێوییانەی لەگەڵ خۆی هێناویێتی. دابڕانە لە ژیانی خنکێنەر. چونکە لە بۆتەی ئەو ژیانە نایەکسانەی سیستەمی دەسەڵاتداری بەدیهێناوە، هەرشتی تایبەت بەدەسەڵاتداری هەیە. وەك فشار، داگیرکەری کۆیلایەتی، چەوسانەوە و هەر بابەتێکی بەم شێوەیە کە بەپێچەوانەی سروشت و گەوهەری مرۆڤایەتین. بەڵام هیچ شتێکی نزیك بە مرۆڤ و سروشتی مرۆڤایەتی نابینرێ. ئەم دابڕانە، دێتە واتای دابڕان لە راستی ئاماژەپێکراو، لە شکست و بن بەستبوون و بە فیرۆچوون. بەستنی هەر چەشنە پەیوەندییەك لەگەڵ پیاو، لە بارودۆخی هەنووکەییدا، ڕێگە لەبەردەم رەوشی سەرکوت و گوشار دەکاتەوە. سیستەمی هزری تایبەت لەناو دەبات و ئیرادەی تێك دەرووخێنێ. ئەم بارودۆخە پەیوەندیدار بە گەیشتنی ژن بەهێز زۆر مەترسیدارە. ژن لە پێناو قازانج کردنی ئیرادە و کەسایەتی ئازاد؛ پێویستە زەمینەی خۆناسین، دەرخستنی ئیرادەی خۆیی و،

متمانە بەخۆبوون برەخسێنێ. بەسوود وەرگرتن لە بیرۆکەی دابڕان، هەوڵی ئامادەکردنی کەش و هەوایەکی وەها لەنێو PKK دا دراوە. ئەم زەمینەیە، هەستی پێداویستی ئازادی و ئامرازی هێزی بەربەرەکانی لەبەرامبەر هەر دەسەڵاتدارییەکی لەژندا بەدیهێناوە. شێوازی پەیوەندیەکی نوێ دێتە ئاراوە کە رێگای راستەقینەی یەکسانیە لەگەڵ ئەو ژنەی رووی لە ئازادییە.

چونکە بیرۆکەی دابڕان بەرەبەرە زەمینە بۆ خۆناسینی پیاویش خۆش دەکات. ژن وەك چۆن لە ئەنجامی ئەم دابڕانە رێگای سەرکەوتنی دۆزیەوە، بەمجۆرە بناخەی هەستی ئازادی لە رێباز، کردار، هزر و تەنانەت هەبوونی جەستەیی، بڕیاری ژیانیش بەدیدێنێ. لە رێگای ئەو کەش و هەوایەی کە پیاو بتوانێ سەربەخۆ یان پاڵپشت بەو هێزەی کۆمەڵگا پێی بەخشیوە، لە رێگای نزیکبوونەوە لە ژن، فریودان، خستنە ژێر گوشار بەکەڵك وەرگرتن لە هێزی دەسەڵات، لە رووی ئیرادەیەوە پەیوەندیەکی یەکلایەنە بەرقەرار بکات، لەنێو چووە. چونکە بارودۆخێکی بەم شێوەیە بەپێچەوانەی پرەنسیپی یەکسانی، ئازادی و رەوشتی ئایدیۆلۆژیای رزگارییە لەسەر تەوەرەی ژن.

ئایدیۆلۆژی رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، کە بەکەڵك وەرگرتن لە بیرۆکەی دابڕان هەوڵی پەرەپێدانی دراوە، بەچالاکی هەڤاڵان ***زیلان، سەما، فکری*** گەیشتۆتە واتای خۆی.

ساڵی 1998 کە پیلانی گەلەکۆمە داڕێژرا، هاوکات سەرۆکایەتیمان هەمان ساڵ ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن راگەیاند و دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی لەنێو ئەندامانی رێکخستندا. هەڤاڵ سەما کە لە بەرواری 21ی مارتی 1998 بەچالاکی خۆی پاشڤەڕۆیەتییەکانی ژنی کلاسیکیشی وێڕای خۆی ئاگردا، نیشانەی ئاستی پێداگری بەرەی ژنە لەسەر بووژانەوەی پرۆژەی ژیان لەسەر تەوەرەی ژن و لە کورتترین ماوەدا. ئەم چالاکییە لەهەمانکاتدا دێتە واتای بەرپەرچدانەوەی رێبازی چەتەگەری شەمدین کە دەربڕی ئامادەکردنی زەمینەی پیلانگێڕییە لەنێو خۆدا. وەڵامی توندی ژنی کوردە بۆ دەسەڵاتی پیاوسالارانەی ئیمپریالیزم. دوای ئەم چالاکییە قۆناخێك دەستپێکرد کە YAJK، ناسنامەی سەرجەم ئەندامانی ژنی نێو PKK پێك دێنێ، لەبەرامبەر پێوانەکانی ئازادی خۆی خستە ژێر لێپرسینەوە. ئەو ئاستەی کە پارتیمان خۆی گەیاندۆتێ، قەڵەمبازی پێشکەوتووتری سۆسیالیزم نیشاندەدات.

گـەورەبوونی چـالاکی هـەڤاڵ سـەما، لـە شـرۆڤەی زۆر بـەهێزی گشت پێوانـەکان و بیرۆکەی دابڕان سەرچاوە دەگرێ، لە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنـدا. ئـەو لێکدانەوانـەی هـەڤاڵ سەما لەمەڕ ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن پێشکەشی کـرد، راسـتی ئـەم قسـەیەمان، دەسـەلمێنێ. هەڤاڵ سەما؛ راستی لێپرسینەوەیە لەئاستی زۆر ژووردا. لایەنی سەرەکی ئەو؛ سەبارەت بـە پـارتیبوون گەیشـتنە لوتکـە و ئەوپـەڕی پێشـکەوتنی ئـیرادە و بڕیـاری یەکگرتنـە لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیا. لەئەنجامی لێپرسینەوەیەکی دیار ئەو راستییەی ئاشکراکردووە کە وەك چۆن دوو خـۆر لەئاسمانێکـدا نـاگونجێن، بـەمجۆرەش هـەبوونی دوو ئایـدیۆلۆژیا بـۆ ژن مەیسـەر نییە. لەم رووەوە، خۆسووتاندنی هەڤاڵ سەما، دابڕانە لـە تـەواوی لایەنـە پاشکەوتووەکان. دەرکەوتنی هێزی چالاکین، پاڵپشتە بـە پێکدادانی زۆر دژوار. هـەڤاڵ سـەما بەشـداربوونی خـۆی لـە گـەرما گـەرمی پێکـدادانی هـەزاران سـاڵەدا دەربڕیـوە. هەسـت دەکـات هـەموو لاوازییـەکانی مرۆڤایـەتی تێپـەڕ کـردووە. بـێ ئەوانـە، نیشاندانی ورە و جەسارەتێکی بـەم شێوەیە ئەستەم بوو. لێرەدا لەبەرامبەر ئایدیۆلۆژیای رزگـاری لێپرسـینەوەیەکی زۆر قـووڵ و خۆرەخنەکردن لە کەسایەتی هەڤاڵ سەمادا دەبینـرێ. لـەنێو تـەواوی گـەلانی سـەر ڕووی زەوی، زۆر جـار کەسـایەتی وا دەردەکـەون کـە قۆناخێـك دیاریدەکـەن و ئەمانـەش ئـەو مرۆڤانەن کە بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیا دەژین. هەڤاڵ سەما کەسایەتیەکی بەهێزبوو کـە ئـەم راستییە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات.

هـەڤاڵ سـەما کـە لـە بنەماڵەیـەکی ئاریسـتۆکرات لـەدایك ببـوو، لەناخـەوە هەسـتی بەناکۆکی رەگەزی کردبوو، لە راستی ئەو خەڵکەی لەگـەڵیان ژیـابوو، رەهەنـدێکی جیـاوازی ئەم ناکۆکییەی بینیوە. سەرەنجام لە ئاکامی ئەو بڕیارەی وەریگرت و لە رێگەی سـەرکەوتن لە پراکتیزەکردنی دابڕانێکی بەشکۆ لەو راستییە، رێبازی سەرۆکایەتی، واتە رێبازی ئـازادی وەك تاکە ناوەندی ئایدیۆلۆژیا پەسـەندکردووە و پابەنـدی خـۆی نیشانداوە. لـە کەسـایەتی هەڤاڵ زیلانـدا زۆرتـر لایـەنی تیـۆری و ئایـدیۆلۆژی و لەهـەڤاڵ سەماشـدا ئاسـتی پراکتیکـی یـەکانگیربوون لەگـەڵ کێشـەکان زاڵـە. وەك چـۆن هـەڤاڵ زیـلان دژی هێرشـەکانی سـەر سـەرۆکایەتی لـە سـاڵی 1996 چـالاکی خـۆی بەئـەنجام گەیانـد، چـالاکی هـەڤاڵ سـەماش وەڵامێـك بـوو کـە بـەرێبازی بـەکرێگیراو ــ چـەتە و پیلانگێـڕی نێودەوڵـەتی دژی پـارتی درایـەوە. هـەڤاڵ ***فکـری بایگەلـدی*** زۆر روون و ئاشـکرا پابەنـدی خـۆی بەسـەرۆکایەتی نیشـانداوە، خـۆی وەك سـەربازی سـەراپاگوێی ژنـی ئـازاد بینیـوە کـە ئـازادبووە و خـۆی

گەیاندۆتە پلەی فەرمانداریێتی. بەم شێوەیە چالاکی خۆی لەسەر بنەمای دابڕان لە پیاوێتی و تایبەتمەندییە پاشکەوتوو و سەردەستیەکان ئەنجام داوە. هەڤاڵ ***فکری بایگەلدی*** نیشانی داوە، کە لەپیاویشدا پێویستی، مەیلی بەئازادی و هەروەها چالاکی پاڵپشت بە دابڕان لە تایبەتمەندی پیاو، دەردەکەوێتە روو. بۆیە بۆتە سیمبولی هەڤاڵێتی لەگەڵ ژن لەسەربنەمای ئازادی و خۆشەویستی راستەقینە. خۆڕاگری قارەمانانەی بەم شێوەیە دەرکەوتوون و ژن بەدابڕانێکی وەها بناخەی ئافراندنی سیستەمی خۆیی وەك ئەلتەرناتیفی سیستەمی باوکسالاری دامەزراندووە.

ژن لەنێو ئەم سیستەمە نوێیەدا، بەهێنانە ئارای پێوانەکانی پەسند و رەتکردنەوەی خۆی، بەدیهێنانی گۆڕانکاری هەم لە ژن و هەم لەپیاودا کردۆتە ناچارییەك، لەپێناو یەکگرتنێکی نوێ لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی. بە سیستەمێکی نوێی وەها و دابڕان لە نایەکسانی، دزێوی، نایەکسانی، گوشار و توندوتیژی کە لەئاکامی سیستەمی باوکسالاریدا هاتوونەتە ئاراوە، دەربازکردنی راستی مرۆڤی تێکشکاو و ئاشکراکردنی سەرجەم ئەو شتانە بەبنەما دەگیرێت کە تایبەتی مرۆڤن و دەیانکاتە موڵکی مرۆڤایەتی بەگشتی. بۆچوونی سەبارەت بەپەیوەندی پشت ئەستوور بە خوو و خدە و پێوانەی پاشکەوتووی کۆمەڵایەتی، لە کەسایەتی ژن و پیاوی کلاسیك کە تا دواڕادە لەژێر کاریگەری سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتیدان، مەحکوم کراوە. بەم شێوەیە رەگەزی ژن، دەبێتە خاوەن هەڵوێستێکی رادیکاڵ لەبەرامبەر پێوانەکانی رەوشتی و دەسەڵاتی یەك لایەنەی پاشکەوتوو و سەردەستانە، کە پیاو لەڕێگەی راستی ژنی بێ هێز، بێ ئیرادە، دەیسەپێنێ.

بەواتایەکی دیکە، تیۆری دابڕان، کە سەرۆکایەتی PKK، لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای پشت ئەستوور بە تەوەرەی ژن پێشکەشی کردووە، بەکاریگەرترین شێوازە کە ژن لەئەنجامی تێکشکانی تێروانینی سەردەستانەی پیاو لەناخەوە پەسەندی کردووە، ناسنامەی گەوهەری خۆی بەدەست هێناوە و هەروەها لەو راستیە گەیشتووە کە لایەنە زاڵەکانی پیاو، نیشانەی کۆیلەبوونێتی و لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری و پێکهێنانی پرۆژەی ژیانی ئازاد لەسەر بنەمای یەکسانی، ئازادی، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەسەت هێناوە. تیۆری دابڕان لەسیستەمی دەسەڵاتدار لەهەموو بوارەکانی رۆحی، هزر، هەست، دەروونی و لایەنی تری هاوشێوە ئەزموونی بەرچاوی بەدەست هێناوە و رێڕەوی ئازادی گرتۆتە بەر.

راگه‌یاندنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن که له‌پێنج پره‌نسیپی سه‌ره‌کی پێکدێ، هاویشتنی قه‌ڵه‌مبازێکی پته‌و و گه‌یشتن به خاڵی لوتکه‌ی په‌ره‌سه‌ندنی مێژوویی، له‌ساڵی 1998دا کردۆته پێویستیه‌ك. راگه‌یاندنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن له‌م قۆناخه‌دا جۆش و خرۆش و هۆگرییه‌کی بێ وێنه‌ی له‌نێو ئه‌ندامانی ژن پێکهێناوه. به‌ڵام به‌سه‌رنجدان به‌وه‌ی که ئاستی لێپرسینه‌وه، قووڵبوونه‌وه و لێکدانه‌وه‌یه‌ك به‌گوێره‌ی فراوان بوونی ئایدیۆلۆژی به‌ده‌ست نه‌هاتبوو، که‌موکوڕی جدی له پراکتیزه‌کردنیاندا ده‌هاته ئاراوه. هه‌ڵسوکه‌وتی چه‌وت ده‌رکه‌وتوون. تێڕوانینی هه‌ڵه‌ی ژن سه‌باره‌ت به لێکدانه‌وه‌ی ئه‌م ئایدیۆلۆژییه و نزیکایه‌تی چه‌وت و بابه‌تییانه، بۆته هۆکاری ئه‌وه‌ی پیاو به چاوی ئایدیۆلۆژیایه‌کی ته‌نیا ره‌گه‌زی له ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن بڕوانێ. هه‌روه‌ها به‌رخودانی پیاو له‌لایه‌ن خۆ رازیکردن به‌وه‌ی، که ئه‌م ئایدیۆلۆژیه چاره‌سه‌ری کێشه‌ی پیاویش ده‌گرێته خۆی و، زه‌مینه‌ی له‌پێش نیشاندانی نزیکایه‌تی بێ مه‌یلی له‌به‌رامبه‌ر تێکۆشانی ره‌گه‌زی ره‌خساندووه و هه‌تاوه‌کو بگره کاردانه‌وه و پووچه‌ڵکردنه‌وه‌ی ئه‌نجامداوه. له‌به‌رئه‌وه‌ی خاوه‌نداریێتی کردنی ژن له‌ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنه‌وه سنووردار بوو، هه‌م له‌ژن و هه‌م له‌پیاودا نزیکایه‌تیه‌کی وا نیشاندراوه که گوایا ئه‌م ئایدیۆلۆژیایه له ئایدیۆلۆژیای PKK گه‌لێك جیاوازه، یاخود دوو ئایدیۆلۆژیای جیاوازن و یه‌کتری ره‌ت ده‌که‌نه‌وه. له‌سه‌ره‌تادا به‌شێوه‌یه‌کی راست تێنه‌گه‌یشتراوه که ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن دێته واتای نه‌ش و نومای ئایدیۆلۆژیای PKK و جیاواز و پێچه‌وانه نییه، له‌م واتایه‌دا په‌سندکردنی ئایدیۆلۆژیای PKK و ره‌تکردنه‌وی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن یان به‌پێچه‌وانه‌وه په‌سندکردنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و ره‌تکردنه‌وه‌ی ئایدیۆلۆژیای PKK ناتوانێ مایه‌ی باس و گفتوگۆ بێ. ئه‌م چه‌وتییانه هاوکات له‌گه‌ڵ تێنه‌گه‌یشتن له لێگه‌ڕینی ژیان، ئامانج وهه‌روه‌ها دیدی ئایدیۆلۆژی و ده‌رك نه‌کردنی راستی سه‌رۆکایه‌تی PKK په‌ره‌یان سه‌ندووه و له تێنه‌گه‌یشتن له گه‌وهه‌ری PKK سه‌رچاوه‌یان گرتووه. ئه‌و بابه‌ته‌ی له‌هه‌موو شتێك زیاتر رووبه‌ڕووی هه‌لوسوکه‌وتی چه‌وت بۆته‌وه, تیۆری دابڕان بووه. ئه‌م تیۆرییه که ره‌هه‌ندێکی گرنگی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن پێکدێنێ و له‌ئه‌نجامی قووڵبوونه‌وه و په‌ره‌سه‌ندنیدا، بایه‌خێکی زۆری ده‌بێ له ئافراندنی ژیان و که‌سایه‌تی نوێ، به‌شێوه‌یه‌کی به‌رته‌سك نزیکایه‌تی لێکراوه. تیۆری ئاماژه‌پێکراو, بریتیه له دابڕان له‌سه‌رجه‌م راستینه‌کانی وابه‌سته‌یی و کۆیلایه‌تی له‌سه‌ربنه‌مای گه‌یشتن به ئیراده و

کەسایەتییەکی سەربەخۆ و دابڕانە لە دەسەڵاتداری پیاو، هەروەها دێتە واتای دابڕان لە پاشڤەڕۆیەتی ژن، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ شێوەی گرتووە. لەئاکامدا، *ئامانج لەژیان ئاواکردنی رێکخستنە لەسەر بناخەی دابەشکردنی هاوبەش*. بابەتەکانی وەك چۆنیەتی خولقاندنی رێکخستنی پێویست بە ژیانێکی هاوبەش، چۆنیەتی پەیوەندی ژن لەگەڵ پیاو لەڕەوتی ئافراندن و پێوانەکانی بەرقەراری پەیوەندی لەسەر بناخەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن دەستنیشان کراوە. بەڵام شرۆڤەکردنی چەوتی تیۆری دابڕان، تاڕادەیەك بزاڤی ئازادی ژنانی لاڕێ کردووە و هۆکاری ئەوەی بەشێوەی چەواشە لە قۆناخی رەوتی گۆڕانکای و وەرچەخانی هەمەلایەنە بڕوانرێ، ئاوێتەبوونی شێوازی هەڵسوکەوتی چەواشە لەگەڵ پیلانگێڕی نێونەتەوەیی، لە هەڵسوکەوتی ئایدیۆلۆژیدا لاڕێبوون و لەچەمکی رێکخستندا پێشکەوتنی هەڵەی بەدواوە بووە. هەڵە لەخاڵی روانین لەتیۆری دابڕان ئەوە بووە کە بەچاوی دابڕانی پیاو لە واتا قەبەکەیدا لێڕوانراوە. دابڕانی جەستەیی لەپیاو، تێکۆشانێك بوو کە لە ساڵ 1993 بەدوا لەبرەو دابوو و گەیشتۆتە ئاستێکی بەرچاو لەم پێناوەدا. لێرەدا تیۆری دابڕان لە روانگەی پەیوەندی رێکخستنی هەڵسەنگێنراوە و هەندێك هەڵسوکەوتی پراکتیکی کە لەم هەڵەیە سەرچاوە دەگرێ، دەرکەوتوونە روو. هەڵەیەکی تر کە لە چەمکدا روویدا، نرخاندنی سیستەمی باوکسالاری بووە و، وەك سیستەمیك کە تەنیا ژن دەخاتە ژێر گوشارەوە. لەکاتێکدا کە ئەم سیستەمە، سیستەمێکە کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ گوشار و چەسانەوەی لەسەر گەلان بەژن و پیاوەوە پەیڕەو کردووە. بەم شێوەیە پێکهاتەی هزر و ئیرادەی سەرجەم مرۆڤەکان لەلایەن سیستەمەوە کەوتۆتە ژێر گوشار. وەك چۆن کولتووری باوکسالاری مرۆڤەکان شێوەدەدا، لە پیاویشدا شێوازی هزر و کردەوە لەسەربنەمای ئەم شێوەگرتنە دێتە ئاراوە. لەم روانگەیەوە پرسی دابڕان واتە دابڕان لە سیستەمی دەسەڵاتدار و پێکهاتە فەرهەنگیەکەی و لۆژیك و داب و نەریتیەکانی، پیاویش پەیوەندیدار دەکات. بۆئەوەی پیاو بتوانێ زەمینەی دابڕان لەو راستییە بڕەخسێنێ، کە بێ ئیرادەی کردووە، سەرەتا پێویستە ژن لە پیاو داببڕێ و بەمجۆرە دوای رزگاری لەلایەنەکانی وابەستە بەپیاو، سەربەخۆ بێت. ئەگەر ژن زەمینەی مانەوەی دیاردەی هێز و هەستی ساختەی دەسەڵاتداری پیاو بهێڵێتەوە و لەسەر پاشڤەڕۆیەتی پێداگری بکات، پیاویش خۆی ناخاتە ژێر لێپرسینەوە و لە شێوازی ژیان، داب و نەریت و هەڵسوکەوتی سەرچاوەگرتوو لە کولتووری باوکسالاری رزگاری نابێت. دابڕان بەهەمان ئەندازە کە دیاردەیەکە پێویستە

ژن لەپلەی یەکدا، لەپێناوی خەبات بکات، ئەوەندەش گرێدراوی پیاوە. هەردوو رەگەز بەڕادەری دابڕان لەیەکتری، لەنێو دەروونی خۆشیاندا دابڕانێکی پتەو بەدی دێنن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی ژیانی هاوبەشی هەردوو رەگەز بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. پانتایی تیۆری دابڕان، بەرەبەرە هەم لەنێو ژنان و هەم لەنێو پیاوانیشدا، لەسەربنەمای رەوت و لێکدانەوەی زۆر لەقۆناخە چەوتەکان، رووبەڕووی هەڵسوکەوتی دروست و زانستی بۆتەوە. ئەمە تەنیا بە زەمینەی رێکخستنی خەباتگێڕانی ئازادی سنووردار نامێنێ، بەڵکو زۆری پێ ناچێ تاکو لە تەواوی کۆمەڵگادا گشتگیر بێ. چوارچێوەکەشی، پەیمانی ژنی ئازاد دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگا.

## بەپارتیبوونی ژن

ویڕای ئەوەی خەباتی ئازادی ژن تاساڵی 1999، پێشکەوتنی گرنگی بەخۆوە بینیوە. بێ بەری نەبووە لە کەموکورتی. بەم پێیە هێزی رامان و هەستی قووڵ و ئەزموونی رێکخستنی و ژیان تا ئەوکاتە بۆتە هێزی ئیرادە و وشیاری لەسەربنەمای ناسنامەی خۆیی و هەروەها دەرخستنی ژن لەبوار و رەوشی بابەتییانە بۆ رەوشی خۆییانە رۆڵی گرنگی بینیوە. بەپارتی بوون، بانگەشەی هەنگاوێکە لەم پێناوەدا. بەسوود وەرگرتن لەم رێکخستنە تەواوی ژنان بۆ پاراستنی ئیرادە و تێگەیشتنی تایبەت و ئازاد و کۆمەڵگایەکی هاوبەش و دەستنیشانکردنی بارودۆخ لەشێوەگرتنی ژێرخانی کۆمەڵگا لەشوێنی سیستەمی هەزاران ساڵەی باوکسالاری بانگهێشت کراون. ئەمە سەرلەنوێ خۆئافراندنی ژنە بەکەڵك وەرگرتن لە بەرنامە، رێکخستن و شێوازی ژیان. پتەوترکردنی رێپێوانی ژنە لەسەر ئەم بنەمایە. بەمشێوە ژنان بەرەو جوانی، خۆشەویستی و گەل بانگهێشت دەکات لە شوێنی ئەوەی پێش لەدایکبوون ببنە هاوسەری پیاوێك. لەم روانگەیەوە، بەپارتی بوونی ژن، خەباتێکە کە لەگەڵ تایبەتمەندی ئاشتی و دیموکراسی سەدەی بیست و یەکەم دەگونجێ و لەم پێناوەدا لە شوێنی وابەستەیی و کۆیلایەتی، لەهەمیشە زیاتر پەرە بەکارەکتەری رەسەنی دەدات و دەیکاتە هێزی هاندەری ئازادی. رێکخستن رەنگدانەوەی فیداکاری،

جەسارەت، هێز و گەوهەری بەرجەستەبووە لەگۆڕەپانی شەڕی گەرم و هەموو بوارێکی خەباتدا. پارتی ژنی ئازاد و رێکخراو، لەسەربنەمای هەڵسوکەوتێکی بەم شێوەیە؛ رێنمایی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنی خۆی لەهێزی پێشەنگایەتی سەرۆکی PKK وەردەگرێ. سەرۆکایەتی PKK، کە سۆسیالیزم وەك ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن پێناسە دەکات، لەسەربنەمای ئەم پرەنسیپە سەرەکییە پێشەنگایەتی PKK دەکات و لەئەنجامدا رۆڵی سەرۆکایەتی ئایدیۆلۆژیای بزاڤی ژنانیش بە بەرپرسیارێتیەکی گەورە لەئەستۆ دەگرێ. لە کاتێکدا کە سەرۆکی شۆڕشەکانی تری مێژوو، بوونە کۆسپ لە بەردەم ویست و ئیرادەی تێکۆشانی تایبەتی ژن و پێشکەوتن و وورەی شۆڕشگێرانەی ژنانیان بەپێویست نەبینیوە، سەرۆکایەتی PKK، بەهاندانی خۆی، ژنی راکێشی ئازادی کردووە و پێشەنگایەتی دەکات بۆ رەخساندنی زەمینەی گەیشتنی سەرلەنوێی ژن بە گەوهەری وونبووی خۆی، جا چ چارەسەرکردنی کێشەی تایبەتی رەگەزی بێ، یاخود چ رێنمایی و شێوازی خەبات دژی دەسەڵاتداری هەنووکەیی و هەروەها دامەزراندنی دامودەزگا بێت.

بەپارتیبوونی ژن؛ گەیاندنی YAJKە بەکۆمەڵگا. گواستنەوەی دەستکەوتەکانی ئازادی YAJKە بۆ نێو کۆمەڵگا. هەروەها پرۆژەی گەشەسەندنی ئازادی YAJK، پرۆژەی رزگارکردنی پیاوە لە بارودۆخی هەنووکەیی و بەشداریکردنێتی لە کۆمەڵگای ئازاددا. ئەم خەباتە دژوارە و پێویستی بە هەوڵدانێکی بێوچان هەیە. هەروەك سەرەتای مێژوو کە دایکان تۆوی کۆمەڵایەتی بوونیان سەرەتا لەنێو خۆیان و دواتر منداڵەکانیاندا چاند و دواتر لەئاکامی خەباتێکی بەربڵاو هێدی هێدی لەم بەکۆمەڵ بوونەدا پیاویشان بەشدار کردووە. گەلی کوردیش گەلێکی لەمێژوو دوور خراوەیە. بەواتایەکی دیکە حوکمی گەلێکی هەیە کە تازە پێ نابێتە مێژوو. لەم رووەوە وێڕای ژن کەوتنە نێو مێژوو پێویستە، سروشتیە و ناچارییە. ئەو ژنەی کە لە راستی YAJKدا، پێوانە بنەماییەکانی ئازادی، ژن و پیاو و کۆمەڵگای ئافراندووە، ئیتر پێویستە لەسەر بنەمای ئەم پەرەنسیپانە پیاو و تەواوی کۆمەڵگا بگۆڕێت. ئیدی ئەوە هاتووە، ئەو ژنەی کە ماوەیەکی گەلێ درێژە لەرێگای پەرەپێدانی تێکۆشانێك لەبەرامبەر خۆی، ئاستێکی گرنگی ئایدیۆلۆژی و ئاستێکی گرنگی ژیانی ئافراندووە، ئیتر دەربازی کۆمەڵگا ببێ و لەسەر بنەمای پێوانەی نوێ تێکۆشانی ئافراندنی کۆمەڵگا بەڕێوە ببات. ئەمە دێتە واتای زیاتر تاوتوێ کردنی قووڵ و پێشەکەوتووی ناکۆکیەکانی رەگەزی هەزاران ساڵە و چارەسەری کۆنترین و بەربڵاوترین

ململانێی مرۆڤایەتی. بۆیە قۆناخی تێکۆشانێکی زۆر دژوارە. بەپارتیبوونی ژنان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، پاراستنی ژینگە، راکێشکردنی کۆمەڵگای پشت ئەستوور بەپیاو. قرێژ و تەنانەت فاشیست بەرەو کارەکتەری ئاشتی و هەروەها گەیشتن بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کە خۆشەویستی سروشتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا بەدیبێنێ، پێویستە و رۆڵێکی ژیانی دەبینێ. ئەمە لە سروشتی رزگاری ژندایە. دروست لێرەدا، واتە کاتێك ناکۆکییەکی گەورە تەنیا بە پارتییەکی گەورە چارەسەر دەبێت، گرنگی بەپارتیبوونی ژنان ئاشکرا دەبێ، پرەنسیپی ئەم پارتە لەجێگەی ژن و گەلێکی داماو ئافراندنی ژن و گەلێکی ئازادە کە لەدەست کۆمەڵگای پیاودا دەرهێنراوە. لەدەستی پیاوی گەلی کورددا نە کۆمەڵگایەکی رێکوپێك و نە بنەماڵەیەکی خێزانی نییە و تەنانەت لەدەستی دوژمندا وەکو سیخورێکی بەندەی لێهاتووە. بەم پێیە رێگای پێشگرتن لەم باوردۆخە لە بەکۆمەڵگا کردنی ژن تێدەپەڕێ و، هەروەها رزگارکردنی پیاویش لەژێر باڵادەستی پیاو و سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی دەکاتە ئامانج. لەبنەڕەتدا ئامانجی YAJK ئەمەیە.

PKK پارتیەکە کە سەرەتا لەسەربنەمای بەپارتیبوون ژن، خۆی بۆ سۆسیالیزم تەرخان کردووە. چونکە گەوهەری سۆسیالیزم، گەوهەری چاخی بەردینی ژنە. بەدیهاتنی سۆسیالیزم؛ لە رێگەی ئافراندنی مرۆڤی سۆسیالیست واتە ژن و پیاوی سۆسیالیست سەقامگیر دەبێ. ئەمە رێنماییەکی رواڵەتییانە نییە، بەڵکو شێوەیەکی مرۆڤایەتییە کە لەسەردەمی سیستەمی کۆمەڵایەتی دایکسالاری بەشێوەی سەرەتایی، بەدەستی ژن خوڵقاوە. بەڵام ئەوەی تا رۆژگاری ئەمڕۆ تەنانەت لە سۆسیالیزمی شۆڤێنیشدا خۆی بەدەسەڵات بینیوە، ژن، هەمان ژنی کلاسیکی کۆیلە و پیاویش، هەمان پیاوی کلاسیکی باڵادەست بوو و دیکتاتۆریەت و زۆر و گوشاری پیاوەتی، سۆسیالیزمی سۆڤیەتی بەرەو هەڵوەشانەوە برد. سۆسیالیزم چەندە لەنێوبردنی فشار و زۆری ئەوەندەش بۆ ژن دێتە واتای لەنێوبردنی فشار و زۆری بەرجەستەبوو لەپیاودا. لەگەڵ سەقامگیربوونی سیستەمی سۆسیالیستی فشار و زۆری پاڵپشت بە تەوەرەی پیاویش، لەنێودەچێ. ئەمە، لەهەمانکاتدا گەیشتنە بەتاکی ئازادیش. گەیشتن بە تاکی ئازاد هاوکات دێتە واتای خۆ ئازادکردنی ژنیش. ئەم فۆرمیلە لەبنەڕەتدا، فۆرمیلبەندی سەرلەنوێ سۆسیالیزم و داخوازی سەرۆکایەتی PKKیە لەسەربنەمای چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی سۆسیالیزمی بونیادنراویان بە بنبەست گەیاندووە. جارێکی دیکە هیوا بەخشینە بەو مرۆڤەی بێ یۆتۆپیاو بێ ئاسۆ کراوە و

لەبەرامبەر سۆسیالیزمی بەرتەسکی سەدەی بیستەم، خستنە رووی ئاسۆیەکی بەربڵاوە. ئەمەش لەڕێگای بەدیهاتنی گەورەترین و دوایین شۆڕش لە پەیوەندی نێوان دوو رەگەز و بەرپەرچدانەوەی یەکەمین دژە شۆڕش ئەنجامگیر دەبێ و لە بواری رەگەزیدا پێکدێ. رزگاری کۆمەڵایەتی، بەخوڵقاندنی رزگاری ژن دەگاتە سەرکەوتن. پارتی ژنانی ئازاد و رێکخراو، پەرە بەئاشتی و ئازادی دەدات لە سەدەی بیست و یەکەم لەسەر تەوەرەی خەباتی ئازادی ژن. بەخشینی رەهەندی تازە بە سۆسیالیزم و مەحکوم کردنی ئایدیۆلۆژیای سەرجەم سیستەمەکانی سەرمایەداری ـ ئیمپریالیستی و کۆمەڵگای چینایەتی لە کەسایەتی پیاودا، بانگهێشتی هەر چەشنە دەسەڵاتداری، چەوسانەوە، بێدادی، نایەکسانی لە ئاستێکی وەها و بە سوود وەرگرتن لە رێنوێنی رزگاری ژن، گرێدراوی گەوهەری ئایدیۆلۆژییە، کە تا ئەمڕۆ هیچ سەرۆکێکی سۆسیالیست نەیتوانیوە بەدەستی بێنێ. ئەو گەوهەرە ئایدیۆلۆژییایە کە دەستکەوتی سەرۆکایەتی PKKیە و رێکیخستووە. ئایدیۆلۆژیای رزگاری لەسەر تەوەرەی ژن، کە بریتیە لە چارەسەرکردنی قووڵترین ناکۆکی کۆمەڵگای چینایەتی رەگەزی، هاوکات گەوهەری بنەڕەتی ئایدیۆلۆژیای PKKیە. لەم رووەوە لەڕاستیدا PKK پارتیەکی ژنانە. ئامانج، رەنگدانەوەی گەوهەری سەرەتایی ژنان و مرۆڤبوونی ژنە لە PKKدا. ئامانج ئاشکرا کردنی گەوهەری رەسەن، هەرەوەز، یەکسانیخواز، دادپەروەر، ئاشتیخواز و کۆمەڵایەتی ژنە لە رێگەی شەڕی کەسایەتی و زاڵکردنی بەسەر تەواوی ژنان و پیاوانی PKK، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی مەبەستی PKK لە خۆیاندا پراکتیزە دەکەن. ئەمە ئەلتەرناتیفی ریشەییە بۆ سیستەمی چینایەتی باوکسالاری کە ماوەی چوار هەزار ساڵە بەسەر مرۆڤایەتی و جیهاندا زاڵە و بریتیە لە وەلەرزەخستنی کۆلەکانی دەسەڵاتی هەزاران ساڵەی زاڵ بە کەڵك وەرگرتن لەم پرۆژەیە. ئەمەش تەنیا لەرێی بەپارتیبوونی ژنان مومکینە. چونکە تەنیا رزگاری رەگەزێك لە ئارادانییە، بەڵکو لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاستی ئازادی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکرێ. لەم رووەوە لەشەڕدا، دیسیپلین، رێکخستن، تاکتیك ئەو خاڵانەن کە پێویستە لە پیاو زیاتر سەرەنجیان بدرێتێ. بگرە ئەوانە بۆ ژن زۆر پێویست ترن. ئەگەر رێکخستن و دیسپلینی رێکخستنی نەبێ، سیستەمی باڵادەستی هەنووکەیی و کولتوور و شێوازی ژیانی، بەشێوەیەکی هۆڤانە ژن لەناو دەبات. یان بە تێڕوانینێکی دیکە؛ ژن چەندە خاوەن هێزی خەیاڵ و جوانی بێ، بەهەمان رادەش شان بەشانی رێکخستن هەنگاو دەنێ. ئەوەی سەرۆکایەتی لە سەرۆکەکانی

دیکەی سۆسیالیستی جیادەکاتەوە و دەیخاتە پێش وان. ئەم فەلسەفەیەیە "ئەگەر رزگاری بابەتی باس بێ، ئەوا لەرێی رزگاری ژن بەدیدێ؛ ژنی ئازاد دێتە واتای؛ کۆمەڵگای ئازاد، ئاییندەی ئازاد و جیهانێکی ئازاد" کە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم پرۆژەی ژیانێکی بەرفراوانی وەك بەپارتیبوونی ژنی کردۆتە بابەتی باس. ئەم بابەتە هەڵسوکەوتێکی فەلسەفییە کە سەرۆکایەتی PKK لە نزیکایەتی لەگەڵ ژندا داکۆکی لێدەکات و هەروەها سیاسەتی ژنان خۆی گەیاندۆتێ. تێکۆشانێکە کە بەچەمکی "لەنێو PKKدا تەنیا بەژنی شۆڕشگێڕ، ژیانێکی هەمە لایەنە دەخوڵقێ" پشت ئەستوورە. دیارە تەواوی ئەو خەباتانەی تا کاتی بەپارتیبوونی ژن ئەنجامدراون، هەوڵدان و لێگەڕین بووە لەپێناو خوڵقاندنی پێوانەکانی "ژنی سەربەرز دەبێ چۆن بێ؟ چۆن دەتوانرێ هەستی بەشکۆ بەدەست بهێنرێ؟ ژنی جوان و سەرەنج راکێش چۆن دەخوڵقێ؟ ژنێکی بەکاریگەر و پێشەنگ دەبێ چۆن بێ؟". لەنێو PKKدا هیچ کات رێگە بەژنی لارێ، کۆیلەی داب و نەریتی ژیانی داسەپاو نەدراوە. PKK سەبارەت بەم بابەتە بزاڤێکی زۆر رادیکاڵە، لە PKKدا، تەنیا سەرلەنوێ بونیادنانەوە بابەتی باسە. بێگومان ژنیش ناچارە مرۆڤ بێ و بۆیە پێویستە لەهەر بوارێکدا خۆی ببنێتەوە. سنوور و پێوانەی ئەو شتانەی ئاماژەمان پێکردن، لەنێو PKKدا بەهێزێکی زۆر سەقامگیربوو. ژن لەخۆوە بەشداری ریزەکانی شۆڕش نەبوو. ئەو ژنەی لەرزین، لارێ بوون و خۆ بەدەستەوەداندا خنکابوو، لە ئاکامی سەرهەڵدانێکی بەشکۆ و وێڕای پەسندنەکردنی بەرچاو، راکێشی راستی کۆمەڵگا کراوە و لەپێناو بەدەست هێنانی پێوانەی شیاوی پەسند، شەڕێکی بێ ئامان بەڕێوەبرا. ئەو شێوازەی سەرۆکایەتی PKK لەسەربنەمای چەمکی رەگەزی داکۆکی لێکرد و پراکتیزەی کرد، شێوازێك بووە کە بەردەوام ئاستی پلەی ژن بەرزدەکات و پێشی دەخات. بەربڵاوی شەڕ کە لەم گۆڕەپانە روویداوە، لە ناسینی PKK، بە کەسایەتی ژنی ئازاد سەرچاوە دەگرێ. کەسایەتی ژنی ئازاد کە مەبەستی PKKەیە بریتیە لەو ژیانەی کە لەوەختی پێویستدا نەك تەنیا پارت یان بنکەیەکی خەبات، بەڵکو گەلێك دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ژیانێکی بەم شێوەیە تەنیا لەرێی رێکخستنێکی هەمە لایەنە بەدیدێت. ئەمە رێکخستنی بە پارتیبوونی ژنانە و ئەم رێکخستنە وەك چۆن لە ئەنجامی خوڵقاندنی ناسنامە بۆ تەواوی ژنان، باڵاترین ئاستی ئازادیان دابین دەکات، وەك چۆن زەمینەی بونیادی سیستەمە دامەزراوەکانی ئێستا لەنێو دەبات، رێکخستنێکە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و خاوەن رەهەندی جیهانییە و

ئایدیۆلۆژیایەك نییە کە تەنیا ژن لە خۆوە بگرێ. ئەگەر ئەوە پێك بێ و دەربازی ژیان ببێ چارەسەری گەلێك لەو گرفتانەی کە لەجیهاندا هەنە، خێراییەك لەخۆوە دەگرێ. ئەمەش ئەگەر لەڕێی دامەزراندنی ڕێکخستنێك لەچوارچێوەیەکی گشتگیری ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا بێ، کە بۆخۆی بەپارتیبوونی ژنە، ڕێکخستنی گەردوونی کردنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنیش ئەمەیە. لەڕاستیدا بە پارتی بوونی ژن، بایەخ بەژن دەدا لە ژیان، سیاسەت، کولتوور و هونەر بەمەبەستی پاراستنی جیهان. بەپارتی بوونی ژن جێگۆڕکێی دواکەوتوویی رەگەزییە بۆ بووژانەوە و نەشونمای کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت سەربازی.

پارتی ژنان کە پانتاییە ئایدیۆلۆژیایەکەی لەسەر ئەم بنەمایە تاوتوێ کرا، لە کۆنگرەی دووەمی نەتەوەیی ژن کە لە مانگی مارتی 1999 بەڕێوەچوو، بە شێوەیەکی فەرمی و لەژێر ناوی PJKK دامەزرا. PJKK بەهێنانەدی ئامانج و بنەماکانی ڕێکخستنی لەڕێی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ، پاڵپشت بەو میراتە دەوڵەمەندانەی کە لەماوەی تێکۆشانێکی درێژخایەندا بەدەست هاتوون، قۆناخی تێکۆشانێکی نوێی دەستپێکرد. بەم شێوەیە خەباتی ئازادی ژن، کەوتە نێو قۆناخێکی نوێ، واتە قۆناخی بەپارتی بوون. PJKK یەکەمین پارتی ژنانە لەمێژوودا خۆی گەیاندۆتە ئاستی پراکتیکی. بەم مەبەستە بەرپەرچدانەوەی دزێوترین گەڵەکۆمەیە کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە و سیستەمی باوکسالاری پیلانگێڕ، لە کەسایەتی سەرۆکایەتی PKKدا لەسەر گەلی کورد و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینی پەیڕەو کردووە. ئەم وەڵامە؛ وەڵامێکە بە نوێنەرایەتی هەموو ژنانی دونیا کە بەسیستەمی باوکسالاری دراوەتەوە کە بە پیلان لەدژی ژنی خوڵقێنەری مێژوو و خوداوەندەکان، کوشتوونی و لەژێر ناوی سیحربازی ئاگری تێبەرداون، لە ڕێی سۆزانی فرێژی کردوون و لەشەڕەکانی ئازادیدا شەهیدی کردوون، کە ئەمەش راستی ئەو سیستەمەیە. پێویستە بەم شێوەیە تێبگەین و بزانین کە تەنیا بەناوی ژنانی گەلێك نەبووە. هەرچەندە لە رەسەندا هی کوردەواریش بێت، زۆر ژن لە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین لەم پارتەدا بەشداریان کردووە و شەهیدبوون و ئێستاش شۆڕشگێڕی بەم شێوەیە لەنێو تێکۆشاندا جێی خۆیان دەگرن. لەم رووەوە پارتییەکی ژنانە کە هەرچەندە سەرەتا لەچوارچێوەی رۆژهەڵاتی ناویندا تێکۆشانی کردبێ، ئامانجی لەئامێز گرتنی تەواوی ژنانی جیهان بووە. بەواتاترین وەڵام بە زهنیەت، تایبەتمەندی، کولتوور و سیستەمی

پیاوسالاری کە خوازیار بوو بە پیلانگێڕی نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و لەئاکامدا تەواوی جیهان بۆ جارێکیتر لەشەڕ و ڕەشەکوژی و خوێندا بخنکێنێ؛ گواستنەوەی گەوهەری ئاشتیخواز و بەهێزی ژیان و ئاستی ڕۆشنبیرییە بۆ ڕێکخستن. واتای بەپارتی بوونی ژنیش، هەر ئەوەیە. هێزێکی ڕێکخستنییە کە ڕۆشنگەری ژن و ڕێنیسانسی ژنی لێ دەکەوێتەوە و لە کۆمەڵگادا پەرە پێدەدات.

بەڕێوەچوونی دووەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژن و ڕاگەیاندنی PJKK وەڵامێك بوو بۆ بێ بەزەییترین پیلانگێڕی لەمێژوودا، بۆیە گرنگییەکی مێژوویی هەیە. سەرەڕای ئەمەش لە بواری پیادەکردنی پارتی زۆر کەموکوڕی دەرکەوتوون.

لەسەرووی هەموویان ئەو چەوتیەی ڕووبەڕووی بوونەوە، نزیکایەتیەك بوو کە خۆیان لە PKK دابڕیوە، ئەندامانی کە بە قووڵی دەرکیان بە مەبەستی سەرۆکایەتی لە پارتی ژنان و ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری لەسەر تەوەرەی ژن نەکردبوو، وەك پارتیەکی تەنیا ڕەگەزی و ژنانە کە تەنیا ڕزگاری ژن بە بنەما دەگرێ لەخۆیان ڕوانیوە و تووشی دووڕیانێك بوون کە بزاڤەکانی ڕابردووی ژنانیش ڕووبەڕووی ببوونەوە. بە چاوخشاندنێك بە مێژووی شۆڕشەکانی جیهان بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر بزاڤی ژن هەبوون کە لە ئەستەمترین هەلومەرجی قۆناخەکانی شۆڕشدا بەشداریان کردووە و هەوڵیانداوە. بەڵام لە وەرچەرخانی شۆڕشدا شکستیان خواردووە. ئەو دووڕیانەی ژنان لە خاڵی وەرچەرخاندا دووچاری بوون؛ دووریانی نێوان بەرژەوەندی گشتی شۆڕش و بەرژەوەندیەکانی تایبەتی ژنان بووە. لەڕاستیدا ئەم بارودۆخە گرێدراوە بە چارەسەری ئایدیۆلۆژیانە یراکتیکیانە کە بۆ ژن و کێشەی ژن بینراوە لەلایەنی ئەو ڕێکخستنانەی کە شۆڕشیان ئافراندووە. واتە لە گەوهەردا بەچاوێکی وا لە ژنیان ڕوانیوە کە لەنێو شۆڕش جێگەیان گرتووە و موڵکی پیاو و گشتین، ئەم تێڕوانینە بەگرانی خۆی سەپاندووە. لەگەڵ دەربازبوونی شۆڕش بۆ قۆناخی ئەستەم، ئەوەی کە لێی خواستراوە ئەوەیە لایەنی تایبەتی خۆی بداتە گۆشەیەك. واتە ژن ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی لاوەکی بەم شێوەیە دەکاتەوە، یان بەرژەوەندیە گشتیەکانی پارتی یاخود چارەسەری کێشەی ژن . لەڕاستیدا شۆڕشێك کە لە ڕوانگەی فەلسەفی، ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی و پراکیتکی لەژن بڕوانی، تووشی دووڕیانێکی بەم شێوەیە نابێ. ئەوە نیشانمان دەدات کە کێشەی سەرەکی، کێشەی چۆنیەتی تێڕوانینە لە ژنان و ئەم کێشەیەش لە زۆربەی قۆناخەکانی شۆڕش دەرکەتووە و بەشێوەیەکی گشتی دوو

سەرەنجامی بە دواوە بووە. یان ژنان و ڕێکخستنەکانیان گوتوویانە "بەرژەوەندیە گشتیەکان لە پلەی یەکەمدان" و دەستهەڵگری بەرەو پێشەوەچوونی خەباتی ئازادی بوون و لایەنە تایبەتیەکانی خۆیان لە ڕەوتی خەبات و کێشە گشتیەکان بە تێپەڕبوونی کات لەدەستداوە، واتە ئەم لایەنانە تواونەتەوە. یاخود گوتوویانە: "سەرەتا ئازادی ژن" و بەم شێوەیە خۆیان لە کێشەکانی گشتی شۆڕش و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دوورە پەرێز گرتووە و مارژینالْ بوون. وزەی شاراوەی ژن کە دەتوانرا بەرەو شۆڕش و کۆمەڵگا ئاراستە بکرێ، بێ کاریگەر ماوەتەوە. لە راستیدا ئەمەش لە جەمسەرێکی ترەوە، لایەنی جیاوازی ژنی تواندۆتەوە. بەر لە دانانی ئەلتەرناتیفێکی دروستی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی لە خەباتدا و دەستپێکردنی شەڕێکی رادیکالْ دژی هەڵسوکەوتی باوکسالارانە و خەباتی ئافراندنی پیاوێکی نوێ، بەرجەستەکردنی دەسەڵات لەپیاودا تەنیا لە روانگەی رەگەزییەوە دەرکەوتۆتە روو و هەڵوێستی قەبە ڕەتکەرەوە وەرگێڕاوە. لە راستیدا ئەو کێشانەی کە PJA لەنێوان ساڵەکانی 1999 ــ 2000 ڕووبەڕووی بۆتەوە، دەستەوەستانی بووە سەبارەت بە تێپەڕاندنی ئەو دووڕیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد. دەتوانین بڵێین ئەوە دژواری و ناکۆکیەکی گشتی بوو کە لەو قۆناخەدا، بزاڤەکانی ئازادی ژن بەشداربوون لە بزوتنەوەکانی شۆڕشگێڕی دونیادا، ڕووبەڕووی دەبوونەوە. لەبەرە ئەم هۆکارەش چارەسەرکردنی لە ئەنجامی هەڵسوکەوتێکی دروست، دژوار و بەژان بوو. لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو دژوارییە لە دەرك نەکردنی قووڵ و هەمەلایەنەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و بەپارتیبوونی ژن سەرچاوە دەگرێ. دەنا PKK هەر لەسەرەتاوە، نزیکایەتیەکی ستراتیژی لەگەڵ پرسی رزگاری و ئازادی ژن کردووە. بگرە لە ئەستەمترین هەلومەرجی شەڕیشدا دەستبەداری نەبووە. ئەو کێشانەی کەسایەتی نیوەچڵی ژن و پیاو لەبەردەم پانتایی پێویست بۆ بەپارتی بوونی ژن ناویانەتەوە؛ لە هەمیشە زیاتر قۆناخی دژوارتر کردووە. هەروەك لە قۆناخی بەسوپابوونیشدا بینرا پەیوەندی نێوان ئامانج ــ ئامراز بەباشی تێنەگەیشتراوە. کەوتوونەتە نێو کردەوەیەکی قەبە ـ دۆگماتیك. ژن لە ژێر ناوی ڕەتکردنەوەی باڵادەستی پیاو، لەو رۆڵەی کە دەبوایە سەبارەت بە ڕێکخستن و خەبات بیگێڕێ، دوورکەوتۆتەوە. مەسەلەی ئازادی لە ئەنجامی فشاری سەپێنراوی پیاوی پاشڤەڕۆ ـ کلاسیکیش، لە چوارچێوەیەکی رەگەزیدا بەرتەسك ماوەتەوە و بەبنبەست گەیشتووە. تیۆری دابڕان لە لایەن سەرۆکایەتی پارتی بە مەبەستی توانایی ژن بۆ دەربڕینی هێزی

خۆی، متمانە بەخۆبوون و سەرلەنوێ بەدەست هێنانەوەی سروشتی خۆی وەك تەگبیرێك لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی باوکسالاری پێشکەش کراوە و ئامانج ئاشکراکردنی گەوهەری رەسەنی ژن و رەنگدانەوەیەتی لەنێو پارتیدا. وێڕای ئەمە لەقۆناخی پراکتیکدا ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی چەوت تاوتوێ کراوە. شێوەی خەباتێکی بەرتەسك و سنووردار و بێ توانا لە بەکارهێنانی ئەو بەهایانەی لەم زەمینەدا بەرجەستەبوون، لەبەرامبەر رەنگدانەوەی پاشڤەڕۆیەتی پیاو و ژن لە گۆڕەپانی ئازادیدا بەبنەماگیراوە و لەم رووەوە چاوەڕێی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ماوەتەوە. هەروەها لە قۆناخێکدا کە بزاڤی ژن ـ کە بەردەوام بەپێشەنگایەتی سەرۆك پێش دەکەوت ـ بەتەنیا مابۆوە؛ وێڕای ئەوەی بەکەڵك وەرگرتن لەهێزی خۆیی دەسکەوت و ئەزموونی مێژوویی زۆر گرنگی بەدیهێنابوو، لە شوێنی بەکارهێنانی ئەم لایەنە پتەوانە، زۆرتر زەمینەی بۆ لایەنە لاوازەکانی خۆی خۆشکردووە. ئەمە ژنی سەبارەت بە خۆی بێ متمانە کردووە و هێناویێتیە رەوشی پاراستن. ژن لە بارودۆخی دەروونی ئاماژەپێکراو، بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە رەوتی خەباتی گشتی دوورەپەرێز ماوەتەوە, لەڕاستیدا بابەتی باس تایبەتمەندیەکانی ژنی کلاسیکە. دوودڵی ژنی کلاسیك کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی ژیانی کردووە "ئێستا ئێمە چیمان لێدێت" سەقامگیر بووە. تایبەتمەندی دۆگماتیك، فێڵباز، هاوسەنگی پارێز کە کادیری بەڕێوەبەرایەتی لەکۆکی چینی وردە بۆرژوا وەریگرتبوو، لە دەرکەوتنی ئەم کەموکوڕییانەدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. بە دوورکەوتنەوەی ژن لە ئامانجە سەرەکیەکانی، هەڵسوکەوت لەسەربنەمای پێوانەکانی چەمکی وردە بۆرژوایی، وێڕای گرنگی قۆناخی سیاسی و رێنمایی و شیکردنەوەی پێشکەشکراو لەلایەن سەرۆکایەتی PKK، سەبارەت بەو رۆڵەی کە پێویست بوو لەو قۆناخەدا لە بەرامبەر گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی بیگێڕی، لاواز ماوەتەوە. تەواوی ئەم کەموکوڕیانە لە سێیەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژن کە لە مانگی 7 ـ 8ی ساڵی 2000 بەڕێوەچوو بە باسی بەربلاو و بڕیار وەرگرتن چارەسەر بووە و گەیوەتە قۆناخی چارەسەری راستەقینە.

سێهەمین کۆنگرەی ژنان بە هەڵسەنگاندن و مەحکومکردنی هەڵسوکەوت لەبەرامبەر رێکخستن کە مۆری وردە بۆرژوای پێوە دیارە و ئەو کردەوانەی لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجام دەدرێن؛ ئاستێکی پتەوی بڕیار وەرگرتنی لە چەمکی دروستی رێکخستنیدا بەدیهێناوە. ئەم هەنگاوە زۆر گرنگە و لەڕوانگەی پێشکەوتنی قۆناخ لەسەر رەوتێکی راست، مێژوویی بوو.

هەرچەندە درەنگیش کەوتبێ، بەڵام لە ئەنجامدانی سەرەتایەکی پتەودا دەستپێکردنی هەنگاوێکی بە ئیمتیاز لە دەربازبوونی سەدەدا خاڵێکی گرنگ بوو. لێپرسینەوەی گەوهەری خۆیی بەهێز کردەوە و لە روانگەی هاویشتنی هەنگاویش لەسەربنەمای رەخنە لەخۆگرتن و هەروەها رامانێکی زانستی و گەیشتن بە ئاستی باس و بڕیاروەرگرتنی بابەتییانە، بۆتە سەرەتایەك. لەقۆناخی پێش کۆنگرەی سێیەمی ژن، لەڕاستینەی ژیاندا بەشێوەیەکی سەرنج راکێش فێری ئەوە بوو کە تێکۆشانی رزگاری ژن لە سەدەی بیست و یەکەمیندا تا چ رادەیەك دژوارە و پێداویستی بەنزیکایەتیەکی لێهاتووانە و ووردەکاری هەیە. بۆ خاوەن دەرکەوتن لەو رۆڵەی کە لەسەر شانێتی پێویستی بە نزیکبوونێکی جددی و بەرپرسیارێتی و رەنجێکی گەورە هەیە. هەروەها پەی بەوکێشانە بردووە کە لەکاتی نەبوونی هەڵسوکەوتێك لەسەر ئەم بنەمایە دەردەکەون تا چ رادەیەك ئاستی ئازادی ژیان نزم دەکەن. لەسەرەتای دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەکەم، کە سەدەی ئازادی ژنە، لەواتایەکدا ئەم قۆناخە قۆناخێکی گەلێك دژوار و تاقیکردنەوەیە بۆ ژن، بەڕادەی ئەمەش قۆناخێکە کە تیایدا یەکلایی بوونە لەئاستی بینینی لایەنە لاوازەکانی ژن کە تیایدا خۆی فریو دەدا و سەرانسەر و بێ هێز بوو، هەروەها ئەو هێزە شاراوەیەی کە هەستی پێنەکردبوو و، گرێدانی ئازادی لایەنە بەهێزەکانی تریشی دەرخستە روو. لەزەمینەیەکی پێکدادانی ئاوا زۆر و زەحمەت، هەنگاونان بۆ سەدەی بیست و یەك تا دوارادە هەنگاوێکی مێژووییە.

کۆنگرەی سێهەم، باس و بڕیاری تایبەت بە گواستنەوەی راستی شۆڕشی نەتەوەیی و دیموکراتیك و ئەو بەهایانەی خوڵقاون، بەتایبەت ئاستی پێشکەوتنی ژن لە ئاکامی خەباتی ئازادی ژندا کە لەسەر گۆڕانکاریەکان کاریگەری هەیە، بۆ نێو کۆمەڵگا بە ئەنجام گەیاندووە. لەو کاتەی کە سەرۆکایەتی PKK، مەسەلەی گۆڕان و وەرچەخانی هێناوەتە ئاراوە، بابەتی سەرەکی لێتوێژینەوی PJAش ئەوە بوو کە ئاستی ئەو چارەسەرییەی لە ئەنجامی خەباتی سی ساڵە بەدیهاتووە، بخاتە نێو گەل، واتە بەژیانی کردنی ستراتیژی نوێی بوو. پێش هەموو شتێك چارەسەری ئەو کێشانەی لەنێو رێکخستن دەرکەوتوون، تاوتوێ کران. گەورەترین وەڵامی ئەم لێگەڕین و لێتوێژینەوەیە، لە ساڵی 2000و لە سێیەمین کۆنگرەی ژندا درایەوە. ئەم کۆنگرەیە هیوا، بانگەشە و باوەڕی لەنێو تەواوی ژنان، پاڵپشت بە رەخنە لەخۆگرتن لەبونیادی پێداگری لەسەر خەبات لە رێگەی ئازادی، دیموکراسی و

ئاشتی، پەرەپێداوە. ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەیەك بوو بەگوێرەی رۆڵی ژنان لە قۆناخی وەرچەرخان و گۆڕانی دیموکراسییانە. شێوازی خەباتی چەواشە کە رێکخستنی تایبەتی ژنانی سنووردار بینیوە و سنوورەکانی ئازادی تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی نێو پارتی و لەنێوان ژن و پیاو بەرتەسك بینیوە، لەم کۆنگرەیەدا مەحکوم کراوە. هەتا ساڵی 1998 زۆرتر وەك شەڕی کەسایەتی لەگەڵ خود و وەك خەباتی رەگەزی نێو رێکخستن لە خەبات تێگەیشتراوە. چونکە بەر لە هەرشتێ ئاستێکی باڵای گفتوگۆ و قووڵبوونەوە لەنێو رێکخستندا و گونجاندنیان لە چوارچێوەی پێوانەکاندا، پێویست بوو. بێ بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرچاو لەنێو پارتیدا، گواستنەوە بۆ کۆمەڵگا بەدینایە. لەم روانگەیەوە رەوتی ئامادەپێکراو، رەوتی سروشتی پێشکەوتن بوو. سەرۆکایەتی پارتی لەساڵی 1998دا بەخستنە رۆژەڤی گفتوگۆ لەسەر بەپارتیبوونی ژن و، پێشخستنی کرانەوەی جیاواز و بەرفراوان لەخاڵی گۆڕینی پیاودا گرێدانە بە ئامانجکردن و گشتگیرکردنی ئەو ئاستەی کە لەم بابەتەدا بەدەست هاتووە. دوای کۆنگرەی سێهەمی ژن، رێژەی تێ فکرین لەسەر تەوەرەی چارەسەری کێشەکە لە رەهەندی کۆمەڵایەتیدا، خێرا پێشکەوت. تێفکرین لەم بوارەدا بەرەبەرە وەك پرۆژەی شیاوی پراکتیزە کردن بە دەرکەوتن لە دەسەڵاتی بزاڤێکی کادێری و بەکەڵك وەرگرتن لە گەیشتن بە گەل و دیاریکردنی کەموکورتیە ژیانیەکان بەرجەستە بووە. سەرچاوەکەی لەرێی خەباتی پەروەردە و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر خراوەتە بەر باس و گفتوگۆ.

PJA لەڕێگای کۆنگرەی سێهەمی ژنانەوە بەگوێرەی رۆڵی خۆی و کارەکتەری سەدەی بیست و یەکەم دەستیکردووە بە دەستنیشانکردنی رۆژەڤەکەی بەشێوەیەکی راست. PJA بەو بەرپرسیاریەتییەی لە تێگەیاندنی ئەو رۆڵە مێژووییەی کە ژن وەکو گەرەنتی قۆناخی ئاشتی و دیموکراسی رووبەڕووی بۆتەوە و هەروەها لە گەشەپێدان و بڵندکردنی باوەڕی بە سەرکەوتنی دیموکراسی بەدەستی ژن و پەرەسەندنی تێکۆشان لەسەر ئەم بنەمایەی خستۆیەتە سەرشان. خاوەن هەڵوێستێکی وشیارانەترە لە هەرکاتێك دەستەبەربوونی وەرچەرخانی دیموکراسیانەی کۆمەڵگا بناخەکەی لە رێگای تێکۆشانی سی ساڵەوە دارێژراوە. ئەو گۆڕانکارییەی لە قۆناخی رابردووەوە تا رۆژی ئەمرۆمان لە ژناندا هاتۆتە ئاراوە، زمانی گۆڕانی شۆڕش بووە. هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ستراتیژی لەم

تێکۆشـانەدا، گۆڕانکـاری ــ وەرچـەرخان زمـانـی پێگەیشـتنی گـەردوونی بەدەسـت هێنـا. لـە قۆناخەدا، چالاکترین رۆڵ دەکەوێتە ئەستۆی PJA.

سـەدەی بیسـت و یەکـەم بەهـەمان رادە کـە سـەدەی رووبـەڕوو بوونـەوەی سیسـتەمی باوکسالارییە، کە ئێش و ئازارێکی مەزنی بە گەلان چەشتووە، بنبەستبوون لە ئاستی هـەرە بڵنـددا دەبێـت و هـەر کـە دەچـێت تووشـی هەڵوەشـانەوە دێـت، لەهـەمان کاتـدا سـەردەمێك دەبێت کە گەلان و بەتایبەتیش ژنان، کە لەوپەڕی چۆش و خرۆشی لـەپێناو داخوازیـەکانی دیموکراسـی، ئـازادی و ئاشـتیدا دەژیـن، وشـیاری، ئـازادبوون و لـە دایکبـوونی راسـتەقینەی خۆیان دەستەبەر دەکەن. بە هەڵوەشانەوە و لەناوچونی سـەردەمی شارسـتانی پێـنج هـەزار ساڵەی باڵادەسـتی کلاسـیك، هـەر کـە دەچـێت بـەرەو پێشەوەچـوونی سـەردەمی شارسـتانی دیموکراسـییانە کـە مـۆری ئـازادی ژنـی لەسـەرە، شانسـێکی زۆرتـر بەدەسـت دەخـات. ئەمـە دەبێتـە بووژانـەوەی سـەرلەنوێی هـەموو رەنـگ و جوانییـە لـەناوبراوەکان لەسـەربنەمای دۆزینەوەی سەرجەم ئەو شتانەی کە گـەلان و ژنـان لەدەسـتیان داوە. یەکـەمین دژە شـۆڕش کـە لەلایـەن شارسـتانیەتی کۆمـەڵگای چـینایەتی سـەریهەڵدا و لەسـەربناخەی کۆیلایـەتی رەگەزی ژن لەدژی ژنانەوە بە ئەنجام گەیشتووە، لە رێگـای ئـەو هەڵمەتـەی دیموکراسـی کـە بەسـەرکەوتنی تێکۆشـانی ئـازادی ژن پـێش دەکـەوێت، پووچـەڵ دەکرێتـەوە. مانیفێسـتۆی شارسـتانیەتی دیموکراسـییانە هاوکـات لەگـەڵ پـرۆژە روون و دیاریکراوەکـانی چارەسـەری رەهەندی مێژوویی، هەنووکەیی و ئایندەییەکانی ئەم راسـتینەیە بـە روانگـەی بونیـادنراو لەسەر تەوەرەی ژن، بەشێوەیەکی قووڵ تـاوتوێ دەکـات. لەچوارچێوەی تێکۆشـانی گـەلان و ژنانی لەپێناو دیموکراسی و ئازادی لە سەدەی بیست و یەکەمدا خولْقاندووە.

ئەمڕۆ ژن وەکو چینی هەرە کۆن و ژێردەست، گوشاری چەوسانەوەیەکی چەند قـاتی لەسەرە. کێشەی ژن کە تازە رێگەی لەبەردەم دەکرێتـەوە، بابـەتێکی هێنـدە بەرفراوانـە کـە ناکرێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا قەتیس بکرێت. ئازادی ژن وەکـو پێـوەری گشتی هەموو ئازادییەکان تا ئێستاکەش خەریکی ئامادەکاری یەکەم هـەنگاوەکانی خۆیـەتی. پەڕینەوە لە سەردەمی ژن بۆ سەردەمی پیاو رێگەی لەبەردەم گـەلێك ژانـی مـەزن بـۆ ژنـان خۆشکردووە. مێژووی پێنج هەزار ساڵەی کۆمەڵگای چینایەتی لەهەمووان زیـاتر زیـانی بـە ژنان گەیاندووە. گوشاری فرەلایەنە، سووکایەتی پێکـردن، جیـاوازی رەگـەزی و هەرچەشـنە نایەکسانیەك لەسەر ژن بەڕەوا بینراوە. ژن کە سووتابێت و سووتینرابێت، تـازە دەخوازێـت

بە پاك كردنەوە و تەكاندنی خۆی لەژێر خۆڵەمێش سەردەرهێنێ. لە كاتێكدا دەبوایە دانپیانانی بێ مەرج بە هەموو مافە تاكەكەسیەكان بۆ ژن، لە سەرووی هەموو بابەتەكانەوە بێت، بە رۆژەڤبوونی ئەم بابەتە لەدوای هەمووان و ئەویش بەشێوەیەكی سنوودار پەیوەندیدارە بەقووڵایی و رەهەندە مێژووییەكانی ناحەقی. بابەتەكە بەو رادەیەی كە بشێ بكرێت بە لقێكی زانستی لە كۆمەڵناسیدا، بەرفراوانە و هەروەها بەڕادەیەك گرنگە كە خۆی لەخۆیدا دەستپێكردنی تێكۆشانی سیاسی و حقوقی دیموكراسییانە، رێكوپێك، پیلان رێژكراو و رێكخراو لە درێژخایەندا بسەپێنێ. هەم لە رووی گەوهەری، هەم لە رووی رواڵەتەوە لایەنی جیاوازتر لە تێكۆشانی نەتەوایەتی و چینایەتی هەبووە و لەوان ژیانی ترە.

## سەردەمی شارستانیەتی دیموكراسیانە، دەبێتە سەردەمی ژنی ئازاد

سەرەكیترین كارەكتەری ئەو چاخەمان ئەوەیە، تایبەتمەندێتی قەیرانی گشتی و هەڵوەشانەوەی شارستانیەتی كۆمەڵگای چینایەتی و تایبەتمەندێتیەكانی قۆناخی پەڕینەوە بەرەو ناسنامەی شارستانیەتی كۆمەڵگای نوێ لەخۆوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندێتیە جیاوازەكانی هەردوو جیهان بەرامبەر بە یەكدی دەكەونە نێو شەڕێكەوە، بەڵام ئەو هێزەی نییە كە بە خێرایی و بە شێوەیەكی یەكجاری یەكتری تێپەڕ بكەن، یان لەناو ببەن. تەنانەت ئەم دوالیزمەی رەش یان سپی لەگەڵ یاسا سەرەكیەكانی سروشتیش ناكۆكە. سروشت و راستینەی كۆمەڵگا كە یەكێكە لەشێوازەكانی، بەردەوام لەنێوان كۆتایی و بێ كۆتایی بە گۆڕانكاریدا دەرباز دەبێت. هەڵسەنگاندنی شێوەكانی كۆمەڵگا و بەردەوامی شارستانیەت بە گوێرەی دوالیزمێكی تەسكی رەش و سپی، رێگا لەپێش مەترسیدارترین لادانی ئایدیۆلۆژی دەكاتەوە كە هەڵەی مەزن لەخۆوە دەگرێت. لە راستیدا سپی و رەش دوو جەمسەری جیهانی رەنگەكانن كە بە خێرایی دەگۆڕێن. مەزنترین لایەنی راستی ئەوەیە، تەواوی رەنگە هەمە جۆرەكان لە نێوان ئەم دوو جەمسەرە ریزبەند دەبن. بینینی

وەرچەرخانی کۆمەڵگا و شارستانیەت لەنێو چوارچێوەی ئەم هەمە ڕەنگییە، گرنگیەکی ژیانی بۆ لە دایك بوونێکی ئایدیۆلۆژی ڕاست هەیە. کاتێك سپی یاخود ڕەش لەدایك دەبن، واتای ئەوەیە کە "**یان دەبم بە فاشیست یان سۆسیالیزمی بونیادنراو**". کەواتە چی لە ڕەنگەکانی دیکە بکەین کە جوانترە و دەوڵەمەندی لەخۆوە دەگرێت؟

لەژێر ناوی سۆسیالیزمی زانستیەوە کەوتنە ناو سنووردار و تەسك بوونێکی بەم شێوەیە بناخەی تەواوی ئەو هەڵە و کەم کوڕیانەیە لە پراکتیزەکردندا دەرکەوتوون. ئەنجام رووخانە. بەڵام دیسان پێویستە لە میانەی بەرچاوگرتنی هەبوونی جەمسەرەکان دەستنیشان کردنی شێوەی گونجاو، وەکو ئەرکێکی سەرەکی ئەو هێزانە ببینرێ کە لایەنگری خوڵقاندنی نوێن.

راستینەی مێژووی سەدەی بیستەم بۆتە گەواهی ئەوەی هەردوو جەمسەر بە هەموو گوڕوتینەی کە هەیانە، خۆیان بەسەر مرۆڤایەتی سەپاندووە. مرۆڤایەتی لەژێر ئاگری بێ هاوتای تەکنۆلۆژیا، لەژێر سایەی ئاڵای ڕەش و سپی وەکو سیستەمی فەرماندان ناچاری ریزگرتن کراوە. ئێش و ئازاری تۆقینەر هاتۆتە ئاراوە و خوێن رژێنراوە. بەڵام تەوژمی دیالەکتیکی ژیان ئەم فشارانەی پووچەڵ کردۆتەوە و سەلماندوویەتی کە ژیان تەنیا ڕەنگی بەڵەك (ڕەش و سپی) نییە و هەمەڕەنگی لەخۆوە گرتووە. ئیتر چی ئەو سیستەمە ڕەشەی سیستەمی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی بێت کە خودای ڕەها و حاکیم و قەهار فەرمانی پێداوە، یان سیستەمی تاك ڕەنگی "کۆمۆنیزمی سپی" بێت کە وەکو دژی ئەو دیارەیەیە, بەڵام لە گەوهەردا پێی دەچێ، لەگەڵ ئەوەی لە بواری تیۆریدا بیری لێکردۆتەوە و ناوە ناوەش لە پراکتیزەکردن نزیك بوونەتەوە، ئەمانە هەروەکو خۆیان مەزەندە دەکەن هیچ کاتێك مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی بەردەوام تێیدا ناژیت و سیستەمێکی ئۆتۆپی و خەیاڵین.

مرۆڤایەتیش هەروەکو سروشت هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندێتی ڕەنگ لەسەر کۆمەڵگا پەیرەو دەکات و درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. لەم واتایەشدا میتۆلۆژیای سۆمەر بە گوێرەی ئایینە تاکخوداییەکان نەرمتر و مرۆییانەترە. هەڵبەتە لە هەندێ لایەنەوە سیستەمی خواوەندەکان واتە سیستەمی ڕەشی پادشاکانە. بەڵام کاتێك مێژووی تەواوی میتۆلۆژیا و ئایینەکان لێکۆڵینەوەی سەبارەت بکرێت، لەوێدا سیستەمێکی ڕەشی ڕەها لە

ئارادا نییە. سەرەڕای هەموو لایەنە دۆگماتیکەکانیان لە پەسندکردنی هەمان هەمەڕەنگی ڕزگاریان نابێت.

پشتگیری و ئەرێ کردنی زانستیانەی ئەم راستینەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو و لە سەدەی بیستەمدا نیشاندراوە. وەرچەرخانی مادده ـــ وزە، تیۆریەکانی گەروون، وەرچەرخاندنەکانی وزە، بڕە بیردۆزی فیزیا، ڕێژەیی شوێن و کات، بە زێدەییەوە سەلماندوویانە کە ڕەش و سپی دوو ڕەنگ یاخود سیستەمی نەگۆڕ نین.

کاتێك لە میانەی ئەم چوارچێوە فەلسەفی و زانستیە تەماشای راستینەی کۆمەڵگا بکرێت، باشتر دەرك بەوە دەکرێت کە دژەکان پێویستیان بەوە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ و گرێدراو بە یەکتری بژین. سەرکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، لەڕاستیدا بۆ ئەو کارەکتەرە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ واقیعدا کۆکە؛ فەلسەفەیەکی سروشت و شێوەبەندی هەمەڕەنگی کۆمەڵگا بە بناخە دەگرێت و پێشبینی کردنی ئەوەی کە لە بواری پراکتیکیشدا وەرچەرخانی گەردوونی بە بنەما دادەنرێت، سەرچاوەکە پێك دێنن. هێزی خۆی لە زانست و فەلسەفە وەردەگرێت. شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ، لە میانەی کاریگەری کردنە سەر گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا و دەرککردنی بە قوڵایی یاساکانی پەرەسەندن، ئیتر دەبێت بە موڵکی تەواوی مرۆڤایەتی. ئەو ڕەوشە ڕێکەوت نییە و یەکێکە لە ئەنجامە گرنگەکانی هێزی زانست. چونکە زانست دیموکراتە. بەڵام هەروەکو چۆن دیسان پێکهاتەکانی پشت بە دۆگماکانی کۆمەڵگای کۆن دەبەستێ هەبوونی خۆی دەپارێزێ، ئەوا هەندێ پێکهاتەی یۆتۆپیاگەرایی کۆمەڵگای نوێ دێنە ئاراوە و پێکهاتەکانی خۆیان ئاوا دەکەن.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە دیموکراسی هاوچەرخ تەنیا وەکو سازشکاری هەر دوو جەمسەر تاوتوێ بکرێت، بە هەڵەداچوون و خەڵەتاندنێکی مەزنە. گرنگترین بابەتی پێویستە بزانرێ، سەرباری ئەوەی نزیکبوونەوەی هەردوو جەمسەر لە ئارادایە، تاوەکو پابەندی پێوەرە دیموکراسییەکان بێت ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە. بەڵام ئەوە سەرەکی و مسۆگەرە کە هەمەڕەنگی کۆمەڵگا دەوڵەمەندێتی هەمەڕەنگی بەرفراوانترین نەوەیە. دیموکراسی هاوچەرخ زیاتر پشت بە هەمەڕەنگی شێوەبەندی کۆمەڵگا دەبەستێت. لە ڕێککەوتنی دوو جەمسەر بەولاوەتر، وەکو سیستەمێك هەڵدەسەنگێنرێ، ڕێز لە هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندێتی کۆمەڵگا دەگرێت کە بە درێژایی مێژوو بەمجۆرەیە و لەسەر

ئەم بنەمایە هەڵدەسەنگێنرێ. گوزارشت لە بیردۆزەیەکی تیۆری دەوڵەمەنـد و پێشکەوتنی کرداری و شێوەگرتن دەکات. تیۆریەکی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی ئاسایی نییـە. ناتوانرێ دابخرێتە ریزی شێوەیەکی دەسەڵاتی سیاسیش. شێوەیەکی شارستانی درێژخایـەن و بەرفراوانە، فاکتەری کۆمەڵگای چینایەتی و بێچین لەخۆوە دەگرێت، بـەڵام سیستـەمێکە پشت بە شێوەی بێ سنووری لەرینەوەی تێکەڵی ئەوانـە و دەست نیشانکردنێکی ئازادانـە و پراکتیزەکردنی دەبەستێ. تیۆری و کرداری پێشکەوتنی ئازادانـەی ژیانـە. کاتێـك تـەواوی ئەمانە ئەنجامدەدرێ، سیستەمێکە لە دەرەوەی بەرگری رەوا کـە پێناسـە یاساییەکەی روون و ئاشـکرایە پەنابردنــە بــەر توندوتیــژی رەت دەکاتــەوە. سیســتەمێکە تــەواوی توێــژە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە وەکو کۆنترین رەگەز و چینی چەوساوە ژنـان و منداڵان بە شێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لەخۆیان دەکـەن. سیستـەمێکە تـەنیا ناکۆکیـەکانی نـاوەوەی کۆمـەڵگا چارەسـەر ناکـات، بـەڵکو لـە میانـەی پێشکەوتنی زانستی و تـەکنۆلۆژی چارەسـەری ئـەو ناکۆکیـەی لەگـەڵ سروشـت بـە بناخـەیی دادەنێـت کـە پـێ بـە پـێ مـەزن دەبێت. **سیستەمێکە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و وەرچەرخان لـەنێو هەلومـەرج و زەمینـەی ئاشتی بە بنەما دەگرێت.**

چــەندین جــار دووبارەکردنــەوەی پێناســەی دیموکراســی هاوچــەرخ، بــۆ ئــەوە دەگەڕێتـەوە کـە گـرنگترین چوارچـێوەی ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی پێکـدێنێ. **لەسـەر ئـاڵای ناسنامەی ئایدیۆلۆژی سەدەی بیست و یەکـەم و "شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ"، نـووســـراوە.** لـەژێــر سایـــەی ئـــەم ئاڵایــەدا تەنانــەت ســوود لــە پێکهاتــە کۆنــەکانیش وەردەگیردرێت، هێزی ئەوە نیشاندەدات لـە خزمـەتی کۆمـەڵگا و نوژەنبـوونی بـەکار بێنـێ. لەژێر ئەم ئاڵایەدا هێندەی بخوازن لە مێژوو، هێندەی بخوازن دەتـوانن لـە ئاییندەدا بـژین. هێندەی بخوازن دەتوانن ببن بە هەنووکەیی. بەڵام دەبـێ لـە میانـەی تێگەیشتنێکی قـووڵی پێوەرە سەرەکیەکان و ناسینی هێزی بە دەزگابوون و نیشاندانی رێـز و پابەنـدبوونێکی لـە رادەی پەرستن بژین. چونکە کەسایەتی ئەم ژیانە دیموکراسییانە، ئەو تاکرەوێتیە نییە کـە تیغ تیغەی قازانجی سەرمایەداری هاری کردووە و چۆنی بتانـەوێ تێیـدا بـژین. دەبـێ بڵێین ئەم ژیانـە "ژیانێکـە بـە گـوێرەی یۆتۆپیـا شـکۆدارەکانی ئاییـنـدە"، ژیـانێکیش نییـە کـە بـە گـوێرەی ئـارەزووی خـۆت تەریقـەتێکی نەخۆشـی ناسـی (پاتۆلۆژیـك) بسـەپێنی. هێنـدەی

بخوازن تاکی ئازاد دەبێت، بەڵام بە خولْقاندنی زانستیانەی مێژوو بە ئایندە پابەند دەبن و خۆتان بونیات دەنێن. **نابنە دیلی دۆگماکان و مەحکومی یۆتۆپیاکان.**

دەبێ بزانن تەنیا کاتێك زانستی بن لە میانەی رابردوو و ئایندەوە بە ژیانێکی ئازاد دەگەن. نابێ دەرفەت بەوە بدەن لەپێناو دۆگما و یۆتۆپیاکان دەست لە تاکی ئازاد بەردرێت، یان لە ئەنجامی سووکایەتی پێکردن و جنێوپێدانیان ببن بە تاکێکی نکۆڵیکار (منکر). دەبێ **تاکی ئازاد** هێزی دۆگما و یۆتۆپیا بناسێ، بەڵام ملکەچی بۆ نەکات، تاوەکو دەتوانێ هێزی فەلسەفی و زانستی بەدەست بێنێ و بەمجۆرە دەشێ ژیان بەرِێوە ببردرێت.

ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیەی پەسندی دەکەین ئەم رێسایانەی لێ نووسراوە. ئەمانەش نە پێرِەو و رێسای قەدەرە و نە هی سەر لێشێواویە. تاوەکو دوایی پێرِەوی زانستی و ئازادییە.

**لەدوای کەسێتی تاك دووەمین بواری گرنگی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پێشکەوتنی هاوچەرخانەی کۆمەڵگای مەدەنییە، بە واتایەك مانای سەرلەنوێ لە دایك بوونە.** ناوبردنی کۆمەڵگای مەدەنی بە **گۆڕەپانی سێیەم** دەشێ هەنگاوێکی یارمەتیدەرانەی دەستەواژە بێت. دەتوانرێ بگوترێ شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ لەسەر سێ پێچکە بەرز دەبێتەوە. ئەمانە کۆمەڵگای دیموکراتیك و سیاسەتی دیموکراسیانە و دەوڵەتی دیموکراسیە. بەڵام قۆناخێکە دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای کۆن بە ئاستەمی و هێواش گەشە دەکات. هەرچی دیموکراتیزە کردنی دەوڵەتە، بەهۆی پێکهاتە کلاسیکیەکەیەوە سەختترینیانە. بەڵام ناچارکردنی بەرەو شیاری دیموکراسیانە پێویستی بە تێکۆشانێکی مەزنی دیموکراسی هاوچەرخ هەیە. لە قۆناخەکانی دەستپێکدا سەرهەڵدانێکی گشتی کۆمەڵگا ئەمەی بەدی دەهێنا. بەڵام ئەو دەوڵەتەی بە پێی دەربازبوونی کات باڵادەستی ئایدیۆلۆژی و پراکتیکی بەدەست هێنا، هێزی کاردانەوەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای سست کردووە.

تەنگەتاوکردن و بەلاوەنانی رێڕەو و رێچکە کلاسیکیەکان ئاستەم نییە. بەسەرچوونی هەلومەرجەکانی شۆڕش و دژە شۆڕشە کلاسیکیەکان، رۆڵێکی گرنگی لەمەدا هەیە. ئیتر سیاسەتی دیموکراسی و ئامراز و شێوە چالاکیەکانی دەردەکەوێتە پێش کە وەکو ناچاریەك لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکەوێتە کار.

تاوەکو بڵێی گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە مێژوودا ناسراوە. لە کاتێکدا هێزی یاخیبوونی گەلان وەکو دەنگ و داخوازی کۆمەڵگا رۆڵ دەبینێ، دەوڵەتیش وەکو کۆنترین

دەسـەڵات، نیشـاندانی هـەبوونی خـۆی، هـەروەکو قـەدەرێك وایـە؛ وا مەزەنـدە دەکـات رزگـاربوون لـە کاریگەریەکـەی نابـێ. بـە تایبـەتیش دەوڵـەت و کۆمـەڵگا کلاسـیکیەکانی لـە دەرەوەی ناوەنـدەکانی شارسـتانیەتی سـەرمایەداری دان بـە خـراپترین شـێوە لـە نـاوەوە دەپوکێتەوە و رەنگدانەوەی بۆ دەرەوە، گەوهەرێکی بەمجۆرەیان هەیە موحافەزەکاری قـاڵتر دەکەنەوە. باوەڕیـان بـەوە هێنـابوو لـە میانـەی شۆڕشـەوە ئـەم هاوسـەنگیە تێکدەشکێنرێ. هەندێ نموونەی سەرکەوتوو، بەرەو ئەنجامێکی بەمجۆرەی بردوون کە دەتوانن بـەرفراوانی بکەن. بەڵام ئەو تەگبیرانەی ستاتۆی سیستەمی سەرمایەداری ـ ئیمپریالیستی پێشی خست، کاریگەری ئەم رێچکە و رێبـازەی زۆر سنوردار کـرد. بـە گـوێرەی ئـەوەی دەوڵـەتی قۆنـاخی موحافەزەکاری لەخۆیەوە دیموکراتیزە نابێت، ئـیتر جموجـۆڵی گۆڕەپـانێکی نـوێ، بـووە بـە ناچاریەك و تەنانەت چەمکی ئەو دەوڵەتەی بە تایبەتی سروشـت تێکـدەدات و لـە قۆنـاخی قـەیرانی سـەرمایەداریدا لـە ناوەنـدەکانی سەرمایەداریشـدا دەبێتـە موحافـەزەکار، لـەم شوێنانەش جولانەوەی گۆڕەپانی سێیەمی کردبووە ناچاریەك.

**گۆڕەپانی سێیەم، گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسیانەیە.** ئامرازێکی مـەدەنی بـۆ هـەر پێویسـتیەك بـووە ناچـاری کـە هەلومەرجـە ئاڵۆزەکـەی شارسـتانیەت دەیسـەپاند. ئـەو ئامرازانـە نـە ئـامرازە دژوارەکـانی شۆڕشـە و نـە ئامرازەکـانی گەیاندنـە کـە دەوڵـەت بـۆ خزانـدنی کۆمـەڵگا درێـژی کردۆتـەوە. بـەڵکو رێکخسـتنی سـەربەخۆن و ناسـنامەی خۆیـان هەیـە و بـە پێـی پێویسـتی شـێوە دەگرێـت، زیـاتر لـە نێـوان دەوڵـەت و کۆمەڵگادایـە و مەودایەك دووری هـەردووکیان وەسـتاوە. نـە دژی دەوڵەتـە و نـە بـەکرێگیراوێکی دەوڵەتـە. لەژێر فەرمانی پێویستیەکاندایە. رێکخـراوە بنەڕەتیـەکانی کۆمـەڵگاش جێگـای خـۆی تێـدا دەگرێت. ئەندامەکانی بە گوێرەی ئەو ئەرکانە شێوەیان گرتووە کە بە رەنگێکـی سـنووردار جێبەجێیان کردووە. لەگـەڵ تـەواوبوونی ئەرکـەکان بەخۆشـیان رێکخـراوێکن کۆتاییـان پـێ دێ، بە لانی کەم رێکخستنێکن بە گوێرەی ئەرکی نوێ دەگۆڕێن. ئەو مۆدێلە بۆ رزگـاربوون لەو بنبەستبوونەی شۆڕش و دژە شۆڕش قوڵیان کردبۆوە، وەکو پێویسـت تـرین رێچکە بـۆ هەموو کەسێك کاریگەرێتی بوونی خۆی چەسپاندووە. لەبەر ئـەوەی لـە بـواری ئابووریـەوە تـا کولتـوور، لـە وەرزش تـا ژینگـە، ئاشـتی تـا دەگاتـە بوارەکـانی مـافی مـرۆڤ، پێویستیەکان خۆیان سەپاندووە، رۆژ بەدوای رۆژ گرنگی ئەم گۆڕەپانە زیاد دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا پێناسە کردنی گۆڕەپانی سێیەم تێر ناکات. گۆڕەپان پێویستی بەوەیە لە بواری تیۆری و کرداری شوێنگەی خۆی یەکلا بکاتەوە.

ڕۆژ بەدوای ڕۆژ پێویستی بە تیۆری و پراکتیکی گۆڕەپانی سێیەم زیاد دەکات؛ پێویستی بە تیۆری و پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکی خۆی هەیە. ئەمە بە واتایەك سەرلەنوێ بە پراکتیك بوونە. ئەرك بەندی لە میانەی چەمکی ئەو پارتیەی پشت بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا و دەوڵەتی کلاسیك دەبەستێ، بە پێی پێویستی دەربازبوون بەرەو ئەو پارتیبوونەی ئاماژەی پێکرا، دەکاتە ناچاریەك. تەواوی ئەو ڕێکخستنانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی (**منفعە**) خوازین، لە سەرووی هەموویانەوە پارتە کلاسیکیەکان بە گوێرەی تیۆری کۆمەڵگای مەدەنی ڕووبەڕووی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەیە.

سەرکەوتنی شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ، پابەندی ئەوەیە لەم بوارەدا سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆی پێناسە بکات و بە گوێرەی ئەوەش بە شێوەی چالاکی و ڕێکخستن بگات. ئەو کۆمەڵگا و دەوڵەتانەی گۆڕەپانی سێیەم پێشنەخەن لە دیموکراسی هاوچەرخدا لە سەقەت بوون رزگاریان نابێت. فاکتەری توندوتیژی و مەیلی جوداخوازی کە تەنگەتاوی دێنێتە ئاراوە، تەنیا کاتێك ئەم گۆڕەپانە ئازادی خۆی بەدەست بێنێ و بە تەواوی ڕۆڵی خۆی ببینێ، وەکو کێشەیەك کۆتایی پێدێت. ئەم دیاردەیەی لەم چوارچێوەیە دەتوانین بە گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسیانە ناوی ببەین، لە سیاسەتی بنبەستبووەوە دەرگایەکی بەرەو سیاسەتێك کردۆتەوە چارەسەری لەگەڵ خۆی دێنێ. وەکو گەرمترین و بە پیتترین گۆڕەپان، گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسیانە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چەندە هەمەڕەنگ و چالاك و بەخشتەکاری (تنسیق) بن، بەو ئەندازەیە دەتوانێ چارەسەری بخوڵقێنێ. تاکە ڕێگا نە شۆڕش و نە دژە شۆڕشە. ڕێگا چارەی سیاسەتی دیموکراسیانەیە کە زیاتر ئەلتەرناتیفی چارەسەری جۆربەجۆر لەخۆوە دەگرێت. هەنگاو بە هەنگاو ژیان لەپێناو پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی پێکهێنان و پراکتیزەکردنی پرۆژە دەردەخاتە پێش. هەر کێیەك کامە ڕێکخراو و پارتی هەڵگری ئەم پرۆژە و ڕێکخستن و خەباتەی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، دەرفەتی ئەوە دەستەبەر دەکات خاوەنی گرنگترین ڕۆڵ و دەسکەوت بێت. ئەو ڕێکخراو و پارتانەی هەڵگری چەمکێکی دوور لە چەمکی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازن و بەها دەخوڵقێنن و بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای دیموکراتیك دەگوازێتەوە، ئەمە بەدی دێنن. ئیتر مێژوو ڕۆڵی وەرچەرخان بەو کەس و دامەزراوانە دەدات کە

خاوەنی تیۆری و پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکی بەمجۆرەن. ئەوانەی نابنە ماشەی دەستی فشارەکانی دەوڵەت و داواکاریە ناواقعیەکانی کۆمەڵگا، ئەوانەی باوەڕییان وایە تەنیا لە میانەی پێشخستنی پێودانگەکانی دیموکراسی هاوچەرخ سوودبەخش ترین خزمەت بە دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکەن، دەتوانن بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم رۆڵە مێژووییەیان جێبەجێ بکەن.

ئیتر لە رەوشێکدا کە چەمکی دەوڵەت لەنێو قۆناخی قەیراندا بنبەستبوون قووڵ بکاتەوە و ببێتە کۆسپێك، بەو واتایە دێت تیۆری گۆڕەپانی سێیەم بە دەرفەتی ئافراندنی چارەسەری گەیشت. چەندە بە لێهاتوویی و شێوەیەکی راست کار بکەن و پێویستیەکانی جێبەجێ بکەن، بە واتای رێبازێکی تیۆری و پراکتیکی ئەوتۆ دێت سەرکەوتنەکەی بەو ئەندازەیە مەزنە.

تەواوی ئەم باسانە دیاری دەکەن شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ زۆر لەوە دوورە قۆناخێکی ستاتۆگەرایی بێت، هەروەها ئەوەشی نیشانداوە زۆر لە ئەندازیارێتی کۆمەڵگای مغامەرە و ئۆتۆپیکی جیاوازترە لەوانەی کە دەوڵەتگەرایی مەحکوم دەکەن. لە شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ لە میانەی رووخاندن و پارچەکردنی دەوڵەت سنووردار ناکرێت، دوای ئەوەی هێواش بە هێواش کرا بە ئامراز و کەرەستەیەکی خوردە فڕێ دەدرێتە زبڵدانی مێژوو. هەر ئەوە راستە و بەدی دێت. ئەوە ئەو دەوڵەتە نییە کە وەکو ئامرازێکی نوێی فشار لە جێی کۆنترین ئامرازی شارستانیەت دابنرێت. بە پێچەوانەوە ئامرازێکی **خشتەکاری گشتی** (التنسیق العام)یە هی هەر کەسێکە و پشت بە تەواوی دەزگاکان و رەنجی بەرهەم هێنەری کۆمەڵگا دەبەستێ، لە بەرزترین ئاستدا نوێنەرایەتی پێوانەکانی ئازادی و دادوەری دەکات و وەکو ئامرازێکی کۆردیناسیۆنی گشتی چاودێریان دەکات. بەرچیغی لێدان و چەکی کوشتن و بەندیخانەی نابێت. هەرچەندە رۆژ بەدوای رۆژ لە دابەشکردنی لە شێوەی "**هەر کەسە و بە گوێرەی تواناکاری و هێندەی پێویستی**" نزیك بێتەوە، کۆمەڵگایەك بەدی دێت کە دەوڵەتیش فڕێ دەداتە مۆزەخانەی کەل و پەلە کۆن و مێژووییەکان. شۆڕشە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان لە هەموو کاتێك زیاتر مرۆڤایەتی لەم خەیاڵە واقیعیەی نزیك کردۆتەوە. ئەوەی کۆن قەڵغانی شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخە. بە گوێرەی ئەوەی مێژوو ئەویشی خستۆتە گەڕ، لە هەموو کاتێك زیاتر سەرکەوتن دەبێتە مافی زەحمەتکێشان و گەلە چەوساوەکان.

لەنێو هەناوی داڕووخان و هەڵوەشانەوەدا، هەرچەندە و بە هێواشی بێت بەڵام چاخێکی نوێ هەنگاو بە هەنگاو گەشە دەکات. هەروەکو مەزەندە دەکرێ ئەمە لەوە زیاتر کە کاری ڕێکخراوە شۆڕشگێڕیە بچووکەکان بێ کە بە چری ڕێکخراوە، سەرەتای چاخێکە تەکنۆلۆژیا ڕۆڵی تێدا بینیوە و کردوویەتی بە ناچاریەك. شەڕی سەرتاسەری لە ڕێگای ئەو تەکنۆلۆژیایەی لە ئارادایە ڕەوشێکی بەمجۆرەی هێناوەتە ئاراوە سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو نەبێ. ئیتر لە ڕێگای شەڕەوە نە شارستانیەت ئاوا دەکرێ و نە دەڕووخێنرێ؛ تەنیا هەموو لەگەڵ یەکتردا لەناو دەچن. لە لایەکی دیکەوە لە میانەی ئەو تەکنۆلۆژیایەی لە ئارادایە ئاستێك بەدیهاتووە کە بە بێ پەنا بردنە بەر توندوتیژی دەرفەت و تواناکاری چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی کۆمەڵگا ڕەخساوە. شێوەکانی کۆمەڵگای بێ چینیش لەناویدا، گەیشتن بەو ئاستەی تەکنۆلۆژیا کە پرۆژەی وەرچەرخانی کۆمەڵگای نوێ ئەنجامدەدات، ئەو بوارە ماددییەیە کە چاخی نوێ پشتی پێدەبەستێ. وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانەی ماددە، ئاشکراترین فاکتەری گۆڕانکاری کارەکتەری سەردەمە. لە میانەی وەرچەرخانێکی بەمجۆرەی ماددە. سەردەمی چاخەکەش دەبێتە چاخێکی جیاوازتر.

لەو باوەڕەداین ئەم چاخەی هەوڵماندا بە شێوەیەکی بەرفراوان پێناسەی بکەین، ناو بردنی بە **قۆناخی شارستانیەتی دیموکراسی** ڕاستی لەخۆوە دەگرێت.

بەرلە هەموو شتێك ئەم چاخە، چاخێکە بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا گەلان قورسایی خۆیان لە سیاسەتدا دیاری دەکەن. دیموکراسی (Demos kratiya) بە واتای بەڕێوەبەرایەتی گەل دێت. ئەمەش بە جۆرێکە لە گەلێك لایەنەوە بەدیدێت. تەواوی سەردەمە کۆنەکان لە میانەی ناوی چینە سەردەستەکانەوە دیاری دەکرا. هەروەکو چاخی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری لەو سەردەمانەدا هەروەکو بلێی گەلان بە نەبوو لە قەڵەم دەدەن. مێژوو لە ڕێگای ناوی پادشاکان و بنەماڵەکانیانەوە دەنووسرێ. هیچ ئاگاییەك سەبارەت بە خوڵقێنەرە ڕاستەقینەکان نییە. تەنانەت ئایدیۆلۆژیاش ڕەنگدانەوەی ڕاستینەی بەڕێوەبەرانە. کاتێك دەسەڵاتی ماددی تێری نەکرد، ئەوا هەموو ساتێك دەسەڵاتی مەعنەوی و هێزی خودایی لە تەنیشت سەریەوە لە ئامادەباشی داناوە. تەنانەت لە سەرمایەداریشدا نەتەوایەتی بە خێرایی بەرەو شۆڤێنیزم دەچێ، وەکو بوونێکی ماددی دەکرێتە گەورەترین بەڵای سەر سەری نەتەوە. لەژێر ناوی بەرژەوەندی

راستەقینەی نەتەوەیی، لەمیانەی نەتەوەپەرستیەوە، دزێوترین بەرژەوەندی چینایەتی فرێژ دەشارێتەوە.

تەنانەت پراکتیزەکردنی کردارێکی ئاسایی سیستەمی دیموکراسی ئیتر ئەوەی سەلماندووە رۆڵی سەرەکی هی گەلە. ئیتر چاخی باڵادەستی بێ سنووری کەس و بنەماڵە و چینەکان تێپەڕ بووە. ئیتر گەلان بە هەموو هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندێتی کولتووریەوە کەوتوونەتە گەڕ. تەنانەت ئەو دیکتاتۆرەی بەخۆشیەوە دەنازێ، کاتێك گەل پشتگیری لێبکات دەبێتە خاوەن هێز. لە سەردەمی نیۆلیتیك گەلان لە رەوشی بەرایی پێکهاتندا بوون. لەگەڵ دەربازبوون بۆ کۆمەڵگای چینایەتی هەروەکو بڵێی لە خاك چەقێنران. هەر خاوەنێکی کۆمەڵگای چینایەتی کە تازە دەهاتن، تاوەکو دوایی بەکاری هێنان و خستنیە نێو کار و شەڕەوە.

لەڕاستیدا ئەوان خاوەن و خوڵقێنەری راستەقینەی مێژوون. بەڵام تەنانەت ناویشیان تێدا دەرباز نابێت. خاوەن و خوڵقکارانی هەموو شتێك کۆیلەدار ــ خاوەنەکان و سیستەمە خوداییەکەیانە. لە کاتێکدا لەژێر ناوی مێژوو بەمجۆرە درۆی مەزن دەنووسرێ، ئەوانیش بەردەوام بە بێ دەنگی و لە قووڵاییەوە، بە ئێش و زەحمەتیەوە، لە زانیاریەکانی سەردەم فێردەبن و چاوەڕوانی ئەوە بوون چاخی خۆیان بێت.

سەرەڕای تەواوی ژەهری نەتەوەپەرستی و فاشیزمی سەرمایەداری، ئیتر سەرلەنوێ لە دایك بوونی گەلان دوا ناخرێت و کۆسپی لەپێش دروست ناکرێت. لەم چوارچێوەیەدا دەشێ قۆناخی دوای شەڕی دووەمی جیهان ببێتە سەرلەنوێ لە دایك بوونەوەی گەلان. کۆتایی سەدەی بیستەم دەبێتە گەواهی سەرکەوتنی دیموکراسی، چونکە خودی ئەم چاخە، چاخی شارستانی دیموکراسییە کە ژێرخانی پێویستی تەکنۆلۆژی و دەزگا سیاسیەکان بناخەی دەسەڵاتی گەلانن.

گەلێك قوربانی دراوە لەپێناو دەربازبوون بۆ چاخی گەلان. بە درێژایی مێژوو گەلان تەواوی باری ئەو شارستانیەتەیان هەڵگرت کە لەسەر بنەمای چینایەتی بوون. هەموو جۆرە شێوازێکی فشار و کوشتار و چەوسانەوە و تاڵان و دەربەدەری و توانەوەیان لەسەر پیادە کرا. هەر بەمەش نەوەستان؛ تاوەکو دوایی فشار و داسەپاندنی ئایدیۆلۆژی و مەعنەوی تاقیکرانەوە، وروژێنران و دژ بە یەکتریان بەکار هێنان. گەلێك جینۆساید روویدا. بە تایبەتیش لە ئاکامی شەڕە جیهانیە بەرفراوانەکانی سەدەی بیستەم و شەڕە

هەرێمی و ناخۆییەکان دیسان ئەوەی تێکشکێنرا گەلان بوون. ئەو شەڕانەی لە چاخەکانی ناوین لەژێر ناوی ئایین بەڕێوەبردرا، ئەوا لە سەردەمی سەرمایەداری لەژێر ناوی نەتەوەپەرستی بە شێوەیەکی بەرفراوان تر و بێ زەییانەتر بەڕێوە برا.

لەتەواوی ئەم چاخانەش گەلان دەستەوەستان رانەوەستان. بەردەوام سەرهەڵدان و هێرشەکانی هۆز و تیرەکان بەرامبەر کۆیلەداری، شێوەکانی بەرخودانی تەواوی گروپە ئەتنیکی و گەلان و کۆمەڵگای نیو فەلسەفی ـ ئایینی و ئایینە تاکخوداییەکان لە چاخەکانی دێرین و ناوین کەم نەبووە. لەم چوارچێوەیەدا هەرچەندە لەژێر ناوی خێڵ و ئایین و ئایینزایی بێت ئەوا مێژوو وەکو مێژووی بەرخودانی گەلان بەردەوام بوو. ئەو مێژووەی کە نەنووسراوە، چەواشە کراوە، کراوەتە موڵکی هەندێکی دیکە، لە راستیدا مێژووی ئازادی گەلانە.

جوڵانەوە هاوچەرخەکانی بەرخودانی گەلان، لە سەدەی بیستەمدا مۆرکی خۆی لە چاخدا. سەرباری تەواوی کەم و کوڕی و هەڵەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو، لە راستیدا ئەو شەڕانەی لەژێر ناوی سۆسیالیزم و رزگاری نەتەوەیی بەڕێوە چوون لە گەوهەری خۆیدا شەڕی بەرخودان و ئازادی گەلانە.

لەتەواوی ئەم بەرخودانانە ئەو کولتوورانەی گەلان لەسەر پێ مانەوە کە سەرکوت دەکران و هەوڵی لەنێو بردنی دەدرا. تەنانەت ئەگەر بەرخودانی گەلان لە لایەنی سیاسیشەوە سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا خۆ بەدەستەوە نەدانی کولتوورەکان سەرکەوتن و بەردەوام بوونیان سەلمێنرا. هەروەکو دەزانرێ لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، نوێنەرایەتی کردنی گەلان لە دەزگا سیاسیەکاندا گەشەکردنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی. ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە سەرتاسەری دونیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا سەرمایەداری نییە، بەڵکو دیموکراسییە. بۆ بەدیهاتنی ئومێد و خەیاڵی هەزاران ساڵەی گەلان و دیموکراسی هاوچەرخ یەکەمین و گرنگترین هەنگاوە. نموونەی سپی و رەشی باڵادەستی چینایەتی زێدەڕۆییەکە. گونجاوترین رێگای نەهێشتنی جیهانی چەوسانەوە بە پەیڕەو کردنی پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخدا دەرباز دەبێت. پێویستە دیموکراسی هاوچەرخ وەکو سیستەمێکی کارگێڕی گەل ببینرێ کە لادان و زێدەڕۆییەکانی چینایەتی راست دەکاتەوە، جیهانی دەوڵەمەندی گەلان ئاکتیف دەکات و جێگا بە نەریتەکانی ئاشتی و برایەتی دەدات. گەلان کەسایەتی راستەقینەی خۆیان لەژێر سایەی ئەو سیستەمە و

دیموکراسیە پێشدەخەن کە بە پرەنسیپە و بەراستی پەیڕەو دەکرێت. ئەو کێشمەکێش و ململانێ ئایینی و ئەتنیکی و نەتەوەییانەی پێشتر بە لای جوداخوازی و پارچەبوون ئاراستەیان دەگرت و رێگایان لەپێش پەنابردنە بەر توندوتیژی و شەڕ دەکردەوە، لە سیستەمی دیموکراسی هاوچەرخدا لەنێو ئاشتیدا بە چارەسەری دەگات. ئەگەر بە گوێرەی داخوازی گەل بێت ژیان لەناو "**فیدراسیۆنی جیهان**" لە سەرووی هیواکانیانەوە دێت. دەوڵەتە بچوکەکان داخوازی گەلان نییە، بەڵکو ئاواتی تەواوی توێژە نەتەوەپەرست و ئەتنیکی و ئەو چینانەیە کە بەدوای باڵادەستی دەگەڕێن و کارەکتەری شۆڤێنیان هەیە. فیدراسیۆنە هەرێمیە بەرفراوانەکان هەموو جۆرە جیاوازیەکی کولتووری، زمان و ئایینی و نەژادیان بێ واتا کردووە و وەکو شێوەی دیموکراسی هاوچەرخ درێژە بە هەبوونی خۆتان دەدەن و گەشە دەکەن. پێشکەوتووترین و دیموکراسیانەترین دەوڵەتەکان لەژێر سایەی یەکێتی وەکو کۆمەڵەی دەوڵەتە سەربەخۆکان BDT ، یەکێتی ئەوروپا AB ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا USA کۆبوونەتەوە. ئەوەی ئەمە دەکاتە ناچاریەك هەبوونی کولتووری گەلان و هێزی تەڤلیبوونی سیاسییە.

ئەوەی لە سەرتاسەری جیهان مۆرکی خۆی لە رەوشی هەنووکەیی داوە، وشیاربوونەوەی کولتوورەکان و گەیشتنی بە شێوەی هاوچەرخ، بووە بە فاکتەرێکی سەرەکی و دەست لێبەرنەدراوی ژیان. بۆ یەکەمین جارە گەلان لە ئایدیۆلۆژیا دوگماتیکیە سڕکەرەکان و فشاری یۆتۆپیا پڕوپوچەکان رزگاریان دەبێت، سەرلەنوێ لەو بۆچوونانە دەئاڵێ کە لە سەردەمی نیۆلۆتیکەوە ژێرخاك کرابوو. سەرلەنوێ رۆحیان بە بەردا دەکاتەوە، لە میانەی هەموو بوون و بەهاکانیەوە دەربازی قۆناخی هاوچەرخ بوون دەبێت.

ئەوە راستینەیەکە و رۆژ بە رۆژ زیاتر ئاشکرا دەبێ شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ بۆ رێنسانسی گەلان وەرچەرخاوە و پێویستە بەمجۆرە پێش بکەوێ. لاوازبوون و لەناوچوونی دیکتاتۆریەتە چینایەتیە وشکەکان و رژێمە تۆتالیتار و دەستپۆتیزمە هەمە جۆرەکانی، کە گوزارشتی بەرجەستەی ئەم رژێمانەن، دەسکەوتێکی مەزنە بۆ گەلان. هەبوونی گەلان لەگەڵ دیموکراسیدا یەکسانە. لەنێو پەیوەندیەکی دیالەکتیکی دان، کە یەکێکیان بە بێ ئەوەیتر نابێت.

سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگای دیموکراتیك ئەنجامێکی زیادبوونی چالاکی گەلانە. ئەگەر دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و دەوڵەت تا رادەیەك لەناو کۆمەڵگا بووبێتە رۆژەڤێکی

بەپەلە کە لەگەڵ هیچ قۆناخێکی مێژوو بەراورد ناکرێت، ئەم پێویستیەش لە هەموو لایەکی جیهان لە ئارادا بێت، ئەوا ئەم راستینەیە لە داننان بە وشیاربوونەوەی گەلان و رۆشن بوونەوە و بوونیان بە هێزێکی سیاسی بەولاوە، هیچ واتایەکی دیکەی نییە. فاشیزم زێدەرۆیی دیکتاتۆریەتی سەرمایەداریە. سۆسیالیزمی بونیادنراو دەمارگیری چینی چەوساوەیە. بەڵام دیموکراسی هاوچەرخ سیستەمێکی ژیان و بەرێوەبردنی گەلانە کە پێگەیشتوە و بناخە ماددیەکەی راستییە و هەربۆیە هەمیشەییە و سەرکەوتنەکەشی بەردەوامە.

ئەم پێناسانە بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا نیشانی دەدەن، سەرباری کارەکتەری قەیراناوی چاخەکەمان کە سەرمایەداری هەڵوەشاندۆتەوە و رووخاندوویەتی، ئەوا ئەوەی وەکو دژ و هێزی هەڵوەشاندنەوە پێشدەکەوێت، چاخی شارستانیەتی دیموکراسی گەلانە. ئەگەر لە چوارچێوەی پێشکەوتن و پێناسەی چاخی شارستانیەتی دیموکراسی هەوڵبدەین جارێکی دیکە تایبەتمەندێتیەکانی پوخت بکەینەوە:

**پشت بە بناخەیەکی بەرجەستەی تەکنۆلۆژی و زانستی و ئایدیۆلۆژی دەبەستێ.**
لەگەڵ ئامێرە میکانیکیەکانی بنەچەیان بۆ فیزیا دەگەڕێتەوە، ئەو ئامێرانەی لەسەر بنەمای کۆنترۆڵی وزەی ئەلکترۆنی و ناوکین بنەما ماددیەکانی کۆمەڵگای دووچاری گۆڕانکاریەکی ریشەیی کردووە. ئەمانە کاتێك بە شێوەیەکی راست و لە جێگای خۆیدا بەکار بێت، دەتوانن هەموو جۆرە زنجیرێکی هەزاری پارچە بکەن کە جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستێ. ئەوە دەست نیشانکردنێکی زانستییە کە سەرچاوەی سەرەکی جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ پاشکەوتوویی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە تەکنۆلۆژیا. شۆڕشە تەکنۆلۆژیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، کۆمەڵگای لەو مەحکووم بوونە رزگار کردووە، زەمینەی ماددی ئەو دەزگایانەی پارچە کردووە کە تەواو پشت بە نایەکسانی دەبەستن. ئەگەر بە پەیوەندی بەرێوەبەرێتیەکی سیاسی و ئابووری بگەیەنرێن کە لە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگا بەکار بهێنرێت، ئەوا لەژێر سایەی ئەم بناخە تەکنۆلۆژیە مرۆڤایەتی دەتوانێ ئازادی و یەکسانی بەیەکەوە پێشبخات. لە رابردوودا خەیاڵی ئەمە دادەنرا. بەڵام لە سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسیدا ئەو ئامرازانەی هاتونەتە ئاراوە، دەتوانن ئەم خەیاڵە بەدیبێنن. لەم چوارچێوەیەدا تەکنیك فاکتەرێکی سەرەکی بەدیهێنانی

ئازادییه‌. له‌ ره‌وشێكی پێچه‌وانه‌دا له‌ ده‌ستی هێـزه‌ خۆپه‌رست و پاشـڤه‌رۆكاندا درندەیـه‌كی له‌ناوبـه‌ره‌. هـه‌روه‌ها تـه‌واوی تـه‌كنۆلۆژیا كه‌وتۆتـه‌ خزمـه‌تی سـه‌رده‌می شارسـتانیه‌تی دیموكراسـی. تـه‌واوی كێشـه‌كه‌ ئـاواكردنی به‌ڕێوه‌به‌رێتیـه‌كی دیموكراسـیانه‌ی ده‌وڵـه‌ت و سیاسه‌ت و كۆمه‌ڵگایه‌ كه‌، به‌ باشترین شێوه‌ به‌كارهێنانی ته‌كنۆلۆژیا له‌ خزمه‌تی كۆمـه‌ڵگادا فه‌راهه‌م ده‌كات.

شۆڕشه‌ زانستیه‌كان و كۆمه‌ڵگای زانیاری تایبه‌تمه‌ندێتیـه‌كی دیكـه‌ی بایه‌خـداری ئـه‌م سه‌رده‌مه‌یه‌. زانست كه‌ له‌ رابردوودا كاری ده‌وروبه‌رێكی ته‌نگ بوو، له‌ سایه‌ی تـه‌كنۆلۆژیای گه‌یاندن بـه‌ خێـرا ده‌گه‌یه‌نرێتـه‌ كۆمـه‌ڵگا. راسـتینه‌ی كۆمـه‌ڵگای زانیـاری لێـره‌وه‌ دێـت. لـه‌ سـایه‌ی ئه‌مـه‌ش دیموكراسـی و هێـزی به‌ڕێوه‌بـه‌رێتی خـود به‌ده‌سـت ده‌هێنـرێ. كۆمـه‌ڵگا و ده‌وڵـه‌ت و سیاسـه‌تێكی لـه‌ میانـه‌ی زانیاریـه‌وه‌ پڕچـه‌ك كرابێـت، ناچارن به‌رامبـه‌ر یـه‌كتر روون بـن (شـفاف) و به‌رامبـه‌ر یه‌كـدی كـۆنترۆڵی دیموكراسـیانه‌ پـه‌یڕه‌و بكـه‌ن. ئـه‌و پێشكه‌وتنانه‌ی لـه‌ نێـوان زانسـت و تـه‌كنۆلۆژیا زێـده‌ بـووه‌ و رێگـای لـه‌پێش تـه‌واوكردنی یه‌كدی كردۆتـه‌وه‌، خێراتـر بـووه‌. ئـه‌م دیارده‌یـه‌ی یه‌كـه‌مین جاره‌ به‌دیـدێت سـه‌باره‌ت بـه‌ ده‌رفـه‌ت و تواناكاریـه‌كانی به‌رهـه‌مهێنان، رێگـا لـه‌پێش ته‌قینه‌وه‌یـه‌كی مـه‌زن ده‌كاتـه‌وه‌. تـه‌واوی زانیاریـه‌كانی ده‌رهـه‌ق بـه‌ فیزیـا، كیمیـا، بیۆلۆژیـا و كۆمـه‌ڵگا، هـه‌ره‌س ئاسـا پێشـده‌كه‌وێت و ده‌بێتـه‌ سه‌رچـاوه‌یه‌كی مـه‌زنی هێـزی كۆمـه‌ڵگا. هـه‌روه‌كو مه‌سـه‌له‌ی به‌ڕێوه‌بردنی ته‌كنۆلۆژیا, ئاواكردنی كارگێریه‌كی دیموكراسیانه‌ بۆ به‌كار هێنـانی زانسـتیش كێشه‌یه‌كه‌.

رۆڵـی سـه‌ره‌كی ئایـدیۆلۆژیا، رووخانـدنی دۆگمـاتیزمی داب و نـه‌ریت و ئـاواكردنی یۆتۆپیای ئومێد و به‌ زیندوویی هێشتنه‌وه‌یه‌تی. له‌ كاتێكدا لـه‌ رابـردوو دۆگماكـان به‌سـه‌ر هـزر زاڵ بـوو. لـه‌ سـه‌رده‌می سـه‌رمایه‌داریدا ئایینـده‌ گـه‌رایی و یۆتۆپیـا گه‌راییـه‌ هه‌مـه‌ جۆره‌كان پێشـكه‌وت. هـه‌ردوو شـێوه‌ی ئایـدیۆلۆژیاش هه‌ڕه‌شـه‌ و مه‌ترسـی مـه‌زنیان له‌سـه‌ر هزر و هه‌موو جۆره‌ به‌ ده‌زگا بوونێك ، خولقاندووه‌. ئایدیۆلۆژیه‌كانی له‌ جۆری دۆگمـاتیزم ده‌بـن بـه‌ كۆسـپ. هه‌رچـی یۆتۆپیـا گه‌راییـه‌ له‌گـه‌ڵ ئـه‌وه‌ی مه‌ترسـیه‌كه‌ی كـه‌متره‌ و رێگـا له‌پێش داهێنانێكی سنووردار ده‌كاته‌وه‌، به‌ڵام دابڕانی له‌ واقیع، باوه‌ڕی پوچ و خه‌یاڵگه‌رایی وشك و كه‌سایه‌تی چاوه‌ڕێ كار، دێنێته‌ ئاراوه‌. دووربـوونی هـه‌ردوو شـێوه‌ی ئایـدیۆلۆژی لـه‌

جیهانی دیاردە واقعیەکان و خوڵقکاری، خاڵی سەرەکی هاوبەشێتیانە. هەردووکیشیان نابن بە بناخەی ئایدیۆلۆژی چاخی شارستانیەتی دیموکراسیانە.

سەردەم ناچارە خوڵقکاری و زانستی ئایدیۆلۆژیا بە بناخە دابنێت. هەڵبەتە پەیوەندیەکی توند لە نێوان هەردووکیاندا هەیە. چەندە دیاردە و پەیوەندیەکان لە میانەی زانستەوە رۆشن بکرێنەوە، ئەوا بەو ئەندازەیەش دەرفەت و تواناکاری خوڵقکاری دەڕەخسێ. ئەو تاکەی لە میانەی زانیاریەکانی مێژوو و کۆمەڵگا وشیار بۆتەوە، ئەقڵی بەسەر شێوازی کاروباری دیالەکتیکیانەی سروشتدا دەشکێ، واتە بە ئایدیۆلۆژیای چاخ گەیشتووە. هێزی دۆگما دەناسێ بەڵام خۆی بەدەستیەوە نادات. خاوەن یۆتۆپیایە بەڵام پشت بە زانست دەبەستێ. چاخەکەمان پشت بە ئایدیۆلۆژیایەك دەبەستێ کە لەسەر ئەم بنەمایە بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لە میانەی زانیاریە راستیەکانی سەبارەت بە تەواوی دیاردە و پەیوەندیەکان دەجوڵێتەوە، بە شێوەیەکی لێهاتووانە بە هێزی هونەری و ئەخلاقی جوانی و چاکە دەگات.

**سیستەمی شارستانی دیموکراسی وەکو چاخی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا جێگای باسە:**

لەم بوارەدا پێویستە گەلان لە رێگای ناسنامە و وشیاری و ئیرادەی ئازادی خۆیان بکەونە گەڕ. ئەو ناسنامانەی بە هەزاران ساڵ سڕ کراون و سەرکوت کراون، هەوڵدەدەن خاوەنداری لە خۆیان بکەن، هەبوونە کوولتووریەکان وەکو بەهادارترین میراس پەسند دەکرێ و دەبنە هەوێنی ژیانی نوێ. ئەو هەولانەی تاکو ئێستا لەپێناو بەرژەوەندی کەس و بنەماڵە و پێکهاتە و بوونە ئایینیەکان ئەنجامدەدرا، ئیتر بوون و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی و لەپێناو پێناسەکردن و پراکتیزەکردن ئەنجامیدەدات. دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا؛ بە واتای ئەوەشدێت وەکو کۆمەڵگای زانیاری دەرك بە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات، ئەمە دەکات بە داواکارییەك و بۆ دەزگا سیاسیەکانی دەگوازێتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە لە ئیرادەیەکی سەرکوت کراوەوە دەبێتە دینامیکێکی چالاك و دڵخواز و چاودێری کردن. یەکەمین جارە لە مێژوودا کۆمەڵگا لەم چوارچێوەیەدا بە شێوەیەکی زانستیانە خۆی دەناسێ، بەو وشیاریە دەگات کە خاوەن مافە، بە ئاستێك دەگات ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەم راستینەیە بە پێی پێویست دەیسەلمێنێ کە بۆچی شارستانیەتی دیموکراسی، چاخی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگاکانە.

**یەکێك لەو فاکتەرە بنەڕەتییانەی چاخی شارستانیەتی دیموکراسی یەکلاکردۆتەوە، دیموکراتیزەبوونی سیاسەتە.** سیاسەت کە بە درێژایی مێژوو وەکو چڕبوونەوەی هێزی بالاترین کارگێڕی و هونەری بەکار هێنانیەتی، رزگاربوونی لەم پۆشاکە نهێنی و تەسك و دەمامکەکانی پێشکەوتنێکی شاهانەی سەردەمەکەمانە. ئەمەش بەو واتایە دێت سیاسەت لە ئاسمانەوە لە خوداوە، هاتۆتە سەر زەوی. ئیتر ئەو وتوویژانەی سەبارەت بە سەرچاوەکەی دەکران و بێ کۆتایی بوون، کۆتایی پێدێت و دان بەوەدا دەنرێت سەرچاوە سەرەکیەکەی کۆمەلگایە. ئەو سیاسەتەی بە درێژایی چەندین سەدە بە ئامانجی خەلەتاندنی مرۆڤ و بەڕێوەبردنێکی مێگەلی ئاسایانە، ساختەترین و پێشکەوتوترین بەرگی پیرۆزییان لەبەر کردبوو، کراوە بە ئامرازێکی ئاسایی کۆمەلگا. بەلام دەرك بەوە کراوە تەنیا وەکو ئامرازێکی درێژخایەن و بەرژەوەندیە ژیانیەکان بەهایەکی دەبێت. ئەم ئامرازە سیحراوی و بە توانا و خودابیەی سەدان ساڵەی بە واتای راستەقینەی خۆی گەیاندووە، لە میانەی پەسندکردنی وەکو ئامرازێکی خزمەت کردنی گەل، بووە بە تایبەتمەندێتیەکی دیار و بەرچاوی سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی.

**سیاسەتی دیموکراسیانە وەکو گۆڕەپانی سێیەمی نێوان دەوڵەت و کۆمەلگا، رۆلی خولقکارترین و نوژەنترین دەزگا دەبینێ.** تەواوی دەزگا هاوچەرخەکانی لە هەموو بوارەکاندا ئاوا کراون، لە سەرووی هەمووشیانەوە پارتیە سیاسیەکان کە کارەکتەری دادوەرانە و دیموکراسیانەی ئەو بەهایانە دیار دەکات کە پێویستە بەردەوام وەکو ئەلقەی سەرەکی گواستنەوەیان لە کۆمەلگا بۆ دەوڵەت لە دەوڵەت بۆ کۆمەلگایە، ئەم ئامرازانەی سیاسەتی دیموکراسیانە کە لە هەموو بوارەکانی ئابووری تا رامیاری، لە مافەکانی مرۆڤ تا پاراستنی ژینگە، لە کولتوور تا تەندروستی، لە پەروەردە تا ئاشتی پێکهاتوون، ناتوانرێ باس لە دیموکراتیزەبوونێکی دروستی کۆمەلگا و پێشخستنی وشیاری ئەم دامەزراوانەی کۆمەلگای مەدەنی بکرێت کە وەکو کۆمەلگای سێیەمی گۆڕەپانی سێیەم بەرز دەبنەوە و بوونەتە پێویستیەکی ژیانی چاخەکەمان. بە شێوەیەکی تێر و تەسەل سەلمێنراوە چاخی شارستانیەتی دیموکراسی سەردەمی هەموو جۆرە رێکخراوێکی کۆمەلگای مەدەنییە.

پێشخستنی وشیاری دیموکراسیانەی دەوڵەت، تایبەتمەندێتیەکی دیکەی سەرەکی سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسییە. گەیاندنی ئەم ئامرازە بە دەزگای دیموکراسیانە، کە کۆنترین ئامرازی مێژووە و کەوتبێتە دەستی کێ بووە بە ئەژدەها، لە راستیدا گرنگترین

پێشکەوتنی شۆڕشگێڕانەیە. ئەوە فەرمانێکی سەردەمە کە ئەو ئامرازەی وەکو نوێنەری بوونی (سیستەمی) ئاسمانی لە سەر زەوی بەرزکراوەتەوە، نابێ لە ئامرازێکی خشتەکاری (تنسیق) ئاستی بەرزی کۆمەڵگا هیچ واتایەکی دیکەی هەبێ. بە شێوەیەکی تێر و تەسەل رۆشن کراوەتەوە دەوڵەت لەپێناو تاك و کۆمەڵگایە، پەیوەندی بە خوداییەوە نییە، هاربوونی بە درێژایی مێژوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو ئامرازی دەستی تاکڕەوێتی و بنەماڵەگەرێتی و دەمارگیری دەستەیەکی سنووردار و تەسك بەکار هێنراوە. بە پێی پێویست روون بۆتەوە، هەر شتێکی دەوڵەت وەکو قەوارەیەکی داڕنراو مەزن کردووە ساختەکاری بووە، بە پێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگایانەی داکۆکیان لەسەر ئەوە کردووە پێویستە ببێتە ئامرازی هەرە گشتی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگا، مەزن بوونی واقیعی بووە. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە وەرچەرخاندنی دەوڵەت و خستنە ژێر کۆنترۆڵەوە، گرنگترین دەسکەوت و راستینەی چاخی شارستانیەتی دیموکراسییە. بەمجۆرە گۆڕینی دەوڵەت بۆ ئامرازێکی خزمەت کردن و بەرزکردنەوەی سیاسەتی دیموکراسیانە بۆ ئاستی سەرەکیترین دەزگا، لەهەمانکاتدا هەڵسەنگاندنێکە لە بەرزترین ئاستدا گوزارشت لە سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی دەکات و شایستەیەتی. وەرچەرخانی بە شێوەی دەوڵەتی دیموکراسیانە سەرەکیترین پێشکەوتنی سەردەمەکەمانە.

کێشەی شێوەکانی دەوڵەتی دیموکراسیانە، لە پلەی دووەمدا جێگای بایەخە. بەڵام وەکو دەرئەنجامێکی پێکهاتە میانڕۆکانیان، ئەوا لە شێوەی کۆنفیدراسیۆنەوە تا دەگاتە شێوەی یۆنیتار لە گۆڕەپانێکی بەرفراواندا تواناکاری ڤەبوونیان هەیە، ئەمەش سەبارەت بە کارەکتەری چارەنوس ئامێزانەیان بایەخێکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. بە گوێرەی هەلومەرجی واقیعی و بەرجەستەی وڵاتەکان و گەلان دەشێ بڕیار لەسەر گونجاوترین شێوە بدرێت. بێگومان ئاڵۆزی کێشەکان و ئامراز و دەزگا زۆرەکانی چارەسەری دیموکراسیانە، فاکتەری سەرەکی ئافراندنی دیموکراسیە. کاتێك دەوڵەت ناچار بێت پشت بەو دەزگایانە ببەستێ بێگومان واتای کلاسیکی خۆی لەدەست دەدات، بە واتایەك وەکو باڵاترین ئامرازی کۆردیناسیۆنی نێوان دەزگاکان رۆڵ دەبینێ. سەرەکیترین کارەکتەری دەوڵەتێکی خاوەن ئەم پێکهاتەیە بێت، دیموکرات بوونەکەیەتی. کاتێك دیموکراسی فرەلایەنی رژێمی دەزگاکان بێت، بە شێوەیەکی سروشتی دەوڵەت ناچاری شێوەیەکی فرەلایەنی دەکات. بە تایبەتی لەگەڵ زیادبوونی بایەخی ئۆرگانە هەرێمیەکان،

مەرکەزیەتگەرایی کردووە بە بارێکی گران. هێز لێشاو لە ناوەند بۆ خۆجێی و لە چاوگی سەرەکی بۆ چاوگی خۆجێی دەکاتە ناچاریەك. لێشاوی گشتی سەردەمیش بەو ئاقارەدایە. لە کۆمەڵگاوە تا خێزان، لە دەوڵەتەوە تا ئابووری، لە هەموو ئاستێکدا لەسەر بنەمای ئازادی و دابەشکردنێکی دادوەرانەی تواناکاریەکان و هێز پێکهاتەیەکی فرەلایەنی پێشدەکەوێت. ئەم چوارچێوەیە لە لایەکەوە پەرەسەندنی دیموکراسیانەی دەوڵەت پێشدەخات، لە لایەکی دیکەشەوە وەکو ئامانجێکی گرنگی جوڵانەوەکانی دەستووری نوێ لە شێوەی کۆنفیدراسیۆنەکانەوە تا دەگاتە پێکهاتەی دیموکراسی یۆنیتار بەرەو شێوەگرتنێکی دەوڵەمەندی دەبات. هەروەکو چۆن ئەم دیاردەیە ئەو مەترسیانەی بەلاوەناوە کە لە چەمکی یەکێتی زۆرەملێیانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئەنجامدا مەترسی دەوڵەتە جوداخواز و بچووکەکانیش لە ئارادا ناهێڵێ کە زیان بە هەموو لایەنەکان دەگەیەنێ. دیاردەی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و یەکێتی دەوڵەتە سەربەخۆکان، ئاراستەی پەرەسەندنی دەوڵەتی دیموکراسییانە نیشاندەدات، پێشکەوتنی مێژوویی ئەوتۆن لە گەوهەری خۆیاندا کۆمەڵگای نوێ و سیاسەتی دیموکراسیانە دەکاتە ناچاریەك.

***چاخی شارستانیەتی دیموکراسیانە بە ئەندازەی ئەوەی سەرلەنوێ لە دایکبوونی گەلانە، بە شێوەیەکی زەقتر سەردەمی لە دایك بوونی ژنانیشە.*** ژن کە هێزی خوداوەندی زایینی کۆمەڵگای نیۆلیتیك بوو بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی، بەردەوام رووبەڕووی وون بوون ماوەتەوە. بە واتایەکی دیکە مێژوو، مێژووی ئەو پیاوە باڵادەستەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی کۆمەڵگای چینایەتی بووە خاوەن هێز. کارەکتەری باڵادەستی چینایەتی لەگەڵ کارەکتەری پیاوی باڵادەست بەیەکەوە پێکدێن. لێرەشدا ئەو یاسایانەی پەیڕەویان لێدەکرێت، درۆ میتۆلۆژیەکان و سزادانە ئیلاهیەکانە. بەڵام زەبری قەبە و رووت و راستینەی چەوسانەوە لەژێر ئەمەدا شاراوەیە. کارەکتەری پیاوی باڵادەستی کۆمەڵگا، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەداوە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە سەبارەت بە دیاردەی ژن بکرێت. لە ئایین زیاتر بە بابەتێکی تابۆ کراو لە قەڵەم دەدرێت. لە راستیدا لەژێر ناوی نامووس راستینەی ژن و مافەکانی شاراوەتەوە کە پیاو بە شێوەیەکی تەڵەکەبازی و خائینانە و زۆردارانە زەوتی کردووە. بە درێژایی مێژوو بێبەشکردنی ژن لە ناسنامە و کەسایەتی خۆی و گرێدانی بە پیاوەوە، دیاردەیەکە لە

جیابوونەوەی چینایەتی زیاتر ڕێگای لەپێش دەرئەنجامی خراپتر کردۆتەوە. دیلێتی ژن، پێوانەیەکی کۆیلایەتی گشتی و کەوتنە؛ پێوانەیەکی ئەو درۆ و دزی و زۆرداریەیە کە لەناو کۆمەڵگا بڵاوبۆتەوە؛ پێوانەی هەموو جۆرە قڕێژی و غولامێتیەکە.

بە پێچەوانەوە گۆڕینی ئەم مێژووە، بەڵگەنەویستە کە ئەنجامی کۆمەڵایەتی قووڵ لەگەڵ خۆیدا دێنێ. سەرلەنوێ لە دایکبوونی ئازادانەی ژن، تەواوی دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا ئازادی و ڕۆشنگەری و دادوەری گشتی دەکاتە ناچاریەك. مرۆڤایەتی بەوە ئیقناع دەکات لە جیاتی شەڕ ئاشتی زۆر بەهادارترە و پێویستە بەرز بکرێتەوە. ژنی سەرکەوتوو، لە هەموو ئاستێکدا بە واتای کۆمەڵگا و تاکی سەرکەوتوو دێت. تەنانەت ئەم چوارچێوە کورتەش ئەوە روون دەکاتەوە، ئەنجامدانی دیموکراتیزەبوون لە گۆڕەپانی ئازادی و مافەکانی ژن، چەندە مێژووییە. لەم چوارچێوەیەدا دەستپێکردنی سەردەمی ئەو ژنەی وشیار بۆتەوە، ئازاد و بەهێز بووە، لە سەدەی 21 مدا دیاردەیەکە لە رزگاری چینایەتی و نەتەوەیی گرنگترە. سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسیانە، لەهەر قۆناخێك زیاتر ژن تێیدا بەرز دەکرێتەوە و دەسکەوت بەدەست دێنێ. ***مێژوو هەروەك چۆن وەکو مێژووی زۆرداری، شەڕ، چەوسانەوە و درۆزنی لەسەربنەمای کۆیلایەتی ڕەگەزی ژن بۆ شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی دەستی پێکردووە، بەهەمان شێوە لە ئەنجامی تێکۆشانی ئازادی ژن و سەرکەوتنیشیدا، وەکو مێژووی ئازادی، ئاشتی، یەکسانی راستگۆیی سەرلەنوێ دەخوڵقێت و دەنووسرێتەوە. هەموو گەواهیەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئازادی ژن لە بەرەبەیانی شارستانی نوێدا، رۆڵی دیاریکەر دەبینێ و جارێکی دیکەش سەردەمێکی ژنی ئازاد، بەڵام لە ئاستێکی بڵندتردا، دێتە ئاراوە.***

مافی مرۆڤ و ئازادی ژن بە پێشکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ، لە سەرووی ئەو بابەتانەوە دێن کە بایەخ و گرنگایەتیان لە هەمووان زێدەتر گەشە دەکات. دانانی مافی مرۆڤ و ئازادی ژن لەڕیزی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، هەڵسەنگاندێکی ناتەواوە. بەپێچەوانە، ئەمانە لە قۆناخی تێپەڕبوونی شارستانیەتی سەرمایەداری و بە دەرکەوتنی ناتەواوی شێواز و راستینەی ژیانی باوی ئەم شارستانیەتە، گەشەیان سەندووە. مافی مرۆڤ و ئازادی ژن، دووبەشی بنەڕەتی دیموکراتیزەبوونی گشت کۆمەڵگان. لەگەڵ هەڵوەشانەوەی چوارچێوەی شارستانیەتی کلاسیك شانسی پێشکەوتنیان زێدەتر بوو. هەروەها دوو دیاردەی سەرەکین لەو رێبازەدا کە بەگەیشتن بە دەرکەوتنی شارستانیەتی

نوێ کۆتایی پێدێت. زۆرترین رادەی دیاریکەر و کاریگەربوونیان لەسەر قۆناخەکە دەبێ، بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵگای سەرمایەداری نین، بەڵکو بەرەوبوومی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەن کە دۆخەکەی تێپەڕاندووە. لەم رووەوە دیاردەی وەڵامدەرەوەی پێورەکانی سیستەمی دیموکراسی هاوچەرخن. پێشکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ لە هەرشتێك زیاتر خۆی لە مافی مرۆڤ و ئازادی ژندا بەرجەستە دەکات. لەکاتێکدا مافی مرۆڤ چوارچێوی یاسایی شارستانیەتی نوێ لە بنکەدا دیاری دەکات، لەهەمانکاتدا زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەویش لەلایەن ئازادی ژنەوە پێك دەهێنرێت. پێگەیشتنی پلە بەپلەو هەروەها قووڵایی دیموکراسی هاوچەرخ لەلایەن ئەو پێشکەوتنانەوە دیاری دەکرێت کە لەو دوو گۆڕەپانەدا هاتوونەتە ئاراوە. وادیارە هەردوو بابەتەکە رۆڵی بنچینەیی لە دیاریکردنی لە دایکبوونی شارستانیەتی نوێدا دەبینن.

بابەتێکی دیکەی کولتووری سەردەستی پیاو پشتگوێی خستووە، هەڵوێستی نەزانی و بێ بەرپرسیارێتیەتی بەرامبەر منداڵان و بەساڵاچووانە. ئەمانە بە شێوەیەك خراونەتە رەوش و ئاستێکی دووەمین و سێیەمینی دوای ژن. بەرامبەر منداڵان جیهانێکی زۆردار و بێ خەم سەپێنراوە. سیستەمی سوردەستی پیاو بە بێ ئەوەی سایکۆلۆژیا و جیهانەکەیان رەچاو بکات، دوور لە بەهاکانی ئازادی و یەکسانی، ئەو کەسایەتی و جیهانەیان کە بەردەوام خیانەت لە خەیاڵە مەزنەکان دەکات و کۆتایی پێهاتووە، هەروەکو خۆی بە رۆژ و بە شەو لە هزر و مێشکی منداڵان دەخوێنن و ناترسن؛ هیچ ناکەوێتە نێو ئەندێشەیەك و ئەشکەنجە نابینێ. هەڵوێستی بەرامبەر منداڵان زۆر لەوە ترسناکترە کە مەزەندە دەکرێ. ئەم راستینەیە لە ناوخێزان تا قوتابخانە، لە کۆڵان تا یاریگە زاڵە و بە دەزگا کراوە. مێردەزمە بەسەر جیهانی منداڵان زاڵکراوە. جیهانی بەساڵاچووانیش لە لایەن چەمکێکی هاوشێوەی ئەوە ئابلۆقە دراوە. هەروەکو بڵێی دیوارێکی پۆڵایین لە نێوان بەساڵاچووان و نەوەکانیان بەرز کراوەتەوە. بێ خەمیەکی دی کۆمەڵگای چینایەتی پێشیخستووە لەم بوارەدایە. مێژوو لەم بوارەشدا فەرمانی گرانی خۆی جێبەجێ دەکات. بێ خەمی و بێ ویژدانی گشتی دەرد و خەمەکانی قۆناخی پیری زیاد دەکات.

سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ئەم دوو گۆڕەپانە لە لایەنی کۆمەڵگای دیموکراسیەوە پێویستیەکی ژیانییە. ژیان تەنیا بریتی نییە لە لاوێتی هەرزەکاری و بەرەڵا. جیهانێکی تایبەتی منداڵان هەیە کە نابێ هیچ کاتێك خیانەتی لێبکرێت و بەردەوام رێزی لێبگیرێت

و پێداویستیەکانی جێبەجێ بکرێت. خیانەت کردن لەم جیهانەی منداڵان، گەلێك شتی لەدەست کۆمەڵگا دەرخستوە و ون کردووە. هەرچی بەساڵاچووەکانن، جیهانێکی پڕ لەئەزموونیان هەیە کە بە پارزنگی ئەزموونەکانی ژیاندا تێپەڕ کراوە. کۆمەڵگایەکی ئەزموونەکانی ئەم جیهانە وەرنەگرێت، ناشێ بە دروستی بیربکاتەوە و بژێت. هەربۆیە منداڵێتی و پیری دوو دونیای بەرخۆر نین، بەڵکو جیهانی بەرهەم هێنان و هەمە ڕەنگ و دەوڵەمەند کردنن. سەرلەنوێ بە دەزگا کردنی ئەم دوو جیهانە بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگای دیموکراسیانە و لەسەر بنەمای ئەو ماف و ئازادیانەی کە بۆ رەوشەکانیان پێویست و قازانج کردنیان، ئەرکێکی دەست لێبەرنەدراوی شارستانیەتی هاوچەرخە. لەهەمانکاتدا شارستانیەتی دیموکراسی سەردەمێکە منداڵان و پیران بە خۆشەویستی و رێزەوە یادیان دەکرێتەوە و کۆمەڵگا و ئەو وشیاری و هەڵوێستە ئەخلاقیە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بوون.

**چاخی شارستانیەتی دیموکراسی دەبێتە سەردەمێك کە مافەکانی مرۆڤ و کەسێتی تاك تێیدا بەرز دەبێتەوە و دەبنە تایبەتمەندێتی دەست لێبەرنەدراوی شێوازی نوێی ژیان.**
هاتنەوە هۆش خۆی ئەو مرۆڤایەتی و تاکەی لەژێر سایەی دۆگماکان و یۆتۆپیاکان زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، هەرچەندە بۆ قۆناخێکی درێژی مێژوویی بگەڕێتەوە، زیاتر لە میانەی رێنسانسەوە هەنگاوێکی مێژوویی هاوێشتووە، بەڵام لە ئەنجامی تاکڕەوێتی سەرمایەداری دیسان ڕووبەڕووی لەدەستدان بۆتەوە. شۆڕشە زانستی ـ تەکنۆلۆژیەکانی سەدەی بیستەم، مرۆڤایەتی و تاکی ناچاری هیومانیزم و کەسێتیەکی پێگەیشتووتر دەکات. تەنیا سەدەیەکی خیانەت و خوێن رشتن نییە کە بە شێوەیەکی سەیر تاك و مرۆڤایەتی دووچاری دۆڕان کرد، لەمیانەی تواناکاریەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا سەرلەنوێ مرۆڤایەتی و کەسایەتی تاك وەکو بەهای هەڵکشاو بەدەست دەگرێتەوە و زاڵ دەکرێت. مرۆڤایەتی و تاکە کەس کە هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنن و لە سەردەمی پێکهاتنی کۆمەڵگاوە وەکو ئومێدێك مەزن دەبن، لە سایەی زەمینەیەکی ماددی پتەو و زانستدا بۆ یەکەمین جارە بە سەردەمێك گەیشتووە توانای بەدی هاتنی هەیە. ئەو مرۆڤایەتیەی بەردەوام لە میانەی تایبەتمەندێتیە ئەتنیکی و ئایینی و نەتەوەییەکان دابەش کرابوو، ئیتر بە رەوشێك گەیشتووە کە لە میانەی زمانی تەکنۆلۆژیا و زانست و دیموکراسی ببن بەیەك. توانستەکانی هێندە دەوڵەمەندە دەتوانێ مرۆڤایەتیەکی راستەقینە تێر بکات.

ئەنتەرناسیۆنالیزم بووە بە دەزگایەك لەگەڵ هیچ قۆناخێكی رابردوو بەراورد ناكرێت و ناتوانرێ دەستی لێبەربدرێ. مافەكانی مرۆڤ تەنیا وەكو گۆڕەپانێكی یاسایی ناوەستێ، بەڵكو لە بواری تاكە كەسێتیشدا بە وشیاریەك دەگات كە بە شێوەیەكی واقعیانە هاوسەنگیەكی سەركەوتوو لەگەڵ كۆمەڵگا بەدی دێنێ و بە دەزگا دەبێت.

بۆ یەكەمین جارە بە پێی پێویست بە كۆمەڵگابوون و بەپێی پێویست بەتاك یوون لەمیانەی یاساوە، لە سەنتەری ژیانی هاوچەرخدا جێگیر دەبێ. لەوانەیە واتادارترین پێشكەوتنی مێژوو ئەوە بێت كە یەكەمین جارە بە كۆمەڵگابوون و بەتاكبوون بە رەوشێكی لەبار گەیشتوون، توانای بەدیهێنانیان هەیە. هەربۆیە تەنانەت ئەگەرچی لەبەر ئەم هۆیەش بێت دەتوانرێ بگوترێ **سەردەمی شارستانیەتی دیموكراسی، سەردەمی مرۆڤایەتی راستەقینە و مافی مرۆڤ و بەتاك گەیشتنە.**

## ئاکام:

PJA بەرەخنەکردنی هەمەلایەنەی مێژووی هاوچەرخ، کار و خەباتی جووڵانەوەکانی ژنان و راستینەی ئەو ژنەی کە لەنێو کۆیلایەتیەکی هەزاران ساڵەدا شێوەی گرتووە، هەروەها بە پێشکەشکردنی رەخنەدانێکی بنەڕەتی، لەڕێگای سێیەمین کۆنگرەی خۆی، لەبواری ئایدیۆلۆژی، رێکخستنی و رەهەندەکانی تێکۆشان، بۆ هاتنە ناو سەردەمی دیموکراسی و ئاشتی گەیشتۆتە گەلێك ئامادەکاری گرنگ. PJA سەرەڕای ئەوەی کە لە قۆناخی نێوان کۆنگرەی سێ تاوەکو کۆنگرەی چواردا، خەباتی بەرفراوانی پەروەردەیی، ئامادەکارییە رێکخستنیەکان و بارهێنانی کادیرانی لەئاستێکی شیاودا پێکهێنا، هەروەها لە گۆڕەپانی کرداریدا ئاستێکی بەرچاوی دەستەبەرکردووە کە دوای کۆنگرەی چوارەم لەڕێگای بڕیارە پەسندکراوەکان، لە بەجەماوەریبووندا هەنگاوگەلی سەرکەوتووانەتر هەڵدێنێتەوە. واتا بەم شێوەیە جووڵانەوەی رزگاری ژن دەبێتە موڵکی ملیۆنان ژن. هەمیشەیی کردنی ئایدیۆلۆژیایەك، بەگواستنەوەی بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵك مەیسەر دەبێت. گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن بۆ نێو جەماوەر، دەبێتە گەرەنتی بزاڤی ئازادی ژن.

پێویستە ئایدیۆلۆژیا لەڕێگای پەروەردە، شێوازی ژیان و رەهەندە کۆمەڵایەتی، کولتووری و هونەریەکانیەوە بۆ ناخی کۆمەڵگا بگوازرێتەوە. توێژی ژن ئەگەر بێتو

ڕێنـوێنی و ڕێنیشـاندەری ڕزگـاری خۆیـان لـەبواری ئایـدیۆلۆژی، ڕێکخسـتنی و کرداریـدا بەدەست بکەوێ، ئەوا دەتوانن لـە جووڵانـەوەی کۆمەڵایـەتی و شۆڕشـی کۆمەڵایەتیـدا ڕۆڵـی پێشـەنگ بگێـڕن. بـەڕێگای بەشـداربوون لـە سیاسـەتی دیموکراتیـدا و بـە ئـیرادەی خۆیـان دەتوانن بە چارەسەری گەلێك لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان بگەن. کۆمەڵگای میلۆنی ژنانی زانا، ڕێکخـراو و راسـاو بـۆ خواسـتەکانی ئـازادی، دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی و ئاشـتی دەتـوانێ سیاسەت یاخود دەوڵەت دیموکراتیزە بکات. ئەو ژنەی کە بەرەبـەرە لـە پێگـەی تـاکی هـەرە بێ بانگەشە و نزم دەردەکەوێ، لەدرێژایی سەدەی بیست و یەکەمدا، هێـزی هـەرە دینامیـك و خاوەن بانگەشـەی ژیـان پێکـدێنێت. ئەمـە تێکۆشـانی ئـازادی بـەرەو پێشـەوە دەبـا و لـەم سـەدەیەدا جووڵانەوەیـەکی بـەرفراوانی کۆمەڵایـەتی لەسـەر بنـەمای تێکۆشـانی ئـازادی، دیموکراسی و ئاشتی وەدی دێنێ. سەدەی بیست و یەکەم دەبێتە سەدەیەکی پڕاوپڕ لـە ڕۆح، جۆش و خرۆش و واتاگەلی بەرفراوان. PJA بەرهەمی ئەزموونەکانی (30) ساڵەی سەدان هەزار ژنی کوردە، کە لە تەواوی گۆڕەپانەکانی تێکۆشانی ڕزگاری نەتەوەییـدا بەشـداربووە، شەهیدی داوە، شەڕی کردووە و تووشی زۆری و زەحمەتی هـاتووە. ئێسـتاکەش بـە پاڵپشـتی میراسـێکی وەهـا گـەورە و ئاسـتی ئـازادی و هـەروەها پـڕۆژە، بەرنامـە و بڕیـارە پەسندکراوەکانی، خاوەن بانگەشـەترین لایـەن لـە کـاروانی تێکۆشـانی ئافراندنـەوەی ژن لـە سـەدەی بیسـت و یەکەمدایـە و ئـەرکی پێشـەنگایەتی کەوتۆتـە سەرشـان. PJA دەیـەوێ دەسـکەوتە گرنگـەکانی تێکۆشـانی لەبەرامبـەر نـامۆبوونی ژنـان بەیـەکتر، پەرتـەوازەیی، دوورکەوتنـەوە لەمەیـدانی ڕێکخسـتن، سیاسـەت، کولتـوور و هونـەر و بەگشـتی لـە هـەموو بوارەکانی ژیان، سەرەتا بکاتە موڵکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاشانیش تـەواوی ژنـانی جیهان. هـەروەها بـۆ تۆڵـە سـەندنەوەی مێـژووی ژن، ئەوەنـدەی کـە لـە چوارچێوەی ژیـان دەرکەوتبێ، بەناسنامەی ڕاستەقینە، ئـیرادە، ڕێکخسـتن و کـار و خـەباتی خـۆی و پێشـکەش کردنی پڕۆژەی ژیانی نوێ، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ نێو چوارچێوەی ژیان. لـەم بابەتـەوە PJA، سـەدەی بیسـت و یەکـەم وەك سـەدەی ئـازادی ژن لێکدەداتـەوە و بەوێنـەی سـەدەی نەهێشتنی نامۆبوونی ژن لەژن، ژن لە پیاو، ژن لە ژیان، ژن لە ڕێکخستن و ژن لـە سیاسـەت بەرەو پێشەوەی دەبا. ئـەو تێکۆشـانەی کـە لەسـەر ئـەم بنەمایـە گەشـەدەکا، مسۆگەر ژنـی ئازاد، پیاوی ئازاد، ژیانی ئازاد، ڕێکخستنی تایبەتی ژنان، سیاسـەتی دیموکراتیـك، دەوڵـەت و کۆمـەڵگای دیموکراتیـك وەدی دەهـێنێ. چارەنووسـی جووڵانـەوەکانی ئـازادی، دیموکراسـی و

ئاشتی لەم سەدەیەدا، لەلایەن تێکۆشانی ژنانەوە دیاری دەکرێ. تێکۆشانی ئازادی ژن، وەك تێکۆشانی ستاندنەوە، بەهێز کردنەوە و پێشخستنی تێکرای بەها دزراوەکانی ژنان، گەلان، ژیان و سروشت کە سیستەمی سەردەتی پیاو دەستی بەسەرداگرتوون، گەشەدەکا. هەر بەم هۆیەشەوە, لەڕوانگەی PJA وە هەر دیاردەیەك کە زیان بەچەمکی ژیان, ناسنامەیژنان و گەلان,گەوهەر و سروشتیان بگەیەنێت, وەك دیاردەیەك هەڵدەسەنگێنرێ کە دەبێ لەدژی تێکۆشان بکرێ و لەنێوببرێ. لەم لایەنەوە, رووبەری تێکۆشان و رێکخستنی PJA بەرفراوان و بەگوێرەی هەلومەرج و ئەو هۆکارانەی لە سۆنگەی تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژی و چاخی هەنووکەیی پەیدابوونە، زۆر تێر و تەسەل و گەردوونییە.

***پەیمانی کۆمەڵایەتی ژنان، رۆڵی مانیفێستۆی ئازادی ژن لەسەدەی بیست و یەکەمدا, دەگێرێت.***

کاتێك باس لە مافی مرۆڤ دەکرێ، گەرەنتی ئەو ئازادیانەی کەبێ جیاوازی چیانایەتی، نەتەوەیی, رەگەزی, گرووپی ئەتنیکی و نەژادی, تەنیا بەهۆی مرۆڤبوونەوە دەبێ هەر کەس خاوەنی بێ، بە مێشکدا تێپەڕ دەبێ، ئەم مافانە بۆ پێشکەوتنی ئازادانەی تاك، مەرجی سەرەکین، ئەمانە بریتین لە مافەکانی سێ وەچە. مافەکانی وەچەی یەکەم؛ وەك ئازادی بیروڕامان، بڕوا و گوزارشت لەخۆکردن و هەروەها مافی رێکخستن، کۆبوونەوە و رێپێوان، پەروەردە بەزمانی زگماکی. مافەکانی وەچەی دووەم؛ هەڵگری کاکڵی ئابووری و کۆمەڵایەتین. مافەکانی وەچەی سێیەم؛ پارستن و گەشەپێدانی ئازادانەی هەبوونی کولتووری و شێوازی ژیانی گەلانە. ئەم مافانە کە دەبێ لەئاستی گەردوونیدا بەفەرمی بناسرێن، بەهیچ بیانوویەك ناشێ رەتبکرێتەوە، مافی ژیانیش لە سەرووی ئەم مافانەوە دێت. دەوڵەت لە هیچ بارودۆخێکدا، مافی کوشتنی کەسی نییە. پەیمانی کۆمەڵایەتی بەر لە هەرشتێك دەربڕی پەیمانی پەیوەندی ئازادانەی تاك و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای مافەکانی ئەم سێ وەچەیەیە.

ئەم بابەتە بەر لە هەرکەسێك بۆ ژنانی جیهان پێویست و گرنگە. ژن دەبێ بەکار و خەباتێکی بەرفراوان پەیمانی کۆمەڵگای ئازاد بەدەست بێنێ. ئەمە خاوەن ماهییەتێکی جیهانی و نێونەتەوەییە. پەیمانی کۆمەڵایەتی، پڕۆژەیەکە لە چوارچێوەی بەشداریبوونی ژنان کە ژن بەتەنیا لەرووی رەگەزیەوە هەڵناسەنگێنێت, بەڵکو بەبنەما وەرگرتنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی کۆمەڵگا، بەئامانجی پێکهێنانی وەرچەرخانی دیموکراتیك

داڕێـژراوە. لـە "پـڕۆژەی ژیـانی ئـازاد"دا کـە پێشـتر لەلایـەن PJA وە پێشـکەش کرابـوو، نەتەنیا ئەو ڕەهەندانەی کە پەیوەندیان بەژنەوە هەیە، بەڵکو گۆڕینی پیـاو، بـەهێزکردنی بنکـەی ڕێکخسـتنی پـارتی و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئـازادی لـەڕێگای نوێبوونـەوە، بەبنـەما وەردەگیرێت. هەر بەو شێوەیەش "پەیمانی کۆمەڵگای ئازاد" پڕۆژەیەکە کەتەواوی کۆمـەڵگا و کێشەکانی ژنان ـ ئەوەندەی کێشەکانی پیـاو و بەگشـتی کۆمـەڵگا ــ بەبنـەما وەردەگرێـت. PKK، پـڕۆژەی خـۆی بـۆ ژیـانی ئـازاد و هـەروەها پـڕۆژەی کۆمـەڵگای دیمـوکراتی خـۆی پێشکەش کردووە. تایبەتمەندی پێویستی ژن و پیاوی بـۆ سـەقامگیرکردنی ژیـانێکی ئـازاد و یەکسان، دەستنیشان کردووە. پـەیمانی کۆمەڵایـەتی، لـە نـاواخنی خۆیـدا هـیچ جیاوازیـەکی لەگـەڵ پـڕۆژەی ژیـانی ئـازاد نییـە. بـە ڕێگـای پـڕۆژەی ژیـانی ئـازاد، پێوانـەکانی ژیـانێکی هاوبـەش لـەناو پارتیـدا دیـارکراوە لەمـەڕ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی هـەردوو ڕەگـەز لەگـەڵ یەکتریـدا و هەنـدێك پێوانـەی ڕوون داڕێـژراون. لـەم بابەتـەوە پێشـکەوتنێکی بەرچـاو دەستەبەر کراوە. پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕواڵەت و شێوەی تاڕادەیـەك هـەراوتر و گونجـاوتری ئـەو لەگـەڵ کۆمەڵگایـە. کـاکڵی پـەیمانی کۆمەڵایـەتی بریتیـە لـە بەشـداری ژن لـە ژیـانی کۆمەڵا یەتیـدا و پەیمانێکـە کـە مەرجـەکانی لەلایـەن خـودی ژنـەوە دەستنیشـان کـراوە. هـەروەکو بەدرێـژایی مێـژوو ئـەم مافـە بـەژنان نـەدراوە، ئەمرۆکـەش هـەر بەوشـێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. زیانپێگەیەشتنی زۆری ژن لەڕووی هەستی، هـزری و لـەنێو ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا و هـەروەها ملکەچـی ئـەو بـۆ ژیـانی داڕێـژراو لەسـەربنەمای پێوانـە حقوقیەکانی سیستەمی دەسەڵاتخوازی هەنووکەیی، وەك پـەیمان پێناسـەکراوە. لەبەرامبـەر ئەمەشدا پەیمانی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەئیرادەی خۆیی ژن، شێوەی گونجێنراوی پـڕۆژەی ژیانی ئازادە لەنێو پارتیماندا، کە تیایـدا چۆنیەتی تـەڤلی بـوونی ژیـان، شێوەی پەیوەنـدی نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوانە و پرەنسیپ پێناسـە کـراوە، بـەجۆرێك کـە ئەگەر بێت و ئەم پرەنسیپانە ڕەچاو نەکرێن پێویستە ژن و پیاو یەکتری پەسند نەکەن.

لـە ڕەوتـی پێشـکەوتنی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، سـێ شـێوەی پـەیمان بـەدی هـاتوون. یەکەم؛ پەیمانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایە، دووەم؛ پەیمانی نێـوان ڕەنـج و سـەرمایە واتـە پـەیمانی نێـوان کرێکـاران و سـەرمایەدارانە، سـێیەمین؛ پـەیمانی نێـوان ژن و پیـاو کـە بەشـێوەی زەماوەنـدە (زەواج). پـەیمانی نێـوان کۆمـەڵگا و دەوڵـەت، لـەنێوان کۆمـەڵگا و سیستەمی بەڕێوەبەردا پێکهاتووە. بەگوێرەی ئـەم پەیمانـە، هـەر بـەو جـۆرەی کـە کۆمـەڵگا

لەبەرامبەر دەوڵەت هەندێ بەرپرسیارێتی هەیە، دەوڵەتیش لەبەرامبەری کۆمەڵگا هەندێ بەرپرسیارێتی دیاریکراوی هەیە. بەگوێرەی سیستەمی حقوقی باو لەناو سیستەمدا، ئەم پەیمانە بەئیرادەی هەردوو لایەنی بەرامبەر پشت ئەستوورە. پەیمانێکە کە لە ڕێگای پەسندکران لە هەردوو لایەنی دەوڵەت و کۆمەڵگاوە ڕەوایەتی پەیدا دەکات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە دۆخێکی پشت ئەستوور بە ئیرادە لەئارادا نییە. بۆ نموونە، کۆمەڵگا لەبەرامبەر سیستەمەکانی ئێستا مافی بژارێکی تری نییە. بەتایبەت پێکهاتەی دەوڵەتی پێکهاتوو لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا، وابەستەکردن، دادۆشین و چەوساندنەوەی کۆمەڵگا زۆر بە ووردی و نهێنی بەڕێوە دەبات. کۆمەڵگا، بێجگە لە پەسندکردن و گوێڕایەڵی لە چوارچێوەی ئەو مافانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانراون، بژارێکی نییە. با وەکو دەیانەوێ پەیمانی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران وەك ڕێککەوتنێکی دڵخوازانە و دوولایەنە نیشانبدەن، بەڵام لەڕاستیدا کرێکاران جگە لە پەسندکردنی ئەم دۆخە، بژارێکی دیکەیان نییە. کرێکار یان ئەم پەیمانە پەسند دەکا و لە ڕێگای فرۆشتنی هێزی کار و ڕەنجی درێژە بەژیانی خۆی دەدا، یاخود مەرگ و برسێتی هەڵدەبژێرێ. بێجگە لەمە بژارێکیتری نییە. لە ڕەوشێکدا کە تۆ مەحکومی هەلومەرجەکان بی، ناشێ باس لە بژارێکی ئازادانە و دڵخوازانە بکرێت. سێهەم؛ پەیمانی پارێزراوی زەماوەند لەژێر ناوی پیرۆزی خێزان (بنەماڵە)، لەنێوان ژن و پیاودایە. بەڕواڵەت پەیمانێکە کە هەتا هەردوو لایەن پێی ڕازی نەبن، ڕەوایەتی و دەرفەتی جێبەجێکردنی نییە. ئەگەر بێتو یەکێك لە دوو لایەنەکە ڕازی نەبێ، زەماوەند و خێزان بە زۆرەملێ پێك نایە و سەرناگرێ. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو شێوە ژیانەی لەنێو ڕێکخراوبوونی کۆمەڵایەتیدا ژن ملکەچ دەکات، هەر ئەمەیە. لە ڕاستیدا ژن بێجگە لە دامەزراندن و پێکەوەنانی ژیانێك لەسەر بناخەی فرۆشتنی خۆیە لەڕووی زایەندیەوە، بژارێکی دیکەی نییە. ئەم سیستەمە تەنانەت ئەمڕۆش برەوی هەیە. هەرچەندە لە هەموو شوێنێك وەهاش نەبێ, ئەم هۆڤیەتی و دڕندەییە هەروا درێژەی هەیە. ژن یان ملکەچی زەماوەند دەبێ، یان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و گوشاری جیاوازتر دەبێتەوە. سەرەڕای ئازار یان دەستدرێژی جنسی بەرامبەر ژن لە کۆمەڵگادا، لەنێو بنەماڵەشدا پیاو وێڕای ڕازیبوونی ژن، مافی موڵکایەتی بەسەر ئەوەوە هەیە. لەزۆر شوێنی جیهان، ژنی شووکردوو تووشی ئازار و ئەشکەنجە و لێدان دەبێ. ئەم ڕووداوە بەگوێرەی پەیمانی زەواج، وەك تاوان ناژمێردرێ، بۆ کارێکی وەها لەهیچ دادگایەکدا سزا نابڕدرێتەوە.

لەمـەڕ ئـەم بابەتـە هـیچ چەشـنە پـەیمانێکی حقـوقی بـۆ تـەگبیر وەرگـرتن لەئاسـتی نێونەتەوەییدا بوونی نییە، چونکە لە جیهانی ئەمڕۆماندا کە مۆرکی لۆژیکی باوکسالاری لەهەموو رێکخراو و دەزگایەك دراوە. خێزان ئێستاش تایبەتیترین مولکایەتی تایبەتییە، بەڕوالـەت لـەدەرەوەی گۆڕەپـانی سیاسـەت، دەولـەت و تـەواوی کۆمـەلگا دەبینـرێ، بـەلام ناوەنـدی بەرهـەمهێنانی رۆژانـەی ئایـدیۆلۆژی چـینایەتی دەسـەلاتخواز و هـەروەها بەڕێکخراوبوونی ئەو. بەم هۆیەشەوە بە یاساگەلی تایبەت لەلایەن سیستەمەوە پشتیوانی لێدەکرێ. ژن لـە پـەیمانی نێـوان سیاسـەت وکۆمـەلگا یـان دەولـەت، کرێکارەکـان و خـاوەن کارەکـان و لـەنێوان ژن ـ پیـاودا بەشـدارە. لەگـەلّ ئـەوەی لـە پـەیمانی زەواجـدا، لایـەنی زایەندی گوشارەکە گەلێك زۆرتر و ئاشکراترە لە پەیمانەکانی تر، بـەلام لەهەموویانـدا کـەم تـا زۆر گوشـار بەرچـاو دەکـەوێ، لەکاتێکـدا پیـاو لـە تـەواوی ئـەم پەیمانانـەدا دەچەوسێنرێتەوە، ژنـیش وەك رەگـەزی دووەم، رووبـەڕووی چەوساندنەوەیەکی توونـدتر دەبێتەوە. لەم پەیمانانەدا ژن بە ئیرادە و ویستی خۆی بەشدار ناکات. بەم هۆیەشـەوە هـیچ کام لەو رێکخراوانەی کە ئەم پەیمانگەلە جێبەجێ دەکەن، پشتگیری لێ دەکەن و دەیانکەنە پەیمانی حقوقی، دیموکراتیك نین. لەسەرووی هەموویانەوە دەزگای خێزان هەیە. خێـزان، نـاووکی سیسـتەمە و دەسـتەبەرکردنی چارەسـەری لـە خێزانـدا، دەسـتەبەری چارەسـەری کێشـەکانە لـە کۆمـەلگادا. هـەر بـەم هۆیەشـەوە بەپێشخسـتنی پرۆسـەی دیموکراتیکبـوون لەخێزانەوە بگرە هەتا کۆمەلگا، سیاسـەت، دەولـەت و حقـوق و گۆڕانکاریـەك کـە لەتـەواوی ئەم رێکخراو و دامەزراوانەدا ئیرادەی ژن بە فەرمی بناسێ، کۆلەکـەی پـەیمانی کۆمەلایـەتی ژن پێـك دەهـێنێ. ئـەم بارودۆخـە نـە لـەڕێگای واقیعـی هەنووکـەیی خێـزان، دەولـەت، میکانیزمی سیاسی و نە لەڕێگای سیستەمی حقوقی هەنووکەیی، لەئاستێکی وەهادا نییـە کـە لەبەرژەونـدی ژنـدا بـێ. لـەم رووەوە، ژن بـۆ رێکوپێـك کردنـی چوارچـێوەی پـەیمانی کۆمەلایەتی خۆی و مەرجەکانی ئەو، هـەروەها پێشـکەش کـردن و سـەلماندنی بـە کۆمـەلگا، دەبێ رەنجی تێکۆشانی دیموکراتی حقـوقی و سـەرقالّ بـوون بـە سیاسـەتی دیموکراتکییـەوە بیگرێتەبەر. بەدرێژایی مێژوو هیچ چەشنە پەیمانێك نەبووە کە ئیرادە ژنـی تێـدا بـێ. ژن لە پاش رواندنی یەکەمین نەمامەکانی کۆمەلایەتیبوون لەچاخی کۆمەلگای بەردینی نوێـدا، بەرەبەرە پیاوی راکێشایە ناو کۆمەلە بچووکەکانی خۆیـەوە و ئـەوی کـردە شـەریکی خـۆی. ئەمـە دەکـرێ وەك یەکـەمین پـەیمانی نەنووسـراوی مێـژوو ـ هەچـەندە سـەرەتایی بـوو ـ

بژمێردرێ. سەرەتا ژن خۆی راهێنا. بۆ کۆنترۆڵ کردنی (خستنە ژێر رکێفی) هەندێ لە غەریزەکانی، سەرەتا هەندێ تابۆی بۆ خۆی دانا. پاش گەیشتن بەهەندێ پێشکەوتن، رەچاوکردنی ئەوانی لەسەر پیاو سەپاند و بەدانانی هەندێ مەرج، رێگایدا کە پیاو بێتە ناو ئەو کۆمەڵە بچووکانەی کە لە ژنان و منداڵان پێك دەهاتن. لەڕاستیدا ئەگەر ئەمڕۆش تاوتوێی لەسەر بکرێ، لەلایەنی لۆژیکیەوە زۆریش هەڵە نییە. چونکە دایکانی چاخی بەردینی نوێ کە یەکەمین پەیمانی کۆمەڵایەتیان دارشتووە، گەلێك پێشکەوتنی گەورەیان پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە. لەهەمووان گرنگتر ئەوەیە کە ژن بەگێڕانی رۆڵێکی سەرەکی لە کاتی تێپەڕبوونی مرۆڤ لە قۆناخی ئاژەڵیەوە، پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوونی دەستپێکرد. ئەگەر غەریزەکان نەکەوتبانە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریەوە، مرۆڤ نەدەبوو بە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی. ئەمەش لەڕێگای یەکەمین تابۆ دانراوەکانی ژنەوە یان بەواتایەکی دیکە یەکەمین یاساگەل و لەسەر بنەمای ئەوان، یەکەمین پەیمانی بەستراو لەگەڵ پیاو بەدیهاتووە. ئەمڕۆ سەرمایەداری دەخوازێ مرۆڤایەتی لەمرۆڤبوون دووربخاتەوە و بیکاتە ئاژەڵی غەریزی رەها و دابڕاو لە مەعنەویات. ئەمە بۆ مرۆڤایەتی هەڕەشەیەکی گەورەیە. هەر بەم شێوەیەش ئەو شتەی لەبەرامبەر ئەم هەڕەشەیە مرۆڤایەتی دەپارێزێ و وەرچەخانێکی مەزنی تێدا بەدیدێنێ، هەروەك لەسەرەتای مێژووشدا روویداوە، دیسانیش لێدانی مۆرکی گەوهەری ژن دەبێ لەسەر پێشکەوتن و پەیمانی کۆمەڵایەتی. لە راستیدا و لەلایەنێکەوە ئەوەی وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیە، بەڕۆژانەکردنی مافەکانی دایکە. ئەمە بەواتای بەبنەماگرتنی رەهای ژن و بەناوەند کردنی ئەو نایەت، بەڵکو شێوازی ژیان و جۆری پەیوەندیەکان بۆ هەر دوو رەگەزەکە دیاردەکات. لەم لایەنەوە، پەیمانی کۆمەڵایەتی کار و خەباتێکە کە خاوەن بایەخێکی ژیانییە. خاوەن ناوەڕۆکێکی هاوتای سەردەمی شارستانیەتی دیموکراتیکە. PJA بۆ دارشتنەوەی پەیمانی ژنی ئازاد لەگەڵ کۆمەڵگا، پێکهێنانی مشت و مڕێکی تێروتەسەل و گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەگەڵ رێکخستن و کۆمەڵەکانی ژنانی وەك ئامانجێك لەپێش خۆی داناوە.

ئازادی ژن خۆی ئامادە دەکات بۆ هەنگاوە سەرەتاییەکان چونکە پێوانەی بناخەیی و گشتییە بۆ هەموو ئازادیەکانی تر. ژن ئەو تۆزە لەخۆی دەکاتەوە و لەناو پاشماوەی خۆڵەمێش دەردەکەوێت دوای ئەوەی سووتا و خراپ بوو، بەدرێژایی 5 هەزار ساڵ

لەمێــژووی کۆمــەڵگای چــینایەتی، پرســەکە ئەوەنــدە بــەرفراوان و سەرتاســەرییە کــە دەتوانرێت بکرێتە بەشێك لە بەشەکانی زانستی کۆمـەڵگا. ئەوەنـدەش گرنگـە کـە پێویست دەکـات خـەباتێکی بـەپلان و پرۆگـرام و سیسـتەمێکی دەم درێـژ لەچوارچـێوەی سیاسـەتی دیموکراسی و مافی دیموکراسی تیایدا دەست پێبکرێـت، هـەروەها پێویسـتی بـە خێرابوونێـك هەیە لەبەرئەوەی شوێنێکی تایبەتی زیاتری هەیە تەنانەت لەهەردوو تێکۆشانی نیشـتمانی و چینایەتی لەهەردوو بواری شێوە و ناوەرۆکدا. بەڵام ئەمرۆ پرسەکە نـاوی لێنـراوە بـەبێ ئەوەی ناوەرۆکەکەی دیاری بکرێت، هۆکاری ئەمەش بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەگەڕێتـەوە بـۆ لاوازی ئاستی پەیوەندیەکان و ئەو پـەیمان و رێکخسـتنەی کـە لـەنێوان رێکخراوەکـانی ژنـدا هەیـە. جووڵانــەوەکانی ئێسـتای ژن، تائێسـتاکەش دوورن لـە پێشکەشـکردنی روانگەیـەکی بەجەســارەت، رادیکــاڵ و رەخنەگرانــە لــەبواری ئایدیۆلۆژیــەوە، ســەبارەت بــە زۆربــەی کێشـەکانی ژن. کێشـەی ژن یـان بـە روانگەیـەکی بەرتەسـکی فێمینیسـتی، یـان بەرەهەنـدە ئابووریەکانــەوە یــاخود بەشــێوەی بابــەتێکی لاوەکــی ـــ پاشــکۆ لەبەرچــاو دەگــیردرێ. هەڵسوکەوتی ئایدیۆلۆژی، ناتەواو، رووکەشانە و تەنانـەت هەڵسوکەوتی هەنـدێ رێکخسـتن لادەرانەیە. لەبەر ناتەواوی لە روانگەی ئایدیۆلۆژیانـەوە، هەڵسوکەوتی لەشێوەی لێگەڕین لەمـەڕ نـاکۆکی قـووڵ و ئاڵۆزکـاوی هـەزاران ساڵەی زایەنـدیش ناتـەواو بـووە. لـەم رووەوە، ئاســتی هەنووکــەیی رێکخســتن و تێکۆشــان لــە پێنــاوی گەیشــتن بــە چارەســەری کێشــە بنەڕەتیــەکانی ژن بــەڕێگای هەڵکشـانی ئاسـتی تێکۆشـانی ئـازادی، دیموکراسـی و ئاشـتی و بـەرۆژەڤکردنی پـتری کێشـەی ژن لـە ئاسـتی رای گشـتی جیهانـدا، لـە ئاکامـدا گەیشـتن بـە هەندێ ئەنجامی بەرچاو و ئۆبجەکتیف لەمەڕ چارەسەری کێشەکانی ژن، بەس نیە و نابێتە وەڵامدەرەوەیەك. ئەم دۆخە نە تەنیا ژن بەڵکو بەگوێرەی پێویسـت نـاوەڕۆکی رزگـاری ژن، رزگــاری ســەرجەم مرۆڤایــەتی و تێکۆشــانی ئــازادی ناچــار دەکــات کــە زۆر خێرایانــە بجووڵێنەوە. هەڵکشانی جموجۆڵ و کار خـەبات لـەپاش سـاڵی 2000، هەرچـەندە لاوازیـش بێــت، گوزراشــت لــە گەشــەکردنی لێگــەڕین، لێپرســینەوە و هــەروەها بــاڵاکردنی ویســتی رزگاربوون لە بێهێزی دەکات. قووڵکردنەوە و پتـەوکردنی ئـەم لێگـەڕین و لێپرسـینەوەیەی جوڵانـەوەی ئـازادی ژن کـە دوورە لـە بـەرۆژەڤکردنی دروسـتی بەرنامـە، سـتراتیژ و شـێوەی رێکخستن و خەبات، لە سەرەکیترین خاڵەکاندا دەگەیەنێتە بەرنامە، ستراتیژ و شـێوازگەلی گونجاوی خەبات و رێکخستنی. ئەمـە رۆڵـی هـەرە بنەڕەتیـە کـە PJA لـە سـەدەی بیسـت و

یەکەمدا لەئەستۆی دەگرێ. هەڵبەتە ئەمە ئەرکێکە کە هەموو ئەو ڕێکخستنانەی ژن کە بانگەشەی لێگەڕینی ئازادی دەکەن لەئاستی جیهاندا، خۆیانی لە بەرامبەردا بەرپرسیار ببینن.

مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا ڕووبەڕووی گەلێك كێشەی سەرەكی بۆتەوە. ئەم گیروگرفتانە لەچوارچێوەی چین یاخود تیۆریەكی تایبەت دەركەوتوونە و ڕواڵەتێكی گشتی و جیهانیان بەخۆوە گرتووە، هەندێ ڕەهەندیان تێدا دەركەوتووە كە تەواوی مرۆڤایەتی بەشێوەیەكی یەكسان دەخاتە ژێر كاریگەری خۆیەوە. بۆ نموونە؛ كێشەگەلی ئەكۆلۆژی، مەترسی چەكە ناوەكیەكان و پاشماوە كیمیاویەكان و هەروەها مەترسی گەشەكردنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی مەیلی مرۆڤەكان بۆ خەرج (بەكاربەر)ی لە ڕادەبەدەر، هەموویان ڕەهەندی ڕشدیان بەخۆوە گرتووە، هەموو مرۆڤەكان تەنانەت ئەوانەی كە لە ڕووی جوگرافیەوە زۆر لە یەكتر دوورن، ئەوانیش لەبەرامبەر ئەم ڕاستییە و كێشە سەرەكیەكانیاندا هاوبەشن. كونبوونی پەردەی ئۆزۆن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بەهۆی ئەم ڕووداوەوە و هەروەها هەڵكشان و داكشانی ڕادەی ئاو لە ناوچە جۆراوجۆرەكان، ئەو كێشانەن كە مرۆڤایەتی پەیوەندیدار دەكات. نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ بەوێنەی نامۆبوونی ئەو لە سروشت گەیشتۆتە ئاستێكی تۆقێنەر، زۆربەی بەها مێژوویی، كۆمەڵایەتی و شارستانیەكان بەهۆی نەخۆشی مشەخۆربوونی كۆمەڵگاكان لەناو دەچن. مرۆڤایەتی بەتەواوی گەیشتۆتە بنبەستێك. ئەم بنبەستبوونەش بەرهەمی قۆناخێكە كە پاش پەڕینەوە بۆ كۆمەڵگای چینایەتی دەستیپێكردووە و تائێستاش درێژەی هەیە. سەرەتا دەبێ گۆڕانی تێپەڕبوون لە كۆمەڵە بەرتەسكەكانی مرۆڤەكان بەرەو كۆمەڵگای چینایەتی، گشتگیربوونی پلە بەپەلەی ئەو و هەروەها گەیشتن بە ڕەهەندەكانی ئێستای، شیبكرێتەوە و هەڵسەنگێنرێت. چەوساندنەوە كە بە چەوساندنەوەی نێوان ڕەگەزەكان دەستیپێكرد و بەرەبەرە گشتگیربووە و هەموو كۆمەڵگای گرتۆتەوە، سەرچاوەی قەیرانەكانی ئێستای مرۆڤایەتیە. لە بارودۆخێكی وەهادا مسۆگەر پێویستە مرۆڤایەتی بەرەو گەوهەری خۆی بگەڕێتەوە. لەم بارەیەوە، ئەم بۆچوونەی سەرۆكایەتی PKK "دیموكراسی لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا سەركەوت" خاوەن گرنگیەكی بێ سنوورە. سەرەتا سروشت و دواتر پلە بەپلە سەرجەم مرۆڤایەتی ڕووبەڕووری هەڕەشە و مەترسی بۆتەوە. ئەم بارودۆخە مرۆڤ دەخاتە دڵەڕاوكێوە. داتەپینێكی گەورە لەبواری مەعنەویاتەوە لە ئارادایە. دەخوازرێت

مـرۆڤ و کۆمەڵگایـەکی وابەسـتەی ماددیـات و تـا رادەی ئـاژەڵبوون وابەسـتەی غـەریزەکان بەدیدێت. لە هەلومەرجێکی وەها بەرچاودا، دەرکـەوتنی پێویسـتی بەدیموکراسـی هـەروەك پێداویستیەکی سەرەکی پەسند دەکرێت.

تایبەتمەندێتی باوکسالاری لە گەشەنەکردنی دیموکراسی، بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ گەوهەری خۆیدا، دیاریکەر بـووە. ئـەم کێشـەیە لـە مێژینەیـە کـە کاریگـەری کردۆتـە سـەر تەواوی مرۆڤایەتی، ئیدی دەبێ چارەسەر بکرێ. هەربۆیە خەبات و تێکۆشان بۆ ئـاواکردنی سیسـتەمێك لەسـەر تـەوەرەی ژن، لـە راسـتیدا خـەبات لـەپێناوی ئـاواکردنی سیسـتەمێکی دیمورکراتیکـە. سیسـتەمی لـە تـەوەرەی ژنـدا سیسـتەمێکە پشـت ئەسـتوورە بـە ئـیرادەی هاوبەشی هەردوو رەگەز و لەسەربنەمای بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هاوبەش. بـەگوێرەی هەڵکەوتەی لە پێشتری ژن لە پێشخستنی ئەم تێکۆشانەدا، ئـەرکی پێشـەنگایەتی لـە رەوتـی تێکۆشـانی دیموکراسـیدا رادەپـەڕێنێ. لـەو سیسـتەمانەدا کـە پشـت ئەسـتوورن بەگوشـار، توندوتیژی و شەڕ، ژن هیچ بەرژەوەندیەکی نییە. ژن وەك رەگەزێك کە بەدرێژایی مێـژوو رووبـەڕووی زۆرتـرین گوشـار و چەوسـاندنەوە هـاتووە، هاوکـات ئـەوەی کـە لەمـەڕ میکانیزمەکانی شەڕ و توندوتیژی خاوەنی هیچ چەشنە هێزێکی بڕیاردەرانە نەبووە، بەڵام توێژێك بووە کە بەم هۆیە تووشی زیانگەلی هەرە گەورە بووە. هەر ئەم رەوشەش، بەتـەنیا بەسە بۆ ئەوەی ژن گەشە بەتێکۆشانی دیموکراسی بدات.

دیموکراسـی، هێـزی خـۆی لـە ئـازادیکردن؛ سروشـتی بـوونی کۆمـەڵگا و دەسـتەبەری ئـیرادەی هاوبـەش وەردەگـرێ. لـەم رووەوە، نەتـەنیا بـەهۆی نزیکبـوونی گەوهـەری ژن لـە سیستەمی دیموکراتیك، لەڵکو بەگوێرەی ئـەوەی خـاوەن رۆڵێکـی ئـازادبوون و ئـازاد کردنـە، دەبـێ لـەم لایەنـەدا پێشـەنگ بـبێ. لـەباربوونی گەوهـەری ژن بـۆ دیموکراسـی، ئـەم واتایـە دەگەیـەنێ کـە خـۆی لەخۆیـدا دەتـوانێ ببێتـە پێشـەنگ. ژنـان وەك ئـەو توێـژەی کـە لـە هـەمووان زیـاتر لـە لایـەن سیسـتەمە باڵادەسـتەکانەوە توندوتیـژیان لەسـەر بـەڕێوەبراوە، هۆگەلێکی زۆریان بۆ گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداری هەنووکە هەیە. ژنان، ئەو توێژەن کە دوای دەستپێکردنی قۆنـاخی ئاشـتی بـە جـۆش و خرۆشـێکی فراوانـەوە بەشـداری تێکۆشـان بوونـە. گەشـەکردنی هەسـتیاری و خسـتنەگەڕی توێـژی ژنـان ـــ وەك هێـزی دینـامیکی بنەڕەتی لە پێشخستنی تێکۆشانی دیموکراسیدا ـ هەروەها رەخساندنی دەرفەتی ئـەوەی کـە چـالاکانە رۆڵـی خۆیـان بگێـڕن، یەکێکـە لـە ئەرکـە سـەرەکیەکانی جووڵانـەوەکانی ژنـان

لەسەدەی بیست و یەکەمدا. ئێستاکە، دەرکی باشتری ڕۆڵی جووڵانەوەکانی ژنان لەبواری ڕاپەڕاندنی ئەرکی مێژوویی خۆیان و سەرکەوتنی ئاشتی و دیموکراسی، زۆر گرنگە و بەرپرسیارێتیەکی مێژووییە.

ژن، کۆڵەکەی بنەڕەتی تێکۆشانی بونیادنانی کۆماری دیموکراتیکە. وزەی شاراوەی ژن، هێزێکی دینامیکییە کە لەهەمووان زێدەتر دەتوانێ گۆڕانکاری ئەنجامبدات و خێرایی بە جێبەجێ کردنی پڕۆژەی کۆماری دیموکراتیك ببەخشێت. لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا، لەئاکامی ئەو شەڕانەی کە بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتی ئەوروپاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روویان دابوو، جۆرێك لەنامۆبوون، دوورکەوتنەوە و پێشداوەری لەنێو گەلانی ئەم هەرێمە بەدی هاتووە. لە دۆخێکی وەهادا، یەکێتی و ڕێکخستنەوەی ژنانی کورد، تورك، عەرەب، ئەرمەنی، ئاشووری و ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەکۆبوونەوەیان لە دەوروبەری کێشە هاوبەشەکان، بەپێشخستنی ڕێکخستن هێزێکی چارەسەری گرنگ دێنێتە مەیدان. بەهۆی گەردوونی بوونی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن، PJA دەتوانێ لە زۆر دەڤەری جیهان بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ژنان یەکانگیر ببێ. هەرچەندە ناوچە جیا جیاکانی جیهان خاوەن تایبەتمەندی نەتەوەیی جیاوازن، بەڵام بەهۆی ژنبوونیانەوە کێشە، هەست، سۆز و ئێشەکانیان هاوبەشە. تێکڕای ئەم ڕاستیانە دەتوانن ژنانی گشت جیهان بەسانایی یەك بخەن. ئەمڕۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێشخستنی دیموکراسییەوە شەتەك دراوە. ئەمە ئەوەندەی کە دەتوانێ ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی مێزگردە هاوبەشەکان و لەژێر سایەی ڕێکخراوە چەترییەکان کۆبکاتەوە، بەهەمان شێوەش دەتوانێ ببێتە پردێك بۆ نزیککردنەوە و ئاشناکردنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ یەکتر. ئەم ڕەوشە تەواوی کۆمەڵگاکانی جیهانیش دەگرێتەوە. ئەگەر بێتو لەنێوان جووڵانەوەیەکی ژنان کە پشت بە ڕێکخستنەوە دەبەستێت، ڕێککەوتنێك بێتە ئاراوە و لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوە دیموکراتیە کۆمەڵایەتیانەی کە بانگەشەی چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی دەکەن بگاتە خاڵی هاوبەش، ئەوا بەرەیەکی بەهێزی دیموکراتیك پێکدێت کە دەتوانێ بەشێکی زۆر لە کێشە سەرەکییەکانی جیهان چارەسەر بکات. بەڵام ئەمە بەرلە هەرشتێك پابەندە بە تێپەڕاندنی ئەو چەند بەرەیەتی و پەرتەوازەییەی کە لەنێو جووڵانەوەکانی ژناندا بەدیدەکرێ. لەم ڕووەوە، سەقامگیرکردنی ئاشتی بەرێگای ئەو نامانەی کە "نەفەرتاری" شاژنی میسر و "پۆتۆهاپا" شاژنی هیتی لەگەڵ یەك

دەیانگۆڕیەوە، نموونەیەکی جوان و واتادارە لەمێژوودا. ئەم دوو ژنە کە ئێشەکانی شەڕی نێوان دەوڵەتی هیتی و پادشای میسریان لەسەر گەلەکانیان هەست پێدەکردن، بەنووسینی هەندێ نامە بۆ یەکتر، شەڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیان راوەستاند. پۆتاهاپا لە نامەکەیدا بۆ نەفەرتاری دەنووسێ:"زۆر لەیەك دووریـن، گەل و نیشتمانمان جیاوازن، بەڵام ئایا هەردووکمان لە دڵەوە خوازیاری ئاشتین؟". ئەم بوویەرە، نموونەیەکی پڕواتای هێزی ژن لە سەقامگیرکردنی ئاشتی لەڕێگای خستنە گەڕی هێزی خۆیەوە نیشاندەدات.

**دایکەکانی چەرخی بەردینی نوێ ئەمجارە دەبێ هەڵسن بە بونیادنانی دیموکراسی.**

هەر بەو چەشنەی کە دایکبوون لە چاخی بەردینی نوێدا خاوەن کارابوونێکی کۆمەڵایەتی بووە، ئەمڕۆش دایك و ژنبوون دەبێ کارابوونێکی کۆمەڵایەتی هەبێ. ژنێتی دەبێ لە کەڵێشەی دیاردەیەکی رەهای زایەندی بێتە دەر و خزمەتی کۆمەڵگا بکات. ئێشەکانی دایکانی کورد و تورك، هاوبەشن. هەرچەندە بە رواڵەت جیاوازیش بن، بەڵام هەستی دایکانە یەکە. ئەم هەستە هاوبەشە لەیەکێتی ژناندا خاوەن هێزێکی مەزنە کە بەپاڵپشتی ئەوە پێشخستنی رێکخستنی ژنان ئاسانتر دەبێ. لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر زەمینەی هەنووکەیی لە تورکیا کەڵکی لێ وەربگیرێت و بۆ وێنە بەپەرەپێدانی کار و خەباتەکان لەڕێگای رێککەوتن لەگەڵ لقی ژنانی پارتە سیاسیەکان، رێکخراوە فێمێنیستیەکان، دامەزراوەکانی پاراستنی ژینگە، ئەو رێکخراوانەی کە بەکێشەی منداڵان سەرقاڵ دەبن و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەگەڕخستنی دینامیکیەتەکانی دیموکراسی زۆر ئاسان دەبێتەوە. هەرچەندە تورکیا پۆتانسێلێکی وەها زێدە و هەلومەرجێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی تێکۆشانێکی وەها لەلایەن ژنانەوە لە ئاراشدابێت، بەڵام ئێستا لایەنی رێکخستنی ئەو بەس نییە. سەرەڕای ئەوە هێشتا وشیاری رەگەزی ژنان لە تورکیا ئەوەندە قووڵ نییە. ئێمە وەك PJA، بە گواستنەوەی بەها و دەستکەوتەکانی تێکۆشانی رزگاری ژن بۆ نێو کۆمەڵگا، بەخێرایی کەموکورتی و خاڵە لاوازەکانمان بەلاوەدەنێین. بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری رەگەزایەتی مەرجێکی سەرەکییە بۆ دەرك پێکردنی رۆڵی ژن لە پێشخستنی ئاشتی و دیموکراسیدا. گواستنەوەی ئاستی ئایدیۆلۆژیکی PJA بەرەهەندە کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانیەوە و بە رێگای هەندێ پڕۆژە بۆ نێو کۆمەڵگا و هەروەها دەستنیشان کردنی کێشە جۆربەجۆرەکانی ژنان و خستنەڕووی رێگا چارەیەکی کرداری، گەلێك مەتەرێزی قایم و پتەو بۆ پێشخستنی دیموکراسی لەتورکیا و

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات. ئاشتی، کاری ژنانە. ئەم ڕاستییە پەیوەندیەکی نزیکی بە گەوهەری یەکەمینی ژنەوە هەیە. بێجگە لەمە، لەکاتێکدا کە شەڕ لەبواری جەستەیی و هێزەوە پتر لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی پیاو کۆکە، ئاشتی و دیموکراسی، ئەو زەمینانەن کە زیاتر گەوهەری ژن بەرجەستە دەکەن و پێشیدەخەن. ژن کە لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت بەهێز، لەهەمان کاتدا هێز بە دیموکراسیش دەبەخشێت. ئەگەر ڕێکخستنی ئەم تێکۆشانە لەسەر بناخەی دروست پێکبێ و هەڵسوکەوتێکی ئافرێنەرانە و داهێنەرانە نیشانبدرێ، هەروەها ئەگەر زمانێك هەبێ کە دەربڕی ئەو بێ، ئەو ڕۆڵەی کە ژن بیگێڕێ، دیاریکەر دەبێ. دەستەبەرکردنی یەکێتی دیموکراتیك لەنێوان دوو کۆمەڵگادا، بەڕێگای سڕینەوەی شوێنەوارەماڵوێرانکەرەکانی شەڕ، بەر لە هەرشتێك لە ڕێگای ڕێکخستنی بونیادنراو کە لەنێوان ژنانی دوو گەل دێتە ئاراوە، بەدیدێت. لە کۆمەڵگایەك کە ڕێکخستنی هاوبەشی ژنان بێتە ئاراوە، بەشێوەیەکی مسۆگەر لە چوارچێوەی خێزان و دواتریش لەگشت کۆمەڵگادا بەدیدێت.

سەبارەت بەم بابەتە، وێڕای ئەوەی گەلێك توێژینەوەی جیاواز لەمەڕ پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ژنان و پێگەیان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا و ناوچەکانی دیکە ئەنجام دەدرێ، ڕاستینەی ژنان لەهەر ناوچەیەکیش بە ووردی شیدەکرێتەوە. دەبێ ئەو هەوڵانەی کە لەمەڕ ناسینی ڕاستینەی ژن، دەستنیشانکردنی دروستی پێداویستیەکانی و داڕشتنی ڕێکخستنەوەیەکی گونجاوی ئەو لەئارادان، خێراتر بکرێن. گۆڕینی ئەو دامەزراوانەی کە لە هەلومەرجی شەڕدا پێکهاتوون بۆ دامودەزگای کۆك لەگەڵ قۆناخی ئاشتی و دیموکراسی، هەروەها سەرلەنوێ بونیادنانەوەیان، لە پێداویستیەکانی ئایدیۆلۆژی ڕزگاری ژنن. وەقفەکانی ژنان، کۆڕەکانی ژنان، دامەزراوە زانستییەکان، یەکێتیە کرێکاریەکان، ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە و ڕێکخستنەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی، لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتی دیموکراتیدا کاریگەری هەرە زۆریان دەبێت. هەروەها ژنان بە ڕێگای بەدەستخستنی ئاستێکی بەرهەمهێنان لە ڕێگای ئەم ڕێکخستنانەوە، پاش هەزاران ساڵ داڕووخان و پیسبوون لە سۆزانیخانە گشتی و تایبەتیەکاندا، سەرلەنوێ دەگەنەوە ئاستی خواوەندی ژن. ژن خۆی دەئافرێنێتەوە، کۆمەڵگاش دەئافرێنێتەوە. ئەو زەمینەیەی کە ژن بتوانێ تێیدا بگاتەوە بە گەوهەری خۆی بەدەست بێنێت و دەستپێشخەری و هێزی بەرهەمهێنانی خۆی هەتا دوایی دەرخاتە ڕوو،

ئیدی دێتە ئاراوە. PJA بە مەبەستی بەلاوەنانی کەموکوڕیەکانی لە بابەت چوونە ناو کۆمەڵگاوە، جەماوەریبوون و جیهانیبوون لەسەر ئەم بنەمایە گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی کار و کردەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك ئامرازە سەرەکیەکان گەشەپێدەدا. لەجیاتی دامەزراوەی سنووردار بەژنانی کوردەوە، ئەو ڕێکخراوانە بەبنچینە دادەنێ کە خیتابی تەواوی ژنانی جیهان بکات و هەمووان لەخۆوە بگرێ. خۆی دەگەیەنێتە مۆدیلێکی ڕێکخستنی گونجاو لەگەڵ کارەکتەری سەدەی بیست و یەك. بەمەبەستی هێنانەکایەوەی وەرچەخانی دیموکراتیك لە کۆمەڵگا و ئافراندنی ڕۆحی تێکۆشان لەپێناو ئاشتیدا، تا دواڕادە لەم ڕێکخستنانە کەڵك وەردەگرێ.

سەدەی بیست و یەکەم ئەو چەرخەیە کە تەواوی ژنان بۆ گەڕان بەدوای ئازادیدا، تێیدا ڕووبەڕووی کێشەگەلی کاری ڕێکخستنی بەرفراوان و شێوازی تێکۆشان دەبنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو خەباتەی کە دەبێ بەر لەهەر خاڵێکیتر بخرێتە ڕوو و هەوڵێکی زۆری لەسەر بدرێ، کار و خەباتی پەروەردەیە. بۆ ئەم بابەتە، دەبێ ئاکادیمیا و ئەنیستیتۆکانی ژنان دامەزرێن و برەو پەیدابکەن. PJA بۆ پێشەنگایەتی کردن لەم خەباتانەدا؛ بەڕێگای دامەزراندنی "**ئاکادیمیای ژنی ئازاد**" پێشوازی لە سەدەی بیست و یەکەم ، کە سەدەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری ژنە، کردووە. بەلام لە هەلومەرجی ئێستادا، وەلامدانەوە بە پێداویستی ملیۆنان ژن بۆ پەروەردە، بە ئاکادمیایەك مەیسەر نابێ. لەم سەدەیەدا، دەزگاکانی پەروەردە لەسەرووی ئەو دامەزراوانەی ژنانەوە دێت، کە دەبێ جێگرەوەی دامەزراوەکانی سیستەمی دەسەلاتخوازی پیاو بن. پێویستە لە گشت جیهان، ئاکادمیا، ئەنیستیتۆ و تەنانەت زانکۆی ژنان ئاوابکرێن و پێداویستی هەزاران ساڵەی پەروەردە، ڕاهێنان و ڕۆشنگەریان دابین بکرێت. چونکە داڕووخانی ژن لە داڕووخانی کۆمەڵگا و لە داڕووخانی ژنیشدا تاریکی بیری ئەو دیاریکەر بووە. ڕفاندنی زانست لە خودا لەلایەن حەواوە و داخوازی ئەو بۆ ڕۆشنکردنەوەی مرۆڤەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە خودا تا ئێستاش ڕەگەزی ژن سزابدا، ئەم سزایەش بەشێوەی ڕفاندنی زانست و وشیاری و دانایی لەژن بووە. فێربوون و پەروەدە بۆ ژنان قەدەخەکراوە. سەلمێنەری ئاشکرایانەی ئەم ڕاستییە، چوونی ژنان بۆ زانکۆکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەم پاش تێکۆشانێکی بەربلاوە. لەم ڕووەوە گەشە پێدانی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان زۆر گرنگە. ڕۆشنگەری پشت ئەستوور بەژنان، بەنرخترین ڕۆشنگەرییە. هەربۆیە جووڵانەوەی ژنان لەسەدەی بیست و

یەکەمدا، تەنیا بە خەباتە جەماوەریە دیموکراتیزەکان ئەنجامگیر نابێ. گرنگی پێدان بە پەروەردە زیاتر لە ئاو و خۆراك و هەروەها جێگیرکردنی رۆشنگەری ژن لەناوەندی ژیاندا وەك پێداویستیەك خۆی دەسەپێنێ. بەرزکردنەوەی وشیاری ژن بەرێگای پەروەردە و لەسەر ئەم بنەمایە سەرلەنوێ خۆئافراندنەوەی، دێتە واتای بەشداری دووبارەی ئەو لە تەواوی ئەو گۆڕەپانانەی کە لە ژیاندا لێی دوورخراوەتەوە؛ بەلام ئەمجارە بەهێزتر و، بەناسنامە، شەرافەت و جوانییەکەی خۆیەوە. ژن لە واقیعی جیهانی ئەمڕۆدا لە تەواوی گۆڕەپانەکانی ژیان لە ئابووری، کولتوور و هونەرەوە بگرە تا دەگاتە بەڕێوبەرایەتی بەدەرنراوە و سووکایەتی پێکراوە. هاوتەریبی سووکایەتی پێکردن و بستەبالابوونی ژن، مرۆڤایەتیش لەم رووەوە، ئەوەندەی ژن نەشونما بکا و پێبگا، مرۆڤایەتیش بەو رادەیە نەشونما دەکات و پێدەگات. لەم واتایەدا، وشیارکردنەوەی ژن لە رێگای پەروەردەوە لە گەشەپێدانی دیموکراسیدا زۆر گرنگە.

PJA، دەیەوێ شێوەی خەباتێك لە چوارچێوەی رێبازی بەرگری رەوادا دەستنیشان بکات، کە ببێتە هۆی گەشەکردن و بەردەوام بوونی تێکۆشانی ئازادی ژن، بانگهێشتنی کۆمەلانی ژن بۆ کاری رێکخستنی و رۆلگێڕانیان لە چارەسەری زۆربەی کێشە کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری، ژینگەییەکان و کێشەگەلی هاوشێوەی ئەوان، یان لە شیکردنەوەی دواییدا ببێتە هۆی دیموکراتیزەبوونی کۆمەلگا، سیاسەت و دەولەت. بۆ دیارکردنی رێبازی خەبات و هەروەها دەولەمەندکردنی، پێویستە پانتایی پەیمانی ژن و کۆمەلگا بە هەموو ژنێك روون تێبگەیەنرێت. چونکە رێبازی خەباتی ژن، وەلامی ئەم پرسیارەی کە " ژن ژیانێکی چۆن، جیهانێکی چۆن، رەوشێکی چۆن و بەکورتی کۆمەلگایەکی چۆن دەخوازێت" دەداتەوە. ئەگەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ژنان دەستنیشان بکرێن و لەمەڕ ئەوان هەندێ بڕیار وەربگیردرێن، ئەوا مسۆگەر سەرجەم ئەو گیروگرفتانەی کە لە پراکتیکدا دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم ژنان، چارەسەر دەکرێن. دەبێ ژنان هەمیشە پرۆژەگەلێکیان لەمەڕ دیموکراتیزەکردنی کۆمەلگا، سیاسەت و دەولەت هەبێت. دەبێ پرۆژە، پێشنیار و بیروبۆچوونەکانیان لە زەمینەیەکی دیموکراتیکدا بۆ کۆمەلگا رابگەیەنن و لە پێناو بەدیهێنانی بیروبۆچوون (رامان) و پرۆژە دروستەکان، پێویستە هەموو هێز و توانای خۆیان لە کردەوەدا بخەنە گەڕ. مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمدا دووچاری گەلێك شەڕ و شۆڕی دڕندانە بۆوە. لەم سەدەیەدا، قارەمانێتی ژنان

بـەلانی زۆرەوە لـە شـەڕەکاندا بەرچاو کـەوت. بـەڵام ژنـان بـەهۆی دووربـوونی سروشـتیان (تایبەتمەندییـەکانیان) لەشـەڕ، بـەڕادەی پێویسـت نـەیانتوانی ببنـە هێزێکـی وەهـا کـە بـەرەنگاری هەڵسـوکەوتی نـەریتیی سیسـتەمی دەسـەڵاتخوازی باوکسـالاری ببنـەوە. بـەم شێوەیە لـە راستینەی PJA دا قارەمـانێتی ژن گەیشـتە لووتکـە و هـەتا ئاسـتی خواوەنـدی هەڵکشا. بەڵام سـەدەی بیست و یەکـەم، دەبێتـە سـەدەی ئـازادبوونی وزەی پـەنگ خـواردوو لەناخی ژندا و هاوکات گۆڕینی تـەواوی کۆمـەڵگا لەگـەڵ خۆیـدا. ئـەم سـەدەیە، وەك چاخە سـەرەتاییەکانی مێـژوو، خواوەنـدەکانی ئـازادی، ئاشـتی، جـوانی، ئەشـق، پیـت و فـەڕ و.... سەرلەنوێ دەئافرێنێت. ژنان هەر لە ئێستاوە بـەرێگای هێـزی خـەباتی دیموکراتیـك پێیـان ناوەتـە رەوتـی پێشـکەوتن. بـەڵام لـەم بابەتـەوە پێویسـتی بـە بـەهێزکردن و پەرەپێـدانی رێکخستن و رێککەوتنەکان هەیـە؛ مسۆگەر لـەم خەباتەشـدا سـەردەکەون. ژنـان بـەگوێرەی سەرکەوتن لەم خەباتەدا، دەتوانن لەجیاتی ئەو دامودەزگایانەی کە ئـەویان کۆیلـە کـردووە، جێگرەوەیـەك بەدەسـت بهێـنن. ئـەو ژنـەی کـە بـێ دوورکەوتنـەوە لـە هـزر، بەشـێوەیەکی ئازادانە زەمینەی گفتوگۆ برەخسێنێ، کـۆڕ و ئەنجوومـەن و وەقفگـەلی پـەروەردە بـۆ خـۆی ئاوابکات، ئەوەنـدەی کـە لـە رەنـج و توانسـتی خـۆی نـامۆبووە، سـەرلەنوێ لەگـەڵیان ئاشـنا ببێتــەوە و بــەرێگای کارگــە کۆپەرەتیفــەکان رەنــج و توانسـتی ئاراسـتەی کۆمــەڵگا بگـات، هەروەها بتوانێ بەوێنەی چاخی بەر لە دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی، لەگـەڵ سروشـتی هۆڤی پەیوەندی ببەستێ ـ بەجۆرێك کە بە هاوئاهەنگی بگات کە نەزیانی پێبگەیەنێ و نە دەسخەڕۆی بێ ـ ژنێکی وەها لەسەدەی بیست و یەکدا دەبێتـە هێزێکـی سـەرەکی پێشـگرتن لەبەردەم دوورکەوتنەوە، نامۆبوون و تەنانەت هەڵسـوکەوتی وێـران ــ کارانـەی مرۆڤایـەتی لــەدژی سروشــت و دەبێتــە هێــزی ســەرەکی لــە پێکهێنــانی پەیوەندیــەکی هاوســەنگ و هاوئاهەنگ لەگەڵ سروشتدا. لەسەر ئەم بنەمایە، پەرەپێدان و چالاککردنی دامـەزراوەکانی کۆمــەڵگای مــەدەنی (مــاڵی هــەژاران، یانــە وەرزشــیەکان، ناوەنــدەکانی ژنــان، دامــەزراوە کولتــووری ـــ هونەرییــەکان، مێزگــردە دیموکراتیکیــەکان، رێکخراوەکـانی ژینگــە، کــۆڕ و کۆمەڵـەکانی پشـتگیری و حەواندنـەوەی منـداڵان، یانـەی لاوان، ناوەندنـەکانی بەساڵاچووان و.... هتد) بۆ ئاواکردنی شارستانیەتی دیموکراتیك دەبنە فاکتەری سەرەکی.

لەلایەکـەوە ژنـان لـە دیمـوکراتیزەکردنی بەشـێکی زۆر لـە هەڵسوکەوتە پاشـڤەڕۆ و دەسـەڵاتخوازانە لـە گۆڕەپانـەکانی کولتـوور و هونـەردا، دانـانی رێسـاگەلی رەوشـتی نـوێ و

گۆڕەپانی حقوق بەڕێگای وشیار بوونەوە و تێکۆشانە دیموکراتیکیەکەی دەگۆڕێ و بەم شێوەیە لە ئافراندنی ناسنامەی شارستانی نوێدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

داڕووخانی کۆمەڵگایەك لە رووی ڕەوشتیەوە، سەلمێنەری قووڵایی قەیرانەکانە. کاتێك باس لە ڕەوشت دەکەین، مەبەستمان لە داب و نەریتە باوەکان و ڕێسا ئایینیەکان نییە. ڕەوشت؛ گوزارشت لەو رەفتارە کۆمەڵایەتیە دەکات کە تێیدا باوەڕی بەجوانی، چاکە و راستی هەیە و بەڕازیبوونێکی دەروونی و ویژدان و بێ ئەوەی پێویستی گوشاری یاسایی هەبێ، بەڵام لە هەمانکاتدا بەشێوەیەکی زۆر پتەوتر لە یاساکان، گوێرایەڵی بۆ دەکرێ. ئەوەندەی ڕەوشتی پاشڤەرۆیانە و خۆپارێز(پاوانخواز) هەیە، ڕەوشتی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازیش هەیە. داڕشتنی بەرنامەیەك کە ئەم جیاوازیە لە بەرچاو بگرێت، دەتوانێ ڕۆڵی پەروەردە و وەرچەرخێنەر بگێڕێ. دەشێ ئەمە بە ڕێکخراوبوونی مەعنەوی کۆمەڵگا ناوزەد بکرێ. ئەو ڕەوشتەی کە قەیرانەکان چارەسەر دەکات، تەنیا ئەوکاتە دەتوانێ لە یەکلاکردنەوەی قەیران و دەستەبەرکردنی بەها راستەقینەکانی کۆمەڵگای نوێ ڕۆڵ بگێڕێ کە لە سێبەری ڕەوشتی نوێدا خۆی نوێ بکاتەوە. لەڕاستیدا ڕەوشت وەك پردێکە کە لە خەملاندنی تایبەتمەندییەکانی دروستی و باشی بەخشڵی چاکە و جوانی لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە سەقامگرتووەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ و کاریگەری خۆی هەیە. هەروەها دەبێ پێوانە ڕەوشتییە نوێیەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە بەرنامەدا جێگیربکرێت. یاسا ڕەوشتییە نوێیەکان و بەرێکخراوبوونیان، لایەنی هەرە تایبەت و پێویستی جووڵانەوەی مێژوویی نوێ دەبێ. بەئاگاداری لەسەر ئەوەی کەهیچ چەشنە تەگبیرێکی سیاسی ناتوانێ هێزی ڕەوشت بتوێنێتەوە، ئەوا دەبێ ڕۆڵی ئەو پێناسەبکرێ و سەقامگیر ببێ.

بۆ ئەوەش پێویستە جێگای هونەر لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دیاری بکرێت بەلایەنی کەمەوە بەڕێژەی ڕەوشت. کۆمەڵگای بێ هونەر قەوارەیەکی سەرەتایی و رووتە، لەمەش زیاتر گوزارشات لە دابڕانی رۆح و جەستە دەکات لەبونیادی زهنی تەندروستی. کاتێك زهنیەتێکی تەندروست بەدەزگابوونە ئابووری و کۆمەڵاتی و سیاسیەکانی پرۆگرامەکە دیاری دەکات، هەروەها ئامانجە دانراوەکان لەگەڵ هونەر و ئامانجەکانی یەك ناگرێتەوە، لەو کاتەدا ئەو هونەرە رزگاری نابێت لەوەی خوارو خێچ و رووت و رزیو بمێنێت، ناکرێت بێ هونەر بیر لەکۆمەڵگایەك بکەینەوە، پێویستە لەهونەر تێبگەین کە ـ بەپێچەوانەی

ئـەوەی کـە هەنـدێك وای دەبیـنن هەڵبژاردەیـەکی خۆویسـتە ــ زمـانـی وەڵامدانـەوەی گەلـە لەگەڵ میتۆلۆژیا و ئایین فەلسەفە.

بەڵام رەوشت و ئەو هزرەی کە لەزهنیەت و بەڕێوبەرایـەتی سـەروو لـەدایك دەبێـت، ئـەوە گوزارسـت لـەو قاڵبانـە دەکـات کـە گـەل لەگەڵیـدا یەکدێتـەوە و ملکەچـی دەبێـت و، هەروەها پرۆگرام و چوارچێوەیەکی هونەری بـۆ دادەڕێـژێ بـۆ ئـەوەی بـەرەو تـەواوبوونی ببەن.

ساڵەکانی $2000$، ساڵانی ئازادبوونی ژن و یاخیبوونـە لەبەرامبـەر چاخە رەشـەکانی شارستانیەت کە تا مۆخی ئێسقان ئەویان مەحکومی پووچی و نەبوون کـردووە. لەڕاسـتیدا ئەم شارستانیەتە، چاخی تاریکی و سەهۆڵبەندانە. ئەوە لـە کاتێکدایـە کـە هـەر لەسـەرەتای ئــەم ســەدەیەوە، بــەهاربوونی ژن دەســتیپێکردووە. لەبەرامبــەر زســتان و بەســتەڵەکی دەسەڵاتی پشت ئەستوور بە درۆ و زۆرداری کە بەدرێـژایی مێـژوو لەسـەر ژن بـەڕێوەبراوە، بـەهاربوونی ژن هـەروەك گـوڵی بـەفرین کـە بـەفر و سـەهۆڵ دەشـکێنێ، بەدیـدێت. لـەم رێگـەوە، بـەهاربوونی ژن یـان پشـکوتنی بـەهاری ژن لەبەرامبـەر بـەفر و بەسـتەڵەك و هەروەها پشکوتنی بزاوتی ئازادی ژن مسۆگەر دەبێت. پێشکەوتنێکی لـەم ئاسـتەدا گرنگـە و ژن کۆمـەڵگای دیموکراتیـك دەگەیەنێتـە سـەرکەوتنی یـەکجارەکی. ژنـان و گـەلان کـە پـاش چـاخی بــەردینی نــوێ بەســتوویانە، هەنووکــە وەك خاوەنــە ســەرەکیەکانی هەڵمــەتی دیموکراسیانە، لەلایـەك بـۆ تۆڵەسـەندنەوە لـە مێـژوو، لەلایـەکیش بـۆ جێگـرتن لـە رەوتـی شارستانیەتی رووەوە لوتکەی دیموکراسیانە، پتەوترین پاڵپشتی کۆمەڵایـەتی، هێنانـە ئـارای دژەتێزی پێویست و پەڕینەوەیە بۆ کۆمەڵگایەکی راستەقینەی یەکسان و ئازاد پێکـدەهێنن. دیموکراتیزەبوون و خوڵقاندنی دژەتێز لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسایەی ژنان و دوای ئەوانیش لاوان ئەنجامگیر دەبێت. وشیاری ژن و بەشداربوونی لە گۆڕەپانی مێژووییدا وەك هێزی پێشەنگی کۆمەڵگا، خاوەن بایەخی دژەتێزێکـی راسـتەقینەیە. جیهـان، وشـیاری، ویـــژدان و ئەشـــقی ژن، رێگاخۆشـــکەری ئافرانـــدنی بـــەها شارســـتانییە جیاوازەکانـــە. گەشەسەندنی شارستانیەت بەڕەنگی پیاوبەهۆی کارەکتـەری چینایەتی ئـەوان، لـەم رووەوە ژن دەکاتـە دژەتێزێکـی بـەهێز. تەنانـەت لـە دژەتێزێـك زێـدەتر، لـە بـەلاوەنانی جیاوازیـە چینایەتیەکان و کۆتـایی هێنـان بـە هـەژموونی پیـاو هێنـدەی سـەنتێزەك بایەخـدارە. بـە واتایەکیتر، تایبەتمەندێتی پێشەنگبوونی ژنان لە دیمـوکراتیزەکردنی کۆمـەڵگای رۆژهـەڵاتی

ناوەڕاست و هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیبوونیان لەبەرئەوەی کە تایبەتمەندی مێژوویی لەخۆوە دەگرێت، وا دەکات لەئاستی جیهاندا ببێتە دژە تێز و سەنتێز.

لەڕاستیدا ژنان، لە گۆڕینی شێوەبەندی و ناسنامەی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی، کۆمەڵگا چینایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناسنامەی شارستانیەتی سەرمایەداری ــ وەك لوتکەی ڕاستینەی کۆمەڵگای چینایەتیەوە ــ هەروەها لۆژیکی جووڵانەوەی ئەوان لەگەڵ مرۆڤ، ژن، کۆمەڵگا، سروشت، حقوق، ڕەوشت، کولتوور، هونەر و بەگشتی سیاسەت و دەوڵەت، دیسان لە جیاتی ئەوان سەقامگیرکردنەوەی بەهاکانی شارستانیەتی دیموکراتیك لەسەر بناخەی دروست و پتەو، ڕۆڵی پێشەنگایەتییان لەسەر شان دەبێت. بەدیهاتنی تەواوی ئەم دیاردانە بەلۆژیکی یەکلایەنانەی باوکسالارانە، مێژووی داڕزینی ژن, پیاو و سەرجەم مرۆڤایەتی نووسیوەتەوە. ئێستا سەردەمی تۆڵەسەندنەوە لەو شارستانیەتەی کۆمەڵگای چینایەتی هاتووە کە دەرهەق بە ژن, بێدادی, گەلەکۆمە, بێ ناسنامەکردن و دیلێتی پەیڕەوکردووە و هەروەها چاخی ئاواکردنەوەی سیستەمێکی پشت ئەستوور بە دادوەری، ئازادی و یەکسانی گەیەشتووە. شتێکی بەرچاو و دیارە کە ئەم چاخە بەرە بەرە بەلایەنی بەرژەوەندی ژن بەرەو پێش دەچێ. چونکە ژن هەتا سەدەی بیست و یەك, تەنیا توانی کۆیلایەتی خۆی شیبکاتەوە و خۆی بناسێ. هەروەها نەفرەتی لێکردووە و بە شێوەیەکی ناشارەزا و وێڕای کەم ئەزموونی توانی تێکۆشانی ڕزگاری خۆی لە گۆڕەپانە هزری، سیاسی، ڕێکخستنی, کولتوورییەکان و گەلێك گۆڕەپانیتر بەرەو پێشەوە ببات، گەلێك دەسکەوتی هەبووە و زیانیشی پێگەیشتووە. بەڵام سەرەنجام، لە هەر لایەنێکەوە، کۆیلایەتی ژن، دەسەڵاتداری پاوانخوازانەی پیاو و میکانیزمەکانی سیستەمی ئەوی ناسی. ژن, کۆت و زنجیرەکانی دەست و پێ و لە هەمووان گرنگتر زنجیرەکانی هزر و دڵی خۆی پچڕاند. پەردە و دیوارەکانی نێوان خۆی و مێژووی ئافرێنەری کولتووری خوداوەندی دایکی ڕووخاند. دەست و دڵ و هزری ژن، ئێستا پەنگاویان خواردوووە و بەرەو ئازادی ڕادەکات؛ هەروەکو ئەو جوانوەی لەنێو جوانی پێدەشتدا غاردەدات و لەگەڵیا یەکانگیربووە و بەکەس ناگیرێت.

ئەندامە ژنەکانی PJA و گەلێك لە جووڵانەوەکانی تری ئازادی ژنان لەگەڵ ئازادی ئاشنابوونە و بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە ڕوویان تێکردووە. هەروەها لەناخی دڵەوە و بە دەردەداری بۆیان دەرکەوت کە چۆن هەزاران ساڵ لەمەو بەر تێکشکاون و بەشکستیان مرۆڤایەتیش تێکشکاوە. هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە ژنان بەباشی نیشانیان داوە کە ئیتر

شکست بۆخۆیان و بۆ مرۆڤایەتی پەسندناکەن. هەڵتەکاندنی دامودەزگای سۆزانیگەری بەجێماو لە پەرستگاکانی سۆمەر، بەهەموو رەهەندەکانیەوە لەنێو دەوڵەت و خێزاندا، هەروەها بەدەربڕینی ئەوەی کە "من ژنم، من مرۆڤم"، ئەرکی سەرجەم ژنانە. ئێمە وەك ئەندامانی PJA، بەهەمان شێوە کە ئازادیمان لەسەر دڵ و مێشکمان هەڵکەندووە، دەشزانین کە ئەم ئازادییە بە چ رەنج و شەهادەتگەلێکی قارەمانانە دەستەبەرکراوە. ئێمە نەدەتوانین ئەم ئازادییە فەرامۆش بکەین و نە دەشتوانین دەستبەرداری ئەشقمان بین سەبارەت بە ئافرێنەری ئەم ئەشقی ئازادییە و سەرچاوەکەی، واتە سەرۆك (ئاپۆ). ئەم ئەشقە وەك هێزێکی بنەڕەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لە بونیادنانی شارستانیەتی دیموکراتیکدا رۆڵی پێشەنگایەتیمان پێ دەبەخشێ. بەم ئەشقە، دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا، پەروەردە، رێکخستن و دامەزراندنی دامودەزگای پێویستی ئەو، دەکەینە ئامانج و مسۆگەر سەردەکەوین. لەڕێگای ئەم ئەشقەوە دەزگای سیاسەت کە لەکاتی دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتیەوە تا ئێستا، بەردەوام ژنان و گەلانی لەڕێگای گوشار و دەسەڵاتی یەکلایەنانەوە چەوساندۆتەوە و بەچاوی مێگەلێك لێی رەوانیوە، دیموکراتیزە دەکەین.

بەگۆڕینی میکانیزمەکانی سیاسەت کە چارەنووسی ژنان و گەلانی لەڕێگای چەوساندنەوە، لەناوبردن، رەشەکوژی، برسێتی و هەژاری دیاریکردووە، پێشەنگایەتی سەدەی نوێ لەئەستۆ دەگرین. ژن بە رەنگ و ناسنامەی خۆی لەم دامەزراوەدا جێگەدەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش دامەزراندنی بەشێکی زۆر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی واتا گۆڕەپانی سێهەم و لەم راستە رێیەوە دەرخستنە رووی ئیرادە و وزەی دامرکاوی هەزاران ساڵەی ژنان و گەلان و ئاراستەکردنیان بەرەو سیاسەت، لە ئەرکی سەرەکی پێشەنگایەتیمانە.

ئێمە وەك PJA و وەك ژنانی کورد و تەواوی ژنانی جیهان، لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەم ئەرکانە لە رێگای ئەو ئەشق، گوڕوتین و تێکۆشان لەپێناوی ئازادی، ئاشتی و دادوەریەی کە هێدی هێدی لە دڵماندا نەشونما دەکات و ریشەی لەسپێدەی مێژوودا داکوتاوە، بەسەردەکەوین. باوەڕیەکی بێ سنوورمان بەم سەرکەوتنە هەیە. دەبێ ئەم بڕوا و هیوایە لەدڵی گشت ژنێکدا گەشە پێبدەین. ژنان، لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و سیاسەتدا هێزی بنەڕەتین. ئێستا کاتێکی لەبار و گونجاوە بۆ ئاراستەکردنی وزەی شاراوە و کەڵەکەبووی ژن لە تێکۆشانی ئاشتی و دیموکراسیدا. ئیدی کاتی تۆڵەسەندنەوەی ژنان لە

کۆیلایەتی و بێدەنگی هەزاران ساڵە هاتووە. ئیدی کاتی تۆڵەسەندنەوەی ژنان و گەلان لە بێ ڕێکخستن مانەوە هاتووە، ئەم تۆڵەسەندنەوەیەش بەڕێگەی ئاواکردنی سەدان دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی ئەنجامگیر دەبێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەماندا بانگەوازی ئێمە بۆ ژنان ئەمەیە: "پێویستە تەواوی ژنان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئازادی خۆیان ڕێکبخەن".

لەزێدی خواوەندی دایك و خواوەندەکانی ئەشق، بەهێزی لەدەست چووی ئەشق و دادوەری هەزاران ساڵە و بەخەبات و شەڕێك لەتەوەرەی ژنان، دیسانەوە جوانی و وریایی (ژیری) ژن دەئافرێنرێتەوە. **ئێستا ژن خاوەن هێزێکی خۆیی وەهایە کە بتوانێت پەیمانی نوێی کۆمەڵایەتی سەقامگیر بکات و مرۆڤایەتیش" بەدڵ و ویژدانی ژنێکی ڕێکخراو و خاوەن هێزی کرداری، سەردەکەوێت!**